# ڕەخنەی هزری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ

هەولێر - 2009

**وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکەشە بە**

★ باوکم، نموونەی پیاوی خاوەن مەبدەء.

★ دایکم، دلێك وەك ئاوی دەریا.

★ خوشك و براکانم، نموونەی هاوڕێی بەوەفا.

★ خوشکەزاکانم، کاڵێ، شوان، ڕۆشنا و بڵند.

# رەخنەی هــزری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ

د. معن خلیل

و. شەهلا وەلی جەبار

03

زنجیرەی کتێبە کۆمەڵایەتییەکان
پرۆژەی هاوبەشی دەزگای ئوتریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان

**رەخنەی هزری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ**

نووسینی: **د. معن خلیل**

وەرگێڕانی: **شەهلا وەلی جەبار**

نەخشەسازی ناوەوە: **هاوڕێ ساڵح**

بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**

ژمارەی سپاردن: (2350)

تیراژ: (1000) **دانە**

چاپی یەکەم: (2009)

نرخ: (4000) **دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی خانی (دهۆک)**

## پێڕست


پێشەکی چاپی یەکەم .......... 9
پێشەکی چاپی دووەم .......... 15
بەشی یەکەم: هزری ململانێخوازی .......... 17
1- ڕەگ و ریشە هزرییەکەی .......... 17
2- بیرمەندە نوێیەکان .......... 39
3- هزری ململانێخوازی لە چەند خاڵێکدا .......... 66
4- ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی هزری ململانێخوازی .......... 73
5- چەمکە سەرەکییەکانی هزری ململانێخوازی .......... 75
6- پێشەنگانی هزری ململانێخوازی .......... 82
7- ڕەخنەی هزری ململانێخوازی .......... 83
بەشی دووەم: هزری بونیادی وەزیفی .......... 113
1- ڕەگ و ریشە و قۆناغەکانی پێشکەوتنی هزری بونیادی وەزیفی .......... 113
2- بە دواداچوون و هەڵسەنگاندن .......... 173
3- هزری بونیادی- وەزیفی لە چەند خاڵێکدا .......... 182
4- ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە لە هزری بونیادی- وەزیفی .......... 182
5- چەمکە سەرەکییەکانی ئەم هزرە .......... 183
6- پێشەنگانی ئەم هزرە: .......... 186
7- ڕەخنەی هزری وەزیفی .......... 186
بەشی سێیەم: هزری کارلێکی هێمایی .......... 199
ڕەگ و ریشە هزرییەکەی .......... 199
بایەخپێدانە کۆمەڵایەتییەکان .......... 200
1- هێماکان .......... 200
2- دەروونی مرۆیی: .......... 202
3- ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە: .......... 209





4- بیرمەندانی ئەم هزرە: .......... 223
5- ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە لە هزری کارلێکی هێمایی: .......... 259
6- چەمکە سەرەکییەکانی هزری کارلێکی هێمایی .......... 260
7- بیرمەندەکانی ئەم هزرە .......... 263
8- ڕەخنەی هزری کارلێکی هێمایی: .......... 264
9- ئاراستەی نوێی هزری کارلێکی هێمایی .......... 265
10- ڕەخنەی ئەم ئاراستەیە: .......... 266
بەشی چوارەم:  هزری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی .......... 271
1- ڕەگ و ریشە هزرییەکەی .......... 271
2- بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی: .......... 272
3- جۆرەکانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی: .......... 279
4- ململانێی نێوان ڕۆڵەکان: .......... 280
5- ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە لە هزری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی: .......... 291
6- چەمکە سەرەکییەکانی ئەم هزرە: .......... 292
7- پێشەنگانی هزری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی: .......... 292
8- ڕەخنەی هزری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی: .......... 293
بەشی پێنجەم: هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی .......... 297
1- ڕەگ و ریشە هزرییەکەی .......... 297
2- قۆناغەکانی پێشکەوتنی هرزی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی: .......... 298
3- بایەخە هزرییەکانی بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکان جیاوازە: .......... 303
4- پێکهاتەکانی هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی: .......... 323
5- کۆنترۆڵ: .......... 335
6- جۆرەکانی ڕێکخستنی فەرمی: .......... 344
7- دەسەڵاتی نووسینگەیی (بیرۆکراسی): .......... 355
8- ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی: .......... 378
9- چەمکە سەرەکییەکانی هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی: .......... 380
10- پێشەنگەکانی ئەم هزرە: .......... 382

11- رەخنەی هزری رێکخستنی کۆمەڵایەتی فەرمی: ........................... 382
بەشی شەشەم: هزری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی........................................ 387
1- ریشە هزرییەکەی ............................................................. 387
2- رێگاکانی لێکۆڵینەوە: ........................................................ 415
3- چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی هزری ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی:.................. 416
4- پێشەنگانی ئەم هزرە: ....................................................... 417
5- رەخنەی هزری ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی: ..................................... 417
بەشی حەوتەم: هەوڵە هزریە پێشەنگەکان.......................................... 423
1- هەوڵی لویس کۆزەر: ......................................................... 424
2- هەوڵی پیتەر سنکلمان:....................................................... 427
3- هەوڵی فاندبێرگ: ............................................................. 430

## پێشەکی چاپی یەکەم

ئەوەی گومانی تێدا نییە، هزری کۆمەڵایەتی بەرهەمی بیرمەندێك یان رەنگدانەوەی هزری گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، یا رەنگدانەوەی کاریگەری بچوکی ژینگەش نییە. بەڵکو هزری کۆمەڵایەتی بریتییە لە کەڵەکەبوونی هزری چەندان بیرمەند و نووسەر و رەخنەگر و زانا، دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و رەفتاری کۆمەڵایەتی، هەروەها تێڕوانینیان بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی و، چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لەم هزرە کەڵەکەبووە، کە لەژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەو چەرخەدایە، کە تێیدا سەریهەڵداوە. هزری ململانێخوازی کەوتۆتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ((کارل مارکس)) و هزری وەزیفی لەژێر کاریگەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی و، کارلێکی کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەری فەلسەفەی پراگماتی و، هزری ئاڵوگۆڕخوازی لەژێر کاریگەری بەرژەوەندی خوازیدا بوو، هەروەها هزری کۆمەڵایەتیش کاریگەری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی لەسەرە، کە کۆمەڵگەی مرۆیی تێیدا دەژیت، بەهەمان شێوە هزری کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕخوازی و رۆڵی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی کۆمەڵایەتی بە ژینگەی کۆمەڵگەی شارستانی و پیشەسازی پێشکەوتوو، کاریگەر بوون. هزری ململانێخوازی بە ململانێی چینایەتی، کە لە سەدەی نۆزدەدا لە کۆمەڵگەی ئەوروپادا سەریهەڵدا، کاریگەر بوو.

کاریگەری سێیەم بریتی بوو لە ژینگەی جوگرافی کیشوەریی. جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بیرمەندانی کۆمەڵناسیی ئەمریکی و ئەوروپیدا هەیە. کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان روویان کردە لێکۆڵینەوە لەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی، کە کۆمەڵگەی ئەمریکی دووچاری ببۆوە، وەك لادانی مێرد منداڵان، تاوان و راهاتن لەسەر ماددە بێهۆشکەرەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی تەڵاق، جیاوازی رەگەزیی (رەش



و سپی)، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆچکردن، کێشەی کەمایەتییەکان و گەڕەکە هەژارەکان. ئەم کێشانە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم دەرکەوتن، هەر بۆیە هەوڵی زانا کۆمەڵناسەکان لە ئەمریکا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بوو.

بەمەش رەگ و ریشەی ئاراستەی ئەزموونخوازی و رەتکردنەوەی ئاراستەی پۆزەتڤیزمی و، تیۆری و، هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای چارەسەر بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەرکەوت، ئەمەش وایکرد بانگەشە بۆ جیابوونەوەی تەواو لە فەلسەفە بکەن. واتە ئەم ئاراستەیە بۆ ئەوە سەریهەڵدا، کە روو بکەنە گریمانەی زانستی بۆ ئەوەی لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەن و چارەسەریشیان بۆ بدۆزنەوە. لێرەدا ئامانجی یەکەمیان بریتی بوو، لە لێکۆڵینەوە و بایەخدان بە کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی، واتە لەم حاڵەتەدا کۆمەڵناسی بوو بە زانستێکی چارەساز، کە ئامانجی زیاتر چاکسازی کۆمەڵایەتیی بوو، نەك دانانی یاسای کۆمەڵایەتی جێگیر و تایبەت بە گەشەسەندنی کۆمەڵگە، (وەکو چۆن لە سەدەی 19 لەلای کۆنت و سپنسەر و تۆنیز رەنگیدابووەوە)، ئەمەش بووە هۆی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵناسیی ئەمریکی لە فەلسەفە.

هەرچی کۆمەڵناسە ئەوروپیەکانن، گرنگیان بە سیاسەت و ئابووری و رای گشتی و ململانێی چینایەتی دەدا، کە کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان فەرامۆشیان کردبوون. ئەم گرنگی پێدانەش لەلایەن ئەوروپییەکانەوە، بۆ شۆڕشی پیشەسازی کە لە ئەوروپا روویدا، هەروەها بۆ کاریگەری هزری شۆڕشی فەرەنسی لەسەر هزری ئەوروپی و بزوتنەوە سیاسییەکانی ئەوروپا دەگەڕایەوە.

بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان روویان کردۆتە لێکۆڵینەوە لە ووردە کۆمەڵناسی (Micro Sociology) (وەك تاك، گرووپی بچووك، کارلێکی کۆمەڵایەتی، تەڵاق، تاوانە رێکخراوەکان، رەفتاری مرۆیی)، هەرچی کۆمەڵناسە ئەوروپییەکانیشن روویان کردە لێکۆڵینەوە لە درشتە کۆمەڵناسی (Macro Sosiology)(وەك، کۆمەڵگەی مرۆیی بە گشتی،

چینه کۆمەڵایەتییەکان، ژیاری مەدەنیەت، گەشە و گۆڕانی کۆمەڵگە، کۆمەڵناسیی بەراوردکاری، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان). خەسڵەتێکی تر، کە لەلای کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان تێبینی دەکەین، گرنگیدانیانە بە لایەنی دەروونی، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش لە ڕێگای جەختکردنەوەیان لەسەر هزری ئاڵوگۆڕی هێمایی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و خودی کۆمەڵایەتی. کەچی کۆمەڵناسە ئەورووپییەکان ئەم لایەنەیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی فەرامۆشکردووە، گرنگیان داوە بە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان بە تایبەتیش لێکۆڵینەوە لە یاساو دەوڵەت. لەکاتێکدا لای کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان ئەم گرنگیپێدانە فەلسەفییە نابینین.

وێرای ئەوەش، کۆمەڵناسانی ئەورووپی گرنگیان بە چەمکە کۆمەڵایەتییە دوانەییەکان داوە، بۆ نموونە، زانای فەڕەنسی ((ئەمیل دورکایم)) هاوبەستەیی ئۆرگانی و هاوبەستەیی میکانیکی بەکارهێناوە. زانای ئەڵمانی ((فردیناند تۆنیز)) چەمکی کۆمەڵگەی لۆکاڵی و کۆمەڵگەی گشتی بەکارهێناوە، زانای ئینگلیزی ((هربرت سپنسەر)) چەمکی کۆمەڵگەی پیشەسازی و کۆمەڵگەی سەربازی بەکارهێناوە، زانای ئەڵمانی (ماکس ڤێبەر) چەمکی هزری بیرۆکراتی و دیموکراسی بەکارهێناوە.

لە ئەنجامی یەك لەدوای یەك هاتنی ئەم جیاوازییە زانستی و هزرییانە، جیاوازی لە ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، هەروەها دروستبوونی بۆچوونی جیاواز لەلایەن زانایانی کۆمەڵناسی و جیاوازی لە دارِشتنی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان و، جیاوازی لە دانانی بنچینەی زانستی بۆ هزری کۆمەڵایەتی، هەروەها جیاوازی لە بابەت و بوارەکانی کۆمەڵناسی، پەیدابوو.

دەشێ بتوانین سوود وەربگرین لەم جیاوازیانەی کە باسمان کردن، ئەوەش لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی جیهانی - بەراوردکاری، لەپێناو زانینی رووە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان، هەروەها پێکهێنانی کۆمەڵناسیی بەراوردکاری و، کۆمەڵناسی جیهانی و، سەندیکا بۆ کۆمەڵناسە



جیهانییەکان. هەرچی ڕێگای ڕێکخستنی ئەم کتێبەیە، ئەوا ڕێکخستنێکی تایبەتییە، واتە بە جۆرێکی تایبەت ریشەی هزر و ئایدیۆلۆژیای هەر هزرێکی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ باس دەکات، هەروەها باس لە قۆناغەکانی پێشکەوتن و قۆناغە کۆتاییەکانی هەر هزرێك دەکات و، لێی دەکۆڵێتەوە.

باسی هزری ململانێخوازی و هزری وەزیفی و هزری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و هزری ڕێکخستنەکانمان، هەروەها باسی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی ئەم هزرانەشمان کردووە، کە زاناکان بەکاریان هێناون بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە و ئەو چەمکە کۆمەڵایەتییانەی، کە لە ئەنجامدا پێی گەیشتوون، بە بۆچوونی زانستی خۆیان ئەم چەمکانەیان دەستنیشان کردووە.

سەرەڕای ئەمانەش، باسی پێشەنگی هەر هزرێك و هاوبیرەکانیانمان کردووە، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ بە نووسەرانی هەر هزرێك ئاشنا بێت.

لێرەدا ڕێگایەکمان گرتۆتەبەر بۆ لێکۆڵینەوە لە هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، ئەویش بە ڕەخنەگرتن لە هەر ئاراستەیەکی هزری بە ڕەخنەیەکی دروستکارانە، بەشێوەیەك هەموو ئەو باسانەمان ئاماژە پێکردووە، کە دەربارەی هەر ئاراستەیەك لەلایەن زانا و ڕەخنەگرانەوە نووسراون، بە ئامانجی گەیشتن بەهزرێکی کۆمەڵایەتی کامڵ لە ناوەڕۆك و مانادا، هزرێك کە ((بابەتی)) بێت، لە تێڕوانینی بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، چونکە هەموو هزرێك کەموکوڕی هەیە، هەم لە رووی تیۆری و هەمیش لە ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی.

هەروەها لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان لە هزری کۆمەڵایەتی، بینیمان تێڕوانینی ئەم هزرانە بۆ کۆمەڵگە جیاوازن، هەروەها لە رووی بەکارهێنانی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەشیان جیاوازن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگەی مرۆیی خۆی لە خۆیدا بەشێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی لە گۆڕاندایە. هەر بۆیەش چەندین تیۆر و هزری کۆمەڵایەتی جیاوازمان دۆزیەوە.

ڕەخنەی ئێمە بۆ هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ مانای ئەوە نییە، کە ئێمە لایەنگری لە هزری کلاسیکی دەکەین و، دژی هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخین،

بەڵکو ئامانجی ئێمە لەم رەخنەگرتنە وەستانە لەسەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی هەر هزرێکی کۆمەڵایەتی، تاچەندە ئەم هزرە هاوچەرخانەیە و، چ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی زیاتر سوود لەم هزرە وەردەگرێت و، جیاوازی لەگەڵ هزری کۆمەڵایەتی کلاسیکی چییە؟

ئەمانە پاڵنەربوون بۆ نووسەری ئەم کتێبە. نووسەر ئاواتەخوازە ئەم کتێبە سوودێکی زانستی هەبێت، بۆ ئەوانەی گرنگی بە کۆمەڵناسی دەدەن.

لە کۆتاییدا سوپاسی خۆم ئاراستەی (د. ئیبتسام مەرهون) دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.

فاس- مەغریب 1978

## پێشەکی چاپی دووەم

چاپی یەکەمی ئەم کتێبە باسێکی کورت و خێرای دەربارەی گرنگترین هزرە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان و، رەخنەلێگرتنیان بەشێوەی خاڵ بەبێ روونکردنەوە و شیکردنەوەیان لەخۆ گرتبوو، (کە بۆچوون و گفتوگۆ و قسەی ئێمەی تێدا نەبوو) و ئیکتفای کردبوو بە رەخنەگرتن لە هەندێ نووسەرانی کۆمەڵناسی هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ. بەڵام چاپی دووەم زیادکراوی تیۆریی زۆری بۆ هەر هزرێك لەخۆ گرتووە و، بەشێوەیەکی بەرفراوان گفتوگۆ و، بەراوردی تیۆری هەر هزرێك لەگەڵ ئەوانی تردا کراوە.

دواتر چەمکەکانی هەر هزرێکی کۆمەڵایەتی روونکراونەتەوە، بیرۆکەیەکی بچووك دەربارەی رێگاکانی لێکۆڵینەوەی هەر هزرێك ئاماژەپێکراوە، کە لە لێکۆڵینەوەی دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهاتووە.

سەرەڕای ئەوەش رەخنە و لەسەر دووان و هەڵسەنگاندنی هەر هزرێك (لەم کتێبەدا) لە سێ بنچینەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەمیان، لە لۆژیکی هزری بیرمەندەکە خۆی. دووەمیان، لە بەراوردکردنی هزری بیرمەندەکە بەبیرمەندەکانی تری هەمان هزر. سێیەمیان، لە بنچینەیەکی هزرییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێچەوانەی ئەو بیرەیە لە رووی بۆچوون و رێگای لێکۆڵینەوە و راڤەکردنییەوە.

لە چوارچێوەی هەر تیۆر یا هزرێك ئاماژەمان بە قسە و گفتوگۆ و بۆچوونی کۆمەڵایەتی خۆمان کردووە، ئەمەش بە ئامانجی هاوبەشییەکی هزریی بۆ هزری کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ ناساندنی بوارەکانی کۆمەڵناسی بەو کەسانەی بایەخی پێدەدەن و، دەستنیشانکردنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان، هەروەها ئەو هزر و میتۆدانەی، کە لە بواری هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی بابەتیانە و زانستییانەیە بۆ ئەم هزرە، نەك رەخنە لەپێناو رەخنە یا کەمکردنەوە لە ئاستی هزری بیرمەند



یا زانا، یا بە مەبەستی لایەنگری یا دەمارگیری لەگەڵ هزرێکی دیاریکراو، دژی هزرەکانی تر، یا پابەندبوون بە تیۆرێك یا هزرێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی رەخنە لە تیۆر و هزرەکانی تر بگرێت.

لەم کتێبەدا هزری هاوچەرخ، واتە بۆچوونی واقیعی و راڤەکردنی کۆمەڵایەتی. ئەم هزرە ئاماژە بە رەنگدانەوەی دیاردە و کێشە و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە لەدوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم باوبوون و، ئاراستە هزریەکانی کۆمەڵناسی ئێستاش رووندەکاتەوە، لە هەمانکاتدا تۆمارکردنی رەگ و ریشە، یان رابردوو و قۆناغەکانی هەر هزرێك و رێگاکانی گەشەسەندنی هەر یەکەیانمان لە مەیدانی کۆمەڵناسیدا لەبیر نەچووە. گرنکترین چەمکە زانستییەکانی هەر هزرێك و ناودارترین نووسەرەکانیانمان لە کۆتایی هەربەشێك داناوە. ئەمە و سوپاسی خۆم پێشکەش بە مامۆستا ((عەلی حەمۆدان)) دەکەم، کە ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کتێبەی گرتۆتە ئەستۆ.

فاس - 1981

## بەشی یەکەم: هزری ململانێخوازی

### 1- رەگ و ریشە هزرییەکەی

کۆنترین و چالاکترین جۆر لە هزری کۆمەڵایەتی، هزری ململانێخوازییە، زیاتر لەوانی تر بە ژینگەی کۆمەڵایەتی کاریگەرە، هەر بۆیەش لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر پێشکەوتنی هزری بە سەردا هاتووە، بۆچوون و بیرۆکەی نوێی بۆ زیاد دەکرێت، بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی هەبێت و، گۆڕانکاری بەسەردا بێت. ئەم هزرە باس لەوە دەکات، هەر سستەمێکی کۆمەڵایەتی بەهۆی کاریگەری فاکتەرەکانی لە چرکە ساتێکی دیاریکراودا هاوسەنگ دەبێت و، لەکاتێکی تردا ناهاوسەنگ و گۆڕاوە، بۆیەش بیرۆکەی هاوسەنگی لەم هزرەدا بە جێگیری رێژەییەوە پەیوەستکراوە.

ئەگەر زیاتر قوڵ ببینەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەر سستەمێکی کۆمەڵایەتی دوو هێزی هەیە: هێزێکیان، کە مەیلی بەلای رووخاندن و تێکدانی هاوسەنگییە و، ئەویتریان کار بۆ بە بوونیادنانەوە و گەڕاندنەوەی هاوسەنگی دەکات، ئەگەر ئەو هاوسەنگییەش گەڕایەوە، ئیدی سستەمەکە ناگەڕێتەوە سەر رەوشی جارانی.

ئەگەر باس لە مێژووی ئەم هزرە بکەین، دەبینین یەك ئاراستەی نەگرتۆتەبەر لە وێناکردنی دیاردەی ململانێی کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو چەندین ئاراستەی گرتۆتەبەر، ئەمەش لەژێر کاریگەری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە دایە کە هزرەکە لێیەوە سەریهەڵداوە و، ئەو سستەمە سیاسییەی کە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە، هەروەها ئەو ئایدیۆلۆژیەی کە خاوەن هزرەکە (زانا ململانێخوازەکە) هەیەتی و، ئەو قۆناغە مێژووییەی، کە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە تێیدا دەژیت، بۆیە دەبینین ئەم هزرە چەندین وێنەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی خستووەتە روو، کە لە ململانێ بەشییەکانەوە -لە نێوان تاکەکان- دەست پێدەکات و بەململانێ گەردوونی و جیهانییەکان کۆتاییان دێت.



بۆ نموونە ململانێ لەلای «جۆرج زیمێل» لە نێوان تاکەکان دەست پێدەکات و، لەلای «لویس کۆزەر» لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان و، لەلای «ئیبن خەلدون» لە نێوان خێڵ و هۆزەکان و، لای «راڵف دارندۆرف» لە نێوان رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان و، لەلای «کارل مارکس» بە ململانێ چینایەتی و جیهانییەکان دەست پێدەکات. ئەم پۆلێنکردنەی سەرەوە لەسەر بنچینەی یەکێتی کۆمەڵایەتی هاوبەش، لە پرۆسەی ململانێ پێکهاتووە.

بەم پێیە دەبینین جیاوازی لە نێوان خاوەندارانی ئەم هزرە لە رووی بۆچوونەکانیانەوە دروست دەبێت، ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوونیان بەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە دیاردە ململانێیەکەی تێدا سەرهەڵدەدات و، ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەی کە زاناکان هەڵیانگرتووە، هەروەها ئەو قۆناغە مێژووییەی، کە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە تێیدا دەژیت.

بەڵام ئێمە لێرەدا بە پشت بەستن بە قۆناغە مێژووییەکەی و، ئەو ماوە زەمەنییەی کە ئەم ئاراستە جیاوازانە تێیدا سەریانهەڵداوە، ئاماژە بەم هزرە دەکەین، هەروەها دیدی ئەم ئاراستانە بەرامبەر بە ململانێ، نەك لەسەر بنچینەی یەکێتییەکی کۆمەڵایەتی هاوبەش لەناو پرۆسەی ململانێ، ئەمەش بۆ ئەوەی خوێنەر تێبینی کاریگەرییە هزرییە ئاڵوگۆڕەکان بکات، لە نێوان نووسەر و زاناکانی ئەم هزرە، کامیان لە پێشترن و زووتر هاتوونەتە نێو مەیدانی کۆمەڵناسی و هەروەها کامیان زیاتر ، لە راڤە و روونکردنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سروشتی مرۆڤایەتیدا روونە.

لەم بارەیەوە باسەکانمان بە ئیبن خەلدون دەستپێدەکەین، ئەم هزرڤانە لە تونس لە دایك بووە و لە نێوان ساڵانی (1332- 1406 ز) ژیاوە.

ئیبن خەلدون دەمارگیری خێڵەکی نێوان خێڵە عەرەبەکان و پلەی هاوبەستەیی و بەرەو مەدەنیەت و شارستانییەت رۆیشتنی، کردە سەرچاوە بۆ شیکردنەوەی کێبڕکێ و ململانێی نێوان خێڵە عەرەبەکان و هەوڵدان بۆ مانەوە و ژیان و دەستەبەرکردنی دەسەڵات و موڵك و ماڵ و خواردن.

وەکو گوتوویەتی «لەبەرئەوەی کە ئێمە (دەمارگیری)مان پێشکەش کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن و بەرگریکردن و داواکردنی ماف و هەرشتێ کە لەم بابەتانە بێت. باسمانکرد کە ئادەمیزاد بە سروشتی مرۆیی خۆی لە هەر کۆمەڵبوونێکدا پێویستی بە بەرگری و بە سەرۆکێك هەیە، کە سەرۆکایەتی بکات و بەرگری لە هەندێکیان بکات، کە مافیان زەوتکراوە لەلایەن ئەوانی ترەوە، بۆیە دەبێت ئەم سەرۆکە بەو دەمارگیرییە بەسەر تاکەکاندا زاڵ بێت، ئەگەر ئەم دەمارگیرییە نەبێت، ئەوا توانای زاڵبوونی نابێت. ئەم زاڵبوونەش دەسەڵاتە و، دەسەڵاتیش شتێکی بان فەرمانڕەواییە، چونکە فەرمانڕەوایی ئەوەیە کە تاك دەبێتە کەسێکی سەرکردە و دواکەوتەی دەبێت، «ئەگەر دەمارگیری نەبێت» هیچ هێزێکی نییە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەوە، بەڵام دەسەڵات، زاڵبوون و سەرکردایەتیکردن و جوامێرییە. ئینجا ئەگەر توانی بگاتە ئاستی سەرکردایەتی و دواکەتە و لایەنگری هەبێت، رێگەی زاڵبوون و سەرکەوتنی دۆزییەوە، سەرکردایەتی جێناهێڵێت، چونکە ئەو کات ئەو دەبێتە چارەساز، ئەم ئاستەش ناتوانرێت بەدەستبهێنرێت تەنها لەڕێگەی دەمارگیرییەوە نەبێت، وەکو ئەوەی من بینیم زاڵبوون لەڕووی ماڵ و سامانەوە دەمارگیرییە. پاشان خێڵێك ئەگەرچی لە چەند بنەماڵە و دەمارگیرییەکی جیاجیا پێکدێت، جا دەبێت دەمارگیرییەك هەبێت، کە لە هەموویان بەهێزتر بێت و، ملکەچ و گوێڕایەڵیان بکات. بەجۆرێك تەواوی دەمارگیرییەکانی تر تێکەڵ بەو دەبن و وەها دێتە بەرچاو، کە یەك دەمارگیری مەزنە، ئەگەر وانەبێت ئەوا گرفت روودەدات و دەبێتە هۆی جیاوازی و کێبرکێ. پاشان ئەگەر بەو دەمارگیرییە مەزنە توانی بەسەر هۆزەکەیدا زاڵبێت بەسروشتی خۆی هەوڵدەدات بۆ زاڵبوون بەسەر دەمارگیرییەکی تر، ئنجا ئەگەر قبوڵیبێت، یا رووبەڕووی بوەستێت ئەوا شەڕ و پێکدادان لە نێوانیاندا روودەدات و، هەریەکێکیان سەرکەون ئەوا بەسەر موڵك و هۆزی بەرامبەرەکەیدا زاڵ دەبێت، هەروەك چۆن لە نێوان هۆز و نەتەوە جیاوازەکانی دونیادا روودەدات. پاشان هۆزی سەرکەوتوو لەگەڵ هۆزەکەی



ژێردەستیدا تێکەڵاو دەبێت و هێزی ئەویش دەچێتە پاڵ هێزی خۆی بۆیە هەوڵدەدات بۆ زاڵبوون و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی بەسەر هۆزی تر و شوێنی تر، ئەم حاڵەتە هەمیشە روودەدات تا ئەو کاتەی هێزەکەی شان لەشانی هێزی دەوڵەت دەدات. ئەگەر دەوڵەت لە هەرەمی حوکمەکەیدا هەستی کرد لەلایەن ئەولیاکانی دەوڵەتەوە کە خاوەنی دەمارگیرین کۆنترۆڵ و، داگیر دەکرێت و دەسەڵات و موڵك و ماڵی لە دەست دەدات، لەم حاڵەتەدا ئەگەر دەوڵەت هەوڵیدا سەرکردەکانی دەمارگیرییان هەبێت، ئەوا دەتوانێت بە هەموو ئامانج و مەبەستەکانی بگات».

لەم وتانەی ئیبن خەلدونەوە تێبینی دەکەین، کە دەمارگیری مۆتیڤێکە بۆ ئەوەی خێڵە کۆچەرەکان بەیەکەوە ببەسترێن، لەپێناو ماڵ و سامان و زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی خێڵەکانی تر و، بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی دەرەکی. بەمەش دەمارگیری وەکو قەڵغانێکی پارێزەری خێڵ دادەنرێت. لە راستیدا دەمارگیری دیاردەیەکی تەواو کۆچەرییە و جەوهەرەکەی رەچەڵەکە، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە کۆدەکاتەوە و، هانیان دەدات بۆ یەکگرتن و دۆستایەتی و، بەرگریکردن لە شەرەف و بەهای خێڵ. فاکتەری یەکگرتن و یەك ریزکردنی ئەندامانی خێڵێکەیە و، لەهەمان کاتدا فاکتەری لێکجیاکردنەوەی رەچەڵەکە جیاوازەکانە لەیەکتر. لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت چەندە یەکگرتن و پێکبەستی ئەندامانی هەمان دەمارگیری (هاوبەستەیی نێوخۆیی) زیاد بکات، ئەوا ململانێ و پێکدادانە دەرەکییەکان زیاد دەکات. بە واتایەکی تر و- بەبۆچوونی ئیبن خەلدون— دەمارگیری و هاوبەستەیی نێوخۆیی پێکدادان و کێبرکێ دروست دەکات، نەك بە پێچەوانەوە. سەرەڕای ئەوەش ئیبن خەلدون هەوڵیداوە وێنای سروشتی مرۆیی لە گۆشەیەکی جیاوازەوە بکات، ئەویش (هاوبەستە و ململانێ)یە، کە یەکەمیان لەسەر زیندەخوازی (صلة الرحم) لە نێوان ئەندامانی یەك رەچەڵەکدا دروست دەبێت، بەڵام دژایەتی لە ئەنجامی دەستەبەرکردنی دەسەڵات و ماڵ و سامان و زاڵبوون دروست دەبێت. هەر

ئەمەشە کە «محەمەد عابد جابری» جەختی لەسەر کردووەتەوە، کاتێك دژایەتی نێوان خێڵەکان ڕووندەکاتەوە. ڕەچەڵەك لە بنچینەوە بەیەکەوە بەسترانێکە بۆ کۆکردنەوە و یەکگرتن، سەرەڕای ئەوەش هۆکارێکە بۆ جیاکردنەوەی تاکەکانی ڕەچەڵەکە جیاوازەکان، وەکو چۆن ڕەچەڵەك، تاکەکانی دەمارگیرییەك لەناو خێڵێکدا کۆدەکاتەوە، بە هەمان شێوە دژایەتی و لێکجایکردنەوەی ئەو ئەندامانەی، کە پەیوەندی ڕەچەڵەك، دوور یا نزیك بەیەکیانەوە نابەستێتەوە، بڵاودەکاتەوە. ئەم تێبینییە هانمان دەدات کە بڵێین، ئیبن خەلدون تەنها یەك سەرچاوەی بەکارنەهێناوە -وەکو چۆن هەندێك وای بۆدەچن- بۆ شیکردنەوەی دیاردەی ململانێ، بەڵکو فاکتەری ماڵ و سامان و دەسەڵاتیشی بەکارهێناوە، هەروەها هاوبەستەیی نێوخۆیی و خەباتکردن لەپێناو مانەوەی، بە فاکتەری سەرەکی بۆشیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، داناوە.

جابری پێیوایە ململانێ لە نێوان خێڵە کۆچەرەکان ململانێیەك نەبوو، لە نێوان «هاوخوێنەکان» و، تەنهاش بۆ شانازیکردن بە ڕەچەڵەك ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە ململانێیەکە لەپێناو مانەوە و دەستەبەرکردنی بژێوی ژیان.

جابری لەم قسانەدا پشت بەم گوتەیەی ئیبن خەلدون دەبەستێ کە دەڵێت: «دانیشتوانی خێڵە کۆچەرییەکان، بە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان سەرقاڵن. (کۆدەبنە و یارمەتی یەکتر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان لە ڕووی خواردن و خواردنەوەو شوێنی حەوانەوە دەدەن، تەنها بەو ئەندازەیەیە کە ژیانیان دەپارێزێت، نەك بۆ شتی زیاتر). بۆیە دەبینین بە بەردەوامی لەسەر خواردن و خواردنەوە بەگژیەکتردا دێن و، هیچ کاتێ هەست بە شورەیی ناکەن، کە دەست درێژی دەکەنە سەر ماڵ و حاڵ و موڵکی خێڵەکانی تر». داکۆکیکردن لەسەر هۆکاری لاوەکی لە ژیانی خێڵە کۆچەرییەکاندا و پشتگوێخستنی هۆکارە سەرەکییەکانی وەك دەمارگیری و ماڵ و سامان و دەسەڵات کارێکی هەڵەیە، ئیبن خەلدون بە پلەی یەکەم گرنگیداوە بەو دوو هۆکارە و بە پلەیەکی ناوەندی



گرنگی داوە بە هۆکاری خەبات لەپێناو مانەوە، چونکە ژیانی خێڵە کۆچەرییەکان پێویستی بەبوونی دەمارگیریی بە پلەی یەکەم و ماڵ و سامان بە پلەی دووەم و ژیان بە پلەی سێیەم هەیە.

تێبینییەکی تر، لەسەر تێڕوانینە ململانێخوازییەکەی ئیبن خەلدون ئەوەیە، کە چوارچێوەیەکی سەرتاپاگیری لە بۆچوونەکانی بۆ ململانێی نێوان یەکە کۆمەڵایەتییە گەورەکان (خێڵ و تیرەو خەڵکی کۆچەر و شارنشین) وەرگرتووە، نەك تێڕوانینێکی بەشیی (تاکەکان یا گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان) هەبێت. واتە لە یەکە کۆمەڵایەتییە قەبارە گەورەکان دەکۆڵێتەوە، کە وەزیفەی کۆمەڵایەتی گەور و جۆراوجۆریان هەیە.

لە کۆتاییدا تێبینیمان کرد، کە ئیبن خەلدون بارودۆخی ململانێی خێڵەکی بۆ ڕاڤە نەکردووین، واتە چ کاتێك ئەم ململانێیە بەهێز و چ کاتێك لاواز دەبێت، یا پلەی دووبارەبوونەوەی بۆ دەرنەخستووین. بەهەر حاڵ لەم بوارەدا ئێمە لەسەرمانە ڕەخنە لە هزری ئیبن خەولدون بگرین، لەبەر ئەوەی ناونیشانی ئەم کتێبە ناوی «ڕەخنەی هزری ململانێخوازی کلاسیکی» نییە، بەڵکو هاوچەرخە، بۆیە لێرەدا بەم ئەندازەیە لە خستنەڕووی بۆچوونی ئیبن خەلدون لەسەر هزری ململانێخوازی دەوەستین. ئێستاش دەچینە سەر باسی هزری کارل مارکس، کە لە نێوان سالانی (1818-1883 ز) ژیاوە.

کارل مارکس، زانای ئەڵمانی لە ڕووی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە بە ململانێخوازێکی ماددی دادەنرێت، چونکە مارکس بە شێوەیەك تەماشای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دەکات، کە ئەم پەیوەندییانە دەرەنجام و دەرهاویشتەی فاکتەری ماددین، ئەمەش هەستی مرۆڤایەتی لای تاك دروستدەکات و، پێکهاتەیەکی شارستانی بە کۆمەڵگە دەبەخشێت.

ئەگەر بۆچوونی مارکس بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری وەربگرین، دەبینین بەشێوەیەك وێنای کردووە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی

کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەسەر بوونی بەرهەمی ئابووری وەستاوە. ئەم فاکتەرە ئابوورییە، کە بەشێوەیەکی بەرچاو و روون کاریگەری لەسەر پێداویستی و ئامانجەکانی حکومەت، پارتە سیاسییەکان، یاسا، چینە کۆمەڵایەتییەکان، فەلسەفە، مۆسیقا و، ئەدەب هەیە، تەنانەت ئەخلاقی تاکەکەسیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم فاکتەرەوە.

لە رێی ئەم بۆچوونەوە مارکس توانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکات، بەشی یەکەم خاوەنی بەرهەم و هۆیەکانی بەرهەمهێنان، بەشی دووەمیش خاوەنی هیچ نین. هەروەها مارکس پێیوایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بنچینەیەکە بۆ پێکهێنانی جۆرێك لە سستەمێکی کۆمەڵایەتی و، مۆرکێکی دیاریکراوی پێ دەبەخشێت، کە رەنگدانەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەو سستەمەیە، ئەمەش مانای فۆرمەڵەبوونی دوو جۆری سەرەکییە لە سستەمی کۆمەڵایەتی، کە ئامانجی تێرکردنی پێداویستیەکانییەتی، لە رێگای هەوڵدان و ململانێی نێوان بەشەکانی سستەمەکە. ئەو دوو جۆرە سستەمەش، یەکەمیان خاوەنی بەرهەم و دووەم خاوەنی هیچ نییە. لێرەوە مارکس هەڵسا بە وێناکردنی ململانێی کۆمەڵایەتی، پێیوابوو ئەم ململانێیە لەناکاو روونادات، بەڵکو بە دووبارەبوونەوەیان ئەم ململانێیانە کەڵەکە دەبن، تا ئەو رادەیەی گۆڕانێکی تەواو و بنەڕەتی لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا روودەدات.

مارکس ئەوەی بیر نەچووە، کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبنە هۆی روودانی ململانێ. ململانێ لە سەرەتادا کە بەنهێنی و لەسەر شێوەی هەستی کۆمەکاری (الشعور الجمعي) دەست پێدەکات و تاکەکان لە دوو جەمسەردا بەشێوەی چینی کۆمەڵایەتی کۆدەکاتەوە، کە هەر چینێك تایبەتمەندی، ئامانج، پێداویستی، بەرژەوەندی، حەز، ئارەزوو و هزری تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە چینەکەی تر جیای دەکاتەوە. ئەم بارودۆخەش وەکو فاکتەرێکی تێکهەڵکێش لە نێوان سستەمەکان و چینە دژیەکان وایە.



بەڵام مارکس هۆکاری دروستبوونی ئەم سستەم و چینە دژیەکانە بۆ نایەکسانی و ناهاوسەنگی لە دابەشکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان لە کۆمەڵگەدا دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهاتن یا دروستبوونی چینێکی کۆمەڵایەتی، کە خاوەنی سەرچاوە ئابوورییەکانە، ئەم چینەش دەبێتە چینی سەرکردە و دەسەڵاتدار، چینەکەی تریش نابێتە خاوەنی سەرچاوە ئابوورییەکان و دەسەڵات و سەرکردایەتی لەناو سستەمی کۆمەڵایەتی گشتیی کۆمەڵگەدا بە دەست نییە. ئەم بارە ناهاوسەنگ و نایەکسانە دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەندامانی چینی دووەم کە خاوەنی سەرچاوە ئابوورییەکان و دەسەڵات نین، زیاتر درك بە زەوتکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بکەن، هەروەها هەست بە رەوشی نالەباریان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بکەن، ئەمەشە زیاتر هانیان دەدات، بۆ ئەوەی زۆرتر داوای پیادەکردنی دادپەروەری لە دابەشکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە بکەن.

سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە، هۆکارەکانی دەسەڵات و فشاری ئەندامانی چینی فەرمانڕەوا و چەوسێنەرانی چینی چەوساوە، لە رێگای دەستبەسەرداگرتنی بەرهەم و کاری ئەندامانی چینی چەوساوەوە دەبێت. کە ئاستی خوێندن و ژیانیان نزمە و دانیشتوی ناوچە پیس و بێ خزمەتگوزاریەکانن، هەروەها لە ژیانێکی کولەمەرگی و لە ئاستی تەندروستی خراپدان. هەموو ئەم هۆکارانەش دەبنە هۆی کارلێك و پەیوەندی راستەوخۆ و بەردەوام، کە هەستێکی کۆمکاری لە نێوانیاندا دروست دەکات. کە رەنگدانەوەی بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم چینە. هزرێکی تایبەتی لەلایان دروست دەبێت، کە وێنای حەز، ئارەزوو، کۆژانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، پیشەییەکانیان و تێڕوانینیان بۆ چینی چەوسێنەر، دەکات. تا چەند ئەندامانی چینی چەوساوە زیاتر هەستیان بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆیان کرد، هاوبەستەیی و یەکگرتن و پێکەوەژیان لە نێویان زیاتر دەبێت، هەموو ئەمانەش پاڵنەرن بۆ دروستبوونی سەرکردەی سیاسی و

کادری سەرکردە، کە بەرگری لە بەرژەوەندی و مافە چینایەتییەکانی خۆیان بکەن، داوای دووبارە بەشینەوەی سەرچاوە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان، بکەن.

لە وەسفی مارکس بۆ ئەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە تێبینی دەکەین، کە سەرچاوەی ململانێ بریتییە لە ((بەشینەوەی سەرچاوە ئابوورییەکان بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە و نایەکسان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە)) و جیاوازی لە بە خاوەندارێتیبوونی دەسەڵات لە نێوان چینەکاندا، کە مارکس بە پاشکۆی سەرچاوەی یەکەمی داناوە.

**ئەگەر زیاتر لە هزری ململانێخوای مارکس قوڵ ببینەوە دەبینن لەسەر دوو گریمانە وەستاوە، ئەوانیش بەم شێوەیەن:**

1- دەستبەسەرداگرتن و سەرکردایەتیکردنی رێکخستنە ئابوورییەکان لەلایەن خاوەنی بەرهەم و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، ئەمەش بە رۆڵی خۆی کۆنترۆڵی هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و پێکهێنەرەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە دەکات، لەسەر بەها و بیروباوەر و هزر و جموجوڵی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگە رەنگ دەداتەوە، لەپێناو زیادکردنی بەرهەم و چەوساندنەوەی چینی زەحمەتکێشان بە خراپترین شێوە.

2- گریمانەی دووەم پەیوەستە بە گریمانەی یەکەمەوە، ئەم دەستبەسەرداگرتنە رێکخراوەییە و، بوونی هەستی کۆمکاری ئەندامانی چینی چەوساوە، بەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییە خراپ و رووخاوە و، دەرکەوتنی رێکخستنی تایبەت بە خۆی، کە بەرگری لە مافەکانی بکات، هەموو ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی دروستبوونی ململانێیەکی بەردەوام و ریشەیی لە نێوان پێشەوایانی ئەم رێکخستنانە و شوێنکەوتووەکانیان. واتە لە نێوان ئەندامانی چینی بورژواز (خاوەن بەرهەم) و چینی پرۆلیتاریا (کە خاوەنی بەرهەم نییە) و هێزی بازووی خۆیان دەفرۆشن بە چینی بورژوازی لە پێناو



دەستکەوتنی برە پارەیەکی کەم، تا بتوانن لەناو بونیادی کۆمەڵگەدا بژین. لەپێناو لەناوبردنی بونیادی چینایەتی- سەرمایەداری و جێگرتنەوەی بە بونیادێکی کۆمەڵایەتی نوێ، کە ئەو جیاوازییە چینایەتییەی تێدا نەبێت، کە لەسەر بنچینەی ناهاوسەنگی بەشینەوەی سەرچاوە ئابوورییەکان و دەسەڵات دروستبووە، بەشێوەیەك کە چینی زەحمەتکێش و چەوساوەی (پێشوو) دەبێتە خاوەن دەسەڵات و، دەبنە سەرکردەی کۆمەڵگە، لەم قۆناغەدا ململانێی چینایەتی دەوەستێت.

زانای دەروونناسیی کۆمەڵایەتی ئەریك فرۆم لە بارەی چەمکی مرۆڤ لە هزری ململانێخوازی مارکسدا دەڵێت: ئامانجی سەرەکی مارکس ئازادکردنی مرۆڤ و رزگارکردنیەتی لە کۆت و زنجیری حەتمیەتی ئابووری کە مرۆڤایەتی مرۆڤ، کۆت دەکات و رێگرێتی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو و رێك لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگە و سروشتی مرۆییانەی خۆی بژێت.

لەلایەکی ترەوە، ئەوەی سەرنجی ئێمە رادەکێشێت، ئەوەیە مارکس چینی پرۆلیتاریا بەنوێنەری راستەقینە دادەنێت، کە توانا و وزەی پێشکەوتنە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی، توانای جوڵاندنی تاك و کۆمەڵگەی هەیە، لەپێناو باشترکردنی باری ئابووری و پیشەسازی و کولتوریان.

**لێرەدا رەنگە بتوانین ئەو دابەشکردنەی مارکس بۆ چینی زەحمەتکێش کردوویەتی، کە هەریەکەیان بەویتریانەوە بەستراوەتەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە روون بکەینەوە:**

1- **کرێکارە نەریتییەکان:** ئەوانەن کە هێزی بازوویان لەپێناو بژێوی ژیانیان دەفرۆشن و، پێگەی نزمیان لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەیە.

2- **کرێکارە بەهرەمەندو خوێندەوارەکان.**

3- **تەکنیککار و ئەندازیار و زاناکان**، کە شوێنگەی دیاریکراو لە پرۆسەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، داگیر دەکەن. لە واقیعدا ئەمانیش لە رووی بونیادەوە حاڵیان هاوشێوەی کرێکارە بە کرێگرتەکانە، ئەمەش لەبەر ئەو پێگە نزم و داهاتە کەمەیە کە وەریدەگرن، بە بەراورد لەگەڵ ئەندامانی چینی بۆرژوازی، کە خاوەنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانن و پێگە بەرزەکانی دەسەڵات لەناو بونیادی ئابووریدا داگیر دەکەن.

4- **کرێکارە بازرگانەکان**: وەك کارگێڕەکان، فەرمانبەری نووسینگە بیرۆکراتییەکان، ئەوانەی بە دەستحەقی رۆژانە یا مانگانە کار دەکەن، یارمەتی رێکخستنی کارگێڕی و جموجۆڵی ئابووری دەدەن، ئەمانە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان نین، کەچی چینی خاوەنداری هۆیەکانی بەرهەمهێنان، دەتوانێت ئەمانە لابەرێت و کەسانیتر لە جێگایان دابنێت. ئەمانە دەتوانن بەرگری لە بەرژەوەندی و مافەکانی خۆیان وەك کرێکاری بەکرێ گرتە بکەن.

تێبینی دەکەین، مارکس فاکتەری بە خاوەنبوونی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی وەك بنچینەیەك بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگە بەسەر دوو چینی سەرەکی داناوە، پێیوایە ئەم خاوەندارێتییە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ دروستبوونی ململانێی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا.

بەمەش دەگەینە ئەوەی، کە مارکس باس لە زەروورەت و گرنگی دوو دیاردە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دەکات، ئەوانیش هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانن. دیاردەی هێزی بەرهەمهێنان بریتییە، لە ئامراز، هۆ، ئامێر، تەکنەلۆژیا و لایەنە رێکخراوەییەکانی بەرهەمهێنانی ماددی، کە لە زانیاری تەکنیکی و پەیوەندی کرێکارەکان پێکهاتووە. لێرەدا مارکس هەستی بە پێشکەوتنی زانستەکان لەرووی هزر و بەکارهێنانەکانییەوە کردووە، کە یەکێك لەلایەنەکانی پێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێنان پێکدەهێنن. بە واتایەکی تر، مارکس مانای بەرهەمهێنانی بەواتای ئەوە بەکارهێناوە، کە بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ لەپێناو ماڵ و سامان دروستی دەکات، کەواتە ئەمە هۆی بەرهەمهێنانی راستەقینەیە.



بەڵام دیاردەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بریتییە لە شێوازی بەستنەوەی تاك بە هێزی بەرهەمهێنانەوە، وەك پەیوەندی کرێکارەکان بە هێز و هۆیەکانی بەرهەمهێنان، هەروەها پەیوەندییان بەو خاوەندارێتییەی کە کۆنترۆڵی سەرچاوە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە دەکات و، رەنگدانەوەی لەسەر هەموو جۆرەکانی تری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، کە بە رێکخستنە سیاسییەکان دەست پێدەکات و بە پەیوەندیە کەسییەکانی نێوان تاکەکان کۆتایی دێت.

مارکس ئەوەی روونکردووەتەوە، کە هێزی بەرهەمهێنان بە درێژایی مێژووی سەرمایەداری پێشکەوتووە، بەڵام پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەبێ گۆڕان وەکو خۆیان ماونەتەوە. هێزی بەرهەمهێنان لە سەرەتای دروستبوونی سەرمایەدارییەوە لە دەستی هەندێك خێزان دابوو، ئێستا لە دەستی هەندێ کۆمپانیای هەرەوەزی بورژوازی دایە، نەکەوتووەتە دەستی جەماوەر یا چینی پرۆلیتاریا، کە بە شێوەیەکی خێرا و سەر سوڕهێنەر ئەم هێزی بەرهەمهێنانە پێشکەوت، بەڵام پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان وەکو خۆیان مانەوە. کرێکار هەست بە بەرهەمی کارەکەی و داهێنانە فکری و ئەقڵیەکەی ناکات، چونکە کارەکەی لەپێناو ژیانی خۆی دەفرۆشێت. بە رواڵەت وا دێتە پێش چاو، کە سستەمی دابەشکردنی کار بەرادەیەکی زۆر پێشکەوتووە و بە شێوەیەك ئاڵۆزبووە و دەوەستێتە سەر پسپۆڕی بچووك و سنوردار، کەوا رێگا بە خاوەن ماڵ و سامانەکە دەدات، خاوەنی ئەم پسپۆڕیە بچووکانە بە ئاسانی بگۆڕن و کەسانی تریان لە جێگا دابنێن. بەکارهێنانی ئامرازە تەکنیکیەکان لەجیاتی مرۆڤ بووە هۆی دەرکردنی زۆرێك لەو خاوەن پسپۆڕییانە و سەرهەڵدانی بێکاری جۆراوجۆر، ئەمەش بەهۆی بوونی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ئامێر بەسەر مرۆڤ، نەك بە پێچەوانەوە، بە تایبەتیش ئەو کرێکارانەی ناتوانن کۆنترۆڵی ئامێر یا مەکینەکان بکەن، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەهرەمەندی و هزری داهێنکارانەیان، بەمەش پاڵنەرە پیشەییەکانیان لەدەستدا، لەگەڵ زیادبوونێکی زۆرکەم لە دەستحەقیان، کە لەگەڵ

بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەکانی ژیان ناگونجێت و، رۆژانە بە بەردەوامی لە زیاد بووندایە. هەروەها ئامێر وای لێهاتووە کە بتوانێت زۆر بە وردی بێ ئەوەی بە زەروورەت پێویستی بە مرۆڤ هەبێت، بۆ بەکارخستنی کار بکات، بە شێوەیەك مرۆڤی کردووە بە چاودێر بۆ جوولە و چۆنیەتی بەرهەمەکانی، ئەمە بە رۆڵی خۆی بووەتە هۆی گۆڕینی ناونیشانی (کرێکار) و ستاتیککردنی (تجمد) بیر و داهێنانەکانی. هەروەها سنوردارکردنی جموجۆڵی جەستەییان لەناو کارگە و کارلێکی نێوان کرێکارەکانیش لە کاتی کارکردنیان لاواز بووەتەوە، ئەمەش وای کردووە کارکردن بەلایانەوە رۆتین و جارس بێت و، هیچ پاڵنەرێکی بۆ کارکردن نەبێت.

لەوەی سەرەوە تێبینی دەکەین، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان گۆڕانی بەسەردا نایەت، لە هەمانکاتدا هۆیەکانی بەرهەمهێنان پێشدەکەون، ئەمەش دژایەتییەکی لەناو کۆمەڵگەدا دروست کردووە و، بووەتە پاڵنەرێك و هانی ئەو تاکانە دەدات کە بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەستراونەتەوە و، داوای گۆڕینی هێزی بەرهەمهێنان بکەن، بۆ ئەوەی شان بەشانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە پرۆسەکانی بەرهەمهێناندا بەرەو پێش هەنگاو بنێن. **لێرەدا چەند سەرچاوەیەکی سەرەکی ململانێمان دەست دەکەوێت**، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- دابەشکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە و ناهاوسەنگ بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگەدا.

2- وەکو دەرەنجامێك (بۆ خاڵی یەکەم) دوو جۆر لە تاکەکەس دروست دەبن، یەکەم، خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان کە کەمینەن و، دووەم ئەوانەی خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان نین، کە زۆرینەن.

3- لەوەشەوە، دەسەڵات بەشێویەکی نایەکسان لە نێوان ئەم دوودەستە، کە دەستەی یەکەم خاوەنی دەسەڵات و نفوز، دەستەی دووەمیان خاوەنی هیچ شتێ نییە، دابەش بووە.



4- ئەمەش بە رۆڵی خۆی بووە هۆی فۆرمەڵەبوونی هەستێکی فکری بەرامبەر بەم جیاکارییە ئابووری و دەسەڵاتخوازییە، کە بە رۆڵی خۆی رێکخستنی کۆمەڵایەتی جیاواز، هەم لە ئامانج و هەم لە بەرژەوەندییە ئابووری و فکرییەکانیاندا پێکهێنا.

5- بێ بزاوتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی خێرای هێزی بەرهەمهێنان.

زێتر لەوەی سەرەوە، ئەو پێشکەوتنەی کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان لە پێشخستنی تەکنەلۆژیا بەدەستیانهێناوە، بووە هۆی باشتربوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پیشەیی کرێکاران و، زیادبوونی ماڵ و سامانی خاوەن سامانەکان بە شێوەیەکی نایەکسان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان رێگای نوێ بۆ زیاترکردن و بەکاربردنی بەرهەمەکانیان بدۆزنەوە، کە دەبێتە هۆی زیاترکردنی سامان و داهاتەکانیان بە شێوەیەکی زۆر زیاتر لە سوودوەرگرتنی تاکەکانی چینی چەوساوە، کە رێژەی بەکاربردنیان بۆ کاڵا بەرهەمهێنراوەکان زۆرتر بووە. ئەمەش مانای وایە ئەو پێشکەوتنەی کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری روویدا، بووە هۆی بەرەوچاکتربوونێکی زۆرکەم لە داهاتی کرێکارەکان و، بەکاربردنێکی زیاتری بەرهەم، ئەمەش بەسوود و قازانج و زیادبوونێکی زۆری بەرهەم، بۆ خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە، بەمەش پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان هەروەکو خۆی پارێزگاری لە شوێنگەی ئابووری و بەرهەمهێنان و دەسەڵاتی خۆی دەکات، لەگەڵ گۆڕانکارییەکی کەم لەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەدەستیان هێناوە ناگونجێت.

**لە کۆتاییدا پێمانوایە باشترە ئاماژە بە ڕەخنەی مارکس خۆی بۆ سستەمی سەرمایەداری بکەین، بەم خاڵانەی لای خوارەوە:**

1- لەناو سستەمی سەرمایەداریدا چینی کرێکاران دووچاری چەوساندنەوەی زیاتر و زیاتر دەبنەوە، هەژارتر و هەژارتر دەبن، خاوەندارێتی زیاتر و زیاتر دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەستەیەکی کەم لە قۆرخکاران.

2- بێتوانایی سەرمایەداری لە پێشکەوتن، لەبەر ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ قەیرانە توندەکان، کە ڕێگە دەگرن لەبەردەم پراکتیزەکردنی سستەمەکەی بە شێوەیەکی وورد، ئەمەش بوو کە لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا ڕوویاندا.

3- لە قۆناغێکی دیاریکراوی پێشکەوتنی سەرمایەداریدا، دەوڵەتی سەرمایەدار دەبێت لە بازاڕی دەرەکی بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی بگەڕێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کێبڕکێی بازرگانی و سیاسی، لە کۆتایشدا دەبێتە هۆی شەڕی ئیمپریالی.

دوای ئەوەی وێنەیەکی ڕوونمان لەسەر هزری ململانێی مارکس پیشاندا، ئێستاش دەچینە لای هزری ململانێخوازی زانایەکی تر ئەویش زانای ئەڵمانی (جۆرج زیمێڵ)ە، کە لە نێوان سالآنی (1858- 1918 ز) ژیاوە. ئەم زانایە کاریگەریەکی زۆری لەسەر هزری زۆرێك لە کۆمەڵناسە نوێکان هەبوو. زیمێڵ پێیوایە تاك لە حاڵەتێکی دوالیزمیدا لە کۆمەڵگە دەژیت، هاوکات دژی کۆمەڵگەیە و ملکەچی کۆمەڵگەشە، هەوڵدەدات لە ژێر دەستی دەربچێت، تاك لەپێناو کۆمەڵگە و لەپێناو خۆیشیدا بوونی هەیە، لە هەمانکاتدا کۆمەڵایەتی و خودخوازە، بە تەواوی تێکەڵاوی کۆمەڵگە نەبووە و، بەتەواویش لێی جیا نەبۆتەوە. ژیانی کۆمەڵایەتی لای زیمێڵ بریتییە لە گونجان و ململانێ، کێشکردن و دوورکەوتنەوە، خۆشەویستی و رق. پێیوایە ژیانی کۆمەڵایەتی لەیەك کاتدا لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە[7]. هەرچی کۆمەڵگەیە، ئەو پێیوایە بریتییە لە تۆڕێك پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کە لەسەر کارلێکی فکری ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان تاکەکانی وەستاوە، ئەم کارلێکەشە دەبێتە



هۆی هاتنە کایەی وەزیفەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان[8]. کەواتە لەلای زیمێڵ کۆمەڵگە، تا ئەو کاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام لە نێوان تاکەکانی ئاڵوگۆڕبکرێن بوونی هەیە.

زیمێڵ وێنای ململانێی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکانی کردووە، کە لە سەرچاوە بایەلۆژیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەش لەلای مرۆڤ، غەریزەی دوژمنکاری (خۆشەویستی و رق) و دەروونی (سۆزداری و ویژدان)یە. ئەم دوو سەرچاوەیە -بەبۆچوونی ئەو- کار دەکەن و هاوبەستەییەکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن بۆ ئەوەی بە ڕۆڵی خۆی پارێزگاری لە مانەوەی کۆمەڵگە بکات و لەبەریەك هەڵنەوەشێتەوە.

بەڵام هزری ململانێ، لەکاتی لێکۆڵینەوەی لە ژیانی گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان و، پەیوەندییە دەرەکییە جۆراوجۆرەکانیان لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر، بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا دەرکەوت، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕەمەکی ڕوونادات، بەڵکو دەچێتە ناو پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕکاری بەردەوام لە کاریگەربوون و کارتێکردن. ئەو ململانێیەی لە نێوان دوو گرووپ لە کاتێکی دیاریکراو و شوێنێکی دیاریکراو ڕوودەدات، توندی ململانێی نێوانیان دەستنیشان دەکات، کە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی، ڕێکخستن، ئامانجەکانیان و، لەسەر پلەی یەکگرتنی ئەندامانی هەریەك لەو دوو گرووپە و، توندی ململانێکانی دوارۆژ. ئەم حاڵەتی ململانێیە تا ئەو کاتەی گرووپی سێیەم دێتە ناو ململانێکەوە بەردەوام دەبێت، بەمەش ململانێکە بە یەکگرتنی گرووپی سێیەم لەگەڵ یەکێ لە دوو گرووپە ناکۆکەکەو وەستانی دژی ئەویتریان چارەسەر دەبێت.

بە پشتبەستن بەم پێشەکییە کورتە بۆ سەرچاوەکانی ململانێ لای زیمێڵ، هەوڵ دەدەین سەرچاوەی یەکەم ڕوون بکەینەوە، کە زیمێڵ بە گرنگترین سەرچاوە بۆ ڕوودانی ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی داناوە، ئەویش غەریزەکانن، کە بە ئاراستەکاری ناچاریی بۆ پەیوەندیەکانی تاك بەوانی ترەوە لە قەڵەم داون. لەبەرئەوەی ئەم غەریزانە لەسەر خۆشەویستی و دوژمنایەتی وەستاون، ئەوا

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە پەیوەندی دوژمنکارانە، یا پەیوەندی خۆشەویستی. لێرەدا زیمێڵ پێیوایە حەتمیەتی ململانێ و حەتمیەتی هەرەوەزی و هاوبەستەیی لەلای مرۆڤ دەردەکەوێت، بەو پێیەی کە غەریزەی مرۆیی جێگیرە و ناگۆڕێت، چونکە بۆماوەییە نەك وەرگیراو.

تێبینی دەکەین کە زیمێڵ بە شێوەیەکی میکانیکی و ئۆتۆماتیکی رەفتاری ململانێخوازی و هاوبەستەیی مرۆیی بەغەریزەوە بەستووەتەوە و، هۆکارە کۆمەڵایەتی، شارستانی و کولتووریەکانی فەرامۆش کردووە، کە کاریگەرییان لەسەر ئاراستەکردنی رەفتاری مرۆڤ هەیە. ئەم خاڵە دواتر گفتوگۆی لە سەر دەکەین. زیمێڵ بەم خستنە رووە نەوەستا، بەڵکو پەرەی بە هزرە ململانێخوازەکەیدا و لەسەر سستەمە کۆمەڵایەتییەکان پراکتیزەی کرد، چونکە ئەم سستەمانە لە تاکەکان پێکهاتوون. ئەو پێداگیری کردووە لەسەر حەتمیەتی ململانێی نێوان سستەمە کۆمەڵایەتییەکان. بە بۆچوونی زیمێڵ ململانێی نێوان تاکەکان، گرووپەکان و سستەمە کۆمەڵایەتییەکان نابنە هۆی رووخانی بونیادی کۆمەڵگە  یا رووданی گۆڕانکاری ریشەیی تێیدا، بەڵکو دەبنە هۆی پارێزگاری و هاوبەستەییکردن لێیان، لەهەمانکاتدا دەبنە هۆی رووданی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەم گۆڕانە هەنگاو هەنگاوە نەك گۆڕانێکی لەناکاو.

زیمێڵ تەنها بە روونکردنەوەی سەرچاوەکانی ململانێ و چۆنیەتی رووданی نەوەستا، بەڵکو تیشکێکی زیاتری خستۆتە سەر پلەو توندی ململانێی کۆمەڵایەتی. زیمێڵ پلەو توندی ململانێ بۆ پلەی تێکەڵاوبوونی سۆزو ویژدان بۆ نێو لایەنە ناکۆکەکان دەگەڕێنێتەوە، بەوەی هەرچەندە ئەمانە تێکەڵاوبن، ئەوا توندی ململانێ زیاد دەکات. بەڵام زیمێڵ چۆنیەتی تێکەڵاوبوونی سۆز و ویژدان، بۆ بوونی خۆشەویستی پێشتر یا رقی پێشتر یا ئیرەیی نێوان لایەنە ناکۆکەکان دەگەڕێنێتەوە.

هەروەها توندی ململانێ دەوەستێتە سەر پلەی هاوبەستەیی ئەندامانی لایەنە ناکۆکەکان، بەوەی هەرچەندە پلەی هاوبەستەیی تاکەکانی بەهێز و توند بێت و پلەی گونجانیان بەرزبێت، ئەوا ململانێکە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر، واتە



ئەو لایەنەی کە لە رووی ئامانج و بەهاو بەرژەوەندییەوە لەو جیاوازە، توندوتیژتر دەبێت. هەرچەندە بونیادی کۆمەڵایەتی کەلێنی گەورە و دووری لە نێوان بەها، ئامانج و، بەرژەوەندییەکانی لایەنە ناکۆکەکاندا دروست بکات، ئەوا ململانێکەیان توندتر دەبێت. هەروەها کاتێك لایەنێك لەلایەنە ناکۆکەکان دەیەوێت ئامانجە تایبەتییەکانی یا ئامانجە تایبەتییەکانی ئەندامانی دەستەبەر بکات، ئەوا ململانێکەیان توندتر دەبێت. هەموو ئەم هۆکارانە بۆ توندتربوونی ململانێ لە نێوان تاکەکان و نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرن.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەو وەزیفانەی کە لە ئەنجامی ململانێ سەرهەڵدەدەن بکەین، وەکو چۆن زیمێڵ روونیکردونەتەوە، بەوەی دووبارەبوونەوەی ململانێ لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی دوژمنایەتی، رق و ناکۆکی، کە ئەستەمە شوێنەوارەکانی لابرێن، ئەمانە لە دوارۆژ وەکو پاڵنەری مێژوویی بۆ وروژاندنی دوژمنایەتی و ناکۆکی وان، لەهەمانکاتدا دەبنە هۆی زیاتر هاوبەستەیی و یەکگرتنی تاکەکانی هەریەك لەلایەنە ناکۆکەکان لەناو خۆیاندا. زیمێڵ دوو هۆکاری تر، بۆ هاوبەستەیی نێوخۆیی گرووپ زیاد دەکات، ئەوانیش قەبارەی گرووپەکانی ناو ململانێکە، بە جۆرێك چەندە قەبارەی گرووپ بچووك بێت، هاوبەستەیی نێوخۆیی زیاد دەکات و، بە پێچەوانەشەوە راستە. یا گرووپی بەشداربوو لەناو ململانێ بریتی بێت لە دەستەیەکی بچووك و کەمینەیەکی بچووکی ناو کۆمەڵگەی گەورە. زیمێڵ پێیوایە ئەم دوو هۆکارە پلەی یەکگرتنی گرووپی ململانێکە زیاتر دەکەن.

جگە لەوەش، زیمێڵ وەزیفەکانی ململانێی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگەی گشتی روونکردووەتەوە، هەرچەندە ململانێ لە نێوان دوو گرووپی ناکۆك توندتر بوو، ئەوا یارمەتی گرووپەکانی تر— لە دەرەوەی بازنەی ململانێ — دەدات، یەك بگرن و یەکێتی دروست بکەن، لەپێناو بەرگریکردن لە خودی خۆیان لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی و، ترس لەو شتانەی کە لە ئەنجامی ململانێی نێوان لایەنە ناکۆکەکان روودەدەن. ئەگەر هاتوو ململانێی

نێوان گرووپە جیاوازەکان لە رووی نفوز و دەسەڵاتەوە درێژەی کێشا، ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەك لە نێوانیان، کە لەسەر بوونی نفوز و دەسەڵاتی نێوانیان وەستاوە، ئەگەر ململانێ لە ماوەی جیاجیا و پچڕپچڕ و لە ماوەی زەمەنی دوور دووبارە بووەوە، دەبێتە هۆی پێکهاتنی رێسای کۆمەڵایەتی رێکخراو بۆ دیاردەی ململانێی نێوانیان، هەرچەندە دووبارەبوونەوەی ململانێ زیاتر بوو، ئەوا دەبێتە هۆی دەربڕین و دروستبوونی پاڵنەرە دوژمنکاریەکان لای لایەنە ناکۆکەکان، تێرکردنی پێداویستی، بەرژەوەندییەکانیان، لابردنی دوودڵی، دڵەڕاوکێی دەروونی، کۆمەڵایەتی و کولتووری، هەروەها دانەبڕانی لایەنە ناکۆکەکان لە کۆمەڵگەی گشتی.

بەکورتی، زیمێڵ پێیوایە ململانێ پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕکارییە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، هەروەها یەك ئاراستە ناگرێتەبەر، بەڵکو دوو ئاراستەی هەیە، ئەوانیش کاریگەری و کاریگەربوون، وەرگرتن و بەخشین، پاڵپێوەنان و راکێشان، زەرەر و قازانج بۆ هەرلایەنێك لە لایەنە ناکۆکەکان، تەنها ئاراستەی بەهێز یا ئاراستەی بێهێزی وەرناگرێت، هەروەکو چۆن، گرنگی لەلابردن و شکستپێهێنانی لایەنێك لەلایەنە ناکۆکەکان هەیە، ئەوا کاریش بۆ یەکگرتنی ئەندامانی لایەنەکەی تر و، دەستکەوتنی هێز، بەدەستهێنانی دەسەڵات، نفوز، پێگەی کۆمەڵایەتی بەرز لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات. کەواتە ململانێ لای زیمێڵ بوونیادنەرە نەك رووخێنەر.

ئەم سێ زانایە ئیبن خەلدون، مارکس، زیمێڵ، دیاردەی ململانێی کۆمەڵگەی مرۆییان زۆر روون و ئاشکرا، وەسف و دەستنیشان کردووە. ئەم زانایانە پێیانوایە دیاردەی ململانێ بوونی هەیە و، کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی هەیە، زیاتر لەوەی کە دیاردەیەکی نێگەتیڤ بێت، هەروەها دیاردەیەکی سروشتییە و لەناو کۆمەڵگەی مرۆیی دەردەکەوێت.

بەڵام هەندێ بیرمەندی تر هەن، لە گۆشەنیگای ترەوە سەیری دیاردەی ململانێ دەکەن، کە جیاوازە لەو گۆشەنیگایەی کە ئیبن خەلدون، مارکس و زیمێڵ



بۆ ئەم دیاردەیە هەیانە. بۆ نموونە هەریەك لە (جبرائیل تارد، هێربەرت سپنسەر و ئەمیل دۆرکایم) پێیانوایە ململانێی کۆمەڵایەتی حاڵەتێکی نەخۆشی ناسروشتییە، بەڵام (ماکس ڤێبەر، چارلس کولی، جۆرج هربرت مید، رۆبرت پاك ولیەم ئۆکبێرن و تالکۆن پارسۆنز) پێیانوایە ململانێی کۆمەڵایەتی بریتییە لە حاڵەتێکی سروشتی لە کۆمەڵگەدا، بەڵام کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، کە دەبێ چارەسەر بکرێت. هەروەها (کەمبلۆفیج و بەرنارد فۆڵد)، پێیانوایە ململانێی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بۆماوەیی لەنێو هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، واتە تەنها لەنێو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی نییە، بەڵکو لەنێو هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و، تەنانەت لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەشدا بوونی هەیە. (لویس کۆزەر) پێیوایە ململانێ سوود و کەڵکی پۆزەتیڤی بۆ کۆمەڵگە هەیە. بەڵام (راڵف دارندۆرف)، پێیوایە ململانێ پرۆسەیەکی بەردەوامە و، سروشتێکی دیالێکتیکی لە کۆمەڵگەدا هەیە. ئەم پرۆسەیە لەناو کۆمەڵگەدا، لە ئەنجامی هێزە ناکۆکەکانی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی و، پرۆسەی بەردەوامبوون و بەرەوپێش چوونیان روودەدات. کەمبوونەوەی ئەم ململانێیەش بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە دەبەستێتەوە کە دەوری بونیادی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە دەدات.

## - بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

ئەوەی لەبارەی ئەو سێ زانایە (ئیبن خەلدون، مارکس، زیمێڵ) لە تێڕوانینیان بۆ دیاردەی ململانێ تێبینیمان کرد، ئەوەیە کە ململانێ لایەنێکە لە سروشتی ئادەمیزاد و لە کۆمەڵگەی مرۆییدا بوونی هەیە، ناتوانرێت فەرامۆش یا پشتگوێ بخرێت. هەروەها شتێکی تر کە تێبینیمان کرد، ئەوەیە ئیبن خەلدون وەسفی ئەم دیاردەیەی لە رێگای تێبینی و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی کردووە، بەوەی کە لە سەدەی چواردەیەمی زایەنی ژیاوە و هۆکارەکانی ململانێی گەڕاندۆتەوە بۆ دەمارگیری خێڵەکی، هەروەها ئارەزووی خێڵە

عەرەبەکان بۆ بەدەستهێنانی ماڵ، سامان، سەروەری و، خەباتکردن لەپێناو مانەوە و مەدەنیەت و بەشاریبوون.

ئیبن خەلدون ئەوەی روونکردۆتەوە، کە دەمارگیری دەبێتە هۆی روودانی ململانێ، نەك ململانێ ببێتە هۆی هاوبەستەیی و یەکگرتنی تاکەکانی خێڵ. وەکو چۆن کارل مارکس و زیمێل باسیان کردووە، هۆکاری ئەم جیاوازیەش تەنها بۆ جیاوازی ئەقڵیەتیان، یا ئەو سەرەتا فکریەی کە بیرکردنەوەکانیان لێوەی سەرچاوەی گرتووە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو بارودۆخە یا ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی دیاردەی ململانێ هەیەتی دەگەڕێتەوە، کە لە ژینگەی جیاوازەوە سەرچاوەی گرتووە، بە شێوەی جیاواز بەپێی ئەو سستەمە سیاسی و ئابوورییەی کە کۆنترۆڵی دیاردەی ململانێکەی کردووە، هەروەها ئەو قۆناغە مێژووییەی کە تێیدا دەژیت، فۆرمەڵە بووە. ئێستا دەمارگیریی خێڵەکی نابێتە هۆی ململانێ و ناکۆکی نێوان خێڵە عەرەبەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی، ئەمەش لەبەرلاوازی مۆتیڤی دەمارگیری و گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی ئێستای کۆمەڵگەی عەرەبییە. بەڵام بۆچوونی مارکس بۆ هۆکارەکانی ململانێ ئاسەوارەکانی لەناو سستەمی سەرمایەداریدا، تائێستاش باوە و بوونی هەیە. ململانێی چینایەتی نێوان چینی بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، بەهۆی بوونی دەسەڵاتی سەرمایەداری، هەروەها دابەش نەکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان، دەسەڵات، جێگیری و وەستاوی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بە بێ گۆڕانێکی پێشکەوتووی هۆیەکانی بەرهەمهێنان هەر ماوەتەوە و بوونیشی هەیە. ئەم دوو بۆچوونە (خەلدونیزم و مارکسیزم) لەگەڵ بوونی جیاوازی زەمەنی لە وێناکردن و دەستنیشانکردنی هۆکار و فاکتەرەکانی ململانێ لەلای هەریەکێکیان، ئەوا هەردووکیان بۆچوونێکی سەرتاپاگیریی (شمولي) نەك بۆچونێکی بەشی (جزئی) یان هەیە، هەردووکیان پێیانوایە ململانێ لەدوای ئارامکردنەوەو تێرکردنی فاکتەرەکانی دەوەستێت. ئەوەتا ئیبن خەلدون پێیوایە ململانێی خێڵەکی کاتێك کۆتایی دێت، کە خێڵ ماڵ و سامان و دەسەڵاتی دەست دەکەوێت، مارکسیش پێیوایە



ململانێی چینایەتی دوای ئەوەی چینی پرۆلیتاریا بەسەر چینی بۆرژوازیدا سەردەکەوێت، کۆتایی دێت.

بەڵام بۆچوونەکانی زیمێل لەبارەی ململانێ، لەگەڵ بۆچوونی ئیبن خەلدون و مارکس جیاوازن، ئەمیان لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بچووکەوە دەستیپێکردووە، ئەویش ململانێی تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکانە. زیمێل هۆکاری ململانێی بۆ غەریزەی دوژمنکاری لەلای مرۆڤ و سۆز لەلای گرووپ گەڕاندووەتەوە. بەڵام مارکس ململانێی بە فاکتەری ئابووری بەستووەتەوە. هەرچی ئیبن خەلدونیشە ململانێی بە فاکتەری دەمارگیری خێڵەکی بەستووەتەوە، لە کاتێکدا زیمێل ململانێی کۆمەڵایەتی بە فاکتەری ئابووری، سیاسی، شارستانی نەبەستووەتەوە، بەڵکو بە خەسڵەتە تاکەکەسییەکانی وەك غەریزەی دوژمنکاری و سۆزی و ویژدان بەستویەتییەوە، بەسەر هەموو جۆرە ململانێ مرۆییەکان گشتاندویەتی. ئەم دوو خەسڵەتە (سۆز و دوژمنکاری) بۆ کۆمەڵبوونە مرۆییەکان خەسڵەتی گشتی نین، واتە پەیوەندییە غەریزییەکان و سۆز لە کۆمەڵبوونە کۆمەڵایەتییە فەرمییەکانی ناو کۆمەڵگەی نوێ بوونیان نییە.

لێکچوونێك لە نێوان هزری ئیبن خەلدون و مارکس و زیمێل دەبینین. ئەمانە بینیان، کە هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی توندوتۆڵ بە ململانێ بەستراوەتەوە، بەڵام ئەمانە لەسەر ئەوەی کامیان پێش ئەوی تر روودەدات، کۆك نین، وەك چۆن لەسەرەتای بەدواداچوونەکانماندا ئاماژەمان پێکردووە. ئەم زانایانە ئەوەیان روونکردووەتەوە، کە ململانێ دەبێتە هۆی روودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. ئیبن خەلدون و مارکس جەخت لەسەر بارودۆخی ململانێ دەکەنەوە، بەڵام زیمێل جەخت لەسەر ئەو بارودۆخەی، کە دەبێتە هۆی زیادکردنی توندی ململانێ دەکاتەوە.

سەرەڕای ئەوە، بینیمان ئەم سێ زانایە بە بەستنەوەی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی نێوخۆیی بە ململانێوە ئیکتفا دەکەن، بێ ئەوەی لایەنە نێگەتیڤەکانی ململانێ و هەروەها شوێنەوارە خراپەکانیشی لەسەر توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تر، دەستنیشان و راڤە بکەن.

## 2- بیرمەندە نوێیەکان

ئەوەی لەمەو پێش باسمانکردن، کۆمەڵە هزرێك بوون دەربارەی ململانێ، کە هەندێ لە بیرمەندانی سەرەتاکانی هزری ململانێخوازی پێشکەشمانیان کردبوون. ئێستاش ئاماژە بە هزری ململانێخوازی لای بیرمەندە نوێیەکان دەکەین، وەك راڵف دارندۆرف. بەرجەستەبوونی هزری ململانێخوازی ئەم هزرڤانە لە چوار بنەمای سەرەکییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوانیش:

1- لە رێگای رەخنەگرتنی لە یۆتۆپیا، کە بڕوای بە گونجان و تەبایی ژیانی کۆمەڵایەتی، بڕوای بە نەبوونی گێرەشێوێنی و ململانێ لە نێوان بەشەکانی کۆمەڵگە، هەروەها بڕوای بە نەبوونی شۆڕش و تەنگژەو بێکاری و چینە باڵادەست هەیە. کۆمەڵگەیەکە لە کۆمەڵگە مرۆییەکانی تر، کە ململانێ و ناکۆکیان تێدایە دابڕاوە.

دارندۆرف بڕوای بەو شتانەی کە یۆتۆپیا هێناویەتیە ئاراوە، نەبوو. بەبۆچوونی ئەو، یۆتۆپیا لە ناکاو و بەبێ پێشەکی دەردەکەوێت، ئەمەش ناکرێ رووبدات، بەوەی هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بەبێ رەگ و ریشەیەکی مێژوویی تایبەت بە خۆی بوونی هەبێت. بە مانایەکی تر، هەر کۆمەڵگەیەك باکگراوەند و بەهای کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و هتد... هەیە، کە کار بۆ بەستنەوەی ئێستای بە رابردوو و داهاتوویەکەیەوە دەکات، ژیانی کۆمەڵایەتییەکی بە بەها و دابونەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەوڵەمەند دەکات. یۆتۆپیا ناتوانێت لە دەرەوەی راستیە کۆمەڵایەتییە زانراوەکانەوە پێشکەوێت و، رێچکەیەکی واقیعی بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی بگرێتەبەر، ئەگەرنا کەلێنێکی گەورە لە نێوان ئێستاو رابردوویدا دروست دەبێت، ئەمەش لەسەر ئاستی واقیعیدا روو نادات، بەڵام رەنگە لەسەر ئاستی خەیاڵ و ئەندێشەدا رووبدات. لەم بارەیەوە دارندۆرف نموونەیەك لەسەر ئەمە دەهێنێتەوە و، دەڵێت: لینین لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیزەیی شکستی هێنا، کاتێك هەوڵیدا بە شێوەیەکی واقیعی ئەو رووداوانەی



کە بە شۆڕشی پرۆلیتاریەوە پەیوەست بوون، بە وێنەی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییەوە ببەستێەوە، کە چینی کۆمەڵایەتی، ململانێ، دەسەڵاتی دەوڵەت و سستەمی دابەشکردنی کاری تێدا نییە.

یۆتۆپیا — بەبۆچوونی دارندۆرف — بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ململانێ و جیاوازییەکان لەناو کۆمەڵگەکەیدا بوونیان نییە، لە کاتێکدا بەڵگە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە ململانێ و گۆڕانکاری بەشی و گشتی، رێکخراو و شۆڕشگێڕی ریشەیی، دەستەیی و جەماوەری هەیە. بۆیە بە بۆچوونی دارندۆرف ناکرێت ئەوەی یۆتۆپیا لەم بوارەدا بانگەشەی بۆ دەکات بە هەند وەربگیرێت.

بەڵام کە دەڵێت: کۆمەڵگەیەکی گۆشەگیرە، کەواتە کۆمەڵگەیەکی داخراوە وەکو کۆمەڵگە هۆزییەکان کراوە نییە، ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە لە رووی شوێنکاتەوە بە دابڕاوی دەمێننەوە، پلەی مرۆییان بەهۆی دوور کەوتنەوەی لە پەیوەندی کردن و کارلێکی مرۆیی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر، کەم دەبێتەوە.

بەڵام بنەمای دووەم کە دارندۆرف لێوەی دەستی پێکردووە و یارمەتی داوە لە بەرجەستەبوونی هزرە ململانێخوازییەکەی ئەوەیە، کە دارندۆرف لێکچونێکی گەورەی بینییەوە، لە نێوان ئەو سستەمە کۆمەڵایەتییانەی کە بونیادخوازە وەزیفییەکان و یۆتۆپیا پێداگیری لەسەر دەکەن. هەردووکیان -بەپێی بۆچوونی دارندۆرف- لەسەر ئاستی واقیع بوونیان نییە، بەڵکو ئەمانە چنراوی ئەندێشە و خەیاڵن، نەبوونی باکگراوندی مێژوویی بۆ هەردووکیان و، بانگەشەکردنیان بۆ نەبوونی دژایەتی و ململانێ لە نێوان هەر یەکێکیاندا، قسەیەکی ناواقیعییە.

بنەمای سێیەم، کە یارمەتی دارندۆرفی بۆ داڕشتنی هزری ململانێخوازیەکەی داوە، بۆچوونیەتی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، کە دوو راستی یا دوو رووی هەیە، یەکەمیان گونجان، تەبایی، کامڵی، جێگیری و هاوسەنگییە، دووەمیان جووڵە و ململانێ و گۆڕانە. پێداگیری یۆتۆپیا و سستەمی کۆمەڵایەتی لەسەر یەك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و، بۆچوونەکانیان بەوەی ئەم کۆمەڵگەیە دژایەتی تێدا نییە، بەپێی سستەمێکی رێکخراوی ورد بەڕێوە دەچێت. ئەمەش

به بۆچوونی دارندۆرف وێنەیەکی تەمومژاوییە، بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەها ئەمە لە واقیعدا دژی بنەمای ململانێی دیالێکتیکییە کە دارندۆرف بڕوای پێ هەیە، ئەمانە لە کۆمەڵگەدا زیاتر لە دیاردەی کامڵبوون، گونجان و یەکگرتن روودەدەن. ئەو بەردەوامی، شێوەگرتن (صیرورة) و ململانێ لەناو کۆمەڵگەدا زیاتر دەبینێت تا رووداني گونجان و کامڵبوون.

هەروەها دارندۆرف پێیوایە هاوبەستەییبوونی بەشەکانی کۆمەڵگە بەهۆی گونجان و پێکەوە ژیانەوە نەبووە، بەڵکو بە هۆی هێز، ناچارکردن و زۆرەملێوە بووە. دارندۆرف بەڵگەی بۆ ئەمە ئەوەیە، کە سستەمی بەها کۆمەڵایەتییەکان هێز و فشار بۆ بەیەك بەستنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە بەکاردەهێنێت، سزای کۆمەڵایەتی بەسەر هەر تاکێك، گەر لە رێنمایی و فێرکردنەکان لابدات دەسەپێنێت، ئەمەش لە رێگەی پەراوێزخستن و چەپکردنی (نبذ) لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت. ئەم ناچارکردن و زۆرلێکردنە جۆرێك لە سەرپێچی و لادان دروست دەکات، کە ئەمەش ململانێ و راپەڕین لەدژی سستەم بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دروست دەکات، ئەگەری گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکات.

بنەمای کۆتایی، کە دارندۆرف لێیەوە دەستیپێکردوە، کاریگەربوونییەتی بە هزری ململانێخوازی مارکس. بەوەی دارندۆرف هەوڵیداوە ئەم کاریگەربوونەی تێکەڵ لەگەڵ بنەمای یەکەم و دووەم بکات، واتە لە رێگای رەخنەگرتنی لە یۆتۆپیا و سستەمی کۆمەڵایەتی وستوویەتی دیدێکی دیالێکتیکی مارکسی نوێ بێنێتە ئاراوە، هەناسەیەکی نوێ بە رۆحی ململانێ لە کۆمەڵناسیدا ببەخشێت. دارندۆرف هەوڵی نەداوە هزری ململانێخوازی مارکس، لە ململانێی چینایەتییەوە بۆ ململانێی رێکخراو بچووك بکاتەوە - وەکو چۆن هەندێك وای تێدەگەن - بەڵکو لە هەوڵی بەکارهێنانی بۆچوونی ململانێخوازی مارکس بۆ لێکۆڵینەوە لە سستەمی کۆمەڵایەتی دابووە.

ئێستاش ئاماژە بە هزری ململانێخوازی دارندۆرف دەکەین، دەبینین چۆن هەوڵی وێناکردنی ململانێی داوە، دوای ئەوەی لەو بنەما یا تێبینیانەی کە



باسمانکردن هزرەکانی دەستپێکردووە. بە بۆچوونی دارندۆرف سستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێك رۆڵی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە، کە بەسەر چەند پێگەیەکی رێکخراو، لەسەر شێوەی چەند توێژبەندێکی یەك لە دوای یەك دابەشکراون، هەر پێگەیەك بەرپرسیارێتی، ئەرك و فرمانەکانی خۆی هەڵگرتووە، کە رەنگدانەوەی پلەو جۆری دەسەڵاتەکەیەتی. هەر پێگەیەکیش رۆڵی رێکخراوەیی خۆی، کە رەنگدانەوەی بەکارهێنانی نفوز و دەسەڵاتەکەیەتی هەیە. بەمانایەکی تر، رۆڵی رێکخراویی جیاواز، کە خاوەنی پلە و دەسەڵاتی جیاوازن هەن. رۆڵی وا هەیە، خاوەنی نفوز و دەسەڵاتێکی باڵایە و، خەسڵەتی ناچارکردن و بەزۆر ملکەچ پێکردنی لەکاتی بەکارهێنانی دەسەڵاتی بەسەر رۆڵەکانی پێش خۆی لە رووی هیرارکیەتی رێکخراوەیی هەیە، ئەویتریان خاوەنی دەسەڵات و نفوزێکی کەمە، ملکەچی رۆڵی لە خۆی بەرزترە و گوێڕایەڵی رێنمایەکانییەتی. ئەم جۆرە هیرارکیەتە رێکخراوەییە، خەسڵەتی رەوایەتی و یاساییبوون لەناو رێکخراوەکە وەردەگرێت. دەرەنجامی ئەمە، سستەمی کۆمەڵایەتی تەنها کۆمەڵە رۆڵێکی جیاواز، لە خاوەنداریێتیکردنی دەسەڵات، نفوز، سەرکردایەتی، ئاراستەکردنی بەرپرسیاریەتییەکان، وەزیفە و چالاکییە رێکخراوەییەکانە.

ئەم پێکهاتەیەی رۆڵی رێکخراوەیی — بەبۆچوونی دارندۆرف - سەرەتای ململانێ پێکدەهێنێت، واتە لە رێگەی جۆر و پلەی ئەو دەسەڵاتەی کە تاك بۆ بەکارهێنانی رۆڵە رێکخراوەییەکەی لەناو سستەمی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی پێکدێت. دارندۆرف تێبینیەکانی زیاد دەکات و، دەڵێت: زۆرجار تێکەڵاوی و تێکەڵبوون لە نێوان مومارەسەکردنی دەسەڵات و بەرژەوەندییە خودیەکانی تاك لەناو سستەمی کۆمەڵایەتی روودەدات، ئەمیش بە رۆڵی خۆی بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا ململانێ دروستدەکات. بە مانایەکی تر، تێکەڵاوییەك لە نێوان بەرپرسیاریەتی، ئەرکەکانی رۆڵە باڵادەستەکان، ئارەزو و حەزە خودیەکانی تاکەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تر لە پێناو دەستکەوتنی ماڵ و سامان و کەسایەتییەکی بەرزو رێزێکی قبوولّ کراو روودەدات، ئەمانە پاڵنەرن بۆ ئەوەی تاکەکان پارێزگاری

لە مانەوی خۆیان، لەو پێگەو شوێنگانەی دەسەڵات کە هەیانە بکەن، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا پێچەوانەکەی لەلای ئەو تاکانەی کە لە شوێنگەی ڕێکخراوەیی نزمدان و دەسەڵات یا بەرپرسیاری ڕێکخراوەیی بچووك و، حەز لە گۆڕین و گۆڕانی بارودۆخی ڕێکخراوەییان و دروستکردنی گۆڕانکاری لە سستەمی کۆمەڵایەتیدا هەیە، ڕوودەدات. ئەم حەزەشیان بە هۆی ئەو فشارە بەهێز و جیاکارانەی کە لە بەرامبەریان بەکاردێت، لەلایەن پێگە بەرزەکانەوە سەرهەڵدەدات. ←

بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە دوالیزمییە نەگونجاوە لەناو سستەمدا، دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو جۆر گرووپی کۆمەڵایەتی، یەکەمیان فەرمانڕەوا، دووەمیان فەرمانبەر، کە هەریەکەیان ئامانج و بەرژەوەندییەکەی لە گەڵ یەکتردا جیاوازە، ئەمەش فاکتەری ناکۆکی و ململانێی نێوانیانە. ئەم جۆرە ناکۆکییە تەنها بە دووبارە بەشینەوەی دەسەڵات و نفوز بەسەر پەیڕەی ڕێکخراوەییدا نەبێت، چارەسەر ناکرێت، بەشێوەیەك وای لێبکرێت نەرمتر و کەمتر بیرۆکراتی بێت و، لە پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ ئەندامەکانیدا بێت، بە جۆرێك کە سستەمێکی ڕێکخراوەیی مرۆیی، نەك تەنها پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بێت. ←

دارندۆرف بەوەندەش نەوەستا، بەڵکو ئەو ئاسەوارانەشی کە لە ئەنجامی دووبارە بەشینەوەی دەسەڵاتەوە سەرهەڵدەدەن و دەبنە هۆی پەیدابوونی دوو گرووپی لە یەکتر جیاواز لە نێوان دەسەڵاتدارە نوێکان روونکردۆتەوە، کە گرووپێکیان خاوەن دەسەڵات و ئەویتریان بێ دەسەڵات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستکردن بە ستەم و زۆرداری لەلایەن دەسەڵاتەوە، دەبێتە پاڵنەر بۆ ڕوودانی ململانێ و گۆڕان بۆ جاری دووەم، بەم شێوەیەش بەردەوام، کەواتە پرۆسەیەکی خولییە.

ئەم وێنەیەی کە دارندۆرف پێشکەشی کردووە، ململانێیەکی خولی، بەردەوام گۆڕاو و بێ وەستانە.



ئەمە هێلکارییەکە، کە پەیوەندی دیالێکتیکی بۆ ململانێ، لەلای دارندۆرف دەردەخات:

پەیوەندییەکانی ڕۆڵە [illegible] لەناو سیستەم [illegible] پەیوەندییە [illegible] ڕۆڵە
دەسەڵاتدارەکان و ڕۆڵە ملکەچەکان [illegible] گۆڕینی جیاواز لە ڕووی دەسەڵات و نفوز [illegible]
هەستکردن بە بەرژەوەندی جیاواز [illegible] گرووپی ململانێخوازەکان [illegible] ململانێ [illegible] دووبارە
بەشینەوەی دەسەڵات لەسەر بنەماکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی.

دارندۆرف باسی ئەوەی کردەوە، کە بارودۆخی بونیادی هەیە، یارمەتی ڕۆڵەکان بۆ ململانێکردن دەدات، ئەویش: هەرچەند تاکەکانی گرووپی ملکەچ هەستیان کرد، کە دەسەڵاتیان کەمە، مافەکانیان زەوتکراوە، حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندیە ڕێکخراوەییەکانیان، بۆ بەرزبوونەوە بەرەو پێگەی بەرزتر، نفوزی فراوانتر و جووڵەیەکی بەردەوام لەسەر پەیڕەی ڕێکخراوەیی زیاد دەکات.

ئەم بارودۆخە کادری سەرکردایەتی پێشکەوتووی پێویستە، هەروەها فۆرمەڵەبوونی هزرێکی تایبەت بەوان، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخە ڕێکخراوەیی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکەیان بێت، ئەم دوو هۆکارە یارمەتی ئەو گرووپە کە خاوەنی دەسەڵاتی لاواز و مافی خوراوە دەدات، بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندی و پێگە ڕێکخراوەییەکانی بکات، هەرچەند مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکانی زەوت بکرێت، ئەوا داواکارییەکانی سەبارەت بە دووبارە بەشینەوەی دەسەڵات بەشێوەیەکی یەکسان و مرۆیی زیاد دەکات، هەرچەند پەیوەندی و کارلێکی ئەو تاکانەی لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە ستەمیان لێکراوە، زیادی کرد، ئەوا جموجۆڵیان دژی گرووپی دەسەڵاتدار زیاتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەو بارودۆخە سیاسیانەی، کە دەورەی سستەم و، ئەو توانا تەکنیکەی کە هەیەتی داوە و، ئامادەباشی ئەو تاکانەی، کە ڕۆڵی فەرمانڕەوایی باڵادەستیان هەیە، یارمەتیان لەسەر مانەوە دەدات. دارندۆرف باس لەوە دەکات، کە چەند دابەشکردنی پاداشت کەم بوو، بەسەر تاکەکانی

ئەو گرووپەی لە رووی رێکخراوەییەوە ستەمیان لێکراوە ، ئەوا پلەی گواستنەوەیان لە شوێنگەیەکەوە بۆ یەکی تر، لەسەر پەیژەی رێکخراوەیی لاواز دەبێت، هەرچەند زیاتر لە دەستکەوتە ماددی و مەعنەوییەکان بێبەشکران، ئەوە زیاتر دەبێتە هۆی یەکگرتن و رێکخستنەوەی خۆیان دژی گرووپی دەسەڵاتدار، هەرچەند توندی ململانێ زیادی کرد، ئەگەری گۆڕانکاری بونیادی سستەمی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات.

بەکورتی، ئەو خاڵەی لە هزری ململانێخوازی دارندۆرف جەختی لەسەر دەکرێتەوە پرۆسەی دیالێکتیکیە، کە بۆ راڤەکردنی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە بەکاریهێناوە. بوونی سستەمی کۆمەڵایەتی بۆ ئەنجامی ململانێی دیالێکتیکی بەردەوام لە نێوان پێکهێنەرەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە، کە رۆڵی لە درێژەکێشان یا لاوازکردنی پلەی ململانێی نێوان لایەنە ناکۆکەکان هەیە. ئەوەشە کە حاڵەتەکەی دیار دەکات، یا دووبارە پێکهێنەرەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی رێکدەخاتەوە، یانیش ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی ململانێی نوێ. بەم شێوەیە، بەبۆچوونی دارندۆرف ململانێ پرۆسەیەکی بەردەوامە لەناو کۆمەڵگەدا. ئەمە وێنەی ململانێ بوو لای دارندۆرف، کە لە ژێر کاریگەری چوار تێبینیدا بوو، وەکو چۆن لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکردن، بەمەش وێنەیەکی نوێی خستەڕوو، کە لە ناوەڕۆکیدا جیاوزە لەوەی کە مارکس و زیمێل پێشکەشمانیان کردبوو. ئەم لە ژێر کاریگەری ژیانی نوێی کۆمەڵگەی ئەڵمانی لە نیوەی سەدەی بیستەم و، هەڵگری هزرە سەرەکییەکانی مارکس، لە راڤەکردنی بۆ ئەم هزرە بووە، نەك لە رووی قەبارە و ئەو یەکەیەی کە ململانێی تێدا روودەدات، بەوەی مارکس هزرەکەی لە چینی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام دارندۆرف لە سستەمی کۆمەڵایەتییەوە دەستی پێکردوە.



- **بەدواداچوون و هەڵسانگاندن**

تێبینیمان کرد، هزری ململانێخوازی دارندۆرف لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لەسەر کۆمەڵگەی ئەڵمانیای رۆژئاوا، سەبارەت بە رێکخراوە فەرمی و کۆمەڵە هەرەوەزییە زۆرە ملێیەکان کردبووی لە سەدەی بیستەم دروست بووە، ئەو کۆمەڵگەیەی دارندۆرف لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کردووە، بەوە ناسراوە سستەمێکی سیاسی و ئابووریی سەرمایەداری هەیە، کۆمەڵگەیەکی پیشەسازییە، کە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی زۆرە، رکابەری ئازاد، قۆرخکردن، چەوساندنەوە و دیاردەی سەرمایەداری تری لەم جۆرەی تێدایە.

هەروەها تێبینیمان کرد، ئەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری هزری ململانێخوازی، ئەوەی کە مارکس لە بواری ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا پێشکەشی کردبوو، هەروەها رەخنەگرتنی لە یۆتۆپیاو، لێکۆڵینەوە لە سستەمی کۆمەڵایەتی لەلایەن ئاراستەی بونیادی وەزیفی. هەموو ئەم کاریگەرییانە بۆ دارندۆرف پاڵنەر بوون، کە تیۆرێکی پێچەوانەی ئەو کاریگەرییانە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن دابڕێژێت. ئەم تیۆرەی دارندۆرف لە رێگای تێبینی رێك و قووڵ و پوخت بۆ دیاردەی ململانێ لە کۆمەڵگەدا دەرنەکەوتووە، هەروەها لە ئیلهامی بیری دارندۆرفەوە نەهاتووەتەکایەوە، بۆیە ناتوانین تیۆرەکەی بە تیۆرێکی بێهاوتا لە رووی چەمك و لۆژیك و بۆچوونەکانی لەبارەی وێناکردن و وەسفکردنی ململانێ دابنێین. ئەم کارە وای لە دارندۆرف کرد، کە بکەوێتە نێو هەمان ئەو هەڵەیەی کە یۆتۆپیا و بونیادخوازی وەزیفیی تێی کەوتبوون. ئەم دووانە دیدی نێگەتیڤی دارندۆرفیان بۆ ململانێ دوو ئەوەندە کرد.

دارندۆرف رەخنەی لە یۆتۆپیا و بونیادخوازی وەزیفی گرت، بەوەی کە دەڵێت: هیچ سستەمێکی کۆمەڵایەتی بەبێ رابردوویەکی مێژوویی بوونی نییە، بەڵام دارندۆرف هەستاوە بە لێکۆڵینەوەو وەسفکردنی سستەمی فەرمیی لە کۆمەڵگەی پیشەسازیی سەرمایەداری، بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ روویەك لە

رووەکانی بوونی رابردوویەکی مێژوویی، چۆنیەتی سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە کۆمەڵگەی ئەڵمانیای رۆژئاوا بکات.

سەرەڕای ئەوەش لە لێکۆڵینەوەکەیدا کۆمەڵگەی مرۆیی چواندووە بە سستەمی کۆمەڵایەتی پێکهاتوو لە پێگە و شوێنگەی رێکخراوەیی، کە هەر یەك لەم شوێنگانە رۆڵی خۆیان هەیە، تاك رۆڵی تێدا دەبینێت، پێداگیردەکات لەسەر رەوایی، یاسایی بوونی ئەم شوێنگانە و هەبوونیانی خستوەتەڕوو، لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی دەسەڵات و نفوزی جۆراو جۆرو جیاوازی ئەم رۆڵانە، هەروەها بەردەوامبوونی ئەمانە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی روونکردۆتەوە. ئەمەش کرۆکی هزری بونیادیی وەزیفییە کە دارندۆرف خۆی رەخنەی لێگرتووە. بەڵام ئەو لایەنی ململانێخوازی سستەمی کۆمەڵایەتی زیاد روونکردوەتەوە و وێنەی ململانێی دەسەڵاتی دیالێکتیکی لەناو سستەم کردووە، چەندین تێبینی بۆ ئەو کەموکورتیانەی لە هزری بونیادی وەزیفیدا هەبوون، زیاد کردووە. وێنەی کاملبوون و هاوبەستەییەکانی سستەمی لەپێناو مانەوەی لەناو بوونی کۆمەڵایەتیدا کردبوو. دارندۆرف بۆ هزری بونیادی وەزیفی ئەوەی زیادکرد، کەوا لە هەمانکاتدا ئەم «یەکە کۆمەڵایەتییانە» ملکەچی بارودۆخی دیاریکراو کە هانیان دەدات، بۆ ناکۆکی و ململانێ و ئەگەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی زیاد دەکات، دەبن. بۆیە ناتوانرێت هزرەکەی بە هزرێکی بنچینەیی یا هزرێکی نوێ دابنرێت، بەڵکو ئەم هزرە تەواوکاری هزری بونیادی وەزیفییە.

زێتر لەوەش، دەتوانرێت تیۆرەکەی لەسەر رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازیی سەرمایەداری نوێ، پراکتیزە بکرێت. بەڵام زۆر ئەستەمە بۆ نموونە ئەمە لەسەر کۆمەڵگەی سۆسیالیستی، کە لە رێکخراوی کۆمەڵایەتی فەرمیی، هیرارکیەتێکی رێکخراو و نەرم و کراوە پێکهاتووە، پراکتیزە بکەین. کەوا دەبێتە هۆی کەمکردن یا زیادکردنی پلەی ململانێ رێکخراوەییەکان. سەرەڕای ئەوەش، ناتوانرێت ئەم تیۆرە لەسەر کۆمەڵگە نەریتیەکان یا کشتوکاڵییەکان پراکتیزە بکرێت، بە هۆی زاڵنەبوونی پەیوەندییە رێکخراوەییە فەرمییەکان کە لە کۆمەڵگە



پیشەسازییە سەرمایەدارییەکاندا هەیە، بەسەر پەیوەندییە خزمایەتی و هەرێمی و دەمارگیری و هاوسێییەکان، کە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە باوترە، تا پەیوەندییە فەرمییەکان. کەواتە تیۆرەکەی دارندۆرف هەرێمییە و، یەك لایەنییە لە پراکتیزەکردنی (واتە تەنها لەسەر سستەمی سەرمایەداریی نوێ پراکتیزە دەبێت).

لەم رووەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە پێگە و شوێنگەی رێکخراوەیی لەسەر بنچینەی پسپۆڕی پیشەیی و دەستکەوتی زانستی و دەستکەوتی خوێندن و شارەزایی زانستی دەوەستێت، نەك شێوەیەکی بۆماوەیی هەبێت. واتە بوونی پێگەو شوێنگە رێکخراوەییەکان پشت بە بوونی لایەنی پسپۆڕی دەبەستێت، نەك بە بۆماوەیی وەکو میرات بمێنێتەوە و دەسەڵات و نفوزی هەر پێگەیەك دەستنیشان بکات، لەسەر ئەم رێسایە ئەم شوێنگانە دابەش دەکرێن. کەواتە چۆن دارندۆرف داوای دووبارە بەشینەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵات و نفوز بەسەر ئەندامانی سستەمی کۆمەڵایەتیدا دەکات؟ لەکاتێکدا ئەو ئاماژەی بەوە نەکردووە. لە هەمانکاتدا دارندۆرف بۆمانی روونکردەوە کە ئەم جۆرە فەرمیی بوونە لە کۆمەڵگەی پیشەسازییە سەرمایەدارییەکاندا بوونی هەیە. دەکرێت ئەم داواکارییەی دارندۆرف جێبەجێ بکرێت ئەگەر هاتوو بەشینەوەی دەسەڵات و نفوز لەسەر بنچینەی بۆماوە بێت، نەك لەسەر بنچینەی دەستکەوت. وا دیارە ئەم چەمکەی لە مارکسەوە وەرگرتووە کاتێك مارکس داوای دووبارە بەشینەوەی سەرچاوە ئابوورییەکان دەکات، چونکە ئەمە لەسەر بنچینەی میرات و بۆماوە و خاوەندارێتی زۆرەملێ و چەوساندنەوەی سەرچاوە مرۆییە لاوازەکان وەستابوو. بەڵام دارندۆرف بە خراپی بەکاریهێنا و لە بوار و شوێنێك کە بوار و شوێنی خۆی نییە پراکتیزەی کردووە، لەبەر ئەوەی دووبارە بەشینەوەی دەسەڵات و سەرچاوەکانی، ئەگەر بەشێوەیەکی رەمەکی و لەسەر بنچینەی بۆماوە دابەشکرا بێت، دەکرێ بکرێت. واتە ئەندامانی چینی بۆرژوازی پێگەی دەسەڵات و شوێنگە باڵاکان لەنێو سستەمی کۆمەڵایەتی و، ئەندامانی چینی پرۆلیتاریا پێگە و شوێنگەی نزم داگیردەکەن. دووبارە بەشینەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵات،

ئەگەر لە ڕێگەی بنچینە بابەتییەکان و پێداویستیە ڕێکخراوەییەکانەوە نەبێت، کە لەسەر بنەمای بوونی پسپۆڕی و دەستکەوتی بەدەستهێنراو، نەك بەشێوەیەکی زۆردارانە وەستاوە، ئەنجام نادرێت. ئەگەر پێچەوانەی ئەمە رووبدات، ئەوا کاردانەوەیەکی پێچەوانەی دەبێت و گێرەشێوێنی ڕێکخراوەیی روو دەدات، دواتر دەبێتە هۆی رووخانی کۆمەڵگە نەك پێشکەوتنی.

بەڵام لایەنە پۆزەتیڤەکانی هزری ململانێخوازی دارندۆرف ئەوەیە، کاتێك وێنای رووەکەی تری سستەمی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەویش رووە ململانێخوازییەکەیەتی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا جیاوازە، بەتایبەتبش لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی نوێ، هەروەها داواکردنی بەوەی کە دەبێ سستەمە کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤخواز بن و پەیوەندییە مرۆییەکانی پێش پێداویستیە بیرۆکراتیەکان تێدا بپارێزرێت، نەك تەنها پێگەی پلەپلەکراوی خاوەن رۆڵی دەسەڵاتدار و زۆردار و زەوتکار بێت، ئەمەش داواکاریەکی مرۆڤاییانەیە و پشتی پێدەبەسترێت.

**توانای تیۆریی دارندۆرف لە کاتی جیاکردنەوەی سێ جۆر بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، کە یارمەتی دەرن بۆ تەقینەوەی ململانێ لە نێوان گرووپە چەوسێنەر و چەوساوەکان، ئەو بارودۆخانەش ئەمانەن:**

1- **بارودۆخی ڕێکخراوەیی:** ئەم بارودۆخە بۆ گۆڕینی گرووپە بەردەوامەکان بۆ گرووپی دیار و بەرچاو و، راپێچکردنی ئەم گرووپە بۆ چونە نێو پرۆسەی ململانێ بەشێوەیەکی راستەوخۆ یارمەتیدەرە.

2- **بارودۆخی پرۆسەی ململانێ:** ئەمەیان پلە و توندی ئەو ململانێیە، کە لە نێوان گرووپە بەشداربووەکانی ناو پرۆسەکەدا هەیە، دیاری دەکات.

3- **بارودۆخی گۆڕانی بونیاد:** دەستنیشانی خێرایی و قووڵی و فراوانی گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات.



ئەم جیاکردنەوەیەی کە دارندۆرف کردوویەتی، مارکس یا زیمێڵ لە کاتی دەسنیشانکردن و دیاریکردنی پرۆسەی ململانێ تێبینیان نەکردووە.

سەرەڕای ئەوەش، دارندۆرف لە کاتی لێکۆڵینەوەی لە سستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی پیشەسازی سەرمایەداریی نوێ، چەمکەکانی مارکسی وەك هەستی کۆمکاری، بەرژەوەندییە خودیەکان، بەرژەوەندییە دژیەکەکان، ململانێی نێوان رۆڵە چەوسێنەر و چەوساوەکان، دووبارە بەشینەوەی سەرچاوەکانی ململانێ بەکارهێناوە. ئەم سەرچاوانەی بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی مارکس لە ململانێی چینایەتی بەکاری هێناون خستووەتەڕوو، بەشێوەیەك دارندۆرف ئەم چەمکانەی لە لێکۆڵینەوەی لە سستەمی کۆمەڵایەتی پراکتیزە کرد و، یارمەتی زیاتر سەلماندنی تیۆرەکەی مارکسی لەسەر ئاستی زانستی و تیۆریدا. دارندۆرف هەناسەیەکی نوێی بە تیۆری ململانێی مارکس بەخشی، رۆحێکی نوێی دایە هزری ململانێخوازی لە کۆمەڵناسیدا.

جگە لەمەش، هزری دارندۆرف لە هزری مارکس جیاوازە، بەوەی کە هزری ململانێخوازی بەردەوامە و هەردەم بوونی هەیە و ناوەستێت. پرۆسەی ململانێ لەلای ئەم ناوەستێت، کاتێك ئەندامانی رۆڵە زەوتکراوەکان جڵەوی سەرکردایەتی کردنی شوێنگە ڕێکخراوەییە باڵاکان دەگرنەدەست، پاش کۆتایی هاتنی پرۆسەی ململانێ و دووبارە بەشینەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵات، ململانێ کۆتایی نایەت، بەڵکو پرۆسەکە بەردەوام لە گۆڕین و گۆڕاندا دەبێت، پاشان بۆ ئەو سێ بارودۆخەی پێشتر باسیکردن و لێکیجیاکردنەوە ملکەچ دەبێت. بەڵام پرۆسەی ململانێ لای مارکس، دوای ئەوەی فەرمانڕەوایی و کۆنترۆڵ دەکەوێتە دەست چینی پرۆلیتاریا بۆ سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵگە دەوەستێت. لێرەدا دارندۆرف پرۆسەی ململانێی بەرەو ئاقارێکی تر برد، کە مارکس لە ئاستیدا وەستابوو، بەڵام دارندۆرف پێیوابوو ململانێ بەهۆی ناهاوسەنگی دەسەڵاتی شوێنگە ڕێکخراوەییەکان و سەرهەڵدانی هەستی کۆمکاری، بە هۆی ئەو زوڵم و

زۆرداریی، کە لەلایەن ئەندامانی دەسەڵاتدار و چەوسێنەرەکانەوە بەسەر ئەندامە بێدەسەڵاتەکان پیادە دەکرێت، بەردەوام دەبێت.

لە کۆتاییدا دەتوانین هزری دارندۆرف بەم شێوەیە وەسف بکەین، تیۆرێکی هەرێمییە لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی و لەسەر ئاستی تیۆری، تەواوکارییە بۆ تیۆری بونیادخوازی وەزیفی، لەسەر ئاستی هزریی مارکسی پراکتیزەییە، ئەمە سەبارەت بە تیۆرەکەی مارکس لەبارەی ململانێی چینایەتی.

## لویس کۆزەر

کۆزەر پێیوایە کۆمەڵگەی مرۆیی لە کۆمەڵێك سستەمی پێکەوە بەستراو پێکهاتووە، ئەم پێکەوە بەسترانە لە رووی هێز و دینامیکیەتەکەیەوە هاوسەنگ و گونجاو نابێت، هەروەها ناکۆکی و ململانێکان لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە تایبەتییەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات بۆ سەلماندنی بوونیان بەردەوام دەبن.

تیۆری ململانێخوازی کۆزەر، لە ئیلهامێکەوە یا لە تێبینییە قووڵ و رێکخراوەکانی بۆ دیاردەی ململانێ لەناو کۆمەڵگەکەیدا (ئەمریکا) یا کۆمەڵگەیەکی تر دروست نەبووە، بەڵکو ئەم هزرە لای کۆزەر لە رێگەی رەخنەگرتنی لە تیۆری بونیادی وەزیفی، کە جەخت دەکاتە سەر کاملی ژیانی کۆمەڵایەتی و، پێداگیری نەکردنی لەسەر لایەنە ململانێخوازییەکەی، هەروەها بە رەخنەگرتنی لە تیۆری ململانێخوازیی دارندۆرف، کاتێك گرنگی وەزیفەی پۆزەتیڤی ململانێی کەم کردەوە، کە گرنگییەکی باڵای هەیە لە پارێزگاری کردن لە بوونی، یا مانەوەی سستەمی کۆمەڵایەتی فۆرمەڵە بووە. تێبینییەکی تری کۆزەر، کە لە تیۆرەکەیدا هەموویان دیارتر بوو، هزری زانای ئەڵمانی جۆرج زیمێڵ بوو کە داکۆکی لەسەر لایەنە پۆزەتیڤەکانی ململانێ و، بەشداری کردنی ویژدان و سۆز لە پرۆسەی ململانێدا کردووە. ئەم سێ تێبینییە هزرییە بنچینەی



یەکەمی بوون کە کۆزەر لە رێگەیانەوە توانی تیۆرە ململانێخوازییەکەی بەرجەستە بکات.

ئەگەر بۆچوونەکانی کۆزەر لەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی بەو سێ کاریگەرییەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکردن ببەستینەوە، دەبینین لای کۆزەر کۆمەڵگە وەکو سستەمێکی گەورە وایە، ئەم سستەمە گەورەیەش لە چەندان سستەمی لاوەکی پێکەوە بەستراوی تر پێکهاتووە، ئەم پێکەوە بەسترانە توندوتۆڵ یا جێگیر نییە، بەڵکو ناجێگیر و ناهاوسەنگە، ئەمەش لەبەر نەبوونی ئامانجی هاوبەش یا لەبەر بەرژەوەندییەکانی ئەم سستەمە لاوەکییانەیە. ئەم بەیەکەوە بەسترانەی نێوان سستەمە لاوەکییەکان، بەشێوەیەکی سروشتی دەکەوێتە ژێر بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاواز، کە لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر جیاوازە، ئەمەش لەژێر بارودۆخی جیاواز، دەبێتە هۆی پارێزگاری کردن لەو بەیەکەوە بەسترانە لە ماوەیەکی زەمەنی و روودانی ململانێ لە ماوەیەکی زەمەنیتردا. ئەمەیە کە ناکۆکی و ململانێ دروست دەکات، جارێکی تر کامڵبوون و گونجان لەنێو دەبات.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، کۆزەر پێیوایە روودانی ناکۆکی و ململانێ و جیاوازییەکان تەنها چەند فاکتەرێکن وادەکەن کامڵبوون وگونجان لە نێوان سستەمە لاوەکییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی رووبدات، لە هەمانکاتدا لێکترازان و جیاوازی و گۆڕانەکانیشی زیاتر دەکەن.

ئەم بۆچوون و شرۆڤەکردنانەی کۆزەر بۆ کۆمەڵگەو کاریگەربوونی بەو سێ هۆکارەی کە باسمانکردن، پاڵنەربوون بۆ ئەوەی چەند گریمانەیەك، کە پەیوەستن بە وەزیفە و شێوان و ململانێی سستەمی کۆمەڵایەتییەوە دابڕێژێت. ئەم پرۆسەیەش بە بۆچوونی کۆزەر لەیەك کاتدا دەبێتەهۆی کامڵبوون و گونجان، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی ناکامڵبوون و نەگونجان، ئەمەش هانیدا بۆ دارشتنی گریمانەیەکی پەیوەست بەم حاڵەتە، ئەویش وەکو ئەمەی لای خوارەوە:

1- کۆمەڵگە  لە کۆمەڵێك سستەم پێکهاتووە.
2- ئەم سستەمانە ناهاوسەنگن.
3- ئەم ناهاوسەنگییە دەبێتە هۆی فۆرمەلەبوونی ناکۆکی و ململانێ لە نێوانیاندا.
4- ئەمەش بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی دووبارە بەیەکەوە بەستنی سستەمەکانی کۆمەڵگە، جیاواز لە بەیەکەوە بەستترانی یەکەم جار.
5- ئەمەش زیاتر نەرم و نیانبوونی بونیادی کۆمەڵگە  و نەمانی زبری لێدەکەوێتەوە.
6- کە بە رۆڵی خۆی ئەو کێشانەی، کە لە ئەنجامی ململانێوە دروست دەبوون، چارەسەر دەکات.
7- لە کۆتاییدا ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی گونجانی سستەمەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتر وکامڵبوونی لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی گشتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ.

لەم گریمانە تیۆریانەوە تێبینی دەکەین کە لەگەڵ راڤەی تاڵکۆت پارسۆنز لەبارەی وەزیفەی سستەمی کۆمەڵایەتییەوە وێکدەچن بە تایبەتیش لە بەکارهێنانی چەمکی گونجان و کامڵبوون، کە کۆزەر رەخنەی لە پارسۆنزگرت کاتێك گرنگی ململانێی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پشتگوێ خستبوو. کۆزەر لەو رەخنەیەی کە لە تیۆری ململانێخوازی دارندۆرفی گرتبوو کە دەیووت: دارندۆرف وێنای کامڵبوون و گونجانی وەزیفەی سستەمە کۆمەڵایەتیە ململانێخوازەکانی لابردووە پاشگەز بووەوە. **بەڵام کۆزەر هۆکارەکانی ململانێ بۆ ئەمانە دەگەڕێنێتەوە:**

چەند گرووپی بەشخورا و هەستی بە زەوتکردنی ماف و ئامانجەکانی کرد، ئەوە پاڵنەرێکە بۆ پرسیارکردنیان لەبارەی شتە زەوتکراوەکانیان و گەڕاندنەوەیان (واتە دووبارە بەشینەوەی سەرچاوە دەگمەنەکانی وەك دەسەڵات، نفوز، کەسایەتی و رێز، لە مومارەسەکردنێکی کردەیی بۆ ماف وئەرکەکان) ئەمەش بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری دەرکەوتنی ململانێ لە نێوان ئەم گرووپە و



گرووپی خاوەن دەسەڵات و زەوتکاری ماف و ئەرکەکانی گرووپەکەی تر. هەروەها هەرچەند کەناڵەکانی خۆبەتاڵکردنەوە لە توڕەیی، خەم، بێزاری، زۆرداری و فشاری بەکارهاتوو لەلایەن گرووپی دەسەڵاتدار بەسەر گرووپی بێدەسەڵات، کەم بن، ئەمە پاڵنەرە بۆ ئەوەی گرووپی چەوساوە پرسیار دەربارەی رەوایەتی بەشینەوەی سەرچاوە دەگمەنەکان بە شێوەیەکی دادوەرانە و یەکسان بکەن.

هەروەها هەرچەند گرووپی بەشخوراو لە رووی دەروونی و سۆزداریەوە فشاری کرایە سەر، لەلایەن گرووپی دەسەڵاتدار و سەرکردەکەوە ئارەزوو حەز و پێداویستیەکانی گرووپی بێدەسەڵات دژایەتیکرا. هەرچەند گواستنەوەی ئەندامانی گرووپی چەوساوە، بۆ سەرکەوتن بەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتی کەمتر بوو، ئەوا ئەگەری ململانێی نێوان ئەم دوو گرووپە زیاد دەکات. هەموو ئەم فاکتەرانە — بەبۆچوونی کۆزەر — ئەگەری روودانی پرۆسەی ململانێ لە نیوان دوو گرووپی جیاواز لە رووی هێزو نفوز و دەسەڵاتەوە زیاد دەکات.

هەنگاوێکی تر، کە کۆزەر ئاماژەی پێدەکات، ئەم پرسیارەیە: ماوەی زەمەنی بۆ پرۆسەی ململانێ چەندە؟ (واتە ماوەی بەردەوامبوون و مانەوەی ململانێ چەندە؟) و، ئایا ململانێ ماوەیەکی کورت یان درێژ دەخایەنێت؟ ئەو بارودۆخانە کامانەن بۆ ئەوەی ململانێکە ماوەیەکی درێژ یا کورت بخایەنێت؟. کۆزەر ئەمەی بۆ ئامانجەکانی گرووپە ناکۆکەکان گەڕاندووەتەوە، بەجۆرێك هەرچەند ئامانجەکان روون و ئاشکرا بن، ململانێکە درێژە دەکێشێت. واتە ئەگەر ئامانجەکانی گرووپ لای ئەندامەکانی ریشەیی بوون و، بڕوایان پێیبوو دەسبەرداری نەبوون، بە مافێکی رەوای خۆیانیان زانی و - لە گۆشە نیگای ئەوانەوە-. بە هەموو کۆمەڵگەوە راگەیەنرابوو، ئەوا دەرفەت بۆ تێکەڵبوون و چوونە ناوەوەی ویژدان و سۆزی ئەندامی گرووپە ناکۆکەکان دەڕەخسێنێت، دەبێتە هۆی زیاتر سووربوونیان لەسەر بەرگریکردن و بەرەنگار بوونەوەیان لەپێناویدا، هەروەها بەخشین و بەختکردنی ماددی و مەعنەوی لەپێناو دەستەبەرکردنی سەرکەوتن لە ململانێکە. ئەمەش لە ماوەیەکی کورتدا روونادات، بەڵکو ماوەیەکی زەمەنی درێژ دەخایەنێت بەبێ کۆتایی هاتنی ناکۆکییەکە.

لەم رووەوە ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە کاتێك ویژدان و سۆزی ئەندامانی گرووپە ناکۆکەکان تێکەڵ بە ئامانجی گرووپەکەیان دەبێت، ململانێکە توندتر دەبێت، چونکە ئامانجی -واتە ململانێکە- تەنها بەرگریکردن لە ئامانجەکانی گرووپ نییە، بەڵکو بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی گرووپ، لەم حاڵەتەدا زەحمەتە جیاوازی لە نێوان بەرژەوەندی و ئامانجەکانی گرووپ و ئەندامانی گرووپ بکرێت، ئەمەش بە رۆڵی خۆی یەکنەگرتنی ئامانجەکان و بەرژەوەندییەکانی گرووپە ناکۆکەکان، بەڵکو ماوەی مانەوەی ململانێکەش زیاد دەکات.

بەڵام ئەو هۆکارانەی کار لەسەر کەمکردنەوەی ماوەی مانەوەی ململانێکە دەکەن، ئەوا کۆزەر بۆ -سەرکردەکانی پرۆسەی ململانێکە- گەڕاندویەتەوە، بەجۆرێك هەرچەند سەرکردەکان درکیان بەوە کرد کە تێچوونی ململانێکە زیاترە لە سەرکەوتنی چاوەڕوانکراو، ئەوا ماوەی ململانێکە کورت دەبێت. بە مانایەکی تر، ئەگەر سەرکردەکانی گرووپە ناکۆکەکان درکیان بەوە کرد، کە زەرەری مەعنەوییان (لەدەستدانی بەشێك لە ئەندامانی گرووپەکەیان، یا نزمبوونەوەی وورەیان، یا نەمانی متمانەیان بە سەرکردەکەیان) لە زەرەری ماددی (زەرەری ماڵ و سامان و کەرەسە و باڵەخانە و خاوەنداریێتی گواستراوە و، نەگواستراوە) بۆ سەرکەوتن لەو ناکۆکییە زیاترە، ئەوا ماوەی ململانێکە کورتدەبێت و گرووپەکان لە پرۆسەی ململانێکە پاشەکشە دەکەن.

درککردنی سەرکردەکان بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتن، دیسانەوە لەڕێگەی زانینی پلەی هاوسەنگی و یەکسانی هێزە ناکۆکەکانەوە پێشبینی دەکرێت. توانای سەرکردەکان لەم پرۆسەیەدا بۆ دیاریکردنی ماوەی مانەوەی پرۆسەی ململانێ رۆڵێکی گەورە دەبینێت، لە هەمانکاتدا ئەم توانایە پشت دەبەستێت بە رۆشنبیری و زانیارییەکانی دەربارەی کاروبارو رێوشوێنەکانی ئەم پرۆسەیە، هەروەها تواناکانی سەرکردە بۆ قایلکردنی شوێنکەوتووانی، هەروەها ئاستی رۆشنبیری و رادەی متمانەی شوێنکەوتووان و توانای سەرکردە لە هێنانەوەی پاساوی یاسایی وگونجاو (کە ئەوان -واتە شوێنکەوتووان- هەندێ دەستکەوتیان



لەم ململانێیەدا هەیە). هەموو ئەم هۆکارانە توانای سەرکردە بۆ کەمکردنەوەی ماوەی مانەوەی ململانێ زیاد دەکات.

کاتێك سەرکردە خاوەنی ئەو خەسڵەتانەی سەرەوە نەبوو، یا کاتێك ئەم پارچە پارچە بوونانە لە گرووپەکاندا نێوخۆیی بن، ئەوا توانای سەرکردە بۆ کەمکردنەوەی مەودای ململانێ لاواز دەبێت.

پاشان کۆزەر وەسفی توندی ململانێی کردووە، بە شێوەیەك بۆ دوو هۆکاری سەرەکی گەڕاندویەتییەوە: جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە باوەکانی نێوان ئەندامانی گرووپە ناکۆکەکان، جۆری ئەو بونیادە کۆمەڵایەتیەی کە گرووپە ناکۆکەکان تێیدا دەژین.

ئەگەر هاتوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان ئەندامانی گرووپە ناکۆکەکە یەکەمیبوون، (واتە لەسەر خزمایەتی یا خوێن یا ژن و ژنخوازی یا برادەرایەتی وەستاوە، کە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان بەردەوام و رووبەڕووانەیە)، تێکەڵبوونی ویژدان وسۆز لەگەڵ پرۆسەی ململانێکە زیاد دەکات، هەروەها بوونی ئەم پەیوەندییە یەکەمییە ناهێڵێت دەرگای گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوان گرووپە ناکۆکەکان بکرێتەوە، کە دەبێتە هۆی توندبوونی ململانێکە بەهۆی تێکەڵبوونی پەیوەندییە رۆحی و ویژدانیەکان لەگەڵ پرۆسەی ململانێ. واتە بەهۆی تەواو تێکەڵبوونی تاك و توانەوەی لە گرووپێکدا هانیدەدات، لەپێناو گرووپەکەیدا هەموو شتێك بەخت بکات، ئەمەش بە رۆڵی خۆی توندی ململانێکە زیاد دەکات. ئەم حاڵەتە لەناو بونیادە کۆمەڵایەتییە توند و زبرەکان زیاتر زەق و دیارە تا جۆرەکانی تری بونیادی کۆمەڵایەتی.

بەڵام ئەگەر هاتوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی گرووپە ناکۆکەکان دووەمی بوون (واتە پەیوەندییەکان خزمایەتی یا خوێنی نەبن، بەڵکو پەیوەندییەکان فەرمین، کە لە رێگای کەناڵە نامرۆییەکانەوە درووستدەبن - ناڕاستەوخۆ نووسینگەیی و رێکخراوەییە- و کارلێکی کۆمەڵایەتی نابەردەوامە و کارلێکەکان رووبەڕووانە نین). لێرەدا ئەندامێتی تاك بەشی و رووکەشانەیە و

ویژدان و پەیوەندییە رۆحییەکانی تاك تێکەڵ بە ئامانجەکانی گرووپە ناکۆکە نابێت. لەم رووەوە ئەوەی کۆزەر تێبینی کردووە ئەوەیە، کە ئەم ئەندامانە ئینتمایان بۆ زیاتر لە گرووپێك هەیە، کەوا دەکات پلەی ئینتما و پەیوەستی تاك بە گرووپەوە لاواز بێت، ئەمەش جیاوازییە کەسی و ناکەسییەکان زیاتر هەڵدەمژێتە نێوخۆیەوە، بەمەش توندی ململانێی نێوان ئەو گرووپە ناکۆکانەی کە خاوەن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دووەمیەکانن لاوازدەبێت.

هەروەها ململانێ توندتر دەبێت، کاتێك پەیوەندی بەو بەها کۆمەڵایەتییانەوە ئەو هزرانەوە هەیە، کە ئەندامانی گرووپە ناکۆکەکە بڕوایان پێیەتی و هەڵیانگرتووە و، رەنگدانەوەی حەزو ئارەزوو ئامانجەکانی گرووپە.

توندی ململانێ کەم دەبێتەوە کاتێك مۆتیڤی گرووپە ناکۆکەکان لەم پرۆسەیە، تێرکردنی پێداویستیە بابەتییەکانیان بێت، نەك پێداویستییە خودییەکان یا تێرکردنی بەرژەوەندییەکانی دەستەیەکی دیاریکراوی ناو گرووپ بێت. چەندە گرووپە ناکۆکەکان توانیان لە تێرکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکانیان نەك بەرژەوندییە خودیەکان سەرکەوتووبن، ئەوا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توندی ململانێی نێوان گرووپە ناکۆکەکان.

کۆزەر لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر وەزیفەکانی ململانێ (تیۆرەکەیشی هەر بەوە ناونراوە) کردووەتەوە. ئەم پێیوایە چەندە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان گرووپە ناکۆکەکان-یەکەمی- بوون، ئەوا توندی ململانێ زیاد دەکات، ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان لەپێناو پارێزگاریکردن لە یەکێتی و کامڵبوونی گرووپ زیاتر دادەمرکێتەوە. واتە ململانێی دەرەکی نێوان گرووپە ناکۆکەکان دەبێتە هۆی یەکگرتن و هاوبەستەیی و کامڵبوونی نێوخۆیی گرووپە بەشدارەکان لە پرۆسەی ململانێ، کە بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی دامرکانەوەی هەموو جموجۆڵێکی نێوخۆیی یا ململانێ نێوخۆییەکان، ئەمەش دەبێتەهۆی کەڵەکەبوونی ناکۆکییەکان بە ماوەیەکی دوورودرێژ، پاشان ئەم ناکۆکییە کەڵەکەبووانە بۆ تەقینەوە لەهەر سات و کاتێکدا ئامادە دەبن، ئەگەریش



تەقینەوە، ئەوا دەبێتە هۆی هەڵتەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە رەگ و ریشەوە. بەڵام ئەگەر بونیادی کۆمەڵایەتی نەرمونیان بوو یارمەتی تاکەکان دەدات تاکوخۆیان لەو ململانێ نێوخۆییانە دووربخەنەوەو کەڵەکەیان نەکەن. بەوەش توانای تاکەکان بەرەو دروستکردن و داهێنان نەك ململانێ و ناکۆکی هەنگاو دەنێت.

بەڵام ئەگەر ململانێ دووبارە بوەوە دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان گرووپە ناکۆکەکان و توندی ململانێ کەم دەبێتەوە، هەروەها بۆ رێکخستنی ململانێی نێوانیان یاساو رێسا گەلێك بەرجەستە دەبێت و ئەگەری هاوسەنگی گرووپە ناکۆکەکان زیاد دەکات.

بە بۆچوونی کۆزەر، توندی ململانێ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سنووری جیاکەرەوەی ئاشکرا لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیارەکان لەناو گرووپە بەشدارەکانی پرۆسەی ململانێ تەنها لەلایەن سەرکردەی گرووپەوە دەربچێت، واتە بڕیارەکان لەلایەن بنکەوە دەرناچێت و بەرپرسیارێتییەکان بەسەر ئەندامانی گرووپ بەشێوەیەکی رێکخراو و گونجاو دابەش دەکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی سستەمێکی گەورەی دابەشکردنی کار و، فۆرمەڵەبوونی هەر هزرێك کە رەنگدانەوەی ئامانجەکانی گرووپ بێت.

ئەگەر هاتوو بونیادی کۆمەڵایەتی گرووپی ناکۆك زبرو توندبوو، ئەوا ئەگەری یەکگرتن و یەکێتی گرووپە کاریگەر بووەکان بە پرۆسەی ململانێ زیاد دەکات، ئەمەش لە ترسی زاڵبوونی یەکێك لەو گرووپانە بەسەر ئەویتریان، یا لەبەر ئارەزووی زاڵبوونی گرووپێکیان بەسەر گرووپەکانی تر، بۆیە ئەم گرووپانە - ئەوانەی بەشدار نین لە پرۆسەی ململانێکە- ناچار دەبن یەکگرتووبن و یەکێتی لەنێو خۆیاندا بۆ پاراستنی مانەوە و رێنەدان بە کۆنترۆڵکردنیان دروست بکەن. کەواتە وەزیفەی ململانێ یەکگرتن و یەکێتی گرووپە زەرەرمەندەکانی پرۆسەی ململانێ و ناوەندێتی لە دەرکردنی بڕیارەکان لەناو گرووپە ناکۆکەکان و هاوسەنگی هەردوو گرووپەکە، هەروەها هاوبەستەیی نێوخۆیی نێوان ئەندامانی گرووپە ناکۆکەکان زیاد دەکات.

کۆزەر جۆرەکانی ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی پۆلێن کردووە، تێیدا جیاوازی لە نێوان ئەو ململانێیانەی لەناو کۆمەڵگە داخراوەکان ڕوودەدەن، کە بوونیادێکی توند و زبرن و، ئەو ململانێیانەی لەناو کۆمەڵگە کراوەکاندا ڕوودەدن کە بوونیادێکی نەرم و نیانیان هەیە، کردووە. کۆزەر وەسفی ململانێی نێو کۆمەڵگە داخراوەکانی لە ڕێگەی وەسفکردنی ململانێی گرووپە خزمایەتییەکان کە خەسڵەتی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام و پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان هەیە، کردووە. بەشێوەیەك ویژدان و هەست و سۆزی ئەندامانی گرووپ لەگەڵ ئەندامبوونی تاك لەناو گرووپدا تێکەڵ دەبێت، بەمەش گرووپ و ئەندامەکانی دەبن بە یەك کەس و لە ڕووی ئامانج و چارەنووسەوە هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نابێت. پەیوەندی نێوان تاکەکانی گرووپ، پەیوەندییەکی کەسی، خودی و سۆزداری دەبێت، کە ڕۆڵێکی گەورە لە تواندنەوە و لەناوبردن و چەپاندنی هەر هەوڵێك بۆ ناکۆکی و جیاوازی نێوان تاکەکان، دەگێڕێت. ئەمەش بە سروشتی خۆی دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی ئەو ناکۆکیانە لەکاتی دووبارەبوونەوەیاندا، تا ئەو کاتەی بارودۆخێکی هاندەر بۆ تەقینەوەی ئەم ناکۆکییە کەڵەکەبووانە پەیدا دەبێت، کە پەیوەندییە توند و تۆڵەکان لەناو گرووپدا دەپچڕێنێت.

کۆزەر تێبینی کرد، ئەو جۆرە گرووپەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی زبر و توندە و نەرم نییە، ڕێگا بە بەتاڵکردنەوەی ناکۆکی و جیاوازی و بێتاقەتی تاکەکانی نادات، ئەمەش لە بەر پارێزگاریکردنی گرووپە لە یەکێتی و کاملّییەکەی، کە ناهێڵێت دوو ڕوویی و شپرزەیی لە نێوان ئەندامانی بڵاوببێتەوە. بۆیە لەم ڕووەوە کۆزەر زەرووڕەتی بەتاڵکردنەوەی ناکۆکییەکان بە پێویست دەزانێ، کە تاك گوزارشت لە ناکۆکی و تەنگژەکان ڕاستەوخۆ لەکاتی ڕوودانیان بکات، بۆ ئەوەی هیچ شوێنەوارێك لەدەروون و بونیادی گرووپەکە جێنە هێلێت.

لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت، کە چەندە ئەندامانی گرووپ لە پەیوەندی و کارلێککردنیاندا لە یەکتر نزیك بن، توندی ململانێی نێوانیان بەهۆی بەشداربوون و تێکەڵاوبوون و یەکگرتنی هەست و سۆزی ئەندامان لەگەڵ ئامانج و چارەنووسی



گرووپ، هەروەها بەهۆی ڕێگرتن لە بەتاڵکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی کە، لە نێوان ئەندامانی گرووپ ڕوودەدەن، زیاد دەکات. بۆیە ئەگەری ڕوودانی ململانێ و گۆڕان لەناو ئەو گرووپەی کە جۆری پەیوەندییەکانیان یەکەمییە زیاترە لەوانی تر.

کۆزەر وەسفی ململانێی لەناو بونیادی کۆمەڵگەیەکی کراوە کردووە، بەوەی چەندان ڕێگا و کەناڵ بۆ بەتاڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێکانی تێدایە (وەك بوونی چەندان گرووپ و جیاوازیان لەگەڵ یەکتر لە ڕووی ئامانج و بەرژەوەندییەکان)، بەجۆرێك ئەمە دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی دوودڵی و تەنگژە و بێزاری و دڵەڕاوکێ لە نێوان ئەندامانی گرووپ، بەهۆی نەبوونی فشارێك بۆ دامرکاندنەوە و دەمکوتکردنی ئەم ناکۆکی و ناخۆشیانە و دواتر کەڵەکە بوونیان، ئەمەش بۆ بوونی کەناڵەکانی خۆ بەتاڵکردنەوە لەناو بونیادی ئەمجۆرە کۆمەڵگەیانە و، کەڵەکە نەبووانیان و بەتاڵکردنەوەیان لە کاتی ڕوودانیان دەگەڕێتەوە. خۆبەتاڵکردنەوە لە ناکۆکی و تەنگژەکان لە کاتی ڕوودانیان وا دەکات کۆمەڵگەی کراوە خۆی لە تەنگژە و ناکۆکییە نێوخۆییەکان و کەڵەکەبوونی کێشەکان بپارێزێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی زیاتر خۆی لەگەڵ ئەم ململانێیانە بگونجێنێ، لەبەر بێ هێزی و لاوازی ئەم ململانێیانە. کاتێك کۆمەڵگەی کراوە چەندین گرووپ لەخۆ دەگرێت کە لەیەککاتدا بەشداری لە چەند ململانێیەکدا دەکەن. واتە لەیەك کاتدا گرووپێك لەگەڵ چەند گرووپێکی تر بەشداری ململانێ دەکات، بە جۆرێك لە چەند لایەکەوە لە ململانێیی بەردەوام دایە، ئەمە دەبێتەهۆی دابەشبوونی توانا و وزەی -گرووپ- بەسەر چەند لایەکەوەو، توانا نێوخۆییەکانی لاواز دەبێت، بەمەش لە ململانێی زۆر توند بەشداری ناکات، لەم حاڵەتەشدا تواناکانی بە شێوەیەکی لاواز و سادە لە کۆمەڵگەی کراوەدا لەناودەچێت، یان بەفیڕۆ دەڕوات. هەروەها وادەکات پەیوەندییەکانی تاك بەشی و ڕووکەشی بن نەك گشتی، تاك لە گرووپەکاندا هەموو سۆز و ویژانی بەگەڕناخات. چەندێتی ئینتمای تاکەکان بۆ گرووپی جیاجیا، کە جیاوازن لە ئامانجەکانیان، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی

تێکەڵاوبوونیان و توانەوەیان لە ئەندامێتی گرووپدا، ئەمەش بەبۆچوونی کۆزەر دەبێتە هۆی کامڵبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کراوەدا.

کۆزەر پۆلێنکردنێکی تری زیادکردووە، ئەویش ململانێی نێوخۆییە کە لەناو هەمان گرووپدا روودەدات و یارمەتیدەرە بۆ خۆبەتاڵکردنەوەی دوودڵی یا پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی ئەندامانی یەك گرووپ، کە بەڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لە مانەوە و گونجانی گرووپ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، هەروەها یارمەتیدەدات بۆ دروستکردن و پێکهێنانی رێسای رێکخستنی نوێ بۆ ئەندامانی گرووپ تا بتوانن رووبەڕووی رووداوە نوێیە پێشکەوتووەکان ببنەوە بە بێ کێشە و، بتوانن رێسا کۆنەکان بخەنە لاوە و رێسای نوێ بۆ رووبەڕووبونەوە و چارەسەرکردنی بارودۆخە نوێیەکان بەکار بهێنن، لەم حاڵەتەدا ململانێ دەبێتە خاوەنی وەزیفەیەکی گرنگ بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی گونجانی گرووپ لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان. ئەمجۆرە ململانێیانە هەمیشە لە کۆمەڵگە کراوەکان زیاتر روودەدەن تا کۆمەڵگە  داخراوەکان. جۆرێکی تر لە ململانێ کە کۆزەر بە ململانێی نێوانی ناوی دەبات، ئەم ململانێیە لە نێوان ئەو گرووپانە روودەدات کە لە رووی ئامانج و بەرژەوندییەوە دژی یەکترن. ئەمجۆرە ململانێیەش هاوبەستەیی نێوخۆیی بۆ گرووپە ناکۆکەکان زیاد دەکات و بە دووبارەبوونەوەی ئەم ململانێیە توندی ململانێی نێوانیان کەم دەکاتەوە بەهۆی سەرقاڵبوونی گرووپە ناکۆکەکان بە ناکۆکییە ناوەکییەکانیان، ئەمەش بە رۆڵی خۆی لاوازیان دەکات و لە رووی هێزەوە (دوو گرووپە ناکۆکەکە) نزیك یەکتر و هاوسەنگ دەبن. ئەم دیاردەیە لە هەریەك لە کۆمەڵگەی کراوە و داخراوە وەکو یەك هەیە.

پۆلێنی کۆتایی کۆزەر بۆ ململانێ، جیاکردنەوەی دوو جۆر ململانێیە: ململانێی واقیعی لە نێوان ئەو گرووپانە روودەدات کە ئامانجی جیاوازیان هەیەو هەنگاودەنێن بۆ دەستەبەرکردن و گەیشتن بە ئامانجی واقیعی، بەڵام چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەمجۆرە ململانێیەیە، ئەوا لە ئەنجامی دەستەبەرنەکردنی پێداویستی و ئامانجەکانی ئەندامانی ئەو گرووپە گەڵاڵە دەبێت کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ



یا نادیار کۆنترۆڵ و ئاراستەی ململانێ دەکات بۆ بەدەستهێنانی پێداویستی و ئامانجەکانی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەداهاتوودا. لێرەدا ئەوەی شایانی باسە ئەو ئامانجانەی کە گرووپ هەیەتی فاکتەری راستەقینەن بۆ روودانی ململانێ، چونکە ئەم فاکتەرانە نادیارن و دەرناکەون، لەبەرئەوەی خۆی لەخۆیدا فاکتەری نهێنی و شاردراوەن و وادەردەکەون قەناعەت بەوانیتر بهێنن بەوەی هۆکاری تر هەن جگە لەمانە کار دەکەن بۆ روودانی ململانێ. بە مانایەکی تر، هۆکاری راستەقینەی ململانێ — ئەوەی کە شاردراوەیە— سەرنەکەوتنی ئەندامانی گرووپە لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکانیان، بەڵام هۆکاری ناڕاستەقینە کە ئاشکرایە— ئەوە شتێکی ترە.

بەڵام ململانێی ناواقیعی لە ئەنجامی پێویستبوون بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و نەهێشتنی دڵەڕاوکێ دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی هەریەك لە گرووپە بەشدارەکانی پرۆسەی ململانێ سەرهەڵدەدات. ئەم ململانێیە بە دەرەنجامی دیاریکراو کۆتایی نایەت، بەڵکو خۆی لەخۆیدا کۆتایی ململانێکەیە. ئەمجۆرە ململانێیە زیاتر لەکۆمەڵگا بونیادە توند و زبرەکاندا روودەدات، بەڵام سەرچاوەکەی لە ئەنجامی بێ بەشکردن و شکستی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە هاتووە و لە رێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون و نەگونجانی چاوەڕوانییەکانی ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە تاك مومارەسەی دەکات دروستدەبێت. لەهەمان کاتدا ئەم جۆرەی ململانێ دەبێتەهۆی بەتاڵکردنەوەی دڵەڕاوکێکان بە شێوەیەکی دوژمنکارانە.

## - بەدوا داچوون و هەڵسەنگاندن

لە هزری ململانێخوازی کۆزەر تێبینیمان کرد کە هزرەکەی زۆر بە وردی راڤە و وەسفکردووە، هەروەها رێگای پۆلێنکردنی بەکارهێناوە بۆ دابەشکردنی ململانێکان بەپێی جۆرو سروشتی کۆمەڵگەکان و، رۆڵی سەرکردەی زەق کردووەتەوە لە کەمکردنەوە و زیادکردنی توندی ململانێی نێوان گرووپە ناکۆکەکان. ئەم ئاوەڕدانەوە زیرەکانەیەی کۆزەر بۆ واقیع وامان لێدەکات هزری

ململانێخوازی کۆزەر لە ڕیزی ئەو بیرمەندانە دابنێین کە لە ڕووی بۆچوونەکانیانەوە بۆ ململانێ لە یەکتر نزیکن، هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانی کایەی کۆمەڵایەتی قەبارە بچووك بۆ ڕاڤەکردن و بۆچوونەکان و ئەو لایەنانەی ململانێی خستووەتەروو کە نە دارندۆرف و نە زیمێل و نە مارکسیش دەریان نەخستووە، وەك ماوەی مانەوە و توندی ململانێ و ئەو بارودۆخەی کە ململانێ ملکەچی دەبێت، ئەمەش لایەنێکی ترە کە کۆزەر جیادەکاتەوە لە بیرمەندە ململانێخوازەکانی تر.

هەروەها تێبینیمان کرد کە ململانێی بەستووەتەوە بە جۆری ئەو بونیادەی کە لێوەی سەر هەڵدەدات و کاریگەری ئەو بونیادە لەسەری و، گرنگی ململانێی نێوخۆیی خستووەتەروو (لەچوار چێوەی هەمان گرووپ) ئەمەش ململانێخوازەکانی پێش ئەو ئاوڕیان لێنەداوەتەوە.

بەڵام کۆزەر لە پرۆسەیەکی لۆژیکیدا شکستی هێناوە. ئەو ڕەخنەی لە تیۆری بونیادی وەزیفی گرتووە، چونکە جەختی کردووەتەوە لەسەر دیاردەی کامڵبوون و گونجان، کەچی کۆزەر ئەم دوو چەمکەی لە تیۆرەکەیدا بەکارهێناوە.

هەروەها لە وەسفکردنی کۆمەڵگە داخراوەکاندا، بینیمان ئەو بە شێوەیەکی چڕوپڕ جەختی کردووەتەوە لەسەر هۆکارەکانی ململانێی نێوخۆیی، کەچی بەشێوەیەکی سادە و ساکار جەختی کردووەتەوە لەسەر هۆکارەکانی ململانێی دەرەکی و، هیچ شتێکی لەبارەی هۆکارەکانی ململانێی دەرەکی لە کۆمەڵگە داخراوەکان باسنەکردووە. لەڕاستیدا ئەو ئاماژەی بەوە نەکردووە، کە ئایا هیچ ململانێیەکی دەرەکی هەیە لە نێوان کۆمەڵگەی داخراو و ژینگەی دەرەوە؟، لەکاتێکدا بیرمەندە ململانێخوازەکانی تر ئێمەیان واتێگەیاندووە کە ململانێی دەرەکی هەیە بەچاوپۆشی لەوەی تا چەند ئەو کۆمەڵگەیە داخراو یا کراوەیە، بەڵام هیچ پاساوێك نابینینەوە کەوای کردبێت کۆزەر ئاماژە بەم جۆرە ململانێیانە نەکات.

بەڵام وەسفکردنی کۆزەر بۆ کۆمەڵگەی کراوە، ئەوا تێبینیمان کردووە کە دەشێ ئەم ململانێیانە بەسەر کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا پراکتیزە ببێت، بەڵام



بەسەرکۆمەڵگای سۆشیالیستیدا پراکتیزە نەبێت، بە شێوەیەك ململانێ و ناکۆکییە نێوخۆیی و نێوانییەکان لەناو گرووپ و دەرەوەی گرووپ لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا کەمە یا نییە. لە ڕاستیدا ڕەنگە کامڵبوون و پێکبەستێك بدۆزینەوە لە نێوان ئەرکی گرووپ و سستەمەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی و ململانێ لە نێوانیاندا نەبینینەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هزرانە لەناو کۆمەڵگە ناسۆشیالیستییەکاندا بوونیان هەیە.

لەلایەکی ترەوە کۆزەر لە کۆمەڵگەی داخراودا ململانێی بە ویژدان و سۆز بەستوەتەوە و، ئاماژەی بە گرنگی بەستنەوەی تاك نەکردووە بە زەوی یا نیشتمان کە ریشەیی و قوڵترە لە پێکبەستی سۆزداری. هەروەها وەکو دەزانین ئاین لەکۆمەڵگای داخراو زیاتر ئەقڵ و چالاکییەکانی تاك کۆنترۆڵ دەکات تا پێکبەستی سۆزداری و ویژدانی کە کۆزەر ئاماژەی پێ نەکردووە. کەواتە ئەو لە کۆمەڵگەی داخراودا جەختی کردووەتە سەر پێکەوەبەسترانێك کە ڕۆڵێکی دووەمی هەیەو پێکەبەستە یەکەمی و سەرەکییەکانی فەرامۆشکردووە کە تاك بە توخمەکانی تری کۆمەڵگە دەبەستێتەوە.

هەروەها کۆزەر لەو گریمانانەی کە ئاماژەی پێکردبوون باسی ئەوە دەکات کە ململانێ دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامییەوە دروستدەبن، بەڵام ئاماژەی بەو کێشانەی تر نەکردووە کە لەئەنجامی خودی ململانێوە دروستدەبن، وەك گۆڕانی پێگەی ئەندامانی سستەمێك و لەناوبردنی گرووپ یا ئەو سستەمەی لە شەڕدا دۆڕاوە، هەروەها شوێنەواری ئەم ململانێیە لەسەر بەشداربوان بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ یا ناڕاستەخۆ.

هەروەها کۆزەر ئاماژەی بەوە کردووە کە ململانێ لە کۆمەڵگەی کراوە، زۆر توند نییە وەك توندییەکەی لە کۆمەڵگەی داخراو. ئەمەی گەڕاندووەتەوە بۆ پلەی یەکگرتووی و تێکەڵبوونی سۆز و ویژدان لەگەڵ ئەندامبوونی تاك لەناو گرووپ و ئەمەش لۆژیکێکی ڕاستە، د. بەڵام کۆزەر ئاماژەی بەو ململانێ دەرەکییە نەکردووە کە لە کۆمەڵگەی کراوەدا ڕوودەدات، واتە ململانێی کۆمەڵگەی کراوە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنێکی سیاسی

و ئابووری و دەستبەسەردا گرتنی داهاتەکانی. لێرەدا دەپرسین: ئایا کۆزەر مەبەستی ئەوەیە کە کۆمەڵگە کراوەکان بەشداری لە ململانێی دەرەکی ناکەن و ئەم کۆمەڵگەیانە تەنها لە ململانێی سادە و سووك دان؟. ئا لەم روانگەیەوە ناتوانین کۆزەر لە بیرمەندە وەزیفیەکان جیابکەینەوە، کە پێیان وایە کۆمەڵگەی کراوە کامڵ و یەکگرتووەو، ململانێ ماوە ناماوەیەك و بە شێوەیەکی سووك روودەدات. لەڕاستیدا کۆزەر لەم رووەوە هیچ شتێکی نوێی نەهێناوەتە ئاراوەو ئاماژەی بە ململانێ دەرەکییەکان نەکردووە، کە لە واقیعدا ئەم ململانێیانە زیندوون و بوونیان هەیە و ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت، چونکە ئەوەتا ململانێی دەرەکی هەیە لە نێوان کۆمەڵگەی ئەمریکی (ئەگەر بە کۆمەڵگەیەکی کراوەی دابنێین) لەگەڵ کۆریا و ڤێتنام و کوبا و یەکێتی سۆڤیەتی (پێشوو).

هەروەها بینیمان کۆزەر بەو شێوەیە تەماشای ململانێ دەکات کە گۆڕانکاری دروستدەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی کامڵبوون و گونجان. لێرەدا تیۆرەکەی کۆزەر دێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بۆمان روون بکاتەوە کە (تیۆرەکەی تەواو کارایە) بۆ تیۆری وەزیفی، لەبەر ئەوەی تیۆرەکەی ئەو شتانەی تەواو کرد کە تیۆری وەزیفی لە کاتی وێناکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی پشتگوێی خستبوون بە جەختکردنەوەی لەسەر لایەنی کامڵبوونی ململانێ.

هەروەها چەمکی پێویستی لە مارکس وەرگرتووە، کاتێك جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەرکی پێویستیەکان و پێداویستیەکانی و هۆکار و باروودۆخەکانی بۆ دروستبوونی ململانێ کە ئەم بیرە پێشتر مارکس دایهێناوە، کاتێك دەڵێت: ململانێی شۆرشگێڕانە سەرهەڵدەدات بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی. کۆزەر چەمکی وەزیفەی پۆزەتیڤی ململانێی لە تیۆرەکەی زیمێڵ وەرگرت وە لەگەڵ بەکارهێنانی هەردوو چەمکی سۆز و ویژدان بۆ شیکردنەوەی سروشتی ململانێ. دەرەنجام دەگەینە ئەوەی کۆزەر هەموو ئەو شتانەی کە تیۆرە ململانێخوازەکان و تیۆری بونیادی وەزیفی پشتگوێیان خستبوو لە یەك چوارچێوەدا کۆی کردوونەتەوە، کە هەڵگری ناوێکە ئەویش تیۆری کۆزەر بۆ



وەزیفە پۆزەتیڤەکانی ململانێیە. سەرەڕای ئەمانە دیسانەوە تیۆرەکەی هەڵگری هەڵە لۆژیکی و پراکتیکیەکانی تیۆرەکانی ترە.

لە کۆتاییدا کۆزەر ئاماژەی بە توانا بەهرەدارییەکانی تاکەکان کردووە لە کۆمەڵگەی کراوە کە بونیادی نەرمە و ئەم بەهرانە لە کۆمەڵگە کراوەکاندا دەردەکەون، ئەمەش مانای وایە تاکەکانی کۆمەڵگەی داخراو ناتوانن داهێنەر و بەهرەمەند بن بەهۆی توند و زبری بونیادەکەیانەوە. رەنگە ئێمە و کۆزەر لەم بۆچوونەیدا یەك نەگرینەوە، چونکە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا جەختیان کردووەتەوە لەسەر ئەوەی لەکۆمەڵگایەکی داخراودا کە بونیادێکی توند و زبری هەیە، تاکەکانی دەبنە خاوەنی داهێنان و بەهرەی هونەری و تەکنیکی کە چوارچێوەی ژینگەکەیان خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ژیانیان بکات و، رەنگە کۆمەڵگەیەکی کراوە ببینین، بەڵام داهێنان و بەهرە تێیدا لاوازە یا هەر نییە. ئەمان پێیانوایە سیفەتی داهێنان و بەهرەمەندی تەنها پشت نابەستێت بە جۆری بوونیادی کۆمەڵایەتی، کەواتە بەهرەمەندی تەنها بە بوونیادی کۆمەڵایەتییەوە نابەسترێتەوە.

### 3- هزری ململانێخوازی لە چەند خاڵێکدا

دوای ئەوەی کۆتایمان هێنا بە باسکردنی کورتەیەك لە هزری ململانێخوازی کلاسیکی کە هزرەکانی ئیبن خەلدون و کارل مارکس و جۆرج زیمێڵ و، هزری ململانێی نوێ کە هزرەکانی دارندۆرف و لویس کۆزەری لە خۆگرتبوو بە باشمانزانی هزری ململانێخوازی بەگشتی و بەکورتی وەکو لای خوارەوە باس بکەین:

1- ململانێ لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا روودەدات، واتە رەنگە لە نێوان پەیوەندییە یەکەمییەکان و دووەمییەکان (ئەم جۆرە ئەوە بوو کە لەلای کۆزەر بینیمان) و، رەنگە لە نێوان رۆڵەکانی رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی ناو بوونیادی کۆمەڵایەتی کۆمپانیا یا کارگە یا پارتی سیاسی رووبدات (ئەمە بوو کە دارندۆرف بۆی باسکردین) و لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەیبینین (ئەمە بوو کە مارکس بۆی باسکردین).

دەشێ ململانێ لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان و لە نێوان تاکەکانیش رووبدات (ئەمە بوو کە زیمێل بۆی روونکردینەوە)، هەروەها لە نێوان خێڵ و هۆزە رەشماڵ نیشینەکانیش ململانێ روودەدات (ئەمە بوو کە لەهزری ئیبن خەلدون تێبینیمان کرد). واتە پرۆسەی ململانێ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زیندووە لەناو کۆمەڵگەی مرۆیی و لە نێوان پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگەدا روودەدات، بەڵام ئەم دیاردەیە جیاوازە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر بەهۆی جیاوازی سەرچاوە وکاریگەرییەکانی روودانی ململانێکەو قەبارە و جۆری ئەو ململانێیە و، هەروەها جیاوازی هەیە لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکیتر و لە رووی توندی و ماوە و ئەو پانتاییەی کە هەیەتی جیاوازە.

2- ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ئامانجەکانی تاك و گرووپەکان روودەدات، واتە هەر تاکێك بەرژەوەندی خودی و بابەتی هەیە و بەدوای تێرکردن و دەستەبەرکردنی دادەگەڕێت، ئەمەش بە ئاسانی و لەخۆوە روونادات، بە شێوەیەك بەربەستی زۆر دەبنە رێگر بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بۆیە دەستدەکات بە هەوڵدان و ململانێ لەگەڵ ئەو بەربەستانەی رووبەرووی دەبنەوە و هەمان شت روودەدات لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و، هەر گرووپێك بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەیە و بەدوای ئەو بوارانەدا دەگەڕێت کە بتوانێ بەرژەوەندییەکانی تێدا دەستەبەر بکات، ئەوەش شتێکی سروشتییە کاتێك گرووپ بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی رووبەرووی بەربەست دەبێتەوە بەهۆی دژیەکی ئاراستە و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئاراستە و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی گرووپەکانیتر. ئیبن خەلدون ئەم شتەی وێناکردوە کاتێ باسی هەوڵدان و ململانێی خێڵە رەشماڵ نشینەکان دەکات لەپێناو دابینکردنی ژیانیان لە بیابانەدا. هەروەها مارکس ململانێی چینی پرۆلیتاریای بۆ وێنا کردوین لەگەڵ چینی بۆرژوازی، لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و چینایەتییەکانیان. دارندۆرف ململانێی نێوان رۆڵ



زەوتکراوەکان و رۆڵ زەوتکارەکانی بۆ وێناکردوین، ئەم ململانێیە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی وەرگرتنەوەی دەسەڵات روودەدات. هەروەها زیمێل ململانێی نێوان تاکەکانی بۆ وێناکردووین، ئەم ململانێیەش لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە خودی و ویژدانی و سۆزدارییەکانە.

بەمەش تێبینی دەکەین کە چەمکی -بەرژەوەندی- لەلای بیرمەندە ململانێخوازەکان جیاوازە لە یەکێکیانەوە بۆ ئەویتر، ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و جۆری ململانێکە و، جۆری ئەو سستەمە سیاسییەی کە دیاردەی ململانێکەی تێدا روودەدات. بەڵام ململانێ لە نێوان خودێتی و بابەتیدا ئاڵوگۆڕ دەبێت، واتە لە نێوان بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی تاکەکان دەگوازرێتەوە بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە.

3- دیاردەی ناکۆکی و ململانێ بە دیاردەیەکی بۆماوەیی دادەنرێت لە کۆمەڵگەدا. بە مانایەکی تر، ئەم دیاردەیە لەناو بوونی کۆمەڵایەتیدا بەردەوامە و، لە هەموو قۆناغێکی مێژوویی و لەگەڵ هەموو جۆرە کۆمەڵگەیەکدا هەیە. ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی جێگیر ناوەستێت و، رەنگە لە قۆناغێك لە قۆناغەکان بوەستێت بە هۆی سەرکەوتنی لایەنێك لە لایەنە بەشداربووەکانی ململانێ بەسەر ئەوی تردا و، ئەمە بوو کە دارندۆرف روونیکردەوە، کاتێك ووتی: ململانێ دوای دووبارە بەشینەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵات لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی ناوەستێت، بەڵکو بارودۆخی بونیادی نوێ دروستدەبێت و هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی ململانێیەکی تر، بەم شێوەیە پرۆسەی ململانێ بەردەوام دەبێت.

بەڵام زیمێل پێیوایە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی بەردەوامە لە دەرکەوتن و بوونی لەناو کۆمەڵگەی مرۆییدا. ئەو رووداوە مێژووییانەی کە روویانداوە ئەم هزرە رووندەکەنەوە، واتە هیچ کۆمەڵگەیەك بەدەر نییە لە جیاوازی و ناکۆکی ململانێ و ئەگەر کۆمەڵگەیەکی بێ ناکۆکی وململانێ لەم شتانە

هەبێت، ئەوا کۆمەڵگەی یۆتۆپیا هەیە ئەم کۆمەڵگەیانەش خەیاڵین و واقیعی نین. ئەمە بوو کە دارندۆرف دۆزییەوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە ئەم ململانێیە هەموو جارەێك بەهەمان توندی و کاریگەری پێشووی دووبارە نابێتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخ و هۆکارانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی ململانێ و، ئەمە مانای وانییە هەموو کایەکانی کۆمەڵگە بەهۆی روودانی ململانێوە دەگۆڕێن. رەنگە ململانێ لە نێوان توخمەکانی یەك دیاردە رووبدات، کە ئەمە نابێتە هۆی گۆڕانی بونیادی کۆمەڵگە بەگشتی، بەڵکو دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەو دیاردەیەی کە ململانێکەی تێدا روودەدات. بۆ نموونە: ئەو ململانێیەی لە نێوان سستەمی بیرۆکراتی لە کۆن و ئێستادا روویداوە و روودەدات، نابێتە هۆی گۆڕینی کۆمەڵگە بەگشتی.

4- هزری ململانێخوازی رەنگدانەوەیە بۆ ئەو ململانێ بەردەوامانەی لە کۆمەڵگە روودەدەن، چونکە تاکو ململانێ لەناو کۆمەڵگەدا هەبێت (ململانێی تاکەکان یا ململانێی سیاسی یا بەهاکان یا نەوەکان یا چینەکان یا بیرۆکراتییەکان یا ململانێی نێوان رێکخستنەکان) و، تا ئەو کاتەی ئەم هزرە بە بۆ چوونەکانی زیاتر پێداگیری بکات لەسەر ئەم لایەنەی ژیان تا لایەنی کامڵبوون و هاوبەستەیی، ئەوا بە ئاوێنەیەك دادەنرێت کە رەنگدانەوەی ئەو لایەنەیە بۆیە بە هزری ململانێخوازی ناو دەبرێت نەك بە هزری کامڵبوون.

دەشێ ململانێی چینایەتی لە ناوکۆمەڵگا بوەستێت، بەڵام ململانێی نەوەکان (نەوەی پێشوو لەگەڵ نەوەی نوێ) و ململانێی بەهاکان (بەهای کۆن لەگەڵ بەهای نوێ) ململانێی نوێخوازەکان لەگەڵ کلاسیکییەکان لەبارەی هزرەوە، ململانێی سستەمی بیرۆکراتی کۆن و نوێ، ململانێی خاوەن قوتابخانە کۆنەکان لە رووی زانستییەوە لەگەڵ قوتابخانە نوێکان (زانستە مرۆیی و سروشتییەکان) ململانێی بەرژەوەندییە خودی و بابەتییەکانی تاکەکان. وەستانی جۆرێکی ململانێ نابێتە



هۆی وەستانی هەموو جۆرەکانی تری ململانێ، ئەمەش بوو هەریەك لە زیمێل و دارندۆرف جەختیان لەسەر کردوە.

5- گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی بەردەوامی بوونی کۆمەڵایەتییە، واتە ئەم هزرە گۆڕانی کۆمەڵگە دەبەستێتەوە بەبوونی دیاردەی ململانێ، ئەمەش مانای وایە کۆمەڵگە هەردەم دەگۆڕێت و لە گۆڕان ناوەستێت. رەنگە جۆرێك لە ململانێ لە کۆمەڵگەدا بوەستێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی وەستان و جێگیربوونی کۆمەڵگە، چونکە جۆرەکانی تری ململانێ لە کۆمەڵگەدا بەردەوام روودەدەن. هەروەها وەستانی ململانێی چینایەتی نابێتە هۆی وەستانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بەڵکو ململانێکان لە بوارەکانی تردا بەردەوام دەبن و گۆڕانەکان تیایدا هەمیشە بەردەوام دەبێت لەپێناو پاڵنانی رەوڕەوەی گۆڕان لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە کە بەیەك ئاراستە و بە پلەیەکی یەکسان بڕۆن. ئەمەیە مارکس جەختی لەسەر کردوەتەوە، کاتێك دەڵێت: گۆڕانی چینە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە گۆڕان لەهێزی بەرهەم (هۆیەکانی بەرهەمهێنان) و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕان لە سستەمی خاوەندارێتی بەدوادابێت.

6- جەختکردنەوەی ململانێخوازی لەسەر ژیانی سیاسی لەناو گرووپ و رێکخستنی گرووپ و هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان. بەڵام سەرچاوەی سەرەکی ململانێ، ئەگەر هاتوو جۆر و ئاراستەی ململانێ هەر چۆنێك بێت فاکتەری سیاسییە. بە مانایەکی تر، سەرچاوەکانی ململانێ جیاوازو جۆراو جۆرن، بۆیە جۆر و توندی و ئاراستەی ململانێی کۆمەڵایەتی هەرچۆنێك بێت دەبینین یەکێ لەو سەرچاوانەی سەرەوە کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا یا بەشێکیان رۆڵێکی کاریگەرییان هەیە لەتەقینەوەی ململانێ. بۆ نموونە سەرچاوەی ململانێی خێڵەکی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، دەمارگیری خێڵەکی (هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی) بوو

که ئیبن خەلدون ئاماژەی پێکردوە. بەڵام سەرچاوەی سەرەکی ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان لەلای مارکس بەرژەوەندییە ئابوورییەکانە. بە بۆچوونی دارندۆف سەرچاوەی ململانێی نێوان ئەندامانی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە- هیرارکیەتی ڕێکخراوەیی- بۆ دەسەڵات و نفوز، بەڵام هەرچەندە ئەم سەرچاوانە ڕۆڵی کاریگەرییان هەبێت لە تەقینەوەی ململانێ، ئەوا سەرچاوەی سیاسی نادیارو بێ ڕۆڵ نەبووە لە پرۆسەی ململانێ و، سەرچاوەی سیاسی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە وەکو ئەو ڕۆڵەی سەرچاوەی کۆمەڵایەتی یا ئابووری یا ڕێکخراوەیی دەیگێڕێت بۆ بەستنەوەی ژیانی سیاسی بە هەموو سەرچاوەکانی تری ناو کۆمەڵگە. ئەوەتا مارکس ململانێی چینایەتی دەبەستێتەوە بە سستمی سیاسی بۆرژوازییەوە و، دارندۆرف ململانێی دەسەڵات لەناو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان بەسستمی بۆرژوازی نوێ دەبەستێتەوە.

7- ئەم هزرە بڕوای بە هاوسەنگی و گونجان و یەکسانی لە نێوان پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی نییە، بەشێوەیەك پێیوایە بونیادی کۆمەڵایەتی و هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی دیاردەی کاتین و لە ڕوانگەی ئەم هزرەوە دیسانەوە کاتییە، واتە گۆڕاوە و بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە و جێگیر نییە و، (هاوسەنگی وگونجان) هۆکاری دووەمین بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، واتە ڕۆڵ و پێگە و سستەم و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان ناجێگیرن لە بوون و پەیوەندیەکانیان، چونکە لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە خودی کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن و گۆڕانکارییان بەسەردادێت و، دەکەونە ژێر کاریگەری هۆکارەکانی ژینگە و تەکنەلۆژیا و سیاسەت و هۆکاری ئابووری، لەبەرئەوەی ئەمانە تەنها توخم و پێکهاتەی بە تەنها و ڕووت نین، بەڵکو لەلایەن کەسانێکی بەهرەمەند کە خاوەن ئەزموونی جیاواز و بەرژەوەندی جیاوازن کۆنترۆڵدەکرێت و بە کاردەهێنرێت. ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی ناکۆکی و ململانێی پێکهاتەکانی بوونیادی کۆمەڵایەتی. ئەمە بوو هەریەك لە زیمێڵ و مارکس و دارندۆرف و کۆزەر لە تیۆرەکانیاندا ئاماژەیان پێکردووە.



8- ململانێی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی زیادبوونی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی نێوخۆیی بۆ هەموو گرووپە ناکۆکەکان کە دەکەونە ژێر کاریگەر دەبن بە پرۆسەی ململانێ وە. ئەمە بوو کە هەریەك لە ئیبن خەلدون و زیمێڵ و مارکس و دارندۆرف و کۆزەر باسیان کردووە. بەشێوەیەك نابێ ئەو تیشك خستنە سەرەی هزری ململانێخوازی لەبیر بکەین، بەوەی کە ئەم هاوبەستەییە دەبێتەهۆی ناکۆکی لەگەڵ گرووپەکانی تر، بەڵام ئەگەر ئەم هاوبەستەییە لاواز بوو دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی ئەم ناکۆکی و ململانێیانە، بەڵام ئەمە دەبێتە هۆی ئەگەری ڕوودانی ململانێ و دابەشبوونی نێوخۆیی. لەم تێگەیشتنە زانستییەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ململانێ و هاوسەنگی شتێکی کاتین. ئەمەبوو کە دارندۆرف وکۆزەر پێداگیریان لەسەر کرد.

9- ململانێی گرووپەکان دەبێتەهۆی زاڵبوونی دەستەیەکی کەم لەئەندامانی گرووپ (دەستەبژێر) و زاڵبوونی بەسەر کۆمەڵگە، ئەمەش دەبێتەهۆی ململانێی دەرەکی لەگەڵ گرووپەکانیتر. بەمانایەکی تر، ململانێ لە نێوان دوو گرووپ دەبێتەهۆی زاڵبوونی گرووپێکیان بەسەر ئەویتر، ئەمەش وادەکات سەرکردەی گرووپی سەرکەوتوو ناو و ناوبانگی کۆمەڵایەتی بەرز بەدەست بهێنێت بەهۆی سەرکەوتنیان لە فەرمانڕەوایی کردنی گرووپەکەیان و بەڕێوەبردنی پرۆسەی ململانێ کە لە نێوان ئەمان و گرووپێکیتر ڕوویداوە. لێرەدا دەستە بژێر ئەو سەرکردە هەڵبژێراوانەی ناو گرووپ یا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی یا چینی کۆمەڵایەتین کە لە توانایاندا هەیە سەرکردایەتی ژێردەستەکانیان بکەن و ڕووبەڕووی ئەو ناخۆشی و ئاستەنگانە ببنەوە کە ڕووبەڕووی ڕێکخستنەکەیان یا گرووپەکەیان دەبێتەوە و دەتوانن بەسەر کێشەکاندا زاڵبن. دەشێ ئەم دەستەبژێرانە سەرکردەی سەربازی و کادری ڕێخستنە پێشکەوتووەکان یا بیرمەند و نووسەر و کرێکار بن، واتە کەسانێك بن بڕوایان بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی گرووپەکانیان هەبێت و کار بکەن

لەپێناو خزمەتکردنی هەموو ئەندامانی و بەردەوام بەرەو پێشیان ببەن. ئەمەیە لویس کۆزەر لە تیۆرەکەیدا روونی کردووەتەوە.

10- هزری ململانێخوازی بڕوای بەمانە هەیە: ئەگەر هاتوو ململانێ پێداگیری کرد لەسەر هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی و، بەرژەوەندییە خودیەکان و جیاوازی بەهاکان و هەستکردن بە خودی هاوبەستەیی نێوخۆیی لەلای گرووپ، دەبێتەهۆی بەرەو پێشچوونی پرۆسەی ململانێ و توندتر بوونی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، ئەمەش لەبەر گرنگی ئەم سەرچاوانە و کارلێکیان لەگەڵ ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگە ڕوودەدات. کە لەماوەیەکی نزیکدا بەسوود و قازانجی ماددی و مەعنەوەی بۆ ئەندامانی گرووپ دەگەڕێتەوە. ئەمەیە کە ئیبن خەلدون و زیمێل و مارکس و دارندۆرف و کۆزەر پێداگیریان لەسەر کردووە. ئەگەر هاتوو ململانێ جەختی کردەوە لەسەر بەرژەوەندییە گشتیی و رووکەشەکان و، ئەو بەرژەوەندییانەی کە ماوەیەکی دوورو درێژی دەوێت بۆ دەستەبەرکردنیان، ئەوا دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی توندی ململانێکە.

## 4- ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی هزری ململانێخوازی

هەرچی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی ئەم هزرەیە، ئەوا بەم شێوەیەیە:

أ- **ڕێگەی بەراوردکاری:** بریتییە لە بەراوردکردنی کۆمەڵگە جیاوازەکان لە رووی لێکچوون و لێکنەچوونیانەوە ئەمەش لەڕێگەی پێنج حاڵەتەوە دەبێت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- بەراوردکردنی دیاردەیەك لە کۆمەڵگە لێکچووەکان لە یەك ماوەی زەمەنیدا، وەك لێکۆڵینەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ ڕێکخستنە سەندیکاییەکان لە دوو کۆمەڵگەی دواکەوتوو لە ماوەی پێنج ساڵدا.

2- بەراوردکردنی چەند دیاردەیەك لە کۆمەڵگە لێکچووەکان لەیەك ماوەی زەمەنیدا، وەك بەراوردکردنی پارتە سیاسییەکان و بزوتنەوە ئازادیخوازەکان لە چەند کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو لە ماوەیەکی زەمەنیدا.



3- بەراوردکردنی پەیوەندییەکانی چەند دیاردەیەك لە یەك کۆمەڵگەو لە یەك ماوەی زەمەنیدا، وەکو لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە پیشەسازییە سەرمایەدارییەکان لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو، یا بەراوردکردنی شوێنەواری قەیرانە ئابوورییەکان و شوێنەواری ئەم قەیرانانە لەسەر پەیوەندییەکانی چینی چەوساوە و چینی چەوسێنەر.

4- بەراوردکردنی پەیوەندییەکانی چەند دیاردەیەك لە کۆمەڵگە جیاوازەکان لەیەك ماوەی زەمەنیدا، وەك بەراوردکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان لەگەڵ سەرچاوەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگە پیشەسازییە سەرمایەدار و کۆمەڵگە سۆشیالیستەکان لەیەك ماوەی زەمەنیدا، یا بەراوردکردنی کاریگەری شۆرشە سیاسییەکان لەسەر پەیوەندییەکانی خاوەن پێگە باڵا و خاوەن پێگە نزمەکان لە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و لە چەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە رووی سستەمی سیاسییانەوە.

5- یا لێکۆڵینەوە لەدیاردەیەك کە لە هەمان کۆمەڵگە ڕوویدابێت، بەڵام لە دوو ماوەی زەمەنی جیاواز، وەك لێکۆڵینەوە لە چینی کرێکاران لە کۆمەڵگەی پیشەسازی لە دوو ماوەی زەمەنی جیاوازدا.

ب- **ڕێگای چاودێری:** گرنگیدەدات بە چاودێریکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دەستنیشانکردن و تۆمارکردنیان بە وردی و وەکو خۆی، واتە تێبینی وردو ڕێکخراو نەك تێبینی رووکەش و هەرەمەکی. ئەمەش یا بە تێبینیکردنی رەفتارو ئاکارە بەرچاو و دیارەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت، یا بە تێبینیکردنی شتە تۆمارکراو و نووسراوەکان لەبارەی ئەو دیاردەیە و راڤەکردنی بە وردی و بە ئەمانەت و، بەستنەوەی دەرەنجامەکانی بە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی کە تێیدا دەژێت، وەك تێبینیکردنی رەفتاری گرووپی زاڵ و رەفتاری ناو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری پێگەی جێبەجێکاران

لەسەر رەفتارو پەیوەندییان لەگەڵ پێگەکانی تر، یا تێبینیکردنی پەیوەندییەکانی ئەندامانی گرووپی دووەمی و بەراوردکردنیان لەگەڵ پەیوەندییەکانی گرووپی یەکەمی یا تێبینیکردنی رادەی دووبارەبوونەوەی ململانێ و توندی لە نێوان گرووپە فەرمی و نافەرمیەکان، یا تێبینی چۆنیەتی بەشینەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵات لەسەر ئەندامانی رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.

## 5- چەمکە سەرەکییەکانی هزری ململانێخوازی

**گرنگترین چەمکە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەم هزرە بەکاری دەهێنێت، ئەمانەن:**

1- **بەرژەوەندییەکان (المصالح):** لەم هزرەدا ئەم چەمکە کراوە بە چوار جۆر: یەکەمیان، بەرژەوەندی خودێتی تاکخوازی وەك: سۆزو ویژدان هەروەك چۆن زیمێل ئاماژەی پێکردووە، دووەمیان، بەرژەوەندییە خێڵەکییەکان کە لەسەر بنەمای پەیوەندییە خوێنی و خزمایەتییەکان وەستاوە، وەکو ئیبن خەلدون باسی کردووە. جۆری سێیەم، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان کە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا هەیە، وەکو چۆن مارکس ئاماژەی پێکردووە. جۆری چوارەم بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات لەلای ئەندامانی رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، کە پێکهاتووە لە توێژبەندێکی جیاوازو بە شێوەیەکی کتوپڕ بەشینەوەی دەسەڵات و نفوز کە دارندۆرف باسی کردووە. بەرژەوەندییەکان بریتین لە حەزوئارەزو و هەوڵدان و خەباتی کۆمەڵایەتی کە رەنگدانەوەی دەستەیەك یا چینێکی کۆمەڵایەتییە بەبەراورد لەگەڵ دەستەیەکی بەهێزتر یا شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتی باڵاتر کە مافەکانی پێشێلکراوە بۆیە هەوڵدەدات بۆ دەستەبەرکردنیان لە رێگای پرۆسەی ململانێوە.

2- **سەرچاوە ئابوورییەکان:** واتە دەستکەوتە ماددییەکان، وەکو ماڵ و سامان و میرات و داهات و هۆیەکانی بەرهەمهێنان، دەستکەوتە بەرهەم



هێنراوەکان، دەسهاتەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان. چۆن تاك دەبێت بە خاوەنی ئەم شتانە و رێگاکانی دابەشکردنی ئەم سەرچاوانە بەسەر تاك.

3- **هێما:** واتە توخم یا جۆری رەگەزی ئادەمیزاد و ئەو ماف و ئەرك و بەرپرسیارەتیانەی لە کۆمەڵگەدا هەیە. رەنگە بوونی ژمارەیەکی جیاواز لەم رەگەزە ئادەمیزادیانە کە لەناو کۆمەڵگەیەکدا دەژین ببێتەهۆی ناهاوسەنگی و نادادوەری لە دابەشکردنی ئەم ماف و ئەرك و پێگە کۆمەڵایەتییانە بەسەر ئەندامانی ئەم رەگەزە جیاوازانە و، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کە بە رۆڵی خۆی دەبێتەهۆی دروستبوونی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە. بۆیە ئەم هزرە ئاوڕی لەم چەمکەداوەتەوە بۆ راڤەکردنی ململانێی سیمبۆڵی.

4- **کەمی سەرچاوەکان:** واتە گرنگی دەستکەوتی ئابووری و دەستکەوتی دەسەڵات و نفوز، رێگاکانی دابەشکردنی بەسەر تاکەکانی یەك کۆمەڵگەدا، هەروەها ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی کە تاك لەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتی دەستی دەکەوێت، ئەمەش بە رۆڵی خۆی ململانێ و ناکۆکی دروستدەکات لەسەر خاوەندارێتی ئەم سەرچاوانە. ئەمە بوو هەریەك لە مارکس و دارندۆرف لە تیۆرەکەیاندا ئاماژەیان پێکردووە.

5- **ململانێ (الصراع):** بە هۆی ناهاوسەنگی لە بەشینەوەی سەرچاوە ئابووری و سەرچاوەکانی دەسەڵات یا بەهۆی هاوبەستەیی نێوخۆیی گرووپێکی دیاریکراو کە ململانێ دەکات لەپێناو مانەوەی ژیان روودەدات. ململانێ لە کێبڕکێ و جیاوازییەکان توندترە و لە شەڕ و شۆڕ و شۆڕشکردن زۆر نزیکە. ململانێ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هاوشانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان و چینەکان و گرووپەکان و رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانە و زیاتر لەو کۆمەڵگەیانەدا روودەدات کە سیستەمی سەرمایەداری حوکمڕانی دەکات تا کۆمەڵگە سۆشیالیستەکان. ململانێ یەکێکە لە هۆکارەکانی دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی سەرتاپاگیر.

6- **کێبەرکێ:** دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی باوە و لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هەیە. لەکاتی بوونی جیاوازیەکی کەم لە نێوان خاوەنی سەرچاوە ئابوورییەکان و دەسەڵات رووددەدات، ئەمەش لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان زیاتر رووددەدات تا کۆمەڵگە سۆشیالیستەکان. ئەم دیاردەیە لە نێوان پێگەو دەستە تەواو جیاوازەکان روونادات، بەڵکو لە نێوان پێگەو دەستە نزیکەکان رووددەدات، کە لە رووی کارلێککردنیان لەگەڵ سەرچاوە ئابوورییەکان و سەرچاوەی دەسەڵات لە یەکتر نزیکن.

7- **خەبات:** واتە کۆشش و ناکۆکی لەگەڵ ئەو شتانەی کە دژین و لە هەمانکاتدا ئەو شتانەی کە دژی نین، بۆیە ئەمە جیاوازە لەگەڵ دیاردەی ململانێ، چونکە ئەمیان- ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ دژەکەیدا دروستدەکات، بۆیەش خەبات لەپێناو ژیان رووددەدات وەکو ئیبن خەلدون باسی کردووە لە ململانێی خێڵایەتی. رەنگە خەباتکردن ئەنجامێك بێت بۆ ململانێ و، دەشێ پێش ململانێش رووبدات، وەکو مارکس ئاماژەی پێکردووە لە خەباتی چینی کرێکاران بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

8- **ململانێی چینایەتی:** دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا رووددەدات، بەهۆی بەشینەوەی سەرچاوە ئابورییەکان بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە و ناهاوسەنگ لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگە، هەروەها بەهۆی جێگیری و نەگۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لە هەمانکاتدا پێشکەوتنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی خێرا. باشترین کەس لەبارەی ئەم چەمکەوە نووسیبێتی مارکسە. ئەو چینی کۆمەڵایەتی بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی کاملبوو دادەنێت، کە بیروباوەرو هزرو کولتوورو خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە و، تاك لە رێگای بەکۆمەڵایەتیبوونی چینایەتی هزرەکانی ئەو چینەی تێدادەچەسپێت و دادەمەزرێت. مارکس سەرەتای ململانێی چینایەتی دەستنیشانکردووە لەو



کاتەوەی کە رێکخستنی کۆمەڵگەی خێڵەکی رووخاوە. بەپێی بۆچوونی مارکس هەموو سستەمێکی بەرهەمهێنان دوو چینی سەرەکی دروستدەکات و ئەم دوو چینە لەنیوان خۆیاندا دوژمنایەتی ئاڵوگۆڕدەکەن، ئەمانەش چینی خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان و خاوەن ماڵ و سامان و، چینی زەحمەتکێشن کە یەکەم چینی دووەم کۆنترۆڵ دەکات، لەگەڵ ئەوەی **مارکس بنەمایەکی سەرتاپاگیری داناوە بۆ دابەشکردنی چینایەتی و ململانێی نیوانیان وەك هەوڵێك بۆ سەلماندنی ئەمانەی لای خوارەوە:**

1- بوونی چینەکان بەستراوەتەوە بەو قۆناغە مێژووییە تایبەتیانەی کە بەسەر بەرهەمهێناندا دێن و بەرهەمهێنان پێش دەکەوێت.

2- ململانێی چینایەتی بە زەرووڕەت دەبێتە هۆی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. ئەم دیکتاتۆریەتە شتێکی کاتییە و لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی لابردن و نەمانی چینەکان و کۆمەڵگەیەکی بێ چین دروستدەبێت. مارکس بڕوای وایە ململانێی چینایەتی لە سەردەمی نوێدا شێوەیەکی ساکارتر وەردەگرێت، لە ململانێی چینایەتی لە چاخەکانی پێشوو. ئەوەتا کۆمەڵگە دابەشبووە بۆ دوو سەربازگە یا دوو چینی گەورەی دژیەك، کە هەریەکەیان رووبەڕووی ئەوی تر دەبێتەوە، واتە سەرمایەداری و پرۆلیتاریا. بەڵام چینەکانی تر کە سەرمایەدار نین وەکو خاوەنی کارگەیەکی بچووك و، خاوەنی دووکان و، تەکنیککارێك و جوتیارێك، ئەمانە ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ چینی پرۆلیتاریا، ئەوا دەبنە چینی پارێزگاران، کە بە تاکە چینی شۆرشگێڕ دادەنرێت کە زیاتر و زیاتر لەناو پرۆلیتاریادا نغرۆ دەبێت.

9- **گۆڕان:** گۆڕان و گۆڕین کە بەهۆی ناهاوسەنگی و ناچەسپاوی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە رووددەدات و دەبێتەهۆی روودانی گۆڕان لە بونیادی کۆمەڵگە. رەنگە گوڕان لە کایەیەك یا چەند کایەیەکی کۆمەڵگە یا هەموو کایەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوەو، دەشێ گۆڕانی سادەو خێرا رووبدات بەهۆی

چەند فاکتەرێکی کارلێککردوو، وەك جیاوازی چینایەتی و جیاوازی لە رووی دەسەڵات و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هێز و، لەبەر ئەوەی ئەم هزرە باوەڕی بە جێگیری کۆمەڵگە نییە، بۆیە ئەم چەمکە زۆر بەکاردەهێنێت و پێداگیری لەسەر دەکات لە شیکردنەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان لە رێگای ئەو قۆناغە مێژوویيانەی کە پێیدا تێپەڕبوون.

10- **شەڕ:** بەرزترین پلەکانی ململانێی کۆمەڵایەتییە و، لە نێوان دەستەو چینە کۆمەڵایەتییەکان روودەدات، کە جیاوازیان هەیە لە خاوەندارێتیکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان و دەسەڵات. ئەمەش بە گۆڕینی تەرازووی هێزی کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت و لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا.

11- **پێشکەوتن:** واتە هەنگاونان بەرەو پێشەوە، ئەمەش چەمکێکە لە چەمکەکانی گۆڕان و ململانێی کۆمەڵایەتی. بە بۆچوونی ئەم هزرە، پێشکەوتن لە رێگای جوڵەیەکی سێ لایەنی روودەدات کە بریتین لە، شت و دژەکەی و پێکهاتەکانی —ئەنتی شت-. ئەم سێ پێکهاتەیە دەبنە هۆی گۆڕان لە سستەمە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنیان. لە راستیدا ئەم چەمکە لەدیالێکتیکی هیگڵەوە وەرگیراوە، کە بریتییە لە سەرهەڵدانی دیاردەیەکی دیاریکراو و بەدوایدا دیاردەیەکی دژی ئەو و جیاواز لەو، پەیدا دەبێت.

ئەم دووانە لە ململانێی یەکتردا دەبن، تا ئەوکاتەی دیاردەیەکی تر سەرهەڵدەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکێ لە دیاردەکان (کە لە پرۆسەی ململانێدان) یەکبگرێت دژی دیاردەکەی تر و کۆتایی بە ململانێکە بهێنێت، بەمەش کۆمەڵگە بەرەو پێش و پێشکەوتن دەڕوات.

ئەم هزرە بەو شێوەیە تەماشای واقیع دەکات کە دینامیکیە و لە خودی خۆیدا دەگۆڕێت، نەك بووێکی ئەبستراکت بێت. گەڵاڵەبوونی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان تاکەکان و لەناو چینە ئابوورییەکان دەبێتە شت و دژەکەی لە پێشکەوتنی دیالێکتێکی بۆ مێژوو.



پێشکەوتن لە ئەنجامی ململانێ روودەدات نەك هۆکارێك بێت بۆ ململانێ. پێشکەوتن دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوونی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بۆ ئەو تاك و دەستانەی کە لە پرۆسەی ململانێ بەشداریان کردووە. لێرەدا پێشکەوتنی بەشی و پێشکەوتنی گشتی هەیە، ئەمەش دەوەستێتە سەر رادەی توندی ململانێ و رەنگە هەندێکجار پێشکەوتن بەهۆی پێشکەوتنی زانستی یا شۆرشی تەکنەلۆژیا یا هۆشیاری لەبارەی واقیعی کۆمەڵگەوە رووبدات.

12- **زاڵبوون:** واتە زاڵبوونی دەستەیەك یا چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەسەر ئەویتر، لە بەرئەوەی ئەو دەستە یا چینە زاڵە خاوەنی سەرچاوە ئابوورییەکان یا خاوەنی دەسەڵاتە و کۆنترۆڵی ئەو دەستەو پێگە کۆمەڵایەتییانە دەکات کە لەو نزمترن، بە تایبەتی ئەو دەستانەی کە پێگەی کۆمەڵایەتییان دەکەوێتە خوارەوەی پەیژەی کۆمەڵگە.

13- **نفوز:** لە چوار رەگەزی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش: دەسەڵات، زاڵبوون و کێشکردن و کاریگەری کۆمەڵایەتییە. هەموو ئەم رەگەزانە لە پێگەی تاك یا دەستە یا چینی کۆمەڵایەتی سەر پەیژەی کۆمەڵایەتی سستەمی کۆمەڵگە دروست دەبن، ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر جیاوازە. کە هەندێکیان نفوز دەبەخشێت بەو دەستە کۆمەڵایەتیانەی خاوەنی سەرچاوە ئابووریەکان و دەسەڵاتن، وەك چۆن لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەیە. ئەمە بوو کە هەریەك لە مارکس و دارندۆرف روونیان کردەوە، بەڵام هەندێك کۆمەڵگەی تر هەن کە لەسەر بنچینەی بنەماڵەو رەسەنی بنەماڵە لەناو کۆمەڵگەدا نفوز بە تاکەکانی دەبەخشێت، ئەمەش بوو کە ئیبن خەلدون روونی کردەوە و، هەندێ کۆمەڵگەی تر لەسەر بنچینەی کارکردن و بەشداریکردن لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە نفوز بە تاکەکانی دەبەخشێت، وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا هەیە. کەواتە ئەم چەمکە چەمکێکی جیاوازە و بە گۆڕانی جۆری کۆمەڵگەو سستەمی سیاسی و ئابووری باوی کۆمەڵگە دەگۆڕێت.

14- **هاوبەستەیی:** واتە یـەکگرتنی ئۆرگـانی و میکـانیکی نێـوان تاکـەکانی گرووپ، ئەمەش دووجۆرە، یەکەمیان هاوبەستەیی نێوخۆیی نێوانی، واتە لە نێوان ئەندامانی گرووپێك یا چینێك و، ئەویتریان دەرەکی نێوانی، واتـە لـە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و دەشێ هۆکارێك بێت بۆ ململانـێ، وەکو مارکس و دارندۆرف روونیان کردوەتەوە و رەنگیشە ئەنجامێك بێت بـۆ ململانێ، ئەمەش ئیبن خەلدون روونـی کردوەتـەوە. چـەمکی هاوبەسـتەیی لایەنێکـە لـە لایەنـەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی و پەیوەسـتە بـە پرۆسـەی ململانێوە، بەشێوەیەك جـاری واهەیـە پێـشیدەکەوێت و جـاری واش هەیـە دوای ململانێ روودەدات.

15- **بەنامۆکردن یا زەوتکردن (التغریـب او الاستلاب):** لـە مـرۆڤ خـستنی تاك و تواندنەوەی کەسایەتییەکەی و داماڵینی خاوەندارێتی تـاك و دەسـتبە سەرداگرتنی داهێنانەکانی. ئـەم چـەمکە لـەلای مـارکس واتـە لـە مـرۆڤ داماڵینی مرۆڤ، ئەوەتا ئەو کارە زیندووەی کرێکار دەیکات کە لەو کاڵایەی بەرهـەم دێـت گەڵاڵـە دەبێـت و دەکەوێتـە ژێردەسـتی خـاوەنی هۆیـەکانی بەرهەمهێنان وەك کارێکی مردوو لەسەر شێوەی سـەرمایە کەڵەکـە دەبێـت و، دەبێتە موڵك و ماڵێکی نامۆ لای ئەو کەسەی کـە بەرهـەمی هێنـاوە و ئەم کاڵایە خۆ بەسەریا زاڵ دەکات و فشاردەخاتە سەری بۆ گوێڕایـەڵیکردنی یاسا و رێساکانی کە بەسەر کرێکارەکـە دەیـسەپێنێت و ئـەم یاسـایانە نـە شـێوەیان هەیـە و نـە رۆح. کەواتـە بـە نـامۆکردن، واتـە جیاکردنـەوەو دوورخـستنەوەی کرێکـار لـە پرۆسـەی بەرهـەمهێنان و هەسـتنەکردن بـەو داهێنانـە هـزری و تـەکنیکی و ئەقڵیـەی لـە پرۆسـەی بەرهـەمهێنان ئەنجامیـداوە. کەواتـە ئـەم کرێکـارە داهێنانـەکانی زەوت کـراوە و نـوقمی پرۆسەی بەرهەمهێنان بووە لەپێناو بەرهەمهێنانی کاڵا.

16- **شۆڕش:** بریتییە لە بە جوڵەخستنێکی ریـشەیی و سـەرتاپاگیر بـۆ هـەموو رەگەزەکانی گرووپ یا رەگەزەکانی چینی چەوساوە، کە لـە رووی ئـابووری و



دەسەڵاتەوە بێبەشکراوە لەوەی رۆڵی راستەقینەی خۆی بگێڕێت لەناو ژیـانی کۆمەڵایەتیدا. شۆڕش پاش پرۆسەی ململانێ دێت نەك پێش ململانێ.

بـەڵام مـارکس بـوونی شـۆڕش دەگەڕێنێتـەوە بـۆ دوو هۆکـار، یەکـەمیان، بـارودۆخی بابـەتی (وەك بـارودۆخی ئـابووری) و دووەمیـان بـارودۆخی خـودی (بارودۆخی چینی کۆمەڵایەتی و هەستی چینایەتی) کە پێویستە ئەم دوو هۆکـارە پێکەوە یەکگرتووبن بە شـێوەیەکی بـەردەوام لـەپێناو تەقانـدەوەی شـۆڕش. لـە هەندێ حاڵەتدا بارودۆخی ئابووری رەخساوە بۆ گۆڕان، بەڵام چینی کرێکار گونجاو و ئامادە نەکراوە، یـا کاتێـك روونکردنەوەیـەکی چـینایەتی لـەناو کۆمەڵگـەدا هەبێت، واتە ئەندامانی چین ئاگاداری زەوتکردنی بەرژەوەندی و ئامانجـەکانیانن، کەچـی بـارودۆخی بابـەتی گونجـاو و ئامـادە نییـە بـۆ شـۆڕش، بـەڵام کاتێـك پەیوەندییـەکانی بەرهـەمهێنان لـە کێبەرکێـدا نـەبێت لەگـەڵ پێـشکەوتنی کۆمەڵایەتی هێزی بەرهـەمهێنان بـارودۆخی بابـەتی بـۆ شـۆڕش گونجـاوە و لـە ئامادەباشـیدایە. شۆڕشـی سۆشیالیـستی بـە بۆچـوونی مـارکس قۆنـاغێکی گواسـتنەوەیە یـا سـستەمێکی کۆمەڵایـەتی تێهەڵکێـشە لـە نێـوان سـستەمی سەرمایەداری و کۆمۆنیستی راستەقینە.

## 6- پێشەنگانی هزری ململانێخوازی

1- میکاڤیللی
2- کە مبلۆڤیج
3- بیجۆت
4- راتزن هۆڤەر
5- ئۆبن هایمەر
6- پارك
7- مارکس
8- ڤۆڵد
9- زیمێڵ
10- بەرنارد
11- ساموێل
12- دارندۆرف
13- سمز
14- ڤاندەربێرگ

## 7- رەخنەی هزری ململانێخوازی

دوای ئەوەی ئاماژەمان بە هزری ململانێخوازی کرد لە لای زانا کلاسیکییەکان و نوێخوازەکان بۆ ئەوەی خوێنەر وێنەیەکی کاملّی لەسەر ئەم هزرە لا دروستبێت. ئێستاش رەخنەیان لێدەگرین. بەلاّم رێگای رەخنەگرتن لەم هزرە جیاوازە لە رەخنەگرتن لە هزری کۆمەلاّیەتی، کە دواتر باسی لێوەدەکەین. کاتێك بینیمان ئەستەمە رەخنەکان بە یەکەوە یەك بخەین و ئاراستەی ئەم هزرەی بکەین، هەولّماندا بەدوای هەر زانایەك یا بیرمەندێك لە بیرمەندەکانی ئەم هزرەدا بڕۆین و رەخنەی خۆمان ئاراستەی هەندێ لە هزرەکانی بکەین.

### أ- رەخنەی هزری ململانێخوازی لای مارکس

ڕەخنەی هزری ململانێخوازی لای مارکس بەو رەخنانەی کە بیرمەندە کۆمەلاّیەتییە پێشکەوتوخوازەکان ئاماژەیان پێکردووە دەستپێدەکەین، نموونەی ئەو بیرمەندانەش رایت ملز و فاندربرك و تۆماس بۆتۆمۆر.

**ملز رەخنەی لە هزری ململانێخوازی مارکس گرتووە بەم چەند خالّەی لای خوارەوە:**

1- مارکس وێنای ململانێی کۆمەلاّیەتی بۆ کردوین بەوەی هەموو بەشەکانی کۆمەلّگەی مرۆیی دەگرێتەوە، ئەمەش بە دەگمەن روودەدات، بەلّکو تەنها لە کۆمەلّگە سەرمایەدارییەکاندا روودەدات و لە کۆمەلّگە سۆشیالیستیەکان روونادات، بۆیە نابێت ئەم ئەنجامە لەسەر هەموو جۆرەکانی کۆمەلّگەی مرۆیی بگشتێنێت. باشتر وابوو مارکس بۆ لێکۆلّینەوە لە ململانێ زیاتر باسی ئەو دیاردە کۆمەلاّیەتییانەی بکردایە کە زۆر روودەدەن، بۆنمونە: ململانێی کۆمەلّگەی سەرمایەداری لەگەلّ کۆمەلّگەی سۆشیالیستی. لێرەدا ملز (یەکەیەکی راڤەکاری بۆ رەخنە گرتن لە مارکس) دەخاتەروو، واتە مارکس چینی کۆمەلاّیەتی بەکارهێناوە وەك یەکەیەکی راڤەکاری بۆ ململانێ، بەلاّم



ملز یەکەیەکی بەرفراوانتری پێشنیارکرد، ئەویش ململانێی کۆمەلّگەی سەرمایەدارییە لەگەلّ کۆمەلّگەی سۆشیالیستی، کە هەمیشە لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و سەربازیدا روودەدات و ئەم ململانێیە کاریگەرییەکی زیاتری هەیە لە ململانێی چینایەتی.

2- مارکس ململانێی کۆمەلاّیەتی گەڕاندوەتەوە بۆ هۆکاری ئابووری و سستەمی خاوەنداریێتی. ئەمەش بەس نییە بۆ دیارکردنی سەرچاوەی ململانێ کۆمەلاّیەتییەکان، چونکە مارکس باسی سەرچاوەی ژیاری و ئایینی و کۆمەلاّیەتی و کەسی نەکردووە، لێرەدا ملز سەرچاوەی ململانێ کۆمەلاّیەتییەکانی بە پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەلاّیەتی گشتی بەستووەتەوە نەك وەکو مارکس کە بە دوو سەرچاوە بەستویەتیەوە. ملز پێشنیارەکەی بەرفراوانترکرد ئەویش بە زەروری زانینی بەشینەوەی سەرچاوە بونیادخوازەکان بە چینی کۆمەلاّیەتییەوە بۆ روودانی ململانێی کۆمەلاّیەتی. رەگەزەکانی بوونیادخوازی (وەك رەگەزەکانی ژیاری، ئایینی، کۆمەلاّیەتی و کەسی) بەشداری دەکەن لە سستەمی خاوەنداریێتی و فاکتەری ئابووری کۆمەلاّیەتی گشتین.

3- مارکس پێداگیری کردووە لەسەر چەقی ململانێی چینایەتی کۆمەلاّیەتی کە هەردەم لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی چینایەتی وەستاوە. ئەو ناتوانێت ئەمە بگشتێنێت، چونکە لێرەدا دەشێ بەرژەوەندی چینایەتی هەبێت کە مارکس باسی نەکردووە. ملز ویستی بەرژەوەندی دەسەلاّت و زالّبوون کە لەناو بونیادی کۆمەلاّیەتی بە زیندوویێتی هەیە زەق بکاتەوە، ئەمەش وەك سەرچاوەیەکی تری روودانی ململانێی چینایەتی، واتە دەستگرتنی خاوەن پێگە زالّەکان لە رووی دەسەلاّتەوە بە بەرژەوەندیەکانیانەوە، هەروەها هەولّدانی ئەو تاکانەی خاوەن پێگەی لاوازن بۆ بەدەستهێنانی پێگەی بەهێزتر، هەروەها نەجوولاّنی بزاوتی کۆمەلاّیەتی کە رێنادات ئەندامانی چینی کرێکار بەسەر پلەبەندی کۆمەلاّیەتی سەربکەون. هەروەها پارێزگاری لە مانەوەی ئەندامانی چینی دەولّەمەند دەکات لە پێگە بالاّکانیان.

4- مارکس گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی، ئەوە هەردەم روونادات، لە بەرئەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وا هەیە کە سەرچاوەکەی کارلێکی ژیارییە، یا شەڕ و کاریگەرییە تەکنیکیەکانە یا سەرچاوەکەی بوونی دەستەبژێرە کە مارکس ئاماژەی پێ نەکردووە. ملز ویستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ببەستێتەوە بەزیاتر لە هۆکارێك، بە پێچەوانەی ئەوەی مارکس باسی کردووە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەستوەتەوە بەو کۆمەڵگەیانەی کە ململانێی چینایەتیان تێدایە، بەڵام ملز ویستوویەتی چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتربکات، بەشێوەیەك کۆمەڵگەی واهەیە ململانێی چینایەتی تێدانییە وەکو کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، کەچی سەرەڕای ئەویش گۆڕانی کۆمەڵایەتی تێداهەیە کە بە هۆی تێکەڵبوون و کارلێکی ژیاری روودەدات، واتە کارلێکی ژیاری کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لەگەڵ ژیاری کۆمەڵگە سۆشیالیستەکانی تر یا بەهۆی پێشکەوتنە تەکنیکی و داهێنانە نوێکان، یا لە رێگای دەستەبژێر (وەك سەرکردەی پارتەکان، هەروەها سەرکردە هەڵبژێردراوەکانی کۆمەڵگە، سەرکردە سەربازییەکان، بیرمەندەکان، زاناکان، ئەدەبناسەکان) کە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەکانیان دروستدەکەن و پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەرەو پێشدەبەن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ململانێی چینایەتی هەموو شتێ نییە بۆ دروستبوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چونکە کۆمەڵگەی بێ چین هەیە، کەواتە ئەمە مانای وایە ئەم کۆمەڵگەیانە ناگۆڕێن و هیچ فاکتەرێك جگە لە فاکتەری چینایەتی رۆڵنابینێت لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.

ئەم هەوڵەی ملز ئامانجی فراوانکردن و قوڵکردنەوەی گریمانە و پێشبینییەکانی مارکسە بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ چینایەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، چونکە نابێت لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بکرێت و بگشتێنرێت بەسەر کۆمەڵگە سۆشیالیستەکان، هەروەها ئەم سەرچاوەی تری بۆ سەرچاوەکانی مارکس کە باسی کردبوون زیادکرد (ئەوانیش سەرچاوە بونیادخوازییەکانن). هەروەها بازنەی ململانێی



فراوانکردەوە- لە ململانێی چینایەتی بۆ ململانێی کۆمەڵگە- و گشتاندنە تیۆریەکانی مارکسی کەم کردەوە، بەمەش ملز چەند راستییەکی نوێی بۆ هزری ململانێخوازی مارکسی زیادکرد کە لە تیۆرەکەی مارکس ئاماژەیان پێ نەکراوە.

### بەڵام رەخنەی فاندەر برگ ئەوا لەم خاڵانەی لای خوارەوە کورت کراونەتەوە:

1- هزری ململانێخوازی مارکس بە شێوەیەکی گشتی گرنگی داوە بە کۆمەڵگە مرۆییەکان و، ئەو ململانێ کۆمەڵایەتییانەی کە لە نێوان گرووپ و ستەمە کۆمەڵایەتییەکان روودەدەن فەرامۆشکردبوو، چونکە-بە بۆچوونی فاندەربرگ- کۆمەڵگە لە کۆمەڵێك گرووپی جیاواز لە رووی رەگەزو تەمەن و پیشە و هێما و نیشتەجێبوون و کولتوورو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و شۆڕش و هێزو دەسەڵات و نفوز و ناوبانگی کۆمەڵایەتی و میرات و داهات و شتی لەم بابەتە پێکهاتووە و، ئەم جیاوازییانە دەبنە هۆی مومارەسەکردنی رۆڵی کۆمەڵایەتی جیاواز لەناو کایەکانی کۆمەڵگە، کە بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەگەری روودانی ململانێ لە نێوان بەرژەوەندییەکانی ئەم کایانە زۆرە، ئەمەش بەهۆی بوونی دژایەتی لە ئامانجەکانیان و رێگاکانی بەکارهێنانی ئەم ئامانجانە لەسەر ئاستی واقیعی، واتە بوونی زیاتر لەدوو گرووپی دژیەك لەناو کۆمەڵگە کە تێکەڵاوی نییە لە نێوانیان و قەتاوقەت ناکرێ لە کۆمەڵگە ململانێیەك دروستبێت لە رێگەی بوونی دووچینی دژیەك لەبەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، لە کاتێکدا بەرژەوندی تریش هەن: بەرژەوەندی مرۆیی، خودی، سیاسی، ژیاری، بەرژەوەندی دەسەڵات، بیروباوەڕ، جوگرافی، پیشەیی، رەگەزی و، لەم جۆرە شتانە، کە دژی یەکترن و کۆمەڵگە بۆ چەند بەشێکی ناکۆك و دژیەك وبەسەرتەنها دووبەشدا دابەشیدەکەن کە ئەوە لە واقیعی کۆمەڵگەوە دوورە.

2- ئەو فەلسەفە دیالێکتیکیەی کە مارکس بەکاریهێناوە بۆ شیکرنەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی بەسەر دوالیزمی رەگەزەکانی کورتکراوەتەوە، بەجۆرێك کۆمەڵگەی دابەشکردووە بۆ سەر دوو چینی جیاواز و دژیەك، بەڵام لە واقیعدا (شت ژمارەیەکی زۆر و جیاواز لە دژە تەن و ئاوێتە پێکدەهێنێت لە یەك کاتدا) کەواتە بۆچی مارکس کۆمەڵگەی تەنها بەسەردوو چینی دژیەك دابەشکردوە؟

3- پرۆسەی دیالێکتیکی سەرچاوەیەکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی نەك هەموو شتێك بێت، وەکو چۆن مارکس وێنای کردووە. هەروەها باسی بوونیادی کۆمەڵایەتی نەکردووە، لە کاتێکدا ئەو بایەخی نەداوە بە بونیادی کۆمەڵایەتی کە زۆر لە پرۆسەی دیالێکتیکی گرنگترە، چونکە بونیادی کۆمەڵایەتی حاڵەتە ستاتێك و دینامیکیەکان لەخۆ دەگرێت، واتە لەیەك کاتدا دیاردەی ململانێ و هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی تێدا روودەدات. گۆڕانی کۆمەڵایەتی تەنها دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەناو سستەمدا روودەدات. رەنگە گۆڕان لە رێگای چەند هۆکارێکەوە رووبدات کە لە رووی ئامانج و بەرژەوەندییەکانیانەوە جیاوازن، هەروەها ئەم هۆکارانە دەشێ لەسەر شێوەی بەها، هزر، رۆڵ، سستەم، سستەمی گرووپەکان بن، ئەم پێکهاتانەش پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵایەتین. پرۆسەی دیالێکتیکی باس لەسەر دژیەکی و ململانێی بەها کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەت و هزری ئایینی و تیۆرە زانستی و فەلسەفیەکان دەکات. کەواتە ئەمە زیاتر لەدوو رەگەزی بونیادی لەخۆ دەگرێت و دیالێکتیکی رەنگدانەوەی رەگەزەکانی بونیادی کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەکی تەواو و کامڵ. بۆیە باشتر وابوو مارکس پرۆسەیەکی بوونیادخوازی بەکاربهێنێت کە فەزایەکی فراوانترو چالاکترو کاریگەرتری هەبێت لە دیالیکتیکی کۆمەڵایەتی بۆ شیکردنەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.



**بەڵام هزرڤانی ململانێخوازی سەردەم زانای بەریتانی تۆماس بۆتۆمۆر رەخنەی لە هزری ململانێخوازی مارکس گرتووە، ئەویش لەم خاڵانەی خوارەوە کورتکراوەتەوە:**

1- ئەو هەستی چینایەتییەی کە مارکس بەکاریهێناوە لە هزری ململانێخوازیەکەیدا چەمکێکی سەرتاپاگیر و فراوانە، بۆیە باشتروابوو مارکس رەهەندەکانی ئەم چەمکەی بە دەستنیشان کردنێکی زانستیانە و بابەتیانە دیاری بکردایە.

2- مارکس پێداگیری کردووە لەسەر ئەوەی کە هزرەکانی سەرکردە تەنها رەنگدانەوەی هزری چینایەتی تایبەت بە چینەکەیەتی، بەڵام ئەو گرنگی و کاریگەری ئەم هزرەی لەناو کۆمەڵگەدا لە بەرچاو نەگرتووە، واتە ئایا ئەم هزرە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی یا تەنها خزمەتی بەرژەوەندییەکانی چینی فەرمەنڕەوا دەکات، هەروەها تا چ رادەیەك پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەم دەستەیە دەکات و، تا چ رادەیەك بەسەر هزری دەستەکانی ترا زاڵە و پەیوەندی بەبونیادی کۆمەڵایەتی گشتییەوە چییە؟. مارکس باسی هزرە دژەکانی بۆ نەکردووین کە رەنگدانەوەی هزری چینی پرۆلیتاریایە، هەروەها ئاماژەی بە هێزو بەردەوامی ئەم هزرە نەکردووە کە چۆن هەوڵدەدا بۆ دەست بەسەرداگرتنی هزری زاڵ کە چینی فەرمانڕەوا پەرەی پێدەدا، هەروەها تواناکانی ئەم هزرە بۆ لەناو بردن و لابردنی هزری چینی فەرمانڕەوا، لە هەمانکاتدا تواناکانی هزری پرۆلیتاریا بۆ بەگەڕ خستنەوەی هزرەکانی بە شێوەیەك رەنگدانەوەی کۆژان و ئازار و ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم چینە بێت بە شێوازێکی راست و تەندروست، هەروەها تاچەند ئەم هزرە لە توانایدایە پێشەوایەتی هزری کۆمەڵایەتی بکات؟.

3- هزری ململانێخوازی مارکس تەنها لەگەڵ هزری چینایەتی پەیوەست بە چینی پرۆلیتاریا مامەڵەی کردووە، کە بریتییە لە هزری گشتی و گریمانەی دوور لە بەڵگەی زانستی، کەچی هزرەکانیتری فەرامۆشکردوە جگە لە هزری

چینایەتی نەبێت، واتە لێکۆڵینەوەکانی گشتێن و دوورن لە سەلماندنی زانستی و، تەنها تایبەتن بە بارودۆخی چینایەتی نەك شتی تر، بە شێوەیەك ناتوانرێت هزرە ململانێخوازییەکەی لە دەرەوەی چوارچێوەی ململانێی چینایەتی بگشتێنرێت، هەروەها ناتوانرێت هزری ململانێخوازی مارکس لەسەر جۆرەکانی تری ململانێی کۆمەڵایەتی کە لەناو کۆمەڵگەدا روودەدەن پراکتیزە بکەین.

4- مارکس بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی جەختی کردووەتەوە لەسەر دوو سەرچاوە ئەوانیش سەرچاوەی سیاسی و ئابووری و، سەرچاوەکانی تری فەرامۆشکردووە وەك، ژیار و خێزان و ئاین، ئەمە لەکاتێکدایە کە بونیادی کۆمەڵایەتی لە سستەمی سیاسی و ئابووری و خێزانی و ژیاری و ئاینی پێکهاتووە. ئەم سستەمانە پێکەوە بەستراون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، بۆیە جموجۆڵی سستەمێکی دیاریکراو لەم سستەمانە کاریگەری دەبێت لەسەر جموجۆڵی سستەمەکانی تر و، گۆڕانی یەکێکیان کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی سستەمەکانی تری ناو بونیادەکە. ئەمە مانای وایە مارکس پەیوەندی و کاریگەری ئەم دوو فاکتەرەی لەسەر سستەمە بونیادییەکانی تر فەرامۆشکردووە لەڕووی شیکاری و راڤەکارییەوە.

5- مارکس لایەنی دەروونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فەرامۆشکردووە، واتە حەزوو ئارەزوو ویژدان و سۆز و پاڵنەرەکان و پاداشتە کۆمەڵایەتییەکانی پشتگوێ خستووە، ئەمەش کاری کردووەتە سەر دوورکەوتنەوە و نزیك کەوتنەوەی تاکەکان و جووڵەی تاکەکانی کۆمەڵگە.

6- بیرکردنەوەی نەتەوەیی فەرامۆشکردووە و، هیچ گرنگییەکی بە پەرەسەندنی ئەم بیرکردنەوەیە نەداوە لە وڵاتانی جیهان، کە رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دروستبوونی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی نێوخۆیی و، ململانێ کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکانی نێوان نەتەوە جیاوازەکان و، کاریگەری مێژوو و رابردوو



کولتوور و دەمارگیری نەتەوەیی ئەم نەتەوانە لە داگیرسان و روودانی ململانێی نەتەوایەتی. بەڵام هزری ململانێخوازی مارکس لەسەر چینەکان کورت بووەتەوە. ئەوەی زانراوە ململانێی نەتەوەیی ترسناکترە لە ململانێی چینایەتی کە لە نیوەی سەدەی19باو بوو.

7- هزری ململانێخوازی مارکس لەگەڵ ململانێی چینایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری نوێ ناگونجێت، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵگەی سەرمایەداری کۆن دەگونجێت، بەشێوەیەك چینی بۆرژوازی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی چینی پرۆلیتاریا کۆنترۆڵ و و چەوساندبووەوە، چونکە ئەم چینە لاواز بوو- لە سەدەی 19- و هیچ پاڵپشتییەکیان نەبووکە یارمەتیان بدات و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانیان بکات، هەروەها ئەمانە دووچاری خراپترین و پیسترین و توندترین وێنەکانی زەوتکردنی مافەکانیان بووبوونەوە. بەڵام ژیانی چینی پرۆلیتاریا لە سەدەی بیستەم باشتربووە، ئەمەش بەهۆی دروستبوونی سەندیکای کرێکاران و کاریگەری ئەم سەندیکایانە لە بەرگریکردن و پارێزگاریکردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانی کرێکاران، هەروەها پراکتیزەکردنی بنەمای دابینکردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی سستەمەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و، کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی سیاسەتی دامەزراندنی تەواو لە شوێنی کارکردن، هەروەها دابینکردنی هەل بۆ تاکەکانی ئەم چینە تاکو بتوانن خوێندنی ناوەندی و خوێندنی باڵا بەدەست بهێنن و لەسەر ئاستێکی کەم بتوانن پاشەکەوت بکەن.

ئەم بەرەو پێشتر چوونەی بارودۆخی ژیانی کرێکاران بووە هۆی کەم بوونەوەی توندی ململانێی چینایەتی، هەروەها زیادبوونی هۆشیاری رۆشنبیری لای کرێکاران و بەرز بوونەوەیان بۆ پلەی بەرزتر لەسەر پلەبەندی کۆمەڵایەتی، ئەوەش پێچەوانەی بۆ چوونەکانی مارکسە.

8- ئەو بەراوردەی مارکس کردبووی لە نێوان چینی بۆرژوازی و چینی پرۆلیتاریا لە جێی خۆی نەبوو، چونکە بونیادی سستەمی چینایەتی لەسەر سستەمی دابەشکردنی بەشینەوەی خاوەنداریێتی بەتایبەتیش هۆیەکانی بەرهەمهێنان وەستاوە. بەڵام پلەبەندی کۆمەڵایەتی لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان لە بنەڕەتەوە کاریگەر بووە بە سستەمی بەشینەوەی خاوەنداریێتی. کاتێك رووبەرووی هەمەوارکردنێکی زۆر و ئاڵۆز بووەوە، کەواتە لەلایەکەوە گۆڕانکاری گرنگ لە پەیوەندییە مرۆییەکان روویدا کە تایبەت بوو بە خاوەنداریێتی، لە کاتێکدا خاوەنداریێتی پرۆژە پیشەسازییەکان دابەشدەکرێت بە شێوەیەکی فراوان بەسەر ژمارەییەکی زۆر لە خەڵك، کەچی سەرپەرشتی وکارگێڕییەکەی دەکەوێتە دەستی دەستەیەکی کەم و کاتێك ئەوە دەستەبەر نابێت، دەبینین خاوەنداریێتی پرۆژەکان دەکەوێتە دەستی کەسانێك کە خۆیان بەدەستی خۆیان بەڕێوەی نابەن، بۆیە گرنگی خاوەنداریێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان کەم دەبێتەوە، وەك بنچینەیەك بۆ تواناکانی خاوەنی ئەم هۆیانە- ئەمانیش چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو پێکدەهێنن- لە کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی کاروباری حوکم کردن. لەوکاتەوەکە تەشریعاتی نوێ پێکهاتووە لە سنووردارکردنی وردەوردەی مافەکانی خاوەنداریێتی، ئەوا لە لایەکی ترەوە رێکخستنێکی نوێ بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی خەریکە سەرهەڵدەدات، کە لەسەر بنچینەی خاوەنداریێتی نییە، بەڵام لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و ئەنجامەکانی هەوڵدانی تاك و ئەو خەسڵەتانەی خەڵك پێی دەناسرێت بنچینەیەك و پێوەرێك وەردەگرێت و پشتی پێدەبەستێت. لایەنێکیتر ئاسانی گواسترانەوەی تاکەکان لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر بووە هۆی نزیکبوونەوەو گونجانێکی زۆر لە نێوان ئەو رێکخستنەی تاکەکان کە بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتییان دانراوە و لە نێوان ئەو رێکخستنەی کە دەبێ پابەندی بن بەپێی ئەو توانا سروشتیانەی کە هەیانە.



**سەرەڕای ئەوەی سەرەوە، ئەوا**

أ- بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان لە حاڵی حازردا زیادیکردووە و وەکو جاران نەماوە، بە شێوەیەك بووەتە هۆی باشتربوونی ئاستی بژێوی (ئابووری کۆمەڵایەتی) کۆمەڵگە.

ب- گۆڕانکاری لە داهاتی نەتەوایەتی روویداوە.

ح- زیادبوونی خزمەتگوزاری و مسۆگەرکردنی کۆمەڵایەتی (الضمان الاجتماعي)، لە ئەنجامی زیادبوونی داهاتی نەتەوایەتی.

د- مارکس پێیوابوو چینی پرۆلیتاریا جڵەوی حوکم دەگرێتە دەست و زاڵدەبێت بەسەر کۆمەڵگەی سەرمایەداری و، سیتمی چینایەتی لەناو دەبات.

بەڵام بۆتۆمۆر وەڵامی ئەمە دەداتەوە بەوەی، گرنگترین ئەو هۆکارانەی ئەم شتە دەڕەخسێنن، بە ناوەندبوونی سەرمایەیە لە دەستی کەمینە سەرمایەدارەکان، کە ژمارەیان لە کەمی دەدات و، گۆڕانی چینی پرۆلیتاریا -بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرەکان- بۆ سوپایەکی هاوشێوە و گونجاو کە لە کرێکاری نابەهرەمەند پێکهاتووە، هەروەها زیادبوونی کۆژان و ناخۆشی تاکەکانی و ونبوونی چینی ناوەڕاست و لەناوچوونی بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی ئەندامانی و ناچار بوونیان بەهەنگاونان بەرەو پرۆلیتاریا. ئەم هەموو شتەی کە مارکس پێشبینی دەکرد رووبدات، بارودۆخ رێگەی نەدا لە هیچ وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو رووبدات.

9- چینی ناوەند لای مارکس بایەخی نەبوو، بەڵام ئەو زیادەڕۆیی کرد لە گرنگیدانی بە ململانێی نێوان بۆرژواز- پرۆلیتاریا، لەگەڵ ئەوەی دەرکەوت کە چینی ناوەند ئەو کرێکارانەن کە لە نووسینگەکان کاردەکەن، هەروەها ئەو کرێکارانەی لە ژێردەستی بەڕێوەبەری پیشە سەربەخۆکان کاردەکەن، کە مارکس بەو جۆرە لە قەڵەمیان دەدات بەوەی لە رێگای فرۆشتنی هێزی بازوویانەوە دەژین. لە راستیدا ئەمانە هەستێکی چینایەتییان نییە کە بە کرێکارانیان ببەستێتەوە هەموو خەمێکیان تەنها کارکردنە لەپێناو

پارێزگاریکردن لە پێگەی کۆمەڵایەتییان لە بەرامبەر ئەوانیتر و، ڕەنگە هەوڵبدەن تاکو لەوان باڵاتربن.

10- مارکس پێشبینی دەکرد کە چینی کرێکاران ڕێکخراو و هاوشێوە دەبێت لە پلەبەندی پیشەیی و کارە دەستییەکانی و دوور دەبێت لە جیاوازی و ناهاوڕێکی لە ڕووی پیشەیی و باری ئابوورییەوە، بەڵام چینی کرێکاران لە حاڵی حازردا سیمای جیاوازی لە ئاستی پیشەیی پێوەدیارە لە ڕووی بەهرە و توانا و پسپۆڕی پێشەیی و کاری دەستییەوە. سەرەڕای ئەوەش چینی کرێکاران لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکان و لە نێوان ئەو پرۆلیتاریایەی کە مارکس دیاری کردووە وێکناچن. ئەوەتا لە حاڵی حازردا چینی پرۆلیتاریا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هاوشێوە نییە هەرئ فاکتەری سیاسی لەکاتی لێکۆڵینەوەی لە هۆکارەکانی ململانێ شکستی هێناوە.

13- مارکس لە هزرە ململانێخوازەکەیدا پەیوەندی تاکی بە کۆمەڵگای خۆجێیی فەرامۆش کردووە، ئەو کۆمەڵگایەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا کارلێکی لەگەڵدا دەکات، هەروەها ئەو کۆمەڵگایەی کە ڕەنگدانەوەی ژیاری کەمینەیەکی دیاریکراوە یا توخمێکی دیاریکراوە یا ڕەنگدانەوەی پیشە دیاریکراوەکەیەتی.

14- هزری ململانێخوازی مارکس ململانێی نەتەوەکانی بە درێژایی مێژوو فەرامۆش کردووە. تائێرە ڕەخنەی بۆتۆمۆر بۆ هزری ململانێخوازی مارکس کۆتایی دێت و لێرەدا دەگەینە ڕەخنەی کۆتایی، ئەویش ئەوەیە کە مارکسیزم هەڵەی کرد لەو گرنگییە زۆرەی کە بە ململانێی چینایەتی داوە. وادیارە مارکس پەنای بۆ ئەم شتە بردووە لەبەر کاریگەری ئەو بارودۆخە خراپەی کە کارو کرێکار تێیدا ژیاون لە چلەکانی سەرەتای سەدەی 19 ئەو سەدەیەی لە ئینگلتەرا بە چلەکانی برسێتی ناوزەند کراوە. بەوشێوەیە مارکس ململانێی چینایەتی وێناکردووە، ئەم وێناکردنەش لەلای ئەفلاتون هەبووە کاتێ باس لە پێشکەوتنی دەوڵەتی یۆتۆپی و تەنانەت دەوڵەتی



دیکتاتۆریش دەکات لەژێر سێبەری ململانێی دوالیزمی نێوان چینی فەرمانڕەواو چینی بێدەسەڵات. ئەگەر ئەمە ڕاستبێت و ڕوویدابێت لە ماوەیەکی مێژوویی و لە کۆمەڵگاییەکی دیاریکراو، ئەوا نابێت ئەوە ببێت بە یاسایەك و پراکتیزە بکرێت لەسەر هەموو کۆمەڵ و بوونێکی مرۆیی کە لە ڕووی بارووددۆخی زەمەنی و شوێنی جیاوازیان هەبێت، تەنانەت کۆمەڵگا نوێکانیش دابەش نابن بۆ ئەم دابەشبوونە ستاتیك و جۆرییەی سەرمایەداری و کرێکاری، چونکە لە نێوان خودی سەرمایەدارەکان و خودی کرێکارەکانیشدا جیاوازی زۆرو جۆراوجۆر هەیە پێشبینییەکانی مارکس بەوەی کە یەکەم شۆڕشی پرۆلیتاریا ڕوودەدات لە وڵاتێکی پێشکەوتووی پیشەسازی وەك ئەڵمانیا یا ئینگلتەرا لەجێی خۆی نەبوو، کەچی یەکەم شۆڕش لە ڕووسیای قەیسەری ڕوویدا.

لە هەنگاوەکانی داهاتووماندا پێویستە پەردە لەسەر ئەو سەرەتایانە هەڵماڵین کە ڕەخنەکانی هزری ململانێخوازی مارکسی لێوەهاتوون، ئەمەش دەتوانین دابەشیبکەین بەسەر سێ ڕوانگەدا، یەکەم ڕوانگەی ملزی سۆشیالیستییە کە ڕەخنەی لە ململانێی چینایەتی گرتووە و ڕوونیکردووەتەوە کە لە کۆمەڵگە سۆشییالستییەکان ڕوونادات. خۆزگە مارکس لە بۆچوونەکانیدا فەزایەکی فراوانتر و چوارچێوەیەکی گەورەتری وێنا دەکرد بۆ ململانێ، کە ئەویش ململانێی سەربازگەکانی (سەرمایەداری و سۆشیالیستی) یە. لەم ڕوانگەیەوە لە دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی ململانێی چینایەتی ملز بڕوای بەوەستاوی گۆڕانی کۆمەڵگە نییە، چونکە ئەو پێیوایە کۆمەڵگەکان لە گۆڕانێکی بەردەوامدان. کۆمەڵگە سۆشیالستیەکان کە دوورن لە ململانێی چینایەتی، ئەوا پرۆسەی گۆڕانی تێدا ناوەستێت، بەڵکو لەگۆڕانی بەردەوام دەبێت لە بوارەکانی تری، وەك خوێندن، تەندروستی، تەکنەلۆژی، ژیاری و، هیتر. بەشێوەیەك کۆتایی هاتنی ململانێی چینایەتی لەم کۆمەڵگەیانە نابێتە ڕێگر لە بەرامبەر سەرهەڵدانی شۆڕشی کولتووری یا شۆرشکردن دژی نەخوێندەواری، یا شۆڕشی تەندروستی یا تەکنەلۆژی یا شۆرش لە

بواری تردا، ئەم شۆڕش و گۆڕانانە لە ڕێگای دەستە بژێرکانەوە (واتە سەرۆکی پارتەکان و بیرمەندەکان و زاناکان و ئەدەبناس و کادری ڕێکخستنە پێشکەوتووەکان)ەوە دەبێت یا لە ڕێگای تێکەڵبوونی ژیارەکان، واتە تێکەڵبوون و کارلێککردنی کۆمەڵگە سۆشیالیستەکان هەریەك لەگەڵ ئەوانی تر. هەروەها وەرگرتنی شارەزایی لە پراکتیزەکردنی سستەمی سۆشیالیزمی یا لە ڕێگای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا. ئا لەم روانگەیەوە ملز رەخنەی لە هزری ململانێخوازی مارکس گرتووە. ئەو بیرمەندێکی ململانێخوازە، بەڵام نەك بە تێگەیشتنێکی مارکسیزمیانە.

ڕوانگەی دووەم بونیادخوازییە، هەریەك لە ملز و فاندربرگ و بۆتۆمۆر لەم روانگەیەوە دەستیان پێکرووە. پێداگیریان کردووە لەسەر بەستنەوەی ململانێی چینایەتی بە هەموو پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەی کە مارکس فەرامۆشی کردبوو.

بەڵام روانگەی سێیەم پێشکەوتنخوازییە، بۆتۆمۆر لەم روانگەیەوە دەستی پێکردوە. ئەو ئەم بارودۆخە پێشکەوتووەی بەکارهێناوە کە لەم دواییەدا کۆمەڵگە بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو بۆچوون و پێشبینیانەی مارکس بەهەڵە بخاتەوە کە سەبارەت بە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی چینەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەیبووە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و. سەلماندنی ئەوەی کە ئەم بۆچوون و پێشنیارانە کە مارکس پێشبینی کردبوون لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری چینایەتی سەدەی بیستەم ناگونجێن.

ئەوەی پێویستە لەم باسانەماندا ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە هزری ململانێخوازی مارکس رەنگدانەوەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی چینی پرۆلیتاریا بوو، ئەو چینەی کە لەژێر سستەمی سەرمایەداری چەوسێنەردا ژیاوە لەسەدەی 19. بەڵام ئەم رەخنانە لە سەدەی بیستەم گیراون، لە کاتێکدا کۆمەڵگە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینیوە، هەروەها ئەم پێشکەوتنانە بوونەتە هۆی ئەوەی چینی پرۆلیتاریا بەرگری لە مافەکانی بکات لە ڕێگای سەندیکاو پارتەکانییەوە و، زیادبوونی هۆشیاری



چینایەتی و هۆشیاری کولتووری و، بەرەو باشترچوونی بارودۆخی تەندروستی و رۆشنبیری، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە کە سستەمی سەرمایەداری لە ناو بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکاندا بەهۆی ئەو بارودۆخە باشەی کە دروستبووە نەماوە، هەروەها مانای وانیە کە چینی پرۆلیتاریا بەرژەوەندی و مافەکانی کە زەوتکراوە لەلایەن خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان خۆشبووبێت، چونکە هێشتا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان جێگیرو وەستاوە بە بێگۆڕان، لە کاتێکدا هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی زۆرخێرا پێشکەوتووە. ئەمەیە مارکس جەختی لەسەر کردووەتەوە لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان کە بۆتە هۆی دروستبوون و باوبوونی ململانێی چینایەتی، بەڵام بەهەمان توندی نییە کە مارکس وەسفی کردوون.

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، دەتوانین ئەو دیاردانەی کە پاڵیان بە بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانەوەنا بۆ ئەوەی رووی رەخنەیان بکەنە سەر هزری ململانێخوازی مارکس، سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی بێ چینی سۆشیالیزم و، دەرکەوتنی ململانێی فروانتر لە ململانێی چینایەتی، وەك ململانێی سەربازگەی سەرمایەداری و سۆشیالیستییە، هەروەها ململانێی نەتەوەکان و زاڵبوونی داگیرکەران بە سەر وڵاتە بچووکەکان. هۆی گرنگیدانی بیرمەندە ململانێخوازە — نوێخوازەکان بەم ململانێ نوێیانە زیاتر لە ململانێی چینایەتی، ئەوەیە کە ئەم ململانێیانە گرنگن لەبەر چارەنووسی نەتەوەکان و کۆمەڵگەکان کە فراوانتر و ترسناك ترن لە ململانێی چینایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە نەبووە هۆی فەرامۆشکردنی ململانێی چینایەتی لە هزری ململانێخوازیدا، بەڵکو بیرمەندە ململانێخوازەکان ویستیان هەنگاوی زیاتر بنێن گەورەتر لە مارکس، ئەوەش لە ململانێی چینایەتییەوە بەرەو ململانێی نەتەوایەتی و سەربازگەیی و تەکنەلۆژیی. ئەمەش پێشکەوتنێکە کە لە هزری ململانێخوازییدا روویدا و وایکرد بە جێگیری و ستاتیکی نەمێنێتەوە. لە راستیدا ئەمە بریتییە لە کارلێککردنیان — بیرمەندە نوێخوازەکان — لەگەڵ رووداوە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان، نەك خولانەوە لەناو رووداوەکانی سەدەی 19.

نابێت ئەوەمان بیربچێت کە پێشکەوتنی هزری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵناسیدا بووە هوێ دەرکەوتنی چەندین بیرمەندی ململانێخواز، ئەوانەی کە رەهەندی زۆریان پێشکەش بە هزری ململانێخوازی مارکسی کردووە. ئەو بیرمەندانەی ململانێیان بەستەوە بە پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی (سیستەمی سیاسی و ئابووری و خێزانی و کولتووری و ئاینی) نوێ و، کاریگەری ئەمانە لەسەر ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی تر، جا ئەو ململانێیە چ ململانێی چینایەتی یا هزری یا ئاینی یا کولتووری بێت. ئەمە وایکرد کە تەنها خۆنەبەستنەوە بە ململانێ چینایەتییەکان.

هەروەها ئەم زانایانە هەوڵیانداوە لایەنی دەروونی ململانێ بخەنە روو و گرنگییەکی زۆریان پێداوە و بوە بە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی خەڵکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستبکەن یانیش بە پێچەوانەوە، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانیان خێرایە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتووری زۆر.

لەم رووەوە پێوستە ئەوە روون بکەینەوە ئەو وێناکردنە وردەی کە مارکس بۆ ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و لەسەدەی 19کردوویەتی بەرگریکردنێکە لە مرۆڤایەتی، لەو رووەوە کە بەرگری دەکات لە مافە زەوتکراوەکانی کرێکاران و خستنەڕووی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییان لەو کاتانەی ئەم چینە پشت و پەناو رزگارکارێکیان نەبووە کە بەرگریان لێبکات و هاوشانیان بوەستێت لەوکاتانەی سەرمایەداری گەیشتبووە چڵەپۆپەی هێزو دەسەڵاتی. ئەمە وێناکردنێکی شیکاری و بابەتیانە و زانستی و مرۆڤانەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا ناتوانین هزرەکانی بەبێ گفتوگۆ لەسەرکردن و تاوتوێکردنی وەربگرین، هەروەها ناتوانین هزرەکانی بەکاربهێنین وەکو راستییەك تا پراکتیزە بکرێت بەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ سروشتی بونیادی کۆمەڵایەتی کە لەو کۆمەڵگەیانەدا باوە، بۆ نمونە مارکس هەستی نەتەوایەتی و ئاینی و بەهاکانی لەبەر چاونەگرتووە لەگەڵ ئەوەی



کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر رووداني ململانێ لە کۆمەڵگە ناپیشەسازییەکاندا. لە کاتێکدا هزرەکانی چڕکردووەتەوە بەسەر ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگە پیشەسازییە سەرمایەدارەکان، ئەمەش کەم و کورتییەکی تیۆریە و ناتوانرێت بگشتێنرێت لە ماوەیەکی زەمەنیدا وەکو رێسایەکی تیۆری گشتی و سەرتاپاگیر لەسەر هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان. هەروەها ئەو گریمانانەی داینابوون، ململانێ کۆمەڵایەتی-ناچینایەتییەکانی— لە کۆمەڵگە بێ چینەکان و باشتربوونی بارودۆخی کومەڵایەتی و ئابووری چینی کرێکاران لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری نەگرتەوە، کە ئەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی رووداني شۆڕش دژی چینی بۆرژوازی و، چڕکردنەوەی پلەبەندی کۆمەڵایەتی لەسەر هۆکاری ئابووری بەبێ ئاوەڕدانەوە لە دەسکەوت و پسپۆڕییە پیشەییەکانی بۆ دیاریکردنی ئەم پلەبەندییە و، دانانی نووسەرو زاناو ئەندازیارو پزیشکەکان بە بەشێك لە چینی کرێکاران. ئەم دابەشکردنەی پشت ئەستوورە بە داهات و ناخاوەندارێتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان. هەروەها مارکس ئەوەی لەبەر چاونەگرتبوو کە ئەمانە هاوهۆشیاری چینایەتی ناکەن لەگەڵ چینی کرێکاران و، هەر ئەم شتەشە وادەکات بارودۆخی ژیانیان جیابێت لەگەڵ ئەندامانی چینی کرێکاران. هەموو ئەم تێبینیانە هزری ململانێخوازی مارکس لە کاتی داڕشتنی تیۆرەکەی رەچاوی نەکردبوون و گرنگی پێنەدابوون.

لە لایەکی ترەوە، ئەوەی سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان کە لە رێگای ململانێی چینایەتییەوە دروستدەبن دوای ئەوەی چینی پرۆلیتاریا فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە بەدەستەوە دەگرێت دەوەستن و، چینی بۆرژوازی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لەناودەبات، بەڵام ئەم پێشبینیە جێبەجێ نەبووە تەنها لە رووسیای قەیسەری نەبێت. لە کاتێکدا ملز نوێنەری هزری ململانێخوازی بوو، هزری ململانێخوازی مارکسی بەکارهێنا و پراکتیزەی کرد لەسەر کۆمەڵگە سۆشیالیستەکان، بەڵام گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لە دوای کۆتایی هاتنی ململانێی چینایەتی نەوەستان، بەڵکو گۆڕانەکان بەردەوام بوون بەشێوەیەکی بەشی نەك ریشەیی.

بەڵام فاندنبرگ لە رەخنەکەیدا هەوڵیدا لە رێگای دوالیزمی فراونکردنی دیدگای دیالێکتیکی لای مارکس شتی زیاتر روونکاتەوە بەوەی دیالێکتیکی تەنها بەسەر دوو شتی دژیەکدا چڕنەکرێتەوە، بەشێوەیەك روونیکردەوە کە شتێك ژمارەیەك دژ و پێکهاتە دروستدەکات. فاندنبرك لە رەخنەکانیدا پشتی بەستووە بە بەرفراوانکردنی چەمکی بەرژەوەندییەکان و سەر تاپاگیرکردنی بەوەی هەموو فاکتەرەکانی تریش لەخۆ بگرێت جگە لە فاکتەری ئابووری، وەك سیاسی و مرۆیی و ژیاری و پیشەیی و رەگەزپەرستی و هیتر. بەڵام رەخنەی بۆتۆمۆر ئەوەیە کە هەوڵیدا گفتوگۆ لەگەڵ مارکس بکات لە رێگای ئەو روانگە هاوچەرخانەوە کە لە سەدەی بیستەم روویانداوە و، فەرامۆشکردنی ئەو ململانێ نەتەوەییانەی کە باوبووە لەوسەردەمەی مارکس تێیدا ژیاوە، هەروەها کورتکردنەوەی ئەو چەمکانەی بەکاریهێناون بۆ دەستنیشانکردنە وردەکانی وەك هەستی چینایەتی و سەرچاوەکانی ململانێ.

بەڵام ئەو شتەی کە دەتوانین بە هۆیەوە رەخنە لە ملز و فاندنبرك و بۆتۆمۆر بگرین ئەوەیە کە ئەمانە لە سێ گۆشەی جیاوازەوە رەخنەکانیان سەرچاوەی گرتووە، کاتێك رەخنەیان لە هزری مارکس گرتووە. ئەو هزرەی وەسفی دیاردەی ململانێی چینایەتی کردووە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و لە سەدەی 19، بەشێوەیەك ملز هزری ململانێخوازی مارکسی بە سروشتی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی پێواوە، گوایە ئەم هزرە گۆمەڵگا سۆشیالیستییەکانی نەگرتووەتەوە، بۆیە ئەم رەخنەیە لەم بوارەدا ناتوانرێت وەربگیرێت. بەڵام رەخنەی فاندنبرك لە گۆشەی بونیادخوازییەوە دەست پێدەکات ئەمەش دژی هزری ململانێخوازییە، بەڵام بۆتۆمۆرە پێشکەوتنە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێناوە کە بەسەر کۆمەڵگەی پیشەسازی سەرمایەداری نوێدا هاتوون لە سەدەی بیستەم و، وەکو ئامرازێك بەکاری هێناوە بۆ رەخنەگرتنی لە واقیعی چینەکۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی 19و لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان، ئەمەش پێچەوانەی بنەما رەخنەییەکانە لە میتۆدی کۆمەڵناسیدا.



زێتر لەوە، هەوڵیاندا هزری ململانێخوازی مارکس پەیوەست بە ململانێی چینایەتی لەسەر کۆمەڵگە جیاوازەکان و لە ماوەی زەمەنی جیاواز پراکتیزە بکەن، بە ئامانجی سەلماندن یا نەسەلماندنی هزرە ململانێخوازییەکانی مارکس. ئەم دوو ئامانجە ئەوانی گەیاندە ئەوەی هزری ململانێخوازی مارکس نەگشتێنن بەسەر هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان لە ماوەی زەمەنی جیاوازدا. جگە لەمانەی سەرەوە رەخنەی ئەم زانایانە لە رێگای پراکتیزەکردنی هزری ململانێخوازی مارکس دروستبووە لەسەر ئەو ململانێیانەی کە لە کایە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان میکرۆ (گرووپە بچووکەکان، ستەمە کۆمەڵایەتییەکان) و ئەو ململانێیانەی (لەکایە کۆمەڵایەتییە گەورەکان) مایکرۆ (ململانێ گەردوونیەکان، نەتەوەییەکان) دا روودەدەن. لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەکانی مارکس دەربارەی چینەکانە کە شوێنێکی ناوەندی داگیردەکات لە نێوان (میکرۆ و مایکرۆ) و، ئەمەش هەڵەیەکی ترە کە ئەم زانایانە تێیکەوتوون، بە شێوەیەك باشتروابوو ئەمانە دیاردەی ململانێی چینایەتی لەکۆمەڵگا سەرمایەدارە هاوچەرخەکان بەکاربهێنن و بەراوردی بکەن لەگەڵ بارودۆخی چینە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی 19. ئەمەش لەژێر رۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوەیەی مارکس کە لەم بارەیەوە کردوویەتی، بەمە دەگەیشتنە ئەنجامێکی وردتر و سیفەتێکی زانستی و روونتری دەبوو، هەروەها رەخنە گرتن لە یەك رووەوە نەك لە چەند روویەکی جیاواز وەکو چۆن لە رەخنەکانیاندا ئەم جیاوازیە بەدیدەکرێت، بەجۆرێك کە جیاوازی و ناپوختەیی پێوەدیارە و ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت.

## ب- رەخنەی هزری ململانێخوازی لای زیمێل

زیمێل لە هزرە ململانێخوازیەکەیدا چەمکێکی ئاژەڵی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، ئەویش غەریزەیە، ئەمە مانای وایە پاڵنەری ئاژەڵی رەفتار و ئاکارێکی ئاژەڵی بەرهەم دەهێنێت. بە پشت بەستن بەم دەرەنجامە و بەپێی بۆچوونی زیمێل کەواتە ململانێ

دیاردەیەکی ئاژەڵییە و، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کاتێك ئەو جەخت لەسەر ئەرکە پۆزەتیڤە- کۆمەڵایەتییەکانی ململانێ دەکاتەوە، واتە ململانێی غەریزی تەنها کاولکردن و تێکدان دروستدەکات و هیچ لایەنێکی پۆزەتیڤی نییە.

ڕەخنەی تر کە دەتوانین ڕووبەڕووی هزری ململانێخوازی زیمێڵی بکەینەوە ئەوەیە کە ئەم توانا ئەقڵیەکان و پاشماوە هزریەکانی مرۆڤ بۆ ئاراستەکردن و گۆڕینی ڕەفتارە غەریزیەکانی فەرامۆشکردووە، بەشێوەیەك هیچ گرووپێکی کۆمەڵایەتیمان نەبینیوە لە کۆمەڵگەی مرۆیی کە توانا هزری و ئەقڵیەکانی خۆی بەکارنەهێنابێت بۆ داڕشتنی ئامانجەکانی کۆبوونەوەو هۆکارەکانی ڕێکخستنی خۆیان، هەروەها هیچ کۆبوونەوەیەکی مرۆیی نییە لەسەر بنەمای بوونی غەریزە وەستابێت. ئەگەر غەریزەی دوژمنکاری هۆکارێك بێت بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی، ئەوا غەریزەیەکی تر دژی ئەو هەیە کە هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەویش غەریزەی کۆبوونەوە و هاوکارییە. لێرەدا زیمێڵ وای دادەنێت کە پەیوەندییەکانی مرۆڤ وەستاوەتە سەر غەریزە، ئەقڵ یا بۆماوە هزریەکان و، پێویستیەکانی مرۆڤ بۆ هاوکاری و پێکەوە ژیان بوونیان نییە. ئەم شیکردنەوەیە شیکردنەوەیەکی ڕەمەکی و رووکەشە بۆ دیاردەی ململانێی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر هەوڵماندا ئەو شیکردنەوانەی زیمێڵ بۆ پەیوەندییە غەریزیەکان لەناو کۆمەڵبوونە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستادا ببینین، ئەوا هیچ کۆبوونەوەیەکی وەکو ئەمەی زیمێڵ باسی کردووە نابینین، چونکە بۆنمونە: ڕێکخستنە فەرمییەکان لەسەر بوونی پەیوەندییە غەریزییەکان دروستنەبوون، بەڵکو لەسەر بوونی ئامانجی پێگەیشتوو و عەقڵانی و روون و ئاشکرا دروستبووە، کە خزمەت بەهزر و بەرژەوەندی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ دەکات، نەك لەسەر بوونی غەریزە ئەم پەیوەندییانە دروست بووبێت. زیمێڵ چۆن ململانێی چینایەتی و ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی شیدەکاتەوە، ئایا ئەمانەش غەریزین؟ جیاوازییە ئابووری و ئایدیۆلۆژییەکان لە کوێن؟ ئایا کۆمەڵگەی مرۆیی دەتوانێت



بەهۆی دووژمنکارییە تاك خوازییەکان کە لەسەر مۆتیڤی غەریزەی دووژمنکاری و خۆشەویستی وەستاوە بگۆڕێت ؟. لە راستیدا غەریزەی دوژمنکاری جیاوازە بە جیاوازی تاکەکانی. ئەی باشە چۆن هەموو ئەم تاکانە کۆدەبنەوە و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دوژمنکارانەی ململانێخواز دروستدەکەن کە یەك هەڵوێستی دوژمنکارانەیان هەیە لە رووی پلەوجۆرەوە؟ و چۆن ململانێ شتی کۆمەڵایەتی و پۆزەتیڤ دەبەخشێت؟ ئەگەر هاتوو سەرچاوەکەی غەریزیی بێت؟ لەکاتێکدا شتی پۆزەتیڤی تاکخوازی هەیە، وەکو گوزارشتکردن لە حەسودی یا دڵ پیسی و دڵەراوکێ و کەڵەکەبوون و شاردنەوەی فشارە دەروونییەکان.

ئەگەر یەکێ لەسوودەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی-پۆزەتیڤی و یەکێتی و یەکگرتن بێت لە نێوان ئەو گرووپانەی دەکەونە ژێر کاریگەری پرۆسەی ململانێوە، ئەوا ئەم یەکگرتن و یەکێتییە کاتیی دەبێت نەك هەمیشەیی، واتە ئەمە نەبەستراوەتەوە بە ماوەی ململانێی نێوان لایەنە ناکۆکەکان و ئەمەش ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ لایەنە نێگەتیڤەکانی ململانێ، وەکو تێکدان و کاولکردن و لێکترازان و لەناوبردنی ڕەگەزە مرۆییەکان سودێکی کۆمەڵایەتی کاتی و کەمی دەبێت.

ئەوەشمان بیرنەچێت کە وا دابنێین ململانێ لە هەموو حاڵەتەکاندا دروستکارە، چونکە رەنگە ئەم ململانێیە دروستکار بێت بۆ گرووپی سەرکەوتوو لە پرۆسەکە و رووخێنەر بێت بۆ گرووپی سەرنەکەوتوو کە لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە لەم پرۆسەیە زیانی پێگەیشتووە، کەوا بێت ئەم پرۆسەیە دروستکار و روخێنەرە لە هەمانکاتدا، بەپێچەوانەی بۆچونی زیمێڵ کە پێیوایە پرۆسەیەکی بە تەنها دروستکارە.

هەروەها دیاردەی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی-نێوخۆیی بۆ گرووپی سەرکەوتوو کاتییە، واتە بەستراوەتەوە بە ماوەی دریژەکێشانی ململانێکە و لەدوای پرۆسەکە بە ماوەیەکی کەم دابەشبوونی نێوخۆیی و جیاوازی و ناکۆکییەکان سەرهەڵدەدەن، ئەمەش بەهۆی بوونی بەرژەوەندی یا حەزوئارەزووە تایبەتییەکانی تاکەوەدەبێت کە بە یەکێ لە کاریگەرییەکانی پرۆسەی ململانێ دادەنرێت.

ململانێی نێوان گرووپە بچووکەکان کە زیمێلٚ ئاماژەی پێکردووە کاتییەو لە هەموو حاڵەتێکدا لە بونیادی کۆمەڵایەتی گشتیدا بۆماوەیی نییە. دەتوانرێت ئەم ناکۆکی و ململانێیانە لەناو ببرێن لە رێگای جیاوازی سستەمەکانی کۆمەڵگەوە، کاتێك سەرچاوەی ململانێ بریتی بێت لە غەریزە کە ئەویش سیفەتێکی ئاژەڵییە وەکو پێشتر باسمان کرد، ئەوا سروشتی ئادەمیزادی کاردەکات بە بەردەوامی لەسەر ئەم غەریزەیە تا هێووری بکاتەوە و بە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبووندا تێپەڕی بکات بۆ ئەوەی ببێ بە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی (خاوەن ئەقڵ و بیرکردنەوە و لۆژیك و بۆ ماوەیی کۆمەڵایەتی) نەك ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی کە بەهۆی غەریزە بۆ ماوەییەکانیەوە ئاراستە و کۆنترۆڵ کرابێت.

هەروەها چۆن توێژەرێکی زانستی دەتوانێت غەریزە بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و تاقیکارییەوە و بیسەلمێنێت کە ئەمە هۆیەکە بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی؟. لە کۆتاییدا هزری ململانێخوازی زیمێلٚ چڕبۆتەوە لەسەر ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی تاکەکان، کە ململانێی چینایەتی و رێکخستنەکان و ململانێ دەرەکییەکانی کۆمەڵگەی فەرامۆشکردووە.

### ج- رەخنەی هزری ململانێخوازی لای دارندۆرف

هزری ململانێخوازی دارندۆرف لەرێی نووسینەکانی هەندێ بیرمەندی بونیادخوازی-نوێخواز کە بە جانتن ترنەر دەستپێدەکەین. ترنەر دەڵێت: (لێکۆڵینەوەی دارندۆرف بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەکانی بۆ رێکخستنە کۆمەڵایەتییە پیشەسازی و ئاڵۆزەکان لە رووی پێکهاتە و بوونی رۆڵی وەزیفی جیاواز بۆ دامەزراوە هەرەوەزی و زۆرەملێکانەوە. ئەو باسی نەکردووە بۆچی و چۆن ئەم جۆرە ململانێیانە لەناو بونیادی رێکخستنەکان روودەدەن، لێرەدا کێبەرکێ لە نێوان ئەندامانی رێکخستنەکە دروست دەبێت کە



ئەمە ئەوەندەی بە ناکۆکییەکی نێوان پێگە رێکخراوەییەکان دادەنرێت ململانێیەکی کۆمەڵایەتی نییە.

وێڕای ئەوەش، دارندۆرف گرنگی داوە بەدەسەڵات و نفوز و ملکەچبوون وەکو سەرچاوە بۆ ململانێ و سەرچاوەکانی تری وەك (سیاسەت و ئابووری و رەگەز و، نەتەوە و، نیشتمانپەروەری و، ئایدیۆلۆژیا)ی فەرامۆشکردووە. هەروەها ئەم بەتەواوی چەمکەکانی سەرچاوەی ململانێی لای خۆی دەستنیشان نەکردووە کە بووەتە هۆی دروستبوونی کەم و کوری هزری، بە شێوەك ئەو لە هزرەکەیدا چەمکەکانی بەکارهێناوە بەشێوەیەکی چۆنی و نارێك، هەروەها ئەم چەمکە بەکارهاتووانە ناوەرۆکی فراوان و بێسنووریان هەیە، ئەمە یارمەتی دارندۆرفی نەداوە بۆ ئەوەی بەکاریبهێنێت وەکو هۆکارێکی کاریگەر لەسەر پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

**بەڵام پێرسی کۆهن لەو خاڵەی کە دارندۆرف پرۆسەی ململانێی بەستووەتەوە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کردوویەتی بە سەرچاوەیەك بۆ روودانی ئەم گۆڕانانە رەخنەی لێگرتووە. پێرسی ئەم شتانەی لای خوارەوەی خستووەتە روو:**

1- ململانێ تەنها و بەزەروورەت نابێتە هۆی گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەو گۆڕانانەی لە بونیادی کۆمەڵایەتی دروستدەبن دەبنە هۆی ململانێ.

2- ئەگەر ئەمە رووبدات و ململانێی کۆمەڵایەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست بکات، ئەوا هەموو جۆرەکانی ململانێ نابنە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

3- لەهەندێ حاڵەتدا ململانێ دەبێتە هۆی یەکێ لەو کۆسپانەی دێتە بەردەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان.

4- ئەگەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەهۆی ململانێوە رووبدات، ئەوا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە کوێ و کەی ململانێکە روویداوە.

بەڵام ئەڵفن باسکۆف لە ڕێی ئەم قسانەوە (هەموو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی جۆراوجۆر و جیاوازی هەیە کە بارودۆخی بونیادی کۆمەڵایەتییەکەی بەسەریان دەسەپێنێت و ئاراستەی دەکات بۆ دارِشتن و دەستنیشانکردنی جۆری تایبەت لە پێگەی سەرکردایەتی و دەسەڵات و پێشەوایی و ملکەچکردن و، هەر جۆرێك لەم پێگانە بەرژەوەندی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەیە، ئەمەش بەڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ و دەستنیشانکردنی جۆری ململانێکە) ڕەخنەی لە دارندۆرف گرتووە. لەم ڕوانگەیەوە ناتوانرێت ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دارندۆرف بگشتێنرێت بەسەر هەموو جۆرەکانی ململانێ و بەسەر هەموو جۆرە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتییەوە. بونیادخوازێکیتر ڕەخنەی لە دارندۆرف گرتووە، ئەویش (پیتەر ونکرت) ە کە دەڵێت: (ململانێ لەلای دارندۆرف لەڕێگەی پەیوەندییەکانی ڕۆڵە ڕێپێدراوەکانی ڕێکخستنەوە دەردەکەوێت و، ئەمەش پرسیارێك لەلامان دروستدەکات، چۆن ئەم ڕۆڵە ڕێپێدراوەنە هەڵدەستن بە کاملکردن و گونجان و هاوسەنگی پێگەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و، لەهەمانکاتدا هەڵدەستن بەدروستکردنی ململانێ و ناکۆکی؟ هەروەها ونکرت دەڵێت: دارندۆرف حەزوئارەزوو سۆزی تاکەکانی بەسەرچاوە داناوە بۆ ململانێ، ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانیەتی بۆ ڕۆڵ و پێگەکانی ڕێکخستن. کەواتە لە نێوان حەزوئارەزووە کەسییەکان و مەرج و پێداویستیەکانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە فەرمییەکان ململانێ هەیە.

دەتوانین بڵێین: دارندۆرف دوو پێگەی سەرەکی دانا بۆ بونیادی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، ئەوانیش پێگەی سەرکردایەتی و پێشەوایی کردنە، هەروەها ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی لە نێوان ئەم دوو پێگەیە وێناکردووە و، لەهەمانکاتدا ئامانجەکانی ڕێکخستن و پلەی کاریگەریەکەی لە فەرمانڕەواییکردن فەرامۆشکردەوە، کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە هەوڵدەدات دیسانەوە سیاسەتی دەرەکی و ئەو هێزەی ئەم سیاسەتە هەیەتی بۆ



جووڵە پێکردنی ڕێکخستنەکە بەرەو ئاراستەی دوور، دوور لە چەقبەستنی لەلایەك و دوور لە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ترەوە فەرامۆش کردووە. هەروەها پشتگوێ خستنی ئەوەی تا چەند ئەو ڕێکخستنە سەرکەوتووە لە بەدەستهێنانی ئەندامی نوێ. هەموو ئەم هۆکارانە دارندۆرف پشت گوێیخستبوون، لەکاتێکدا کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لە دوورخستنەوەی ئەم دوو پێگەیە (سەرکردایەتیکردن و پێشەواییکردن) لە ململانێ و ناکۆکی.

سەرەڕای ئەوەیش، دارندۆرف ململانێ دەرەکییەکانی پشتگوێ خستوە، واتە ئەو ململانێیانەی لە نێوان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان ڕوودەدات و جەختی لەسەر ململانێی نێوخۆیی کردووەتەوە لەناو هەمان ڕێکخستندا، هەوەها جەختی کردووەتەوە لەسەر ڕادەی کاریگەری ئەم ململانێ نێوخۆییانە لەسەر دیاریکردنی توندی ململانێ دەرەکییەکان. هەروەها ململانێی چینایەتی و نەتەوەیی و ڕەگەزی و هیتری لەم شێوەیە کە ڕوودەدات لەناو کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازی فەرامۆشکردووە، کە لێکۆڵینەوەکەی جەختی لەسەر دەکردەوە.

### د- ڕەخنەی هزری ململانێخوازی لای لویس کۆزەر

**لەڕێگەی نووسراوەکانی جۆناتان ترنەر ڕەخنە لە هزری لویس کۆزەر دەگرین. ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوە:**

1- کۆزەر تەنها لایەنە پۆزەتیڤەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی ڕوونکردوەتەوە، کە ئەوەش دەبێتە هۆی هاوبەستەیی نێوخۆیی لەناو گرووپی بەشداری ناکۆکییەکە، هەروەها دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکێتی لە نێوان گرووپەکانیتر کەدەکەونە ژێر کاریگەری پرۆسەی ململانێوە. بەڵام کۆزەر لایەنە نێگەتیڤەکانی ململانێی پەردە پۆشکردووە، وەك ئەوەی چۆن گرووپێك لە گرووپەکانی بەشدار لە ململانێ لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی لاببرێت، یا تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای گرووپە بەشدارەکان لە پرۆسەی ململانێ، ئەو زەرەروزیانە ماددیانەی کە گرووپی سەرکەوتوو دووچاری

هاتووه و، تێکچوون و شێواندنی جێگیری و هاوبەستەیی پێکهاتەکانی بوونیادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی گشتیدا، هەروەها تێکچوونی ئەرکەکانی سستەمە کۆمەڵایەتییەکان.

2- ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە کاریگەری هەیە لەسەر توندی ململانێ روون و ئاشکرا نەکردووەتەوە، بە شێوەیەك ئەو تەنها گەڕاندویەتییەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی نێوان ئەندامانی گرووپی ناکۆك و جۆری ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی کە گرووپی ناکۆك هەیەتی و تێیدادەژیت، هەروەها کاریگەرییە دەرەکییەکانی لەسەر قەوارەی گرووپی ناکۆك فەرامۆشکردووە، ئەو کاریگەرییانەش، وەك پەیوەندییە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی گرووپ لەگەڵ گرووپەکانی تر ئامانجی گرووپ گرنگی پێنادرێت و پشتگوێدەخرێت لەلایەن گرووپەکانی تر، یا رەنگە هەندێ هۆکار هەبن بەلای دوژمنە دەرەکییەکانیەوە گرنگ بێت و پەیوەست بێت بە چارەنووسی میللەت یا نیشتمان. هەموو ئەم تێبینانە کۆزەر روونی نەکردوونەتەوە، بەڵکو ئیکتفای کردووە بە حاڵەتە خودیەکانی پەیوەست بە ئەندامان و قەوارەی گرووپێك. هزری کۆزەر لە رووی روونکردنەوەی زانستی و لۆژیکی کەم و کورتی هەیە و، پێوستی بە پاساوو بەڵگەی کۆمەڵایەتی هەیە.

3- کۆزەر نەبوونی سستەمێکی دادوەر بۆ دابەشکردنی سەرچاوە نایابەکان (دەسەڵات، نفوز و، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئیعتباری کۆمەڵایەتی) بە سەرچاوەی یەکەم داناوە بۆ روودانی ململانێ و، ئاماژەی بە هۆکاری تر نەکردووە کە دەبنە هۆی روودانی ململانێ. واتە ئەو جەختی کردووەتەوە لەسەر هۆشیاری ئەندامانی گرووپ لەسەر بێبەشبوون و زەوتکردنی مافەکانی پەیوەست بە دەسەڵات و نفوز و ئیعتباری کۆمەڵایەتی، هەروەها توندی ئەو فشارانەی کە لە سەریەتی و، نەبوونی کەناڵە تایبەتییەکانی خۆبەتاڵکردنەوەی کۆژانەکان و بێچارەییەکانی تاك. لەکاتێکدا سەرچاوەکانی



تری ململانێی فەرامۆش کردووە، وەك دەستەبەر نەبوونی (بوونی) گرووپ لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی و، نەبوون بە نوێنەری سیاسی لە سستەمی سیاسیدا و، هەروەها دابەشنەکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی گونجاو و یەکسان بەسەر ئەندامانی گرووپ.

4- کۆزەر کاتێك لێکۆڵینەوەی لەسەر ململانێ کرد، ئەندازەی واقیعیبوونی ململانێی و ئەوەشی کە تا چەند پەیوەندی بە بەرژەوەندی خودی تاکەوە هەیە فەرامۆشکرد، واتە ئەو پەیوەستی ویژدان و سۆزی تاکی بە توندی ململانێوە فەرامۆشکردووە، لەکاتێکدا کۆزەر پێداگیری کردووە لەسەر گرنگی ئەو بە یەکتر بەستنەوەیەی ویژدان و سۆزی تاك بە روودانی ململانێ وە.

5- چەمکە نوێکان کە کۆزەر خستوونیەتییە روو بریتیین لە، بردنەوەی ململانێ، توندی و ماوەی مانەوەی ململانێ کە زۆرگرنگن لە پرۆسەی ململانێ. بەڵام ئەم چەمکانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ یەك لایەنی هزری ململانێخوازی و چارەی یەك رووی کردووە، ئەویش لایەنە پۆزەتیڤیەکەیەتی کە لە ململانێی نێگەتیڤدا بەکاری نەهێناوە. واتە کاریگەری توندی و ماوەی ململانێی لەسەر زەرەروزیانە ماددی و مەعنەوییەکانی لایەنە ناکۆکەکان و، کاریگەریشی لەسەر جێگیری و هاوبەستەیی سستەمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی باسنەکردووە. بۆیە ترنەر پێشنیاری پێشکەشکردنی پاشکۆیەکی تایبەتی کرد بۆ دەرخستنی لایەنە نێگەتیڤەکانی ململانێ، ئەمەش لەڕێگەی خستنە رووی چەمکی نوێ بۆ ئەوەی وێنەیەکی کامڵ و تەواو بەدەستەوە بدات و هەردوو لایەنەکەش بگرێتەوە. تا ئێرە رەخنەی هزری ململانێخوازی کۆتایی هات، کە زۆر کەم و کوڕی و کەلێنی لەناو ئەم هزرە دۆزیەوە و، هەروەها ئەو بۆچوونە توند رەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەم هزرە هەیبوو بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی.

## بەدوا داچوون و هەڵسەنگاندن

هەندێ لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان پێداگیریانکردووە لەسەر لایەنێك و روویەکی سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، ئەویش سیفەتی ململانێ و ناکۆکی نێوان یەکە کۆمەڵایەتییەکانی (تاکەکان، گرووپەکان، رێکخستنەکان، چینەکان، سەربازگەکان) ە. لەکاتێکدا ئەم یەکانە لە رووی قەبارە و بارودۆخی ژینگە و بونیادییەوە جیاوازن، ئەوە بووە هۆی جیاوازی و جۆراوجۆری لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەم یەکە کۆمەڵایەتییانە و بە بۆچوونی ئێمە ئەم جۆرە لە ململانێ (ململانێی نێوان یەکە کۆمەلایەتییەکان) دروستی و پێشکەوتوویی بە خودی ئەم هزرە بەخشیوە، نەك لێکترازاوی و ئیفلیجی! ئەگەر نموونەی هزری ئەو بیرمەندە ململانێخوازانە بخەینەڕوو، ئەوا دەبینین ئەم شێوانەی وەرگرتووە:

ململانێی نێوان تاکەکان کە زیمێل وێنای کردووە. ململانێی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان کە هەریەك لە زیمێل و کۆزەر وێنایان کردووە، ململانێی نێوان پێگە رێکخراوەییەکانی کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان کە دارندۆرف وێنای کردووە، هەروەها ململانێی نێوان هۆز و خێڵەکانی ئیبن خەلدون و، ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکانی مارکس، هەروەها ململانێی نێوان سەربازگەکان و میللەت و نەتەوەکان وەکو چۆن لە رەخنەی ملز بۆ مارکس بینیمان. هەموو ئەمانە حاڵەتەکانی ململانێیان دەرخست کە هەرچەندە ئەم حاڵەتانە لەڕووی دەستپێکردن و وێناکردنیان بۆ ململانێ لە یەکتری جیاوازن، بەڵام لە خاڵێکدا یەك دەگرنەوە، ئەویش بوونی دیاردەی ململانێیە لە کۆمەڵگەی مرۆیی.

جگە لەوەش تێبینیمان کرد، کە بیرمەندە ململانێخوازەکان چەند یەکەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازیان وەرگرتووە بۆ شیکردنەوەی دیاردەی ململانێی کۆمەڵایەتی، کە ئەمە شتێکی زیانبەخش نییە لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵکو وادەکات هەریەك لەو یەکانە ببنە کامڵبوون ئەوانیتر لەپێناو دەوڵەمەندکردنی هزری ململانێخوازی بە یەکەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر،



نەك وەستان و جەختکردن لەسەر یەك یەکەی راڤەکاری و پشتگوێ خستنی یەکە کۆمەڵایەتییەکانی تر.

هەروەها ئەو قۆناغە مێژووییەی کە کۆمەڵگە پێیداتێپەر دەبێت و سروشتی سستەمی سیاسی و ئابووری کە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە پێیدا دەڕوات، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر دیاریکردنی یەکەی کۆمەڵایەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ململانێ، بۆ نموونە کارل مارکس چینی کۆمەڵایەتی لەناو سستەمی سەرمایەداری بەکارهێناوە و، ئیبن خەلدون هۆز و خێڵی بەکارهێناوە لەناو کۆمەڵگەی رەشماڵ نشین لەسەدەی 13ی ز بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێ، هەروەها دارندۆرف توێژینەوەی لەسەر پێگە رێکخروەییەکان کردووە لە کۆمەڵگە پیشەسازییە سەرمایەدارەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ململانێی کۆمەڵگەی ئەڵمانیای رۆژئاوا و بەم شێوەیە.

بەڵام رێگای رەخنەگرتن لەم هزرە، ئەوا لە سێ گۆشەی جیاوازەوە سەرچاوەدەگرێت، هەندێ لە نووسەرە ململانێخوازەکان نموونەی ملز و بۆتۆمۆر، رەخنەیان لە هزری ململانێخوازی گرتووە بۆ پێشخستنی تا بتوانرێت پراکتیزە بکرێت لەسەر کۆمەڵگەکانی ترو لە ماوەی زەمەنی جیاواز، بۆ ئەوەی راستی ئەم دیاردەیە بسەلمێنرێت و بگشتێنرێت بەسەر هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی و، لە هەمانکاتدا پاککردنەوەی لەهەموو تەموومژاوییەك و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی لە رووی هزریەوە، هەروەها راکێشانی سەرنجی ئەم هزرە بۆ ئەو شتانەی کە فەرامۆشی کردبوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات.

جۆری دووەم لە رەخنەگرتن، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە دژی هزری ململانێخوازییە، ئەویش رووە بونیادخوازییەکەیەتی، کە پێیوایە دیاردەی ململانێ حاڵەتێکی نەخۆشیە و پێوستە لەناو ببرێت و چارەسەر بکرێت. لەو زانایانەش جۆناتان ترنەر، بێرسی کۆهن، ئەڵفن باسکۆف، پیتەر وێنگارت. ئەمانە لەو بنەمایەوە دەستیانپێکردوە کە هاوبەستەو گونجانی سستەمە کۆمەڵایەتییەکان بوونیان هەیە، ئەمەش بەهۆی ململانێوە تێکناچێت، بۆیە

ڕەخنەکانیان لە ڕێگای بەرگریکردنیان لە هزری بونیادخوازییەوە سەرچاوەی گرتووە. نوێنەرایەتی بۆچوونەکانیان دەکات وەکو پێرسی کۆهن دەڵێت: (لەهەموو حاڵەتەکان ململانێ نابێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چونکە بونیادخوازی وەزیفی پێیوانییە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەر بوونی ململانێ وەستابێت، بەڵکو لەسەر کامڵبوون و هاوبەستە وەستاوە و، هەریەك لە باسکۆف و پیتەر ڤێنگارت قبوڵیان نییە لێکۆڵینەوە لە ململانێ بگشتێنن بەسەر هەموو ڕەگەزە بونیادگەرییە کۆمەڵایەتییەکان.

بەڵام گۆشەی کۆتایی لە ڕەخنە گرتنەکانمان، ڕەخنەکانی نووسەری ئەم کتێبەیە بۆ هەندێ جیاوازی کە لە هزری ململانێخوازی دەردەکەوێت. نووسەر پێیوایە گشتاندنی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەم هزرە شتێکی ئەستەمە بۆ دیاردەی ململانێخوازی، هەروەها بە هەڵە دانانی بۆچوونی هەندێ لە ململانێخوازەکان ئەمەش لە ڕێگای واقیعی دیاردەی ململانێ لە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە، ئەمەش وەك ڕەخنەگرتنی نووسەر بۆ هزری زیمێڵ و کۆزەر و دارندۆرف و مارکس.

لە کۆتایدا ململانێ واتە دژایەتی و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان و پێداویستییە خودی و بابەتییەکان و پێداویستیەکانی یەکە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەکەونە ژێرکاریگەری بونیادخوازی و کاریگەرییە سیاسی و ئابوورییەکان و، بەڕۆڵی خۆی جۆر و پلە و فراوانی و توندی ململانێ لەناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگە دیاریدەکات.



## زاراوە و چەمکەکانی ئەم بەشە

| | |
|---|---|
| Antitheses | دژی شت |
| Non-Realistic conflict | ململانێی نێوخۆیی گرووپەکان |
| Conflict thought | هزری ململانێخوازی |
| Between groups conflict | ململانێی ناواقیعی |
| pathology | ناتەندروست، پاتۆلۆژی |
| Thesis | ئەمە |
| Realistic conflict | ململانێی واقیعی |
| Synthese | تێکەڵەی شتەکان |
| Utopia | یۆتۆپیا |
| Withen conflict group | ململانێ لە نێوانیاندا |

## بیرمەندانی ئەم بەشە

| | |
|---|---|
| Alvin Baskoff | باسکۆف ئەلڤن |
| C. Wright Mills | ڕایت ملز |
| Erich From | ئەریك فرۆم |
| George Simmel | جۆج زیمێڵ |
| Jonathan Turner | جۆناتان ترنەر |
| Lewis Coser | لویس کۆزەر |
| Percy Cohen | پێرسی کۆهن |
| Thomas Bottomor | تۆماس بۆتۆمۆر |
| Peter Weingart | پیتەر وێنکارت |
| Vanden Berghe | ڤاندن بێرگ |

## بەشی دووەم: هزری بونیادی وەزیفی

### 1- رەگ و ریشە و قۆناغەکانی پێشکەوتنی هزری بونیادی وەزیفی

**أ- رەگ و ریشەی ئەم هزرە دەگەڕێتەوە بۆ هزری پۆزەتیڤیزم.** واتە سەرەتای سەدەی 19 ئاراستەی پۆزەتیڤیزم کە خۆی لەخۆیدا بزووتنەوەیەك بوو پشتگیری لە زانست دەکرد دژی میتافیزیکی کلاسیکی و پشتگیری لە لۆژیکی ئەزموونخوازی دەکرد. ئامانجی گەیشتنبوو بە بیرۆکەی یاساکان ئەوەی کە دیاردەکۆمەڵایەتییەکان و واقیع ملکەچی دەبوون نەك تەنها کۆکردنەوەی زانیاری بێت دەربارەی دیاردەکە. ئەم هزرە زانیاری تەواو و حەتمی رەتدەکاتەوە-واتە زانیارییەك بان ئەزموونکردن بێت- بەتایبەتیش ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە دەردەکانی کۆتاییەوە. پۆزەتیڤیزم لە مانا فراوانەکەیدا ئاماژە دەکات بە جەختکردن لەسەر واقیعی زانستی و دژی تێڕامانی تیۆری میتافیزیکییە.

پۆزەتیڤیزم بانگەشە دەکات بەوەی ئەقڵ فەرمانڕەوایی جیهان دەکات و ئیکتفا بە لێکۆڵینەوە لە پێشکەوتنی ئەقڵ دەکات و، هەوڵیداوە بە یەکێتییەکی هزری و سەلماندنی راستی بەها باڵاکان بگات. لە راستیدا ئاراستەی پۆزەتیڤیزمی ویستی لە واقیعێکی ناهاوسەنگ و پڕ جیاوازییەوە دەست پێبکات لەپێناو گەیشتن بەداڕشتنی چەند یاسایەك کە بە پێی ئەو یاسایانە کۆنترۆڵی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکات، ئەمەش مانای وایە پۆزەتیڤیزم هەوڵیداوە بۆ گەڕان بە دوای ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە سوودی بۆ مرۆڤ تێدایە، تا بتوانێ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی بەرەو باشتر ببات بە ئامانجی گەیشتن بە یاسای جێگیرو نەگۆڕ. کەواتە ئەمە ئاراستەیەکی دژە لەگەڵ راستییە رێژەییەکان و حوکمە دانراوەکان کە پشت دەبەستن بە دەردەستبوونی تاکخوازی و بۆچوونی دیاریکراو و، دەیەوێت ژیانی تاکەکان ئامادە بکات و کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت بەپێی ئەو یاسایانەی کە بە ئارەزووی خۆی دایان دەڕێژێت.



ئەگەر بمانەوێ بزانین پۆزەتیڤیزمی کۆمەڵایەتی چۆن سەریهەڵدا لە مەیدانی هزریدا، دەبینین لە فەرەنساو لە دوای شۆڕشی فەرەنسی ساڵی 1789سەریهەڵدا، وەك دەرەنجامێك بۆ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەی لای خوارەوە:

1- بوونی ململانێیەکی توند لە نێوان چینی ئەشراف کە چینێکی نوێیە و چینی ناوەند.

2- گەلاڵە نەبوونی تێڕوانینێکی نوێ لە نێوان ئەم دوو چینە ناکۆکە، بە شێوەیەك روونی بکاتەوە چۆن جێگیری لە کۆمەڵگەی فەرەنسی دروستبوو.

3- هەریەك لەم چینانە داوای گۆڕانکاری ریشەیی و گۆڕینی نەخشەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی فەرەنسییان دەکرد.

4- بەکارهێنانی داب و نەریتە ئایینییەکان لەلایەن پاشای فەرەنساو چینی ئەشراف بۆ پاڵپشتیکردن لە رەوایی فەرمانڕەواییەکەیان.

5- دەرکەوتنی رەوتی زانستی و خەبات و هەوڵدانەکانی ئەم رەوتە حسابی پێشەنگی لە کۆمەڵگەی فەرەنسی بۆنەدەکرا.

6- دەرکەوتنی تیۆری بەرژەوەندخوازیی لە ئابووری و سیاسەتدا. ئەم تیۆرە لە بەریتانیا بانگەشەی دەکرد بۆ تێرکردنی پێداویستییە تاکخوازییەکانی و هانی کێبەرکێی سەربەخۆ و ئازادی دەدا لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگە.

هەموو ئەم باردۆخە کۆمەڵایەتییانە بوونە هۆی دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی هزری نوێ- پۆزتیڤیزم- بۆ ئەوەی بیرێکی نوێ پێشکەشبکات و خزمەتی داواکارییەکانی ئەو قۆناغە نوێیە بکات کە کۆمەڵگەی فەرەنسی تێیدا دەژیا، بە تایبەتیش چینی ناوەند، ئەمەش لەپێناو رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەو ململانێ کۆمەڵایەتی و هزریانەی کە هەبوون.

سەرەڕای ئەوانە، نەوەیەکی نوێ دەرکەوتن کە زۆرینەی دانشتوانی ئەوروپایان پێکدەهێنا. ئەم نەوەیە بیرۆکەی نوێیان هەڵگرتبوو کە جیاوازە لە بیرۆکەی نەوەی پێشوو، ئەویش بریتیبوو لە رەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی و ئەو هزرانەی دژی ئەو ئایدۆلۆژیایەن، بەڵام بڕوای بەشارەزاییە کەسییەکان هەبوو،

واتە نە بڕوای بە نەریتی کۆن و نە بڕواشی بە چەمك و چوارچێوەی هزری تووندڕەو هەبوو.

هەروەها ئەم نەوەیە باەیەخیدا بە دامەزراوە پەروەردەییەکان لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە زانستی و مەعیریفییەکان و، ئەم گرنگیدانە یارمەتیدەر بوو بۆ سەرهەڵدانی داواکارییەکانی ژیانی پیشەسازی نویێ کە لەو قۆناغەی ئەوروپادا دەرکەوت. بۆیە پێداگیریان لەسەر ئاراستەی زانستیکرد زیاتر لە ئاراستە هزرییەکانی تر و، داوای دانانی نەخشەیەکی کۆمەڵایەتی نوێی دەکرد بۆ کۆمەڵگەی فەرەنسی، لە دوای ئەوەی شۆڕشی فەرەنسی نەخشە نەریتییە کۆنەکەی کۆمەڵگەی گۆڕی.

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پۆزەتیڤیزم لە ئەنجامی جیاوازییەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی لە سەرەتای سەدەی 19ز سەریهەڵدا و دەرکەوتنی چینێکی نۆی، ئەویش چینی ناوەند ئەو چینەی حەزو ئاوات و هیواکانیان لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیاوازە. کە زیاتر جەختدەکاتەوە لەسەر زانست و مەعیریفە وەك وەڵامێك و بە دەنگەوە هاتنێك بۆ داواکارییەکانی ژیانی پیشەسازی نویێ، کە لە ئەوروپا سەریهەڵدا لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، نەك بۆ تێرکردنی پێداویستییە تاکخوازییەکان یا پێداویستیەکانی دەستە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها داواکاریاندەکرد بۆ دانانی نەخشەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەی فەرەنسی، نەخشەیەك بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی چینی ناوەند کە بانگەشەی جیابوونەوە دەکات لە زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر (فەلسەفە و ئابووری و سیاسەت و مێژوو) بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی خۆی و دەستنیشانکردنی ئەو بابەتە نوێیانەی گرنگیان پێدەدات.

لە پێشەنگانی ئەم ڕەوتە زانای فەرەنسی هنری سان سیمۆنە (1760-1825) کە بە دامەزرێنەری ئەم ڕەوتە دادەنرێت. ئەو پێیوایە مێژووی مرۆڤایەتی لە یەکەیەکی کامڵ و تەواو کە بەردەوام لە کامڵبووندایە پێکدێت. واتە هەموو



ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان کە مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕبووە یا تێپەڕ دەبێت، یەکەیەکی بەردەوام پێکدەهێنن کە سەرەتاکەی ئاماژە بە ڕابردووەکەی و کۆتاییەکەی گوزارشت لە داهاتووی دەکات. بۆیە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ورد شوێنی هەموو ڕووداوەکان بزانرێت، هەرچەند قەبارەی ئەو ڕووداوە بچووك بێت هەرچەندە گرنگییەکی کەمیشی هەبێت لەم زنجیرە ڕووداوە مێژووییانە. بۆیە هەر ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی بۆ ئەوەی سوودبەخش بێت دەبێت دوو مۆتیڤ تێر بکات، ئەوانیش:

1- سوودبەخشبێت بۆ کۆمەڵگە. واتە سوودێکی پۆزەتیڤ فەراهەم بکات بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە.

2- گونجاو و ڕێك بێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگە، هەروەها لەگەڵ هزرو ئاراستە باوەکانی کۆمەڵگە  گونجاو و هاوسەنگ بێت.

هەروەها سیمۆن جەختدەکاتەوە لەسەر زەروورەتی یەکێتی و یەکگرتوویی یاساکان، هەروەها لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕاستییەکانی ژیانی ڕابردوو بکرێت لەپێناو دۆزینەوەی یاساکانی پێشکەوتن. بەو شێوەیە ئەو پێیوایە توێژەر ناتوانێت پێشبینی داهاتوو بکات ئەگەر ڕابردوو نەخوێنێتەوە. سیمۆن توانی بەم بیرۆکەیە بگات کاتێك لێکۆڵینەوەی لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتی و پیشەسازییەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی کرد، ئەمە وایلێکرد جەخت لەسەر بیرۆکەی بەرژەوەندیخوازی گشتی بکاتەوە بۆ نەتەوە و کۆمەڵگەی مرۆیی بەگشتی. بە تایبەتیش جەختکردنەوەی لەسەر سوودی زانستی و تەکنەلۆژی و دەستوبردکردن لە سوود بەخشین بە تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی.

بەڵام سەبارەت بە بۆچوونەکانی لەبارەی ململانێوە، ئەوا سیمۆن دەڵێت: (لە سەدەی 14ەمەوە ململانێیەکی ئاشکرا لە نێوان سستەمی پیشەسازی و سستەمی دەرەبەگایەتی ڕوویدا. وەکو چۆن ململانێ لەسەدەی 16 لەنێو کڵێسەی کاتۆلیکی ڕوویدا کە بووە هۆی دروستبوونی پرۆتستانت. هەروەها لە لایەکی ترەوە ململانێی نێوان میتافیزیکییەکان و چینی یاسادانەرەکان ڕوویدا). سیمۆن

ڕوونیکردەوە کە چینەکان زەروورەتێکی کۆمەڵایەتین، بەو پێیەی یەکێکە لە پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، چونکە زۆر ئەستەمە کۆمەڵگەیەکی بێ چین هەبێت یا دروستببێت، یا کۆمەڵگەیەك بوونی هەبێت و لەیەك چین پێکهاتبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سستەمی چینایەتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی پیادە بکات، بە شێوەیەك هیچ چینێك ئەویتر نەچەوسێنێتەوە. بوونی سستەمی چینایەتی لەهەر کۆمەڵگەیەك پێداگیرییە لەسەر ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی سروشتی بەڕێوە دەچێت. بۆیە لەسەر سستەمی چینایەتی گفتوگۆی کردووە و داوای کردووە هەر چینێك پێگەیەکی پێبدرێت کە هاوڕێك بێت لەگەڵ ئەو سوودە ڕاستەقینەیەی بە کۆمەڵگەی دەبەخشێت بێ ئەوەی هیچ نرخێك بۆ بنەماڵە و پێگەی کۆمەڵایەتی دابنرێت. ئەو پێیوایە ئامادەکردن و ڕەخساندنی ئەو هۆکارانە شتێکی زەروورییە کە یارمەتی بەرز کردنەوەی ئاستی بژێویی چینی زەحمەتکێش دەدات و، دوور کەوتنەوە و وازهێنان لەو ڕێگایانەی ژیانی مرۆڤایەتی دەخەنە مەترسی یا لەناوی دەبەن و، بەکارنەهێنانی مرۆڤ لەپێناو سوود و قازانجی سەرمایەدارەکان. هەروەها داوای لە حکوومەتەکان دەکرد ئەوپەڕی توانا بخەنە گەڕ لەپێناو باشترکردنی بارودۆخی ئەم چینە کە هیچ چاودێرییەك و گرنگییەکی پێنادرێت.

ئەڵفن گۆڵدنەر ڕەگ و ڕیشەی پۆزەتیڤیزمی دەگەڕێنێتەوە بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی 19 کاتێك تیۆری جێرمی بێنتام (Jeremy Benthum) دەرکەوت لەسەر بەرژەوەندیخوازی- تاکخوازی لە ئابووری و سیاسەتدا، بەجۆرێك کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی لەسەر سیمۆن هەبوو، واتە ئەو باوەڕی بە بەرژەوەندیخوازی تاکخوازیی نەبوو، بەڵکو باوەڕی بە بەرژەوندی گرووپی هەبوو، ئەو بەرژەوەندییەی جەختدەکاتەوە لەسەر تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان. سیمۆن قسەی لەسەر ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە کردووە لە ڕێگای چەند پرسیارێکەوە گرنگترنییان: فەرەنسا چی بەسەر دێت ئەگەر لەیەك کات و لەیەك ڕۆژدا هەموو زانا و بیرمەند و ئەدەبناس و پیاوانی بواری پیشەسازی لە



دەستبدات؟. فەرەنسا چی بەسەر دێت ئەگەر سەرۆك و وەزیر و شایەکانی لە دەستبدات؟ ئەو بەم شێوەیە وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی داوەتەوە: ئەو زەرەرەی فەرەنسا مەعنەوی دەبێت ئەگەر کۆمەڵەی دووەمی لە دەستدا، بەڵام فەرەنسا پێگەی زانستی و پیشەسازی لەدەستدەدات ئەگەر کۆمەڵەی یەکەمی لەدەستدا، چونکە فەرەنسا لە توانایدا هەیە کەسانی تر لە جێگای کۆمەڵەی دووەم دابنێت، بەڵام لە توانایدا نییە کەسانی زانا و بیرمەند و خاوەن زانیاری و تەکنەلۆژیا قەرەبوو بکاتەوە. ئالێرەوە سیمۆن گەیشتە ئەوەی چەمکی بەرژەوەندیخوازی کۆمەڵایەتی و زانستی پێشکەش بە کۆمەڵگە بکات و، پلەی سوودوەرگرتن و ئەوەی کێ سوودی لێوەردەگرێت دیاریکرد و، پلەی بەرفراوانی سوودی کۆمەڵایەتی و بانگەشەی دەکرد بۆ سوودی مرۆڤایەتی بە گشتی نەك سوودی تاکخوازیی و کێبەرکێی تاك تاکە کە تیۆری بەرژەوەندیخوازی هێنابوویە ئاراوە. بۆیە داوایکرد ڕیزبەندە پیشەسازییە زاڵە بچووکەکان لابرێن لەسەر زۆرینەی کۆمەڵگەو ڕەخساندنی پێگەی کۆمەڵایەتی بەرز بۆ کرێکاران، چونکە ئەمانە ماف خوراو و چەساوەن. دواتر سیمۆن پرسیارێکی ورووژاند: شتی سوودبەخش چییە؟ چی زیاتر سوود بەخشە؟ سیمۆن وەڵامی ئەمانەی دایەوە بەوەی سوود و کەڵکی زانستی و مەعریفی و تەکنەلۆژی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە سوودی هەیە و، جەختی لەسەر سوود و کەڵکی کۆمەڵی کردەوە نەك سوود و کەڵکی تاکخوازیی.

وێڕای ئەوانەش سیمۆن دوای ئەویش کۆنت و دۆرکهایم جەختیان لەسەر هاوبەشی بەهاو داب و نەریتی نێوان تاکەکان کردەوە کە دەبێتە هۆی گەڵاڵە بوونی یەك بۆچوون. ئەمەش بانگەشە دەکات بۆ هاوڕێگایی و هاوسەنگی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگە لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرژەوەندی تاکخوازیی و کێبەرکێی نێوان تاکەکان و هاندانیا بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن و بەشداربن لە ڕێکخستن و دامەزراوە گرووپییەکان تا ژیانی ڕۆژانەیان ڕێکبخەن و لەیەك سستەمی کۆمەڵایەتیدا بژین. بە بۆچوونی گۆڵدنەر ئالێرەوە کۆمەڵناسی سەرهەڵدەدات و، لە هەمانکاتدا سەرەتاکانی پۆزەتیڤیزمی کۆمەڵایەتی لە

کۆمەڵناسیدا دەرکەوتوە. بەمانایەکی تر. ئەم هەوڵەی سیمۆن ئەنجامی گرنگیدانی بوو بە ڕێبازی تاکیەتی و ئەو کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییانەی کە لە نێوان تاکەکان دروست دەبن. بۆیە تەنها بانگەشەی دەکرد بۆ جەختکردنەوە لەسەر پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی داوای دەکەن، نەك داواکاری تەنها دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بێت، واتە ئەو بازنەی بەرژەوەندیخوازی- تاکخوازی فراوان کردەوە بۆ بەرژەوەندیخوازی گرووپی.

ئەمە هزرەکانی سیمۆنە کە گوزارشت لە ڕەوتە پۆزەتیڤیزمییەکەی دەکات. ڕەخنەی ئێمە بۆ ئەم هزرانە ئەوەیە ئەو ڕابردووی کۆمەڵگەی بە ئێستاو داهاتوو بەشێوەیەکی دروست بەیەکەوە بەستووەتەوە و، بەرژەوەندیخوازی پۆزەتیڤی وروژاندووە کە کۆمەڵگە پێویسیتەتی، بەڵام گرنگییەکی هاوشێوەی نەداوە بە شتەکانی تر وەك ململانێی چینایەتی و بێکاری و هەژاری و لادانی هەرزەکاران و، بەشینەوەی سەرچاوە ئابوورییەکان بەشێوەیەکی یەکسان. بەڵام ئەو تەنها جەختی کردووەتەوە لە سەر یەکێتی یاساکان لەپێناو بە یەکتر بەستنەوەی بەشەکانی کۆمەڵگە و، بانگەشەکردن بۆ گونجانی کایە ناکۆکەکانی کۆمەڵگە. ئەم بانگەشەکردنەی نموونەیی بوو، بەتایبەتی داواکردنی بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵگەیەکی خاوەن چین کە لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەستا بێت، کەچی ڕووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان ڕوونی دەکەنەوە و جەختیان کردووەتەوە لەسەر نەبوونی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، بەڵکو کۆمەڵگەی خاوەن چین هەیە کە لەسەر ناهاوسەنگی لە هەبوونی سەرچاوەکانی جیاوگەی کۆمەڵایەتی وەستاوە. بەڵام داواکارییەکانی لەبارەی بەخشینی پێگە بۆ هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بەپێی ئەو سوودە ڕاستەقینەیەیە کە هەیەتی بۆ کۆمەڵگە. ئەمە مانای وایە تەنها یەك دەستەی کۆمەڵایەتی سوود وەردەگرێت، چونکە ئەو دەستە کۆمەڵایەتییە خاوەنی هەندێ لە سەرچاوەکانی جیاوگەی کۆمەڵایەتین زیاتر لەوانی تر.



بەڵام داواکارییەکانی لە بارەی بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی چینی زەحمەتکێش، ئەوا داواکارییەکی مرۆییە و بێگومان پۆزەتیڤە، بەڵام ئەم داواکارییەی مانای ئەوە دەبەخشێت کە زۆرداریەك بەرامبەر ئەم چینە پیادەکراوە لەلایەن چینی بەرزترو بەهێزتر لەو، ئەمەش جەخت کردنەوەیە لەسەر بوونی سستەمێکی چینایەتی کە لەسەر ماڵ و سامان و داهات و خاوەنداریێتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان بونیادنراوە. ئەمە بوو کە سیمۆن لەکاتی دیاریکردنی سستەمی چینایەتی پشتگوێی خستبوو.

جگە لەوە ئەو سستەمە چینایەتییەی کە سیمۆن داوای کردبوو بە هیچ یەکێ لە جۆرەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی نەبەستۆتەوە، بەڵکو هەر بە پەرەگەندەیی جێیهێشتوون، هەروەها چارەنووسی ئەو سستەمە کۆمەڵایەتییە باوانەی خستونیەتە ڕوو دیارینەکردووە، کە سوودێکیان هەبێت لە کۆمەڵگەو چۆن مامەڵە لەگەڵ سستەمە سوود بەخشەکان دەکات؟ و چی ڕوودەدات گەر گونجانێك نەبێت لە نێوانیاندا؟.

هەروەها ئەو چەند پرسیارێکی وروژاند و لەبارەی تیۆری بەرژەوەندیخوازی و لە ڕێگای کۆمەڵگەی فەرەنسییەوە خۆیشی وەڵامی داوەتەوە، پاشان ئەنجامی وەڵامەکانی گشتاندووە بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا، شتی واش نابێت، چونکە ئەوەی سوودی هەیە بۆ کۆمەڵگەی فەرەنسی ڕەنگە سوودی نەبێت بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. کەواتە بە پێی ئەم هزرانەی سیمۆن ئەو کەسێکی چاکساز یا شۆڕشگێر یا سۆسیالیستخواز نەبووە بۆ کۆمەڵگەی فەرەنسی وەکو چۆن هەندێك وای بۆ دەچن، بەڵکو ئەو پارێزەرێکەو هەوڵیداوە هارمۆنییەك لە نێوان جیاوازی و ناڕێکییەکانی کۆمەڵگە دروستبکات و پارێزگاریبکات لە بونیادی کۆمەڵگە بە هەندێ گۆڕانی کەم بەناوی هاوبەستەیی و کامڵبوونی کۆمەڵایەتی.

گۆڵدنەر پێیوایە ئەم هەوڵەی سیمۆن پەرچەکردارێکبوو بۆ تیۆری ئابووری کە بەنتام (تیۆری بەرژەوەندیخوازی) هێنابوویە کایەوە، کاتێك جەختیدەکردەوە لەسەر

سوودی تاکخوازیی و کێبەرکێی تاك تاکە، لە بەرامبەر ئەمەدا بانگەشەکانی سیمۆن وەك تەواوکارێك بۆ ئەم تیۆرە هاتەکایەوە. بە پێی ئەمە لە کۆمەڵناسیدا پۆزەتیڤیزم لەسەر بنچینەیەك پێکهاتووە کە نەکەوتە چوارچێوەی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا. بۆیە سیمۆن داوای فراوانکردنی دیدگای زانستی دەکرد لە ڕێگای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی مرۆڤ بە بەردەوامبوون لەسەر ئەم شێوازە، کۆمەڵناسی بوو بە زانستێکی تەواوکار کە زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر بەمکارە هەڵنەستابوون. بە واتایەکی تر، کۆمەڵناسی دەستیکرد بە بونیادنان و دروستکردنی پێکهاتەکانی لەسەر ئەو شتانەی مابوونەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکرابوو لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و فەلسەفی. کەواتە ئەمە هەوڵدانێکی-بەبۆچوونی گۆڵدنەر- زیرەکانە و ئەکادیمیانە نییە، بەڵام ئێمە دەبینین سەرەتا هەموو زانستێك بەدوای لێکۆڵینەوە لەو دیاردانە دەگەڕێت کە هیچ زانستێکی تر هەوڵی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەداوە، چونکە سوودی چییە لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەیەك بکرێت کە پێشتر لە بواری تری زانستیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت، هەتا ئەگەر لە گۆشەنیگای جیاوازیشەوە لێکۆڵینەوەکە کرابێت ئەوا پشت دەبەسترێت بەو دەرەنجامانەی لێکۆڵینەوەکانی تر کە پێشتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەو دیاردەیە کردووە.

وێڕای ئەوە دەبینین، کە پێویستە بۆ زانستێکی نوێی وەك کۆمەڵناسی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە وەربگرێت کە پێشەنگی و دەستپێشخەری بۆ بسەلمێنێت لەلێکۆڵینەوەیدا. بەڵام ڕەخنەی گۆڵدنەر بۆ ئەوەی کە کۆمەڵناسی زانستی پاشماوەکانە ئەوە شتێکە لە جێگای خۆی نییە، چونکە زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی پێش کۆمەڵناسی دەرکەوتوون لە مەیدانی زانستیدا و ئەو بابەتانەی کە ماونەتەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە لەلایەن زانستەکان، یا مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم زانستانە نەیانتوانیوە ئەم دیاردانە وەرگرن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن و، یانیش هیچ پەیوەندییەك بەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەوە نایانبەستێتەوە. بۆیە کۆمەڵناسی دەرکەوت و ئەو دیاردانەی



وەرگرت و دووبارە پسپۆڕی لە بارەیانەوە وەرگرت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هێزی کۆمەڵناسییە لە لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەو بابەتانەی کە زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر نەیانتوانیوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. لە ڕەوتی پۆزەتیڤیزمیدا هزرەکانی پێشەنگێکی تر ئەویش زانای فەرەنسی (ئۆگست کۆنت)ە (1798-1857). سەرەتا لەڕێگەی مرۆییەوە دەستیکردوە بەجیاکردنەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ، هەروەها لە ڕێگای بوونی مێژووی مرۆیی کە ژیانی و سستەمە کۆمەڵایەتییەکانی دەخاتەڕوو کە ئەمە لە ژیانی ئاژەڵیدا بوونی نییە. بە بۆچوونی کۆنت ژیان و مێژوو دوو فاکتەری سەرەکین بۆ بەستنەوەی تاکەکان بە یەکترەوە. بیرۆکەیەکی تری ئەم ئەوەیە کە مەیلە پۆزەتیڤیزمییەکەی جیادەکاتەوە لەوانیتر، بەوەی کە دوای شۆڕشی فەرەنسی کۆنت چەند جیاوازییەکی هزری تێبینی کرد، وەك شیکردنەوەی دیاردە گەردوونی و سروشتی و بایۆلۆژییەکان و، بەکارهێنانی بیرکردنەوەی ئایینی-میتافیزیکی بۆ شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی فەرەنسیدا. ئەم ململانێ هزرییە کە لە کۆمەڵگەی فەرەنسی بڵاوبوبووەوە لەو سەردەمەی ئەو تێیدا دەژیا وەکو پاڵنەرێك بوو بۆئەوەی چارەسەری پۆزەتیڤیزمی دارێژێت ئەویش بەم شێوەیە:

1- گونجان و سازان لە نێوان هەریەك لە بیرکردنەوەی پۆزەتیڤیزمی و بیرکردنەوەی میتافیزیکی و کارکردن بۆ بەردەوامبوونیان پێکەوە و دوورکەوتنەوەیان لە دژایەتیکردن.

2- گشتاندنی بەکارهێنانی میتۆدی میتۆلۆژی میتافیزیکی و ملکەچکردنی هەموو زانست و ئەقڵەکان بۆ ئەم میتۆدە، لەگەڵ فەرامۆشکردنی ئەو ئەنجامە زانستییانەی بیرکردنەوە بە دەستی هێناوە لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی پۆزەتیڤیزم.

3- گشتاندنی بیرکردنەوە لەڕێگای میتۆدی پۆزەتیڤیزمییەوە بۆ تێگەیشتن لە هەموو دیاردە گەردوونیەکان، کە دواتر یەکێتییەکی مەعریفی پۆزەتیڤیزمی دەستەبەر دەبێت.

بەڵام کۆنت بۆی دەرکەوت، کە سەرەتا پێویستدەکات گونجان و سازان دروستبکات لە نێوان دوو میتۆد کە لە بنچینەوە دژی یەکترن و بۆمانەوەی یەکێکیان پێویست بە لەناوبردنی ئەویتریان دەکات. بەوەی کە میتۆدی میتافیزیکی لەسەر تێڕامانی تیۆری و هەروەها توێژینەوەی لۆژیکی وەستاوە، بە ئامانجی گەیشتن بە بنەمایەکی فەلسەفی کە هیچ ڕێگایەك نییە بۆ بیناکردنی، بە پێچەوانەی میتۆدی پۆزەتیڤیزمی کە دەوەستێتە سەر تێبینیکردنی دیاردەکان بۆ دەستنیشانکردنی ڕەگەزە بەشیەکانی و خەملاندنی سروشتی ئەو دیاردانە کە دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە هۆکارە ڕاستەوخۆکانی یا دیاریکردنی ئەو یاسایانەی ئەم جۆرە دیاردانە ملکەچین.

لە کاتێکدا چارەسەری دووەم ئەوەیە، کە پێویستی بە گشتاندنی شێوازی بیرکردنەوە دەکات لەڕێگەی ئاین و میتافیزیکەوە و بە پەراوێزکردنی ڕێگەی پۆزەتیڤیزمی لە بیرکردنەوە. ئالێرەدا کۆنت پێیوابوو ئەمە ئەو یەکێتییە ئەقڵەیەی کە کۆمەڵگە ئاواتخوازیبوو دەگەڕێتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستی بە پشتگوێ خستنی داهێنانە زانستییەکان هەیە.

ئەمانە ئەو پاڵنەرانەن کە هانی کۆنت یاندا بۆ داڕشتنی ڕەوتی پۆزەتیڤیزمی و جەختکردنەوە لەسەری و بەکارهێنانی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناجێگیر و ململانێکاری کۆمەڵگەی فەرەنسی و، لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی یاسا دانراوەکان.

سەرەڕای ئەوانە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دابەشکرد بەسەر گرووپگەلی سیاسی و ئابووری و ئاینی و ڕەفتاری بەیەکەوە بەستراو لە ڕووی وەزیفەوە، بە شێوەیەك هەریەکەو بەویتر پەیوەستە، کاتێك هەر گۆڕانێك ڕوودەدات لەو گرووپانەی کە لەڕووی وەزیفییەوە بەگرووپی ترەوە بەستراون، ئەوا گۆڕانی هاوشێوە لە گرووپی بەرامبەر ڕوودەدات.



ئەوەی شایانی باسکردنە کۆنت یاسایەکی خستەڕوو، کە لە سێ قۆناغ پێکهاتووەو تێیدا چۆنیەتی پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆیی شیدەکاتەوە، ئەویش بەم شێوەیەیە:

1- **قۆناغی لاهوتی**، ئەو قۆناغەیە کە خەڵکی شیکردنەوەی سۆزداری و کەسی بەکاردەهێنن وەك پاساو هێنانەوەیەك بۆ ڕەوشت و ئاکارەکانیان. لەم قۆناغەدا خێزان یەکەی بنچینەییە لە کۆمەڵگە، بەڵام کۆمەڵگە لەڕووی سیاسییەوە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی پێغەمبەر و پیاوانی ئایینی. خەڵکی پێیانوایە هێزێکی باڵا هەیە ژیانی کۆمەڵایەتییان بەڕێوە دەبات و، ئەمەش قابیلی گۆڕان نییە، بەڵام جۆری ئەم هێزە باڵایە ئەوا خواو ڕۆح و شەیتانن. هەروەها ئەمەیە کە پلان بۆ بەڕێوەبردن و پێشکەوتن و دەستەبەرکردنی حەزو ئارەزووەکانی کۆمەڵگە دادەنێت. کۆنت ئەم قۆناغەی ئەقڵی ئادەمیزاد بە قۆناغی سەرەتایی ناوزەد دەکات.

2- **قۆناغی میتافیزیکی**، لەم قۆناغەدا ئەقڵی ئادەمیزاد بە شێوەیەکی ڕێژەیی پێشکەوتووترە زیاتر لە قۆناغی پێشوو، بە جۆرێك خەڵکی هۆکاری ڕوودانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێننەوە بۆ هێزێکی سەرو سروشتی. لەم قۆناغەدا دەوڵەت یەکەی بنچینەی کۆمەڵگەیە و، کۆمەڵگە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی سەرۆك و قەزا و دامەزراوە ئاینییەکان.

3- **قۆناغی پۆزەتیڤیزمی**، لێرەدا هزری مرۆیی زۆر پێشکەوتووترە لە دوو قۆناغەکەی پێشوو. لەم قۆناغە مرۆڤ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان زانستییانە ئەزموون و شیدەکاتەوە. هەروەها ئەم قۆناغە جەختدەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی ڕێگا زانستییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە. یەکەی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا نەتەوەیە و، کۆنترۆڵی سیاسی دەکەوێتە نێوان حکوومەتێکی هەڵبژێردراو و دەسەڵاتی زانست و مەعریفە لە کۆمەڵگەدا.

ئەوەی لەسەر کۆنت تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە ئەو گەیشتووە بەو ڕەوتە پۆزەتیڤیزمەی کە سەریهەڵداوە لە ئەنجامی ئەو دژایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسی

و ئابوورییەی کە کۆمەڵگەی فەرەنسی تێیدا دەژیا لە پێش شۆڕش، بەڵام ئەو ئەمەی روون نەکردووەتەوە، بەڵکو دژایەتی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی لە یاسا پێشکەوتنخوازەکەی و بۆچوونە پۆزەتیڤیزمیەکەی بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی جیاکردووەتەوە، بە مانایەکی تر، ئەو دژایەتییانەی کە لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسی باو بوو نەیبەستووەتەوە بە یاسا سێ قۆناغییەکەیەوە، ئەگەر وایکردایە ئەوا وێنەیەکی واقیعی لە بارەی کۆمەڵگەی فەرەنسییەوە دەخستەڕوو، نەك بۆچوونێکی تێڕامانی پێکهاتوو لە یاسای جێگیرو ئامادەکراو بە ئامانجی ستاتیککردنی کۆمەڵگە. ئەمە روونیدەکاتەوە کە ئەو بڕوای بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی یا گۆڕانی تەواوی کۆمەڵگەکان نییە، ئەویش بەمە وەکو پارێزگارێك دێتە پێش چاو، کە دژایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی دابڕاند و جیایکردنەوە کە رەوتە پۆزەتیڤیزمییەکەی کە پشتی پێبەستبوون. هەروەها لە یاساکەیدا روونی نەکردووەتەوە چۆن بونیادی کۆمەڵایەتی پێشدەکەوێت لە قۆناغەکانی یاساکەیدا، هەروەها لە یاساکەیدا پابەندی سستەمە کۆمەڵایەتییەکانی روون کردووەتەوە کە بەیەکەوە بەستراون.

بەڵام زانای بەریتانی هێربرت سپنسەر (1820–1903) لە تێڕوانینەکانی بۆ پۆزەتیڤیزمی لە گۆشەنیگایەکی جیاواز لە دوو زاناکەی پێشوو دەستی پێکردووە. ئەویش گۆشەی ئۆرگانییە و، کە بەکاریدەهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەی مرۆیی، بە شێوەیەك کۆمەڵگەی مرۆیی چواندووە بە سستەمی ئۆرگانی لە مرۆڤدا، سیفەتی گەشەی بەردەوامی جەستەی مرۆیی بینی، بە جۆرێك چەندە گەشەی زیاد بکات ئەندامە پێکهێنەرەکانی زیاتر جیاواز دەبن و بونیادەکەی گەورە دەبێت کە لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی نایەکسانی بەشەکانی، ئەمەش بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی جیاوازی چالاکییەکانیان و چالاکی هەر بەشێك لەم بەشانە پشت دەبەستێت بە چالاکی بەشەکانی تری پێکهاتەی جەستەکە. هەروەها هەر بەشێك بەستراوەتەوە بە بەشەکەی تر. ئەم پشت بەیەکتر بەستنە ئاڵوگۆڕە هۆکارەکانی یەکسانیبوون و بە یەکەوە بەسترانی هەر بەشێك



لەگەڵ ئەوانیتر رووندەکاتەوە. واتە پشت بەستنی هەر بەشێك بەویتر دەبێتە هۆی توندکردنی پەیوەندی و گونجانیان کە ئەوە کرۆکی کامڵبوونە.

بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵگەی مرۆیی سپنسەر لە خێزانەوە دەستپێدەکات وەك یەکەیەکی بنچینەیی. کۆمەڵگە-بەبۆچوونی ئەو- لە رێگای دوو پرۆسەی سەرەکییەوە گەشە دەکات ئەوانیش: دابەشبوونی یەکەکانی خێزان و یەکگرتنی ئەم یەکە دابەشبووانە. پرۆسەی دابەشبوون و یەکگرتنی یەکەکانی خێزان دەبێتە هۆی گەشە و زۆربوونی یەکە پێکهێنەرەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی، کە بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی ئاڵۆزی پێکهاتەکەی و زیادبوونی جیاوازی و نایەکسانی نێوان بەشەکانی و هەروەها جیاوازی لەڕووی وەزیفییەوە، کە بە هاوشێوەیی و گونجاوی دەستیپێکردووە بە جیاواز بوون و نایەکسانیبوونی یەکەکانی کۆمەڵگە کۆتایی دێت. بە بەردەوامبوونی و زیاتر گەشەسەندنی، ئەوا کۆمەڵگە چەندین یەکەی کۆمەڵایەتی جیاواز و نایەکسانی تێدا دروستدەبێت، بەجۆرێك چەندە کۆمەڵگە گەشەی کرد، ئەوا دابەشبووەکانی و پێکهاتەکانی گەشەدەکەن و جیاوازییەکان و نایەکسانییەکانی بەشە دابەشبووەکانی زیاد دەکات و بەیەکەوە بەستران و گونجانی کۆمەڵگە، هەروەها پشتبەستنی یەکێکیان بەوانی ترەوە لە رووی پەیوەندی و وەزیفەکانیان زیاد دەکات، بەشێوەیەك لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی کامڵبوونی ئەم بەشانە لەپێناو پارێزگاریکردن لە مانەوەی قەوارەکەی.

سپنسەر پێیوایە گەشەی چینی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی دابەشبوونی بەشەکانی ئەو چینە بەپێی داهات و پیشەو رەگەزە مرۆییەکەی و هێماکان و کولتوورو هۆشیارییەکەی لە چوارچێوەو قاڵبی خۆیداو لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی روودەدات. بەمەش پیشە و داهات پێگە بەرزو نزمی تێدا دروستدەبێت، بەم شێوەیە ئەوە دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر دوو چینی جیاواز لەڕووی داهات و پیشەو وەزیفەی کۆمەڵایەتییەوە. واتە لە رێگەی دابەشبوون و یەکگرتنەوە، دوو چینی جیاواز لە کۆمەڵگەدا دروستدەبێت. لەبەر ئەوە دابەشبوون و یەکگرتنی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی گەشەکردن بە شێوەیەکی خێراو دروستبوونی بونیادێکی کۆمەڵایەتی تێکەڵاوو فراوان.

هەرەها سپنسەر سستەمی دابەشبوونی کۆمەڵگەی مرۆیی بە کۆمەڵگەی ئاژەڵی دەچوێنێت بە شێوەیەك کرێکاری تونێلەکان ئامێرەکان دروست ناکەن، بەڵکو مادده خاوەکانی ژێر زەوی دەردەهێنن و کرێکاری تر ئامێرەکان دروستدەکەن و بەرگدرووەکان کاری رەنگکردن و رستن و چنین ئەنجام نادەن، بەڵکو ئەمە کاری کرێکاری ترە و، بەرهەمهێنەرانی خواردەمەنی پشت بە جووتیار و وەکیلەکانی دابەشکردن دەبەستن. هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکان و نووسینگە بیرۆکراتییەکان و تەشریعیی و تەنفیزی و قەزاییەکان هەن، هەموو ئەم دەستە و بەڕێوەبەرایەتییانە بە رووکەش وا دەردەکەون کە سەربەخۆن، بەڵام لە راستیدا هەریەکەیان پشت بەویتر دەبەستێت لە وەزیفە و هەوڵدان و خەباتی لەپێناو مانەوە. ئەمەیە سپنسەر بە سستەمی دابەشبوونی کار لەناو کۆمەڵگە ناوزەدی کردووە. بەڵام سستەمی دابەشبوونی کار لەناو سستەمێکی ئۆرگانیی، ئەوا دابەشبوونی کاری لەڕێگای دەستنیشانکردنی وەزیفەی سییەکان و دڵ و گەدەو ریخۆڵەو دوانزەگرێ و مێشك و دەستەکان و پێیەکان و ئەندامی تری لەم جۆرە روونکردووەتەوە، بە شێوەیەك هەریەکە لەم ئەندامانە وەزیفەی تایبەت بە خۆی هەیە و هەریەکەیان پشت بەویتر دەبەستێت لەپێناو بەردەوام بوونی مرۆڤ لە ژیاندا. ئەمەش-بە بۆچوونی ئەو- بە سستەمی دابەشبوونی کار دەچێت لە کۆمەڵگەی مرۆیی.

هەروەها سپنسەر دەڵێت: «ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ژیانی بەشەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، ژیانی کۆمەڵگە بە گشتی نوێ دەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر لە ناکاو هێرش کرایە سەری یا تووشی رووداوێك هات، ئەوا تەواوی ژیانی لەناو ناچێت یا نارووخێت بە تەواوەتی، بەڵکو بەشێکی ئەندامەکانی دەمرێت، بۆیە ژیانی کۆمەڵگە درێژتر دەبێت لە ژیانی یەکە پێکهێنەرەکانی. لەبەر ئەوە دەبینین هێرشێکی بەربەرییەکان لەلایەن کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکان بۆ سەر کۆمەڵگەیەکی تر، رەنگە سستەمی سەربازی یان سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە لەناوبەرێت، بەڵام هەموو سستەمەکانی لەناو ناچن، وەك سستەمی ئایینی و پەروەردەیی و خێزانی و یاسایی و ئەوانیترو بەهۆی ئەو هێرشەوە وەستانێکی کتوپڕ



لە کۆمەڵگەدا روونادات، بەڵکو وەزیفەی هەندێ لە سستەمەکانی دەوەستێت نەك هەمووی. لە کۆتاییدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە رەوتی پۆزەتیڤیزمی لای سپنسەر لەسەر بنەمای کامڵبوونی نەگونجاو و نەساز وەستاوە.

ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر رەوتی پۆزەتیڤیزمی سپنسەر بکەین، دەبینین لە رەوتی سیمۆن و کۆنت جیاوازە، وەك بینیمان سپنسەر لەسەر بنچینەی ئۆرگانیبوونەوە دەستیپێکردووە و، یەکگرتن و دابەشبوونی تێکەڵ بەیەکترکردووە کە دەبنە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، واتە ئەو دیاردەی دابەشبوونی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو بەستوویەتییەوە بە یەکگرتن، ئەوەش بەڕۆڵی خۆی دەبێتەهۆی کامڵبوون و پێشکەوتن، کەوایە دابەشبوون و دوورکەوتنەوە دەبێتەهۆی کامڵبوون نەك جیابوونەوە و دابڕان، واتە ئەو جەختیکردووەتە سەر لایەنە پۆزەتیڤەکانی دابەشبوون، نەك لایەنە نێگەتیڤەکانی. لەبەرئەوە لەلای ئەو کۆمەڵگە بە گونجان گەشە دەکات و نەگونجان و جیاوازبوون کۆتایی دێت. هەروەها لە یەکگرتنەوە بۆ چەند دابەشبوونێکی دژیەك. ئەو ئەم پرۆسەیە لە چوارچێوەی بونیادێکی کامڵبوو دادەنێت. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو شتانەی سپنسەر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە سستەمی کۆمەڵایەتی بە سستەمی ئۆرگانی چواندووە. ئەم جۆرە بەراوردەمان لەلای هەریەك لە سیمۆن و کۆنت بەرچاونەکەوت، بە شێوەیەك ئەمان گرنگییەکی زۆریاندابوو بە مێژوو ژیاری کۆمەڵگە. کە لەلای سپنسەر ئەمە بەدی نەدەکرا، ئەمەش بۆمان رووندەکاتەوە کە سپنسەر زیاتر کەوتووەتە ژێر کاریگەری زانستە سروشتییەکان تا واقیعی کۆمەڵایەتی. بە پێچەوانەی سیمۆن و کۆنت کە هەردووکیان کاریگەربووبوون بە بارودۆخی کۆمەڵگەی فەرەنسی و ئەو دژایەتییانەی پێش شۆڕش هەبوون. ئەمانە گەیشتنە داڕشتنی ئەو یاسایانەی هەڵقوڵاوی واقیعی دژخوازی کۆمەڵگەی فەرەنسییە، بەبێ چواندنی بە سستەمی ئۆرگانییەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیمۆن و کۆنت لە یەکتر نزیکن لە دانانی بنچینە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەی بونیادی

کۆمەڵایەتی و کامڵبوون و هاوشێوەیی سستەم و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها لە یەکتر نزیکدەبنەوە لەو ڕووەوە کە گرنگی ململانێی کۆمەڵایەتییان فەرامۆشکردووە کە لەناو بونیادی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات، کەچی ئیکتفایان کردووە بەوەی کە تەنها ئاماژی پێبکەن بێ تیشك خستنە سەر ناوەڕۆك و راڤەکردن و شیکردنەوەی هۆکار و رەهەندەکانی.

دەرەنجام، لەم قۆناغەدا هزری کۆمەڵایەتی ویستی سیفەتێکی زانستی- بابەتییانە وەربگرێت و دووركەوێتەوە لە حوکمی کەسی و بەهایی و پشتبەستن بە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام سپنسەر لە ئاراستەی خۆی لایدا کاتێك ویستی یاسای جێگیر دابنێت بۆ بەرێوەبردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و کاتێك ویستی ئەنجامەکانی تیۆرەکەی بەسەر هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان بگشتێنێت.

**ب- دوای ئەوە هزری بونیادخوازی بە قۆناغی دووەمدا رۆیشت،**

ئەویش قۆناغی مارکسیزم بوو کە لە نیوەی سەدەی 19 سەریهەڵدا ئەو قۆناغەی گوزارشتی لە گواستنەوەی هزری نەریتی ئەڵمانی و، هزری سۆشیالستی فەرەنسی، هەروەها هزری ئابووری ئینگلیزی دەکرد. ئەم قۆناغە بە ململانێکردن لەگەڵ هزری سەرمایەداری و خەباتکردن دژی دەستپێدەکات. ئەم هزرە جەختدەکاتەوە لەسەر بەرژەوەندیخوازی و بەهای گرووپی وەك بنچینەیەکی سەرەکی بۆ هزری مرۆڤایەتی. هەروەها زیاتر جەخت لەسەر بەرژەوەندی ئابووری و پیشەسازی دەکاتەوە تا بەرژەوەندییە زانستی و تەکنیکییەکان کە هنری سان سیمۆن جەختی لەسەر کردبووەوە. هزرەکانی ئەم قۆناغە لەدوای دەرکەوتنی شۆرشی پیشەسازی لە ئەوروپا گەڵاڵە بوون، کە بووە هۆی دروستبوون و دەرکەوتنی چینی جیاواز لە ڕووی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەها و ئامانجی چینایەتیانەوە، بۆیە ئەم قۆناغە گرنگیدا بە لێکۆڵینەوە لە ململانێی چینایەتی نێوان چینی بۆرژوازی و پرۆلیتاریا. زانایانی ئەم قۆناغە لێکۆڵینەوەیان لەسەر



کۆمەڵگەی مرۆیی بەگشتی کردووە و، هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیان بە فاکتەری ئابووری بەستووەتەوە. بەمانایەکی تر، زانایانی ئەم قۆناغە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کردووە لە گۆشەیەکی بونیادخوازی وەزیفییەوە، بەڵام ئەوان جەختیان کردووەتەوە لەسەر لایەنی ئابووری و کاریگەری ئەم لایەنە لەسەر دروستبوون و گەشەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نووسینەکانی مارکس سەبارەت بە چینایەتی و ئابووریی.

بە شێوەیەکی ووردتر، لەم قۆناغەدا بزووتنەوەیەکی هزری سەریهەڵدا کە مارکس یەکێك بوو لە پێشەنگانی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوە و دژایەتیکردنی هزری سەرمایەداری و پوچەڵکردنەوەی هزرەکانی جێرمی بەنتام کە خاوەنی تیۆری بەرژەوەندی تاکخوازییە، بەشێوەیەك مارکس دەیوت: دەبێ پێش هەموو شتێك چەمکی سروشتی مرۆڤ دەستنیشان بکرێت بۆ زانینی ئەوەی چ شتێ بۆ مرۆڤ سوودی هەیە. چونکە ئەوەی بۆ چینی بۆرژوازی بەریتانی-کە تیۆری بەرژەوەندیخوازی دایهێنا- سوودی هەیە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی سوودی نییە. کەواتە ئەمە ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی دەنوێنێت و چینی بۆرژوازی زیاتر گرنگیدەدات بە قازانج و سوودی خۆی نەك بۆ سوودی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، چونکە بەبۆچوونی ئەو بۆرژوازی شتی بەسوود بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو ئەو شتانە بەرهەم دەهێنێت کە بۆ فرۆشتن دەستبدات و سوود و قازانجی بۆ خۆی هەبێت. هەروەها لەبەر ئەوەی بەرهەمی بۆرژوازی ئەو بەهایانە هەڵدەگرێ کە توانای ئاڵوگۆڕ پێکردنی ماددی هەیە و ئەم ئاڵوگۆڕکردنە ملکەچە بۆ پرۆسەیەکی تەواو حسابیی. بەڵام سوود و بەرژەوەندییە ئەخلاقی و ویژدانییەکان ملکەچی ئەو پرۆسەیە نابن کە تیۆری بەرژەوەندیخوازی دایهێناوە. دەرەنجامی ئەمە ئەوەی مارکس دایهێنا فراوانکردنی بەرژەوەندی تاکخوازیی بوو بۆ گرووپی و ئەمە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە بێ ئەوەی تایبەتبکرێت بە چینی بۆرژوازییەوە، بەڵکو سوود و کەڵکی مرۆیی تایبەت

دەکرێت بەسەر ئەو سوودانەی کە دەستیدەکەوێت لەو شتانەی کە سیفەتی مرۆیی گشتییان هەیە. ئەگەر بمانەوێ بەراورد بکەین لە نێوان ئەو ئەنجامانەی مارکس دەستیکەوتوون و ئەوانەشی زانایانی قۆناغی یەکەم پێیگەیشتوون، دەبینین قۆناغی مارکسیزم کۆمەڵناسی بۆ دووبەش دابەشکردووە، هەر بەشێك نەریتی هزری و بیروباوەڕ و میتۆدی خۆی هەیە و لە رووی تیۆری و پراکتیکییەوە لەویتر جیاوازە. میتۆد و هزری کۆنت باس لە کۆمەڵناسی گشتی و هزرەکانی چینی ناوەند دەکات، بەڵام بەشی دووەم -کۆمەڵناسی مارکسیزمی- لێکۆڵینەوە دەکات لە داواکاری و پێداویستی و حەزو ئارەزووەکانی چینی کرێکاران لەگەڵ بڕوابوون بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەردەوام، بە پێچەوانەی تەوژمی یەکەم کە تەنها گرنگی دابوو بە هاوسەنگی و کامڵبوونی کۆمەڵایەتی، هەروەها تەوژمی مارکس رووی دووەمی پۆزەتیڤیزمی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت کە قۆناغی یەکەم دایهێنابوو، بەڵام لەو شتانەی نەکۆڵیوەتەوە کە کۆنت فەرامۆشی کردبوون.

ئەگەر بمانەوێ بەراورد بکەین لە نێوان ئەوەی کە مارکس و ئەوەشی کە سیمۆن دایهێناوە دەبینین، ئەوەی یەکەم هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتی داناوە ئاماژە دەکات بە رێگا زانستییەکان. رێگا میتافیزیکییە رۆحانییەکان = سۆشیالستی زانستی. بەڵام هاوکێشەکەی سیمۆن ئاماژە دەکات بە رێگا زانستییەکان میتافیزیکییە پلەبەندکراوەکان = کۆمەڵناسی پۆزەتیڤیزمی. سەرەڕای ئەوە مارکس جەختی کردووەتەوە لەسەر فاکتەری ئابووری و پیشەسازی -کە سیمۆنیش جەختی لەسەر کردووەتەوە- بەڵام ئەویان زیاتر تێگەیشتن و رەهەندێکی ئابووری دەسەڵاتخوازی پێبەخشیوە تا رەهەندە زانستی و تەکنەلۆژییەکان کە سیمۆن باسی کردوون. مارکس زیاتر گرنگیداوە بە ململانێی نێوان چینە پیشەسازییە نوێیەکان زیاتر تا گرنگیدانی بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان تاکەکان و، هەڵوێستێکی دژایەتی هەیە بەرامبەر دەستەبژێری کۆمەڵگە لە سستەمی کۆندا کە (سیمۆن) یش قسەی لەسەرکردووە، بەڵام مارکس جەختیکردووەتەوە لەسەر چینی سەرمایەدار و



چینی کرێکاران، بەڵام سیمۆن جەختیکردووەتەوە لەسەر لێکچوونی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان. بۆیە هزرەکانی مارکس بووە ئایدیۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان.

زانای دووەمی ئەم قۆناغە زانای ئیتاڵی فلفریدۆ پاریتۆ (1848- 1923) یە. ئەم زانایە ئاراستەیەکی نوێی لە هزری بونیادخوازی تۆمارکرد، ئەویش بەکارهێنانی بیرکردنەوەی ئابوورییە بۆ شیکردنەوە و راڤەکردنی رەفتاری کۆمەڵایەتی. بە شێوەیەك رێبازی بەرژەوەندیخوازیی بەکارهێنا لە زانستی ئابووری بۆ راڤەکردنی هەڵسوکەوت و کردەی تاکەکانی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی. پاریتۆ جیاوازی کردووە لە نێوان دوو بەرژەوەندی گەورە و درێژخایەن لەناو کۆمەڵگە، یەکەمیان: بەرژەوەندی درێژخایەن کە کۆمەڵگە پێشکەشی تاکەکانی دەکات لەپێناو تێرکردنی حەزو ئارەزوو پێداویستیەکانیان دووەمیان: بەرژوەندی درێژخایەن کە تاکەکان پێشکەشی کۆمەڵگەی گشتی دەکەن لەپێناو تێرکردنی حەزو ئارەزوو پێداویستییەکانی کۆمەڵگەو تاك لەیەك کاتدا. ئەوەشی روونکردووەتەوە کە تاکەکان نایەکسان و هاوچەشن نین لەناو کۆمەڵگە، بۆیە ناتوانرێت حەزو ئارەزووەکانی هەریەکەیان بەتەنها تێر بکرێت، بەڵکو پێیوایە کۆمەڵگە یەکەیەکی کامڵبووە و دەتوانرێت بە یەکجار تێر بکرێت نەك تێرکردنی هەموو تاکەکان هەریەکەو بە تەنها. ئالێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پاریتۆ لە لۆژیکی ئابووری ئازادی-نەریتی دەرچووە، ئەو لۆژیکەی داکۆکی دەکات لەسەر دەستەبەرکردنی بڕێکی زۆر لە سوود و کەڵك کە لە توانا دابێت بۆ ژمارەیەکی گەورە و زۆر لەتاکەکان. واتە ئەو پشتگیری لە بەرژەوەندی و سوودی تاکخوازیی ناکات، بەڵکو پشتگیری لە سوودی گرووپی دەکات، هەروەها جیاوازی کردووە لە نێوان بەرژەوەندی گەورە و دوورو درێژ بۆ تاکەکان و بەرژەوەندی درێژخایەن بۆ کۆمەڵگە و، پێیوایە بەرژەوندی دووەم لەلایەن سەرکردەکانەوە درکی پێدەکرێت-کە زۆر جاران- پێداویستی و حەزو ئارەزووەکانی تێکەڵ دەبن لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە. بۆیە -بە بۆچوونی ئەو- دەبێت جیاوازی لە نێوان پێداویستی و حەزو ئارەزووە خودیی و بابەتییەکان بکرێت.

هەرەوەها زۆربەی کاتەکان تاك بڕوای وایە ئەو ڕەفتارەی کە دەیکات لۆژیکی و بابەتیانەیە، بەڵام بەڕای پاریتۆ ئەم بڕوایە رووکەشییە نەك واقیعی. کەچی لەسەر ئاستی مومارەسەکردن، ئەوا ڕەفتاری تاك خودییە و لەسەر سۆزو مەیلی خودخوازی وەستاوە. مەیلی خودخوازی و ڕەفتاری بابەتیانە هاوشانی یەکتر نین، بەڵکو دوو شتی لەیەکترجیان -بەبۆچوونی پاریتۆ- و هەریەکەیان دوورە لەویتر لەبەر هەندێ بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی بە ئاکارو رووکەش لۆژیکی نین، بەڵام لەسەر ئاستی ناوەڕۆك یا مومارەسەکردنێکی کردەیی خزمەتێکی کۆمەڵایەتی زۆرباش پێشکەشدەکات، وەك زیادکردنی توندوتۆڵی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی نێوخۆیی یەکەیەکی کامڵ. لەبەرئەوە هەندێك لە خێڵەکان بڕوایان وایە سەمای بەکۆموڵ دەبێتە هۆی باران بارین. ئەمە تەنها بڕوایەکی نابابەتیانەیە، بەڵام زۆر خۆبەستنەوە بەم جۆرە بیروباوەڕانە دەبێتەهۆی زیادبوونی بەسترانەوەی تاك بە سستەم و بەهاکانی خێڵ و ئەندازەی بەسترانەوەی بە بونیادی خێڵەوە زیاتر دەکات.

دواتر زانای دووەم وەردەگرین کە بەڕەچەڵەك نەرویجییە و خێزانەکەی کۆچی کردووە بۆ ئەمریکاو لە ولایەتی وسکانسن جێگیر بووە. لایەنی ئابووری زۆرێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی روونکردووەتەوە ئەویش زانا تۆرستاین فبلن (1857-1929)ە، کە هەندێ دیاردەی ئابووری بۆ راڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بونیادخوازانە بەکارهێناوە. چەمکی بەکاربردنی رووکەشی -دەستبلاو- ی بەکارهێناوە کە ئەندامانی چینی دەوڵەمەند مومارەسەی دەکەن -بەپێی ووتەی فبلن- ئەمە زیادەڕۆییە لە بەکاربردنی کاڵاو جلوبەرگ و کەلوپەلی ناو ماڵ و خواردن و خواردنەوە، بۆیە ئەمەیە کە پلەی دەوڵەمەندی و زەنگینی تاك لەناو کۆمەڵگە دیاری دەکات، چونکە بەکاربردنی رووکەش لەلای ئەندامی چینی دەوڵەمەند هۆیەکە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێك، ئەو ئامانجەش دەرخستنی دەوڵەمەندی و زەنگینی چینی دەوڵەمەندە. فبلن دیاردەی زیادەڕۆیی لە خەرجکردنی پارە لەپێناو هۆیەکانی خۆشگوزەرانی و کات بەسەربردن و رابواردن و ئاهەنگ گێڕان و نەریتی ئاڵوگۆڕکردنی دیاری وەك



بنچینەیەك بەکارهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی چینی دەوڵەمەند. ئەو تێبینی کردوە کە مومارەسەکردنی ئەم چالاکی و جموجۆڵانە جیاوازە لە دەستەیەکەوە بۆ یەکی تر کە هەموویان لەسەر پلەبەندی چینی دەوڵەمەنددان. بەم شێوەیە میرات و نەسەب و خانەدانی و پەیوەندی خوێنی و ڕەگەزی بنەماڵەیی دەوڵەمەند، بنەمایەکە بۆ هەنگاونانی ئەم دەستەو پێگانە لەسەر پلەبەندی چینی دەوڵەمەند، لەبەر ئەوە چەندە ماڵ و سامان و خانەدانی خێزان زۆربێت، ئەوا بەکاربردنی رووکەش زیاد دەکات و بە پێچەوانەوە راستە.

فبلن پێیوایە کۆمەڵگە دابەشکراوە بەسەر دوو چیندا، چینی دەوڵەمەند و چینی هەژار، یەکەمیان بەکاربەرەو ئەویتر بەرهەمهێن. جاران چینی هەژار ئەو شتانەی بەکار دەبرد کە ژنان بەرهەمیان دەهێنا، بەڵام ئێستا لەناو چینی دەوڵەمەند ژن خەرجی زیاترە لە پیاو و زیادەڕەوی دەکات لە بەکاربردنی رواڵەتی لەپێناو دەرخستنی ماڵ و سامانی هاوسەر و خێزانەکەی، لەبەرئەوە ژن زیادەڕۆیی دەکات لە بەکاربردن و خەرجکردن و دەستبلاوی لەم رووەوە کێبەرکێ دەکات لەگەڵ ئەندامانی چینەکەی خۆی. فبلن لە گۆشەیەکی وەزیفیەوە ئەم دیاردەیەی راڤەکردووە، چونکە کاتێك دەوڵەمەندێك ئۆتۆمبیلێکی چاك و گرانبەها دەکڕێت، ئەوها بە رواڵەت ئاماژە بەیەکێ لە هۆکارەکانی گواستنەوە دەکات، بەڵام وەزیفەکەی نادیارە ئەویش دەرخستنی ماڵ و سامانی دەوڵەمەندییەکەی و خۆدەرهێنانە لەناو کۆمەڵگە. داگیرساندنی مۆم لەسەر خوانی نانخواردن کە بەڕواڵەت مانای بەخشینی وێنەیەکی هێمن و جوانە، بەڵام وەزیفەکەی نادیارو شاراوەیە ئەویش دەربڕینی ڕەفتاری ئۆرستکراتی خاوەن ماڵەکەیە لەکاتی میوانداریدا. لەسەر ئەم بنەمایە کڕینی جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ و هاتووچۆکردن بۆ شوێنەکانی رابواردن و یانەکان و، مومارەسەکردنی ئارەزووەکان و شتی لەم جۆرەی پێوانە کردووە. لە کۆتاییدا فبلن ڕێکخستنی چینایەتی بەستووەتەوە بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە و بەشێوەیەك چینی دەوڵەمەند لە سەروی بونیادەکە دەبێت بەڵام هەژار لە ژێرەوە.

ئێستا دەتوانین مشتومڕ لەسەر ئەم ئاراستە نوێیە بکەین، کە لەناو هزری بونیادی وەزیفی و لەم قۆناغەدا دروستبووە -نیوەی سەدەی 19- کە پێداگیری دەکات لەسەر لایەنی ئابووری لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبەرئەوە دەبینین پاریتۆ گرنگییەکی زۆری داوە بە ڕێبازی بەرژەوەندیخوازی گرووپی کە بە کۆمەڵگە بەخشراوە و کۆمەڵگەش دەیبەخشێت بە تاکەکانی بەشێوەیەك تاك و کۆمەڵگەی تێکەڵاو کردووە و یەکگرتنێکی لە نێواندا دروستکردوون، ئەو ئاماژەی نەکردووە بە جیاوازییەکانی نێوانیان، بەڵکو گریمانەی داناوە سەبارەت بەهاوشانی و تێکەڵاو بوونیان، ڕەنگە ئەم گریمانەیەی پاریتۆ لەڕووی بوونی ئامانجێکی گشتی بەرژەوەندیخواز و بابەتیانە بێت، ئەگینا لە ڕووی بوونی ئامانجی تایبەتی و خودخوازی، ئەوا هاوشێوە و تێکەڵاو نین. ئەو شتەی پاریتۆ تێیدا بەهرەمەند بوو خستنەڕووی دوو بۆچوونی بونیادخوازییە، یەکەمیان ئەو بۆچوونە گشتییەیەتی لەبارەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەو پێشکەشکردنی بەرژەوەندی لەڕادەبەدەر بۆ کۆمەڵگە لە بەرامبەریشدا پێشکەشکردنی بەرژەوەندی لە ڕادەبەدەری کۆمەڵگە بۆ تاکەکان دووەمیشیان، ڕوونکردنەوەکانیەتی بۆ وەزیفەی بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان کە تاك بە سستەمی کۆمەڵایەتیەوە هاوبەستە دەکات. لەگەڵ ئەوەی ئەم وەزیفانە وادەردەکەون کە بە کەڵك نایەن یا نرخیان نییە، ئالەوێوەوە ڕەوتی بونیادخوازیی پاریتۆ بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕوون دەردەکەوێت. پاریتۆ بەم کارەی لە یەك کاتدا پرۆسەی ئاڵوگۆڕی پەیوەستی لە نێوان سوودو کەڵکی کۆمەڵگەو تاك ڕوونکردووەتەوە، هەروەها وەزیفەی دیار و-نادیاری بە شێوەیەکی دەستبار و هاوشان ڕوونکردوەتەوە.

فبلن چەمکی بەکاربردنی ئاشکرای ڕوونکردەوە کە هۆیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك، کەچی لەواقیعدا ئەم چەمکە لەیەك کاتدا هەم پاڵنەرو هەم ئامانجیشە. دەوڵەمەند ئەم وەزیفەیە مومارەسە دەکات بۆ ئەوەی تێری بکات بەو پێیە خەرجکردن بەهایەکی چینایەتی دەوڵەمەندەکانە، کە ڕەنگدانەوەی نرخ



و چینەکەیەتی لەسەر چینایەتی، ئەو مومارەسەی ئەمە دەکات لەپێناو بەدەستهێنانی قبوڵکردنێکی کۆمەڵایەتی لەناو چینەکەیدا و هەندێجاریش لەپێناو سەرکەوتن بەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتی چینایەتی و، جاری واش هەیە بۆ دەستەبەرکردنی حەزو ئارەزوو ئامانجە تاکخوازانەییەکانییەتی. ئەوشتەی فبلن تێیدا بەهرەمەند بوو، جیاوازیکردنییەتی لە نێوان وەزیفە دیارو نادیارەکانی دیاردەی بەکاربردنی ئاشکرا، بەشێوەیەك لە ڕێگای بونیادی وەزیفەوە ریشەی ئابووری لەناو سستەمی کۆمەڵایەتی بڵاوکردەوە.

بەڵام ئەو پرسیارەی دەتوانین لە (فبلن) ی بکەین ئەوەیە: ئایا بەکاربردنی ئاشکرا پێوەری سەرەکییە بۆ پۆلێنکردنی چینایەتی؟ و لەچ جۆرە بونیادێکی کۆمەڵایەتیدا بەکاربردنی ئاشکرا پێوەرێکی کاریگەرە بۆ ئەم پۆلێنکردنە؟ جا ئەمە لە بونیادێکی داخراو یا کراوەدا ڕوودەدات؟ لە کۆمەڵگەی نەریتی و پارێزگار؟ یا کۆمەڵگەیەکی گواستراوە؟ یا لە کۆمەڵگەی پیشەسازی و مەدەنی دەبێت؟. هەموو ئەم پرسیارانە فبلن بێ وەڵام و بێ گۆڕان و ڕاڤەکردن جێیهێشتوون. بە بڕوای ئێمە ئەگەر ئەم لایەنە کۆمەڵایەتییانەی ڕوون بکردایەتەوە، ئەوا دەیتوانی هەموو لایەنەکانی بەکاربردنی ئاشکرا لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە شێوەیەکی ڕوون و کامڵبوو بخاتەڕوو.

**ج- بەڵام قۆناغی سێیەم کە هزری بونیادی وەزیفی پێیدا تێپەر بوو**، ئەوا زانا ئەڵفن گۆڵدنەر بە قۆناغی کلاسیکی ناوزەندی دەکات کە پێش جەنگی جیهانی یەکەم دەستیپێکرد. لەم قۆناغەدا هزرەکانی مارکسیزم و هزرەکانی پۆزەتیڤیزم تێکەڵ بە یەکتر بوون. بەڵام لەو بارەیەوە کە بۆچی گۆڵدنەر بە کلاسیکی ناوزەندی کرد، ئەوا لەبەرئەوەی کە لەگەڵ کاروبارو هزرەکانی زانا کۆمەڵایەتییە-وەزیفیە- هاوچەرخەکان و خەسڵەتی خۆی جیاوازی هەبوو. لە زانایانی ئەم قۆناغە، ئەمیل دۆرکهایم و ماکس ڤیبەربوون، لەو کاتەدا شۆڕشی پیشەسازی و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە

گەورەکان سەریانهەڵدا کە بونیادی ئالۆزبوون هەبوو، وەك دەرکەوتنی سستەمە بیرۆکراتی و ئیمپریالیزمی جیهانی وەك دەرەنجامێك بۆ ئەم رووداوانە. هزری بونیادی وەزیفی جەختی کردەوە لەسەر لێکۆڵینەوە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە پەیوەستن بەم رووداوانەوە.

زانای فەرەنسی ئەمیل دورکایم (1858- 1917) لەرێی نووسینەکانی دەربارەی سستەمی دابەشبوونی کار و ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی کە بە دیاردەی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی و هەستی کۆمکارییەوە هەیەتی رەوتە وەزیفییەکەی دەردەکەوێت. بەشێوەیەك ئەو پێیوایە دەسەڵاتی سستەمی دابەشبوونی کار لەناو هەموو جۆرەکانی کۆمەڵگەی مرۆییدا بوونی هەیە. ئەگەر چی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر جیاوازە. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان سستەمی دابەشبوونی کاری سادە و ساکار و نائالۆز باوبووە، کە لەسەر بوونی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی میکانیکی وەستاوە. واتە کەسایەتی تاك لەناو کەسایەتی کۆمەڵگە تواوەتەوە، رەفتاری تاکخوازی تایبەت بوونی نییە بەهۆی هاوبەستەبوون بە هەستی کۆمکاری لە هەڵسوکەوت و رەفتارەکانیدا. بۆیە دورکایم پێیوایە هەستی کۆمکاری ویژدانی تاکیش لەخۆدەگرێت و گوزارشت لە ماف و ئەرکەکانی دەکات، نەك شتێکی جیاکراوە بێت، ئەویش بەهۆی ئەو فشارە بەهێزانەی کە کۆمەڵگە لەسەر تاك مومارەسەی دەکات و، دەبێتەهۆی دروستبوونی هەستێکی کۆمکاری وەك ئێمە زیاتر لە من. لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگە بەشێوەی یەك جەستە دەردەکەوێت، بەم جۆرە هەر لادان و دەرچوونێك لە بەهاو داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە تاك تووشی سزای توند دەکات کە لەلایەن یاسای بەرپەرچدەرەوەی باوی ئەم کۆمەڵگەیانەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت.


بەڵام جۆری دووەم لە سستەمی دابەشبوونی کار، ئەوا لەناو کۆمەڵگە پیشەسازییەکان و گرووپە دووەمییەکاندا باوە و ئەم جۆرە گشتێکی ئالۆزە و پسپۆڕی و لقی جۆراوجۆر و جیاواز جیاواز لەخۆ دەگرێت و، تاکەکان بەهۆی



دەستباری هەریەکەیان بۆ ئەوانیتر، بەیەکەوە بەستراونەتەوە زیاتر لەوەی بەهۆی گونجان یا لێکچوونیان بەیەکەوە ببەسترێنەوە. چونکە ئەوانە بەشێوەیەکی بەشی بەیەکەوە بەستراونەتەوە نەك گشتی، ئەمە دەبێتەهۆی دەرکەوتنی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی ئۆرگانی کە رێگا دەدات بە تاك لە ئاستێکی فراواندا چالاکی بکات بۆ گوزارشتکردن لە تاکخوازی و ئازادییە تایبەتیەکانی و، ئەمە بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی جووڵەیەکی دینامیکی تاکخوازی چالاك لەناو کۆمەڵگە. هەروەها دورکایم دەڵێت: سستەمی دابەشبوونی کار لەناو کۆمەڵگە پیشەسازیەکان و گرووپە دووەمیەکان بەهۆی هەوڵدان لەپێناو مانەوە دەردەکەوێت. ئەمەش دەبێتەهۆی هەڵاوسانی دانیشتوان، واتە سستەمی دروستبوونی دابەشبوونی کار خۆی نابێتەهۆی هەڵاوسانی قەبارەی دانیشتوان، بەڵکو هەوڵدان لەپێناو مانەوە دەبێتەهۆی ئەو هەڵاوسانە و، پسپۆڕی زۆرو جۆراوجۆر دەبیتەهۆی دروستبوونی بونیادێکی تێکەڵاو و ئاوێتە کە لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی پێکهێنان و دروستبوونی سستەمێکی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی ئالۆزی کار. بەڵام هەستی کۆمکاری مانای بوونی کۆمەڵێك بیروباوەڕو سۆزی گشتییە کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەمە لە کۆمەڵگە پیشەسازیەکان توندوتۆڵییەکەی کەمترە وەك لە کۆمەڵگە سەرەتایی و گرووپە یەکەمییەکان، بەڵام دەرچوون لە چوارچێوەی هاوبەستەیی ئۆرگانی بە مانای ئەوە دێت تاك دووچاری سزای یاسای چاکسازی دەبێتەوە، نەك سزای بەرپەرچدانەوە. واتە ئەو سزایانەی تاك دووچاری دەبێتەوە لەناوبەر یا بە زۆرو توند نییە، بەڵکو چارەسازە. لە کۆتاییدا هەرچەندە لق و پۆپی سستەمی دابەشبوونی کار زیاد بکات، کۆیلایەتی تاك بۆ کۆمەڵگە کەم دەبێتەوە، هەروەها کۆنترۆڵی کۆمەڵگە لەسەر تاك لاواز دەبێت و فشاری کۆمەڵگەش کەم دەبێتەوەو گەشەی خودیی -تاکخوازی زیاد دەکات، بە پێچەوانەوەش راستە. تەماشای شێوەی ژمارە-1- بکە.

شێوەی ژمارە (1)

**سیستەمی دابەشبوونی کار لە کۆمەڵگە بەپێی بۆچوونی دورکایم ڕووندەکاتەوە**




ئەگەر بمانەوێ هزری دورکایم بەراورد بکەین لەگەڵ زانا پۆزەتیڤیزمەکانی پێشتر (سیمۆن، کۆنت، سپنسەر) دەبینین ئەو بوارێکی نوێی زیادکردووە بۆ ڕەوتی پۆزەتیڤیزمی ئەویش فاکتەری دەروونیی-هەستی کۆمکاری-و جیاوازیکردنە لە نێوان هاوبەستەیی ئۆرگانی و میکانیکی کە نە سپنسەر و نە ئەوانیتریش ئاماژەیان پێنەکردووە. هزری دورکایم لە چوارچێوەی سستەمی دابەشبوونی کار دەخولێتەوە کە گوزارشت دەکات لە ڕەوتی پۆزەتیڤیزمی بەشێوەیەکی ڕوون و فراوان. ئەو هەردوولایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەگەڵ یەك کۆکردووەتەوە، بە جەختکردنەوە لەسەر هاوبەستەیی و کامڵبوون. بەڵام ئەو گرنگی نەداوە بەململانێ کۆمەڵایەتییەکان کە لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان لەناو گرووپە دووەمییەکان ڕوودەدات. بە تایبەتیش ئەو ئاماژەی کردووە بە ئازادی تاکخوازیی لەناو هاوبەستەیی ئۆرگانی. تا ئەوکاتەی خەبات لەپێناو مانەوە بنچینەیەك بێت بۆ دروستبوونی سستەمی دابەشبوونی کار-بە بۆچوونی ئەو- ئەوا پێشبینی ڕوودانی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان حەزو ئارەزووەکان و ئازادییە



تاکخوازاییەکان لە کۆمەڵگەی پیشەسازی و پێشبینی بوونی دەستەیەك لە خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دەستەیەکی تر کە خاوەنی هیچ شتێك نین دەکرێت و، ئەمەیە کە دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانێ و ناکۆکییەکان لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی کە دورکایم ئاماژەی پێنەکردوون و هیچ چارەسەریەکیشی نەخستووەتە ڕوو لەکاتی ڕوودانیان. بەڵام ئەو وەکو پۆزەتیڤیزمەکانی پێش خۆی ئیکتفای کردووە تەنها بە جەختکردنەوە لەسەر کامڵبوون و هاوبەستەیی بەشەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش مانای وایە ئەو یەك لایەنی لەژیانی کۆمەڵایەتی ڕوونکردووەتەوە و، لایەنی دووەمی کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت فەرامۆش کردووە. لەبەرئەوەی ئەو لایەنە هەمیشە ڕوودەدات کە ئەویش ململانێیە. بۆیە دورکایم بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەو لە گۆشەنیگای پۆزەتیڤیزمەوە باشتروابوو بە پرۆسەی خەباتکردن دەستپێبکات لە جیاتی سستەمی دابەشبوونی کار.

وێڕای ئەوانەی سەرەوە، دورکایم هەڵوێستی یاسای چاکسازی لەبارەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان کە لەناو کۆمەڵگەی پیشەسازیدا ڕوودەدات، ڕوونەکردووەتەوە، کە بە ململانێی تاکخوازی و وەزیفەیی و سستەمی دەناسرێت. بەشێوەیەك ئەو ئەمەی جێهێشتووە و باسی نەکردووە کە ئەمەش کەم و کورتییەکی دورکایمە لە ڕەوتی بونیادخوازی وەزیفیی دورکایمیزم.

بەڵام زانای ئەڵمانی ماکس ڤیبەر (1814- 1920) لە ڕێگای بۆچوونەکانییەوە بۆ ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە زەبەلاح و سستەمە بیرۆکراتییەکانی ناو کۆمەڵگە پیشەسازییە سەرمایەدارییە نوێکان کە -بە بڕوای ئەو- لەسەر بنچینەیەکی ئەقڵانی نەك ویژدانی دروستبووە ڕەوتە بونیادخوازییەکەی سەرچاوە دەگرێت. پەیکەرە ڕێکخراوەییەکەی لە سستەم و پێگەی بابەتیانەی ئەقڵخوازی کە پسپۆڕە لە کاری تەکنیکی و هزری و کارگێری دیاریکراو پێکدێت. ئەو پێیوایە بۆ هەر پێگەیەکی ڕێکخستن ئەرك و بەرپرسیارێتی تایبەت بەخۆی هەیە بە ئەرك و بەرپرسیارێتی پێگەو ڕێکخستنەکانی ترەوە بەستراوەتەوە لەناو ئەو بونیادە گشتییەی کە سستەمێکی کۆمەڵایەتی زەبەلاحی هەیە و خاوەنی ئابوورییەك و

ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ و سیاسەتێکی پێگەیشتووە، لەبەر ئەمە ئەو شێوەیە نوێترە لە سستەمی کارگێڕی سادە کە ڤیبەر بە پیشە دەستییەکانی چواندووە. بەڵام بونیادی ڕێکخستنی بیرۆکراتی بە تەکنەلۆژیای نوێ دەچوێنێت. کاتێك ڤیبەر دەربارەی بابەتی بونیادی ڕێکخستن قسەی کردووە، بەشێوەیەکی گشتی چەمکی هێز و نفوزی روونکردووەتەوە کە لە پێگە ڕێکخراوەییەکەی تاك و ئەرك و بەرپرسیارێتییە بونیادخوازییەکانی و رادەی هاوبەستەیی تاك وەرگیراوە، بەشێوەیەك ئەم چەمکە -هێز- کاریگەری هەیە لەسەر بوون و پێکهاتنی سستەمە فەرمییە باوەکان لەناو کۆمەڵگە، چونکە لەلایەن یاساکانی ئەم ڕێکخستنە زەبەلاحانەوە پاڵپشتی کراوە.

مومارەسەکردنی مافی پێگە ڕێکخراوەییەکان لەلایەن تاکەوە، واتە مومارەسەکردنی هێزی یاسای فەرمیی لەناو ڕێکخستنەکە، هەروەها تێرکردنی حەزو ئارەزووە تایبەتییەکان لە زاڵبوونی دەسەڵات بەسەر ئەوانیتر و دەوڵەمەندکردنی پێگە ڕێکخراوەییەکەی.

نفوزی ڕێکخراوەیی —بە بۆچوونی ڤیبەر- ڕێسایەکی بنچینەییە بۆ ئیعتبارو جیاوگە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە گەڕانی تاك بەدوای هێزی ڕێکخراوەیی وەکو گەڕانیەتی بەدوای ئیعتبار و جیاوگە کۆمەڵایەتییەکان نەك تەنها ئەوەش، بەڵکو هێزی ڕێکخراوەیی بنچینەیەکە بۆ هەموو ئیعتبار و جیاوگەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بەشێوەیەکی فەرمیی لەلایەن کۆمەڵگەوە بەگشتی پاڵپشتی کرابێت. دابەشکردنی ئیعتبارو جیاوگە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر گرووپە تایبەتییەکان لەناو سستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەستراوەتەوە بە سستەمی ڕێکخستنە فەرمییەکانی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەی سستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکسان نین، بەڵام بۆچوونی ڤیبەر لەبارەی کۆمەڵگەی مرۆیی، ئەوا لە چەمکی-ڕیگای ژیانی تاکەکان- ەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك بنچینەیەك بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ گرووپ و پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز و دابەشکراو بەسەر پلەبەندی کۆمەڵایەتییەوە، لەڕێگای ئەم دابەشکردنەوە کۆمەڵگەی بۆ دوو



چینی کۆمەڵایەتی جیاواز پۆلێنکردەوە، یەکەمیان خاوەنی هێزو دەسەڵات، ئەویتر خاوەنی ئەم شتانە نییە.

بۆچوونەکەی تری ڤیبەر کە مەیلی بونیادخوازییەکەی تێدا روونەدەکاتەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیەی بوو دەربارەی سستەمی بیرۆکراتی لە ژیارە کۆنەکان میسر و چین و هند و رۆما و کۆمەڵگە پیشەسازییە سەرمایەدارەکان، کە -بیرۆکراتی- بە یەکێ لە شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی فەرمیی داناوە کە لەسەر بنچینەی پلەبەندی بەرەوژوور وەستاوە. بە بۆچوونی ئەو بیرۆکراتی دوو شێوەی سەرەکی وەرگرتووە، ئەوانیش بەم شێوەیەی لای خوارەوەن:

1- بیرۆکراتی رزگارکار: ئەو بیرۆکراتییەیە کە ڤیبەر گەڕاندوویەتییەوە بۆ ئەو تاکەی کە خەسڵەتی کەسایەتی بەهێزی هەیە و جیاوازە لە خەسڵەتی کەسایەتی مرۆڤی ئاسایی-کاریزما-. ئەو خاوەنی هێزێکی دروستکارو داهێنەرە وەك سەرکردەی سەربازی یا سەرکردەی سیاسی و پێغەمبەری ئاینی. ئەم جۆرە بیرۆکراتییەتە بەرپرسیار نییە لەسەر کۆمەڵگەو ئامانج و حەزو ئارەزووەکانی، بەڵکو تەنها بەرپرسە لە دەستەبەرکردنی حەزو ئارەزووەکانی بۆخۆی.

2- بیرۆکراتی یاسایی-لۆژیکی: کە هێزو تواناکانی لە خزمەتکردنی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدایە بەو جۆرەی کۆمەڵگە خۆی بۆخۆی نوێی دەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەی ڤیبەر بۆ بیرۆکراتی بەچەند توخم و رەگەزێك سنووردار کراوە کە سیفەتە جیاکەرەوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە فەرمییە گەورەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە زەبەلاحەکانی تێدا دەردەکەوێت، ئەویش ئەمانەن:

1- پێویستە زنجیرەیەك لە پێگەی وەزیفی پسپۆڕ هەبێت.

2- دەبێت ڕێکخراوێکی پلەبەندی بۆ نووسینگە فەرمییەکان هەبێت و دەستنیشانکردنێکی ورد هەبێت بۆ دەسەڵات و بەرپرسیارێتی هەر

نووسینگەیەك و، دیاریکردنی جۆری پەیوەندییەکانی ئەم نووسینگانە بە یەکترەوە.

3- دەبێت پرۆسەی هەڵبژاردنی کارمەندانی نووسینگەکان لەسەر بنەمای توانا پیشەیی و هونەری و کارگێڕییەکان و، هەروەها لەسەر بوونی پسپۆڕییە کارگێڕی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی وەستا بێت.

4- دەبێت رەهەندەکانی دەسەڵاتی ئەو تاکانەی پێگە وەزیفییەکان داگیر دەکەن دیاری بکرێت.

5- دەبێت جۆر و سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو تاکانەی پێگە وەزیفییەکان داگیر دەکەن دیاری بکرێت.

6- ناکرێ خاوەندارێتی ئەم پێگە وەزیفییانە یا نووسینگەکانی یا بە میرات مانەوەیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بکرێت، بەڵکو دەبێت ئەم پێگانە هەڵبژێردراو بن.

7- بڕیار و پەیوەندی ئەندامانی رێکخراوە بیرۆکراتییەکان لە تۆمارە فەرمییەکاندا تۆمار کراوە.

بەڵام لێکۆڵینەوەی ڤیبەر بۆ سەرمایەداری، ئەوا بەو شێوەیە بینیویەتی کە سستەمێکە ئامانجی قازانجی تایبەتییە و دەوەستێتە سەر سەرمایەگوزاری و بەستراوەتەوە بە سستەمی سەرمایەداری لە رووی بازرگانییەوە، کە لە هەموو شوێن و کاتێکدا پێشدەکەوێت. ڤیبەر جیاوازی دەکات لە نێوان سەرمایەداری نوێ و سەرمایەداری گشتی، ئەمەش لە رێگای رێکخستنی ئەو سەرمایەیە بەشێوەیەکی ئەقڵانی و بۆ کاری ئازاد. ڤیبەر دەیەوێت بڵێت: کە سەرمایەداری سەرکەوتوو بەهۆی دەرکەوتنی ئەخلاقی پرۆتستانتی و بە تایبەتیش ئەخلاقی کالڤینی (کە دەگەڕێتەوە بۆ کالڤین) دروستبووە و کاریگەربووە. ڤیبەر روونیکردووەتەوە ئەو ناوچانەی ئەخلاقی پرۆتستانتی بەسەریاندا زاڵە لە ئەڵمانیا، ئەوا ئەو ناوچانە دەوڵەمەند ترو زەنگین ترن لەو ناوچانەی کە ئەخلاقی



کاتۆلیکی بەسەریاندا زاڵە، هەر ئەوەشە کە پاڵپشتی لە بوونی پەیوەندییەك لە نێوان سەرمایەداری و بڵاوبوونەوەی رێبازی پرۆتستانتی دەکات. هەروەها ڤیبەر دەڵێت: ئەمە لە سەرمایەداری نوێدا تەنها لەسەر مۆتیڤی دەستکەوت دروست نابێت، بەڵکو ئەمە بریتییە لە چالاکی ئەقڵخوازی، کە جەختدەکاتەوە لەسەر رێکخراوەیی و پابەندنەبوون و کۆنترۆڵکردن. هەروەها سەرمایەداری هەوڵی دەستەبەرکردنی سەرکەوتن بۆ خۆی دەدات زیاتر لە گرنگیدانی بە بەدەستهێنانی دەستکەوت و قازانج. بۆیە ئەخلاقی مەسیحی پرۆتستانتی پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی ژیانی ئەو دونیا بنچینەیە و، گریمانەی رزگاربوون لە ژیانی دونیا دادەنێت، کە ئەوە شتێکی دانراوە لەلایەن خواوە و مرۆڤ ناتوانێت ئەوەی خوا بۆی نووسیوە بیگۆڕێت، بۆیە لەناو بیرو باوەڕی پرۆتستانتی وا باوە کە سەرکەوتن لە ژیانی دونیا، هێمایەکە بۆ سەرکەوتن لەو دنیا.

لە بوونیادخوازی ڤیبەردا تێبینی دەکەین، کە هزرەکانی تەنها لەسەر رێکخستنە فەرمییەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی و سەرمایەداری کورتبووەتەوە و، رێکخستنە نافەرمییەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە و کۆمەڵگەکانی تری فەرامۆشکردووە، کە بووەتە هۆی بچووکبوونەوەی قەبارەی گۆشەنیگای بونیادخوازی لە گشتێکی گشتییەوە بۆ بەشێکی تایبەتی، واتە لە بونیادێکی گشتییەوە کە پێکهاتووە لە سستەمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و یاساییەکان بۆ ریکخستنە فەرمیەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەشداریکردنەی ڤیبەر شتێکی نوێیە لە هزری بونیادخوازی، چونکە کارلێکی کردووە لەگەڵ قۆناغێکی نوێی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کە لە پێش شەڕی جیهانی یەکەم دەرکەوتوە (ئەویش دەرکەوتنی ئیمپریالیزمی جیهانی و بیرۆکراتی فەرمی) لەگەڵ ئەوەی بۆچوونەکانی سادە و بچووکن، بەڵام بونیادی کۆمەڵایەتی گشتی کۆمەڵگەی پیشەسازی و سەرمایەدارییە نوێکان بووە هۆی بەخشینی وێنەیەکی واقیعی و کردەیی بۆ ئەم هزرە.

هەروەها تێبینی داکۆکیکردنی ڤیبەرمان کرد لەسەر ئەوەی بیرۆکراتی - ئەقلانی و پێگەیشتووە- و بەجۆرێك وێنای بیرۆکراتی کردووە کە بەشێوەیەکی رێك و ورد کاردەکات، ئەمەش لەگەڵ سروشتی مرۆیی یەکناگرێتەوە کە سیفەتی ویژدان و سۆز و حەزو ئارەزوو مۆتیڤی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەوشتانەی کە بیرۆکراتی کاریان لەسەردەکات بۆ تواندنەوەو زەوتکردن و رەزیلکردنی مرۆڤبوونی تاکە، ئەمەش هانی ئەو ئەندامانە دەدات کە مرۆڤبوونیان زەوتکراوە بکەونە ململانێ و شۆڕشکردن دژی، لەبەرئەوەی ئەم ئەندامانە حەزیان بە چەوساندنەوە و زەوتکردنی مافە تاکخوازییە تایبەت و مافە رێکخراوەییە کۆمەڵایەتییەکانیان ناکەن.

**لەیلا تکلا، سێ خاڵی رەخنەگرانەی لەبارەی بیرۆکراتیەکەی ڤیبەر خستووەتەڕوو، ئەویش بەم شێوەیەیە:**

1- ڤیبەر ئەفسەرێك بوو لە سوپای ئەڵمانی کە نموونەی رێکخراوێکی سەربازی گەورەیە و بەشێوەی فەرمان کاروبارەکانی هەڵئەسوورێنرێت و تاکەکانی ناو ئەم رێکخستنە بەپێی ئەو فەرمان و رێوشوێنە توندانەی کە دەدرێت بەسەریانا هەڵسوکەوت دەکەن، ئەو فەرمانانەش پێشتر دانراون و دەبێ تاکەکان پابەندبن پێیانەوە. بۆیە بڕوای وابووەکە ئەم رێگایە لە کارگێڕی دەتوانێت سەرکەوتن بە دەست بهێنێت لە بوارە جیاجیاکاندا.

2- ڤیبەر بڕوای بەوەیە کە مرۆڤ لاوازە لە بڕیاردان و بیرۆکراتی ئاقڵ ترو پێگەیشتوو ترە لەم پرۆسەی بڕیاردانەدا.

3- بڕوای بەوایە کە رێکخستنە فەرمییەکان سستەمی توندو تۆڵ و قایمن، ئەو سستەمەی کە لەو سەردەمەی ئەودا باو بوو، ئەمەش سودێکی پۆزەتیڤی هەیە لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و، بە بڕوای ئەو ئەمە فاکتەری مرۆیی لەلای ئەندامانی رێکخستنەکە فەرامۆشدەکات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەبارەی پێشەنگانی ئەم قۆناغە -پێش شەڕی یەکەمی جیهانی - کە ئەوانیش دورکایم و ڤیبەرن، دوورکەوتنەوەیانە لە



داڕشتنی یاسای کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە یا دانانی یاسا بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەکانیاندا میتۆدی زانستی و بابەتییانەیان بەکارهێناوە کە دەکەوێنە ژێر تێبینی و چاودێری و ئەزموونەوە. هەروەها بەکارهێنانی خشتەی داتایی و رێگای لێکۆڵینەوەی بابەتییانە، ئەمەش جێ پەنجەی خۆی جێهێشتووە لەسەر رێبازەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە لەلای کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان بەتایبەتیش زانا کۆمەڵایەتییە وەزیفییەکان.

بۆ نموونە لێکۆڵینەوەکەی ئەمیل دورکایم بۆ دیاردەی خۆکوشتن کە ئامار و خشتەی داتایی و راڤەکردنی پەیوەندیدار لە خۆ دەگرێت و لەلایەن زانا کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکانەوە بەکارهاتووە. نموونەی لازار سفیلد و کاندڵ و هایمەن و رۆبەرت. سەرەڕای ئەوەیش میتۆدی بەراوردکردن کە دورکایم بەکاریهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەکان هەریەك لە تالکۆت و پارسۆنز و سۆرۆکین پێی کاریگەر بوون.

بەڵام میتۆدی لێکۆڵینەوەی ماکس ڤیبەر لەلایەن کۆمەڵناسە وەزیفەییە هاوچەرخەکانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەی مرۆیی بەکارهێنراوە کاتێك ڤیبەر رێگەی نموونەی نموونەیی بەکارهێناوە ئەوا هەریەك لە ئەبڵ و پارسۆنز و مناس و بیکەر و بارنزۆ سلمان و مەکنی و لۆمس بەکاریانهێناوە. هەروەها ئاگادارکردنەوەکانی ڤیبەر لەبارەی بەکارهێنانی حوکمی بەهایی بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە، هەریەك لە کۆمەڵناسە وەزیفیە نوێکانی وەك پارسۆنز و کریت و میلز وەریان گرتووەو کاری پێدەکرد.

ئەگەر پرسیارمان لە خۆکرد هۆی کاریگەربوونی سۆسیۆلۆژیستە وەزیفییە نوێکان بە هزر و چەمکەکانی سۆسیۆلۆژیستە کلاسیکییەکان چییە؟. دەبینین هەندێ لە سۆسیۆلۆژیستە وەزیفییە نوێکان نموونەی پارسۆنز لەکاتی لێکۆڵینەوەی لە بارەی سستەمی کۆمەڵایەتییەوە، هەندێ چەمکی لە دورکایم وەرگرتووە بۆ لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ئایین. ئەمەش بۆ ئەوەتا لەڕووی زانستییەوە پشتگیری لە تیۆرەکەی بکات بە وەرگرتنی هزرەکانی یەکێ لە

پێکهێنەرانی رەوتی وەزیفی. هەمانکار رۆبەرت مرتن پێی هەستاوە کاتێك لێکۆڵینەوەی لەسەر رەفتاری لادەر و لاوازی و تەمبەڵی ئەنۆمی، واتە لەدەستدانی دەسەڵاتی بەها یا نەبوونی بەها کرد، بەشێوەیەك لێکۆڵینەوەکەی دورکایمی بەکارهێناوەکە لەسەر وەهن بوو.

هەرچی رێگای تۆژینەوەی دورکایمە بۆ لێکۆڵینەوە لە خۆکوشتن، ئەوا رێگای شیکارکردنی چەند فاکتەری بەکارهێناوە کە مانای راڤەکردنی پەیوەندی نێوان هۆکارەکانی روودانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە ئەگەر هاتو فاکتەری رووداندی دیاردەیەك ئاین بێت و فاکتەری دەرەنجام و کاریگەر خۆکوشتن بێت و، فاکتەری تێهەڵکێش نەتەوە بێت کە بریتییە لە فاکتەری تاقیکاری، ئەوا فاکتەری کاریگەر بۆ رووداندی دیاردەی خۆکوشتن نەتەوەو ئایینە. ئەم جۆرە شیکارکردنە پێشتر نەزانراو بوو، بەڵکو یەکەم کەس دورکایم بوو کە بەکاریهێنا، ئەم رێگایەی دورکایم کاریگەری هەبووە لەسەر کۆمەڵناسە نوێیەکان لەکاتی لێکۆڵینەوە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و دیاردەکانی. لەو کۆمەڵناسانەی بەم لێکۆڵینەوەیە کاریگەربوون لازار و سفیلد و کاندلّ و هایمەن نن، ئەمەش وەك سەرکەوتنێك وایە بۆ میتۆدی لێکۆڵینەوە لای درکایم، هەروەها وەك هێزێکە بۆ پالاوتنی واقیعی کۆمەڵایەتی.

دورکایم رێگایەکی تری هەیە بۆ شیکاری کۆمەڵایەتی، ئەویش رێگای یەکەی شیکارییە کە بەکار دێت بۆ زانینی یەکگرتن و یەکێتی فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر رووداندی دیاردەکە. رۆبەرت مرتن کە یەکێکە لە کۆمەڵناسە وەزیفیە نوێکان، ئەم رێگا شیکارییەی بەکارهێناوە، بەڵام چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی دورکایم کاریگەری هەبووە لەسەر چەمکەکانی کۆمەڵناسە وەزیفییە-هاوچەرخەکان، وەك چەمکی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی، کە بەکارهاتووە بۆ راڤەکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و نەتەوەکان و میللەتەکان.

بەڵام چەمکی دابەشکردنی کاری دورکایم ئەوا ئەمانە لەخۆ دەگرێت، چەندە کۆمەڵگەکان لە رووی قەبارەو چڕی دانیشتوانەوە گەورە بن و، زیاتر بەرەو



شارستانیەت رۆیشتن، ئەوا کارکردن و پێکهاتە و دابەشبوونی کۆمەڵگە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، هەروەها پسپۆڕی وەزیفی و پلەی مەدەنیەتی زیاد دەکات. تیۆری رێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەم چەمکەی وەرگرتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە رێکخستنە کۆمەڵایەتییە فەرمییەکانی کۆمەڵگە.

دەربارەی چەمکی پسپۆڕی، کە بەکاریهێناوە لە چوارچێوەی هزری دابەشکردنی کاری پشت بەستوو بە توانا و وزەکانی هزری مرۆڤ و دەستکەوتی زانستی کە یارمەتیدەدات بۆ خەباتکردنی و سەلماندنی بوونی لەناو ژیان و ئاڵۆزییەکانی شارستانییەت، ئەم چەمکە لەلایەن کۆمەڵناسی شارستانی هاوچەرخەوە بەکارهاتووە.

وێڕای ئەوانە، رۆبەرت مرتن چەمکی ئەنۆمی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی توانەوەی کۆمەڵایەتی، مەبەستی دورکایم لێرەدا ئەوەیە، لەکاتی لێکۆڵینەوەی بۆ یەکگرتنی گرووپی کۆمەڵایەتی بۆی دەرکەوت کە ئەم یەکگرتنە دەبێتەهۆی گەڵاڵەبوونی کۆمەڵێك بەهای کۆمەڵایەتی، رێساکانی رەفتار بۆ رێکخستنی پەیوەندی تاکەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو، واتە گرووپ ئەو رێگایانە بۆ تاك دیاردەکات کە پێویستە لە ژیانیدا بیانگرێتەبەر و ئەو ئاواتانەی کە هەیەتی بگات پێیان. هەر گرووپە ئەو ئامانجانەی دیاردەکات کە پێویستە هەوڵی بەدەستهێنانیان بدات.

تاکەکان لەناو گرووپدا هەست بە دڵنیایی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەروەها درك بە راستی و چەوتی شتەکان دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسا و رێسا رەفتاری و بەها کۆمەڵایەتییانەی کە گرووپ دایرشتوون، بەڵام ئەگەر کاریگەری بەهای گرووپ و یاساکانی لەسەر ئەندامانی لاواز بوو، کە تاك لەناو گرووپ نەتوانێت هەست بە راست و چەوتی شتەکان بکات و نەزانێت چ ئاوات و خەونێکی هەیە کە هەوڵی بۆ بدات و نەزانێت دەبێت پابەندی چ ئاراستەکردنێکی کۆمەڵایەتی بێت بۆ لەدەستنەدانی دیسپلینە کۆمەڵایەتییەکان (ظوابط الاجتماعیة)، ئەوا دەبێتەهۆی زیادبوونی هەستکردن بە نادڵنیایی و ناجێگیری دەروونی.

بەڵام کاریگەرییە هزرییەکانی زانای ئەڵمانی ماکس ڤیبەر لەسەر تالکۆت پارسۆنز، دەبینین لە لێکۆڵینەوەکانی بۆ بیرۆکرات و هیرارکیەتی کۆمەڵایەتی کردەی کۆمەڵایەتی بەهەمان شێوەکانی ڤیبەر بۆ دەسەڵات و نفوز کاریگەریەکی زۆریان هەبوو لەسەر نووسینەکانی رۆبەرت مرتن.

ئەم کاریگەرییە هزرییە-کلاسیکییانە لەسەر هزری هاوچەرخ، رادەی زانستی و بابەتییانەی هزری کلاسیکی بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەی مرۆیی دەخاتە روو. بۆیە ئەمە پرۆسەیەکە سیمایەکی بابەتییانە و ئەقڵخوازی هەیە و، کە ئامرازە زانسییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە واقیعی کۆمەڵایەتی تێدا بەکاردێت، هەروەها بەوە ناسراوە کە هزرەکانی رەسەنن و دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی گوزارشت لە رێسا بنچینەییەکان دەکەن بۆ هزری کۆمەڵایەتی وەزیفی.

کاریگەری ئەم قۆناغە تەنها لەسەر سۆسیۆلۆژیستە وەزیفییە هاوچەرخەکان نەبووە، بەڵکو ئەم قۆناغە کاریگەری بووە لەسەر زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستەکانی تریش، وەك دەروونناسی و ئەنترۆپۆلۆژیا و زانستی پزیشکی و بایۆلۆژی، بەشێوەیەك رەوتی هزری وەزیفی لەم زانستانەوە سەریهەڵدا. لە دەروونناسیدا میتۆدی وەزیفی لێکۆڵینەوەی لەبارەی کاریگەری دەوروبەری کۆمەڵایەتی لەسەر رەفتاری مرۆڤ کرد و پرسیارە زانستییەکەی ئەوەبوو: مرۆڤ چ کارێك دەکات؟ و بۆچی ئەم کارە دەکات نەك کاری تر؟ چۆن مرۆڤ بەم کارە هەستا؟. زانایانی رەوتی وەزیفی و لایەنگرانی ئەمانەن، زانای فەرەنسی ئەلفرێد بێنت (1911-1957) و زانای ئەڵمانی ئۆزڵد کۆڵب (1915-1962) و زانایانی رەوتی وەزیفی لە ئەنترۆپۆلۆژیا بریتین لە زانا راد کلیف براون و برۆسلۆ مالینۆفسکی. ئەم دوانە هەستان بە دروستکردنی پردێکی هزری لە نێوان کاری پۆزەتیڤیزمی دورکایم و لایەنگرە هاوچەرخەکانی رەوتی وەزیفی لە ئەنترۆپۆلۆژیاو کۆمەڵناسیدا.

**د- دوای ئەوە دەچینە قۆناغی چوارەمەوە کە بە قۆناغی پارسۆنیزم ناسراوە** ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئەمریکی تالکۆت پارسۆنز (1902). ئەم قۆناغە لەدوایساڵی (1930) سەریهەڵدا لە ولاتە یەکگرتووەکانی




ئەمریکا، واتە دوای قەیرانە ئابوورییە جیهانییەکان. نووسینەکانی پارسۆنز لە نێوان پۆزەتیڤیزمی نەریتی فەرەنسی و رۆمانتیکی ئەڵمانی خۆی دەبینێتەوە کە جەخت لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی ویژدانی لەبارەی تاك دەکاتەوە، بۆیە هزرەکانی نوێنەرایەتی و رەنگدانەوە بووە بۆ بەرژەوندییەکانی چینی ناوەڕاست لە ئەمریکاو ئەوروپای سەدەی بیست، سەرەڕای ئەوە پارسۆنز هەوڵیدا ئەو چەمکانەی لە رەوتی بەرژەوەندیخوازی و ئاراستەی وەزیفی و هزری ئایدیالیزمی وەریگرتوون پێکەوە کۆبکاتەوە. هزری بەرژەوەندیخوازی پێیوایە تاك بەشێوەیەکی ئەقلانی رەفتار دەکات -لەو بازاڕە ئازادانەی کە کێبەرکێی توندیان تێدایە- ئەمەش بۆ دوو هێندکردنی قازانج و سوود لەکاتی کارلێککردنی تاك لەگەڵ ئەوانیتر لەم شوێنانە. ئەم چەمکە پاڵی بە پارسۆنزەوە نا بۆ ئەوەی بپرسێت: ئایا مرۆڤ هەردەم بە شێوەیەکی ئەقلانی رەفتاردەکات؟ و چ کاتێك مرۆڤ ئازادە لە رەفتارکردن و چ کاتێك ئازاد نابێت لە رەفتارکردن؟ ئایا دەتوانین بەڕاستی سستەمێکی رێکخراو و گونجاو ببینینەوە لە کۆمەڵگەیەك کە کێبەرکێی تێدابێت؟

سەرەڕای ئەوەش پارسۆنز پۆزەتیڤیزمی توندڕەو رەتدەکاتەوە کە سەیری جیهانی کۆمەڵایەتی دەکات لە رێگای پرۆسەی هۆکارو کاریگەرییەکانی، کە تێبینی بکرێن بەشێوەیەك پۆزەتیڤیزم ئەم شیکارکردنەی لە زانستی فیزیاوە وەرگرتووە. بەڵام پارسۆنز پێیوایە وەرگرتنی ئەم شیکارکردنە مانای پشتگوێ خستنی وەزیفەی هێماخوازی و ئاڵۆزی ئەقڵی مرۆییە. ئەمە پرۆسەی داماڵینی بەردەوام و بێکۆتایە بۆ شیکارکردنی هۆکاریی. پۆزەتیڤیزمە توندڕەوەکان ئەو پەیوەندیەیان داماڵیوە کە لە نێوان تاکەکانی گرووپ هەیە و گۆڕیویانە بۆ پەیوەندییەکی هۆکاری لە نێوان تاکەکانی گرووپ، ئەم پەیوەندییە لە بازنەیەکی بچووکتردا دەخولێتەوە و دەبێتە پەیوەندییەکی هۆکاری دەروونی، ئەمەش بە رۆڵی خۆی دەگۆڕێت بۆ پەیوەندیەکی کیما دەروونی و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە بچووکترین پەیوەندی و بچووکترین سیفەتی نێوان تاکەکان.

ئەمانە گرنگترین ئەو پاڵنەرە راستەوخۆیانە بوون کە یارمەتی پارسۆنزیاندا بۆئەوەی بەرەو بزوتنەوەیەکی وەزیفی بڕوات، کە لەڕێگای بۆچوونەکانی دەربارەی تاك و چۆنیەتی رەفتار و ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییانەی کە تاك بەرێوە دەبات و کاریگەری لەسەر هەیە دەستیپێکرد. ئەو (پارسۆنز) پێیوایە تاك ئامانجی هەیە و هەردەم بە دوایدا دەگەڕێت و ئامراز و رێگای جیاجیاو جۆراوجۆری هەیە بۆئەوەی بە ئامانجەکانی بگات و بەدەستیان بهێنێت. ئەم ئامرازانە دەکەونە ژێر باردۆخی مەرجییەوە بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی و پلەی بزووتنی. هەروەها رەفتارەکانی تاك ملکەچی بەهاو یاساو هزرەکانی دەبێت و یارمەتی دەدات لە درك کردنی بە ئامانجەکانی و رێگاکانی بەدەستهێنانیان.

بە کورتی، رەفتاری تاك بۆ دەستەبەرکردنی ئامەنجەکانی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی روونادات، بەڵکو ملکەچی ئاراستەکارو رێکخەری کۆمەڵایەتی دەبێت وەك، بەهاو یاساو هزرە کۆمەڵایەتییە باوەکانی ناو کۆمەڵگە، هەروەها ئەو بارودۆخە مەرجییەی کە رووبەڕووی دەبێتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە لە دەوروبەریدا هەیە، هەروەها ئەو رێگایانە دیاریدەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنیان. سەیری شێوەی ژمارە -2- بکە:






بۆیە رەفتاری تاك فاکتەری جۆری و بەهایی هاوبەستە بە کولتووری کۆمەڵایەتی و داواکارییەکانی سستەمە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت. کە ئەمەش وای لە پارسۆنز کرد لە رێگای پێنج پێوەری جیاوازەوە رەفتاری تاك بخاتەڕوو، هەر پێوەرێك بە جۆرێکی دیاریکراو دەستپێدەکات و بە دژەکەی کۆتایی دێت. **ئەوانیش ئەمانەن:**

1- کاریگەری گشتی و کاریگەری بێلایەنانە: واتە رادەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کاریگەرییە دیاریکراوەکان. ئەندازەی کاریگەرییەکەی و رێچکەی رۆشتنی دیاریدەکات.

2- بڵاوبوونەوە و کۆبوونەوە: واتە ئایا رەفتاری مرۆڤ لە دەوری پێگەیەکی دیاریکراو یا زیاتر لە پێگەیەك دەخولێتەوە؟ یاخود ئایا تاك پابەندە بەمەرجەکانی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەیەك پێگە یا زیاتر لە پێگەیەك؟.

3- گشت و تایبەت: واتە ئایا کارلێکی تاك ملکەچە بۆ هەڵسەنگاندنی خۆی، یا ملکەچی هەڵسەنگاندن و حوکمی ئەوانیترە؟. ئایا تاك لە چۆنیەتی رەفتارکردنی گرنگیدەدات بە راو بۆچوونەکانی ئەوانی تر؟ یا جەختدەکاتەوە لەسەر رای تایبەتی خۆی و گوێ ناداتە رای ئەوانیتر؟.

4- بەدەستهێنان-دەستکەوت: واتە تاك چۆن دەنرخێنرێت و هەڵدەسەنگێنرێت، ئایا لە رێگای بەدەستهێنانە هزری و زانستییەکان کە بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی لە کارکردنی بەردەوام بەدەستیهێناوە؟ یا لە رێگای ئەو خەسڵەتانەی دەستیکەوتووە بەهۆی بۆماوەوە، وەك رەگەز و رەنگی پێست؟.

5- خود-کۆمەڵ: واتە رەفتارەکانی تاك بەرەو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە خودخوازییە- تاکخوازییەکان هەنگاو دەنێت؟ یا ئەو ئامانجانەی کە کۆمەڵگە بۆی دیاریکردوەو داوای لێدەکات بەدەستیان بهێنێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە سوودی لێ وەربگرێت؟.

پارسۆنز وایداناوه كه ئەم پێوەرانە چەمكی پێوانەیین لە چوارچێوەی ئەو بەهایانەی لەیەك كاتدا كۆنترۆڵی یاساكانی سستەمی كۆمەڵایەتی و كەسایەتی دەكەن. سستەمی كەسایەتیبوون (شخصاني) و سستەمی كۆمەڵایەتی رەنگدانەوەی چۆنیەتی جۆریی ئەو بەهایانەن كە لە كولتووری كۆمەڵایەتیدا هەیە.

دوای ئەوە پارسۆنز روویكردە شیكاركردنی چۆنیەتی بەستنەوەی تاك بە كۆمەڵگەوە، ئەمەش لە رێگای ئەو پرسیارانەی كە بەم شێوەیە وروژاندوونیەتی: سستەمی كۆمەڵایەتی چۆن دەژیت؟ واتە ئەو فاكتەرانە چین یارمەتی سستەمی كۆمەڵایەتی دەدەن تا بتوانێت بەشێوەیەكی باو لە كۆمەڵگەدا بمێنێتەوە؟ بۆچی جۆرە رێكخراوەكان جێگیر كراون؟ چۆن سستەمی كۆمەڵایەتی كێشەی كاملبوون چارەسەر دەكات؟. پارسۆنز بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە: لە رێگای كاملبوونی سستەمی كولتووری لەگەڵ سستەمی كەسایەتیبوون لەناو سستەمی كۆمەڵایەتی گشتی دەبێت (واتە كەسایەتی تاك چۆن بە سستەمی كۆمەڵایەتی دەبەسترێتەوە)، بەڵام ئەم كاملبوونە چۆن روودەدات، ئەوا لە رێگای دوو كەناڵەوە دەستەبەر دەبێت، یەكەمیان بەكۆمەڵایەتیبوون و دووەمیان هۆیەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی. لە رێگای ئەم دوو كەناڵەوە لە نێوان سستەمی كەسایەتیبوون و پێكهاتەی سستەمی كۆمەڵایەتی یەكگرتن روودەدات.

بەكۆمەڵایەتیبوون مانای چەسپاندنی بەهاو بیرو باوەڕو فێركردنە كۆمەڵایەتییەكان و زمان و هەموو هێما كولتوورییەكانە لەناو سستەمی كەسایتیبوون. لە رێگای ئەم پرۆسەیەوە وزەی تاك دەورووژێنرێت بۆ وێكچوون و دروستكردنی حەزو ئارەزوو لەلای تاك بۆ وێكچوون لەگەڵ یاسا كۆمەڵایەتییەكان. هەروەها یارمەتیدەدات بۆ بەستنەوەی لەگەڵ بەهرەكانی تر، بۆ ئەوەی مومارەسەی رۆڵە كۆمەڵایەتییەكەی بكات. وەزیفەیەكی كۆمەڵایەتی تری پرۆسەی بەكۆمەڵایەتیبوون ئەوەیە جێگیری و دڵنیایی پێشكەش بە ویژدانی تاك دەكات، چونكە ئەم پرۆسەیە هەڵدەستێت بە كەمكردنەوەی دوو دڵی و دڵەراوكێی دەروونی.



بەڵام ئامرازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی، ئەوا بریتییە لە خولانەوەی رۆڵە پێگەییەكان لەناو سستەمی كۆمەڵایەتی لەپێناو دامالینی دڵەراوكێ و داخران و لادان. **چەند كەناڵی لاوەكی هەن كە لە كەناڵی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی جیادەبنەوە بریتین لە رۆڵی كۆنترۆڵكارو ئاراستەكار لەوانەش:**

أ- بە جۆركردن، واتە روونكردنەوەی چاوەڕوانیە خولییەكانی تاك بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە مومارەسەكردنێكی بێ هەڵە لەلایەن ئەو دامەزراوە كۆمەڵایەتییانەی كە جۆری كۆمەڵایەتی روون و ئاشكرایان هەیە.

ب- دیسپلینە نێوخۆییەكان.

ج- هێما كولتووری و كۆمەڵایەتییەكان، كە یارمەتی تاك دەدەن بۆ وێكچوون لەگەڵ كۆڵەگەكانی سستەمی كۆمەڵایەتی.

د- دیسپلینە فەرمییەكان كە دامەزراوە فەرمییەكان لە رێگای بەكارهێنانی هێزو زۆر لێكردن و ركەبەریكردن مومارەسەی دەكەن.

ه- دامەزراوەی تایبەت بۆ دووبارە هاندانی تاك لە ڕووی ویژدانی و بونیادییەوە، تاكو بگەڕێتەوە ناو كۆمەڵگە، دوای لادانی لە رەفتاری چاك و باش.

ئەم دوو كەناڵە چارەسەری ئەو كێشانەدەكەن كە لە ئەنجامی ناكاملبوون یا تێكەڵاوبوونی كۆمەڵایەتییەوە دروستدەبن. بە مانایەكی تر، بەكۆمەڵایەتیبوون و كەناڵی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی پلەی كاملبوون یا گونجان لە نێوان سستەمە كۆمەڵایەتییەكان و بەشە لاوەكییەكانی ئەو سستەمە زیاددەكەن.

پارسۆنز بۆ ئەم دوو كەناڵە جۆری كولتووری زیاد دەكات كە بە رۆڵی خۆی یارمەتی كاملبوونی كۆمەڵایەتی و هاوسەنگی سستەمەكان دەدات. فاكتەرێكی كولتووری تر كە تاك بە سستەمی كۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە زمانە، چونكە ناتوانرێت پەیوەندی یا كارلێكی كۆمەڵایەتی ئەنجامبدرێت و رووبدات بێ بوونی زمان یا سەرچاوە هێماخوازییەكان. فاكتەرێكی تر كە تاك بە سستەمی كۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە. ئەوە هزرەكانن كە دەكەوێنە چوارچێوەی جۆری

کولتووری پەیوەست بە بەهاو بیرو باوەڕو ئایدۆیۆلۆژیاوە، ئەم هزرانە بۆچوون و تێبینی روون و ئاشکرا لەبارەی واقیعی کۆمەڵایەتی بە تاك دەبەخشن.

لە کۆتاییدا پارسۆنز دان بەوەدا دەنێت کە ئەو کەناڵانەی باسکران لەسەرەوە (بەکۆمەڵایەتیبوون، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، هزرەکان) هەمووکات سەرکەتوو نابن لە هێشتنەوەی سستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا یا یارمەتیدانی بۆ بەردەوامبوون و مانەوەی و ژیان بەسەربردن لەناویا، چونکە هەردەم بە شێوەیەکی بەردەوام لادان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی روودەدەن.

هەموو ئەو هزرانەی پارسۆنز خستیەڕوو بریتیبوون لە سستەمی کردەی کۆمەڵایەتی. بەڵام پێداویستییەکانی وەزیفەی ئەم سستەمە دووچاری چوار کێشەی خەباتگێڕانە دەبێتەوە کە یارمەتیدەدەن بۆ یەکگرتن و کامڵبوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تر ئەوانیش ئەمانەن:

1– **گونجان**: واتە سستەمی کردەی کۆمەڵایەتی بەدوای رێخۆشکاردا بگەڕێت لەو دەوروبەری کە تێیدا دەژیت بۆ ئەوەی بتوانێت یەکبگرێت لەگەڵ سستەمەکانیتر.

2– **دەستەبەرکردنی ئامانجەکان**: واتە دیاریکردنی پلەی گرنگی ئامانجەکانی سستەمی کردەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بتوانێت مەبەستەکانی دەستەبەر بکات.


3– **کامڵبوون**: واتە هاوکاری و پەیوەندی بەستن لە نێوان یەکەکانی سستەمی کردەی کۆمەڵایەتی.

4– **شاردراوەکان**: ئەمەش ئاماژە بە دوو جۆر هۆکار دەکات، ئەوانیش جۆری پارێزگاریکردن و جۆری کۆنترۆڵکردنی دڵەراوکێ و دوودڵی. جۆری پارێزگاریکردن پەیوەندی هەیە بە کێشەیەکەوە کە چۆن دەتوانرێت لەوە دڵنیابین کە تاکەکانی سستەمی کردەی کۆمەڵایەتی خاوەنی ئەو خەسڵەتانەن کە نوێنەرایەتی ئەو سستەمە دەکات و رەنگدانەوەی کۆڵەگەکانیەتی.



بەڵام فاکتەری کۆنترۆڵی دڵەڕاوکێ و دوودڵی، ئەوا مانای چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی دڵەڕاوکێی نێوخۆیی تاکەکانە لەناو سستەمەکە. ئەم دوو فاکتەرە دەتوانرێت تێبینی بکرێت لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون و ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.


تەماشای **شێوەی ژمارە–3–بکە**، کە ئاماژە دەکات بە بەسترانەوەی تاك بە کۆمەڵگەکەیەوە ئەویش لە رێگای کەناڵەکانی کردەی کۆمەڵایەتی.




بەڵام یەکەکانی سستەمی کردەی کۆمەڵایەتی لەو پێگە کۆمەڵایەتییانەی کە تاك داگیریدەکات و ئەو رۆڵانەی مومارەسەیان دەکات، بۆئەوەی رەنگدانەوەی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییانەی تاك بێت، گەلاڵە دەبن. پێگە و رۆڵی کۆمەڵایەتی لەرێگای سستەمی کردەی کۆمەڵایەتییەوە بە یەکەوە دەبەسترێنەوە. بەڵام یەکەکانی تر، کە تاك و کارلێکی کۆمەڵایەتین بەوانیترەوە دەبەسترێنەوە. کە

ئامانج و هزرە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی مەرجی یارمەتیدەدات لە بڕیاردان و ئاراستەکردنی کردەکانی تاك.

هەموو ئەم ئاراستەکارانە بە پێکهاتەی رەفتاری دادەنرێن لە تیۆری کردەی کۆمەڵایەتیدا کە تالکۆت پارسۆنز داینـاوە، لـە هەمانکاتـدا نوێنەرایەتی سـستەمی کەسایەتیبوونیش دەکـەن. کاریگـەرە کولتـووری و خەسڵەتە جەستییەکان رۆڵێکی وا گرنگ نابینن لە پێکهاتنی ئەم سستەمە. سەیری شێوەی ژمارە-4-بکە.




**شێوەی ژمارە -4- بریتییە لە پێکهاتەکانی کردەی کۆمەڵایەتی**

بەمانەیەکی تر، سستەمی کۆمەڵایەتی تۆڕێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر ئەو پرۆسەیەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە وەستاوە کـە لـە نێـوان تاکـەکان



رووەدەدات و چەند جۆرێکی جیاواز وەردەگرێت. ئەمجۆرە کارلێککردنانە بە کـەناڵ دادەنرێن کە تاك لە رێگایەوە بەشداری لە سستەمی کۆمەڵایـەتی دەکـات. ئـەم بەشـداریکردنە دوو رێـچکە دەگرێتەبـەر، یەکـەمیان لـە رێگـای ئـەو پێگـە کۆمەڵایەتییـەی کـە تـاك داگـیری دەکـات دووەمیـان لـە رێگـای ئـەو رۆڵـە کۆمەڵایەتییەی کە تاك مومارەسەی دەکات. بۆیە ئەگەر تاك لـە پێگـەی خـۆی جووڵەیکرد یا لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بەرەو پێگەی تر هەنگاوی نـا، ئـەوا بە کارلێکی پێگەیی دادەنرێت و ئەگەر روویکردە کارلێککردن لەگەڵ ئەوانیتر لە رێگای مومارەسەی رۆڵەکانیـەوە، ئـەوا بـە کـارلێکی رۆڵـی ناودەبرێـت. بـەڵام کارلێکی تاك لەگەڵ سـستەم، ئـەوا یـا رێـچکەی پـۆزەتیڤ دەگرێتەبـەر، واتـە وێکچوون و گونجان لەگـەڵ رێـساو بـەهاو هـزر و ئامانجـەکانی سـستەم، یـانیش رێـچکەی نێگـەتیڤ دەگرێتەبـەر کـە ناگونجێـت لەگـەڵ رێـساو بـەهاو هـزر و ئامانجەکانی سستەم، بەمەش تاك دەبێتە لادەر یا لە گەیشتن بـە سـتراکتەرەکانی سستەم دوادەکەوێت.

کاتێـك بـوونی سـستەم لـە بنەڕەتـەوە پـشتی بەسـتووە بـە بـوونی تـاکی کارلێککار لە نێوان خۆی و ستراکتۆرە سەرەکییەکانی سستەم، ئەوا کارلێککردن سستەمی پۆزەتیڤ بەهێز دەکات و دەیچەسپێنێت بە بوونی کۆمەڵایەتییەوە.

بەڵام چەمکی سستەمی کۆمەڵایەتی لای پارسـۆنز داکـۆکی دەکـات لەسـەر چەمکی کامڵبوون و دەسـتباربوون. ئـەو پێیوایـە سـستەم لـە کۆمـەڵێك بـەش پێکدێت و هەریەك لەم بەشانە پشت بەویتر دەبەسـتێت لـە بەیەکـەوە بەسـتران و وەزیفەکاندا، ئەم بەیەکەوە بەسترانە پلەی جیاجیایان هەیە، بەڵام ئەمە رێگرنییـە لە نەبوونی کامڵبوون و دەستباربوونی تەواو لە نێوان ئەم بەشانە، چـونکە ئەمـە ملکەچی رێساو بەهاو داب و نەریتی باوی کۆمەڵگەیـە و ئـەو جیاوازیانـەی لـە نێوان بەشەکانی سستەم رووەدەن دەبنەهۆی جیاوازی بەشداربوونی بەشـەکان لـە وەزیفەی سستەم، لە رووی جێگیری یان گۆڕانەوە.

به بۆچوونی پارسۆنز بونیادی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی سەرەکی لەچوار سستەم پێکهاتووە. ئەوانیش سستەمی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئۆرگانی و کەسێتیبوون. هەر سستەمێك لەم سستەمانە لقی تایبەت بە خۆی هەیە و هەر لقێکیان لە یەککاتدا بە یەکەوە بەستراون و تەواوکەری یەکتریشن.

کامڵبوونی سستەم مانای گونجان و پەیوەندی و بەیەکەوە بەسترانی سستەمە لاوەکییەکانە بە یەکەوە بۆئەوەی وەزیفەی سستەمی گشتی و سەرەکی تەواو بێت و شێوەیەکی گشتیبوون بە سستەم ببەخشێت. لەپێناو روودانی ئەم کامڵبوونە پێویستە پێداویستی وەزیفی دیاریکراو هەبن وەکو **ئەمانەی لای خوارەوە:**

1- سستەمی کۆمەڵایەتی دەبێت کۆمەڵێك تاکی تێدابێت کە بەشێوەیەکی سروشتی و ئاشکراو لە خۆوە هاندرابن بۆ رەفتار نواندن بەپێی ئەو پێداویستییانەی سستەمی کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن.

2- دووركەوتنەوە لە کارلێککردن لەگەڵ ئەو جۆرە کولتوورانەی ناتوانن پارێزگاری لە سستەم بکەن و دووركەوتنە لەو سستەمەی لایەنگیرو هاوەڵی نییە.

هەروەها سستەمی کۆمەڵایەتی گرنگی بە پرۆسەی بە جۆرکردن دەدات کە بریتییە لە بوونی جۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی تایبەت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ئەو تاکانەی پێگەی کۆمەڵایەتیان هەیە و دەکەونە ژێر رکێفی رێسا و بیروباوەڕ و کولتووری کۆمەڵایەتییەوە. پارسۆنز پێیوایە بەجۆرکردنی تاك، واتە دروستکردنی تاك لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەڕێگای ژیانکردن لەگەڵ جۆری کۆمەڵایەتی و کولتوورێك کە رەنگدانەوەی ستراکتۆری ئەو سستەمەیە، کەواتە پرۆسەیەکی کارلێککارە. **بەجۆرکردنی لە خۆوە بە بۆچوونی پارسۆنز واتە:**

1- کارلێککردنی تاکەکان لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.

2- گەڵاڵە بوونی پێداویستی کۆمەڵایەتی وەك دەرەنجامێك یا رەنگدانەوەیەك بۆ پرۆسەی کارلێکی نێوان تاکەکان.

3- گەڵاڵە بوونی رێسای کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی کارلێککردن.

4- گونجانی تاك لەگەڵ سستەمی کۆمەڵایەتی.



5- پاشان رێساو هزرە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەستن بە رێکخستن و بەجۆرکردنی کارلێکی تاك بە شێوەیەکی جێگیرو وستاتیك.

به بۆچوونی ئەو بەجۆرکردن تەنها گۆڕانێکی لەخۆوەییە لەڕێگەی بونیادی کۆمەڵگەو لەپێناو پارێزگاریکردنی لەو بونیادە، چونکە بەجۆرکردن: بریتییە لە کۆمەڵێك رۆڵ کە کارلێکی جۆراوجۆری جێگیر ئەنجامدەدات و بە رۆڵی خۆی سستەمی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە بەپێی ئەم بۆچوونە بریتیین لە کۆمەڵە سستەمێکی بە یەکەوە بەستراو.

دوای ئەوە پارسۆنز هەنگاوێکی تر پێشکەوت بۆ روونکردنەوەی پلەی کامڵبوون و دەستباربوون کە لە نێوان بەشەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی روودەدن، هەروەها چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانەی کە لە ئەنجامیاندا دروستدەبن وەك جیاوازی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لەپێناو پێشکەشکردنی وێنەیەکی تەواو و کامڵ بۆ سستەمی کۆمەڵایەتی کە بونیادی کۆمەڵایەتی گشتی پێکدەهێنێت. پارسۆنز گەڕایەوە بۆ تیۆرەکەی سپنسەر -کە لەساڵی 1937- لە حەفتاکانی ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم) دەرکەوت. بەمە تیۆری سستەمە کۆمەڵایەتییەکانی بە چەمکە پێشکەوتووەکانی سپنسەریزم دەوڵەمەند کرد، چونکە پارسۆنز بینی کە تیۆرەکەی ناتوانێت هەموو ئەو جیاوازییانەی روویانداوە و سەریانهەڵداوە لە نێوان بەشەکانی یەك سستەم و لە نێوان سستەمە پێکهێنەرەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت. **بۆیە تێبینی ئەمانەی لای خوارەوەی کرد:**

1- زیادبوونی جیاوازی یەکەکانی سستەم، کە بووە هۆی دروستبوونی جۆری وەزیفی تەواوکار و کامڵ.

2- زیادبوونی توانای سستەمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەوڵدان لەپێناو مانەوەی لەناو دەوروبەری کۆمەڵایەتی.

3- سەرهەڵدانی پرەنسیپی نوێ کە بووە هۆی خولقاندنی سستەمی جیاواز.

له رێی ئەم تێبینانەوە پارسۆنز چوار بۆچوونی هزری بۆ تیۆری سستەمی کۆمەڵایەتی زیاد کرد، دوای ئەوەی کە پێیوابوو کامڵبوون و دەستباربوون لە نێوان سستەمە کۆمەڵایەتییەکان و بەشەکانی شتێکی حەتمی و پێوستە و، لادان و سەرپێچییەکان تەنها دیاردەی نەخۆشی و لەناکاون، بەڵام دوای ئەوەی بۆی روون بووەوە کە ئەمە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدابوونی نییە، **بۆیە بەم زیادکردنانە تیۆرەکەی پوخت تر کرد:**

1- سستەمی کۆمەڵایەتی، کەسێتی و کولتووری و ئۆرگانی هەردەم و لە هەموو کاتێکدا کامڵ نین و جیاوازییان لە نێواندا هەیە بە شێوەیەکی چڕ.
2- تەنانەت لەناو هەریەك لەم سستەمە سەرەکیانە (کۆمەڵایەتی و کەسێتی و کولتووری و ئۆرگانی) کە پێکهێنەری بونیادی کۆمەڵایەتین، جیاوازی زۆر هەیە و، کاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتەی سستەمی سەرەکی و وەزیفە و پەیوەندییەکانی بە سستەمەکانی تر کە پێوەی بەستراوە.
3- لە ئەنجامی ئەم جیاوازییە نێوانیی (لە نێوان هەمان سستەم) و نێوخۆییانە (لە نێوان بەشەکانی هەمان سستەم) گەڵاڵە بوون و کامڵبوونێکی نوێ هاتە ئاراوە.
4- بەردەوامبوونی ئەم جیاوازییانە بوونە هۆی دەرکەوتنی رێگای نوێ کە سستەمە سەرەکییەکان و بەشەکانیان بەکاریانهێناوە بۆ هەوڵدان لەپێناو مانەوەی لەناو ئەو دەوروبەرە پێشکەوتووەیدا.

بەڵام ئەلڤن گۆڵدنەر لەرێگای دوو چەمکی هاوماناوە بۆچوونەکانی لەمەڕ وەزیفەی کۆمەڵایەتییەوە دەخاتە روو، ئەوانیش سەربەخۆیی (رێژەیی نەك تەواو) و خولی ئاڵوگۆڕخوازی، واتە سەربەخۆیی بەشەکانی یەك سیتم و پارێزگاریکردن لە وەزیفە تایبەتییەکانی و ئاڵوگۆڕپێکردنی وەزیفەکانیان. واتە ئاڵوگۆڕپێکردن لەڕووی تێرکردنی پێداویستییەکانی بەشەکانی یەك سستەم. هەروەها پێیوایە سستەمی کۆمەڵایەتی لەسەر دوو بنەما وەستاوە، ئەوانیش:



بەدەستباربوون و هاوسەنگییە. یەکەمیان واتە پشتبەستنی بەشەکانی سستەمێك بەویتر، واتە پشت پێبەستنێکی هاوبەش هەیە لە نێوان بەشەکانی یەك سستەم و ئەم پشت بە یەك بەستنە هاوبەشە دەبێتەهۆی هاوسەنگی پەیوەندیی بەشەکانی سستەمەکە بەیەکترەوە، هەروەها گۆڵدنەر دەڵێت: هاوسەنگی دەستباربوون لە خۆدەگرێت (واتە هاوسەنگییەك هەیە لە پەیوەندییەکانی بەشە هاوسەنگەکان بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان). بەڵام دەستباربوون بەزەروورەت هاوسەنگی لەخۆناگرێت (واتە پرۆسەی تێرکردنی پێداویستییەکانی بەشەکانی سستەمێکی بە یەکەوەبەستراو بەشێوەیەکی هاوسەنگ نابێت، چونکە رەنگە یەکێك لە بەشەکان پێداویستییەکانی بەشێك تێر بکات و بەشەکانیتر بێبەش بکات)، بە قسەکانی لیڤی شتراوس، گۆڵدنەر پشتگیری لە بۆچوونەکانی خۆی دەکات، کە ئەویش بەم شێوەیەیە:

فاکتەری (أ) پێداویستییەکانی فاکتەری (ب) تێر دەکات و فاکتەری (ب) پێداویستیەکانی فاکتەری (ج) تێر دەکات و فاکتەری (ج) پێداویستیەکانی فاکتەری (أ) تێر دەکات (واتە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕکارییە تەنانەت ئەگەر لە رێگای فاکتەری تریشەوە بێت و بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ، کە مەرجیش نییە راستەخۆ بێت).

بەشێوەیەکی روونتر دەستباربوون، واتە پشتبەستنی هاوبەشی ئاڵوگۆڕ پێکراو لە نێوان بەشەکانی یەك سستەم. دەشێ بەشەکانی سستەم زۆر پێویستییان بە تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیان هەبێت لەگەڵ بوونی جیاوازی لە پلەی سەربەخۆیی ئەم بەشانە، بەڵام ئاڵوگۆڕی هاوبەشی نێوان بەشەکانی یەك سستەم بوونەتە هۆی پشتبەستنی هەندێکیان بەوانی ترەوە و پێویستبوونی یەکێکیان بەویتر، ئەمەش بە رۆڵی خۆی دەبێتەهۆی دروستبوونی دەستباربوونی کۆمەڵایەتی لە نێوان بەشەکانی یەك سستەم.

**گۆڵدنەر ئاگاداری ئەوە بووە كە پلەی جیاواز و دوورو نزیك هەیە بۆ دەستباربوونی وەزیفەی بەشەكانی سستەمی كۆمەڵایەتی، لەوانەش:**

1- پێویستە هەربەشێك لە بەشەكانی سستەم بەشدارییكات لەتێركردنی هەموو پێداویستییەكانی بەشەكانی تر نەك تێركردنی یەك بەش (دەستباربوونی هاوبەشی گشتی) ئەمەش ئاماژە بە پلەی لەڕادەبەدەری دەستباربوونی وەزیفی دەكات.


2- دەشێ هەر بەشێك لە بەشەكانی سستەم بەشدارییكات لە تێركردنی پێداویستییەكانی تەنها یەك بەش، كە لەگەڵیا لە پەیوەندییەكی دوالیزمیدایە، نەك تێركردنی پێداویستییەكانی هەموو بەشەكانی سستەم (دەستباربوونی هاوبەشی تایبەت). ئەمەش ئاماژە بە نزمترین پلەی دەستباربوونی وەزیفی دەكات.

3- دوو فاكتەر هەن كە رۆڵێكی گرنگیان لە دیاریكردنی پرۆسەی دەستباربوون هەیە، **ئەوانیش:**

أ- پلەی پێویستی ئەو بەشە لەلایەن بەشەكانی ترەوە بۆ تێركردنی پێداویستییەكانی، چونكە پێوستی یەك بەش بۆ گشت بەشەكان ئاماژەكردنە بە بوونی پلەیەكی باڵا لە دەستباربوونی وەزیفی. هەروەها پلەیەكی نزمی سەربەخۆیی وەزیفی نیشاندەدات بۆ بەشەكانی سستەمە كۆمەڵایەتییەكە.

ب- رەنگە توانای ئەو بەشە لاواز بێت بۆ تێركردنی پێداویستییەكانی بەشەكانی تر. واتە لەناو سستەم ناتوانێت هەموو پێداویستییەكانی بەشەكانی تر تێر بكات، ئەمەش ئاماژە دەكات بە پلەیەكی نزمی پرۆسەی دەستباربوونی وەزیفی، هەروەها پلەیەكی باڵای سەربەخۆیی وەزیفی بۆ بەشەكانی سستەم نیشاندەدات. بۆ روونكردنەوەی ئەمە سەیری شێوەی ژمارە-5- بكە:






**شێوەی ژمارە** -5-

**دەتوانین ئەوەی گۆڵدنەر باسیكردوون بەم شێوەیە روون بكەینەوە:**

1- سەربەخۆیی وەزیفی، پلەی دەستباربوونی وەزیفی دیاریدەكات و ئەمەش بە رۆڵی خۆی مانەوە یا لەناوچوونی سستەمی كۆمەڵایەتی دیاریدەكات.

2- جۆری پەیوەندی بەشەكانی سستەم لەگەڵ یەكتری پلەی دەستباربوونی دیاریدەكات بۆ تێركردنی پێداویستییەكانی.

3- سەربەخۆیی وەزیفی بەشەكانی سستەم پشت بە دوو شت دەبەستێت ئەوانیش:

أ- پەیوەندی هەریەكەیان لەگەڵ ئەوانیتر.

ب- پێویستی هەریەكەیان بەوانیتر.

بەشێوەیەك دەبێت لە زەینی خوێنەر ئەوە دروستببێت كە ئەم پێداویستیانە پێویست ناكات گونجاو یا لێكچوو یا مەرجیی بێت لەلایەن پێداویستی فاكتەری (ب). جەوهەری ئاڵوگۆڕی بەردەوامی نێوان وەزیفەی بەشەكانی یەك سستەم،

بەشداری بەشەکان بەشێوەی دەستباربوون و پشت بە یەکبەستن لە بەخشین و وەرگرتنی هاوبەش لە خۆ دەگرێت.

4- توانای بە شێك لە بەشەکان لەسەر بەخشین جیاوازە.

5- جۆری چەندێتی پێداویستی داواکراو لەلایەن بەشەکانی ترەوە جیاوازە.

6- جۆری پەیوەندی بەشێك بە بەشەکانی ترەوە جیاوازە.

7- پێداویستی بەشێك بۆ وەرگرتن لە بەشەکانی تر جۆراوجۆرە.

بەلاّم ئەو شتانەی کە ئەرنست نیکلّ باسیکردووە لەسەر وەزیفەی کۆمەلاّیەتی، ئەوەیە کە پێیوایە کۆمەلّگە بەرەو دابەشبوون و جیاوازی دەڕوات لەسەر شێوەی سستەمی کۆمەلاّیەتی بە گرنگی و پسپۆڕییەکەوە لە بەخشینی وەزیفەی کۆمەلاّیەتی، **کە بەدەستەبەرکردنی چوار ئامانج دەڕوات، ئەوانیش:**

1- ئامانجی دەستەبەرکردنی مەبەست و حەزو ئارەزووەکان.

2- ئامانجی دەستباری پێکهاتەکانی سستەم.

3- ئامانجی پارێزگاریکردن لە سستەمی گشتی.

4- ئامانجی کۆنترۆلّکردنی ئەو تەنگژەو جیاوازییانەی کە لە نێوان بەشەکانی یەك سستەم رووددەدەن، هەروەها کۆنترۆلّکردنی پەیوەندی هەر سستەمێك لەگەلّ ئەوانیتر.

نیکلّ پێیوایە سستەمی کۆمەلاّیەتی (خاوەنداریّتی ماددی و نامادی) لە خۆدەگرێت بە چاو پۆشین لەو گۆڕانکارییانەی بەسەری دادێت هەولّدەدات لە پێناو پارێزگاریکردن لێیان. هەروەها دەلّێت: هەر سستەمێك وەزیفەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە و بریتییە لە داتاکانی کار و رێوشوێنەکانی - ملکەچە بۆ چاودێری راستەوخۆ- کە یارمەتی تاك دەدات تا بگونجێت لەگەلّ ئامانجەکانی سستەم یا دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی.



**نیکلّ سێ جۆرەکەی وەزیفەی کۆمەلاّیەتی دیاریدەکات، کە وەزیفەخوازەکانی پێش ئەو بەم شێوەیە پۆلێنیان کردووە:**

1- ناتەندروستی وەزیفی، کە مەبەستی داتاکانی کارکردنی کۆمەلاّیەتی و رێوشوێنەکانیەتی -کە دەتوانرێت راستەوخۆ تێبینی بکرێت- بەلاّم یارمەتی تاك نادات تابگونجێت لەگەلّ ئامەنجەکانی سستەم یا دەستکەوتنی ئەم ئامانجانە.

2- وەزیفەی دیارو بەرچاو: کە مەبەستی داتاکانی ئیشکردنی سستەم و رێوشوێنە پۆزەتیڤەکانیەتی بۆ تاك کە یارمەتییان دەدات بۆ گونجان لەگەلّ ئامەنجەکانی سستەم یا دەستکەوتنی ئەم ئامانجانە.

3- وەزیفەی بەردەوام: کە مەبەستی کارە نادیارەکانی سستەمە یا ئەو کارانەی مەبەستیان روون و ئاشکرا نییە.

لەکۆتاییدا نیکلّ سستەمی کۆمەلاّیەتی وا روونکردەوە کە لە سستەمی لاوەکی پێکدێت، ئامانجەکانی دیاریدەکرێت لەرێگەی تواناکانی لە تێرکردنی پێداویستییە کۆمەلاّیەتییەکانی تاکەکانی کۆمەلّگە بە گشتی.

بەلاّم ئەو بۆچوونانەی کە زانا وەزیفییە هاوچەرخەکان گرنگییان پێداوە، نموونەی ئەبیرلی و کۆهن و دیفز و لیڤی و ستۆن. بۆ دیاریکردنی هەندێك چەمکی سەرەکی لە تیۆری وەزیفی کە بیر ورای روونکەرەوەن بۆ هزری تالّکۆت پارسۆنز و، روونکردنەوەکانیان بەوە دەستیپێکرد، کە هەر کۆمەلّگەیەکی مرۆیی بە وەزیفەی خۆی هەلّدەستێت و بۆ هەر وەزیفەیەك پێداویستی خۆی هەیە کە دەبێت لەناو کۆمەلّگەدا هەبێت لەپێناو پارێزگاریکردن و بەردەوام مانەوەی.

بە بۆچوونی ئەو زانا کۆمەلاّیەتییانە، بوونی کۆمەلّگەو بەردەوام مانەوەی پشت بە بوونی رەگەزی سەرەکی دەبەستێت، ئەویش بوونی تاکەکانە کە رووە ئۆرگانیەکەی لە رووی هزر و بەهاو یاسا کۆمەلاّیەتییەکانی کۆمەلّگە پێکدەهێنن. بۆیە هیچ کۆمەلّگەیەکی مرۆیی بەبێ تاك نابێت و، ئەگەر تاکەکان بوونیان نەبوو ئەوا کۆمەلّگەیەکی مرۆیی بوونی نابێت، بۆ نموونە کۆچکردنی

تاكەكان لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ یەكی تر دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی قەبارەی سستەم و وەزیفەی ئەو كۆمەڵگەیەی كۆچی لێوەكراوە یا بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، وەك تاعون یا كۆلێرە یا هەوكردنی پەردەكانی مێشك و نەخۆشی تر كە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ژیانی تاكەكان یا بوونی شەڕی لەناوبەر بۆ رەگەزی مرۆیی، بەشێویەك بەشێكی گەورەیان لەناو دەبات یا زۆرداری و چەوساندنەوەی كۆمەڵگەی لادێیی لەلایەن كۆمەڵگەی شارنشینییەوە. هەموو ئەم فاكتەرانە كاریگەرییان هەیە لەسەر قەبارەو سستەمی وەزیفی كۆمەڵگەی مرۆیی.

دەرەنجام دەگەینە ئەوەی كە، دەبێت تاكی چالاك هەبن كە هیچ رووداوێك لە رووی تەندروستی یا سیاسی یا ئابووری رێیان لێنەگرێت لە مومارەسەكردنی ژیانی وەزیفیان لەناو كۆمەڵگەدا. ئەم كۆمەڵە بیرمەندە وەزیفییانە مەرج دادەنێن كە دەبێت پێشینەیەكی كۆمەڵایەتی هەبێت **بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامی هەبێت لەناو كۆمەڵگە، ئەوانیش ئەمانەن:**

1- لەناو كۆمەڵگەدا، تاك هەبن كە كارلێك و پەیوەندی كۆمەڵایەتی لەگەڵ یەكتر كۆیان بكاتەوە و لەهەمانكاتدا پەیوەندییان هەبێت لەگەڵ دەوروبەرە كۆمەڵایەتییەكەیان.

2- دەبێت ژمارەیەكی تەواو تاك لەناو كۆمەڵگەدا هەبن و خاوەنی جۆری كۆمەڵایەتی چالاك بن.

3- دەبێت ئەم كۆمەڵگەیە لەگەڵ كۆمەڵگەكانی تر كارلێك بكات بە شێوەیەكی پۆزەتیڤانە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات تا لەناو رەوشی كۆمەڵایەتیدا بمێنێتەوە.

4- دەبێت (پرۆسەی زۆربوون) چالاك و بەرهەمی مرۆیی بەردەوامی هەبێت، كە لەگەڵ داهاتی ئابووری و بەرهەمهێنانی كۆمەڵگە بگونجێت و هاوسەنگ بێت.

5- دەبێت دوو جۆر رۆڵی كۆمەڵایەتی هەبێت هەر یەكێكیان لەویتر جیا بێت، كە یەكەمیان وەرگیراو و دووەمیان بۆماوەییە، واتە رۆڵەكان لەسەر دەستكەوتی زانستی و بەدەستهێنانی زانستی و كولتووری وەستاون، واتە



توانایەكی زانستی وەرگیراو بە تاك دەبەخشێت لەناو دامەزراوە زانستی و پەروەردەییەكاندا و، پێویستە رۆڵی بۆماوەیی هەبێت كە لەلایەن كۆمەڵگەوە خۆی دانرابن، وەك رۆڵی تایبەت بە رەگەزی نێرو رۆڵی تایبەت بە رەگەزی مێ و رۆڵی تایبەت بە منداڵان و هیتر بە بەساڵاچوان.

سەرەڕای ئەوەیش توێژبەندی كۆمەڵایەتی لەناو كۆمەڵگە توێژبەندییەكی تایبەتی دروستدەكات بۆ مومارەسەكردنی رۆڵە كۆمەڵایەتییەكان.

6- ئامرازەكانی پەیوەندی لە نێوان تاكەكان. هەر كۆمەڵگەیەك هێمای كولتووری خۆی هەیە و بەكاریدەهێنێت بۆ ئاماژەكردن بە كردەو هزرە كۆمەڵایەتییەكانی، بۆیە هیچ كۆمەڵگەیەك نییە هێمای هاوبەشی نەبێت لە نێوان تاكەكانیدا و، وەزیفەی ئەم هێمایانە ئەوەیە یارمەتی تاك دەدات بۆ كارلێككردن لەگەڵ ئەوانیتر.

7- زانیاری گشتی و هاوبەش لە نێوان تاكەكان، واتە دەبێت چەمكی گشتی هەبێت لە نێوان هەموو تاكەكانی كۆمەڵگە و، ئەم چەمكانە هەڵقولاوی مێژوو و كولتووری كۆمەڵایەتی ئەم تاكانە بێت و كارلێك بكات لەگەڵ كولتووری ئێستایان و كولتوورەكانی تری.

8- بەكۆمەڵایەتیبوون.

9- رێساو بەهای كۆمەڵایەتی پەیوەست بە رێكخستنی رەفتاری كۆمەڵایەتی.

هەموو ئەم فاكتەرانە دەبێت پێشبوونی وەزیفەی كۆمەڵایەتی بوونیان هەبێت و، نەبوونی ئەم فاكتەرانە مانای نەبوونی وەزیفەی كۆمەڵایەتییە، واتە پلەی هەبوونی ئەم فاكتەرانە ئەندازەی وەزیفەی كۆمەڵایەتی دیاریدەكات.

لە كۆتاییدا بە گرنگی دەزانین كۆمەڵێك دژایەتی سەبارەت بە چەمكی وەزیفەی كۆمەڵایەتی بخەینەڕوو لەلای بیرمەندانی تیۆری بونیادی وەزیفی لە سەدەی بیستەمدا، **كە گرنگترینیان ئەمانەن:**

1- بەشێکیان ئاماژەیان بەم چەمکە کردووە بە (کارکردن)، ئەم ئاماژەپێکردنەش لە نووسینەکانی ماکس ڤیبەر دەردەکەوێت.

2- بەشێکیان ئاماژەیان بەم چەمکە کردووە کە چەمکی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە تاك مومارەسەی دەکات لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەیدا.

3- دەلالەتێکی وەرزشی هەیە بۆ ئاماژەکردن بە بوونی پەیوەندییەك لە نێوان فاکتەری گۆڕاو لەگەڵ ژمارەیەك گۆڕاوی تر کە کاریگەری هەیە لەسەر بەهاکانی.

4- دەلالەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە وەك ئەوەی لە نووسینەکانی کارل مەنهایم دا ئاماژەی پێکراوە، ئەو تێبینی ئەوەی کرد کە راستی کۆمەڵایەتی وەزیفەی ئەو زەمەن و شوێنەیە کە تێیدا روودەدات. بەکارهێنانی دیمۆگرافییەکان، بەرزبوون یا نزمبوونەوەی رێژەی لەدایکبوون دەگەڕێننەوە بۆ وەزیفەی پێگەی ئابووری تاك.

5- دەلالەتی بایۆلۆژی -ئۆرگانی: ئاماژە بەو پرۆسە ئۆرگانییە دەکات کە بەشداری لە پارێزگاریکردنی ساغ و سەلامەتی مانەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات. ئەم دەلالەتە رادکلیف براون بەکاریهێناوە.

بەڵام زانای روسی پیترەم سۆرۆکین هزرەکانی لەبارەی کامڵبوونی کولتوورییەوە بوو کە پێچێکی نوێی لە هزری بونیادی وەزیفی پێکهێناوە و، کولتووری مرۆیی کردووەتە خاڵی دەستپێك بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم هزرەوە.

ئەو تێبینیکرد کە هەر کولتوورێك لە پێکهاتەیدا چەند رەگەزێکی هەیە وەك (بیروباوەڕو هزرەکان و بەهاو داب و نەریت و رێسا کۆمەڵایەتییەکان)، ئەم رەگەزانە بەپێی شوێنگەیان لەناو چوارچێوەی کولتووریدا لە یەکتر نزیك یا دووردەکەونەوە. زۆر داب و نەریتی کۆمەڵگە هەیە هیچ مانایەك و هیچ وەزیفەیەکیان نییە، کەچی شوێنێکی لەناو کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە داگیرکردووە. بەڵام ئەمە نابێتە رێگرێك لە بەرامبەر بوونی پەیوەندی و کارلێك لە نێوان رەگەزە کولتوورییە جیاجیاکان، بەشێوەیەك ئەم پەیوەندییانە دەکەونە



ژێر باری فاکتەری دەرەکییەوە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکگرتنێکی راستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە نێوان رەگەزەکاندا. مومارەسەکردنی کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکان شتێکی سروشتییە لەسەر رەگەزە نزیکەکان لە چوارچێوە کولتوورییەکەیدا. ئەوەتا لە بەشی باکووری هەرێمی ڤۆڵگا و لە باکووری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، خەڵکی ڤۆدگا (جۆرێکە لە جۆرەکانی عەرەق) دەخۆنەوە و، خانووەکانیان لە دیواری ئەستوور دروستدەکەن بۆ پاراستن لە سەرما و، لە ژوورەکانیان کورەی گەورە دادەنێن و پێڵاوی تایبەت بەسەرمای سەختی زستان لەبەردەکەن و، خەڵکی هەموو ئێوارەیەك لە یەکێك لە ماڵەکان کۆدەبنەوە و ڤۆدگا دەخۆنەوە و گۆشت دەخۆن و گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن. ئەمە خەسڵەتی کولتووری کۆمەڵگەی ڤۆڵگییە و هەر خەسڵەتێك رەگەزێکی کولتووری تایبەت بە کۆمەڵگەی ڤۆڵگی هەیە و هیچ پەیوەندییەکی وەزیفی یا لۆژیکی لە نێوان ئەم رەگەزانەدا نییە، چونکە خواردنەوەی ڤۆدگا پەیوەندی بە لەبەرکردنی پێڵاوی تایبەت بە سەرماوە نییە، ئەمیشیان پەیوەندی بە بوونی کورەی گەورە نییە، بەڵام هەموو ئەم رەگەزە کولتووریانە پەیوەندیان بەو کەشە ساردەوە هەیە کەتێیدا دەژین. هەریەك لەم رەگەزانە بەویترەوە و بە شێوەیەکی بەشی و ناڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە، ئەمەش بەهۆی بوونی فاکتەری دەرەکییەوە دەبێت کە ئەویش ئاو و هەوای ساردە.

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لە نێوانیان لە رێگای تەوەری کولتوورییەوە کە لە دەوری پەیوەندییەکانی کولتووره لێك نزیکەکان، ئەوانەی لەڕووی بوارییەوە لێك نزیکن دەخولێتەوە. بەبێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی و وەزیفەی ئەم رەگەزانە هەریەك دروستکاری ئەویترە و هەریەکەیان پشت بەویتر دەبەستێت لە جێبەجێکردنی وەزیفەکەیدا، ئەمەش کامڵبوونێکی وەزیفی دروستدەکات و رەنگدانەوەی وەزیفەی گشتی کولتووره. ئەم کامڵبوونە بەسەر پێگەی رەگەزە لێك نزیکەکان و هەروەها یەکگرتن و یەکێتی لەگەڵ دەرەوە سەپێنراوە، کامڵبوونی وەزیفی لە نێوان رەگەزە

کولتوورییە ڕاستەوخۆ بە یەکەوە بەستراوەکان ڕوودەدات. بۆنموونە بزمار لەناو ئامێر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە هەموو ئامرازەکانی ئامێرەکە نابەسترێتەوە. خانە لە جەستەی زیندەوەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە هەموو خانەکانی لەش یا ئەندامانی لەش نەبەستراوەتەوە، بەڵام هەموو خانەکان بە شێوەیەکی گشتی بە کۆئەندامی دەمارو سووڕی خوێنەوە بەستراونەتەوە. هەروەها بزماریش لە ئامێردا بەهەموو بەشەکانی ئامێر دەبەسترێتەوە لە ڕێگای پەیکەری گشتی ئۆتۆمبێل گەر بە نموونە وەریبگرین.

پەیوەندی وەزیفی نێوان ڕەگەزە کولتوورییەکان دەبێت شیاوی تێبینی و تاقیکردنەوە دەستبارین بۆ دەستەبەرکردنی وەزیفەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و، هەموویان پشت بە سستەمی گشتی کولتوور دەبەستن.

ئەگەر هاتوو فاکتەری (ب) هەردەم پاشکۆی فاکتەری (أ) بوو لە چەند حاڵەتێك و لەژێر هەمان بارودۆخ و بێ تێهەڵقورتاندنی فاکتەری بەخت یان هەل بۆ ڕوودانی، ئەوا لەم حاڵەتەدا بە یەکەوە بەسترانی فاکتەری (ا، ب) بەیەکەوە بەسترانێکی وەزیفی دەبێت.

لەم ڕووەوە سۆرۆکین نموونەیەك دەهێنێتەوە و دەڵێت: ئەگەر یەکێ لە ئامرازەکانی مەکینەی ئۆتۆمۆبیلێکمان لادا، ئەوا ئەمە هیچ شتێ لە جەوهەری مەکینەکە ناگۆڕێت، بەڵام هەندێ وەزیفە لەدەستدەدات کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. ئەگەر بازاڕی دراو وەربگرین لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری نوێ، بەو پێیەی یەکێکە لە چالاکییەکانی ژیانی ئابووری ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە، گەرویستمان لەسەر یەکێ لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان پراکتیزەی بکەین وەك کۆمەڵگەی ترۆبریان، ئەوا ئەم بازاڕە وەزیفە پێویستەکەی جێبەجێ ناکات و هیچ سوودێکی بونیادخوازی نابەخشێت، ئەمەش مانای وایە ئەم بازاڕە تەنها کەڵك و سوودی هەیە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری نوێ و سوود و کەڵکی نییە لە کۆمەڵگەیەکیتر. ئەگەر سستەمی پەرلەمان وەربگرین لە بەریتانیا و پراکتیزەمان کرد لەسەر کۆمەڵگەیەکی تایفەگەری وەك کۆمەڵگەی هندی ئەوا



هەمان کەڵك و سوود نابەخشێت و هەمان وەزیفەش جێبەجێ ناکات کە لە کۆمەڵگەی بەریتانی بەجێیهێناوە، بۆیە یا دەبێت ئەو سستەمە لەناو ببرێت یا ئەنجامێکی پێچەوانە دەبەخشێت.

هەموو ئەو شتانەی سەرەوە کە سۆرۆکین وەکو نموونە هێناونیەتەوە ئاماژە دەکەن بەوەی هەندێ ڕەگەزی کولتووری کەڵك و سودێکی خۆجێیی هەیەواتە تەنها لەناو کولتوورەکەی خۆیدا سوود دەبەخشێت کە لە کولتووری کۆمەڵگەی تر هەمان سوود و وەزیفە نابەخشێت.

دەتوانین نموونەیەکی تر بهێنینەوە کە لەسەر کولتووری عەرەبی پراکتیزە دەبێت ئەویش بەهای ڕێزگرتنی بەرامبەر و پیاوەتی لای عەرەب یەکێکە لە ڕەگەزەکان کە بەهایەکی ئەخلاقی و پەیوەندییەکی خەسڵەت پۆزەتیڤی هەیە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، بەڵام ئەمە هەمان وەزیفە و سوودی نییە کاتێك هەوڵبدرێت لەسەر کۆمەڵگەی سەرمایەداری نوێ پراکتیزە بکرێت، ئەو کۆمەڵگەیەی جەختدەکاتەوە لەسەر بەهای تاکخوازیی زیاتر لە بەهای گرووپی، هەروەها لەم کۆمەڵگەیانەدا جەختدەکرێتەوە لەسەر یاساو ڕێساکان زیاتر لە بەها کۆمەڵایەتییەکان.

سۆرۆکین ئاماژە دەکات بەوەی کە ئەم حاڵەتە بە زەرووەرەت هەردەم بەوشێوەیە نییە، بەڵام جیاوازە بەپێی جیاوازی ئەندازەی نەرمی بونیادی کۆمەڵایەتی، کە دەتوانرێت هەندێ ڕەگەزی کولتووری لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر بگوازرێتەوە ئەگەر هاتوو بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی نەرم و کراوە بوو، بە پێچەوانەوە ڕوودەدات ئەگەر بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی توند و داخراو بوو.

لە کۆتاییدا سۆرۆکین چەمکێکی تری بۆ کامڵبوونی کولتووری خستەڕوو ئەویش کامڵبوونی لۆژیکی -پۆزەتیڤە کە برتییە لە گونجان و ڕێك و پێکی ڕەگەزە کولتووریە ناوەکییەکان، سەرەڕای بوونی جیاوازی لە خەسڵەت و پێکهاتەکانی. لە ڕێگای ئەم گونجانە ناوەکییەوە شێوەیەکی تر لە خەسڵەتی ڕەگەزە بنچینەییەکانی دەبەخشێت کە سۆرۆکین بە شێوەیەکی مەزنتر و باڵاتر

ناوزەندی دەکات و کەڵکێکی زۆر بە کولتوور دەبەخشێت، ئەم کەڵك و سوودەش لە ئەنجامی ئەوەوە دروستدەبێت کە رەگەزی گونجاو لە شوێنی گونجاو دابنرێت لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی و بە شێوەیەکی لۆژیکی نەك وەزیفی. دەتوانرێت حاڵەتی وابینرێت کە رەگەزە کولتوورییەکان گونجانی نێوخۆییان لەدەستداوە لەگەڵ ئەوەشدا کاملبوونێکی لۆژیکی و کولتووری پۆزەتیڤ دروستدەکەن.

## 2- بە دواداچوون و هەڵسەنگاندن

کێشەیەك نییە ئەگەر هزری کۆمەڵایەتی دروست و کەڵەکە بێت و بیرۆکە سەرەکییەکانی لە رێبازە هزرییەکانی پێشووی زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر وەربگرێت، بەڵام بەمەرجێك هەر لەو قۆناغەدا نەوەستێت، بەڵکو دەبێت ئەم قۆناغە هەنگاوی پراکتیزەیی و کاملبوون پێشکەوتوو بدات بەرەو قۆناغێکی تر. (واتە هزرەکانی پێشوو بسەلمێنرێت یادوای تاقیکردنەوە لە ژێر رۆشنایی رووداوە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان قبووڵ نەکرێن و ئەو شتانەی لێوەربگیرێت کە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی نوێ دەگونجێت) کە رەنگدانەوەی هزری کۆمەڵایەتی بێت لە قۆناغی ئێستایدا. بەڵام ئەوەی لە نووسینەکانی پارسۆنز تێبینیمان کرد کۆکردنەوەی چەند هزرێکی فەلسەفی (پۆزەتیڤیزم و بەرژەوەندیخواز و ئایدیالیزمی) یە کە لە سەدەی 19 سەریانهەڵداوە و لە یەك چوارچێوە کۆیکردوونەتەوە بۆ دروستکردنی هزرێکی کۆمەڵایەتی کە جیاوازە لەو رەگەزانەی دروستیانکردووە. بۆیە هزرەکانی پارسۆنز وەك هزرێکی تایبەت بەخۆی یا هەڵقولاوی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە دەرنەکەوت کە ئەو تێیدا دەژیا، بەڵکو لە ئەنجامی کاریگەرییە هزرییە جیاوازەکانەوە دەرکەوتووە. هەروەها لە ئەنجامی پاشخانی نەتەوەیی جیاواز کە لەیەك کاتدا بە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ دەناسرێت، بووەتە هۆی گەڵاڵەبوونی هزرێکی جیاواز لەوانەی کە لێوەی سەرچاوەیان گرتووە. بەڵام ئەم یەکگرتنە نەگونجاوەو دەرەنجامی نەگونجاویشی لێکەوتەوە، چونکە هزری پارسۆنز ویستی هەڵوێستێکی دژایەتی هەبێت



بەرامبەر رێبازی تاکی (رێبازی بەرژەوەندیخوازی) کە لە بەرتیانیا سەریهەڵداوە، هزری پۆزەتیڤیزمی کلاسیکی تەبەنیکرد کە لە فەرەنسا دەرکەوت، هەروەها دژی هزری ئایدیالیزمی کە لە ئەڵمانیا دەرکەوت بوەستێ. بۆیە ئەم هەوڵدانە نموونەی بە دەنگەوە هاتنێکی هزرییە کە دواتر بووە پاڵنەرێك بۆ دوورخستنەوەی ئەقڵ و هزری تاك لە پێکهاتەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی تیۆرێکی توندڕەو کە تەنها لایەنی کۆمەڵایەتی گرتەوە و لایەنی ویژدانی و هزری و بەرژەوەندییەکانی فەرامۆشکرد. کەواتە ئەم تیۆرە باسی ئەو شتانەی کرد کە دژی تیۆری پۆزەتیڤزمی ئابوورییە، ئەمەش مانای وایە کە رەنگدانەوەی راستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە بەشێوە کاملەکەی، بەڵکو رەنگدانەوەی یەك لایەنی ئەو رووە پێچەوانەییەی رێبازی تاکخوازییە. لەژێر رۆشنایی ئەم مانایە بە دەنگەوە هاتنی (نێگەتیڤ یا پۆزەتیڤ) ە بۆ هەندێ وروژێنەری هزری رەنگدانەوەی واقیعی راستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو رەنگدانەوەی رووە پێچەوانەکەیەتی، هەروەها ئەمە مانای وایە ئەم تیۆرە شتێکی نوێی نەهێناوەتە کایەوە. لە کاتێکدا هزری کۆمەڵایەتی رەسەن پێویستە رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی بێت بە شێوەیەکی بابەتیانە، یەکەمیان بەبێ گشتاندنی دەرەنجامە هزرییەکانی بەسەر هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە پلەی یەك بە پلەی دووەمیش نابێ بکەوێتە ژێر کاریگەرییە دەرەکییە نێگەتیڤ یا پۆزەتیڤەکانەوە. بۆنموونە هزرەکانی دورکایم واقیعی ترو رەسەنترە لە هزرەکانی پارسۆنز، چونکە هی ئەویان هەڵقوولاوی واقیعی کۆمەڵایەتین و بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی نەبەستووە بە هزرەکانی پێش خۆی وەکو چۆن لەگەڵ تیۆرەکەی پارسۆنز روویداوە.

بە پشتبەستن بەو روونکردنەوانەی سەرەوە، دەردەکەوێت مانای دەرکەوتنی تیۆرێکی وەڵامدەرەوە (نێگەتیڤانە یا پۆزەتیڤانە) بۆ **ئەو تیۆرانەی لە زانستە مرۆڤایەتییەکان سەریانهەڵدا، ئەمانەیە:**

1- وێنەیەکی کامڵی واقیعی کۆمەڵایەتی نادات بەدەستەوە.

2- وێناکردنی رووە پێچەوانەکەی ئەو کردەیەی کە وەڵامدەرەوەی بوو (جا نێگەتیڤانە یا پۆزەتیڤانە بێت).

3- بەردەوامبوونی لەسەر پشتبەستن و پوختکردنی تیۆر و هزرەکان لە رێگای وەرگرتنی هزرو چەمکەکان.

4- ناتوانێت کاریگەری دەوروبەری کۆمەڵایەتی نوێ لەسەر رووداوە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان لە بەرچاوبگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو رەگ و ریشە هزرییەی کە هەیەتی لەو هزرانە وەرگیراون کە رەنگدانەوەی کۆمەڵگەو دەوروبەرەکەی نین.

5- ناتوانێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەناو کۆمەڵگەی هاوچەرخدا روودەدات بگونجێت. ئەگەر هەندێ لە هزرەکانی پارسۆنز راڤە و شرۆڤە بکەین دەبینین، بە لێکۆڵینەوە لە رەفتاری کۆمەڵایەتییەوە دەستیپێکردەوە نەك لەسەرەتاکەیەوە وەك چۆن لەلای بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکان باو بووە، ئەو دەڵێت: تاك ئامانجی هەیە و هەردەم بەدوای دادەگەرێت، بەڵام ئاماژەی بەو پاڵنەرانە نەکردووە کە رەفتاری کۆمەڵایەتی دەورووژێنن بۆ هەڵبژاردنی ئامانجێکی دیاریکراو نەك یەکی تر.

هەروەها پارسۆنز وێنای تاکی کردووە بەوەی داردەستێکە بەدەستی بارودۆخی مەرجی و بەهاو داب و نەریت و عورفەکانەوە و رێژێکی زۆری بۆ ئەقڵی مرۆیی دانەنا، بەوەی کە توانای درککردن و رەفتارکردنی هەیە بەپێی ئەو شتەی کە سوودبەخشە یا لە بەرژەوەندی ئەودایە یا لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا.

هەروەها پارسۆنز ئەو حەزو ئارەزووە خودخوازییە-تاکخوازییەی کاریگەرییان لەسەر جووڵاندنی رەفتاری مرۆیی هەیە پشتگوێ خستووە. ئەوەشی بۆمان رووننەکردووەتەوە تاك چی بەسەر دێت کە حەزو ئارەزووە تاکخوازییە خودخوازییەکانی تێر بکرێت؟، ئایا سستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بە لادەر یا



تاوانکار لە قەڵەمی دەدات؟ چی بەسەر ئەو تاکە دێت، ئەگەر رەفتارەکانی ملکەچی بیرکردنەوەیەکی پێگەیشتوو بێت، نەك ملکەچی بارودۆخی مەرجی یا بەهاو داب و نەریت بێت؟ ئایا بە بۆچوونی سستەمی کۆمەڵایەتی و بە بۆچوونی پارسۆنز بە لادەر دادەنرێت؟ یا نەء!. پارسۆنز لە تیۆرەکەیدا وەڵامی ئەم پرسیارو روونکردنەوانەی نەداوەتەوە.

کەچی ئەوەی تایبەتە بە بەڵانسی کۆمەڵایەتییەوە کە پارسۆنز داینـاوە، ئەوا لایەنە میتۆدییەکانی لەخۆ گرتووە، بەڵام ئەندازەی جۆار وجۆری نێوان دوو جەمسەرەکەی لە خۆنەگرتووە، هەروەها خەسڵەتەکانی ئەو تاکانەی کە دەکەونە نێوان ئەم دوو جەمسەرەوە لە خۆنەگرتووە.

زێتر لەوە پارسۆنز چۆنیەتی یەکگرتنی تاك و سستەمی کۆمەڵایەتی و پشتبەستنی بەشەکانی یەك سستەم و یەکگرتنی سستەم لەگەڵ سستەمەکانی تر لە رێگای بەکۆمەڵایەتیبوون و هۆیەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی روونکردووەتەوە، بەڵام ئەو ئەندازەی ئەم یەکگرتنە یا رادەی پشتبەستنی بەشەکانی سستەم یا خودی ئەو سستەمە لەگەڵ سستەمەکانی تر دیارینەکردووە، چونکە دیاریکردنی ئەمە، بە شێوەیەکی ورد چەندێتی و چۆنیەتی وەزیفەکانی سستەم لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی روونەدەکاتەوە.

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، پارسۆنز کاریگەری دەوروبەری کۆمەڵایەتی و ژیار و کولتووری لەسەر کامڵبوون و دەستباری بەشەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی ئاماژە پێنەکردووە، بەڵکو تەنها جەختیکردووەتەوە لەسەر یاساو رێساو بەها کۆمەڵایەتییەکان، چونکە رەنگە دەوروبەری کۆمەڵایەتی کاریگەری هەبێت لەسەر کامڵبوونی بەشەکانی سستەم و لە کۆتاییشدا دەبێتەهۆی دەستباربوونی ئەم بەشانە.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە، پارسۆنز ئاماژەی بە چەندێتی ماوەی ئەو کامڵبوون و دەستبارییە نەکردووە کە یەکە، یا بەشەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی تێیدا بەردەوام دەبن. هەروەها ئاماژەی نەکردووە بە مۆتیڤەکانی کامڵبوون و دەستباری، کە ئایا ئەو مۆتیڤانە پێداویستی کۆمەڵایەتیین یا ئەو هێزو پابەندبوونەیە کە بونیادی

کۆمەڵایەتی لەسەر سستەم و بەشەکانی مومارەسەی دەکات. دەشێ دەستباریەك و بەیەکەوە بەستنەوەیەك لە نێوان سستەمی سیاسی و سستەمی ئابووریدا رووبدات، نەك لەبەر پێویست پێبوون، بەڵکو لەبەر ترسی مومارەسە کردنی لەلایەن سستەمی سیاسییەوە بەسەر سستەمی ئابووری یا سستەمی سیاسی لەسەر سستەمی ئایینی، تەواو نابێت ئەگەر هاتوو سستەمی یەکەم عەلمانی بێت، بەمەش ئەگەرێکی زۆر هەیە بەوەی کامڵبوون و دەستباری لە نێوانیاندا روونەدات، یا سستەمی سیاسی نوێنەرایەتی تایەفەیەکی ئاینی دیاریکراو دەکات و دژی تایفە ئایینییەکانی ترە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کامڵنەبوون یا دەستبارنەبوونی کۆمەڵایەتی.

ئەمانە گرنگترین ئەو هزرانەن کە دەتوانین بەهۆیانەوە قسە لەسەر هزرەکانی پاسۆنز بکەین، بەڵام هزرە وەزیفییەکانی گۆڵدنەر لەگەڵ هزری پارسۆنز جیاوازن، چونکە گۆڵدنەر هەندێك بیرۆکەی وروژاندووە کە پارسۆنز پشتگوێی خستوون، بەمەش پاڵپشتی کرد لەو تیۆرە وەزیفییەی کە پارسۆنز پێشکەشی کردبوو بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەستبوو بەسەربەخۆیی وەزیفی و پلەی دەستباری کۆمەڵایەتی، ئەمیان هزرێکی تەواوکەری داهێنا کە شیکاریتر و قووڵتر بوو لە هزرەکانی پارسۆنز، بەڵام گۆڵدنەر بۆی روون نەکردینەوە کە ئەگەر یەکێ لە بەشەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی نەیتوانی پێداویستییەکانی بەشەکانی تر تێربکات چی روودەدات و، ئایا بەرەو ئەو بەشانەی سستەم دەچێت کە دەتوانن پێداویستییەکانی تێربکەن یا دوورکەوتنەوە و جیابوونەوە لە نێوان ئەم بەشانە روودەدات؟

بەڵام هزرەکانی نیکلێ لەگەڵ ئەوانەی کە پارسۆنز ئاماژەی پێکردبوون جیاوازە، ئەویان هەر لەسەرەتاوە ئاماژەی کردووە بە گریمانەی روودانی جیابوونەوە و جیاوازی لەناو کۆمەڵگە، بە پێچەوانەی پارسۆنز لە سەرەتاوە ئاماژەی بەو گریمانەیە نەکردووە، بەڵکو دوای حەفتاکان کاتێك گەڕایەوە بۆ هزری پەرەسەندنخوازی سپنسەر ئینجا ئاماژەی پێکرد.

ئەم تێبینییانە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی، کە وەزیفەخوازە هاوچەرخەکان نەیانتوانی جۆری پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و پلەی گرنگیان لەناو کۆمەڵگەدا



دیاریبکەن، هەروەها نەیانتوانی پەیوەندییەك لە نێوان جۆری سستەم و ئەوکاتەی بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان پێویستە دەستنیشان بکەن و، پەیوەندییان بە لایەنی نەتەوەیی ئەو کۆمەڵگەیەو جۆری چینی کۆمەڵایەتی دیاریبکەن.

ئەوەی سەرنجمان رادەکێشێت ئەو دژیەکیەیە کە لە بۆچوونەکانی نێوان سۆرۆکین و، ئەوەی وەزیفییەکان ئاماژەیان پێکردوە هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە هەردوولا ئینتیمایان بۆ یەك بزووتنەوەی هزری هەیە. سۆرۆکین دەڵێت: داب و نەریتی کۆمەڵایەتی هەیە و دەشێ مانا و وەزیفەیشی نەبێت، تەنها بۆشاییەك لەناو سیسمی کۆمەڵایەتی داگیربکات، ئەمەش مانای وایە کە هەموو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو سستەمی کۆمەڵایەتی دەشێ وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی نەبێت یا توانای تێرکردنی پێداویستییەکانی نەبێت، بەڵام بوونێکی لەناو سستەمدا هەیە (بێ ئەوەی سۆرۆکین ئاماژە بە پاساوێکی ئەقڵی یا وەزیفی بکات) و، لەلایەکی ترەوە سۆرۆکین لەگەڵ وەزیفییەکان جیاواز بوو کاتێك سەلماندی کە رەنگە پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان بەشەکانی سستەمدا هەبێت، بەڵام وەزیفییەکان پێیانوایە هەموو بەشەکانی سستەم بەیەکەوە بەستراون و دەستبارن لەگەڵ یەکتر بە شێوەیەکی راستەوخۆ، بەڵام ئەو پلەی گرنگی بەیەکەوە بەستران و پلەی تێرکردنی پێداویستییەکانی بەشەکانی تری سستەمی دیاری نەکردووە.

ئەو شتەی کە هیچ پاساوێکی زانستیم بۆنەدۆزیوەتەوە ئەوەیە کە، هەندێ لە بیرمەندە وەزیفییەکان سستەمی کۆمەڵایەتی بەسیستەمی میکانیکی ئامێر دەچوێنن، کە ئەو سستەمە بە هیچ شێوەیەك بە کۆمەڵگەی مرۆیی ناچێت، لەگەڵ ئەوەی کە لە یەکتر جیاوازن، کەچی ئەوان پێکەوە دەیان بەستنەوە و پەیوەندییەکانیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بە پەیوەندی بەشەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی بچوێنن. (وەك بۆچوونەکانی سۆرۆکین)، بەڵام بەراوردکردنی ئەم دوانە شتێکی ئاقڵانە نییە، چونکە کۆمەڵگەی مرۆیی لە پەیوەندییەکانیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی، بەڵام پەیوەندیەکانی نێوان

بەشەکانی ئامێر بە دەوروبەری کۆمەڵایەتییەکەی کاریگەر نابێت، هەروەها سستەمە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاریان بەسەر دێت بێ ئەوەی ئەندامەکانی بگۆڕێن کە ئەمە لەئامێردا روونادات. هەر سستەمێك رەگ و ریشەیەکی مێژوویی کولتووری لە کۆمەڵگەدا هەیە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەیە، بەڵام ئامێر ئەم شتەی نییە. هەر ئامرازێك لەناو ئامێر وەزیفەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەپێی پێداویستی ئامێرەکە ژمارەی زیاد یا کەم دەکرێت و، پەیوەندییان بە یەکەوە میکانیکی ئامێریی دەبێت. هەرچی پەیوەندی بەشەکانی یەك سستەمە ئەوا ملکەچ دەبێت بۆ تواناکانی ئەو بەشە لەسەر تێرکردنی پێداویستی بەشەکانی ترو جۆری پێداویستی داواکراو. کەواتە ئەمە پەیوەندییەکی تەواو میکانیکی نییە وەکو چۆن هەندێ لە وەزیفییەکان وای بۆ دەچن.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە، هەندێ لە وەزیفە جۆرییەکانی بەشەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی لە هەندێ کۆمەڵگەدا سوود بەخشن و ناتوانن هەمانکار یا وەزیفە ئەنجامبدەن لە کۆمەڵگەیەکی تر. سۆرۆکین ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەندازەی کراوەیی بونیادی کۆمەڵایەتی، بەڵام فاکتەری تر هەن کە رەنگە لەوە گرنگتربن، ئەویش جۆری رەگەزی کولتووری ویستراوە کە دەگوازرێتەوە لە کۆمەڵگەیەك بۆیەکی تر و، پلەی پێویستی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەم رەگەزە کولتوورییانەی بۆ دەگوازرێتەوە و، بۆچوونی ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی رەگەزە کولتوورییەکانی لێوە دەگوازرێتەوە، هەروەها قۆناغی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە وەرگری رەگەزە کولتووریەکانە. هەموو ئەم فاکتەرانە سۆرۆکین نەی وروژاندون یا گرنگی پێنەداون لەگەڵ ئەوەی کە گرنگییان هەیە لە گواستنەوەی رەگەزی کولتووری لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆیەکی تر.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە سۆرۆکین بابەتیانەتر بوو لە وەزیفییەکانی تر، کاتێك تایبەتمەندی هەر سستەمێکی دیاریکرد و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی نەگشتاند بەسەر هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان. هەروەها سۆرۆکین چەمکێکی نوێی بۆ تیۆری بونیادی وەزیفی زیادکرد لەپاڵ سوودی وەزیفی بەشەکانی سستەم



هەریەك بۆ ئەویتر سوودی لۆژیکیشی دانا، بەڵام ئاماژەی نەکردووە بەوەی کە چۆن گونجانی نێوخۆیی لە نێوان رەگەزە کولتوورییەکان روودەدات و، ئایا روو دەدات یا نەء! سوودە پۆزەتیڤەکانی کولتوور و سوودی کاملبوونی باڵا بۆ کولتوور چییە و، ئایا بەرزبوونەوەی وەزیفەی نێوخۆیی لە نێوان بەشەکانی سستەم روودەدات وەکو چۆن رۆبەرت مەرتن ووتویەتی؟. سۆرۆکین ئەم هەموو روونکردنەوەو راڤەکاریانەی لەبەرچاو نەگرتوون کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر کاملبوونی تیۆری بونیادی وەزیفی.

ڕەنگە بتوانین بۆ ئەوانەی سەرەوە شتێك زیادبکەین بەوەی هەموو وەزیفەخوازەکان جەختدەکەنەوە لەسەر روودانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لەناو سستەم، ئێمەش لەلای خۆمانەوە پرسیارێك دەورووژێنین کە پەیوەستە بەم بابەتەوە پوختەکەی دەڵێت: ئایا گۆڕان و ئاڵوگۆڕکردن لەنێو بەشەکانی سستەمێکدا روودەدات و کەڵەکە دەبێت؟ یا گۆڕان لە پەیوەندی سستەمەکان لەگەڵ یەکتری روودەدات و کەڵەکە دەبێت؟ ئەگەر ئەمە رووبدات دراوەکانی ئەم کەڵەکە بوونە چیە؟.

بیرمەندە وەزیفییەکان جەختدەکەنەوە لەسەر کاملبوون و دەستباربوون لە نێوان سستەم، ئێمەش لێرەدا پرسیار دەکەین: ئایا ئەم دیاردەیە (کاملبوون و دەستباربوون) بەهەمان هێزو چالاکی دەمێننەوە و بەهەمان پێویستبوون بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی پێویستە بە درێژایی کات؟. وروژاندنی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێبینییانەمان بۆ هەندێ لە نووسینەکانی بیرمەندە وەزیفەخوازەکانی قۆناغی پارسۆنیزم، کە بینیمان لە هەندێ لە چەمکە سەرەکییەکانیان پاشگەز بوونەتەوە، وەك کاملبوونی تەواو و دانانی گۆڕانکاری و ململانێ وەك حاڵەتێکی نەخۆشی و کتوپڕ. بەڵام دوای ئەوە بۆ بیرمەندە وەزیفییەکان ناڕاستی بۆچوونەکانی پێشوویان دەرکەوت و لە گریمانەکانیان پاشگەز بوونەوە و هزرەکانیان بە چەمکی نوێ پوختتر کرد کە لەگەڵ واقیعی پێشکەوتوو دەگونجێت. ئەمە بوو کە پارسۆنز دوای حەفتاکان پێی هەستا.

دەبێت پوختەی بۆچوونی بونیادی وەزیفیمان بیرنەچێت و لەسەر کۆمەڵگەی گشتی تۆماری بکەین، کە ئەو پێیوایە هەموو شتێ لەناو سستەم یا بونیادی کۆمەڵایەتی کەڵکی هەیە، ئەگەر کەڵکێکی ئابووری نەبێت ئەوا کەڵکێکی کۆمەڵایەتی دەبێت. لەم گۆشەیەوە دەتوانین هۆی گرنگیدانی هزری وەزیفی بە بیرۆکەی دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگە ببینین و گرنگیدانی بەوەی، کە دەبێت لە کۆمەڵگەدا رووبدات نەك بایەخدان بەوەی کە روویداوە. بۆیە ئەم هزرە کۆمەڵایەتییە جەختی کردوەتەوە لەسەر راڤەکردنی بوونی سستەمی کۆمەڵایەتی لەبەر رۆشنایی ئەو وەزیفەیەی کە ئەنجامی دەدات لەپێناو پارێزگاریکردن لەسەر بەردەوامبوون و مانەوەی لە کۆمەڵگەدا. لەم روانگەیەوە دەبینین زۆر گرنگیداوە بە رێبازی ئامانجخوازی کە بەدوای هۆکارە کۆتاییەکانی دیاردەی کۆمەڵایەتی دادەگەڕێت و شیکردنەوەیان بەپێی کاریگەری دەرەنجامەکانی لە کۆمەڵگەدا.

**دەتوانین بۆچوونی هزری بونیادی وەزیفی بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە کورتبکەینەوە:**

1- کۆمەڵگە بریتییە لە کۆمەڵە تاکێك کە لە رووی بەهاوە بە یەکەوە بەستراون.

2- ئەم بەهایانە رێگاکانی ژیانیان رێکدەخەن.

3- سەرەڕای بەهاکان، ئامانجی هاوبەشی تریش هەن.

4- ئەم بەهاو ئامانجە هاوبەشانە لەسەر ئەمانەی خوارەوە ئیشدەکەن:

أ- بەکۆمەڵایەتیکردنی تاك بەپێی ئەو رێگایەی کە کۆمەڵگەی گشتی دایناوە.

ب- رێکخستنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانیان.

ج- تاك بە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیەوە دەبەستێتەوە.

د- چاوەڕوانی هەموو رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکات.

هـ- یەکخستنی ئاراستەی کولتووری تاکەکان.



**3- هزری بونیادی-وەزیفی لە چەند خاڵێکدا**

دەتوانین ئەم هزرە لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە کورت بکەینەوە:

أ- بونیادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێك سستەمی بە یەکەوە بەستراو لە رووی بونیاد و وەزیفییەوە بە یەکەوە بەستراون.

ب- سستەم لە کۆمەڵێك سەبسیستەم (انساق) پێکهاتووە.

ج- سەبسیستەم لە کۆمەڵێك جۆر پێکهاتووە.

د- هەر سستەمێك سەبسستەمێکی یا جۆری پێداویستی کۆمەڵایەتی هەیە کە رەنگدانەوەی وەزیفیەتی و، لە رێگایەوە کاملبوون و دەستبارییە کۆمەڵایەتییەکەی دیاریدەکات.

هـ- داکۆکیکردن لەسەر هاوسەنگی کۆمەڵایەتی. ئەمە بۆچوونی هەریەك لە رادکلیف براون و سپنسەرە.

و- لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر گشت بۆ گەیشتن بە بەش.

**4- رێگاکانی لێکۆڵینەوە لە هزری بونیادی- وەزیفی**

ئەم هزرە چوار تەکنیکی میتۆدی بەکارهێناوە لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا ئەویش بەم شێوەیە:

أ- میتۆدی بەراوردکاری: کە بریتییە لە بەراوردکردنی رووە لێکچوو و جیاوازەکانی دوو سستەم یا دوو کۆمەڵگەی جیاواز بۆ گەیشتن بە یەك ئەنجام یا یەك دیاردەی هاوبەش لە نێوانیاندا.

ب- رێگای وەسفی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە دیاردەکان وەکو خۆی و پەیوەندی لەگەڵ دیاردەکانی تر دەخاتە روو، بەبێ دەستنیشانکردنی هۆیەکانی روودانیان.

ج- شیکارکردنی وەزیفی، مانای گەڕاندنەوەی ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەیە کە رێکخستنە کۆمەڵایەتی و بەشەکانی ئەم رێکخستنانە لەناو بونیادی

کۆمەڵایەتی پێیهەڵدەستن. هەروەها دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی ڕێکخستن و بەشەکانیان و چۆنیەتی بەسترانەوەی ئەم پێداویستیانە بە یەکترەوە و ڕۆڵی لە کامڵبوون یا دەستباربوونی بەشەکانی بونیادەکە.

د - شێوازی ڕاڤەکاری: واتە ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان فاکتەرە گۆڕاوەکان کە بەشداریدەکەن لە ڕوودانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. بە دەستەواژەیەکی تر، ئەم شێوازە هۆکارەکانی دیاردەکە لەناو بوونی کۆمەڵایەتیدا دەستنیشاندەکات.

### 5- چەمکە سەرەکییەکانی ئەم هزرە

دەتوانرێت ئەو چەمکانەی کە هزری بونیادی وەزیفی بەکاریهێناون بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

أ- **پێداویستی کۆمەڵایەتی**: ئاماژە بە یەکێ لە داواکارییەکانی سستەم یا یەکێ لە بەشەکانی دەکات و بەدوای تێرکردنی دادەگەڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی چالاك لەناو کۆمەڵگەدا بمێنێتەوە. بەبێ ئەمە ناتوانێت کارلێك یا هاوبەستە پێکبهێنێت یا کامڵببێت لەگەڵ سستەم یا بەشەکانی سستم لەناو کۆمەڵگەدا. کەواتە لەناو کۆمەڵگە بوونی نابێت. بۆنموونە سستەمی پەروەردەیی پێداویستی تاکەکانی تێر دەکات وەك بەخشینی سۆز و دڵنەوایی و خۆشەویستی ئەمەش لە ڕێگای پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە دەبێت.

ب- **بونیادی کۆمەڵایەتی**: لە کۆمەڵە سستەمێکی بە یەکەوە بەستراو کە لە ڕووی پێکبەستەوە کامڵ و لە ڕووی وەزیفەشەوە دەستبارپێکهاتووە. بەوەش کلێشەیەك دروستدەکات لە تۆڕێکی پەیوەندی سەرەکی و پەیوەندی لاوەکی لە نێوان سستەم و ووردە سستەم و جۆرەکانی کە هەموو وەزیفەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

ج- **ئامەنجە کۆمەڵایەتییەکان**: مانای دانان یا دیاریکردنی ئامانجی دوور یا نزیکە لەلایەن سستەم یا بەشەکانی سستەم بۆ گەیشتن یا دەستەبەرکردنی



ئەو ئامانجانە لەپێناو خزمەتکردنی ئەندامەکانی. ئەمەش یەکێکە لەو ڕەگەزە گرنگانەی کە ڕۆڵی هەیە لە دروستکردن و مانەوەو بەردەوامبوونی سستەمی کۆمەڵایەتی. بەبێ ئەمە سستەم ناتوانێت هۆکارەکانی مانەوەی ڕوونبکاتەوە و ناشتوانێت لایەنگری بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

د- **بەهاو عورفەکان**: مانای بوونی کۆمەڵێك جۆری ڕەفتاری بۆماوەیی دەبەخشێت (لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر) کە ڕەنگدانەوەی میراتی کۆمەڵایەتی تاکەکان و ڕێگای بیرکردنەوەو پاساو هێنانەوەیە بۆ ڕەفتارکردنیان بەشێوەیەکی لۆژیکی یا ئەقڵانی یا نائەقڵانی، لەهەمانکاتدا ئەمانە ڕێکخەری ئاراستەکارن بۆ ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاکەکان.

هـ- **وەزیفەی کۆمەڵایەتی**: مانای ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەیە کە سستەم یا یەکێ لە بەشەکانی پێی هەڵدەستن لەپێناو تێرکردنی پێداویستیەکانی یا پێداویستی سستەمەکان یا ڕێکخستنەکان یا جۆرەکانی تر. ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مانەوەو بەردەوامبوونی لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی بکات. جۆرەها وەزیفەی کۆمەڵایەتی هەیە کە تایبەتە بە کۆمەڵگەی گشتی، وەزیفەی تریش هەیە کە تایبەتە بە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە. هەروەها وەزیفەی سستەم کە پەیوەستە بە سستەمی کۆمەڵایەتییەوە و بەم شێوەیە، بۆیە سستەمی کۆمەڵایەتی پێداویستی سستەمەکانی ترو بەشەکانیان تێردەکات، ئەمەش لە ڕێگای تێرکردنی پێداویستییە تایبەتییەکانیانەوە دەبێت بە هۆی بە یەکەوە بەستران و دەستباربوونیان.

و- **سستەمی کۆمەڵایەتی**: بریتییە لە کۆمەڵێك ووردە سستەمی کۆمەڵایەتی بە یەکەوە بەستراو کە لە کۆمەڵێك جۆر پێکهاتووە، ئەمیش لە کۆمەڵێك نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی و شارەزایی کەسی پێکدێت. هەر سیستمێك ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە و لە کۆمەڵێك ئەندام پێکهاتووە، ئەمانە ڕەنگدانەوەی مەرج و پەیوەندی و بەیەکەوە بەسترانی سیستمەکانن.

هەروەها ئەو هزرانەی پێکهاتە ئایدۆلۆژییەکانیان ڕووندەکەنەوە. ئەم سستەم و جۆرانە لە ڕووی بونیادییەوە بە یەکەوە بەستراو و کامڵن و لە ڕووی وەزیفییەوە دەستبارن، بەمەش یەك سستەمی کۆمەڵایەتی تەواو پێکدێنن.

**ن– وەزیفەی کۆمەڵایەتی دیار:** ئەم چەمکە ئاماژە دەکات بە داتاکانی کارکردنی سستەمی کۆمەڵایەتی و لێکەوتە (تبعیات) پۆزەتیڤەکانی بۆ تاکەکان، کە یارمەتییان دەدات بۆ گونجان لەگەڵ ئامانجەکانی سستەم یا دەستکەوتنی ئەو ئامانجانە.

**ت– وەزیفەی کۆمەڵایەتی نادیار:** واتە ئەو کارو چالاکییانەی سستەمی کۆمەڵایەتی کە نادیارن یا ڕوون و ئاشکرا نین.

**ی– نادروستی وەزیفی:** واتە داتاکانی کاری کۆمەڵایەتی و ئەو شتانەی کە لێی دەکەوێتەوەو قابیلی تێبینی ڕاستەوخۆن. بەڵام یارمەتی تاکەکان نادات بۆ گونجان لەگەڵ ئامانجەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی یا دەستکەوتنی ئەو ئامانجانە.

**ك– هاوسەنگی کۆمەڵایەتی:** واتە هاوسەنگی و یەکسانی لە تێرکردنی پێداویستە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە سستەمی کۆمەڵایەتی و وردە سستمەکانی و جۆرەکانی و زاڵنەبوونی یەکێکیان لە ڕووی بونیادی و وەزیفییەوە بەسەر ئەوانیتر. هەروەها مانای ئەوەیە کە بەر یەك کەوتنی کۆمەڵایەتی ڕوونەدات لە نێوان ئامانجی سستەم و بەشەکانی، بەڵکو پێویستە کامڵبوون و دەستباری دروستببێت لەپێناو پێکهێنانی بونیادێکی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ و نەشلەژاو. هەروەها مانای ڕوونەدانی لادانی هزری و وەزیفییە لە نێوان سستەم و بەشەکانی.

**ل– کامڵبوونی کۆمەڵایەتی:** واتە بەیەکەوە بەسترانی جۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ئەوەی وردە سستمێکی کۆمەڵایەتی پێکبهێنن. ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی بە وردە سستمەکانی تر دەبەسترێتەوە لەپێناو گەڵاڵەبوونی سستەمێکی کۆمەڵایەتی. پاشان ئەمەی دوایی بە سستەمەکانی تر دەبەسترێتەوە بۆ ئەوەی بونیادێکی کۆمەڵایەتی



پێکبهێنن. کەواتە کامڵبوون، واتە بەسترانەوەی بەشەکانی سستەمە سەرەکی و لاوەکییەکان لە ڕووی وەزیفییەوە بە یەکترەوە، ئەمەش لەپێناو مانەوە و بەردەوامبوونی لە کۆمەڵگە.

**ف– ئەقڵخوازی:** واتە بەکارهێنانی هزرێکی پێگەیشتوو، نەك سۆز یا ویژدانی تاکخوازی یا بەها کۆمەڵایەتییەکان بۆ شیکردنەوەی ڕەفتاری مرۆیی.

**ق– ڕەفتاری کۆمەڵایەتی:** بەمانایەکی تر، واتە کردەی بکەر. هەر ئاکار و ڕەفتارێك کە لەلای تاکەوە دەربچێت کاتێك دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە (وەك بەهاو داب و نەریت و عورفی کۆمەڵایەتی و کولتوور)، نەك کاریگەرییە تاکخوازییەکان (ئەقڵخوازی یا ویژدانخوازی).

### 6- پێشەنگانی ئەم هزرە:

**پێشەنگانی ئەم هزرە ئەمانەن:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆنت | سپنسەر | دورکایم | سمنەر | پاریتۆ |
| ۆرنەر | پارسۆنز | مرتن | دیفز | مور |
| ولیەمز | لیڤن | لۆمس | پاسکۆڤ | سملسەر |

### 7- ڕەخنەی هزری وەزیفی

هزری بونیادی وەزیفی سەرداری و پێشڕەوی کۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤایەتییەکانی تری کردووە بۆماوەیەکی دوورودرێژ و، زۆر لە زانایانی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەستیان هەبووە لە پێگەیاندنی ئەم هزرە تادەرکەوتنی ڕێبازە هزرییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێبازی فەلسەفی دژی ئەم هزرە، کە لە گۆشەیەکی جیاواز لە هزری بونیادی وەزیفی تەماشای کۆمەڵگەی مرۆیی کردووە، کە بووە هۆی دۆزینەوە و دەرکەوتنی کەم و کوڕی هزری فەلسەفی و وێناکردنی واقیعی

کۆمەڵایەتی. دەتوانین ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی ئەم هزرە کراون بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

أ- هزری بونیادی وەزیفی گرنگیدەدات بە رێبازی ئامانجخوازی[1] کە لەم گریمانانەی لای خوارەوە دەستپێدەکات:

1- قبوولکردنی سستەمی کۆمەڵایەتی و بەشەکانی وەکو شتی رەهاو دانراو کە ملکەچی گفتوگۆ یا توانج لێگرتن نابێت.

2- تاکەکان درك بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە دەکەن، بەڵام درك بە ئامانجی وەزیفەکانی کۆمەڵگە ناکەن.

3- وەزیفە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارەکانی مانەوەی کردە یا سستەمی کۆمەڵایەتی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە راڤەدەکەن.

4- لێکۆڵینەوە لە داتاکانی سستەمی کۆمەڵایەتی وەك بنچینەیەك بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی بوونی دیاردەی کۆمەڵایەتی.

دەرەنجامی ئەمە، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم هزرە گرنگیدەدات بە لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە رەوشی هەنووکەییاندا، ئەمەش لەپێناو گەیشتن بە هۆکارەکانی بوونیان. کەواتە ئەم هزرە لە کۆتاییەوە دەست بە لێکۆڵینەوەی دیاردەکە دەکات بۆ گەیشتن بە سەرەتاکەی.

سەرەڕای ئەوەیش رێبازی ئامانجخوازی هەوڵی راڤەکردنی سستەم دەدات لەسەر بنچینەی خەملاندنی کاریگەری ئەنجامەکانی لەسەر کۆمەڵگە، لەجیاتی ئەوەی پشت ببەستێت بە پێشەکییە روون و ئاشکراکان کە ئاماژە بە هۆکارە واقیعییەکان

1- ئەم چەمکە لە زانستە سروشتییەکانەوە وەرگیراوە بۆ ڕاڤەکردنی جوولەی رووەکەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر و، گەڕان بەدوای پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان لەپێناو پارێزگاریکردن لە مانەوەو سستەمە سروشتییەکەی و لە ڕێگای ئەم پێداویستییە سەرەکییانەی ژیانەوە، رووەکەکان خۆیان دوور دەگرن لە بەریەك کەوتن و دژایەتی یەکتری.



دەکەن کە بووەتە هۆی مانەوەی سستەمەکە. ئەمانە ئەو دەستپێکانەن کە هزری وەزیفی پشتگوێی خستوون و جێیهێشتوون بەبێ راڤەکردن.

بۆنموونە ئاین بەڕای وەزیفییەکان لەپێناو پارێزگاریکردن لە وەزیفە دانراوەکان (سروشتییەکان) لە کۆمەڵگە دروستبووە. هەروەها بۆنموونە بوونی حکوومەت لەپێناو رێکخستنی ئەو چالاکییانەی لە کۆمەڵگە روودەدەن، هاتووەتە ئاراوە.

ئەم حاڵەتانە گرنگی ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەمان (ئاینی و دەوڵەت) لە کۆمەڵگە بۆ ڕووندەکەنەوە. بۆیە ئەم هزرە کاریگەری ئەم دامەزراوانە بەکاردەهێنێت لەسەرهەڵدانی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەستن پێی، هەروەها پێداویستییە سەرەکییەکانی راڤە دەکات کە یارمەتیدەدات بۆ مانەوەی لەناو بوونی کۆمەڵایەتیدا. بە مانایەکی تر، ئەم هزرە هۆکاری بوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ شیناکاتەوە، بەڵکو کاریگەری و داتاکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕووندەکاتەوە. نموونەیەکی تر کە وێنای رێبازی ئامانجخوازیمان بۆ دەکات ئەگەر گریمان فاکتەری (أ) دەبێتە هۆی بوونی فاکتەری (ب) واتە ئەگەر فاکتەری (أ) بوونی نەبێت ئەوا فاکتەری (ب) بوونی نابێت و، ئەگەر فاکتەری (ب) نەبێت فاکتەری (أ)یش نابێت. ئەگەر ئەمە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی پراکتیزە بکەین. دەبینین ئاین لە کۆمەڵگە پارێزگاری لە سستەمی رەوشت و ئەخلاق بەگشتی دەکات، ئەمەش بە رۆڵی خۆی کاردەکات لەپێناو دڵنیابوون لە بوونی دەزگای سیاسی یا دامەزراوە سیاسییەکان، کە کاردەکەن بۆ رێکخستنی چالاکییەکان و هەروەها پارێزگاریکردن لە مانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی کە ئاین یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی. ئەم شیکردنەوە خولیە ئاڵوگۆڕخوازییانە ئاماژە بە چۆنیەتی بەردەوامبوونی سستەم لە وەزیفەکانیدا ناکەن.

ب- کاتێك هزری وەزیفی رێگای بەراوردکاری بەکاردەهێنێت لە لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا دیاردەکە ڕوونناکاتەوە یا شیناکاتەوە، بەڵکو رووە لێکچوو و جیاوازەکانیان بەراورد دەکات لە رێگای ئەم بەراوردکردنەوە توێژەری وەزیفی دەگاتە هەڵسەنگاندنێك کە دەیگەیەنێتە

ئامانجەکانی توێژینەوەکە. بەم جۆرە ئەم توێژەرە ناتوانێت خۆی رزگار بکات لەو ئامانج و دەرەنجام و کۆتاییانەی کە وێنایکردوە لەسەرەتای توێژینەوەکەی لەکاتی بەراوردکردن. بۆیە ئەو ناتوانێت لە بەرەنگارییەکانی پێشوو رزگاری بێت.

ج- کارڵ هامبڵ رەخنەی لە هزری وەزیفی گرتووە کاتێك پەیوەندی نێوان دیاردەکانی دیاریکرد. کە دەڵێت: دیاریکردنی وەزیفی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان روون نین و هیچ راڤەیەکی تەواوی نەداوە لەم بارەیەوە. پەیوەندی نێوان دیاردەی (أ، ب) بە زەروورەت مانای ئەوە نییە کە دیاردەی (أ) کاریگەری هەیە لەسەر دیاردەی (ب)، چونکە ئەمە بەو ئاسانی و سادەییە نییە وەکو چۆن رێگاکانی لێکۆڵینەوە لەم هزرە بۆمانی وێنا دەکات، لەبەر ئەوەی فاکتەری دەرەکی هەن کاریگەری لەسەر پەیوەندی ئەم دوو دیاردەیە هەبێت و ئەگەر بوونی لەو شوێنگە پەیوەندیدارە هەبێت و راست بێت، ئەوا ئایا شوێنگەی لە پێش فاکتەرەکەوەیە؟ یا لە نێوان فاکتەری هۆ و فاکتەری ئەنجامدایە؟. بەڵام هزری وەزیفی ئەم راڤەکردنانە ناخاتە روو.

د- جۆرج هۆمێنز رەخنەی لە رێگاکانی لێکۆڵینەوەی هزری وەزیفی گرتووە لەکاتی بەکارهێنانی شێوازی وەسفی، ئەو شێوازەی سستەمێکی تایبەتیمان پێشکەش دەکات بۆ خستنەرووی جیاوازییە زانستییەکان و دیاریکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی روودەدەن لە نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییە بەیەکەوە بەستراوەکان، بەڵام ئەم شێوازی لێکۆڵینەوەیە ئەو فاکتەرانەمان بۆ روونناکاتەوە کە دەبنە هۆی روودانی دیاردەکە. بە رای هۆمنز ئەم رێگای لێکۆڵینەوەیە ئەنجامی نازانستیمان پێدەدات و ناتوانرێت زانستیانە ئەزموون بکرێت. لەلایەکی ترەوە کۆهن دەڵێت: گریمانەکانی هزری وەزیفی ناکەونە ژێر تاقیکردنەوە کە ناتوانرێت بگۆڕێن یا رێکبخرێن. بۆنموونە ئەگەر گریمان دەوڵەت لەپێناو رێکخستنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان کاردەکات و، لە لایەکی ترەوە بینیمان لە کۆمەڵگەیەکدا



دەوڵەت لەپێناو رێکخستنی چالاکییەکانی کۆمەڵگە کارناکات، ئەوا ئەستەمە ئێمە بتوانین ئەم گریمانە بگۆڕین یا دەستکاری بکەین.

زانا ئەساجۆب لەم خاڵەدا لەگەڵ کۆهن و هۆمنز بەشداری لە رەخنە گرتنەکە دەکات و دەڵێت: ئەم رێگایە بە شێوەیەکی ورد واقیعی کۆمەڵایەتی روونناکاتەوە، چونکە ئەم رێگایە بوونی تەنها دوو فاکتەر یا زیاتر راڤەدەکات بۆ روودانی دیاردەیەك، بەڵام جۆری پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو فاکتەرە روونناکاتەوە. زانا ئەساجۆب نموونەیەکی لەسەر ئەمە هێناوەتەوە لە رێگای نووسینەکانی پارسۆنزەوە کاتێك تەنها دوو گۆڕاوی بەکارهێنا ئەوانیش:

1- **هۆکاری تێهەڵکێش**.

2- **هۆکاری ئامانجخواز**.

پارسۆنز جەختی کردەوە لەسەر ئەم دوو فاکتەرە و راڤەی فاکتەرەکانی تری پشتگوێ خست کە دەبنە هۆی روودانی دیاردەی کۆمەڵایەتی.

ه- هزری وەزیفی بە لایەنگر دەناسرێت، کاتێك لێکۆڵینەوە لەسەر کایەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەوەتا لێکۆڵینەوە لەسەر کامڵبوونی کۆمەڵایەتی دەکات لە نێوان سستەمە کۆمەڵایەتییەکانی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی. کە ئەمیش بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و لەکۆتاییدا سستەمی کۆمەڵایەتی دەگاتە فەراهەمکردنی کامەرانی تەواو بۆ تاك و کۆمەڵگە پێکەوە. لەکاتێکدا کامەرانی تەواو نییە و هاوسەنگی تەواویش بوونی نییە.

و- هزری وەزیفی لێکۆڵینەوەی مەیدانی هێنایە گۆڕەپان و چەمکی بونیادی کۆمەڵایەتی وەك بنچینەیەك بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە دانا. بەڵام بەهەڵەیەکدا چوو، کە سەرکردایەتی زانستی ئەم هزرەی لاواز کرد بەهۆی ئەو پابەند بوونە توندڕەوانەیەی کە هەیبوو بۆ تیۆری کامڵبوون و جێگیر بوونی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی دووچاری بومەلەرزەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری زۆر هاتووە، کە چەندین سستەم و دامەزراوەی نەریتی سەرو ژێر کرد. بەم شێوەیە روون بووەوە کە شێوازی وەزیفی بەتەنها بەس

نییە بۆ روونکردنەوەی هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پرۆسە گۆڕانکاری و ململانێییانەی کە پێوەی بەستراون.

ز- کەواتە هزری وەزیفی گرنگییەکی زۆری بە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان نەداوە. لویس کۆزەر رەخنەی لە پارسۆنز گرتووە لە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی سستەمی کۆمەڵایەتییەوە. کاتێك بیرۆکەی ململانێی فەرامۆشکردووە. ئەم پێیوابوو حاڵەتێکی نەخۆشی کتوپڕە، لەلایەکی ترەوە پارسۆنز زیادەڕەوی کردووە لە جەختکردنەوەی لەسەر هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و گونجان و کامڵبوونی کۆمەڵایەتی. لەم رووەوە هەریەك لە فاندن بێرك و زانا کۆهن پشتگیریان لە رەخنەکەی کۆزەر کردووە.

ئەم هزرە شێوازی سەرتاپاگیری-گشتگیری بەکارهێناوە لە ئەنجامەکانیدا، واتە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی گشتاندوە بەسەر هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکانەوە. ئەمەش بابەتی و زانستی نییە، چونکە ئەوەی لەسەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو پراکتیزە دەبێت لەسەر کۆمەڵگەیەکی تر پراکتیزە نابێت و ئەوەی بەسەر کولتوورێکی دیاریکراو پراکتیزە دەبێت بەسەر کولتوورێکی تر پراکتیزە نابێت. هزری وەزیفی رێگای بەراوردکردن بەکاردەهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سستەمە کۆمەڵایەتییەکان، پاشان ئەنجامی بەراوردکردنەکەی دەگشتێنێت بەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی بەگشتی. بۆنموونە ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر خێزانی عەرەبی بکەین، ناتوانین لێکۆڵینەوەکە بگشتێنین بەسەر کۆمەڵگەیەکی تر. ئەمەش مانای وایە کە کولتووری عەرەبی دیاردەیەکی تایبەتە بە کۆمەڵگەی عەرەبی و ناتوانین بیگشتێنین، بۆنموونە بێین خەسڵەتەکانی بەسەر خێزانی ئەڵمانی یا چینی یا رووسیدا بگشتێنین.

ت- هزری وەزیفی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا بوارەکانی رەفتاری بەهایی وعورفی و بیرو باوەڕ لەخۆدەگرێت، هەندێ لە زانایان ئەمەیان بەکارهێناوە بۆ سەلماندنی رەوایی و دروستی هەندێ لەم عورف و بیرو باوەڕە کۆمەڵایەتییانە و حەتمییەتی بەردەوامبوون و نەگۆڕانیان. ئاساییە کە ناتوانرێت ئەم



جەختکردنەوانە قبوڵ بکرێن، لەلایەکەوە لەبەر دەمارگیرییە هزرییەکەی و، لە لایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی هزری وەزیفی گرنگیداوە بە ئاکارە پۆزەتیڤەکان سەبارەت بە عورف و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەو رووەوە کە کەڵك و سوودی تێدا هەیەو لایەنە نێگەتیڤەکانی فەرامۆشکردوە.

ی- رادکلیف براون ئاینی راڤە کردووە، راڤە کردنێکی بونیادخوازانە. واتە ئاینی زەق کردووەتەوە وەك ئەوەی کە ئەنجامێك بێت بۆ کارلێکی سستەمە کۆمەڵایەتییەکان و رەنگدانەوەی کامڵبوونی بەشە بونیادخوازییەکانی بێت. بەڵام ئەو رۆڵی ئاین بۆ تێرکردنی پێداویستییە تاکخوازییەکان فەرامۆشدەکات وەك تێرکردنی لایەنی رۆحی و ویژدانی.

ك- هزری وەزیفی لێکۆڵینەوەی لە بارەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئەنجامداوە، چونکە ئەو جەختدەکاتەوە لەسەر لێکۆڵینەوە لەبارەی کامڵبوونی سستەمی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوونی لە کۆمەڵگەدا.

ل- هزری وەزیفی بریتییە لە (هزری پارێزگار)، چونکە جەختدەکاتەوە لەسەر گونجانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان بەشەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی و خودی سستەمە کۆمەڵایەتییەکان. لەم حاڵەتەدا ئەڵفن گۆڵدنەر بەشداری لە رەخنەگرتنەکە دەکات و، پێیوایە هزری وەزیفی لەیەککاتدا هزری سەرمایەداری و سۆشیالیستی لە خۆدەگرێت و، هەردووکیان دوو رووی دژیەکترن. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین، کە هزری وەزیفی بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ سستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەوەی کە جێگرن و ناگۆڕێن یا قابیلی گۆڕان نین و، لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی خەباتی ئەم سستەمانە ناکات کە حاڵی حازر دووچاری بوونەتەوە، بەڵکو کاردەکات لەپێناو پارێزگاریکردن لێیان. لێرەدا گۆڵدنەر پرسیار دەکات و دەڵێت: هزری وەزیفی رێڕەوی کۆمەڵگەمان بۆ روونناکاتەوە کە بۆ پێشەوەیە یان بۆ دواوە.

م- گرفتە گەورەکانی هزری وەزیفی بە بەڵگەی ئەزمونکراوی تەواو پشتگیری لێناکرێت، کە دەبێتە هۆی دەستکەوتنی ئەنجامی هەڵە و نادروست. بە

مانایەکی تر، کۆمەڵناسان کاتێك ئەم کێشانە لە سستمە هەڵێنجراوەکان (انساق استنباطية) بەکاردەهێنن. لەڕاستیدا کێشەی واقیعی بەکاردەهێنن نەك گریمانەیی وەکو ئەوەی ئەم سستمە هەڵێنجراوانە ناگەنە ئاستی تیۆری. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە بڵێین: تیۆرە وەزیفییە هاوچەرخەکان تیۆری گریمانەیی نین. ئەمە بوو کە هەریەك لە بۆتۆمۆر و کاتۆن پشتگیریان لێکرد.

ن- لێکۆڵینەوەی هزری وەزیفی بۆ پەیوەندییەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و کەسێتی رووکەشن و قووڵ نەبوون. ئەمەبوو کە هەریەك لە دارندۆف و هۆمنز و سۆرۆکین و نافکۆن خستوویانەتە روو.

ش- هزری وەزیفی بەشێوەیەکی رووکەش لە هێزی کۆمەڵایەتی و ململانێ و رەفتاری لادەر دەکۆڵێتەوە. ئەم رەخنەیە هەریەك لە بلۆمەر و پکلی و دارندۆرف و لسویل لۆکۆد و ماکیڤەرو کۆزەر و ستراوس پێشکەشیان کردووین.

ت- هزری وەزیفی پێناسەی جیاجیا و دەستنیشانکردنی جیاواز بۆ چەمکی وەزیفە بەکاردەهێنێت. نووسەرانی هزری وەزیفی هیچ رێککەوتنێك لە نێوانیاندا نییە لەبارەی چەمکە سەرەکییەکانی ئەم هزرە. بۆ نموونە دەستنیشانکردنی رالف لنتن بۆ چەمکی وەزیفە جیاوازە لە دەستنیشانکردنی ئەم چەمکە لەلایەن پارسۆنزەوە، ئەمیان لەڕێگەی دیاریکردنی رەگەزە پێکهێنەرەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی و لە رێگای پێداویستییەکانیەوە ئەم چەمکەی دەسنیشانکردووە. بەڵام پارسۆنز چەمکی وەزیفەی دەستنیشانکردووە، لە رێگای یەکگرتنی رەگەزە پێکهێنەرەکانی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێت. رالف لنتن و براون چەمکی وەزیفەیان دەستنیشانکردووە لە رێگای بەشداریکردنی رەگەزێکی دیاریکراوی کولتوور بۆ تێرکردنی پێداویستییەکی دیاریکراو. ئەم جیاوازییانە لە دەستنیشانکردنی چەمکێکی سەرەکی و گرنگ لە هزری وەزیفی سنووردارو



جیاوازەوەو ئاماژە بە نەبوونی رێککەوتنێکی هزری یا تیۆری دەکات بۆ دیاریکردنی سەرەتایەکی بنچینەیی و سەرەکی بۆ هزرەکەیان.

ف- نووسەری سۆڤیەتی بۆبۆڤ رەخنەیەك دەخاتەڕوو پوختەکەی دەڵێت: هزری وەزیفی تەمومژاوی فۆنەتیکی (الغموض اللفظي) و تاقیکردنەوە و جیابوونەوە لە ژیانی واقیعی و مەیلی پارێزگاری و هەوڵدان بۆ مانەوەی ئەو رەوشەی کە تێیدایەتی و قبووڵنەکردنی کێشەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت.

ر- بەڵام جۆرج هۆمنزە دەڵێت: هزری وەزیفی راڤەو شیکردنەوە دەروونیەکان زەق ناکاتەوە بەشێوەیەکی روون و راستگۆیانە لەگەڵ ئەوەی کە جارجار بەپێی پێویستییەکانی خۆی بەکاریان دەهێنێت.

لە کۆتاییدا ئەلڤن گۆڵدنەر چەند رەخنەیەکی رووبەڕووی تیۆرەکەی تالکۆت پارسۆنز، کە لەسەر بونیادی وەزیفی بوو کردەوەو دەڵێت: تیۆرەکەی پارسۆنز کەم و کوڕی هەیە لە رووی چارەسەرکردنی کێشە هاوچەرخەکان. ئەم چارەسەری هەژاری و رەگەزپەرستی و شەڕوشۆڕ و پێشکەوتنە ئابوورییەکان ناکات، بەڵکو لێکۆڵینەوەکانی جەختیان لەسەر کێشەی سستەمی کۆمەڵایەتی کردووە، بە بەکارهێنانی هزری ئەبستراکت Abstract و زاراوەی قورس و گران و ئاڵۆز، کە لە گۆشەیەکی زۆر گەشبینانەوە دەستپێدەکات. کێشە ئابوورییە جیهانییەکانیساڵی 1930ی فەرامۆشکردووە کە لەو کاتانەدا پارسۆنز سەرقاڵی نووسینی تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی بوو. هەروەها ململانێ و جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نەورووژاندووە. سەرەڕای ئەوە گۆڵدنەر پرسیار دەکات و دەڵێت: ئایا هەموو بەشەکانی سستەمی کۆمەڵایەتی بەهەمان ئەندازە بە یەکەوە بەستراون و دەستبارن لەگەڵ یەکتر (لە رووی بونیادخوازی و وەزیفییەوە)؟ ئایا لە پەیوەندییان بە سستەمەکەوە وەزیفەکانیان سەربەخۆ و جیان؟ ئایا هەموو بەشەکانی سستەم بەهەمان پلە هەریەکەو کاریگەری لەسەر ئەویتر و لەسەر سستەمی گشتی هەیە؟. وەڵامی تەواو و چارەسازمان بۆ ئەم

پرسیارانه کە ئەڵفن گۆڵدنەر وروژاندنی لەناو رۆڵ یان دەقـەکانی هـزری بونیـادی وەزیفی یان لە نووسینە تیۆرییەکان نەدۆزیەوە.

ئەمانە گرنگترین ئەو رەخنانەبوون کە رووبەڕووی هـزری وەزیفـی کرابوونـەوە لەلایەن ئەو کۆمەڵناسانەی ئینتمای هزرخوازی و ململانێخـوازی و دەروونزانـی و کارلێکخوازی و ئاڵوگۆڕخوازیان هەیـە. بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە هـزری وەزیفی بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگـەی مرۆیـی بەکـەڵك نایـەت و بۆچـوونەکانی لـەبارەی کۆمەڵگـەوە هەڵـەن، بـەڵکو ئـەم رەخنانـە وەك پاڵنـەرو وروژێنـەری دروستکارن بۆ بە پێزکردن و پڕکردنەوەی کەم و کورتییە هـزری و تیۆرییـەکانی و لێکۆڵینەوەکانی بۆ کۆمەڵگە، کە پێشتر پشتگوێی خستبوون. ئەمـەش لـەپێناو گەیشتن بە تێڕوانینێکی واقیعی و دروست و سەرتاپاگیر.



## زاراوەو چەمکەکانی بەش

| | |
|---|---|
| Bureacracy | بیرۆکراسی |
| Charismatic Bureacracy | بیرۆکراسی رزگارکار |
| Collective Conscience | هەستی کۆمکاری |
| Contextual Analysis | ڕاڤەی پەیوەندیدار (العلاقی) (القريني) |
| Conspicues Consymption | بەکاربردنی دیار |
| Divison of labor | دابەشکردنی کار |
| Functional Thought | هزری وەزیفی (الفكر الوظيفي) |
| Ideal Type | نموونەی ئایدیالی (النموذج الامثل) |
| Inter Cousality | هۆکاری تێهەڵکێش (سبب المتداخل) |
| Legal-Rational Bueacracy | بیرۆکراسی یاسایی لۆژیکی (البيروقراطية القانونية المنطقية) |
| Marxism stage | قۆناغی مارکسیزم (المرحلة الماركسية) |
| Metaphisical stage | قۆناغی میتافیزیکی (المرحلة الميتافيزيقية) |
| Multivariat analysis | ڕاڤەی چەند هۆکاری (التحليل المتعدد العوامل) |
| Mechanical Solidarity | هاوبەستەیی میکانیکی (التضامن المكانيكي) |
| Organic Solidarity | هاوبەستەیی ئۆرگانی (التضامن العضوي) |
| Organizational Theory | تیۆری ڕێکخراوخوازی (النظرية التنظيمية) |
| Positive stage | قۆناغی پۆزەتیڤیزم (المرحلة الوضعية) |
| Positivism stage | هزری پۆزەتیڤیزمی (الفكر الوضعي) |
| Power | نفوز (النفوذ) |
| Parsonion structural fonctiolism | قۆناغی بونیادی وەزیفی پارسۆنیزم (مرحلة البنا و الوضيفي البارسونية) |
| Theological stage | قۆناغی تیۆلۆژیا (المرحلة اللاهوتية) |
| Telecousality | هۆکاری ئامانجی (سبب غائي) |
| Telecology | ڕێبازی ئامانج خوازی (المذهب الغائي) |
| Retionality | رەشید (الرشيد) |
| Social Solidarity | هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی (التضامن الاجتماعي) |

| | |
|---|---|
| Specialization | پسپۆڕی (التخصص) |
| Units of analysis | یەکەی شیکارخوازی (الوحدة التحلیلیة) |
| Value Judgment | حوکمی بەهایی (احکام قیمیة) |

## زانایانی ئەم بەشە

| | |
|---|---|
| August conte | ئۆگست کۆنت |
| Alvin Gouldner | ئەلڤن گۆلدنەر |
| Abel | ئەبل |
| Barnes | بارنیز |
| Beker | بیکیر |
| Emile Durkhiem | ئەمیل دورکایم |
| Geatano Moska | جیتانۆ مۆسکا |
| Henri Sant Simon | هنری سان سیمۆن |
| Hyman | هایمەن |
| Herbert Spencer | هێربرت سپنسەر |
| Loomis | لۆمس |
| Manace | مەناس |
| Weber Max | ماکس ڤیبەر |
| Makinney | مەکینی |
| Mills | میلز |
| Parsons | پارسۆنز |
| Poul lazarsfeld | پۆڵ لازەرفیلد |
| Saloman | سەلۆمان |
| Sorokin | سۆرۆکین |
| Veblen Thorstein | ڤبلن ترۆستاین |
| Robert Merton | رۆبیرت مرتن |
| Vilfredo Pareto | ڤلفریدۆ پاریتۆ |

## بەشی سێیەم: هزری کارلێکی هێمایی

### ڕەگ و ڕیشە هزرییەکەی

ڕەگ و ریشەی هزری کارلێکخوازی بۆ ڕێبازی پراگماتی (ڕێبازی پاساوخوازی) (Instrumentalism) دەگەڕێتەوە ، کە وەسف دەکرێت بەوەی شارەزایی ئاسایی مرۆیی وەك سەرچاوەو ئەزموونی کۆتایی هەموو مەعریفە و بەهایەك پەسەند دەکات. ئەم ڕێبازە بۆ پێش زیاتر لەسەدەیەك (سەدەی بیستەم) دەگەڕێتەوە، بەرهەمی کارلێکی نێوان هزری ئەو کۆچبەرە ئەوروپییانەی کە بۆ ئەمریکاو کۆچیانکردوە لەو ژینگە نوێیە گیرساونەتەوە. بەڵام فەلسەفەی ئەم ڕێبازە تۆمارکردن و پوختکردنی شارەزایی پێشوو لەخۆدەگرێت، چونکە ئەم شارەزاییە بۆ ڕێکخستنی داهاتوو، لەو ڕووەی ئەوەی پەیوەندی بە تێبینیکردن و تاقیکردنەوەوە هەیە، بنچینەییە.

هزری کارلێکخوازی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی کاریگەری زیادبوونی کێشەکانی کۆمەڵگە، وەك کۆچکردن، لادانی مێردمنداڵان، تەڵاق، نەخۆشییە دەروونی و ئەقڵییەکان سەریهەڵدا و گەشەی سەند. بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان بە پێویستیان زانی هزرو میتۆدێکی نوێ کە یارمەتیدەربێت لەچارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشە کۆمەڵایەتییانە فۆرمەڵە بکەن. لەکاتێکدا هزری پراگماتی وەسفدەکرا بەوەی چارەسەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کێشانەی کە خەڵکی دووچاریدەبوونەوە پێشکەش دەکرد. بۆیە زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەم هزرەیان لە خۆگرت و بووە هۆی دیاریکردنی مەودای بڵاوبوونەوەی هزری بونیادی وەزیفی و باڵادەستی ئەم هزرە لە گۆڕەپانی هزریدا.



### بایەخپێدانە کۆمەڵایەتییەکان

ئەم هزرە جەخت لەسەر پرۆسەی کارلێك و پەیوەندی نێوان خەڵك دەکاتەوە، هەروەها زمان بەبنچینەیەکی چالاك و پردێکی گرنگ بۆ کارلێك و پەیوەندی مرۆیی دادەنێت و ئەم هێما دەروونی مرۆیی ئیگۆ، خود و ئەقڵی ئادەمیزادی وەك ئامرازی زانستی یا کۆڵەکەی تیۆری بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ڕەفتاری مرۆیی و چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگە ڕووبەڕوویاندەبێتەوە، پشتیان پێببەستێت.

پێمان وایە لێرەدا ئەوەی بۆ فێرخوازی کۆمەڵناسی بەکەڵکە ئەوەیە هەرهیچ نەبێت ماناو ناوەڕۆکی ئەم هۆو ئامرازە زانستییانە کە ئەم هزرە بەکاریاندەهێنێت وەك کۆڵەکەیەکی تیۆری بۆ پێکهاتن و دروستبوونی بزانێت ئەوانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

**1- هێماکان**

ئەم هزرە پێیوایە تاك لەناو دونیایەك لەو هێما و مانایانەی کە دەوری داوە دەژیت، لە هەموو ڕارودۆخێك و کارلێکێکی کۆمەڵایەتی پێی کاریگەر دەبێت و ڕۆژانە بە بەردەوامی ئەم هێمایانە بەکاردەهێنێت. بەڵام تاك گرنگی تەواو بەو هێماو مانایانەی کە لە دەوروبەرین و ڕۆژانەو بە بەردەوامی بەکاریان ناهێنێت نادات. بەکارهێنانی ئەم هێمایانەش کە گوزارشت لە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی و حەزو ئارەزووە تاکخوازییەکانی دەکات لە ڕێگەی ماناکانیانەوە دەبێت، بەڵام بە بۆچوونی ئەم هزرە، ئەم هێمایە مانای چییە؟ بریتییە لە هێمایەکی تایبەت بۆ ئاماژەکردن بە شوێنێکی دیاریکراوی ماددی یا مەعنەوی. هەر هێمایەك کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دیاریکراوە مانایەکی هەیە و ئاماژە بە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کە پێداویستییەکانی تاك تێر دەکات و بۆ کارلێککردنی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگە یارمەتیدەدات. هەروەها بایەخی هێماکان ئەوکاتە دەردەکەوێت کە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە و لەسەر ئاستی مومارەسەی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە بەکاربهێنرێت. بۆیە مانای

هێماکان تەنها دەرەنجامێکی کۆمەڵایەتییە کە لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆ دیاریکردنی شێوازەکانی رەفتاری تاکەکانی و روونکردنەوەی کارلێککردنیان خولقێنراوە کە ئەمەش شتێکی وەرگیراوە. واتە تاك بەشێوەیەکی هەستی یا نەستی لە دەوروبەرەکەیەوە فێریان دەبێت، وەك بەکارهێنانی زمان یا جووڵاندنی سەر بە لای راست و چەپ بۆ ئاماژەکردن بە رازی نەبوون، یا تەوقەکردن بۆ ئاماژەکردن بە رێزو خۆشەویستی یا لە دەستکردنی ئەنگوستیلەی دەستگیرانی بۆ ئاماژەکردن بە قۆناغەکانی سەرەتای هاوسەرگیری، یا ئەو تێلبەندییەی ئاماژە بە کۆتایی سنووری جوگرافی لە نێوان وڵاتان دەکات، یا تەقاندنی گوللەکانی پێشبڕکێی راکردن بۆ ئاماژە کردن بە دەستپێکردنی پێشبرکێیەکە. بەم شێوەیە ئەم هێمایانە کۆمەڵێك مانا لەخۆ دەگرن، ئەو مانایانەش لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت و قبوڵدەکرێن. ئەم هێمایانە لە قاڵبێکی رەفتاری دیاریکراودا وێکچوون دروستدەکەن کە تاکەکان کاتێك گوزارشت لە ناوەڕۆکی ئەو هێمایانە بکەن، بەکاریدەهێنن. زانایانی ئەم هزرە سەرچاوەکانی **مانای هێماکانیان بەسەر چوار جۆردا دابەشکردوە**، ئەوانیش ئەمانەن:

**أ– ئەزموونکاری:** ئەم سەرچاوەیە سەربەخۆو لە دەرەوەی تاکەوە دروستدەبێت، بەڵام لەگەڵ درکپێکردنەکانی دەگونجێت و رێکدەکەوێت.

**ب– نائەزموونکاری:** واتە ناتوانرێت ئاماژە بەسەرچاوەی شتەکە بکرێت، تەنها لە رێگای بەکارهێنانی هێمایەکی ترەوە نەبێت واتە بەکارهێنانی هێمای یاریدەدەر بۆ ئاماژەکردن بەهێمای دیاریکراو کە تاك دەیەوێت ئاماژەی پێبکات، وەك هێما غەیبییەکان و میتافیزیکییەکان.

**ج– وێنەیی:** واتە وێنەی شوێنەکان و کەسایەتییە هونەرییەکان، کە لە چیرۆك یان شانۆکان یا زنجیرەکان دەردەکەون.

**د– ئەو سەرچاوەیەی رەگ و ریشەی کۆمەڵایەتییەکەی پەیوەستە بەخودی تاکخوازیی یا ئیگۆی کۆمەڵایەتی تاکەوە**. واتە تاك هێمای تایبەت بەخۆی کە گوزارشت لە بیرکردنەوەو حەزو ئارەزوو پێداویستی و شارەزایەکانی دەکات دروستدەکات، هەروەها وەك نموونەیەك وایە و بۆ پێوان و



هەڵسەنگاندنی ئەو حاڵەت و بارودۆخانەی کە تووشی دەبێت یا ئەو حاڵەتە کارلێکانەی لەژیانی کۆمەڵایەتیدا دووچاری دەبێتەوە بەکاریدەهێنێت، بۆیە شتی جوان بە بۆچوونی ئەو لەهەمانکاتدا بەچاوی ئەوانیتر جوان نایەتە بەرچاو.

دەبێت ئاماژە بە راستییەك بکرێت کە پەیوەستە بە هێماکانەوە، ئەویش ئەوەیە کە هێمای داهاتوویی (مستقبلية) سەرچاوەی ئەزموونکاری نییە کە لە رابردوودا بوونی هەبێت، بەڵام دەتوانین بنچینەکانی دروستبوونی هێماکانی داهاتوویی بۆ ژیانی ئێستا ببینین.

**پوختەی قسەکان:** ئەم هزرە جەخت لەسەر ئەوەی رەفتاری تاکەکان و گرووپەکان دەکاتەوە تەنها رەنگدانەوەی ئەو هێمایانەیە کە تاك دەیانبینێت و (بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە یا پۆزەتیڤانە) راستەوخۆ پێیانەوە کاریگەر دەبێت.

ئەم ئامرازە زانسیتییە (هێماکان) هزری کارلێکی هێماخوازی بەئامرازێکی کاریگەر و یاریدەدەری بۆ گونجانی تاك لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژیت دادەنێت، لەهەمانکاتدا کۆمەڵگە هێما کۆمەڵایەتییەکان بۆ پارێزگاریکردن لە بوونی تاکەکانی و دوورخستنەوەی بێگانە بۆ دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵگە بەکاردەهێنێت.

## 2- **دەروونی مرۆیی:**

زانا مید پێیوایە دەروونی مرۆیی لەدەرەوەی پرۆسەی بۆماوەییەوە دروستدەبێت. واتە لەناو کۆمەڵگە سەرهەڵدەدات و لە چەند سەرچاوەیەکەوە دروستدەبێت گرنگترینیان، شارەزایی کۆمەڵایەتییە لەلای تاك، کە پێیدا تێپەڕیوە، تێیدا ژیاوە، کارلێکی لەگەڵدا کردووە و لەژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە دەستیکەوتووە. سەرچاوەی دووەم بریتییە لە ئەندازەی کارلێکی تاك لەگەڵ ئەوانیتر کە لە دەوروبەریدا دەژین. بۆیە وەك گشتێکی کامڵبوو وایە و، لەهەمانکاتدا گشتێکی جۆراجۆرەو بەشێوەیەکیش جۆراجۆر دەبێت کاتێك تاکی ((ا)) لەگەڵ تاکی ((ب)) لەبارەی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دەدوێن و، لەگەڵ تاکی ((ج)) لەبارەی گرفتە سیاسییەکان و

لەگەڵ تاکی ((د)) لەبارەی گۆڕانە ئابوورییەکان و لەگەڵ تاکی ((ه)) لەبارەی بیروباوەرە ئایینەکانەوە دەدوێن، بەمەش تاك یەك روخساری نییە، بەڵکو چەندین روخساری جۆراوجۆری هەیە، بەڵام راو هەڵوێست و حوکم و تێبینییەکانی هەریەك لە تاکی ((ا و ب و ج و د و ه)) لەسەر ئەو تاکەی کارلێکی لەگەڵدا دەکات یەك راو حوکمە یا وێکدەچن. بە کۆکردنەوەی تێبینییەکانی، لەلای تاك ئەمە دەبێتە سەرچاوەیەکی کارا لە کاریگەری خستنە سەر رەفتارەکانی لە رێگای کارلێك و گفتوگۆکردنی لەگەڵیان (درککردنی بەو تێنینییانەی کە پەیوەستن بە کارلێککردنی لەگەڵیان) خۆی دەبینێتەوە کە لەگەڵیان یەکی گرتووە. بەمانایەکی تر، رەنگدانەوەی دەروونی تاك بەرامبەر ئەوانیترو بەرامبەر خۆی، ئەم رەنگدانەوەیە لەلایەن تاکەوە درك پێکراوە کە مید بە (گشتاندنی حوکمی ئەوانیتر) ناوزەدی دەکات ئەم حوکمە گوزارشت لەڕای ئەوانیتر دەکات کە کارلێکیان لەگەڵدا دەکات و هەڵوێستیان بەرامبەر بە رەفتارەکانی ئەو (تاك) لەگەڵیان. لەوانەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەروونی مرۆڤ لە شارەزایی تەواو و بە تەنها ژیانکردنەوە دروست نابێت، بەڵکو لە رێگەی کارلێکی تاك لەگەڵ ئەوانیترو درککردنی بە حوکم و تێبینییەکانیان دەربارەی رەفتارو بیرکردنەوەکانی سەرهەڵدەدات. بەشێوەیەکی وردتر دەروونی مرۆیی بەم فاکتەرانەی خوارەوە کاریگەر دەبێت:

أ- لەبەرچاوگرتنی راو حوکم و تێبینییەکانی ئەوانیتر بەبێ لەبەر چاوگرتنی شارەزاییە کەسییەکانیان.

ب- لەبەرچاوگرتنی راو حوکم و تێبینییەکانی ئەوانەی کە لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا بەشدارن بەرامبەر رەفتارو بیرکردنەوەو بۆچوونەکانی.

ج-گەڕانەوە بۆ شارەزاییە کەسێتییەکانی لەکاتی پێویست، ئەو شارەزاییانەی بە درێژایی رەوڕەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆیکردوونەتەوە.

د- دەرئەنجامی کارلێکی سێ فاکتەرەکەی سەرەوە دەروونی مرۆیی دروستدەبێت، کە رەنگدانەوەی شێوازێکی رێکخراوەیی گشتییە بۆ رەفتاری ئەو گرووپەی تاك ئەندامە تێیدا.



وێرای ئەوانە مید دەڵێت: دەروونی مرۆیی لە دوو بەش پێکدێت، ئەوانیش خودی تاکخوازیی، کە بریتییە لە وەڵامدانەوەی پێکهاتەی ئۆرگانی بۆ ئاراستەکانی ئەوانتیر (کۆمەڵێك تاکی دیاریکراو). بەشی دووەم بریتییە لە ئیگۆی کۆمەڵایەتی و لە ئاراستەی رێکخراوەیی ئەوانیتر پێکدێت کە تاك پێشبینی دەکات.

ئاراستەی کۆمەڵایەتی ئەوانی تر ئیگۆ پێکدەهێنێت و دروستیدەکات. ئیگۆ (من) کاتێك بەدەم ئاراستەی ئەوانیترەوە دەچێت و کاریگەری دروستدەکات لەسەر خودی تاکخوازیی مومارەسەی کارەکانی دەکات. خودیش ئاماژە بە ئازادی کەسایەتی دەکات کاتێك لە ئیگۆ دوربێت. لەهەمانکاتدا هیچ وێکچونێك لە نێوان خود و ئیگۆ دروستنابێت، بەڵکو لەهەموو حاڵەت و بارودۆخەکاندا جیاوازی و دژیەکی لە نێوانیاندا روودەدات. بەڵام لەزۆربەی کاتەکاندا خود ملکەچی کاریگەرییەکانی ئیگۆ و هەروەها ملکەچی دەروون دەبێت. ئەو دەروونەی کە لە رێگەی تەبەنیکردنی ئاراستەی ئەوانیتر (کۆمەڵێك تاکی دیاریکراو) بەرجەستە دەبێت، لەم تەبەنیکردنەوە ئیگۆی کۆمەڵایەتی زەق دەبێتەوە و تاك لەسەر شێوەی خود ملکەچی ئیگۆ دەبێت. بەڵام دەروون لەخودی تاکخوازیی و ئیگۆی کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبێت. -دەروون- بریتییە لە ئاراستەی تایبەت بەوانیتر و بەشێوەیەکی رێکخراو پەیوەندی بەتاك و ئەوانیترەوە هەیە و لەکاتی روودانی کردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا هەردووکیان تێیدا بەشدار دەبن. تاك ئاراستەی ئەوانیتر بەشێوەیەکی یەکگرتووانە بەرامبەر بە خۆی و بەرامبەر بە وانیتر لە کردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، دروستدەکات.

کەواتە دەروونی مرۆیی لە کۆمەڵێك ئاراستەی دیاریکراوی تاکەکان بەرامبەر تاکێك و بەرامبەر بە خۆیان لەکردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، کە هەموویان تێیدا بەشداردەبن، پێکدێت. دەروونی مرۆیی لەم ئاستەدا ناوەستێت، بەڵکو وەڵامی (إستجابە) ئاراستەکانی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە یا کۆمەڵگە لۆکاڵییە دەداتەوە کە تاك تێیدا ئەندامە و لەناویدا دەژیت، ئەمەش لە رێگەی

وەرگرتنی ئاراستەی ئەو گرووپەوە دەبێت کە لە تاکی دیاریکراو پێکدێت. ئەو - واتە تاك- ئاراستەی کۆمەڵە تاکێکی دیاریکراو تەبەنی دەکات. بە بۆچوونی مید ئاراستەکانی ئەم کۆمەڵە تاکە کە گوزارشت لە ئاراستەی کۆمەڵگەی خۆجێی گشتی دەکات، بریتییە لە ئاراستەی کۆمەڵە تاکێکی دیاریکراو- کە دەبێتە خاڵی بە یەکگەیشتن لە نێوان تاك و ئاراستەی کۆمەڵگە لۆکاڵییەکەی، تەماشای شێوەی ژمارە -1- بکە، کە دەروونی مرۆیی ڕووندەکاتەوە:

**خودی تاکخوازیی + ئیگۆی کۆمەڵایەتی = دەروونی مرۆیی**

شێوەی ژمارە -1- پەیوەندی دەروونی مرۆیی بەکۆمەڵگەی لۆکاڵییەوە ڕووندەکاتەوە. دەروونی مرۆیی ئاراستەی کۆمەڵە تاکێکی دیاریکراو و ئاراستەی کۆمەڵگەی لۆکاڵیی لەخۆگرتووە. لەگەڵ بوونی هاودژی و جیاوازی لە نێوانیان. کەچی - خود- لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەڵامی ئیگۆی کۆمەڵایەتی دەداتەوە. تەماشای شێوەی ژمارە- 2- بکە، کە پێکهاتەی دەروونی مرۆیی وێنا دەکات.

**خودی تاکخوازیی + ئیگۆی کۆمەڵایەتی = دەروونی مرۆیی.**

لەم خستنەڕووەدا هەنگاوێکیتر بەرەوپێش دەڕۆین کە پەیوەستە بە دەروونی مرۆییەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی خود کە ئاماژە بەکۆمەڵێك وەڵامدانەوە دەکات بۆ ئاراستەی ئەوانیتر. بەڵام ئیگۆ ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك ئاراستە کە تاك لەوانیترەوە درکی پێدەکات، لە ڕێگەی خودەوە وەڵامی ئیگۆ دەداتەوە. ئەگەر هەنگاوێکی تر بنێین بۆ قووڵبوونەوە لە کرۆکی هزرەکانی مید دەربارەی خودو ئیگۆ دەبینین هۆیەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ گۆزارشتکردن لە ئیگۆی کۆمەڵایەتی و بۆ دیاریکردن و ئاراستەکردن و ڕاهێنانی خود بەکاردەهێنێت ، چونکە ئەمە -خود- بە بۆچوونی ئەو بۆخۆی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بە ئیگۆوە بەستراوەتەوە و بەسترانی خود و ئیگۆ پێکەوە دەروونی مرۆیی پێکدێنن.

ئێستا لە ڕێگەی نووسینەکانی (کلین ڤێرنۆن) ەوە کە یەکێکە لە بیرمەندانی هزری کارلێکی هێمایی، دەچینەوە لای دیاریکردنی کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکان



لەسەر درککردنی تاك بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی خۆیەوە، ئەوانیش بەم شێوەیەی لای خوارەوەن:

1- **ناوی تاك:** یارمەتیدەدات بۆ جیاکردنەوەی خۆی لەوانیترو دیاریکردنی شوێنگەی لەناو ئەو گرووپەی کە تێیدا ئەندامە، وەك خێزان یا پارتی سیاسی یا سەندیکای پیشەیی یا لە نێو هاوڕێکانی یا لەناو یانەکاندا. هەروەها لەگەڵ ناوە تایبەتییەکەی بەکارهێنانی ناوی بنەماڵەی یا خێڵ یا شوێنی نیشەجێبوونی بۆ جیاکردنەوەی تاك لەڕووی کەسێتی و کۆمەڵایەتییەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت ، چونکە ناوی کۆتایی یا نازناو ئیعتبارێکی کۆمەڵایەتی هەڵدەگرێت لەناو کۆمەڵگە دا هەیە و ئەم ئیعتبارە جاری واهەیە بەرزە یا نزمە یا مامناوەندییە، ئینجا ئەم ئەندازەی ئیعتبار ڕەنگدانەوەی لە جیاکردنەوەی لەوانی تر دەبێت. تاك لە تێڕوانینی کارلێخوازە هێماخوازەکانەوە ئیعتباری نازناوی کۆمەڵایەتی یەکەی بەسەرخۆیدا دەگشتێنێت. بۆیە ئەگەر ئیعتباری نازناوەکەی بەرزبوو ئەوا ئیعتبارەکە بەسەر خۆیدا دەگشتێنێت و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

2- **ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاك لەناو کۆمەڵگە:** هەر تاکێك کۆمەڵێك ڕۆڵی جیاوازی هەیە، ئەگەر هاتوو ئەو ڕۆڵانەی کە مومارەسەیان دەکات ئیعتبارێکی زۆریان هەبێت، ئەوا ورەی دەروونی بەرز دەکاتەوە کۆمەڵگە ئەم ئیعتبارانە دیاریدەکات، بۆیە دکتۆر یا ئەندازیار ئیعتباری بەرزیان لە کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام ئەوکەسانەی پیشەی دەست ڕەنگینی دەکەن لەکۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتوودا ئیعتباری بەرزیان دەستناکەوێت. بۆیە ڕۆڵەکان لەلایەن هەڵوێست و بیروڕاو حوکم و تێبینییەکانی ئەوانیترەوە دیاریدەکرێت.

3- **پلەی هاڕمۆنی گونجانی دەستە و گرووپەکانی کۆمەڵگە:** ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیەی تاك تێیدا ئەندامە هارمۆنییەکی چینایەتی خێڵەکی یا هەرێمی هەبێت، ئەوا دەروونیەکی گونجاو لە پێکهاتەکانیدا دەخولقێنێت کە جێگیرو نەگۆڕ دەبێت. بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم دەروونیە لە ڕووی سستەم و

دەستەو چینەکانی جیاواز و نەگونجاو بوو و بەخێرایی گۆڕانی بەسەر داهات، ئەوا رەنگدانەوەی لەسەر دەروونی تاك دەبێت. ئەو جیاوازیە توندڕەوانەی لەناو کۆمەڵگەدا روودەدات رەنگدانەوەی لەسەر دەروونی تاك دەبێت بەشێوەیەك هەستی گۆشەگیری یا دژکاری یا ململانێخوازی لە بەرامبەر ئەوانتیر و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا دروست دەبێت.

4- **جۆری ئەو کەسانەی تاك کارلێکیان لەگەڵ دەکات و چۆنیەتی تێڕوانینیان بۆی:** ئەگەر هاتوو بە چاوی رێزو پێزانین تەماشایان کردو متمانەیان پێی هەبوو، ئەمە کار دەکاتەسەر دروستبوونی دەروونێکی رێك و دروست لەلای تاك، بە پێچەوانەوە راستە.

5- **شارەزاییە کەسێتییەکان**، کە تاك لە رێگای مێژووی ژیانی و ئەو بارودۆخ و رووداوە کۆمەڵایەتییانەی رووبەڕوویان بۆتەوەو تێیدا ژیاوەو پێیدا تێپەڕیووە، هەڵیاندەگرێت.

6- **قۆناغی تەمەن:** واتە ئەو تەمەنەی کە پێی گەیشتووە، ئەو قۆناغە گوزەری کە پێیدا تێپەڕدەبێت. بۆیە هەرزەکار ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ کەسێکی پێگەیشتوو، دەروونی ناجێگیرە.

7- **پرۆسەی سوودوەرگرتن (الرجع)**: کە تاك لەڕێگەی کارلێککردنی لەگەڵ ئەوانیتر دەستیدەکەوێت. بۆیە ئەگەر هاتوو دەستکەوتەکە نێگەتیف بوو، ئەوا بەشێوەیەکی خراپ کار لەدەروونی تاك دەکات. بەڵام ئەگەر سوودەکە پۆزەتیف بوو، ئەوا ورەی بەرزدەکاتەوە و کار بۆ دروستکردنی دەروونێکی باش و تەندروست دەکات.

8- **حەزو ئارەزووە تایبەتییەکانی تاك و بەها کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگە:** ئەگەر هاتوو حەزو ئارەزوەکانی تاك لە بەها باوەکانی کۆمەڵگە جیاواز بوو (واتە نەگونجاو بوو)، ئەوا ململانێیەکی دەروونی لەلای دروستدەبێت و، دواتریش سەر هاوسەنگبوونی دەروونی کاردەکاتە، بە پێچەوانەشەوە راستە.



9- **ئەو پێوەرە تایبەتییانەی تاك هەڵیاندەگرێت:** هەندێك لە تاکەکان لە رێگای پێوەری تایبەتییەوە خۆیان هەڵدەسەنگێنن، کە بۆ خۆیان دایدەڕێژن، بەشێوەیەك گوزارشت لە حەزو ئارەزووەکانیان بکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاریگەری ئەوانیتر لەسەریان، کە ئەمەش پاڵنەرێکی زیندوو بۆ داهێنان و دەرخستنی بەهرەو چالاکییەکانیان دروستدەکات، بەپێچەوانەی ئەو تاکانەی ملکەچییەکی تەواویان بۆ پێوەری ئەوانیتر هەیە، بەشێوەیەك دەگاتە رادەیە بێ توانایی قسەکردنیان لەبارەی هەندێ بابەتەوە، تەنها قسە لەسەر ئەو بابەتانەی کە ئەوانیتر باسی لێوەدەکەن دەکات، ناتوانێت بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکانی هەنگاو بنێت، تەنها ئەو ئامانجانە نەبێت کە ئەوانیتر بۆی دەڕۆن ، ناتوانێت بیر لە بابەتێکی تایبەتی بکاتەوە، تەنها لە رێگای بیرکردنەوەی ئەوانیترەوە نەبێت. بەم شێوەیە ئەم جۆرە تاکانە خودێتی خۆیان لێ زەوتدەکرێت و لەناو خودی ئەوانیتردا دەتوێنەوە.

10- **بوونی ئەوانیتر لەکاتی هەڵسوکەوت و رەفتاری تاك:** لە هەندێك کاتدا تاك لە دەربڕین و گوزارشتکردن لە هزرو راکانی، یا قسەکردن لەسەر هەندێ بابەت شەرم دەکات، ئەگەر هاتوو کەسانێکی دیاریکراو لە دەوروبەری بوون کاتێك هەڵسوکەوتێك یا قسەیەك دەکات. لەهەندێ حاڵەتدا تاك لە ئامادەبوونی ئەوانیتر شەرم ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیادەڕۆیی لە گوزارشتکردن لەبارەی راوبیرو بۆچوونەکانی دەکات لەکاتی ئامادەبوونی جۆرێکی دیاریکراو. کەواتە ئامادەبوونی ئەوانیتر کاریگەری لەسەر دەروونی تاك بەشێوەیەکی نێگەتیف یا پۆزەتیف دەبێت، ئەمەش بەجۆری ئەو کەسانەی کە لەوێدا ئامادەن و جۆری ئەو رەفتارو بیرکردنەوەیەی کە تاك ئەنجامی دەدات پشت دەبەستێت.

ئەمانە گرنگترین ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییانە بوون کە رۆڵیان لە دروستبوونی دەروونی مرۆیی و گونجان و هاوسەنگبوونی لەلای تاك هەیە ، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ بوونی توانای ئاڵوگۆڕ یا گۆڕان و ملکەچکردن، یا دژوەستان و ئارامگرتن، یا ئازار چەشتن و گەڕانەوە بۆ دواوە، یا بەرەوپێش هەنگاونان، یا

نەخۆشی یا چارەسەری و گونجان. بۆیە ئەمە بەدرێژایی بوونی تاك لە کۆمەڵگەدا بوونی دەبێت و دینامیکییەتێکی زیندووە.

### 3- ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی کارلێکی کۆمەلآیەتی هەیە:

دوای ئەوەی کۆتاییمان بە خستنەڕووی وێنەیەکی کامڵ لەسەر دەروونی مرۆیی لەڕێگای بۆچوونی هزری کارلێکی هێماخوازییەوە هێنا ، بە پێویستمان زانی ئەو هۆکارانەش کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی کارلێکی کۆمەلآیەتی هەیە بخەینەڕوو، کە ئەویش بەم شێوەیەیە:

أ- **ڕێسا کۆمەلآیەتییەکان:** بریتییە لە ڕەفتارێکی باشی بەجۆر بوو، کە زۆرینەی خەڵك لەسەر مومارەسەکردنی ڕاهاتوون. -ڕێسا کۆمەلآیەتییەکان- بە یەکێك لە ڕێکخستنەکانی ڕەفتاری مرۆیی و، بەیەکێ لە دیاردە کۆمەلآیەتییەکانی دادەنرێت، نەك دیاردەیەکی تاکخوازی، کە وەزیفەی دیاریکردنی ڕەفتاری تاك و، ئاراستەکردنی لە پەیوەندیکردنی لەگەڵ ئەوانیتر و لەگەڵ گرووپە کۆمەلآیەتییەکان. سەرەڕایی ئەوەیش ئەم ڕێسایانە کاری ئاراستەکردنی پەیوەندی گرووپێکی کۆمەلآیەتییە لەگەڵ ئەوانی تر و ڕێکخستنی پەیوەندییە دەروونییەکانی تاکە لەگەڵ دەروونی ئەوانیتر.

ب- **فاکتەری زەمەن (کات):** وەکو پێشتر باسمانکرد تاك لەناو دنیایەك هێمادا دەژیت، ئەو کۆمەڵە هێما زەمەنییانەی کە لە زەمەندا بوونیان هەیە، بریتین لەم مانایانەی خوارەوە:

هەنوکە دوای ئەوەی، ئێستا، دواتر، ئەمڕۆ، دوێنێ، بەیانی، بەم شێوەیە فاکتەری زەمەنی بۆ چەندین بەشی سەرەکی دابەشدەبێت کە لە ساتێك، چرکەیەك، دەقیقەیەك، کاتژمێرێك، ڕۆژێك، هەفتەیەك، مانگێك و ساڵێك دەستپێدەکات و بەم شێوەیە. ئەم بەشە زەمەنییانە ماوەی کارلێککردن دیاریدەکەن، کە کۆمەڵەی یەکەم هێمایەکی زەمەنی ڕووندەکاتەوە و ئاماژە بە دەستپێکردنی کارلێکی کۆمەلآیەتی و کۆتاییەکەی دەکات. هەروەها زیاد



لەوەش ئەم هێمایانە ڕەنگدانەوەی ڕادەی گرنگیدانی کۆمەڵگەیە بەفاکتەری زەمەن و تا چەند ڕێزی لێدەگرێت. پاشان ڕەنگدانەوەی پلەی مەدەنیەتی کۆمەڵگە، چونکە زەمەن یەکێکە لە ڕێکخەرەکانی ڕەفتاری مرۆڤی مەدەنی.

### حاڵەتەکانی کارلێکی کۆمەلآیەتی لەژێر ڕۆشنایی فاکتەری زەمەن:

1- بەردەوامبوونی پرۆسەی کارلێککردن لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو بەبێ تێهەڵقورتانی فاکتەرە بەربەستکارەکان، جا مرۆیی یا نامرۆیی بێت.

2- ڕوودانی پرۆسەی کارلێکی کۆمەلآیەتی و بەردەوام نەبوونی لە یەك کاتدا.

3- کارلێککردنی بەشی لەگەڵ یەك لایەنی کۆمەلآیەتی بۆ دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی بەبێ پچڕان لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو کە تیرەیەکی فراوان لە دیاردەکە وەرناگیرێت، ئەمەش بەهۆی دیاریکراوی کاتەوەیە.

لەکاتی ڕوودانی هەرکارلێکێکی کۆمەلآیەتی، دەبێت دوو تاك هەبن و مومارەسەی کاری کۆمەلآیەتی بکەن لە یەك کاتدا. هەندێ کاری کۆمەلآیەتی هەن پشت بە چالاکی کۆمەلآیەتی پێشووتر بەستن (ڕابردوو) و هەندێکیتر پێوستییان بە ڕووداو هەیە، کە لەکاتی کارلێککردنەکە ڕوودەدات. تەنانەت کارلێکی کۆمەلآیەتی خۆشی ملکەچی ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەنە. هەروەها چاوپێکەوتنی فەرمی و کۆبوونەوە کارگێڕییەکان و جێبەجێکارییەکان و تەشریعیەکان ملکەچی ماوەی زەمەنی دیاریکراو دەبن. ئەمەش مانای وایە فاکتەری زەمەن پرۆسەی کارلێکی کۆمەلآیەتی بەڕێوەدەبات و کار لەسەر کۆبوونەوەو کەڵەکەبوونی کارلێکەکان بەدرێژایی زەمەن (لەماوەی خولەکەکان یا کاتژمێرەکان یا ڕۆژەکان یا هەفتەکان یا مانگەکان و یا ساڵەکان) و دەکات بەم شێوەیە. لە ڕێگەی فاکتەری زەمەنەوە ئەندازەی قازانج و تێچوون و پاشەکەوت و بە فیرۆدانی شتە ماددی و مەعنەوییەکان سەبارەت بە تاکە کارلێککەرەکان دەپێورێت. سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێت فاکتەری زەمەن بۆ پێوانی خێرایی گونجانی تاك بۆ هەڵوێستە کۆمەلآیەتییەکان یا بەرهەڵستیکردنیان بەکاربهێنرێت.


**ج– مەودا (الحيز المجالي)**: هەر کارلێکێکی کۆمەڵایەتی لە ناوچەیەکی جوگرافی رەهەند زانراو روودەدات، کە مەودا و سنوورەکەی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی کارلێککردنەکە هەیە. ئەوەتا ناوچەی گشتی و تایبەتی و کراوەو داخراوو جێگیرو جوولاو هەیە. لەم ناوچانەدا هێمای کۆمەڵایەتی و کولتووری کە تاکەکان ملکەچی دەبن لە پرۆسەی کارلێککردنیان بوونی هەیە. هەروەها مەودای جوگرافی رەوشی کارلێککردن دیاریدەکات. بۆ نمونە لە حاڵەتە گشتییەکان چۆنیەتی دانیشتنی تاکەکان دیاریدەکرێت، بەشێوەیەك دانیشتنیان بەرامبەرو رووبەڕووانە نییە هەروەکو لە هۆڵە گشتییەکان (هۆڵی شانۆ یا سینەما یا هۆڵی دەرسگوتارەکان). شوێنی تایبەتی هەیە، وەك ژوورەکانی ناو ماڵ یا نووسینگە فەرمییەکان. لێرەدا شێوازی دانیشتنی تاکەکان رووبەڕووانەیەو، ئەمەش بۆ بەردەوامبوون لەپرۆسەی کارلێککردن و ئاسانی مومارەسەکردنی یارمەتیان دەدات. لەکاتێکدا ئەو تاکانەی لە ناو (پاس دادەنیشن ئەوا شێوەی دانیشتنیان بە تەنیشت یەکترەوەیە، لەبەرامبەر پرۆسەی کارلێککردنیان دەبێتە بەربەست. بەڵام ئەو تاکانەی لەناوچە کراوەکانن، ئەوا لەگەڵ هێمای نادیاریکراو کارلێکدەکەن، بەپێچەوانەی ئەو تاکانەی کە لە ناوچە داخراوەکانن و بەم شێوەیە.

کەواتە چۆنیەتی دانیشتنی تاکەکان کاریگەری لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە. هەندێ تاك زیاتر لە هەندێکیتر، ئەمەش بەهۆی ئەو بوارەی کە داگیری دەکەن بۆ کارلێککردن لەگەڵ زۆرترین کەس کە لە توانادابێت یارمەتیاندەدات، بەڵام ئەمە سەبارەت بەوانەی مەودای دوورتر لەوان داگیر دەکەن مومکین نابێت، ئەمەبوو زانا باڤێلاس لە لێکۆڵینەوەکانی بۆ (5) حاڵەتی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە لەپێنج تاك پێکهاتووە دۆزییەوە، سەلماندی مەودا کاریگەری لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، ئەوەش بەم شێوەیە:

1– **حاڵەتی بازنەیی**: باڤێلاس بینی هەر تاکێك تەنها لەگەڵ دوو تاك کارلێك دەکات ، یەکەمیان لەلای چەپەوە ئەویتر لەلای راست بەهۆی دانیشتنیان



بەشێوەیەکی بازنەیی. واتە لەم حاڵەتەدا تاك دەتوانێت زانیارییەکانی بە دوولا بگەیەنێت ناتوانێت بە کەسی سێیەمی بگەیەنێت. دەبێت یەکەمیان لەگەڵ دووەمیان کارلێکبکات کە راستەوخۆیە، پاشان یەکەم لەگەڵ سێیەم کارلێکدەکات کە ناڕاستەوخۆ دەبێت.




**شێوەی ژمارە–2–**

2– **حاڵەتی ئاسۆیی**: لەم حاڵەتەدا باڤێلاس بینی دووتاك کە لە لاوە دادەنیشن، تەنها لەگەڵ یەك تاك کارلێکدەکەن، بەڵام ئەوانەی لە ناوەوە دادەنیشن لەهەمانکاتدا لەگەڵ دووتاك کارلێکدەکەن، ئەو دووانەش ئەوانەن کە لە تەنیشتیان دانشتوون. تەماشای شێوەی ژمارە -3- بکە:





**شێوەی ژمارە–3–**

3– **حاڵەتی سێیەم**: ئەو تاکەی شوێنی ناوەڕاست داگیردەکات (لەم وێنەیەدا ناوەند (ج)یە) کە لەگەڵ سێ تاك کارلێکدەکات، بەڵام ئەو دووانەی لە لاوە دانیشتوون تەنها لەگەڵ یەك تاکدا کارلێکدەکەن، تەماشای شێوەی ژمارە -4- بکە




**شێوەی ژمارە –4–**

4– **حاڵەتی چوارەم:** باڤێلاس بینی ئەو کەسەی شوێنی ناوەنـدی داگیرکـردووە (لە وێنەکەدا کەسی (ب)) لەگەڵ چوارتاك كارلێكدەكات، بەڵام ئـەو تاكانـەی لە لاوە دادەنیشن تەنها لەگەڵ یـەك تـاك كارلێكدەكـەن. تەماشـای شـێوەی ژمارەی-5- بکە.



**شێوەی ژمارە –5–**

5– **حاڵەتی پێنجەم:** ئەو تاكەی كە ناوەندی داگیرکردووە لەگەڵ چوار تاكدا كارلێـك دەكات بـەهۆی دانیـشتنی لـە شـوێنێك كـە لەگـەڵ تاكـەكانی تـری گرووپەكـە رووبەڕوو دەبێتەوە و ئەو تاكانەی كە لەبەر دانیـشتنیان بەشـێوەی رووبەڕووانـە و بەرامبەر شوێنی ناوەندەكە تەنها لەگەڵ یەك تاك كارلێكدەكەن.

ئەم رەوشە شوێنیانە بۆ دانیشتن، بۆمان روونده‌كەنەوە، كە چۆن مەودا كار لە پرۆسەی كارلێككردن دەكـات و چـۆنیەتی دانـشتنی تاكـەكان و مـەودای نێـوان هەردووكیان كار لە سەر رادەی كارلێكە كۆمەڵایەتییەكان دەكات.

ئەوەی شایانی باسە لەم بابەتە ئەوەیە، كە ئەگەر كـارلێكی كۆمەڵایـەتی لـە شوێنێكی فەرمی رووبدات، ئـەوا بەشـێوەیەكی دیـاریكراو دەبێـت و ملكەچـی ئیعتبـاری نووسـینگەیی و توێژبەنـدی تایبـەت بەناوەنـدی پیـشەیی دەبێـت و رووبەڕووانە نابێت، بەڵكو لە رێی هۆیەكانی پەیوەندی كردنی بێ تەلەوە دەبێـت. بەڵام ئەگەر كارلێك كردن لە دانیشتنە یـا شـوێنە نافەرمیـەكانی، وەك مـاڵ یـا شەقام یا سـینەما روویـدا، ئـەوا ملكەچـی ئیعتبـاری فـەرمی نابێـت، بـەڵكو شێوەیەكی ئازاد و سەربەخۆی دەبێت و لەجیاتی یەك ئاراسـتە و چـەند ئاراسـتە یەك وەردەگرێت ملكەچی توێژبەندی نووسینگەیی و وەزیفی نابێت.



د– **هەڵوێستە كۆمەڵایەتییەكانی:** هەڵوێـستی كۆمەڵایـەتی لـە رێگـای ئـەم رەگەزانەی لای خوارەوە دیاریدەكرێت:

1- بوونی هێمای ماددی و مەعنەوی.

2- پەیوەندی ئەم هێمایانە بە مانا كۆمەڵایەتییەكانیانەوە.

3- بەسـترانەوەی هێماكـانی رابـردوو بـە ئێـستاو داهـاتووەوە، زانینـی كـاتی پەیوەندیان بە یەكترەوە.

4- رەهەندی بۆچوونەكانی تاك دەربارەی هێمـا هەبیـەكان (موجـودات) لـەكاتی ئامادەبوونی.

5- پاڵنەرەكانی تاك لەبڕیارداندا.

دوای ئەوەی تاك دووچاری ئەم پێنج رەگەزە دەبێتەوە، كار بۆ تێكەڵاوكردن یا یەكخـستنی بۆچـوون و خەیاڵـەكانی پەیوەسـت بـەو بارودۆخـەی رووبـەڕووی دەبێتەوەدەكات. ئەم پرۆسەی یەكخستنە پێوستی بـە توانایـەكی تایبـەتی تـاك هەیە، چونكە هەموو تاكەكان یەك توانا یا توانایەكی هاوشێوەیان بۆ یەكخستنی بۆچوونەكانیان دەربارەی بارودۆخێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو نییە. زیـاد لـەوەش كاریگەری بارودۆخە كۆمەڵایەتییـەكان جیـاوازو جیاجیایـە، كـە كاریگـەری یـا كاریگەرییەكی هاوشێوەی نییە، چونكە رەنگە تاك بەشێوەیەكی دروسـت و بـاش لە بارودۆخێكی دیاریكراو رەفتار بكات، بەڵام هەر ئـەم تاكـە لـە بـارودۆخێكی تـردا بـەو شـێوەیەی پێـشوو رەفتـار ناكـات، ئەمـەش بـۆ كاریگەرییـەكانی بارودۆخەكـەو، توانـای تـاك لەسـەر یەكخـستنی پێكهاتـەكانی بارودۆخـە كۆمەڵایەتییەكە دەگەڕێتەوە.

ئێستا دێین ئەو هۆكارانەی كە كاریگەرییان لەسـەر تـاك هەیـە لـە پرۆسـەی رێكخستنی ئەو وێنەیەی پەیوەستە بە بارودۆخـە كۆمەڵایەتییەكەیـەوە دەخەینـە روو ، ئەویش بەم شێوەیەیە:

1– **بڕی ئەو زانیارانەی کە هەن**: ڕەنگە ئەو زانیارییانە پەیوەست بن بە تاکەکان یا پێکهاتنی ئەو بارودۆخەی کە هەیەو ئامادەیە بۆ ئەوەی بۆ دیاریکردنی هەڵوێستەکانی لە بەرامبەر ڕووداوێکی دیاریکراو یارمەتی بدات. دەشێ پەیوەندیەك لە نێوان وردی و بڕی ئەو زانیارییانەی کە لای تاك هەن هەبێت، ڕەنگە نادروستی و خێرایی خەملاندن یا هەڵسەنگاندن یا ڕاڤەکردنی زانیارییە دەستەبەربووەکان، هەبێت، یا ڕەنگە تاك هەندێ فاکتەر کە پەیوەستن بەو ڕووداوە و بڕیاردان لەبەر ڕۆشنایی زانیارییە دیاریکراوەکان فەرامۆش بکات یا ئەو زانیارییەکەمەی کە هەیەتی نادروست یا نا ڕوون و ئاشکرا دەبێت، وەك شوفێرێکی ئۆتۆمۆبێل کاتێك لە شەقامێکی تاریك و تەماویدا شوفێریدەکات.

وێڕای ئەوانەی سەرەوە، هەندێ شت هەن تاك زیاتر لە هەندێ شتی تر بیری خۆی پێوە سەرقاڵدەکات، هەندێکیتر بە ئەنقەست یا بێ ئەنقەست فەرامۆشدەکات. ئەمە بە ڕۆڵی خۆی ڕاڤەی هەموو لایەنەکانی وێنەی بارودۆخەکە لاواز دەکات و تەواو بەسەر هەموو لایەنەکانیدا نا پرژێت.

وردی تاك لە درککردنی بۆ شتەکان کاریگەری لەسەر ڕادەی کارلێککردنی لەگەڵ ئەوانیتر و شاراوەیی هەندێ زانیاری هەیە. ئەم ناڕوونییە لە زانیارییەکان کاریگەری خۆی لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی تاك هەیە. شاراوەیی و پشتگوێخستن یا بەدیقەت نەبوون لەسەر هەموو زانیارییەکانی پەیوەست بە کێشکردنی کۆمەڵایەتی پێی دەوترێت (درك پێکردنی داخراو) (awarences closed) و پێچەوانەکەشی پێیدەگوترێت (درك پێکردنی کراوە) (awarences open). ئەگەر گومان لای تاك لەبارەی ڕاستییەتی ئەو زانیاریانەی دەستیکەوتووە یا دروستبوو لە زانیارییەکانی ئەوانیتر کە پەیوەستە بەوەوە گومانی پەیداکردبێ ئەوەی ئەوانیتر بزانن کە جێگای گومانن لای ئەو، ئەوا پێیدەووترێت (درك پێکردنی گوماناوی) (suspicion awarenes) و جۆرێکی تر لەم درك پێکردنانە هەیە، ئەویش (درك پێکردنی بانگەشەکردن) (pretend awarences)، کە بریتییە لەوەی دوو تاك لە پەیوەندیەکی



کۆمەڵایەتی دیاریکراودان لەگەڵ یەکتری و هەریەکەیان درك بەوی تر دەکات، بەڵام کەسیان لە بارەی ئەویترەوە زانیاری نییە.

کەواتە دیاریکراوی زانیارییەکانی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، ڕەفتارو هەڵوێستی تاك بەرامبەر بەو شتە دیاریدەکات. شارەزایی تاکایەتی بریتییە لە هێمایەکی کۆمەڵایەتی، کە تاك بەکاریدەهێنێت و کاتێك ڕووبەڕووی هەمان ڕووداو دەبێتەوە کە پێشتر پێیدا تێپەڕبووە کارلێکی لەگەڵدا دەکات و لەبەر ڕۆشنایی ئەوە ڕەفتار دەکات ئەگەر هاتو بارودۆخی ڕووداوەکان هاوشێوە بوون.

2– **جیاکردنەوەی ئاماژە پێدەر و ڕاستێتی** واقیعەکە لەلایەن دوو تاکەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی نارێکییەك لە دیاریکردنی هەڵوێست و ناوریایی تاك. بەمانایەکی تر، زانیاری واقیعی لەسەر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی هەیە و زانیاری ناواقیعیش هەیە، کە زانیاری بنچینەییە تاك وەك ئاماژە کردنێك بە واقیعەکەی وپەنجە دانانە لەسەر هۆکاری ڕووداوەکەو تێکەڵاو کردنێك (لە نێوان واقیع و ئاماژەکردن بەواقیع) کە هانی تاك دەدات بۆ شاردنەوەی هەڵوێستەکانی و نەوتنیان بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بەکاریدەهێنێت.

3– **درك پێکردنەکانی تاك** لە زۆربەی حاڵەتەکان هەڵبژێردراوە یا هەڵبژاردەیە. واتە تاك سەرقاڵ بێت یا خۆی تەرخانکردبێت بۆ گرنگیدان بە شتی تایبەتی نەك گشتی، ئەمە یارمەتی نادات تا بەشێوەیەکی تەواو و بەردەوام کارلێك لەگەڵ بارودۆخە گشتییەکان بکات، بەمەش ناتوانێت پێکهاتەیەك یا وێنەیەکی کامڵ لەبارەی لایەنەکانی بارودۆخە گشتییەکە دروستبکات و سەلیقەکانی تاك هەڵبژێردراوە بەهۆی درککردنەکانیەوە.

4– **کەم وکوڕی لە شارەزاییە تاکایەتیە**: وەك نەبوونی توانا لای منداڵ بۆ ڕاڤەکردنی ڕەفتاری گەنجان، یا ڕاڤەکردنی پیاو بۆ هەندێ لە ڕەفتارەکانی ژنان کە ڕەنگدانەوەی مێینەیەتییە لە کۆمەڵگەدا. ئەمەش بۆ نەبوونی شارەزایی تەواو و تایبەت لەبارەی ئەو تاکە یا ئەو قۆناغەی تەمەن کە پێیدا تێپەڕدەبێت

دەگەڕێتەوە ، بۆ ئەوەی یارمەتی بدات تا بتوانێ شێوازی رەفتاری ئەوانیتر کە جیاوازن لەگەڵی لە رووی جۆر یا قۆناغی تەمەنەوە راڤەبکات.

5– **ئەندازەی ڕێکخراوەیی زانیارییەکان:** چونکە زانیاری نا رێکخراو یا نارێك دەبێتە هۆی دروستبوونی دەستنیشانکردنێکی هەڵە لەبارەی هەڵوێستەکانەوە کە بە پێچەوانەشەوە راستە.

بەڵام **فاکتەرە لۆژیکەکان**، کە یارمەتی تاك دەدات بۆ دیاریکردنی هەڵوێستەکان ئەمانەن:

1- ئاراستەکردنی هوشیارییەکەی بەرەو رەگەزی جیاکراوە. بەشێوەیەك لە گواستنەوەو گۆڕینی پێکهاتەی وێنەی بارودۆخەکە لە تایبەتییەوە بۆ گشتی یارمەتی تاك دەدات.

2- ئاراستەکردنی هوشیارییەکەی بەرەو لایەنە دیاریکراوەکانی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و، پاشان بۆ دروستکردنی وێنەیەکی کامڵ و تەواو لەبارەی هەڵوێستەکەوە بەشەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

لەکۆتاییدا دووجۆری زۆر دیارو جیاواز لە **هەڵوێستی کۆمەڵایەتی** وەردەگرین ئەوانیش:

1– **هەڵوێستی سادە:** تێیدا تاك هەڵوێستێکی خراپ وەردەگرێت، پاشان پاساوی بۆ دەهێنێتەوە بەوەی کە لەناکاو روویداوە یا قەزاو قەدەر بووە یانیش هۆی روودانی بۆ هۆکاری میتافیزیکی دەگەڕێنێتەوە.

2– **هەڵوێستی توندڕەو:** تاك بەشێوەیەکی توند رەفتار دەکات بەتایبەتی کاتێك رێسا کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن وەزیفەکانیان دروست مومارەسە بکەن. بەشێوەیەك لێکترازانی کۆمەڵایەتی روودەدات، یا کاتێك تاك لە ناو دامەزراوە گشتییەکان دایەو مومارەسەی سستەمێکی بیرۆکراسی دەکات کە پەیوەندی و کارلێکی فەرمی لە رێی کەناڵە تەلییەکانەوە، وەك کۆمپانیا



گەورەکان کە بەرهەمی زۆرە و نەخۆشخانە گەورەکان و زیندانەکان و زیندانی سەربازگەکان بەکاردەهێنێت.

ئەم دوو هەڵوێستە (سادە و توندڕەوە) تاك ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات، بەڵکو بەحوکمی بوونی لەناو رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو یا یەکێتییەکی دیاریکراو، کە لەلایەن بارودۆخێکی توند یا لەناکاو بەسەریا دەسەپێت ملکەچیان دەبێت، ئینجا پاساویان بۆ دەهێنێتەوە هێزە باڵاکان یا بۆ هێزە سەروسروشتییەکان دەیانگەڕێنێتەوە.

ه– **بەها کۆمەڵایەتییەکان:** یەکێکە لە رەگەزەکانی کولتوری کۆمەڵایەتی، کە تاکەکان دەیچێنن و کۆمەڵگەش ئاوی دەدات و برەوی پێدەدات. لە رێگای رووبەڕوو بوونەوەی تاکەکان لەگەڵ هەندێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیفەتی (باش یا خراپ، پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ) زەق دەبنەوە. سیفەتی تایبەت بەو بارودۆخە رەنگدانەوەی لەسەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە رووبەڕووی دەبنەوە دەبێت ، دوای درك کردنیان بەم سیفەتانە، تاکەکان هێما کە هەڵگری سیفەتی (چاکی یا خراپی، پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ) ن لەسەر ئەم هەڵوێستە دەردەبڕن، ئەویش بەدووبارە بەکارهێنانەوەیان ئەم سیفەتانە لە ئەقڵ و هزری تاکەکان دەچەسپێت دەبنە وەزیفەی کۆمەڵایەتی و ئەرکی کۆمەڵگە. بۆیە ئەگەر تاك پرسیاری لێکرا: بۆچی ئەم رەفتارە دەکات نەك رەفتارێکی تر؟، ئەوا یەکێ لەم دوو هەڵوێستە دەگرێتەبەر: یەکەمیان پاساو هێنانەوە بۆ راڤەکردنی رەفتارەکانی، دووەمیان بەخشینی سیفەتێکی رەوا و قبووڵکراو لەلایەن هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دروست بۆ رەفتارەکەی. بەمانایەکی تر، بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە شێوازی رەفتاری دیاریکراو کە تاکەکان تێرکردنی پێداویستی و حەزو ئارەزووەکان مومارەسەیان دەکەن بەهاکان دوو وەزیفەی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدەن: یەکەمیان پاساو هێنانەوە، دووەمیان رەوایی سەلماندنی بوونی لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی. بۆیە گۆڕینی بەها شتێکی زۆر ئەستەمەو ماوەیەکی دوورو

درێژی پێویستە، گۆڕانەکەشی بەتەواوی و بەشێوەیەکی خێرا نابێت، تەنها ئەگەر ئەو تاکانەی لەکۆمەڵگەدا مومارەسەی دەکەن دوور بخرێنەوە یا وەزیفە پۆزەتیڤەکەی کە پێشکەشی تاکەکانی دەکات بوەستێنرێت، یا بڕوا پێهێنانیان لەسەر ئەوەی کە مانەوەی ئەم بەهایە لە کۆمەڵگە بێ سوودە، چونکە لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان ناگونجێنێت. بۆیە ئەم فاکتەرە (بەها) کاریگەری گەورەو بەهێزی لەسەر چالاکی کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی کارلێکەکە بەو ئاراستەیەی کە دەیەوێت هەیە.

و- **بەکۆمەڵایەتیبوون:** گوزارشت لە پرۆسەی دەستکەوتن دەکات، کە بەدرێژایی ژیانی کۆمەڵایەتی تاك بەردەوام دەبێت، نەك ماوەیەکی کورتی زەمەنی یا قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەن. ئەم پرۆسەیە لەرۆژی لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات و بە مردنی تاك کۆتایی دێت. بەکۆمەڵایەتیبوون قۆناغێك ناگرێتەوە، بەڵکو چەند قۆناغ و لایەنێك وەك لایەنی تەمەن لە خۆدەگرێت، بەشێوەیەك ئەم پرۆسەیە بۆ سەر چەند قۆناغێکی تەمەنی دیاریکراو دابەشدەبێت کە بەقۆناغی شیرەخۆرە دەستپێدەکات و بەقۆناغی منداڵیدا تێپەر دەبێت و دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی گەنجی و دوای ئەوە بۆ قۆناغی پێگەشتن و لە پاشان دەگاتە قۆناغی پیری، کە بریتییە لە قۆناغی کۆتایی. لایەنی دووەم لایەنی رەگەزییە، واتە دابەشکردنی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون بەپێی رەگەزی تاك، واتە بەکۆمەڵایەتیبوونی تایبەت بە مێیینە و ئەویتر تایبەت بە نێرینە هەیە. سێ وەزیفەی سەرەکی بۆ پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون هەیە: فێرکردن و چاوکردنەوەی تاکە نوێیەکان کە لە رێگەی لەدایکبوون یا کۆچکردنەوە دێنە ناو کۆمەڵگەوە. دووەمیان گونجاندنی ئەو تاکەی ئێستا بوونی هەیە بەپێی ئەو سستەمە کۆمەڵایەتییانەی لە کۆمەڵگەدا هەیە. سێیەمیان بەستنەوەی تاك بە گرووپێکی دیاریکراو یا بە کۆمەڵگەی گشتییەوە.

بەکۆمەڵایەتیبوون لەپێناو دووبارە کامڵبوونی تاك لەگەڵ شارەزاییەکانی کاردەکات. ئەم پرۆسەیە شارەزاییەکانی پێشوو و بارودۆخە نوێیەکان کە تاك



رووبەڕوویان دەبێتەوە کۆیاندەکاتەوە بەجۆرێکی گونجاو و رێکخراو بێ دروستکردنی جیاوازی و ناڕێکییەك لە پرۆسەی سازاندنی لەگەڵ سستەمەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. کەواتە شارەزاییە کۆنەکان لەژێر رۆشنایی ئەو شارەزاییە نوێیانەی کە تاك هەڵیگرتوون یا رووبەڕووی بووەتەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها کار بۆ گۆڕینی جەستەی ئۆرگانی مرۆڤ بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە رێگای فێرکردنی هێماکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات، چونکە جەستەی مرۆڤ وزەی غەریزی هەڵدەگرێت و بە هێماکانی دەوروبەری، کە بریتین لە وزەی کولتووری تایبەت بەکۆمەڵگەکەی کاریگەرە.

**وزە چالاکەکانی جەستەی مرۆڤ + وزە کولتوورییە هێماخوازییەکان = وزە کۆمەڵایەتییەکان.**

هەروەها وێکچوونێك لە نێوان تاك و ئەوانی تر دروستدەکات ، تاکو لە رووی کۆمەڵایەتییەوە چاوی بکرێتەوەو فێربێت. واتە مرۆڤ لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پێدەگەیەنێت. بەکۆمەڵایەتیبوون بەوجۆرە تەماشای تاك دەکات، کە بریتییە لە پارچە ئیسفنجێك -ئەگەر پێچواندنەکە پڕ بە پێستی ووشەکە بێت- هەموو ئەو شتانەی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە رووبەڕووی دەبێتەوە هەڵدەمژێت، هەموو رەفتارێکی جۆریی- کۆمەڵایەتی وەردەگرێت. بەڵام ئەم دەستکەوتە یا هەڵمژینە دەکەوێتە ژێر رکێفی پرۆسەیەکی هەڵبژاردن یا دەستنیشانکردن، کە پەیوەندی بە تواناکانی تاك لە وەرگرتن و جۆری ئەو رەفتارە کۆمەڵایەتییەی کە رووبەڕووی یا دووچاری دەبێت، هەیە. پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون بەشێوەیەکی راستەوخۆ و خێرا روونادات، تاکی پێگەیشتوو پێش ئەوەی هەرشتێك وەربگرێت بیری لێدەکاتەوە، چونکە شارەزایی پێشووی کاریگەری لەسەر کارلێکە هەنووکەییەکانی دەبێت ، بەڵام لە حاڵەتی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنیدا، بۆ نموونە لە قۆناغی شیرەخۆرەییدا لە رێگەی هێمای تری یاریدەدەرو روونکارەوە هێما کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت، لەم قۆناغەدا کات یا فەزای- مەودا لە کارلێکی لەگەڵ ئەوانیتر گرنگیان نییە. هەروەها ئامادەبوونی ئەوانیتر یا راو بۆچوونیان یا بڕیاردانیان لەبەرچاو ناگیرێت، چونکە

ئەو (منداڵی شیرەخۆرە) لەم قۆناغەی ژیانیدا درك بەم شتانە ناكات. ئەو کێشەیەی لەم قۆناغەدا منداڵ ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە، کە ناتوانێت قسەبکات، بۆیە گوزارشتکردنی بۆ شتەکان کەم و کورتییان تێدایە، ئەگەر بیەوێت گوزارشت لە شتێك بکات، ئەوا یا دەگرییێت یا هاوار دەکا. ئەم هێمایانە غەریزین منداڵ بۆ دروستکردن کاریگەری لەسەر ئەوانیتر بەکاریاندەهێنێت. پاشان منداڵ بە قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت کە شارەزاییەکانی پێشووی بۆ گوزارشتکردن لەو شتانەی کە پێویستییەتی بەکاردەهێنێت، لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێ نیشانە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەوانیتر هەبێت، دەشێ هەندێ دەستەواژە لەوانیترەوە وەربگرێت، بەڵام ناتوانێت بە هەمان شێوەو پێکهاتە دروست بەکاریان بهێنێت. دوای ئەوە منداڵ دەگاتە قۆناغی درککردن بەو شتانەی کە ئەوانیتر مومارەسەی دەکەن، بۆیە لاساییان دەکاتەوە. وەڵامدانەوەی منداڵ بۆ هێماکان بەستراوەتەوە بەدرککردنی ئەوەی کە ئەوانیتر بۆ ئەو هێمایانە ملکەچن، درککردنی بەوەی کە ئەوان بە وەڵامیەوە دێن، منداڵ وەکو قەوارۆکەیەك بەستراوەتەوە بەدرککردنی بە وەڵامدانەوەی ئەوانیتر. پاشان منداڵ هێمای تایبەت بەخۆی دادەهێنێت و خۆی دروستیان دەکات و مانای تایبەتییان پێدەبەخشێت کە دەبێتە ڕەگەزێکی کارا لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی. هەروەها فێر دەبێت چۆن وێکچوون لەگەڵ ئەوانیتر کاتێك ڕاو بۆچوونەکانیان لەبەر چاو دەگرێت دروست بکات، پاشان منداڵ پێ دەنێتە قۆناغی گەنجییەوە. ئەوەی شایانی باسە لەم بابەتەدا ئەوەیە کە هەندێ کۆمەڵگە ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتی و سرووتی ئاینی لەکاتی گوزەرکردنی تاك لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ قۆناغی گەنجی پەیڕەودەکەن، تێیدا جلوبەرگی تایبەت بەو قۆناغە نوێیەی پێدەبەخشن و ڕۆڵی تایبەتی فێردەکەن (کە پێیدەوترێت ڕێوڕەسمی ڕێنوێنی- طقوس الترشید). لێرەدا تواناکانی تاك لە ڕاوکردن و ئازایەتی و ئارامگرتن تاقیدەکرێتەوە). لەکاتی گوزەرکردنی تاك لە قۆناغێکەوە بۆ یەکی تر دووبارە و بۆ جارێکی تر پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە، ئەویش جێهێشتنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تایبەت بەقۆناغی پێشوو و وەرگرتنی ڕەفتاری



نوێی تایبەت بە قۆناغی نوێیە. هەروەها پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون دووبارە دەبێتەوە لای ئەو کۆچبەرانەی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر کۆچ دەکەن.

دەتوانین **پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون** لەم شێوە ڕوونکارییەی لای خوارەوە پوخت بکەینەوە:




تاك * کۆمەڵگە = ڕەفتاری مرۆیی

**شێوەی ژمارە –7–**

ئەم شێوەیەی سەرەوە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون ڕووندەکاتەوە، کە هەموو سەرچاوەکانی کۆمەڵگەو بەهرە و توانای تاکەکان لە پێشخستن و گەشەسەندنی مەعریفە و توانا بەدیهێنەرەکانیان و ئەندازەی پاڵنەرەکانیان لەپێناو دەستەبەرکردنی جەوهەری بەکۆمەڵایەتیبوون بەکاریدەهێنێت، دەخاتە ڕوو. سستەمی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان بۆ زانینی ئامەنجەکانی کۆمەڵگەو ڕێساو بەهاکانی یارمەتی تاك دەدات ، هەروەها سستەمی هەڵەکان چەندین حاڵەتی جۆراوجۆر پێشکەشی تاك دەکات بۆ ئەوەی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی مومارەسە

بكات و تواناكانی بۆ مومارەسەكردنی رۆڵەكان پەرە پێبدات. سستەمی سزا خەڵاتی  تاكە دەكات و لەگەڵ دەروون كارلێكدەكات، ئەگەرتاك وێكچوون لەگەڵ ئەوانیتر دروستبكات و ئەم سستەمانە ئاڵوگۆڕخوازو كارلێكخوازبوون، ئەوا تاك دەستدەكات بەپێگەیاندنی دەروونی و كۆمەڵایەتی پێگەیشتوو و كار بۆ دروستكردنی وێكچوونی كۆمەڵایەتی كاملبوودەكات.

### 4- بیرمەندانی ئەم هزرە:

دوای ئەوەی وێنەیەكی روونمان سەبارەت بە چەمكە سەرەكییەكانی ئەم هزرەو كاریگەرییە كۆمەڵایەتییە گرنگەكانی لەسەر پرۆسەی كارلێكی كۆمەڵایەتی خستە روو ، پێمانوایە پێویستە گرنگترین نووسینەكانی بیرمەندانی ئەم هزرە پێشكەش بكەین، ئەو بیرمەندانەی رووبەڕووبوونەوە بۆ روونكردنەوەی ئەم پرۆسەیە بەو پێیەی هەنگاوێكی سەرەكییە بۆ بونیادنانی هزرەكەیان. یەكەمجار بە (جۆرج هێربرت مید) ناوداری ئەم هزرە دەستپێدەكەین (1863–1931). مید پێیوایە كۆمەڵگە ئەنجامی پەیوەندییەكی كارلێككردووە لە نێوان ئەقڵی مرۆیی و دەروونی مرۆیی. مید ناتوانێت بوونێك بۆ ئەقڵ یا دەروون لە دەرەوەی كۆمەڵگە ببینێتەوە، چونكە وەكو دەڵێت: ئەم دووانە هاوشانی یەكترن و كارلێك لەگەڵ یەكتردەكەن.

بەڵام سەبارەت بە رەفتاری تاك، ئەوا مید پێیوایە رەفتار بریتییە لە رەنگدانەوەی كارلێكی بەردەوامی (ئەقڵ-دەروون-كۆمەڵگە). لای ئەو ئەقڵ بریتیە لە توانای مرۆڤ بۆ بەكارهێنانی ئەو نیشانە و هێمایانەی كە ناوەڕۆكی ماناكانیان لە ناوەڕۆكی كەلتوری و كۆمەڵایەتی پێكدێت و رەفتاری تاك لەكۆمەڵگەدا ئامادەو دیاریدەكات. كاری ئەم هێماو نیشانانە بریتییە لە ئاسانكردنی پرۆسەی پەیوەندیكردن لە نێوان تاكەكان و گونجانیان لەگەڵ یەكتر، چونكە ئەم هێمایانە مانای هاوبەش و گشتی هەڵقولاوی داب و نەریت و بەهاو رێساكانی كۆمەڵگەن.



**مید** ئەقڵی مرۆیی لەگەڵ ئەقڵی بوونەوەرەكانی تر لە رێگای تواناكانی لەم شتانەی لای خوارەوە جیادەكاتەوە:

1- هەموو هێما گشتی و هاوبەشەكانی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگە تێدەگات.

2- بەكارهێنانی ئەم هێمایانە بۆ تەبەنیكردن و مومارەسەكردنی رۆڵی ئەوانیتر.

3- هەڵبژاردن یا جیاكردنەوەی رەفتارێكی گونجاو لە نێوان چەند رەفتارێكی جۆراو جۆردا.


منداڵی شیرەخۆرە لە دەوروبەرێكی كۆمەڵایەتی پڕ لەنیشانەو هێما كە دەوروبەرەكەی بەكاریدەهێنن، لەدایك دەبێت و لە رێگەی تێبینیكردنی دووبارە و مومارەسەكردنی ئەم نیشانەو هێمایانە لەلایەن دایك و باوك یا تەواوی ئەندامانی خێزانەكەی بەوەی كە گشتین و مانای تایبەت هەڵدەگرن دركیان پێدەكات، ئینجا لاساییان دەكاتەوە یا لە كاتی بەكارهێنانی ئەم هێمایانە پێداویستی و حەزو ئارەزووە تایبەتییەكانیشی تێر دەكات، كە ئەمەش بۆ گونجان و ژیان كردن لەگەڵ ئەندامانی خێزانەكەی یارمەتیدەدات. دوای ئەم قۆناغە دركردنی ئەقڵی منداڵ پێشدەكەوێت، بۆیە رەفتارێكی گونجاو لە نێوان چەند رەفتارێكی جیاواز هەڵدەبژێرێت. لەم قۆناغەدا كاری ئەقڵی مرۆیی بریتی دەبێت لە یەكگرتنی منداڵ (وەك بووێكی ئۆرگانی) لەگەڵ دەوروبەرە كۆمەڵایەتییەكەی. واتە ئەقڵی مرۆیی یارمەتی تاك دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی كە تێیدا دەژێت بگونجێت، ئەویش بەهۆی تواناكانی لە تێگەیشتنی نیشانەكان و بەكارهێنانیان بۆ ئەوەی رۆڵی ئەوانیتر تەبەنی بكات و، رەفتارێكی گونجاوی بۆ هەڵبژێرێت. ئەم توانا ئەقڵییەی مرۆڤ- بە بۆچوونی مید- بونیادێكی جێگیر نییە، بەڵكو بەشێوەیەكی بەردەوام لە خۆوە.

مید پێیوایە دەروونی مرۆیی بە هۆی تواناكانی تاك لە پەیوەندی كردن و كارلێككردنی لەگەڵ ئەوانیتر بەهۆی بەكارهێنانی زمان و هێماكانییەوە فۆرمەڵە دەبێت. دەروون پێشكەوتووەو لە رێگەی لەدایكبوونەوە دروست نەبووە، بەڵكو لە

ڕێگەی شارەزایی کۆمەڵایەتی و سستەمەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە تاك لە کۆمەڵگەدا مومارەسەیان دەکات دروستدەبێت. لای مید هێماکان مانـای سـەرەتای ڕەفتـاری کۆمەڵایـەتی دەبەخـشن کاردەکـات لەسـەر هانـدان، وەك جووڵاندنی دەستەکان یا پەنجەکان یا نێوچاو گرژی یا لێکگیرکردنی دانەکان و شتی لەم بابەتە(2). ئەمانە لە ئیگۆی کۆمەڵایەتی و خودی تاکییەوە (الفردیە) پێکدێن.

ئیگۆی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێك ئاراستەی کۆمەڵایـەتی کـە خـودی تاك ملکەچی دەبێت و، تاك درك بەم ئاراستە تاکییانە دەکات و لە ڕێگەی توانـا ئەقڵییەکانییەوە بۆ زانین و بەکارهێنانی هێما کۆمەڵایەتییە باوەکـانی کۆمەڵگـە دەیانزانێت. کەواتە لە نێوان دەروونی مرۆیـی و ئـەقڵی مرۆیـی و ڕەفتـاری تـاك پرۆسـەیەکی کـارلێکخوازو ئـاڵوگۆڕخواز هەیـە. هـەروەها تـاك لـە ئـەنجامی ملکەچکردنی بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانیتر لە کۆمەڵگـەدا دیـاریکراو وەردەگرێـت. ئاراستەی مید چەمکێکی تر بەکاردەهێنێت ئەویش هێماکانـە. واتـە ئەمـە لـە وەرگرتنی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی پشتی تاك دەگرێت.

تەماشـای شـێوەی ژمـارە -8- بکـە وەکـو بۆچـوونەکانی میـد پرۆسـە کارلێکخوازییەکە ڕووندەکاتەوە:




**شێوەی ژمارە -8-**



**مید سێ قۆناغی** بۆ پێشکەوتنی دەروونی مرۆیی داناوە ئەوانیش ئەمانەن:

1- **قۆناغی لاساییکردنەوەی سەرەتایی (یەکەمی)**: منداڵ لاسایی هەنـدێك لەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی لە دەوروبەریدا هەیە دەکاتەوە، وەك ڕۆڵی بـاوك و دایك و خوشك و برا. ئەم قۆناغـە لـەدوای سـاڵی دووەمـی تەمـەنی منـداڵ دەستپێدەکات، قۆناغێکی لاسایی کردنەوەی زۆر سنوردارە.

2- **قۆناغی لاسایی کردنەوەی دووەمی (ناوەندی)**: لێرەدا بازنـەی ناسـینی منداڵ و بازنەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی فراوانتر دەبێت. تـاك لاسـایی ڕۆڵـی مامۆستا یا پۆلیس یا پاڵـەوانی وەرزشـی یـا خـانم و بەڕێوبـەری ماڵـەوە و کەسی لەم جۆرە دەکاتەوە، گرنگی بـە هەڵـسەنگاندنی ڕەفتـارو ئاکارەکـانی لەلایەن ئەوانیترەوە دەدات. ئەمـەش کاردەکـات بـۆ خێـرا بەرجەسـتەبوونی خودە تاکی و دەروونە کۆمەڵایەتییەکـەی. ئـەم قۆناغـە دوای تەمـەنی سـێ ساڵی منداڵ دەستپێدەکات.

3- **قۆناغی بایەخدان بە داب و نەریت و** بـەهاو ئاراسـتەکانی کۆمەڵگـەی لۆکاڵی کە منداڵ لەناویا دەژیت. هەروەها بایەخدانی زیاتر و پابەندبوونی بە کۆنترۆڵـە کۆمەڵایەتییـەکان. بۆیـە میـد ئـەم قۆناغـە بـە لەبەرچـاوگرتنی هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیتر ناوزەدی دەکات.

ئەمانە ئەو سێ قۆناغەن کە دەروونـی مرۆیـی پێیانـدا تێپـەر دەبێـت و لـە سـەرەتای گەشـەکردنیەوە دەسـتپێدەکات. میـد لـەم بۆچـوونەوە دەسـتپێدەکات بۆئەوەی بیسەلمێنێت، کە دەروونی مرۆیی وەرگیراوە نەك بۆماوەیی بێت، چـونکە لەناو کۆمەڵگەوە پەیدا دەبێت.

هـەروەها **مید دەڵێت**: کۆمەڵگـەی مرۆیـی لـە چـەند دامەزراوەیـەکی کۆمەڵایـەتی پێکهـاتووە، ئەمانـە کـارلێککردن لـە نێوانیانـدا لـە ڕێگـەی بەکارهێنانی هێماو مانای کۆمەڵایەتی کە خودو دەروونی کۆمەڵایـەتی تاکـەکان دروستیدەکەن، ڕوودەدات. لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم مانـا گـشتییانە لەلایـەن

تاکەوە دەتوانرێت ئاراستە تایبەتییەکانی دیاریبکات و گوزارشت لەو شتانەی کە حەزو ئارەزووی لەسەریان هەیە بکات، ئەمەش یارمەتیدەدات تا بتوانێت گونجانێك لەگەڵ کۆمەڵگە دروستبکات و بەپێی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی ڕەفتار بکات. دەرەنجامی ئەوانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی کە هزری کارلێکی هێمایی بریتییە لە پەیوەندییەکی بەردەوامی نێوان تاك و کۆمەڵگە لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێکی هێمایی، بەجۆرێك ئەم هزرە ئەقڵی مرۆیی بە دەروونی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە و هەردووکیان لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بەپێکهاتەی کۆمەڵگەوە دەبەسترێنەوە. ئەم هزرە وادادەنێت تاك یەکەیەکی سەرەکییە، کە کۆمەڵگە جەختی لەسەردەکاتەوە، چەند تاکێك پێکەوە گرووپێکی بچووك دروستدەکەن و چەند گرووپێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی گەورەو ئاڵۆز دروستدەکەن، هەموو ئەم ڕێکخراوانە پێکەوە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنن.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسکردنە ڕوونکردنەوەی چەمکی زمانە لای مید. ئەو زمان بە هۆکاری پەیوەندی نێوان خەڵك دادەنێت و بەوە وەسفی دەکات، کە یەکێکە لە ڕووەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، لەهەمانکاتدا -مید- زمان لە نێوان تاکەکان بەکارای گواستنەوەی نیشانەو هێماکان دادەنێت، کە یارمەتیان دەدات بۆ گوزارشتکردن لەو مانایانەی کە خەڵکی دەیڵێن یا دەیگوازنەوە بۆ ئەوانیتر. هەر هێمایەك کردەیەکی تایبەتی هەیە و ئاماژە بە ڕەفتارێکی دیاریکراو و زانراو لە کۆمەڵگە دەکات. بەمانایەکی تر، تێگەیشتنێکی هاوبەش لای تاکەکان لەبارەی ئەم هێماو نیشانانەوە هەیە. مید بەم تێگەیشتنە گشتی و هاوبەشە دەڵێت: (هێما هاوبەشەکان). لەم ڕووەوە جیاکردنەوەکانی مید بۆ کارلێککردنی هێمایی و کارلێککردنی ناهێمایی دەخەینە ڕوو. ئەو پێی وایە لە جۆری دووەمی کارلێککردن وەڵامدانەوەی تاك بۆ هێماو نیشانەکانی ئەوانیتر ڕاستەوخۆ دەبێت. بەڵام وەڵامدانەوەی تاك لە جۆری یەکەمی کارلێکی نێوان هێماکان هاوبەشە و بۆ ئەوەی ئەونیشانانە لەوانیترەوە دەربچن، ئەوا پشت بە



مانای کۆمەڵایەتی کە ئەوانیتر ڕاڤەی دەکەن دەبەستێت. بۆیە مید بەهێمای نادیار (شاردراوە) دای دەنێت، ئەمانە لای هەموو ئەوانەی کە بەیەك زمان قسەدەکەن مانای هاوبەشن. ئەمەش بەسەر ئەو مانایەی کە زمانەکە هەڵیدەگرێت پراکتیزە دەبێت. دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کە زمان و ماناکان یارمەتی ئاسانکردنی کاری کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان لەلایەك و یارمەتی نیشانەو هێماکان دەدەن بۆ پێشخستنی ئەو زمانەی کە تاکەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، لەلایەکی ترەوە.

ئەمە گرنگترین هزرەکانی جۆرج هربەرت میدە کە پەیوەستبوو بەکارلێکی هێماییەوە، دواتر بوو بە بنچینەیەکی سەرەکی بۆ هێما و خوازی لەکاتی قسەکردن لەبارەی ئەم هزرەوە دەتوانرێت بۆ بیروڕاکانی بگەڕێینەوە.

**بۆچوونەکانی هزرڤانی ئەڵمانی جۆرج زیمێڵ لە بارەی هزری هێماییەوە:**

جۆرج زیمێڵ یەکێکە لەو زانایانەی لە نووسینی هزری کارلێکی هێمایی بەشداری کردووە. جۆرج زیمێڵ (1858-1918) لە ڕێگەی جیاکردنەوەی کارلێکی ڕەگەزە مرۆییەکان لە ڕەگەزە نامرۆییەکان لەکارلێکی کۆمەڵایەتی کۆڵیوەتەوە. زیمێڵ ملکەچبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی تاکەکانی تێبینی کردوە بۆ پێگەو ڕۆڵ و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و پابەندبوونە ئاڵوگۆڕخوازەکانی پەیوەست بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی تاك و، ملکەچ نەکردنی کارلێکی ڕەگەزە نامرۆییەکان بۆ ئەم کاریگەرییە کۆمەڵایەتییانە دەگەڕێنێتەوە. هەروەها زیمێڵ پێیوایە بنچینەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان تەنها دوو کەسەوە دەستپێدەکات، بەشێوەیەك ئەم دوو تاکە بەشداری لە پێکهێنانی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کارلێککردنیانەوە دەکەن، ئەو پەیوەندیەی نێوانیان لە دەوری ئەو بابەتانە دەخولێتەوە کە ئاماژە بە کارلێکردن یا بە تایبەتمەندی نهێنی یەکێکیان یا هەردووکیانەوە دەکات، وادەکات پەیوەندییەکەیان پتەو بێت. هەروەها زیمێڵ دەڵێت: ئەمجۆرە پەیوەندیانە (نهێنی و تایبەتی) لە کۆمەڵگە ئاینی و سیاسییەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەردەکەون و، ئەم دیاردانە لە سەدەی

19 له هەریەك له فەرەنسا و ئیتالْیا سەریانهەڵدا. تایبەتمەندی و نهێنییەکان - لای زیمێڵ- ئەندازەی پەیوەندی نێوان تاکەکان دیاریدەکەن، بۆیە هەرچەندە نهێنییەکە گرنگ و قووڵ بێت لە ژیانی یەکێ لە تاکەکانی گرووپێکی بچووکی پێکهاتوو لە دوو کەس، ئەوا دەبێتە هۆی زیاتر نزیك کەوتنەوەیان و قوڵی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییان. بە پێچەوانەشەوە راستە. گرووپی پێکهاتوو لەدوو کەس بەتێروانینی کەسێك کە لە دەرەوەی ئەم گرووپە بێت، ئەوا یەکەیەکی سەربەخۆیەو پلەیەکی بالآی تاکایەتی هەیە، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە ئەندامانی ناو گرووپ هەستی پێدەکەن ئەوان پێیان وایە لەگەڵ یەکترو ئازاد و راستگۆن و ناکەونە ژێر کاریگەری هێزی کۆمەڵایەتی گەورەوە. لەهەمانکاتدا ئەم گرووپە نوێنەرایەتی ژیانێکی تاکخوازی- تاکایەتی ناکات، کە تێیدا تاك هەست بەچەوسانەوەی تەواو دەکات. بۆ ئەوەی ئەم گرووپە بژێت و پەیوەندییەکانیان بەردەوام بێت، دەبێت دوو ئەندام لەخۆ بگرێت، بەڵام ئەگەر بیەوێت بەردەوام نەبێت و لە ناوبچێت، پێویستە یەکێك لە ئەندامانی لەدەست بدات.

ئەو گرووپەی لە دوو ئەندام پێکهاتووە، بە بۆچوونی زیمێڵ پێکهاتەی تەواوی گرووپ پێکدەهێنن- - بەڵام ئەگەر ئەندامی سێیەم هاتە ناوەوە، ئەوا رۆڵی ناوبژیوان یا راوێژکار یا پەیوەندیکار دەبینێت، یا دەبێتە هۆی دروستکردنی جیاوازی و ململانێ لە نێوان دوو ئەندامەکەی تر. خێزان لە پیاو و هاوسەرو منداڵ پێکدێت، کە پەیوەندییەکی توند و تۆڵی خێزانییان هەیە، بەهۆی بوونی منداڵ کە پەیوەندی باوك لەگەڵ دایك بەهێز دەکات و بۆچوونەکانیان لەیەکتر نزیك دەکاتەوە. هەروەها رێژەی گونجانیشیان زیاد دەکات. بوونی کەسی سێیەم لەپێناو بەهێزکردنی بەندەکانی پەیوەندی نێوان ئەو گرووپانەی لە دوو ئەندام پیکهاتوون و کاردەکات لەپێناو دروستکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرو نوێ لە نێوانیان کاردەکات، بەندەکانی نێوگرووپ توونـدو تۆڵ یا ناکۆکی و پێکدادانەکان هێوردەکاتەوە. لێرەدا ئەندامی سێیەم وەکو ناوبژیوان یا راوێژکاری نێوان دوو کەسەکە وایە. کەسی سێیەم ئەگەر هاتوو بێلایەن بێت یا پەیوەندییەکی هاوسەنگ و گونجاوی لەگەڵ هەردوو لایەنەکە هەبێت، دەتوانێت



وەزیفەی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە نەبوو، ئەوا ناتوانێت رۆڵی ناوبژیوان یا نێوبەند لە نێوان دوو کەسەکە ببینێت. بەمانایەکی تر، ئەگەر ئەندامی سێیەم بەرژەوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ یەکێ لەلایەنەکان زیاتر بێت لەویتر، ئەوا ناتوانێت رۆڵی نێوبەندی دادوەر ببینێت. دەشێ کێشەیەکی ئاڵۆز رووبدات ئەگەر بێت و ئەندامی سێیەم بەشێوەیەکی چارەنووسساز یا تەواوی روحییەتییەوە پەیوەندی بە دوو کەسە ململانێ کارەکەوەهەبێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لێکترازان و پچرانی یەکگرتوویی چارەنووسی گرووپەکە ئەندامی سێیەم ناتوانێت رۆڵی ناوبژیوانێکی بابەتیخواز ببینێت، رەنگە ئەندامی سێیەم دەرەنجامی ململانێی هەردوولا ناکۆکە کە لەنێو بچێت. سەرەڕای هەموو ئەمانە لەهەندێ حاڵەتدا کەسی سێیەم لە پێناو کامڵکردنی دەروونی هەردوو ئەندامەکە کاردەکات.

ئەم هزرەی کە زیمێڵ خستویەتیەڕوو، ، لەگەڵ ئەوەی لە هزرەکانی جۆرج مید کۆنترە کە لە خودو ئیگۆ و دەروون و ئەقڵی کۆڵیوەتەوە پێشکەوتنێکی نوێیە لە هزری کارلێکی هێمایی. هزرڤانانی ئەم هزرە لێکۆڵینەوەکەی زیمێڵ بە یەکێ لە لێکۆڵینەوە بنچینەییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی دادەنێن، لەبەر ئەوەی لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو یا سێ تاك لیکۆڵینەوەی کردووە، ئەگەرچی دەروونی مرۆیی و رەگەزەکانی فەرامۆشکردوە.

**پێشەنگی سێیەمی هزری کارلێکی هێمایی چارلس هرتن کولی** (1864-1929):

کولی پێیوایە کۆمەڵگەی مرۆیی بریتییە لە تۆڕێك کارلێك و بۆچوون و وێناکردن و هەڵسەنگاندنەکانی ئەقڵی تاك لەگەڵ ئەقڵی ئەوانیتر. بۆ روونکردنەوەی ئەمە کولی دەڵێت: من ئەقڵی تۆ وێنادەکەم بەتایبەتی لەورووەوە کە چۆن بیر لە ئەقڵی من دەکاتەوە، ئەوەی ئەقڵی تۆ بیری لێدەکاتەوە لەبارەی چۆنیەتی بیر کردنەوەی ئەقڵی من لە ئەقڵی تۆ. من ئەقڵی خۆم پێش ئەقڵی تۆ ئامادە دەکەم لەم وێناکردنەدا- پێشبینی دەکەم کە تۆ ئەقڵی خۆت پێش ئەقڵی من ئامادە دەکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم ئەم پرۆسەیە ئەگەر هەندێ فاکتەری کۆمەڵایەتی خۆهەڵنەقورتێنن ئەنجام بدەم.

دەروونی مرۆیی لای ئەو بریتییە لە کۆمەڵە هزرێك، کە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەروونی ئەوانیتر دەکات و - ئەوانیتر- یش کۆمەڵە هزرێکن دەروونی تاك کارلێکیان لەگەڵدا دەکات و دەیانبات، دەروونیش لە رێگەی پرۆسەی پەیوەندی و کارلێککردنەوە گەشە دەکات و رەنگدانەوەی لەسەر هەستی تاك دەبێت. هەروەها ئەویش دەروون بریتییە لەهزری تاك و لەگەڵ هزری ئەوانیتر کارلێکدەکات. هزری ئەوانیتریش بەهۆی کاریگەرییەکانی لەسەر دەروونی تاك دەچێتە ناوتاکەوە. بەم شێوەیە کردەی ئەوانیتر لەسەر دەروون و کردەی دەروون لەسەر ئەوانیتر بریتییە لە کارلێکی هزرەکان لەگەڵ یەکتری کە لەناو ئەقڵدا روودەدەن.

هەروەها کولی بۆ ئەم تێکهەڵکێشەی نێوان دەروون و هزرەکان و کارلێککردنیان لەگەڵ یەکتری دەڵێت: هەستکردنی تاك بە خۆی، بریتییە لە رەنگدانەوەی ئەو هزرانەی دەربارەی دەروونی خۆی هەیەتی، کە لە ئەقڵ یا هزرەکانی ئەوانیترەوە دێت و دروستدەبێت، بۆیە هیچ دەروونێکی مرۆیی، دوورخراوە نییە. بە بۆچوونی کولی خود ئەگەر کارلێکێکی بەردەوامی نەبێت لەگەڵ ئەو یان ئەوان هیچ بایەخیکی نییە.

لەم روانگەیەوە ئەو پرسیارەی کە زەق دەبێتەوە ئەوەیە، چۆن تاك دەچێتە دەرەوەی خۆی بەشێوەیەکی دابڕاو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتیانە خۆی ببینێت؟ کولی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەڵێت: ئەمە لە رێگەی تەماشاکردن و راو بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەوانیترەوە دەبێت. بەشێوەیەکی کاتی دەتوانین وادابنێین یا هەڵوێستی ئەوانیتر بێنینە پێش چاومان کاتێك تەماشای دەروونمان دەکەن وەکو چۆن لە نیگاکانیانەوە **دەردەکەوێت، کە سێ قۆناغ لەخۆدەگرێت** ئەوانیش:

1- وێنای تێڕوانینی ئەوانیتر لەبارەی خۆمانەوە دەکەین. بە مانایەکی تر، ئێمە وێنای ئەوە دەکەین کە ئەوانیتر چۆن تەماشامان دەکەن، سەرچاوەی بیرکردنەوەکانیان لە بارەمانەوە کامانەن.

2- پاشان وێنای بڕیارەکانی ئەوانیتر دەربارەی خۆمان دەکەین. هەروەها لە چاوی ئەواندا دوای ئەوەی بڕیاریان لەسەردانین چۆنین.



3- لەکۆتاییدا بەشێوەیەکی دیاریکراو رەفتار دەکەین یا لەژێر رۆشنایی حوکم و هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیتر لە سەرمان گوزارشت لەهەندێ لە هەستەکانمان دەکەین.

کولی ئەم سێ قۆناغە بە (رەنگدانەوەی دەروون لەسەر ئاوێنەی کۆمەڵگە) ناو دەبات.

وێڕای ئەوانەش، درککردن بە هزرەکانی ئەوانیتر وەڵامدانەوەی تاکە بۆ هەڵوێست و بەهاو حوکمی ئەوانیتر، ئەم درکپێکردنە بە بۆچوونی کولی تەنها لای مرۆڤی پێگەیشتوو دەردەکەوێت، ئەو مرۆڤەی لەنێو پەیوەندی خۆشەویستی و سۆزداری گرووپە یەکەمییەکان کە یەکەیەکی بنچینەییە بۆ سروشتی مرۆیی گەشەدەکات و پێدەگات.

بەڵام چەمکی رای گشتی بە بۆچوونی کولی لەئەنجامی ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوون و کاریگەرییەکانی تاك و ململانێ و ناکۆکییە هزرییەکانیان لە پرۆسەی کارلێککردندا دروستدەبێت. کولی پێی وایە رای گشتی لە رێگەی رێکەوتنێکی پێشوەختەی نێوان تاکەکانەوە دروست نابێت، بە زەرووڕەت مەرج نییە بەشدارییەکی تەواو لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام ئەو شتەی کە پێویست و گرنگە و لەئەنجامی ئاگاداری و گفتوگۆو دیالۆگیانەوە دروستدەبێت سەلماندنی هزرەکانە. رای گشتی پێگەیشتوو لەگەڵ تێڕوانینی گشتی کە لە ئەنجامی دیالۆگ دروستدەبێت جیاوازی هەیە. کەواتە رای گشتی تێکڕایەکی گشتی نییە بۆ رێکەوتنی ئەقڵ و هزرەکان، هەروەها نوێنەرایەتی کۆمەڵێك رۆشنبیریش ناکات، چونکە بەهۆی ئاڵوگۆڕ و کارلێکی هزرە ئاراستە پێچەوانەکان یا دژیەکەکانەوە فۆرمەڵە دەبێت. ئەگەر لێکگەیشتنێکی هاوبەش بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕ نەبێت ئەوا کۆبوونەوەی تاکەکان مومکین نابێت و ناتوانن پێکەوەبن. ئەو شتەی کە رای گشتی پێکدەهێنێت و پێکەوەی دەبەستێت، هەمان ئەو شتەیە کە کارلێکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت و پێکەوەی دەبەستێت، بە پێچەوانەوەش راستە.

ئەمە پوختەی هزرەکانی کولی بوون.

**هزرڤانان پارك و برجس:**

ئەم زانایانە لەگەڵ هەریەك لە زیمێل و مید و کولی یارمەتی دانانی بنچینەکانی هزری کارلێکخوازیان داوە. رۆبەرت عەزرا پارك (1864-1944) و ئەرینێست برجس (1866) کە چوار جۆر کارلێکی کۆمەڵایەتییان دەستنیشانکردووە، ئەوانیش ئەمانەن:

1- **کێبەرکێ**: ئاماژەیە بە کارلێکێك کە بەریەککەوتن یا پەیوەندیکردن لە نێوان کەسە کێبەرکێکارەکان. کێبەرکێ لەگەڵ جۆرەکانی تری کارلێککردن هاوبەشە ، واتە پەیوەندی لەگەڵ ململانێ و گونجان و وێکچووندا هەیە. کێبەرکێ- بەرەو خولقاندن یا دروستکردنی سستەمێکی کۆمەڵایەتی دەروات کە بۆ ئەوەی تێیدا بژێت سیفەتی نادیاری هەڵدەگرێت، تاك ئازادە تێیداو لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و قازانجی تایبەتی، پەیوەندی بەوانیترەوە دەکات. بۆ ئەوەی لەنێو تاکەکان کێبەرکێ رووبدات، دەبێت ئامانجی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت. کێبەرکێی وا هەیە، کە لە نێوان رێکخستنە ئابووری و سیاسیەکاندا روودەدات و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو دەوروبەرەی کە سیفەتی کێبەرکێی ئازادی هەیە، کێبەرکێی ئازاد کار لەسەر دابەشکردنی دەستە پێکهێنەرەکانی ناو هەرێم بە پێی ناوچەو پیشەدەکات. دابەشکردنی کار و دەرکەوتنی رێکخستنە ئابووری و سیاسییە بەشدارەکان لە کێبەرکێ کە لەژیانی هاوچەرخدا بوونییان هەیە، تەنیا دەرەنجامی ئەو کێبەرکێیەن کە دەوروبەری کێبەرکێی ئازاد دەیسەپێنێت.

2- **ململانێ**: بۆ دەستنیشانکردنی چەمکی ململانێ پێویستە رووەو کارلێکی کۆمەڵایەتی-کێبەرکێخواز- بڕۆین، بۆئەوەی رەهەندەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی دیاریبکرێن، بەڵام ئەگەر هەردووکیانمان بەراورد کرد (کێبەرکێ و ململانێ)، دەبینین هەردووکیان پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرن. بەڵام کێبەرکێ بریتییە لە خەباتی تاکەکان، یا ئەو گرووپانەی کە



بە زەرووڕەت مەرج نییە لە حاڵەتی پەیوەندی یا بەریەککەوتندا، کەچی پەیوەندی و کارلێك لە نێوان تاکەکانی-کارلێکی ململانێخوازیدا - پێویست و گرنگە. هەروەها ناتوانرێت کێبەرکێ کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە ناهاوسەنگ یا نەسازو نەستییە و، تاك بۆی هەیە کێبەرکێ لەگەڵ برادەرەکەی یا هاوکارەکەی بکات، بەڵام چەمکی ململانێ بە ئەنقەستە و هەستییەو مەبەستێکی لە دواوەیە. لە کارلێکی کۆمەڵایەتی -ململانێخواز- سۆزو هەستەکان تێکەڵاوی ململانێکە دەبێت، بەڵام کارلێکی کۆمەڵایەتی کێبەرکێخواز سۆز و هەستی تاکایەتی تێکەڵاو نابێت، هەروەها کێبەرکێ لەکاتی روودانیدا سیفەتی فەرمی و نادیاری و بەردەوامی وەردەگرێت ، بەڵام ململانێ لە کاتی روودانیدا سیفەتی کەسێتی و نابەردەوامی وەردەگرێت. بەمانایەکی تر، رەنگە پرۆسەی ململانێ لەکاتی روودانیدا بپچڕێت دواتر بوەستێت بۆ ئەوەی جێگیری یا کامڵبوون یا هاوبەستەیی دروستببێت، کەچی کێبەرکێ ناوەستێت، بەڵکو بەردەوام دەبێت لە بابەتێکەوە بۆ یەکی تر. ئەوەتا کێبەرکێ هەیە لەسەر بەرژەوەندی خودی، کەسی، سیاسی، ئابووری و پەیوەندیکاری و شتی لەم بابەتە. پێگەی تاك لەلایەن ململانێوە دیاریکراوە، بەڵام لە کێبەرکێدا هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و خەمڵاندنی کارو ئاراستەی تاکەکان لەناو سستەمی کۆمەڵایەتیدا دیاریکراوە، هەروەها کێبەرکێ پێگەی تاك لەناو کۆمەڵگەی لۆکاڵی دیاریدەکات، کەچی ململانێ پێگەی تاك لەناو کۆمەڵگەی گشتی دیاریدەکات. رەنگە کێبەرکێ یەکێك بێت لە قۆناغەکانی ململانێ، چونکە دژ یا دژایەتی دەخولقێنێت.

3- **گونجان**: واتە ئەو پرۆسەیەی بۆ سازانی نێوخۆیی لەگەڵ ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانەی کە لەلایەن ململانێ و کێبەرکێوە خولقاون یارمەتی تاك یا گرووپ دەدات. گونجان ئاماژە بە پرۆسەی سازان دەکات لەپێناو دروستکردنی گۆڕانکاری لەو داب و نەریتەی کە گۆڕاوە یا دەگۆڕێت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کاردەکات. ئەگەر سازان لە ئەنجامی گۆڕانکاری یا گۆڕانەوە

دروستببێت، ئەوا گونجان ئەنجامێکە بۆ خەباتکردن لەپێناو مانەوەو دروستکردنی حاڵەتێکی هاوسەنگ لە نێوان تاکە بەشداربووەکانی کێبەرکێ. هاوسەنگی لەسەر بنچینەی بوونی گونجانەوە دروستدەبێت و، گونجان لە سەر بەستنەوەی تاك بە کۆمەڵگەی لۆکاڵییەوە کاردەکاتە. لێرەدا دەبینین دوو چەمکی سەرەکی تێکەڵ بە گونجان دەبن، ئەوانیش ماڵیکردن (چەمکێکە بەرامبەر چەمکی سازان یا رێککەوتن بەکاردێت) و ئاماژە بە ململانێی تاك لەگەڵ ئەوانە دەکات کە کاردەکەن لەپێناو گونجانی لەگەڵ ئەوان و ژینگەکەیان. چەمکی دووەم بریتییە لە (فێرکردن و چاوکرانەوە) چەمکێکە دیسانەوە لە بەرامبەر چەمکی گونجان بەکاردێت کە سیفەتی ململانێکاری تاکەکان لەخۆ دەگرێت. دەرەنجامی ئەمە دەگەینە ئەوەی کە پرۆسەی گونجان سادەو ئاسان یا خێرا نییە، بەڵکو ململانێ و دەردەسەری لەخۆدەگرێت، چونکە ئەم پرۆسەیە لەسەر تاك پێویستدەکات کە هەندێ شت لەداب و نەریت و جۆری رەفتار و سستەمی کۆمەڵایەتی جێبهێڵێت یا لە شوێنیان دژی ئەو شتانە یا داب و نەریتی نوێ هەڵبگرێت. لەسەر ئاستی کۆمەڵگە رەگەزی دژیەك و ناکۆك هەن، کە لەهەمانکاتدا ئەم رەگەزانە یەکگرتوو و بەیەکەوە بەستراوو کارلێك کردوون، ئالێرەوە گونجان لە نێوان ئەم رەگەزانە دەردەکەوێت.

4- **نواندن یا لەخۆگرتن (گۆڕان لە بارێکەوە بۆ یەکیتر):** ئەم جۆرە لەکارلێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی دیار لای کۆچکردوان کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆیەکی تر کۆچ دەکەن دەردەکەوێت و لەرووی سستەم و بونیادی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگەی کۆچ لێکردو جیاوازە. -نواندن- ئاماژە بە وێکچوونی هەستی یا هەستی و هزری، هەروەها تێکەڵاوبوون یا تێکهەڵکێشان یا توانەوەی پێکهاتەکانی رەفتارو بیرکردنەوەی تاکە لەناو گشتێکی گونجاو بۆی -واتە لەو کۆمەڵگەیەی تاك لەگەڵیا دەگونجێت-، ئەمەش بەشداربوونێکی ویژدانی، مێژوویی، بەهایی، کولتووری، شارستانییە



و بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تاك لەگەڵیا گونجاوە شارەزایی پێشوەختەی پێویستە. ئەوەی لەم بارەوە شایانی باسە ئەوەیە کە نواندن ووردە ووردە روودەدات، بەڵام گونجان خێرا روودەدات. گونجان لەگەڵ بارودۆخی نوێ پێویستی بە جووڵان و گەشە و وەرگرتنی خێرا هەیە، کەچی ئاراستە هزریەکان یا سۆزداریەکان بەشێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ دەگۆڕێن، چونکە ئەمە پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵ و هەستکرن هەیە و، دەکەوێتە ژێر باری پرۆسەیەکی لەسەرخۆ کە هێواش هێواش روودەدات. لە کۆتاییدا نواندن لەناو پەیوەندیە یەکەمیەکاندا خێرا دەبێت، وەك خێزان یا گرووپی هاوڕێیان، بەڵام لە پەیوەندیە دووەمیەکاندا لەسەرەخۆ دەبێت، کە لەناو گرووپەکانی کارکردن و رێکخستنە فەرمیەکاندا بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی دەرەکی و فەرمی و رواڵەتی لە نێوانیان روودەدات.

### ئەرفنك کۆفمان:

لەکۆتاییدا هزرەکانی زانای کارلێکخوازی هاوچەرخ ئەرفنك کۆفمان دەخەینە روو، کە لە درککردنەکانی تاکەوە بۆ زانینی گرنگی ئەوانیتر کە لە دەوروبەریدان (ئەوانەی کە خۆشیان دەوێت یا خۆشیان ناوێت) دەستی پێکردووە و وەك بنچینەیەك بۆ روونکردنەوەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەکاری هێناوە. کۆفمان دەروونی مرۆیی یا ئیگۆ یا خودی هەروەك مید بەکار نەهێناوە، بەڵکو تەنها جەختی لەسەر ئەوەی ئەوانیتر کردووەتەوەچۆن کار لە رەفتارەکانی تاك دەکەن و تاك بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەی (نێگەتیڤ یا پۆزەتیڤ) ی هەبێت بۆ راو حوکم و هەڵسەنگاندن و داواکارییەکانی ئەوانیتر (هێماکانی ئەوانیتر) چۆن هەڵسوکەوت دەکات. دەربارەی هێماکانی ئەوانیتر پاشان بەدوای زانیاریدا دەگەڕێت بۆئەوەی هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەریان دیارییبکات و تێڕوانینێکی گونجاو بە وەڵامدانەوەکانیان ببەخشێت، کە پابەندی بووە و بەدوایدا دەڕوات، لەهەمانکاتدا ئەوانیتر زانیاری دەربارەی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و

ئیعتباری کۆمەڵایەتی و متمانە بە خۆ بوون و بەوانیترو خەسڵەتی تری تاکخوازی کۆدەکەنەوە. کۆکردنەوەی ئەجۆرە زانیارییانە و ئامادەکردنیان یارمەتی ئەوانیتر دەدات بۆ دیاریکردنی هەڵوێستیان بەرامبەر بە تاك، هەروەها لەو رووەوە، کە چاوەڕوانی چی لێدەکەن لە داهاتوودا یارمەتیاندەدات؟. کۆفمان رەفتارەکانی تاك بەرامبەر بە وانیتر بەسەر دوو جۆر دابەشدەکات، یەکەمیان شاردراوەکان (مخاتل)، واتە پێدانی تێڕوانینێك کە گوزارشت لە راستێتی تاك یا واقیعی تاك ناکات و هەندێ لایەنی رەفتاری دەشارێتەوە و گوزارشت لەلایەنی تر دەکات. دووەمیان دەستکرد یا ئیدعائی، واتە تاك تێڕوانینێك لەبارەی خۆی و رەفتارو کەسایەتییەکەی دەخاتە روو کە هیچ پەوەندییەکی بە راستێتی هەڵسوکەوتییەوە نییە، بەڵکو تا سەرنجو وەڵامدانەوەی ئەوانیتر بۆ خۆی وەرگرێت و بگات بە ئامانجەکانی ئەو هەڵسووکەوتە دەنوێنێت. درککردن بە ئامادەبوونی ئەوانیتر لە پاڵ تاکەوە کاریگەری لەسەر رەفتارەکانی دەبێت و لە پێناو دەسکەوتنی وەڵامدانەوەیەکی دیاریکراوی ئەوانیتر هەڵسوکەوتی دەستکرد دەنوێنێت. لەم رووەوە کۆفمان نموونەیەك دەهێنێتەوەو دەڵێت: کارمەند لە نووسینگەکەیدا لە بارەی رەفتارەکانییەوە تێروانینێك بە هاوکارەکانی دەبەخشێت لەوەی لە خواردنگەیەك یا لەسەر شەقامێك رەفتاردەکات جیاوازە، ئەوانیش تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆی هەیە. ئەم دوو تێڕوانینەش لەو تێڕوانینەی کە خێزانەکەی سەبارەت بەو هەیانە جیاوازە. بەمانایەکی تر، جۆری ئەوانیتر و ئەندازەی بایەخیان لای تاك و پەیوەندی پێیانەوە (نێگەتیڤ یا پۆزەتیڤ)، رەفتارو بیرکردنەوەو نواندنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەکات.

ئەوانیتر بۆ کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنی رەفتارو بیرکردنەوەکانی تاك ئامرازێکی بەهێزن، لە هەندێ حاڵەت و لە هەندێ وەڵامدانەوە کە شارەزایی و ئەزموونی پێشوەختەی لە بارەیانەوە یارمەتیدەدات نییە. کۆفمان پێیوایە باشترین و نەرم و نیانترین شت ئەوەیە، کە تاك درك بە هەست و راو هەڵسەنگاندنی ئەوائیتر بکات، بۆئەوەی لەسەر بونیادنانی جۆرەها رەفتاری (لەهەمانکاتدا) تایبەت



بەخۆی و پەیوەست بەوانیتر کاربکات. هەروەها کۆفمان دەڵێت: تێڕوانینی یەکەم جار کە تاك لەبارەی ئەوانیترەوە دەستیکەوتووە یا ئەوانیتر لەبارەی تاکەوە دەستیان کەوتووە زۆرگرنگە، چونکە ئەو پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەی کە لە نێوانیاندا روویداوە پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان دیاریدەکات.

جگە لەوەش، بوونی ئەوانیتر نەك هەموویان- بەڵکو ئەوانەی شوێنی بایەخپێدانی تاکن، جا ئەگەر هاتو، ئەم بایەخپێدانە لەرووی حەزو ئارەزووەوە بێت یا رق لێبوونەوە یا وروژاندن- بۆئەوەی بەرەوخۆی کێشیان بکات- یا رقکردنەوەی رایانبکێشێت و ئیرەییان بجووڵێنێت یا تووڕەیان بکات، ئەوا ئەوان رووکاری دەرەوەو رەفتارو بیرکردنەوە و لۆژیکی تاك دیاریدەکەن و ئاراستەی دەکەن و پاڵ بە تاکەوە دەنێت هەڵسەنگاندن و حوکمی ئەوانیتر لەبەرچاو بگرێت، بە شێوەیەك بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی گونجاو بەوان ببەخشێت لە پێناو دەستکەوتنی وەڵامدانەوەیەکی تایبەت خۆی بە شێوەیەکی وردو بەئاگاوە ئامادە دەکات. بەڵام کۆفمان دەڵێت: ئەم حاڵەتە هەردەم روونادات و جاری واهەیە داب و نەریت و بەهای ئەو گرووپەی تاك ئەندامە تێیدا یا ئەو داواکارییانەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی بەسەریدا دەیسەپێنێت، وا لە تاك دەکات بنوێنێت بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی تایبەت بە بەرامبەرەکەی ببەخشێت. رەفتارێکی دیاریکراو  بنوێنێت، بۆیە دەستکەوتنی ئەم وەڵامدانەوەیە بەهۆی بە ئەنقەست نیشاندانی ئەو تێڕوانینەی کە بە سەر گرووپەکەیدا سەپاوە یا ئەوەی کە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی هەیەتی روودەدات ، حاڵەتێکی تر هەیە، کە تێیدا تاك دەکەوێتە ناو حیساباتی بیرکردنەوەو حیساباتی کۆمەڵایەتی و وێناکردنی زەینی دەربارەی ئەو شتانەی کە ئەوانیتر بیری لێدەکەنەوە بۆئەوەی تێڕوانینێکی تایبەتی لە بەرامبەریان بدات بەدەستەوە، بەڵام ئەمە بەهۆی ئەو مەرج و بارودۆخ و پێداویستیانەی وەك پێداویستییەکی ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا مومارەسەی دەکات کە بەسەریاسەپاوە، نەك بەهۆی ئەوەوە کە گرووپەکەی، یا پێگە کۆمەڵایەتییەکەی یا ئارەزووی تایبەتی خۆی بۆ دەستکەوتنی ئەو وەڵامدانەوەیەی کە مەبەستێتی بە سەریا سەپاندبێتی.

لە کۆتاییدا کۆفمان پێیوایە ڕەسەنایەتی دەروونی مرۆیی لە کارلێکی تاك لەگەڵ ئەوانیترەوە دروستدەبێت، دەروون بۆ بوون و بەردەوامبوونی لە ژیانی کۆمەڵایەتی پشت بە پرۆسەی کارلێك دەبەستێت، لەهەمانکاتدا کارلێکی کۆمەڵایەتییش لە بوون و بەردەوامبوونی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان پشت بە دەروون دەبەستێت.

لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە تاك هەوڵدەدات زانیاری تایبەتی دەربارەی ئەو کەسانەی کە کارلێکیان لەگەڵدادەکات دەستبکەوێت، تا بتوانێت کۆنترۆڵی کارلێککردنی خۆی لەگەڵیاندا بکات، هەروەها بۆئەوەی بگات بەو مەبەستانەی کە دەیەوێت دەستەبەریان بکات. ئەوەی تاك ئەنجامیدەدات، بە هەمانشێوە ئەوانیتریش ئەنجامیدەدەن واتە هەوڵدەدەن زانیاری کۆبکەنەوە پێش پرۆسەی کارلێك یا لە کاتی پرۆسەکە لەبارەی ئەو کەسەی کە هەنووکە یا ئەوەی کە لە داهاتوودا کارلێکی لەگەڵدا دەکەن، بۆئەوەی بەردەوامبن و کۆنترۆڵی کارلێکیان لەگەڵیدا بکەن.

ئەمە پوختەیەکی چڕو پڕی بۆچوونەکانی دیارترین نووسەرانی هزری کارلێکی هێمایی بوو، دەتوانین لەم خاڵانەی لای خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

1- دەروون بریتییە لە وێنەیەکی گشتی بۆ هێماو نیشانە گشتییە هاوبەشەکان.

2- کۆمەڵێك چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی، کە لە بەهاو ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانەوە وەرگیراون، پرۆسەی کارلێکی هێمایی بەڕێوەدەبەن.

3- توانا ئەقڵییەکانی تاك بۆ پێکهێنانی هێما کۆمەڵایەتییەکان.

4- کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەسەر پێکهاتنی هێما کۆمەڵایەتییەکان.

5- گرنگیدان بەحوکم و هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیتر.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خەڵکی بەشداری لە چالاکی و جموجۆڵەکان دەکەن، لەپێناو ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیان و چارەسەرکردنی کێشەکانی



ڕۆژانەیان کە لە ئەنجامی پەیوەندییەکانیانەوە دروستدەبن. پێدانی ماناو هێما بۆ ئەو چالاکی و جموجۆڵ و ڕەفتارانەی کە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کارلێك کردوویانە. بە بۆچوونی ئەم هزرە مرۆڤ بەهۆی کارلێکی هێماییەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو ڕەفتاردەکات. واتە لە ڕێگەی پرۆسەی کاریگەری و کاریگەربوونەوە و لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا کە لە نێوان تاکەکان ڕوودەدات. دەبێت تاك لەڕێی زمانەوە فێری ماناو مەبەستەکانی ئەوانیتر بێت ، چونکە ئەو هێمایانە بۆ فێرکردنی مرۆڤە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕەفتارکرن و بیرکردنەوە. لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە جۆرێك لە چاوەڕوانی و بیرکردنەوە دەردەکەوێت، هەروەها لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە جۆرێك لە چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی هاوبەش لای تاکەکان دروستدەبێت کە ڕۆڵەکانیان و پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان دیاریدەکات، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی کار لەسەر بزووتنی تاك لە ڕووی کۆمەڵایەتیی لە هەڵوێستێکەوە بۆ یەکی ترو لە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ یەکی تر دەکات.

## بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

ئەوەی گرنگی ئەم هزرە زیاد دەکات، ئەوەیە کە پێکهاتەکانی دەروونی مرۆیی، کاریگەرییەکانی، پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکانی بەشێوەیەکی ورد و دروست، هەروەها لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەی کە پەیوەستن بە فاکتەری تاکێتی و وەڵامدانەوەکانی ئەوانیتر لە بارەیەوەو ئاگاداربوونی لە فاکتەری کات و مەودا و کاریگەرییان لەسەر کارلێکی تاکەکان، پەیوەندی دەروون بە ئاراستە کردنی تاك بەرەو پرۆسەی کارلێککردن، هەروەها جیاکردنەوەی کارلێکی تاکەکان لە حاڵەتە کۆمەڵایەتییە فەرمی و نافەرمیەکان و بەکارهێنانی هێماو، هێما کۆمەڵایەتییەکان وەك بنچینەیەك بۆ زانینی پاڵنەرەکانی تاك بۆ کارلێککردن خستووتە ڕوو، هەروەها بەکارهێنانی ڕەگەزە بەشییەکان بۆ پێکهێنانی بونیادی کۆمەڵایەتی (هێماو نیشانەو ماکەکان) و

کایگەریان لەسەر پرۆسەی کارلێکی تاکەکان. هەروەها بۆچوون و وێناکردنە زەینیەکانی بەکارهێناوە، کە تواناکانی تاك لە بینینی شتە نەبینراوەکان بەهۆی تێڕامانی تیۆری لە بارەی چنراوە خەیاڵییەکان دەنوێنێت یا بەهۆی پێشبینیەکانی تاك بۆ ئەو رووداوانەی کە دواتر روودەدەن وەك وێناکردنە زەینییەکانی لەبارەی بڕیار و تێبینیەکانی ئەوانیتر سەبارەت بەو. لەم پرۆسەیەدا ئەم هزرە خەسڵەت و رەفتارەکانی تاکی بە بیرکردنەوە و زانیارییەکانی لەسەر کەسەکانی دەوروبەری و جۆری بڕیاردانەکانیان لەبارەیەوە بەستووەتەوە، ئەمەش داڕشتنێکی تیۆری وردە بۆ زانینی پێکهاتەکانی لەناو کۆمەڵگەو وێناکردنە زەینییەکانی تاك دەربارەی بڕیاردانەکانی ئەوانیتر لەبارەیەوە، لەڕاستیدا ئەمانە تەنها لایەنە دەروونییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاك دەگرنەوە.

هەروەها تێبینیمانکرد ئەم هزرە ئاگاداری ئەو هێماو نیشانە کۆمەڵایەتییانەیە کە کاریگەرییان لەسەر رەفتاری تاك هەیە و پێداگیری کردووە لەسەر ئەوەی هەر، هێمایەك مانای تایبەت بەخۆی هەیە و، بۆ پەیوەندیکردن بەوانیتر و مامەڵەکردن یارمەتی تاك دەدات، هەروەها بۆ وێناکردنی زەینی بڕیارو تێبینییەکانیان لەسەر تاك و یارمەتیدەدات بۆ خۆگونجان. لەمەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هێماکان لەلایەن کۆمەڵگەوە دارێژراون و دەرکەوتوون لە پێش دەرکەوتنی رەفتاری تاك و کارلێکی لەگەڵ دەوروبەرەکەی دەرکەوتوون، واتە رەفتاری تاك لە پاش بوونی هێماو ماناکانەوە دروستبوون. کەواتە ئەم هزرە لەپێناو گەیشتن بە دیاردە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان لە دیاردە رەفتارییەکانی تاك دەکۆڵێتەوە، بە پێچەوانەی هزری ململانێخوازی یا بونیادی وەزیفی کە لەپێناو گەیشتن بە دیاردە کۆمەڵایەتی و رەفتارییە تایبەتییەکان لە دیاردە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان دەکۆڵنەوە. بە مانایەکی تر، هزری کارلێکی هێمایی لە دیوی ناوەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە بۆ گەیشتن بە دیوی دەرەوەی دیاردەکان، بەڵام هزری ململانێخوازی و بونیادی وەزیفی لە دیوی دەرەوەی دیاردەکان دەستیان پێکردوە بۆ گەیشتن بەناوەوەی دیاردەکان.




بەڵام رەخنەکانی ئێمە بۆ ئەم هزرە ئەمانەن، هزرڤانانی کارلێکخواز جەختیان لەسەر یەکێ لە سەرچاوەکانی دەروونی مرۆیی کردووەتەوە کە بریتییە لە (شارەزاییە تایبەتیەکانی تاك)، بەڵام بە فاکتەری تەمەنەوە نەیانبەستووەتەوە،. کە جاری واهایە تاك شارەزاییە کەسییەکانی لە تەمەنی کەمترە، بەمەش لەڕووی چاوەڕوانی و وێناکردنە زەینییەکانیەوە دوادەکەوێت و دەوەستێتە سەر شارەزاییە کەسییەکانی و، پێچەوانە نەکردنەوەی قۆناغی تەمەنی کە ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر وێناکردنی زەینی تاك سەبارەت بە بڕیاری ئەوانیتر لەبارەیەوە. حاڵەتی پێچەوانەی ئەوەش هەیە، کە تاك شارەزاییە کەسییەکانی لەو تەمەنەی کە هەیەتی زیاترە بەمەش رەنگدانەوەی لەسەر هەڵسەنگاندنەکانی بۆ بڕیاری ئەوانیتر لەبارەی خۆیەوە دەبێت. ئەوەی گومانی تێدانیە ئەوەیە کە ئەم شارەزاییە دەکەوێتە ژێر کاریگەری فاکتەری بڕیار، فاکتەری جۆرو فاکتەری هەڵوێستی کۆمەڵایەتییەوە، کە تاك پێیدا تێپەڕدەبێت یا ئێستا رووبەرووەی دەبێتەوە. بۆ هەر فاکتەرێك ئەندازەیەك لە ئامۆژگاری یا پەند وەرگرتن هەیە، بەڵام جاری وا هەیە تاك لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانییەوە کە پێیدا تێپەڕبووە پەند وەرناگرێت. ئالێرەدا پرسیارێك زەق دەبێتەوە: ئایا رای هزرڤانانی کارلێکی هێمایی چییە ئەگەر وێناکردنە زەینییەکانی تاك کە پەیوەستە بەڕاو بۆچوونی ئەوانیترەوە، بە شارەزاییە کەسییەکانییەوە کاریگەربوو؟ ئەوا بۆچونی تاك دەربارەی ئەوانیتر دەگۆڕێت و، ئەگەر رەنگی شارەزاییە کەسییەکانی گۆڕا، ئەوا بە رەنگێکی تر رەنگ دەبێت. بەمانایەکی تر، ئەگەر شارەزاییە کەسییەکانی رەشبینانە بوون، ئەوا بڕیاری ئەوانیتر لەسەر خۆی بە رەشبینی دەبینێت و واقیعی حاڵەتەکە پێچەوانەی سروشتی بڕیارەکانیان دەبێت، یا شارەزاییەکانی گەشبینانە دەبێت، ئەوکات پێیوایە کە بڕیارەکانی ئەوانیتریش گەشبینانەیە، یانیش شارەزاییەکانی گوماناوی بێت، ئەوا بۆچونەکانی گوماناوی لەبارەی بڕیارەکانی ئەوانیترەوە دەبێت تەنانەت ئەگەر لەبەرژەوەندی خۆشی دابێت، یا شارەزاییە کەسییەکانی

گەمژەیی یا روالّەتی دەبن، ئەوا رەنگدانەوەی لەسەر وێناکردنە زەینییەکانی بۆ بڕیاری ئەوانیتر دەبێت و رەنگە بڕیارەکانیان قوولّ و مانایەکی ئاماژەپێکراو و سنووردایان هەبێت. ئەمەش مانای وایە بۆچوونەکانی تاك دەربارەی بڕیاری ئەوانیتر ملکەچی پرۆسەیەکی تەواو ئەقلانی یا وێناکردنێکی تەندروست و دوور لە کاریگەری شارەزاییە کەسییەکان و ئاراستە و جۆرەکانی نییە، بەڵکو لە واقیعدا ملکەچی دەبێت و رەنگی دەگرێت و بە ئاراستەکانی کاریگەر دەبێت. هزری کارلێکی هێمایی ئاماژەی بەم هەموو تێبینانە نەکردووە، بەڵکو ئیکتفای بە بەستنەوەی دەروونی تاك بە کاریگەری بڕیارەکانی ئەوانیتر بەشێوەیەکی ویستراو یا میکانیکی کردووە، ئەمە کەمکردنەوەیەکە بۆ پێکهاتەکانی دەروونی مرۆیی و پەیوەندییەکانی، بەم شێوەیە وێنەیەکی تەواو بەدەستەوە نادات، کە لە هەموو لایەکەوە لەگەڵ یەکتر دەست بار بێت.

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، ئەم هزرە جۆری ئەوانیتر و کاریگەری لەسەر بڕیار و تێبینییەکانیان دەربارەی ئەو تاکەی کارلێکیان لەگەڵ دەکات روون نەکردووەتەوە، کە دەشێ جۆرێك لەوانیتر هەبن کە ئاستێکی هزری یا کۆمەڵایەتی یا کولتووری یا سیاسی یانیش ئەخلاقی کەمتریان بۆ ئاراستەکردنی کارلێکی ئەو تاکەی کە کارلێکیان لەگەڵدا دەکات هەبێت ئەگەر کاریگەری ئەو لە جیاتی بڕیارەکانی ئەوانیتر لەسەریان زیادبکات، وەکو چۆن هزری کارلێکی هێمایی گریمانەی کردووە- لێرەدا هاوکێشەی کارلێك جیاواز دەبێت-، بەشێوەیەك کاریگەری تاك لەسەر ئەوانەی کە کارلێکیان لەگەڵدا دەکات دەبێت، نەك بە پێچەوانەوە. ئێستا هەنگاوێك بەرەو پێش دەڕۆین و بۆئەوەی کەم و کورتییە تیۆرییەکانی بزانین تیشك دەخەینە سەر ئەم هزرە، شارەزاییە کەسییەکانی ئەوانیتر و کاریگەری لەسەر جۆرو ئەندازەی کارلێکیان لەگەڵ تاك لەبەرچاو نەگرتووە. رەنگە ئەم شارەزاییانە چڕ و قووڵ و بەرفراوانیان لە شارەزاییەکانی تاك لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا کەمتر بێت، بەمەش کۆنترۆڵی تاك بۆ کارلێککردن و ئاراستەکردنی کارلێك بۆ ئەو رێچکەیەی کە دەیەوێت زیاتر دەبێت ، نەك بە پێچەوانەوە وەك ئەم هزرە گریمانەی کردبوو.



با لە گۆشەیەکی ترەوە لەگەڵ ئەم هزرە گفتوگۆ بکەین، دەروونی مرۆییە، کە لە سەرەتاوە ئەم هزرە هەستی پێکردووە و وایداناوە، کە دەروونی مرۆیی لە پرۆسەی بۆماوەییەوە دروستنابێت، بەڵکو پێداگیری لەسەر دەکات کە شتێکی وەرگیراوەو تاك لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە دەستی دەکەوێت، لە لایەکی ترەوە دەروونی بۆ دووبەش دابەشکردووە، یەکەم خودی تاکایەتی و ئیگۆی کۆمەڵایەتییە و پێیوایە خودی تاکایەتی بریتییە لە پێکهاتەیەکی ئەندامی، کە بۆ را و حوکمی ئەوانیتر وەڵامدانەوەی هەیە ، لێرەدا ئەمە دانپێدانانێکی نادیارە لەسەر ئەوەی کە خود یەکەیەکی بایۆلۆژییە، واتە بۆماوەییە. لێرەدا گریمانەی یەکەم ئەوەی شیکردەوە کە دەروونی مرۆیی لە نیوەیەکی بۆماوەیی و ئەویتر وەرگیراو پێکهاتووە، ئەمە دژی ئەوەیە کە دەڵێت: دەروون بۆماوەیی نییە، بەڵکو بە هەموو لایەن و بەشەکانییەوە وەرگیراوە. ئەمەش لە نێوان چوارچێوەی دەروون و ناوەڕۆکەکەی دژیەکیەکە کە ئەم هزرە پێشکەشی کردووین. دەتوانین پاش لادانی ئەو دژایەتییەی کە تێیکەوتووە دەروونی مرۆیی روون بکەینەوە ، ئەویش بەم شێوەیە:




**شێوەی ژمارە –8–**

ئەم هزرە ئەوەی بۆ روونکردووینەتەوە کە لە حاڵەتێك ئەگەر ئیگۆی کۆمەڵایەتی وەڵامدانەوەی بۆ راو بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیترو کاریگەری لەسەر خودی تاکایەتی نەبوو ، ئەوا خود چی بەسەر دێت؟ ئایا

دەروونێکی نەخۆش و نەشاز دروست دەبێت؟ یا چی؟. بە مانایەکی تر، ئایا هەردەم ئیگۆی کۆمەڵایەتی وەڵامدانەوەی بۆ کاریگەرییەکانی ئەوانیتر هەیە؟ ئایا خودی تاکایەتی هەردەم و بەشێوەیەکی بەردەوام وەڵامدانەوەی بۆ ئیگۆی کۆمەڵایەتی هەیە؟ پەیوەندییەکان و رەنگدانەوەو وەڵامدانەوەکانی خود بۆ ئیگۆ و رای ئەوانیتر تەواو میکانیەکیە؟ یا جیابوونەوە لە نێوانیان هەیە ؟. ئەم جۆرە پرسیارانە هزری کارلێکی هێمایی ئاماژەی پێنەکردوون، تەنها ئیکتفای بە دانانان بەبوونی جیاوازی و دژایەتی لە نێوان خود و ئیگۆ کردووە ، بەڵام پلەو جۆری ئەم جیاوازی و دژایەتیانەی روون نەکردووەتەوە، ئایا لەناکاو روودەدەن یا دووبارەن؟ کاریگەری ئەمە لەسەر کارلێکی تاك و پێکهاتنی دەروونە کۆمەڵایەتییەکەی چەندە ؟.

زێتر لەوە ئەم هزرە جەختی لەسەر ئەو ناوە کردووەتەوە، کە تاك بۆ ئەوەی جیاوگەیەکی تایبەتی لە رووی ئیعتباری کۆمەڵایەتییەوە هەڵیگرتووە پێببەخشێت، ئەمەش مانای وایە ئیعتباری کۆمەڵایەتی تاك لە رێگای بڕیار و هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیترو لە خودی تاکایەتی و ئیگۆی کۆمەڵایەتییەوە نەهاتووە. ئەمە یەکەم جیاکرنەوەیە لە نێوان تاك و هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیتر، ئەوەی کە هانی تاك دەدەن بۆ ئەوەی وەك ئامرازێکی کاریگەر لە کارلێککردنی لەگەڵیان و دیاریکردنی ئاستی کارلێککردنی و ئەزموونکردنی جۆری ئەوانەی کە ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراویان هەیە، بۆئەوەی رێگایان پێبدات کە کاریگەرییان لەسەری هەبێت و هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیتری قبووڵبێت. ئەم راستییە سەرەکییە هزری کارلێکی هێمایی ئاماژەی پێنەکردووە.

بە بەردەوامبوون لەسەر ئەم کەم و کورتییە تیۆریانەو ناتەواوی وێنەی کارلێکی هێمایی لە نێوان تاکەکان، ئەم هزرە روونی نەکردووەتەوە ئایا تاك ئازادە یا کۆت کراوە، یا سەرپشکە، یانیش بە هەڵبژاردنی جۆر و ژمارەی ئەوانەی کارلێکیان لەگەڵدادەکات و هەڵسەنگاندنەکانیان قبووڵ دەکات دەردەستکراوە (ملزم). دەشێ تاك هەڵسەنگاندنی ئەوانەی کە هەمان ئیعتباری کۆمەڵایەتی، یا هەمان ئاستی



هزرییان نییە بە تایبەتی ئەوانەی ئیعتباری کۆمەڵایەتی نزمتر لەویان هەیە، یا ئەوانەی ئاستی رۆشنبیری یا کۆمەڵایەتی یا سیاسییان لەو نزمترە رەتبکاتەوە. تەنانەت فاکتەری تەمەنیش رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی قبووڵکردنی تاك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر دەبینێت. جاری واهەیە گەنج هەڵسەنگاندن یا تێبینییەکانی منداڵ لە بارەی خۆی قبووڵ ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو شارەزایی کەسێتی لە منداڵەکە فراوانتر و قووڵترە. لە هەندێ کۆمەڵگەدا جۆری رەگەز رۆڵێکی کارا لە قبووڵ نەکردنی هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر لەسەر تاك دەبینێت. بۆیە دەبینین پیاوان بۆچوون و هەڵسەنگاندن و رای ژنانیان قبووڵنیە، ئەمە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا بژین کە جیاوازی رەگەز مومارەسە بکات، چونکە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا پێگەو رۆڵی پیاو لە پێگە و رۆڵی ژن بە باشتر دادەنرێت. ئەم جۆرە حاڵەتە کۆمەڵایەتییانە هزری کارلێکی هێمایی ئاماژەی پێنەکردوون.

ئەگەر زیاتر وردبینەوە دەتوانین بپرسین: ئایا تاك هەمیشە وێنای راو بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر لەسەر خۆی پێش رەفتارکردنی دەکات ؟ چونکە کەسی واهەیە بەحوکمی راهاتن یا دووبارەبوونەوە رەفتار دەکات، واتە کاتێك تاك فێری جۆرێك لە رەفتار دەبێت درك بەوە دەکات کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە قبووڵکراوە و کۆمەڵگە داوای ئەم جۆرە رەفتارەی لێدەکات، بۆیە خۆی ماندوو ناکات تا پێشوەختە بیری لێبکاتەوە یا بیر بکاتەوە لەوەی پێش ئەوەی رەفتارەکە بنوێنێت ئەوانیتر چ رایەکیان لە بارەیەوە هەیە، بەڵکو لە خۆوە بێ بیرکردنەوە یا خەیاڵکردنەوە لەبارەی هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر رەفتارەکە دەکات. لە هەندێ حاڵەتدا تاك رەفتارێکی دیاریکراو وەك داخوازییەك بۆ حەزو ئارەزووە تایبەتییە خودیەکانی ئەنجامدەدات، بە تایبەتی لە شوێنە تایبەتییەکان، لێرەدا ملکەچی هیچ جۆرێك لە هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیتر نابێت. حاڵەتی وا هەیە تاك وەك ئەنجامێك بۆ داواکارییەکانی ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە دەیبینێت، یا پێداویستییەکانی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی کە ملکەچە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر رەفتار دەکات.

پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە: ئەگەر وامان دانا تاك هەڵسەنگاندنی ئەوانیتری دەربارەی خۆی وێناکرد ، ئایا هەردەم بە پێی ئەوە رەفتار دەکات؟. لە هەندێ حاڵەتدا پابەند نابێت پێی، لەبەر ئەوەی یان رازی ناکات، یا لەگەڵیا توندە یانیش پێداویستی و ئامانج و مەبەستەکانی تێرناکات، یا لەبەر ئەوەی پارەیەکی زۆری تێدەچێت کە ناتوانێت لە ژێر باریا دەرچێت، یا ماوە زەمەنییەکە کەمەو بۆ دەستەبەرکردنی یارمەتی نادات یا هەڵسەنگاندنەکانیان قورسن و تاك نەتوانێت پراکتیزەیان بکات. بۆیە لەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەی کە رووبەڕووی دەبێتەوە پاشەکشە دەکات. پرسیاری سێیەم ئەوەیە، ئەوانیتر کێن؟ پێگەی کۆمەڵایەتیان سەبارەت بەو لە کوێیە؟ ئایا بەرزترە یا نزمترە؟ پلەی نزیکیان، ئایا لە رووی خوێن و نەسەب و خزمایەتییەوە لێوەی نزیکن؟ یا شوێنی جوگرافییان هاوبەشە یا لە هەمان چینی کۆمەڵایەتی و پارتی سیاسی یان سەندیکای پیشەیی ئەندامن؟ و شتی لەم جۆرە. پرسیاری چوارەم، ئایا جۆری بڕیار و هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیتر چییە؟ ئایا سەبارەت بە تاك نێگەتیڤ یا پۆزەتیڤە؟ ئەگەر نێگەتیڤبوو ئەندازەی پابەندبوونی پێوەی چەندە؟ ئەگەر پۆزەتیڤیش بوو ئەندازەی پابەند بوونی پێوەی چەندە؟ تاچەند بڕوای بە هەڵسەنگاندن و بڕیارەکانی ئەوانیتر هەیە؟.

هەموو ئەو پرسیارانەی کە وروژاندمان لە ناوەڕۆکی تیۆری هزری کارلێکی هێمایی وەڵاممان دەست نەکەوتن، ئەم هزرە و بە شێوەیەکی شاردراوە یا نادیار لێیان گەڕاوە و ئاماژەی پێنەکردوون، بۆیە دەبینین ئەم هزرە لەڕووی خستنە رووی لایەنە سەرەکییەکانی رەفتاری تاك کەم و کورتی هەیە. لەسەر بنچینەی ئەو کەم و کورتی و وێناکردنە هزرییانەوە دەتوانین بڵێین: ئەم هزرە بۆ دانانی پێوان و یاسای تایبەت بە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە زۆر پێویستی بە قۆناغێکی تری تەواوکار هەیە. هەموو کارلێك و پەیوەندییەکی تاکەکان یەك شت نین، بۆیە دەبێت ئەم شتانەی لای خوارەوە گرنیگان پێبدرێت و لەبەرچاو بگیرێن:



1- جۆری ئەوانیتر و ژمارەیان.

2- ئاستی هزری، چینی، سیاسی، ئایینی و رەگەزی ئەوانیتر.

3- ئاستی هزری، چینی، سیاسی، ئایینی و رەگەزی ئەو تاکەی کارلێك لەگەڵ ئەوانیتر دەکات.

4- بەستنەوەی بابەتی کارلێك و ئاراستە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان بە پلەو جۆری کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە.

5- دیاریکردنی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی کارلێك لەسەر هەریەك لە تاك و ئەوانیتر.

6- دیاریکردنی کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی کارلێك لەسەر هەریەك لە تاك و ئەوانیتر.

7- بەستنەوەی تەمەنی تاك بە جۆر و چەندێتی شارەزاییە کەسیەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، چونکە جیاوازی و نەگونجانێك لە نێوان قۆناغی تەمەن و چەندێتی و جۆری شارەزاییە کەسیەکاندا هەیە.

8- بەستنەوەی تەمەنی ئەوانیتر بەجۆر و چەندێتی شارەزاییە کەسیەکانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا.

9- بەستنەوەی ئەو پێگە کۆمەڵایەتیەی کە هەریەك لە تاك و ئەوانیتر هەیانە، ئەوانەی لە پرۆسەی کارلێککردندا بەشدارن.

10- بەستنەوەی بۆچوونی تاك بەبۆچوونی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیت، کە تاچەند لەگەڵیا گونجاوە، یان تاچەند بەهاو نەریت و رێسا یان رێکخراوەکانی زەق دەکاتەوە، چونکە ئەمە کاریگەری لەسەر رادەی قبووڵکردنی تاك بۆ هەڵسەنگاندن و حوکمی ئەوانیتر هەیە.

11- لێکۆڵینەوە لە کاریگەری قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی گشتی لەسەر ئەندازەی کارلێکی تاکەکان و ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی لە کارلێککردنیان یارمەتیان دەدات. هەندێ لە کۆمەڵگەکان بە گۆڕانە سیاسییە خێراکان دەناسرێن، کە دەبێتە هۆی شپرزەیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سەربازی، ئەمەش لە ڕادەی سروشتیبوون و دروستی کارلێکی

کۆمەڵایەتی تاکەکان کەمدەکاتەوە، بۆیە بابەتە سیاسییەکان -زیاتر لە بابەتەکانی تر- جێگای کارلێکی نێگەتیڤن تا پۆزەتیڤ.

12- ڕادەی گرنگی فاکتەری ویژدان و سۆزداری لەو کۆمەڵگەیانەی بەوە دەناسرێن، کە پەیوەندی خزمایەتی کاریگەری لەسەر چڕی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە، هەروەها بەراوردکردنی لەگەڵ فاکتەری ڕێنیشاندان یا ئەقڵانی لەو کۆمەڵگەیانەی بە بوونی پەیوەندی رووکەش یا نادیار دەناسرێن و کاریگەری لەسەر ئەندازەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە.

ئەمانە کۆمەڵێك پێشنیاری تیۆرین کە ڕووبەڕووی هزری کارلێکی هێماییان دەکەینەوە بۆ ئەوەی ئەم هزرە لە قۆناغی کامڵبووندا لەپێناو گەیشتن بە هزرێکی کامڵ لە هەموو ڕوویەکەوە لەخۆی بگرێت، بە پێچەوانەی واقیعی کارلێکی هێمایی بێت.

لەکۆتایی ئەم بەشەدا هەڵسەنگاندنی ئەو شتانەی کە بیرمەندانی ئەم هزرە پێشکەشیان کردووین دەخەینەڕوو. بە جۆرج مید دەستپێدەکەین، کە لە ڕوونکردنەوەکانی بۆ پرۆسەی کارلێککردن، بە کارلێکی نێوان تاکەکان دەستیپێکردوە و هێماکان لە ڕێی ماناکانیانەوە بەهۆی زمان بەکاردەهێنێت ، بەو پێیەی کە ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە کارلێککردن کە پێگەو ڕۆڵی تاکە کارلێککارەکانی فەرامۆشکردووە، چونکە ئەمانە (پێگە و ڕۆڵ) بنچینەیەکن بۆ دەستکردن بە پرۆسەی کارلێك کاریگەری پاشان بەهێما و مانای ئەم هێمایانە. تاك لەگەڵ ئەوانەیتردا پێگەیەکی کۆمەڵایەتیان هەیە کارلێکدەکات جا ئەم پێگانە یەکسان نزمتر یا بەرزتربن لە پێگەی تاك، ئەمەیە کە مید لە لێکۆڵینەوەکانیدا بۆ پرۆسەی کارلێککردن فەرامۆشیکردوون، کە جەختی لەسەر ڕوونکردنەوەی کارلێککردن بەشێوەیەکی گشتی کردووەتەوە بێ ئەوەی ڕەگەزو تەمەن و وەزیفەی کارلێککارەکان یا ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئایینیان لەبەرچاو بگرێت، بەڵکو مید ڕاستەوخۆ بەرەو هێماو مانا و زمانیان ڕۆیشتوو و



وەك بنچینەیەك بۆ کارلێککردن. ئەم هەنگاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکانی کارلێککردن زۆر پێویستە، بەڵام لەو ڕووەوە کە لەسەرەوە باسمانکردن کەم و کورتی هەیە. دەتوانین ئەم هەنگاوەی مید بە هەڵوەستەیەکی شیکاری بۆ شیکردنەوەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دابنێین. لەگەڵ ئەوەی جۆرج زیمێل لەم ڕووەوە ئاگاداری ئەم کەم و کورتییانەبوو، لەگەڵ کاریگەربوونی هەموو ئەندامانی قوتابخانەی شیکاگۆ، بەهزرەکانی زیمێل کە یەکێ لە جەمسەرەکانی مید بوو، هەروەها پێش هزرەکانی مید سەریهەڵدا، کەچی مید لە لێکۆڵینەوە شیکاریەکەی بۆ پرۆسەی کارلێککردن لەبەر چاوی نەگرتن.

ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژە پێکردنە، ڕوونکردنەوەی ئاوڕنەدانەوەی جۆرج زیمێلە بۆ لێکۆڵینەوەی دەروون یا هزر یا زمان یا هێماکان وەکو چۆن جۆرج مید کردی. بەڵکو لە هزرەکانیدا تەنها ئیکتفای بە لێکۆڵینەوە لە کارلێکی نێوان گرووپی پێکهاتوو لە دوو ئەندام یا سێ کردووە. تایبەتمەندی و نهێنییەکانی وەك ئامرازێکی بەهێزکردن و توند و تۆڵکردنی بەندەکانی کارلێککردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێناوە، فاکتەرە خودییەکانی تری ، وەك بەرژەوەندی تایبەتی، حەزو ئارەزووی تاکایەتی و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەك پێویستی وەزیفی- کۆمەڵایەتی فەرامۆشکردووە. لێرەدا توانا هزرییە قووڵەکانی مید بۆ دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی هزری کارلێکی هێمایی و تاوتوێکردنی لەپێناو گەیشتن بە ڕەگەزەکانی دەروونی مرۆیی و پێکهاتەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی زیاتر لە زیمێل دەردەکەوێت، کە هەموو ئەمانەی فەرامۆشکردووە و، تەنها بە کارلێکی نێوان دوو تاك یا سێ دەستی پێکردووە.

دەبێت ڕاڤەو شرۆڤەکانی (کولی) مان بۆ پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بیرنەچێت، کە جەختی لەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤ کردووەتەوە و بایەخێکی تەواوی بە هەردووکیان داوە، هەروەها بایەخی بە چەمکی وێناکردن و چەمکی دەروون داوە. ئەم ئاوڕدانەوە زیرەکانەیە هەریەك لە زیمێل و مید ئاگاداری نەبوون، بەڵام ئەم لەگەڵ مید لەبارەی دیاریکردنی چەمکی دەروونەوە جیاوازبوو.

دەروون لای کولی بریتییە لە چەندین هزر، بەڵام لای مید لە خود و ئیگۆ پێکهاتووە، بەڵام کولی کەوتە ناو هەڵەیەکی تیۆرییەوە کاتێك وتی ((من وێنای ئەقڵی تۆ دەکەم بە تایبەتی دەربارەی ئەوەی چۆن بیر لە ئەقڵی من دەکەیتەوە، واتە تاکی (أ) وێنای ئەقڵی تاکی (ب) دەکات بەتایبەتی دەربارەی ئەو شتانەی تاکی (ب) دەربارەی ئەقڵی تاکی (أ) بیریان لێدەکاتەوە. ئەم پەیوەندیە (وێناکردن و ئەقڵ) تەواو ئاماژە بە بوونی پەیوەندیەك و مەعریفەیەکی لەوەوپێشی نێوان تاکی (أ) و تاکی (ب) دەکات، چونکە چۆن تاکی (أ) دەتوانێت وێنای ئەقڵی تاکی (ب) بکات ئەگەر ناسینێکی پێشوەختە لە نێوانیاندا نەبێت؟ چۆن تاکی (ب) ئەقڵی تاکی (أ) دەناسێت ئەگەر پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا نەبێت؟. کەواتە کولی لە بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی پاش دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە، کە پێچەوانەی واقیعی کۆمەڵایەتییە، چونکە زۆربەی کاتەکان کارلێك پێش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێت، ئەوەش پێچەوانەی ئەو دەرەنجامانەی کە کولی لە لێکۆڵینەوەکانیدا پێی گەیشتووە، بەوەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێش کارلێککردن دروستدەبن.

ئەوەی شایانی باسە لەم رووەوە هزری کارلێکی هێمایی سەلماندی کە دەروونی مرۆیی لە خود و ئیگۆ پێکهاتووە، ئەم پێکهاتەیەش لە بۆچوونەکانی کولی جیاوازە، کە پێیوابوو دەروون کۆمەڵێك هزرە و جیاوازیەکی ئاشکرا لە نێوان هزرەکان و خود و ئیگۆدا هەیە. لەگەڵ ئەوەی تیۆرەکەی کولی جەختی لەسەر هزرەکانکردوەتەوە، بەڵام ئەو جۆر و پێکهاتە یا رەهەندەکانی دیاری نەکردووە، ئایا کەسێتیە یا کۆمەڵایەتی؟. تەنانەت کولی پێیوایە هەست و درککردن بریتیین لە هزرەکان. لێرەدا کولی رەگەزەکانی خود و دەروونی لە قاڵب داوە، ئەویش قاڵبی ئەقڵانییە کە شتێکی واقیعی نییە یا بابەتیانە نییە، چونکە خود بۆماوەییە و ئیگۆش کۆمەڵایەتییە و دەروون لە هەردووکیان پێکهاتووە، هەندێجار ئەقڵ کار لە دەروون دەکات نەك هەموو کاتێك، کەواتە ئەو- واتە دەروون- کۆمەڵە هزرێك نییە.



سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، کولی بڕوای وابوو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ئەقڵانی کارلێکدەکەن، سۆز یا ویژدان یا پەیوەندی خۆشەویستی هیچ تێکەڵاوبوونێکیان لە نێواندانییە. هەروەها ئەوەشی روونکردووەتەوە کە چ گرووپێکی کۆمەڵایەتی کارلێکی ئەقڵانی تێدا روودەدات؟ بە تایبەتی ئەو لە نێوان دوو گرووپی مرۆیی جیاوازی کردووە، کە یەکەمیان گرووپی یەکەمییە و دووەمیان گرووپی دووەمییە.

لە قسەکانمان لەبارەی هزری کولی هەنگاوێك بەرەوپێش دەڕۆین و پرسیارێك دەوروژێنین، ئەویش ئەوەیە: چی روودەدات ئەگەر هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی ئەقڵی تاکی (أ) بۆ ئەقڵی (ب) دەربارەی ئەو شتانەی ئەقڵی بیری لێدەکاتەوە هەڵەبوون یا زۆر بە دیقەت نەبوو؟. لە ناوەڕۆکی تیۆرەکەی کولی وەڵامان بۆ ئەم پرسیارە وەڵامان دەستنەکەوت یا ئاماژەکردنێك بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە بەدی ناکرێت. دەتوانین لە ئەنجامی ئەمەوە بگەینە ئەوەی، کە کولی لە گریمانەیەکی زبر و وەستاوەوە دەستی پێکردووە، چونکە ئەو وایداناوە کە تاکی (أ) هەردەم و بە شێوەیەکی راست و دروست وێنای ئەقڵی تاکی (ب) دەربارەی چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەقڵی دەکات، ئەمەش پێچەوانەی واقیعە. دەتوانین پرسیارێکی تر بکەین سەبارەت هزری کولی و بڵێین: بۆچی وادانێین کە تاکی (ب) هەمیشە دەربارەی ئەقڵی تاکی (أ) بیردەکاتەوە؟ ئەی نابێت تاکی (ب) بیر لە ئەقڵی تاکی (أ) نەکاتەوەو رەنگە هیچ گرنگیشی پێنەدابێت، بەئەنقەست یا بەئەنقەست نەبێت- لێرەدا رەفتاری تاکی (أ) بەرامبەر تاکی (ب) چۆن دەبێت؟.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی سەرنجمان رادەکێشێت لە هزری کولی ئەوەیە، رەنگدانەوەی دەروون لەسەر ئاوێنەی کۆمەڵگە کە کولی دایناوە، لە ئەنجامی حساباتی بۆچونێکی رێکخراوەوەیە، ناکرێ ئەمە هەمیشە لەلای تاك رووبدات و، ناتوانێت بە شێوەیەکی رێکخراو وەکو چۆن کولی دایناbووئەنجامی بدات. لە زۆر حاڵەتدا تاك لەگەڵ ئەوانیتر بەهۆی بوونی جۆرێك لە کارلێکی کۆمەڵایەتی کارلێکدەکات کە لەلایەن کۆمەڵگەوە بەسەریا سەپاوە، هیچ دەسەڵاتێکی لە

گۆڕینی یا فەرامۆشکردنیدا نییە، جاری واهەیە تاك کۆمەڵایەتییەکانییەوە دێت لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی بێ گەڕانەوە بۆ ئەقڵی ئەوانیتر بە دەنگ کاریگەرییە ژینگەییە. لێرەدا پرسیارێك زەق دەبێتەوە: ئایا ئەوانیتر کێن؟ ئەندامی گرووپی یەکەمی یا گرووپی دووەمین؟. چونکە جیاوازییەك لە کارلێکی ئەندامانی هەر یەکێ لەم گرووپانەدا هەیە. کارلێکی تاکەکانی گرووپە یەکەمیەکان بەهۆی بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکان کە لەسەر بنچینەی خوێن یا ویژدان دامەرزاوە، ویژدان یا سۆزداری زیاترە لە کارلێکەکانی تر، بە پێچەوانەی گرووپە دووەمییەکان بەهۆی زاڵبوونی پەیوەندییە فەرمییەکان لەناو ئەم گرووپانەدا لە کارلێکی تاکەکان رووکەش یا نادیار دەبێت.

لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندنی ئەو هزرانەی هەریەك لە پارك و برجس هێناویانەتە ئاراوە دەخەینە روو ئەم زانایانە تێیدا جۆرەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتییان پۆلین کردووە، ئەمەش هەنگاوێکی تیۆری دروست و گرنگە و، هیچ یەکێ لە بیرمەندە کارلێکخوازەکان بەسەریدا نەپرژاون. هەروەها هۆکارەکانی کارلێکیان دەسنیشانکردووە و، فاکتەری بەرژەوەندی تایبەتییان زەق کردەوەتەوە و، جۆری ئەو کۆمەڵگەیانەی کارلێکە جۆراو جۆرەکانیان تێدا روودەدات دیاریکردووە، هەروەها نایەکسانی تاکەکان لە پرۆسەی کارلێککردن لەبەر چاوگرتووە، ئەمەو بە شێوەیەکی روون رێگاکانی کارلێکیان لە حاڵەتی ململانێ و کێبەرکێ و کامڵبوون و دەستباربوون دیاریکردووە. ئەم ئاوڕدانەوە تیۆرییە زۆر گرنگە و لایەنێکی چالاك لە هزری کارلێکی هێمایی پێکدەهێنێت، بەڵام پارك و برجس لێکۆڵینەوەیان لە بارەی پێکهاتەکانی دەروونی مرۆیی وەك چۆن مید ئەنجامیداوە نەکردووە، هەروەها پێکهاتەکانی ئەقڵی مرۆیی بۆ دیاریکردنی پرۆسەی کارلێککردن وەك چۆن کولی روونی کردووەتەوە دەستنیشاننەکردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم بابەتانە لەلایەن زانایانی پێش ئەوان باسکراون و بۆیە پێویست بە دووبارەکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ناکات.

بەڵام کۆفمان لە لێکۆڵینەوەکانیدا باس لە، پێگەی تاك لە پرۆسەی کارلێککردن دەکات کە هیچ یەکێ لە زیمێلّ، مید، کولی، پارك و برجس نەپرژاونەتە سەریا تا بۆ



کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی تاك و ئەوانیتر و گرنگی لە ئاراستەکردنی کارلێککردن بیکەن بە بنچینەیەك. کۆفمان توانا وردەکارەکانی کاتێك جۆرەکانی تێڕوانین و وێناکردنەکان کە تاك لەکاتی کارلێککردن دەیخاتەڕوو لە یەکتر جیادەکاتەوە زیاد دەکات. ئەم کارەی کۆفمان ئەو شتانەی کە هەریەك لە پارك و برجس بۆ دابەشکردنی جۆرەکانی کارلێککردن خستویانەتە روو روون و تەواو دەکات. نووسینەکانی کۆفمان ئاماژە بە راستێتی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی تاك یا ئەوانیتر پێش پرۆسەی کارلێککردن دەکات و، هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانیان دیاریدەکات، ئەمەش بۆ پرۆسەی کارلێکخوازی بیرکردنەوەیەکی سەرەکییە.

ئەوەی لە نووسینەکانی کۆفمان سەرنجمان رادەکێشێت، ئاگاداربوونیەتی لە راستیەکی سەرەکی، ئەویش ئەوەیە کە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوانیتر ناتوانن کۆنترۆڵی کارلێکیان لەگەڵ تاك بکەن، بەڵکو بە هەمانشێوە تاکیش ناتوانێت لەکاتی دەستکەوتنی زانیاری دەربارەیان و لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانەی کە دەیەوێت کۆنترۆڵی ئەوانیتر بکات، ئەم ئاوڕدانەوە زیرەکانەیە هەریەك لە زیمێلّ، مید، کولی، پارك و برجس لبەر چاویان نەگرتووە.

پێویستە ئەوە ، ئەو هەڵە دیارەی کە بیرمەندانی کارلێکی هێمایی تێیکەوتوون روونی بکەینەوە، لە بارەی وێناکردنی کاریگەری ئەوانیترە لەسەر تاك و گرنگیدانی تاك بە هەڵسەنگاندنەکانی ئەوانیتر، زیادەرۆییان کرد. بەڵام ئێمە پرسیارێك دەکەین ئەویش: ئایا راڤەی بیرمەندانی ئەم هزرە بۆ بایەخی ئەوانیتر بە هەڵسەنگاندن و تێبینییەکانی تاك دەربارەی خودی ئەوان چییە، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو ئەم تاکە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری توێژبەندی لەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتی داگیرکردبوو؟. وەکو چۆن ئێمە دەزانین و بیرمەندانی ئەم هزرەش دەزانن هەر کۆمەڵگەیەك شوێنگەی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە کە بەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتی پلەبەندکراوە بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك، کە پێگەی بەرزو مامناوەند و نزمی تێدایە، ئەو تاکانەی پێگەی نزم لە توێژبەندی کۆمەڵایەتی داگیردەکەن، هەڵسەنگاندن و تێبینییەکانی خاوەن پێگە بەرزترەکان لەبەرچاو

دەگرن. بەمانایەکی تر، هەڵوێستی ئەوانیتر سەبارەت بەهەڵسەنگاندن و بڕیاری سەرکردەکانیان لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە فەرمییەکان چییە؟ هەڵوێستی ئەوانیتر بەرامبەر بڕیارو هەڵسەنگاندن و تێبینیەکانی سەرکردە ڕۆحییەکانیان لە ڕێکخستنە ئاینییەکان یا سەرکردەی سیاسی لەناو پارت یا سەرکردەی خێڵەکی یا سەرۆکی تیرە چییە؟. ئەم پرسیارانە بوون کە هزری کارلێکی هێمایی لەخۆی نەگرتبوون، بەڵکو لە بارەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گشتی ئەبستراکت بێ ئەوەی بیخاتە ژێر واقیعێکی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر و جیاواز و گۆڕاوەوە، لێکۆڵینەوەکانی ئەمەش ڕەهەندەکانی هزری کارلێکی هێمایی لە رووی تیۆری و پراکتیزەییەوە سنووردار دەکات.

هیچ گومانی تێدانییە کە دەتوانین بەشداریکردنەکانی ئەو بیرمەندانە بۆ بونیادنانی هزری کارلێکی هێمایی لەسەر شێوەی چەند خاڵێك و بەم شێوەیە پوختبکەینەوە:

1- **مید**: پێکهاتەکانی دەروونی مرۆیی و کارلێکی کۆمەڵایەتی دیاریکردووە.

2- **زیمێڵ**: لێکۆڵینەوەی لەسەر سەرەتای کارلێکی نێوان دوو تاك، سێ تاك کردووە و هیچ گرنگییەکی بە چەمکی ئەوانیتر نەداوە.

3- **کولی**: لەسەر بۆچوونە ئەقڵییەکان زیاتر لە پێکهاتەکانی دەروون و کارلێککردن جەختیکردووەتەوە.

4- **پارك و برجس**: جۆرەکانی کارلێکیان پۆلێنکردووە. ئەو شتانەی کە بیرمەندانی پێش خۆیان ئاماژەیان پێکردبوو دووبارە نەکردووەتەوە.

5- **کۆفمان**: بۆ لێکۆڵینەوە لە کارلێکی هێمایی بە چەمکی درککردنی تاك لەبارەی گرنگی ئەوانیترەوە دەستی پێکردووە، پرۆسەی کارلێکی تاکی لەگەڵ ئەوانیتر پۆلێنکردووە، هەروەها بایەخی ئەوانیتری سەبارەت بە تاك نەك هەموو ئەوانیتر. ئەوەی بیرمەندانی تری پێش خۆی سەرنجیان نەداوە دیاریکردووە و گرنگیداوە بەتواناکانی تاك بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوانیتر بەهەمان ڕێژەی تواناکانی



ئەوانیتر لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو، ئەمەش لە ڕێگەی بوونی زانیاری سەبارەت بەوانیتر ئەنجامدەدرێت نەك لە ڕێگەی پێگە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە.

ئەو ئەنجامانەی کە لە هەڵسەنگاندنەکانمانەوە لەبارەی هزری کارلێکخوازی پێیگەیشتووین لەسەرمان پێویستدەکات کە ئەم هزرە لەگەڵ هزری ململانێخوازی و بونیادی وەزیفی بەراورد بکەین ئەویش بەم شێوەی خوارەوە:

1- هزری کارلێکخوازی لە ناوەوە تەماشای کۆمەڵگە دەکات لە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتییەوە کە ڕەفتارە دەستپێدەکات لەپێناو گەشتن بە یەکەی گەورەتر، وەك چین، سستەم یا کولتوور، بەڵام نەگەیشتە ئەوەی کە ڕەفتار بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە یا بە سستەمەکانییەوە ببەستێتەوە، بە پێچەوانەی هزری بونیادی وەزیفی کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە دەست پێدەکات لەپێناو گەیشتن بە ناوەوە، بۆ ئەمەش یەکەی کۆمەڵایەتی گەورەی وەك، سستەم، دامەزراوەکان، شێوازەکان لەپێناو گەیشتن بە یەکە بچووکەکان بەکارهێناوە. واتە ئەمیان لەپێناو گەیشتن بە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی تاك لەبونیادی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی کۆڵیوەتەوە. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوو هزرە (کارلێکخوازی و بونیادخوازی) لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی هزری ململانێخوازی جیاوازن، واتە لە ڕێگەی بەیەکەوە بەسترانی یەکە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان بە گەورەکانەوە، بە زانینی چەندێتی بەیەکەوە بەستران و کارلێککردنیان یا چەندێتی ململانێی نێوانیان دەگات، تەماشای شێوەی ژمارە -9- بکە:




**شێوەی ژمارە–9–**

2- زێتر لەوەش هزری کارلێکی هێمایی وێکچوون و زاراوە میکانیکیەکانی لە لێکۆڵینەوەی لە رەفتاری مرۆیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارنەهێناوە وەکو چۆن هزری بونیادی وەزیفی بەکاریهێناون.

3- ئەم هزرە زاراوە ئەبستراکتەکانی بەکارنەهێناوە، وەکو چۆن هزری بونیادی وەزیفی بەکاریهێناون.

4- بیرمەندانی کارلێکخوازی لە سەر یەکێ لە جەمسەرەکانی سروشتی مرۆیی لێکۆڵینەوەیان نەکردووە (کامڵبوون، ناکۆکی، دەستباربوون، ململانێکردن)، وەکو چۆن بیرمەندانی هزری بونیادی وەزیفی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەستباربوون و، بیرمەندانی هزری ململانێخوازی، لێکۆڵینەوەیان لەسەر ناکۆکی و ململانێ کردووە.

جگە لەوەش لە رێگەی ئەو بەشدارییە هزرییانەی زانایانی ئەم هزرە خستویانەتە روو. دەتوانین بە پوختەیەکی سەرەکی بگەین، بەم شێوەیە ئەم هزرە لەم بوارانەی خوارەوەدا خاوەنی رەهەندی تیۆری و پراکتیزەیی دیاریکراوە:

1- **لەبواری دەروونی مرۆیی**: لەبارەی دروستبوونی دەروونی مرۆیی لای منداڵ لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە. واتە قۆناغی منداڵی وەرگرتووە و لەم قۆناغەدا وەستاوەو لەبارەی دەروون لە قۆناغەکانی تری تەمەن لە لێکۆڵینەوەکانی بەردەوام نەبووە. بۆیە دەپرسین: ئایا دەروونی مرۆیی لەلای منداڵ وەکو ئەوەیە کە لەلای مرۆڤی پێگەیشتوو هەیە؟ یا دەگۆڕێت؟. بەڵام ئەم هزرە ئەم شتانەی رووننەکردووەتەوە.

2- **لە بواری ئەقڵی**: بە لێکۆڵینەوە لە بارەی دروستبوونی ئەقڵی مرۆییی لەلای منداڵ دەستپێدەکات و لەم قۆناغەدا وەستاوە و روونی کردووەتەوە کە ئەقڵی مرۆیی پێشکەوتووە، بەڵام چۆنیەتی پێشکەوتنی ئەو ئەقڵەی نەخستۆتە ڕوو. هەروەها ئەو پێشکەوتنانەی ڕوونەکردووەتەوە کە لە قۆناغەکانی تری تەمەندا روودەدەن؟



3- **لە بواری کۆمەڵایەتیدا**: بە لێکۆڵینەوە لە رەهەندی کۆمەڵایەتی لەلای ئەوانیتر (کۆمەڵێك کەسی دیاریکراو کە تاك کارلێکیان لەگەڵدادەکات) و کۆمەڵگەی لۆکاڵی دەستپێدەکات، لەم بازنە کۆمەڵایەتییە دەوەستێت و لێکۆڵینەوەکانی لەمە زیاتر بەرفراوان ناکات، وەك لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەی گشتی یا جۆرەکانی کۆمەڵگە (داخراو، دواکەوتوو، پیشەسازی و پێشکەوتوو). کەواتە رەهەندی کۆمەڵایەتی لای سنووردار بووە و لە دەوری خاڵێکی تیۆری بچووك و دیاریکراودا دەخولێتەوە.

4- **لە بواری شارستانیدا**: لێکۆڵینەوەی لەبارەی شارستانی مرۆیی جۆرەکانی نەکردووە، هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر جۆراوجۆری و جیاوازی دەروونی مرۆیی باسنەکردووە.

لەم رووەوە دەتوانین کەم و کورتیەکانی ئەم هزرە بخەینە روو، کە نەیتوانیوە جیاوازی لە نێوان دەروونی نێر و مێ لە کۆمەڵگەدا بکات، هەروەها روونی نەکردووەتەوە: ئایا کاریگەری کۆمەڵایەتی لەسەر گەشەی هەردووکیان و گرنگی ئەقڵی هەریەکەیان هەیە. ئایا هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان رێگە بە گەشەسەندنی دەروونی کۆمەڵایەتی نێر و مێ بەیەك شێوە دەدەن یا جیاوازیان هەیە، کە ئەمەش بۆ جۆری ئەو کۆمەڵگەیە و جۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی زاڵ بەسەر هەردوو رەگەزەکە دەگەڕێتەوە، ئایا پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی یەکسانە لە نێوان کچ و کوڕ، یا لە نێوان هاوسەرەکان، یا کارمەندی پیاو و کارمەندی ژن، یا ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی کە یەکێ لە رەگەزەکان داگیری دەکات، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ جۆری کۆمەڵگە و پلەی بەمەدەنیبوون و بەشارستانی بوون؟. هزری کارلێکی هێمایی لەم بارەیەوە کەم و کوڕی هەیە.

### 5- ڕێگاكانی لێكۆڵینەوە لە هزری كارلێكی هێمایی:

أ- **ڕێگەی لاساییكردنەوەی ڕۆڵی ئەوانیتر:** پرۆسەیەكی هزری پراكتیزەیی هۆشیاری-خودییە كە لە ڕێگایەوە حاڵەتە دەروونییەكان دەناسرێن، وەك توڕەیی یا خەم یاهەڵچوون یا خۆدەرخستن بە هەبوونی كۆژان. توێژەر بۆ وەسفكردن یا خەیاڵ شیكاری یا هەست و سۆز، كاتێك لاسایی ڕۆڵی یەكێ لە لێتوێژەرەكانی لێكۆڵینەوە دەكاتەوە پشت بە خۆی دەبەستێت بەمەش دەچێتە نێو پرۆسەیەكی هزری پراكتیزەیی بۆ درككردن بە مەرج و پێداویستییەكانی ئەو ڕۆڵەی كە لاسایی دەكاتەوە، وەكو تۆماركردنی هەموو تێكچوون و هەموو خولەكێكی بیركردنەوە بە هۆی ئەو درك پێكردنە هەستییەی كە توێژەر نەك لێتوێژەر پێی هەڵدەستێت. ئەم ڕێگەیە بۆ لێكۆڵینەوە لە جۆرەكانی ڕەفتار بەكاردێت، كە ئەستەمە لە خودی شارەزاییەكانی لێتوێژەرەوە وەربگیرێن، چونكە زۆر بەزەحمەت و بەسەختی دەتوانێ دەریان بكات، یا لێتوێژەر ناتوانێت وەسفی هەر تێكچوونێكی دەروونی یا خولەكەكانی هەستكردن و درككردن بەجۆری ڕەفتارە دیاریكراوەكانی بكات. بۆ نموونە وەك ئەو توێژەرەی دەیەوێت تێكچوونی هەستی و بیركردنەوەی كەسێكی خووگر بە حەشیش یا ئەفیۆن بزانێت لەپێناو گەیشتن بە كاریگەرییەكانی ئەم ماددە هۆشبەرانە لەسەر هەست و بیركردنەوەو ڕەفتاری بەكاربەرانی. بۆیە جاری وا هەیە توێژەر بۆ ئەوەی درك بە كۆژان یا هەست بەو تاكەی كە حەشیش بە شێوەیەكی كردەیی دەخوات بكات تا لە ڕێگەی درك پێكردنەكانییەوە وەسفیان بكات. ئەم ڕێگەیەی لێكۆڵینەوە پێویستی بە ڕۆشنبیرییەكی زۆرو كەسایەتییەكی دیاریكراو و ڕاهێنانی خەست و شوێنێكی دیاری كراو یا كاتێكی دیاریكراو نییە.

بەڵام زەحمەتی ئەم ڕێگەیە لەوەدایە، كە دەبێت خودی تاكایەتی توێژەر لە دەروونە كۆمەڵایەتییەكەی جیابكرێتەوە، چونكە ئەستەمە لەو كاتەی توێژەر بە پێی پێداویستی و داواكاریەكانی ئەو ڕۆڵە كۆمەڵایەتییەی كە مومارەسەی دەكات،



تێبینی بیركردنەوەو ڕەفتارەكانی خۆی بكات، لەبەر ئەوەی تاك ناتوانێت خۆی ببینێت، بەڵام دەكرێ لە ئاوێنەی كۆمەڵگەوە خۆی ببینێت. واتە بە بۆچوونی كولی تاك لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئەوانیترەوە دەتوانێت هەڵسوكەوتی خۆی ببینێت. لەبەر ئەوەی مومارەسەكردنی ڕۆڵێكی دیاریكراو و تێبینیكردنی لە یەك كاتدا شتێكی زۆر ئەستەمە، ئەگەر ئەم حاڵەتە ڕوویدا ئەوە توێژەر دەكەوێتە ژێركاریگەرییە خودییە تایبەتییەكانی ئەو ئیگۆ كۆمەڵایەتییەی كە هەیەتی.

ب- **بەشداربوون بە بەشداریكردن:** واتە دەستنیشانكردنی ڕەفتارێكی دیاری تاك لە ڕێگەی تێدا ژیان و دركپێكردنی و زانینی سیفەتەكانی لەلایەن توێژەرەوە، نەك لە ڕێگەی هەواڵ هەڵگر یا تێبینیكارانی ترەوە.

ج- **تێبینی گشتی:** لە ڕێگەی تاقیگەی دەروونی كۆمەڵایەتییەوە دەبێت، توێژەر ئەو جۆرە ڕەفتارەی كە دەیەوێت لێكۆڵینەوەی لەسەر بكات دەستنیشان دەكات و لێتوێژەرەكان بە مەبەستی لێكۆڵینەوە لە ڕەفتارە دیاریكراوەكانیان لە تاقیكردنەوەیەكدا ئامادە دەكات.

### 6- چەمكە سەرەكییەكانی هزری كارلێكی هێمایی

أ- **كارلێك:** واتە كاریگەری و كاریگەربوون، وەرگرتن و بەخشین لە نێوان تاك و ئەوانیتر. دەشێ ڕووبەڕووانە یا لە ڕێگەی ئامرازەكانی پەیوەندی تەلی یا ڕۆژنامە و گۆڤارەكانەوە، ئەنجامبدرێت دەبێت لە نێوان مرۆڤێك و یەكی تر، جا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ -ڕووبەڕووانە- یا ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی ئامرازە مرۆیی یا نامرۆییەكانەوە بێت ڕووبدات. ناتوانرێت ملكەچكردنی سەگێك بۆ داخوازییەكانی خاوەنەكەی بە كارلێكی كۆمەڵایەتی دابنرێت، لەبەر ئەوەی ئەم حاڵەتە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ ڕوویداوە، یا كارلێكی شاعرێك لەگەڵ سروشت كاتێك بە سروشت سەرسام دەبێت و وەسفی جوانییەكەی لەسەر شێوەی شیعر دەكات، چونكە لە پێداویستییەكانی

کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەوەیە دەبێت لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، کاریگەری و کاریگەربوون و ئاڵوگۆڕکردنی هزرەکان، کێشکردن و دوورکەوتنەوە رووبدات. بۆیە لە نموونەی شاعیرەکە کاریگەری سروشت لەسەر شاعیرەکە دەبێت، بەڵام سروشت بە شاعیرەکە کاریگەر نەبووە و شاعیر مرۆڤە، بەڵام لە بەرامبەردا سروشت مرۆڤ نییە، بۆیە ناتوانین ئەم حاڵەتە بە کارلێکێکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدەین. لە زۆربەی کاتەکاندا کارلێکی کۆمەڵایەتی پێش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوونیان هەیە، پەیوەندییەکان بەهۆی بوونی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروستدەبن.

ب– **ماناکان**: مەبەستی هێماو نیشانەکانە، بۆئەوەی گوزارشتی لێبکرێت تاکە کارلێککارەکان لە رێگەی زمان و نیشانە جەستەییەکانەوە بەکاریدەهێنن.

ج– **چاوەڕوانییەکان**: واتە ئەو پێشبینیە کۆمەڵایەتییانەی تاك دەیانکات و، کۆمەڵگە لە رێگەی رۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە دایاندەرێژێت. هەرجۆرێك لە جۆرەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی چاوەڕوانی تایبەت بەخۆی وەك چاوەڕوانییەکانی ئەوانیتر بۆ رۆڵی ژن لە شەقامی گشتیدا یا چاوەڕوانییەکانی ئەوانیتر بۆ رۆڵی فێرخواز لە زانکۆو چاوەڕوانییەکانی ئەوانیتر بۆ رۆڵێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو یا هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەلایەن کۆمەڵگەوە هەیە.

د– **هێماکان**: واتە ئەو نیشانانەی ئاماژە بە ماناکان دەکەن و، لەلایەن کولتووری کۆمەڵگە یا کارلێکی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەوە سنووردارکراوە.

هـ– **هێمای گرنگ**: واتە رێکەوتنی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر یەك مانا بۆ یەکێ لە هێماکان و پێبەخشینی بایەخێکی کۆمەڵایەتی جیاکراوە.

و– **گرووپی مەرجەعی**: واتە کۆمەڵە تاکێك. ئەو تاکەی ئینتمای بۆ ئەو گرووپە لەڕووی هزری و کۆمەڵایەتی یا بەهاییەوە هەیە تاك بۆ هەڵسەنگاندنی رەفتارەکانی یا دەستەبەرکردنی وێنەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ لای گرووپەکەی



دەگەڕێتەوە. ئەو وەکو چوارچێوەیەکەی مەرجەعی گرنگ بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە بەکاریدەهێنێت. مەرج نییە تاك وەکو ئەندام ئینتمای بۆ ئەو گرووپە هەبێت، بەڵکو دەشێ بە بۆچوون و هەڵوێست و هەڵسەنگاندنەکانی گرووپێکی دیاریکراو سەرسام بێت و ، هەرکاتێك رووبەڕی هەڵوێستێکی دیاریکراو بووە ئەو گردە وەکو مەرجەعێکی خۆی دادەنێت و ئەمەش هەڵسەنگاندنی رەفتار و بیرکردنەوەکانی لە بەرامبەر رەفتار و بیرکردنەوەکانی گروپ یان ئامانج و بەهاکانی گرووپەکە بەم جۆرە دەبێتە بنچینەیەك بۆ وێکچوون و هاوشێوەیی تاك لەگەڵ ئەو گروپە.

ز– **زەوتکردن**: واتە داماڵینی تاك لە پەیوەندییە تاکایەتیە تایبەتیەکان و تواندنەوەی لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگەی گشتی، بە جۆرێك ناتوانێت گوزارشت لە حەزو ئارەزوو وبیرکردنە و تایبەتیەکان خۆی بکات یا هزرە تایبەتییەکانی بکات.

ح– **رۆڵ**: مانای مومارەسەکردنی رەفتارە. رەنگدانەوەی پێداویستی و مەرجی تایبەت بە تاکە و لەلایەن کۆمەڵگەوە دارێژراوە و، بەسەری سەپێنراوە.

ت– **وێکچوون**: وەك گەڕانەوەی تاك بۆ ئەو گرووپەی پێویستی بە هەڵسەنگاندنی رەفتار یا هزرەکانیەتی، بۆئەوەی پارێزگاری لە پێگەی خۆی لەناو گرووپ بکات، یا هەوڵدەدات تا پێگەیەکی بەرزتر لە بونیادی گرووپەکەی بەدەست بهێنێت، بۆیە لەپێناو دەستکەوتنی رەزامەندی و قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی لە گرووپەکەی لەگەڵ بەهاو ئامانج و هزرەکانی وێکچوون دروستدەکات.

ك– **خود**: یەکێکە لە پێکهاتەکانی دەروونی مرۆیی و بریتییە لە، پێکهاتەیەکی ئۆرگانی کە لە ژێر کاریگەری ئاراستەکانی ئەوانیتردایە.

ل– **ئیگۆی کۆمەڵایەتی**: پێکهاتەی دووەمی دەروونی مرۆییە و بریتییە لە، کۆمەڵێك ئاراستە کە ئەوانیتر هەڵیدەگرن و کاریگەری لەسەر خودی تاکایەتی تاك دروستدەکات.

م– **دەروون:** بریتییە لە یەکگرتنی خودی تاکایەتی و ئیگۆی کۆمەڵایەتی، کە یەکەمن بۆماوەییەو لایەنی دووەمن وەرگیراوە، واتە لە یەك کاتدا دەروون بۆ ماوەییی و وەرگیراوە.

ن– **بەکۆمەڵایەتیبوون:** واتە چاندنی پێکهاتەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی لە ناو تاك هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ژیانی، ئەویش لە رێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە (وەك خێزان، قوتابخانە، زانکۆ، کۆمپانیا، کارگە، سەندیکا، پارتی سیاسی و شتی لەم جۆرە) کە کاریگەرییان لە سەر قۆناغەکانی تەمەن و رەگەز و رۆڵی دامەزراوەیی تاك هەیە.

ش– **لێکترازانی کۆمەڵایەتی:** واتە ملکەچ نەکردنی کارلێکی تاکەکان بۆ ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگە کە تایبەتن بەو، وەك بەها، عورف، بەکۆمەڵایەتیبوون، پێگە و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان.

ف– **رێکخستنی کۆمەڵایەتی:** واتە ملکەچکردنی کارلێکی تاکەکان بۆ ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگە کە تایبەتن بەو، وەك بەها، عورف، بەکۆمەڵایەتیبوون، پێگە و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان.

ر– **پایەی کۆمەڵایەتی:** یەکێکە لەشوێنگەکانی توێژبەندی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگەی گشتی دیاریدەکات و رەنگدانەوەی مومارەسەکردنی رۆڵی تاکە. ئەگەر هاتوو تاك هەموو پێداویستی و مەرجەکانی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی مومارەسەکرد، ئەوا پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزوو دیار لە کۆمەڵگە بەدەست دەهێنێت، پێچەوانەکەشی هەر راستە.

### 7- بیرمەندەکانی ئەم هزرە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ولیەم | جێمس | بلۆمەر | دنکن |
| مید | کۆن | فارس | سترایکەر |
| کولی | شبیتانی | کاندل | ملزەر |
| دیوی | کۆفمان | ستراوس | رۆس |



### 8- رەخنەی هزری کارلێکی هێمایی:

جۆناتان ترنەر هەندێ رەخنەی بۆ ئەم هزرە خستووەتە روو، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1- بۆچوونی ئەم هزرە بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی لێڵ و نادیارە، بۆی روون نەکردووینەتەوە ئەم بونیادە لەچی پێکهاتووە و، رەگەزەکانی چین و، گرنگی لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی یا خودی کۆمەڵگە چییە؟.

2- چەمکەکانی ئەم هزرە تەنها ئاماژە بە لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، وەك خود، ئیگۆ، دەروون، ئەقڵ و رۆڵ، بەچۆرێك لێکۆڵینەوەی لەسەر چەمکە درشتەکانی وەك سستەمی کۆمەڵایەتی و کولتوور نەکردووە.

3- ئەم هزرە لە خستنە رووی وێناکردنێکی کامڵ و تەواو لە بارەی پەیوەندییە وەزیفییەکانی نێوان پێکهاتەکانی دەروونی مرۆیی و کارلێکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو نەبوو.

4- بۆ ئەم هزرە ئەستەمە کە بتوانێت لە رێگەی پێناسە دانراو و ئامادەکراوەکانەوە لێکۆڵینەوە لە بارەی دەروونی مرۆیی بکات، چونکە- دەروون- پێشکەوتوو گۆڕاو و ناجێگیرە.

تا ئێرە رەخنەی ترنەر بۆ هزری کارلێخوازی هێمایی کۆتایی هات. بەڵام ئێمە رەخنە لە ترنەر دەگرین لەبارەی رەخنەکانیەوە، چونکە ئەو زۆر باش دەزانێت ئەم هزرە تایبەتە بە کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکێك یا دووان یا بەشێك لەگەڵ گرووپێکی بچووك یا زۆر زۆر لەگەڵ کۆمەڵگەی لۆکاڵیی، هەروەها لە دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان کە لەناو ئەم پرۆسەیە و لەنێو ئەم بازنە بچووکەی تاکەکان دروستدەبێت دەکۆڵێتەوە. جا چۆن ترنەر داوا لەم هزرە دەکات کە لێکۆڵینەوە لەسەر چەمکە درشتەکان یا هەندێ چەمکی بونیادی وەزیفی بکات؟. ئەم رەخنەیەی لەسەر بنچینەیەکی لۆژیکی یا تیۆری پێگەیشتوو دروستنەبووە و، بوونی ئەو دژایەتییەی نێو ئەم هزرە و کەم و کورتییە هزرییەکانی روون نەکردووەتەوە، دیسانەوە کەم و کورتییەکانی بۆ وەرگرتنی هەندێ لایەنی ژیانی

کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بازنەیەکی بچووکی پرۆسەی کارلێککردن شینەکردووەتەوە. بەڵام ئەوەی ترنەر بۆی روونکردووینەتەوەوە لێپێچینەوەیە لەم هزرە، وەك ئەوەی بونیادی وەزیفی بێت و لە نێوان هەردووکیان وەستابێت، ئێمەش بە رۆڵی خۆمان پرسیار لە ترنەر دەکەین: ئایا هزری بونیادی وەزیفی لە دیاردەی کارلێکی نێوان سستەمی کۆمەڵایەتی و سستەمی سیاسی ناو بونیادی کۆمەڵگەی کۆڵیوەتەوە؟، یا ئایا لەسەر کارلێکی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوەزەکانی یەك کۆمەڵگە لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە؟. ترنەر لە رەخنەکەیدا پسپۆڕی هزری کارلێکی هێمایی لەبەرچاو نەگرتووە، کە لە یەك جۆری تایبەتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵکو ویستویەتی ئەم هزرە لە رێگەی میتۆدو تیۆرەکەیەوە رێچکەی هزری بوونیادی وەزیفی بگرێتە بەر بۆیە رەخنەکەی دروستکارانە نەبوو، بەڵکو تەنها رەخنەی لەپێناو رەخنە گرتووە و هیچ شتێکی نوێی نەهێناوەتەکایەوە، لەبەر ئەوەی داوای لە هزری کارلێکی هێمایی کردوە کە لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی وابکات کە توانای بە سەردا ناشکێت، چونکە هەر هزرێکی کۆمەڵایەتی بۆچوونێکی دیاریکراوی هەیە و ناتوانێت لێی لابدات.

### 9- ئاراستەی نوێی هزری کارلێکی هێمایی

لە ئەنجامی ئەو زەحمەتییە زانستی و تیۆری و هزریانەی کە هزری کارلێکی هێمایی دووچاری هاتوەتەوە، چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئەمریکی سەریانهەڵدا و و بۆ ئەوەی لە کاتی روودانیان لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت بەگۆڕانی خێرا دەناسرێن. ئاراستەیەکی نوێ دەرکەوت بەناوی ئەتنۆ میتۆدۆلۆژیا بۆ وەرگرتن و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم کێشانە بەشێوەیەکی خێرا بەبێ گەڕانەوە بۆ رەگوڕیشە مێژوویی و رەهەندە کۆمەڵایەتییە دوور و درێژەکانی و پەیوەندی لەگەڵ کێشەکانی تر. ئەم ئاراستەیە لەبارەی دەستنیشانکردنی رەفتاری دیار لێکۆڵینەوە دەکات، ئەو رەفتارەی دەتوانرێت تێبینی و تۆماربکرێت بێ ئەوەی قوولبکرێتەوە یا لە حاڵە تایبەتیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی گشتی بۆ



یارمەتیدانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەرقاڵ بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی خێراوە دروستدان بکۆڵێتەوە. ئەم ئاراستەیە گرنگی بە چالاکییە کارلێککارەکانی ژیانی رۆژانە و، پراکتیزەی و چۆنیەتی پابەندبوونی خەڵك بە سستەمی کۆمەڵایەتییەوە و، چۆن گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا روودەدات و، چۆن کۆمەڵگە پارێزگاری لە پرۆسەی هاوسەنگی نێوان رەگەزەکانی هێزی خۆی دەکات دەدات. ئەم ئاراستەیە سروشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان لەسەر سروشتی ئەو کارلێکە راڤە دەکات. زانایانی ئەم ئاراستەیە بریتین لە هارۆڵد گارفینکل، نۆرمان، دینزین، زیمەرمان و رایدەر.

### 10- رەخنەی ئەم ئاراستەیە:

جۆناتان ترنەر رەخنەی روو بەڕووانەی ئەم ئاراستە هزرییەی کردووە کە ئەویش بەم شێوەیە:

1- ناتوانرێت ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم ئاراستەیە بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بگشتێنرێت، چونکە تەنها لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵێك خەڵك دەکات کە دەکەونە ژێر باری رەوشێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە و لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەژین، بۆیە ئەنجامەکانی تایبەت بەو کۆمەڵیە دەبێت نەك هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە.

2- ئەم ئاراستەیە روونی نەکردووەتەوە چۆن دەروونی مرۆیی و رۆڵی کۆمەڵایەتی لە رێگەی لێکۆڵینەوەکانی بۆ چالاکییەکانی کارلێکی رۆژانە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

3- ئەم ئاراستەیە روونی نەکردووەتەوە، کە چۆن لێکۆڵینەوەی لەسەر ماناکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ چالاکییەکانی رۆژانەی تاك کردووە.

4- ئەم ئاراستەیە (بڕوانامەی کەسێتی) (الوثیقة الشخصیة) وەك بنچینەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی نێوان تاکەکان بەکاردەهێنێت. لەگەڵ ئەوەی کە شتێکی ئەستەمە پشت بە بڕوانامە

کەسـێتییەکان وەك بنـچینەیەك بـۆ بەدواداچـوونی زانـستی و بابەتیانـە ببەسترێت، هەروەها ئەو نەیوتووە جۆری ئەو بڕوانامەکەسێتییانە کامانەن؟ و تـا چـەند پـشتی پیدەبەسـترێت و متمانـەی لەسـەرە؟. ئایـا لـە ڕێگـەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵناسییەوە بەکارهاتووە؟. ئایا دەتوانرێت بـۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییـەکان بـەکاربهێنرێت؟، یـا تـەنها لەسەر هەندێکی تایبەتی کورتکراوەتەوە؟ ئەگەر ئەوەنیە ئەی چییە؟.

5- ئەم ئاراستەیە ڕێگەی بۆ لێکۆڵینەوەی نوێ نەهێناوەتە کایەوە. هەموو ئەو ڕێگایانەی کـە پێـشتر لەلایـەن توێـژەرە کۆمەڵناسـەکانەوە بـەکارهاتووە، وەك تێبینـی بـە بەشداریکردن، چاوپێکەوتنی کەسی و بڕوانامە کەسێتییەکان بەکارهێناوە.

6- ئەم ئاراستەیە بـۆی روون نەکردووینەتـەوە چـۆن لێکۆڵینـەوە لەسـەر هـزری مرۆیی دەکرێت.

7- ئەم ئاراستەیە پێوەری جێگیر بۆ پێوانی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایـەتی کـە لە نێوان تاکەکان روودەدات نەخستووینەتە روو.

ئەمە گرنگترین ئەو رەخنانەنە یـە کـە ترنـەر رووبـەڕووی ئـەم ئاراسـتەیەی کردووەتەوە. بەڵام ئێمە تێبینیمان کردوە کـە رەخنـەکانی ترنـەر جـەخت لەسـەر میتۆد یا ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە دەکاتەوە زیاتر لە ئاراستەی هزری و دیاریکردنی کەم و کورتییە هزرییەکان. لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی ئەم میتـۆدە یەکێکە لە ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و، ئـەو کـەم و کورتییانـەی لـە لێکۆڵینەوەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بـەم ئاراسـتەیە هەیـە لـەناو میتۆدی تیۆرەکانی تری کۆمەڵناسیشدا هەیـە. بۆیـە ترنـەر رەخنەیـەکی نـوێی پێشکەش نەکردووە.



## زاراوەو چەمکەکانی ئەم بەشە

| | |
|---|---|
| ئاراستە (اتجاە) | Attitude |
| گونجان (تكيف) | Accommodation |
| نواندن (تمثيل) | Assimilation |
| درك پێکردنی داخراو (الادراك المغلق) | Closed awarencess |
| کێبەرکێ (التنافس) | Competition |
| ململانێ (الصراع) | Conflict |
| پەیوەندی (اتصال) | Communication |
| فێرکردن و چاکردنەوە (التأنيس) | Domestic |
| گرووپێك تەنها لە دوو تاك پێکهاتووە (جماعة مكونة من عضوين فقط) | Dyad |
| رجع (گەرانەوە بۆ دواوە) | Feed back |
| نیشانەکان (اشارات) | Gestures |
| قۆناغی لاسایی کردنەوەی دووەمی (مرحلة تقليد الثانية) | Game stage |
| قۆناغی گرنگیدان و هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر (مرحلة الاهتمام بتقيم الاخرين) | Generalized other stage |
| خودی تاکایەتی (الذات الفردية) | I |
| ئیگۆی کۆمەڵایەتی | me |
| ئەقڵ (العقل) | Mind |
| دیاردەی ورد (الظاهرة قريبة المدى) | micro |
| دیاردەی درشت (الظاهرة بعيدة المدى) | Macro |
| مانا (معنى) | Meaning |
| کارلێکی ناهێمایی (تفاعل غير رمزي) | Mon-Symbolicintaraction |
| درك پێکردنی کراوە (الادراك المفتوح) | Open awarencess |
| ئەوانیتر (الاخرين) | Other |
| قۆناغی لاسایی کردنەوەی یەکەمی (مرحلة التقليد الاولية) | Play stage |

| | |
|---|---|
| Pretned awarencess | درك پێكردنی ئیدعائی |
| Situation | هەڵوێست (موقف) |
| Suspicion awarencess | درك پێكردنی شێوەیی |
| Symbolis | هێماكان (رموز) |
| Symbolic Interaction | كارلێكی هێمایی |
| Sigaificant Symbol | تێگەیشنی گشتی و هاوبەش بۆ هێماكان |
| Taming | ماڵی كردن (ترويض) |
| Triad | گرووپێكی پێكهاتوو لە سێ تاك |

## بیرمەندەكانی ئەم بەشە

| | |
|---|---|
| Charles Herton Cooley | چارلس هرتن كولی |
| Clenn Vernon | كلين ڤێرنۆن |
| Ernest Burgess | ئێرنێست برجس |
| Erving Goffman | ئێرڤنگ گۆفمان |
| George Herbert Mead | جۆرج هێربرت ميد |
| George Simmel | جۆرج زيمێڵ |
| Harold Garfinkel | هارۆڵد گارفينكل |
| Norman Denzin | نۆرمان دينزين |
| Robert park | رۆبەرت پارك |
| Zimmerman | زيمرمان |
| Wieder | وايدير |

## بەشی چوارەم: هزری رۆڵی کۆمەڵایەتی

### 1- رەگ و ریشە هزرییەکەی

چیرۆکنووس و شانۆ نامەنووسی ناودار گراهام کرین وتوویەتی: نووسەرە شانۆییەکان بۆ وێناکردنی کۆمەڵگە و چواندنی بە نواندنە شانۆییەکان، پێش بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکان کەوتوون، بۆیە رووی خەڵك بەوەی تەنها دەمامکی دەستکردیان لە روویان داناوە و راستییەکی دەروونیان لە پشت ئەم دەمامکە شاردووەتەوە وێنا کرد. هەروەها دەڵێت: ئێمە هەمووومان ئەکتەرین و ژیانی دەوروبەرمان شانۆیەکی گەورەیە. هەموو رۆژێك و هەموو کاتێك مرۆڤ ناتوانێت لەسەر شانۆ بوەستێت، هاتوچۆ بکات، لەگەڵ ئەکتەرەکان تێکەڵاو بێت و رووبەڕووی جەماوەر ببێتەوە ئەگەر رۆڵی کەسایەتیەکی نوێی وەرنەگرتبێت، کە ئەو رۆڵە لەگەڵ بارودۆخی شوێنی و کاتی ئەو مرۆڤەی دەیبینێت و تێیدا دەژیت گونجاو بێت. هەروەها کرین دەڵێت: هەر رەفتارێك کە لە ئێمەوە دەردەچێت لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئینتیمامان بۆیان هەیە، رەفتارێکە لە سروشتی خۆمان زۆر دوورە، چونکە ئەگەر ئێمە لێگەڕێین بە سروشتی خۆمان رەفتار بکەین، ئەوا دەقاودەق ئەو کردارانە دەکەین کە ئاژەڵ یان منداڵی بچووك دەیانکات (هاوارکردن و توڕەبوون)، کاتێك منداڵ بەخێرایی بۆ بردنی ئەو شتەی دەروونی حەزی لێدەکات دەردەپەڕێت کاتێك بۆ شتێك کە زۆر حەزمان لێیە بە دەستی بهێنین و پێش ئەوانیتر ببینە خاوەنی هەوڵ بدەین، هەستکردنمان بە رەزامەندی و دڵنیایی بۆ هەر هەوڵێك کە بەو شتەی حەزمان لێیە و خەونی پێوە دەبینین بمانگەیەنێت! بەم شێوەیە مرۆڤ فێربوو چۆن خۆی لەسەر ئەو شێوازەی کە دژی سروشتەکەیەتی تاکو بتوانێت ئینتمای بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی هەبێت. رەنگە ئەمە بێت مرۆڤ لە ئاژەڵ و منداڵی بچووك کە هێشتا رانەهاتووە و فێر نەبوون جیادەکاتەوە. شانۆ نووسی ناودار شکسبیر لە شانۆکەیدا (وەکو چۆن خۆشت



دەوێت) لەبەشی دووەمیدا لەگەڵ کرین هاوڕایە، ئەمیش کۆمەڵگەی بە شانۆ چوواندووە، هەروەها خەڵکی لە کۆمەڵگەدا بە ئەکتەری سەر ئەم شانۆیەی لە قەڵەمدەدات و لە رێگەی بینینی چەند رۆڵێکەوە گوزراشت لە بوونیان دەکات.

بەڵام هزری رۆڵی کۆمەڵایەتی لە بواری کۆمەڵناسی، ئەوا لە هزری کارلێکی هێماخوازییەوە داتاشراوە و لە جیهانی هزری کۆمەڵایەتیدا رەوتێکی نوێی گرتووەتەبەر. کۆمەڵگەی مرۆیی لە دیدی ئەم هزرەوە بریتیە لە کۆمەڵێك لە پێگەو ناوەندی کۆمەڵایەتیی هەیە و پێکەوە بەستراو کە لە رۆڵی کۆمەڵایەتی پێکهاتوون و ئەو تاکانەش کە ئەو پێگەیە داگیر دەکەن ئەو ڕۆڵانە دەنوێنن.

### 2- بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی:

هزری رۆڵی کۆمەڵایەتی پشتی بە چەمکی چاوەڕوانی پەیوەست بە پێگە کۆمەڵایەتییەکانی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی بەستووە. هەر پێگەیەك لەم پێگانە جۆری چاوەڕوانی جیاوازیان هەیە کە رەفتاری تاکەکان ئامادە و دەستنیشاندەکەن، کە هەموویان بە یەکترەوە بەستراوان و تۆڕێکی فراوان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە پێکدەهێنن. چەمکی چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان بە بۆچوونی هزری رۆڵی کۆمەڵایەتی شوێنێکی پێشەنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە رەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان وەردەگرێت. بۆیە دەبینین پێشەنگانی ئەم هزرە چاوەڕوانییەکان بۆ سێ جۆر پۆلێندەکەن وەکو لای خوارەوە:

أ- **چاوەڕوانییە پێشوەختەییەکان:** لە چەند رێسایەکی کۆمەڵایەتییە و رەفتاری تاك دیاریدەکات، بە پێی ئەم رێسایانە چۆنیەتی رەفتارکردن، هەروەها ئەو بارودۆخەش کە رەفتاری تاك ملکەچێتی بۆی ڕووندەکاتەوە. ئەم چاوەڕوانییە پێش بوونی تاك بوونی هەیە.

ب- **چاوەڕوانییەکانی ئەوانیتر:** واتە کاتێك تاك بەشداری لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی تر، یا لەگەڵ رەوشێکی کۆمەڵایەتی

دیاریکراو دەکات، ئەوا تاك هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی ئەوانیتر کە کارلێکیان لەگەڵدا دەکات لەبەرچاو دەگرێت.

ج- **چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە بەگشتی**: رەنگە راستی یا خەیاڵی بێت و، تاك پێشبینی دەکات وەکو (ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی) بۆ کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی رەفتاری تاك کاردەکات.

هزرڤانانی ئەم هزرە زیاتر روونکردنەوە لەسەر چەمکی چاوەڕوانییەکان دەخەنەڕوو و دەڵێن: ئەم چاوەڕوانییانە -بە گشتی و زۆربەی جار- ملکەچی جۆری ئەو سستەمە کۆمەڵایەتییە باوەی لە کۆمەڵگەدا هەیە دەبن، هەروەها دەکەونە ژێر کاریگەری کولتوورە جیاوازەکانییەوە. بۆیە ئەمە -واتە چاوەڕوانییەکان- وەك چوارچێوەیەکی مەرجەعی گشتی یا گرووپێکی مەرجەعی دادەنرێن، کە تاك بۆ هەڵسەنگاندنی رەفتارەکانی لەکاتی کارلێککردنی لەگەڵ ئەوانیتردا بۆیان دەگەڕێتەوە. بۆنموونە کاتێك تاك رەفتارێك دەنوێنێت، کە رەنگدانەوەی خەسڵەتی ئێتنی، یا خەسڵەتی کۆمەڵگەکەیەتی لە بەرامبەر کۆمەڵگەیەکی تر، ئەوا ئەو حوکم و هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر ، کە ئینتیمای بۆیان هەیە بەتایبەتیش ئەوەی کە پەیوەستە بە پۆلێنکردنیەوە لەبەرچاو دەگرێت.

بەڵام لە دیدی ئەم هزرەوە تاك ئەو کەسەیە، کە پێگەیەك یا چەند پێگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی داگیر دەکات. ئەمەش ئەوە روونەکاتەوە کە ئەم هزرە رۆڵی کۆمەڵایەتی تاك بە بونیادی گشتی دەبەستێتەوە. بەڵام ئەندازەی بەهێزی پێکەوە بەسترانی ئەم پەیوەندییە، ئەوا پشت بە ڕادەی وێکچوون لە نێوان رەفتاری تاك و چاوەڕوانییەکان و، پابەندبوونی بەو رۆڵەی کە دەیگێڕێت دەبەستێت.

لە لایەکی ترەوە لایەنگرانی ئەم هزرە بۆئەوەی بۆمانی روونبکەنەوە کە بە مومارەسەکردنی رۆڵە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان کەسایەتی تاك گەشە دەکات و پێشدەکەوێت، بە لێکۆڵینەوەیان لەبارەی کەسایەتی تاك لە رێگەی هەستەکانییەوە ئەنجامدا. بۆیە بیرمەندان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەیان کەسایەتی



تاکیان خستووەتە ژێر مومارەسەیەکی دەردەست، کە رۆڵەکان چۆنێتی ئەو مومارەسەیە و ئەندازەی دانپێنانی ئەوانیتر لەبارەی وێکچوونی ئەم هەڵسوکەوتانەی تاك لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی ئەو رۆڵە، دەسەپێنن.

بەڵام چۆنیەتی نواندن یا مومارەسەکردنی **چاوەڕوانی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان** لەلایەن تاکەوە، ئەوا دەوەستێتە سەر دوو فاکتەر کە ئەوانیش ئەمانەن:

1- ئەو خەسڵەتە کەسییانەی کە تاك پێی دەناسرێت و، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو داگیردەکات.

2- توانای تاك بۆ مومارەسەکردنی چاوەڕوانییەکانی ئەو رۆڵە.

جگە لەمانەش ئەم دوو فاکتەرە لەسەر ئەو بارودۆخە ناوەکییەی کە تاك پێی دەناسرێت، بۆئەوەی بتوانێ مومارەسەی چاوەڕوانییەکانی بکات دەوەستن. **ئەو بارودۆخانەش** ئەمانەی لای خوارەوەن:

1- ئەندازەی بەشداری ئەم چاوەڕوانییانە لە پێکهێنانی پێداویستیەکانی تاك.


2- جۆرەکانی پاداشت و سزا، کە تاك لەکاتی پەیڕەوکردنی ئەم مومارەسە چاوەڕوانکراوانە دەستیدەکەوێت.

3- ئەندازەی بەکارهێنانی چاوەڕوانییەکانی ئەوانیتر وەك بنچینەك بۆ پێوانەکردنی دەروونی مرۆیی و خودی تاکایەتی.

4- پلەی بەکارهێنانی چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شیکردنەوەی وەڵامەکانی ئەوانیتر. کاری ئەم چوار بارودۆخە نێوخۆییە رەنگە گونجانی تاك بۆ مەرج و داواکارییەکانی رۆڵی کۆمەڵایەتی زیاد بکات، یا دەشێ بەربەستێك بێت لەبەردەم گونجانی تاك لەگەڵیاندان.

گومانی تێدا نییە کە چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکانی رۆڵەکان رەگەزەکانی لە پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگرێت (وەك بەها، بیروباوەڕ، ئایین، شارەزایی کۆمەڵایەتی و گریمانە کەسایەتییەکان) کە بۆ دیاریکردنی رەهەندەکانی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییانەی کە ماف و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆدەگرن کاردەکات.

ڕوون و ئاشکرایە کە پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی هێزە کۆمەڵایەتییە باڵاکانەوە بەسەر تاکدا دەسەپێنرێن، کە تاك ناتوانێت لە ژێر بارِیان دەرچێت و دەبێت پابەندی ڕێسا و ئەرك و مافەکانی بێت، کە بە ڕۆڵی خۆی ڕەفتاری تاك لەو ڕەوش و ئاراستە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە یا تێیاندا دەژیت دیاریدەکات. تەماشای شێوەی ژمارە-1- بکە پەیوەندی ڕەفتاری تاك بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە ڕووندەکاتەوە:




**شێوەی ژمارە-1-**

ئەوەی لێرەدا و لەبارەی **چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵەوە** گرنگە ئاماژەی پێبکەین، ئەمانەی لای خوارەوەن:

1- چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵ لە ڕووی گشتێتی و تایبەتمەندێتی لەناو کۆمەڵگەدا.

2- ئەندازەی بەرفراوانی و تێچوونی جیاوازە، واتە چاوەڕوانی وا هەیە پێویستی بەسزای ماددی یا مەعنەوی و پلەی دیاریکراو کە ئەم چاوەڕوانییانە پێیدەگەن هەیە.

3- لە ڕووی پلەی ڕوونی و ناڕوونی جیاوازە، بۆنموونە لەلایەن کۆمەڵگەوە چاوەڕوانی ڕوون و چاوەڕوانی ناڕوونیش هەیە.

4- ئەندازەی گونجانی چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵێك لەگەڵ چاوەڕوانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیاوازە.



5- پلەی گونجانی چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵ لەگەڵ چاوەڕوانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە فەرمی و نافەرمییەکان جیاوازە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم مانایە و، بۆئەوەی تاك لەناو کۆمەڵگەدا بژیت پێویستە پێگەی خۆی لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی دەستنیشان بکات، کە زۆربەی جار کولتووری کۆمەڵگە بۆ دیاریکردنی پێگەکەی لەناو ئەو بونیاددا. یارمەتی دەدات ئەو تاکەی چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵ مومارەسە دەکات دووچاری ئەرك و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە کە پێویستە لەسەری بەرێکوپێکی ئەنجامیان بدات، ئەگینا هەست بە قبوولْ نەکردنی کۆمەڵایەتی دەکات و، دڵە ڕاوکێ دەروونییەکانی زیاد دەکات. ئەگەر تاك لە مومارەسەکردنی چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵ شکستی هێنا، ئەوا چاوەڕوان دەکرێت ئەم شکستەی کاریگەری لەسەر شکستی تر کە پەیوەستن بە مومارەسەکردنی ڕۆڵی دووەم و سێیەم هەبێت. سەرەڕای ئەوانە، چاودێری و تێبینی کردنی تاك لەکاتی گێڕان و مومارەسەکردنی چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵ لەلایەن ئەوانیترەوە کاریگەری لە سەرکەوتن یا شکستهێنان لە مومارەسەکردنیدا دەبێت.

بەڵام چۆنیەتی دەستکەوتنی ئەم ڕۆڵانە لەلایەن تاکەوە، ئەوا لە ڕێگەی فێربوونەوە دەبێت، ئەویش بەهۆی ئەو پاڵنەرو وروژێنەرانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، تەنها ڕۆڵە بۆماوەییەکان نەبێت (ئەو ڕۆڵانەی وەرگیراو نین، واتە تاك لە ڕێگەی بۆ ماوەوە بۆی دەمێنێتەوە وەك ڕەگەز و تەمەن و ڕەنگی پێست).

**چەمکی دووەم** کە ئەم هزرە پشتی پێدەبەستێت **بریتییە لە وێکچوون**، واتە ئارەزووی وێکچوون لەگەڵ ئەمانەی خوارەوە:

أ- ڕەفتاری تاکێکی دیاریکراو

ب- یا ئەندامی گرووپێکی دیاریکراو

ج- یا پێگەی کۆمەڵایەتی تاکێك.

وێکچوون دەوەستێتە سەر فاکتەری (پاڵنەر یا وروژێنەر) و بەبێ ئەم فاکتەرە وێکچوونی تاك بۆ ڕۆڵێکی دیاریکراو ڕوونادات، لەگەڵ ئەوەی ئەم فاکتەرە بۆ هاندانی تاك بۆ وێکچوون لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە دەیەوێت بیگێڕێت یا مومارەسەی بکات چەند لایەنێکی هەیە، ئەویش بەم شێوەی خوارەوە:

1- **پاڵنەری ترس لە سزا**: واتە هەڵبژاردنی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەلایەن تاکەوە لە پایەی نموونەیەکە بۆ مومارەسە، پاشان بەهۆی ترسی ئەو تاکە لە سزادان کە دەبێت ئەگەر لەگەڵ ئەو نموونەیە وێکچوونێك دروست نەکات دووچاری، ئەوا وێکچوونێك لەگەڵ مەرج و ئەرك و پێداویستییەکانی دروستدەکات.

2- **پاڵنەری ترس**: لەوەی کە بەردەوام ئیعتباری کۆمەڵایەتی دەستنەکەوێت، واتە تاك ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرێت و وەکو نموونەیەك دەبێت لەلای ئەو، پاشان لەگەڵ مەرج و ئەرك و پێداویستییەکانی وێکچوون دروستدەکات، بۆئەوەی ئیعتباری کۆمەڵایەتی لەم وێکچوونە دەست بکەوێت. ئەگەر ئەم تاکە هەوڵیدا لەم وێکچوونە دەربچێت و دوور بکەوێتەوە، ئەوا ئەو ئیعتبارەی دەستناکەوێت. بۆیە لەپێناو دەستکەوتنی ئەو ئیعتبارە لەگەڵ ئەو نموونەیە لە وێکچوونی بەردەوامدا دەبێت.

3- **پاڵنەری وەرگرتنی پاداشت**: تاك ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت کە بە ڕۆڵێکی نموونەیی دادەنرێت، چونکە پێیوایە ئەگەر لەگەڵ ئەو ڕۆڵە وێکچوونی دروستکرد ئەوا پاداشتی دەستدەکەوێت.

4- **پاڵنەری کینەدۆزی ئەوانیتر**: بەشێوەیەك ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت کە بە نموونەیەکی دادەنێت بۆ کینەدۆزی تاکی دیاریکراو، بۆیە لەگەڵ ئەم ڕۆڵە وێکچوون دروستدەکات.

5- **پاڵنەری ئیرەیی**: واتە لەبەر ئیرەیی بردنی هەندێ کەس لەگەڵ نموونەی چەند ڕۆڵێك وێکچوون دروستدەکات.

6- **پاڵنەری وەك یەکتربوون**، کە لە نێوان خەسڵەتەکانی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات، ئەو ڕۆڵەی کە وەکو نموونەیەك تاك هەڵیبژاردووە بۆ وێکچوون.



**ڕالف ترنەر دەڵێت**: وێکچوون لە هەموو حاڵەتەکان و لە هەموو کاتەکان بە شێوەیەکی تەواو ڕوونادات، بەڵکو ناکامڵبوونی تەواو ڕوودەدات کە ئەمەش بۆ ئەمانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

1- هەڵبژاردنی ڕۆڵێکی خراپ لەلایەن تاکەوە (وەك نموونەیەك) بۆ وێکچوون.

2- نەبوونی توانا لەلایەن تاکەوە بۆ وێکچوونی لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە تەبەنی کردووە، ئەمەش بۆ کامڵبوونی چاوەڕوانییەکانی دەربارەی ئەو ڕۆڵە یارمەتی نادات.

3- درك نەکردنی تاك بە شێوەیەکی دروست بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو تاکانەی لەکاتی مومارەسەکردنی ڕۆڵەکە لە دەوروبەرین، بە شێوەیەك یا زیادەڕۆیی دەکات لە خەملاندنی سزاکان، یا زیادەڕۆیی لەو پاداشتانە دەکات کە لە کاتی مومارەسەکردنی ئەو ڕۆڵە دەستی دەکەوێت، یانیش لە نرخی هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر بۆ مومارەسەکردنی مەرج و پێداویستییەکانی ڕۆڵ کەمدەکاتەوە لە کۆتاییشیدا وێکچوونەکەی ناتەواو و ناڕاست دەبێت.

هەروەها ڕالف ترنر دەڵێت: کلیلەکانی تری ئەم هزرە سێیە، ئەوانیش چاوەڕوانییەکان و وێکچوون و لایەنگری ئەوانیتر. لێرەدا کلیلێکی تری بۆ زیاد دەکات، کە ئەویش دانپێدانان و لایەنگیری ئەوانیترە بۆ مومارەسەکردنی چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵێك و، وێکچوونی تاك لەگەڵ ئەو ڕۆڵە بەشێوەیەکی دروست.

لێرەدا (پشتگیری ئەوانیتر) هاندەرێکە بۆئەوەی تاك ڕۆڵێکی دیاریکراو هەڵبژێرێت. ئەمە وەکو ئەو پاداشتە پۆزەتیڤانەیە کە نووسەرانی ئەم هزرە خستوویانەتە ڕوو.

(چاوەڕوانییەکان، وێکچوون، پشتگیری) ئەمانە کلیلە سەرەکییەکانن بۆ ئەم هزرە. پاشان شێوازەکانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بۆچوونەکانی ئەم هزرە دەخەینە ڕوو، ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- هەر ڕۆڵێك بەرگی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەوەتا جلوبەرگی تایبەت بە کرێکاری ناو کارگە و جلوبەرگی تایبەت بە کرێکاری کارگێڕی ناو نووسینگەکان هەیە.

2- هەر رۆڵێك لۆژیك و بیركردنەوەی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوەتا لۆژیك و بیركردنەوەی فێرخوازێكی كۆلیژ لەگەڵ جووتیارێكی لادێ نیشین جیاوازە.

3- هەر رۆڵێك ماف و ئەركی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە ماف و ئەركەكانی رۆڵی فەرمی لەگەڵ رۆڵی نافەرمی جیاوازن.

4- هەر رۆڵێك خەسڵەت و مەرجی پێشوەختەی هەیە، ئەوەتا خەسڵەتی مامۆستای زانكۆ ئەوەیە، كە لێكۆڵینەوەی قووڵ و زانستی ئەنجام بدات و بڕوانامەی باڵا و، شارەزایی وانە وتنەوەی لە حەرەمی زانكۆدا هەبێت و لێكۆڵینەوەی زانستیش بكات.

### 3- جۆرەكانی رۆڵی كۆمەڵایەتی:

ئەوەی لەم رووەوە شایانی ئاماژە پێكردنە، خستنەرووی جۆرەكانی رۆڵی كۆمەڵایەتییە بەشێوەیەكی گشتی كە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

أ- **رۆڵە بایۆلۆژیەكان:** وەكو رۆڵی رەگەز و تەمەن. بەڵام سروشتی ئەم رۆڵە جێگیر و نەگۆڕە، بۆیە رۆڵی منداڵ وەكو رۆڵی نەوجەوان یا هەرزەكار نییە و، رۆڵی كچ وەكو رۆڵی كوڕ نییە.

ب- **رۆڵە نیمچە بایۆلۆژییەكان:** وەك ئەو رۆڵانەی پەیوەستن بە توخم (هێما) و رۆڵە ئێتنییەكان و ئەو رۆڵانەی پەیوەستن بە نمەك و چینی كۆمەڵایەتی، كە سروشتەكەی لەسەر رۆڵە بایۆلۆژییەكان وەستاوە و، ناتوانرێت لە تاكێكەوە بۆ تاكێكی تر بگوازرێتەوە و توانای گۆڕانی نییە. واتە بۆنموونە ناتوانرێت رۆڵی تاكی عەرەبی بۆ تاكی ئەڵمانی بگوازرێتەوە. گۆڕین یا گواستنەوە یا گۆڕانكاری لە رۆڵی تاكێكی سپی بۆ دەستكەوتنی رۆڵی رەش پێستێك یا زەرد پێستێك ناكرێ لەناو ئەو كۆمەڵگەیەی مومارەسەی جیاوازی رەگەزی دەكات وەك ئەمریكا روویدات.

ج- **رۆڵی دامەزراوەیی:** وەك رۆڵی وەزیفی ئامادەكراو لە دامەزراوە سیاسیی، كارگێڕی، ئابووری، ئاینی و خۆشگوزەرانییەكان. بەڵام سروشتی ئەم رۆڵە، ئەوا



بەوە دەناسرێت كە هەندێ ئازادی زیاتر لە مومارەسەكردنی رۆڵە وەزیفییەكان تێدایە. واتە زیاتر لە رۆڵەكانی پێش خۆی (بایۆلۆژی و نیمچە بایۆلۆژی)، چونكە ئەم رۆڵە وەرگیراوە، بەڵام رۆڵەكانی تر یەكەم و دووەم بۆماوەیین.

د- **رۆڵی گواستراوە:** وەك رۆڵی نەخۆش و میوان. سروشتی ئەم رۆڵە ناجێگیر و كاتیە و رەنگدانەوەی چالاكییەكی كۆمەڵایەتییە لە رۆژێكی دیاریكراودا.

هـ- **رۆڵی نافەرمی:** ئەو رۆڵەیە كە پشت بە دەسكەوتی زانستی و شارەزایی كەسایەتی و زانستی نابەستێت و بۆ وەرگرتنی رۆڵی كۆمەڵایەتی، وەك ئەندامبوونی لە ناوچەیەك و نیشتەجێبوون (هاوسێیەتی) بەشداربوون لە یانەی حكوومی یا یانەی وەرزشی یا یانەی شەوانە، یا ئەندامبوون لە گرووپی یارییەكی دیاریكراو یارمەتی تاك دەدات.

### 4- ململانێی نێوان رۆڵەكان:

كاتێك تاك لە رێگەی ئەو پێگە كۆمەڵایەتییانەی كە داگیریدەكات كە بە هۆی مومارەسەكردنی ئەرك و پابەندبوونی بە رۆڵە كۆمەڵایەتییە پەیوەستەكان بەم پێگانەوە بە كۆمەڵگە دەبەسترێتەوە. هەروەها كاتێك تاك زیاتر لە پێگەیەكی كۆمەڵایەتی داگیردەكات لەیەك كاتدا و، هەریەكێ لەم پێگانە رۆڵی كۆمەڵایەتی و پێداویستی و ئەركی خۆی هەیە، و دەبێت تاك ئەنجامیان بدات و پابەندی مومارەسەكردنیان بێت، جا بۆئەوەی ئەم رۆڵانە بگێڕێت و هاوسەنگی لە نێوان داواكاریەكانیان بە تایبەتی كە توانا هزری و جەستەییەكانی تاك دیاریكراوبن دروستبكات، وزەیەكی هزری و جەستەیی پێیدەوێت، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی دژایەتی و بەریەك كەوتنی رۆڵەكانی تاك. هەروەها كەمی كات یارمەتی نادات بۆئەوەی لەیەك كاتدا مومارەسەی زیاتر لە رۆڵێك بكات، بۆنموونە فێرخوازی وەرزشەوان لە زانكۆ كاتی تەواوی بۆ كۆكردنەوە لە نێوان پێداویستییەكانی فێربوون وەكو ئامادەبوونی لە هۆڵی وانەووتنەوەو ئامادەكردنی لێكۆڵینەوەی زانستی و كات بۆ ئامادەكردنی وانەی رۆژانە و ئەزموونەكان و، لە نێوان پێداویستییەكانی

یاریزانی وەرزشەوان وەك خوێندنی وانەی وەرزش و یاریکردن و پارێزگاریکردنی لە جۆری خواردن دەستناکەوێت، ئەم رەوشە کۆمەڵایەتییە بەریەك کەوتنێك لە نێوان رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی دروستدەکات.

جگە لەوانەش، جاری وا هەیە دوو رۆڵ هەیە و هەریەکەیان پێویستی بە خۆبەختی و وەفاداری هەیە، بە شێوەیەك لەم کاتەدا ئەستەمە تاك بتوانێت خۆبەختی تەواو و وەفاداری تەواوی بۆ هەردوو رۆڵەکە خۆی پێشکەش بکات ، کە لە هەمانکاتدا وەفاداری تەواو و پێویستیان دەوێت. هەندێك لە کولتوورەکان جەختدەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە کوڕی خێزاندار دەبێت بەردەوام خزمەتی دایك و باوك و خوشك و براکانی و هەتا دوای ژنهێنانیشی سەرپەرشتیشیان بکات، هەمان حاڵەت سەبارەت بە کچ لە دوای شووکردنی. ئەم کولتووره جەخت لەسەر بەردەوام گرنگیدان و گوێڕایەڵیکردن بۆ کەسوکاری کچ دوای شووکردنی دەکاتەوە، کە دەبێتەهۆی دروستبوونی هەندێ ململانێی رۆڵی، یا وەکو نموونەی پزیشکێکی کاتۆلیکی کە راوێژی پزیشکی ، دەربارەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی رێگرتن لە منداڵبوون پێشکەش بە ژنان دەکات کە ئەوەش دژی پرەنسیپە ئایینییەکانیەتی.

لە حاڵەتی تردا (بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ) کولتوور بەشداری لە بەرجەستەکردنی بەریەك کەوتنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لای تاك دەکات. وەك ئەوەی کولتوورێکی دیاریکراو ئەرکەکانی رۆڵێکی دیاریکراوی تاکێکی دیاریکراو، فەرامۆشبکات. وەك نا ڕوونی رۆڵی ژن لە کۆمەڵگە گوزەرەکان (انتقالیة) کە کولتوورەکەی هێشتا نەگەیشتووە بە دیاریکردنی رەهەندەکانی رۆڵی ژن لەو قۆناغەی کە کۆمەڵگە تێیدا دەژیت.

هەروەها لە حاڵەتی تر، لە ئەنجامی ئەوەی تاك مومارەسەی رۆڵێکی دیاریکراو جێدەهێڵێت و روودەکاتە مومارەسەکردنی رۆڵێکی تر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەتی کاتێك کاتی تەواوی بۆ دەستکەوتنی هەموو پێداویستی و ئەرکەکانی ئەو رۆڵە نوێیەی کە دەستی بە مومارەسەکردنی کردووە نەبێت. ئەوا بەریەککەوتنی پێداویستی و ئەرکەکانی ڕۆڵ کۆمەڵایەتیەکان



ڕوودەدات. بۆیە کچی گەنج کاتێك شوو دەکات پێویستی بەکاتێکی دوورو درێژ هەیە بۆئەوەی پێداویستی و مەرجەکانی رۆڵەکەی وەکو هاوسەر دەستبکەوێت، هەروەها پێویستی بە کاتی تەواو هەیە بۆئەوەی هەندێ پێداویستی رۆڵە کچێنیەکەی جێبهێڵێت.

لە ژێر رۆشنایی ئەوانەی پێشەوە، دەبێت ئاماژە بەگرنگی ئەم تیۆرە رۆڵخوازییانە لەسەر دروستکردنی کەسایەتی تاك و جیاوازی ئاراستە پێکهێنەر و حەوسەڵەییەکانی بکەین. پەیوەندی نێوان رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان کە تاك مومارەسەی دەکات لەگەڵ کەسایەتییەکەی، پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕخوازییە. بۆیە رۆڵی دیاریکراو و گونجاو بۆ کەسایەتییەکی دیاریکراو بەهۆی بوونی گونجاوی لە نێوان ئەو و کەسایەتییەکەی هەیە. لەم تێگەیشتنەوە، رۆڵی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆیەك بۆ تێرکردنی پێداویستییە گرنگەکانی کەسایەتی تاك. بۆیە دەشێ تاکێك بە کەسایەتییەکی دوژمنکارانە بناسرێت ئارەزوو و مەیلی بۆ بەشداریکردن لە دامەزراوەیەکی سەربازی هەیە، یا کەسێکی بیرۆکراسی فەرمی کە ئارەزوو و مەیلی بۆ مومارەسەکردنی شێوازی بیرۆکراسی لە کارە وەزیفییەکەیدا هەیە. ئەم هزرە سەرچاوەیەکی تر بۆ ململانێی نێوان رۆڵەکان زیاد دەکات، ئەویش ئەوەیە تاك ناتوانێت پێداویستی و داواکارییەکانی رۆڵێکی دیاریکراو دەستەبەر بکات، لەبەرئەوەی ئەو رۆڵە بەرهەڵستی لە پێداویستییە سەرەکییەکانی کەسایەتی دەکات.

پوختەی ئەوەی ئاماژەمان پێکرد دەربارەی بەریەك کەوتنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەیە ئەو بەریەککەوتنە لە ئەنجامی نەبوونی گونجانی ئەو رۆڵانەی مومارەسە دەکرێت، یا کەم وکورتی لە وزە هزری و ئەقڵییەکانی تاك یا لەبەر کەمی کاتەوە ڕوودەدات. بەریەککەوتن لە ئەنجامی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو تاکەوە بێت کە مومارەسەی رۆڵەکە دەکات، یا لە ئەنجامی چەندێتی ئەو سزایە یا ئەو پاداشتەی کە تاك دەستی دەکەوێت روودەدات. لە کۆتاییشدا دەشێ بەریەککەوتنی نێوان رۆڵەکان لە ئەنجامی ئەندازەی پشتگیری یا قبووڵ نەکردنی ئەو رۆڵەی تاك دەیگێڕێت لەلایەن ئەوانیترەوە رووبدات.

## توانج و هەڵسەنگاندن

ئەم هزرە جەختی لەسەر لێکۆڵینەوە لە رەفتاری مرۆیی لە گۆشەیەکی کۆمەڵایەتی بەرتەسکدا، کە ئەویش رۆڵی کۆمەڵایەتییە کردووەتەوە. هەوڵیداوە بپرژێتە سەر زۆرترینی ئەو کاریگەرییانەی بارودۆخی رۆڵ لەسەر رەفتاری تاك هەیەتی، بپرژێت بەشێوەیەك چەمکی رۆڵی بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە بەستووەتەوە، بەو پێیەی یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی. ئەم هزرە لە وێناکردنی رۆڵی کۆمەڵایەتی لەناو رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان و بەستنەوەی بە پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە و روونکردنەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی و (وەك چاوەڕوانییەکان و وێکچوون و لایەنگیری کۆمەڵایەتی) ململانێ نێوانییەکان (لە نێوان رۆڵەکان) و لەکاتی شیکردنەوە و راڤەکردنەکانی و زەقکردنەوەی رووە کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر لە رووە دەروونییەکەی سەرکەوتوو بووە. ئەم هەوڵانەی- ئەم هزرە- پێی داویەتی بەشداری لە بونیادنانی هزری کۆمەڵایەتی لەناو زانستە مرۆڤایەتییەکان بە گشتی و کۆمەڵناسی بە تایبەتی کردووە. خزمەتێکی پێشکەش بە توێژەران کردووە تاوەکو لێکۆڵینەوە لەسەر رۆڵی تاك و پەیوەندی بە پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە ئەنجامبدەن. دەتوانین لە رێگەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان کە ئەم هزرە لە خۆی گرتبوون، بە تایبەتی بابەتەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون، کەسایەتی، جیاوازیکردنی نێوان رەگەزەکان (نێرو مێ)، توێژبەندی کۆمەڵایەتی گشتی و تایبەتی (لەناو رێکخستنە کۆمەڵایەتییە فەرمی و نافەرمییەکان) تێبینی ئەمە بکەین.

بەڵام هەوڵەکانی ئەم هزرە نەگەیشتە ئەو رادەیەی جیاوازی لە نێوان رۆڵەکانی کۆمەڵگە مرۆییە جیاوازەکان بکات، بەڵکو بەشێوەیەکی ئەبستراکت و دوور لێکۆڵینەوەی لەسەر شێوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە کردووە. بۆنموونە کۆمەڵگە هەیە جیاوازی لە نێوان رەگەزەکان (کوڕان و کچان) لەناو هەموو دامەزراوو سستەمەکانیدا دەکات. واتە ئەو رۆڵی پیاو بە باشتر لە رۆڵی ژن لە رووی ئیعتباری کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەستبەکاربوونیان لە



نووسینگە فەرمییەکان و رەخساندنی بوارەکانی خوێندن و پیشە زانیستییەکان و پیشە دەستییەکان دادەنێت و، بەشداریکردنی ژنان لە بوینادنانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی بەرتەسك سنووردار دەکات، یا رۆڵی ژن تەنها بە کاروباری ناو ماڵ دەبەستێتەوە. تەنانەت ئەم رۆڵەش (ناو ماڵ) لە ژێر چاودێری رۆڵی پیاودا دەبێت، ئەمەش مانای وایە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا لەناو هەموو دامەزراوەو سستەمەکان نەك تەنها لەناو ماڵ رۆڵی پیاو بە سەر رۆڵی ژناندا زاڵە. هەروەها ئەمە مانای وایە رۆڵی ژن تەنانەت لەناو قوتابخانە یا کۆلێژ یا نەخۆشخانە یا بنکەی تەندروستی یا نووسینگە فەرمییەکان یا سەندیکا پیشەییەکان یا پارتە سیاسییەکان لاوازە. واتە رۆڵی فەرمی و پیشەیی تەنانەت لەکاتی بەشداربوونیشی بەشێوەیەکی کاریگەر و چالاك لەناو ئەم دامەزراوانە لاوازە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زۆردارییەی (جیاوازیکردنی نێوان رەگەزەکان) کە کۆمەڵگە لە هەموو دامەزراوەکانیدا و لەسەر حسابی رۆڵەکانی تری دامەزراوە فەرمییەکان مومارەسەی دەکات. هزری رۆڵی کۆمەڵایەتی ئەم جۆرە روونکردنەوانەی نەخستووەتە روو، لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی رێکخراو و ئەبستراکت بەبێ لەبەرچاوگرتنی سروشتی کۆمەڵگەو باڵادەستی ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە لە هەموو دامەزراوە و سستەمەکانی کۆمەڵگەدا حسابی بۆدەکرێ لێکۆڵینەوەی لە بارەی رۆڵ کردووە. هەروەها ئەگەری ملکەچکردنی رۆڵی تەنها بۆ جۆرێك لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە، نەك بۆ سروشتی کۆمەڵگەو ئەندازەی پێشکەوتنی هزری و ئابووری و سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە.

بە بەردەوامبوون لەسەر ئەم گفتۆگۆیە نموونەیەکی تر دەهێنینەوە، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی پیشەسازی گرنگییەکی زۆر بە رۆڵی ئەو تاکە کە بەرهەمهێن و کارگێڕە و نرخی کات دەزانێت و پەیوەندی و کارەکانی رۆژانەی رێکخراو و بەرنامە بۆ دارێژراوە دەدات، بەشێوەیەك (ئەو رۆڵە) هەموو رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی تری زەوتدەکات و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر رۆڵی

پیشەسازیانە تاك دەبێت، ئەم ڕۆڵەشی کاریگەری دەبێت لەسەر ڕۆڵی باوکایەتی و ڕۆڵی هاوسەری و ڕۆڵی کوڕ و هاوڕێی ئەو تاکە، بەشێوەیەك ناتوانێت ڕۆڵی هاوسەری وەکو ئەوەی کۆمەڵگە داوای لێدەکات ، یا ڕۆڵی باوکایەتی لە چاودێریکردنی منداڵەکانی و بەسەربردنی کاتی تەواو بۆ پەروەردەکردن و ئامادەکردنیان بگێڕێت، بەڵکو ڕۆڵە پیشەسازی و کارگێڕییەکەی زۆرینەی کات و ئەرکەکانی ڕۆڵەکانی تری دەبات. واتە ڕۆڵی پیشەسازی تاك بەهۆی باڵادەستی ئەخلاقی ماددی بەسەر ئەخلاقی مەعنەوییەوە و، زاڵبوونی پیشەسازی میکانیکی-دینامیکی بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە زاڵدەبێت بەسەر ڕۆڵەکانی ترەوە. ئەم پەیوەندییە ڕۆڵیانە و زاڵبوونی یەکێکیان بەسەر ئەویترەوە بەهۆی سروشت و جۆری کۆمەڵگە، هەموو ئەوانە ئەم هزرە نەیتوانیوە جیاوازی لە نێوانیان بدۆزێتەوە یا هەوڵی نەداوە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا زەقیان بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییانە لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا زیندوو باون. بەڵکو (ئەم هزرە) بە خستنەڕووی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت ئیکتیفای کردووە، هەروەها توانیویانە زاڵبوونی یەکێ لە ڕۆڵەکان بەسەر ئەویتردا لە بەرچاو بگرێت.

نموونەیەکی تر کە زاڵبوونی ڕۆڵێکی دیاریکراو بەسەر ڕۆڵەکانی تر لە هەلوێستە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان زەقدەکاتەوە، وەك بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و واستەیە لەناو دامەزراوە کارگێڕی یا قەزایی یا تەشریعی و فێرخوازییەکانی کۆمەڵگە. ئەم فاکتەرە کاریگەری لەسەر شێواندنی هاوسەنگی ڕۆڵەکان یا گونجانیان لەناو کۆمەڵگە هەیە، ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی ئەم هزرەیە، کە پێیوایە ئەم ڕۆڵانە یەك بەویترەوە بەستراوە و ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی کەسایەتی تاك دەگێڕن و ڕەنگدانەوەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، ئەگەرهاتوو تاك چاوەڕوانییەکانی ئەوانیتری لەبارەی پێداویستییەکان و مەرجەکانی ڕۆڵ بەشێوەیەکی دروست مومارەسەکرد، ئەوا بۆ وێکچوون لەگەڵ ڕۆڵەکان یارمەتی دەدات، دواتر لایەنگیری کۆمەڵایەتی و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی لەلایەن



ئەوانیترەوە دەستەبەردەکات، پاشان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باڵای دەستدەکەوێت. ئەم پێکبەستنەوەیەی پێکهاتەکانی ڕۆڵ (چاوەڕوانییەکان، وێکچوون، لایەنگیری کۆمەڵایەتی) و پێگە کۆمەڵایەتییەکان تەنها بەیەکبەستنەوەیەکی میکانیکی-دینامیکییە و لە ڕوونکردنەوەی بایەخی کۆمەڵگەو سروشتی تاکەکانی و پەیوەندی زاڵی یەکێك لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر ئەویترەوە دوورە.

ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە لەم ڕوونکردنەوەماندا ئەوەیە، کە ئەم هزرە ڕوونی کردووتەوە ئەو تاکەی کە لە مومارەسەکردنی یەکێ لە ڕۆڵەکان سەردەکەوێت و لەناویا گوم دەبێت ڕۆڵەکانی تر چی بەسەر دێت، بەشێوەیەك سەرکەوتنی لەو ڕۆڵە داوایلێدەکات بەسەر هەموو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی تریدا زاڵبێت، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ ئەو ڕۆڵە زاڵە بەسەردەبات. وەرزشەوان، یا نووسەر، یا ئەکتەر، یا هونەرمەندی سەرکەوتوو لەم ڕۆڵەیدا ڕەنگە کاریگەری لەسەر مومارەسەکردنی ڕۆڵەکانی تری هەبێت، وەك ڕۆڵی هاوسەر یا باوك یا ڕۆڵی لە سەندیکای پیشەیی یا لە ناوچەی نیشتەجێبوونی یا لە پارتی سیاسی ئەگەر ئینتمای بۆی هەبێت. بەڵکو -ئەم هزرە- بە شیکردنەوەی بەریەك کەوتنی ڕۆڵەکان ئیکتفای کردووە بێ ئەوەی بە ڕوونکردنەوە کۆتاییەکانی ئەم ململانێیانە یا ئەنجامەکانی ئەم بەریەك کەوتنە و دیاریکردنی کۆتاییەکەی، کە بەزاڵبوونی یەکێ لە ڕۆڵە ململانێخوازەکان بەسەر ئەوانیترا دەوەستێت بگات، ئەمەش بەهۆی تواناکانی تاك لەسەر مومارەسەکردنی یەکێ لەو ڕۆڵانە بە شێوەیەکی سەرکەوت و یا گەیشتن بەو بارودۆخە زەمەنیەی بۆ پێگەیاندنی یەکێ لە ڕۆڵەکان یا چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵێك لە ڕۆڵەکان یارمەتیدەرە.

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، هەندێك لە کۆمەڵگەکان جێگرەوەی جۆراو جۆر و ڕەوا بۆ هەر ڕۆڵێك دادەنێت، بەڵام ئەم جێگرەوانە (بدائل) ململانێ لە نێوانیاندا نییە. بۆنموونە توێژەر (ئەلیزابێت بۆت) لە لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی هەندێ خێزانی بەریتانی لە لەندەن دوو چەمکی ڕوونکردوەتەوە، بۆ ڕۆڵی هاوسەر و ژنەکەی لە

کۆمەڵگەی بەریتانی، لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە نێوان پەیوەندی ڕۆڵی سەربەخۆ و پەیوەندی ڕۆڵی یەکگرتوو لەناو خێزانی بەریتانی جیاوازیکردووە. جۆری یەکەم ئاماژە بە پەیوەندی هاوسەر بە هاوسەرەکەیەوە لە یەکەیەکی خێزانیدا دەکات، بەڵام هەریەکەیان لەگەڵ ئەویتر لە ڕووی چالاکی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە خێرانەکەی جیاوازە. واتە پیاوەکە هاوڕێی تایبەتی هەیە و ژنەکەش هاوڕێی تایبەت بەخۆی هەیە و هەریەکێکیان کاتی بەتاڵیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەویتر بەسەردەبات، کە پیاو بۆ تەماشکردنی یاری تۆپی پێ دەچێت و، ژنەش بۆ سینەما یا شانۆ دەڕوات، ژنان کاروباری ناو ماڵ جێبەجێدەکەن، پیاوان یارمەتییان نادەن، هەروەها ژنانیش زانیاریان دەربارەی داهاتی پیاوەکانیان نییە. بەڵام جۆری دووەم (پەیوەندیی یەکگرتوو) پێچەوانەی جۆری یەکەم دەبێت، بەشێوەیەك هەردوو هاوسەرەکە کارەکانی ناوماڵ دابەشدەکەن و پێکەوە بۆ بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵییان دەردەچن، هاوڕێی هاوبەشیان هەیە، واتە پێکەوە دەچن بۆ سەردانی کەسوکارو هاوڕێکانیان. بەم شێوەیە بۆت ئەمە بۆ ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە ئەو خێزانە ئینتمای بۆی هەیە، هەروەها ئەو پیشەیەی کە هەریەك لە دوو هاوسەرەکە کاری تێدادەکەن دەگەڕێنێتەوە، شوێنی نیشەجێبوونی ئەو خێزانەی پەیوەندی سەربەخۆیان لە نێواندا هەیە لە شوێنێکدا نیشتەجێیە کە دەستە کۆمەڵایەتییەکانی گونجاون و لە گەڕەك یا شوێنێك دەژین کە قەرەباڵغ نییە، بەڵام خێزانی خاوەن پەیوەندی سەربەخۆیان لە نێواندا نییە لە ناوچەیەك نیشەجێیە کە دەستە کۆمەڵایەتییەکانی نەگونجاو و نەسازن و لەڕووی دانیشتوانەوە قەرەباڵغە.

**لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆت گەیشتە ئەمانەی لای خوارەوە:**

چەندە توندوتۆڵی، پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکان (کە دەورەی خێزانی داوە) زیادی بکات، ئەوا سەربەخۆیی دوو هاوسەرەکە، سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان زیاد دەکات، چەندە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان (کە دەورەی خێزانی داوە) بەرەو لای بڕوات، سەربەخۆیی هاوسەرەکان لە پەیوەندییەکانیاندا کەم دەبێتەوە. بەمانایەکی



تر، ئەگەر هاتوو ناسیار و هاوڕێ و خزمی دوو هاوسەرەکە جۆراوجۆر و زۆر بوون، ئەوا سەربەخۆیی پەیوەندی هاوسەرەکان زیاد دەکات. واتە هەر ڕۆڵێك لە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەویتر دوور دەبێت و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو جۆر ڕۆڵ ڕووندەکاتەوە. ڕۆڵێکیان لە کۆمەڵگەی بەریتانی باوەو ئەویتریان لەلایەن (کۆمەڵگە) وە قبوولکراوە، بەڵام هزری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەم حاڵەتەی(جۆراوجۆری ڕۆڵێکی) ڕووننەکردووەتەوە، هەروەها ئەو وروژێنەر و پاڵنەرانەی کە هانی تاك دەدەن بۆئەوەی بتوانێت یەکیان هەڵبژێرێت و، تاك چۆن دەتوانێ وێکچوون لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی لەپێناو دەستەبەرکردنی لایەنگیری کۆمەڵایەتی دەیگێڕێت دروستبکات. بەمانایەکی تر، ئەم هزرە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە ، واتە بە شێوەیەکی ئەبستراکت دوور لە بارودۆخی پێکهاتەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆڵەکانی تر وەسفی دەکات. ئەم ئەبستراکتانە بە شێوەیەکی گشتی بە سەر کۆمەڵگەی مرۆییدا دەگشتێنێت، ئەمەش لادانە لە دیاریکردنی چەمکەکانی و بابەتییانە نییە، چونکە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گەورە لە گۆڕینی ئەم چەمکە بەشییانە، وەك چاوەڕوانیەکان و وێکچوون و لایەنگیری کۆمەڵایەتی دەگێڕن، بەمەش ئەم هزرە لەگەڵ ئەوەی لە بەشێکی بچووکی ژیان و ڕەفتاری تاك پسپۆڕی هەیە، هەڵگری خەسڵەتی گشتاندنیشە.

وێڕای ئەوە ئەم هزرە ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە، کە تاك چۆن دەتوانێت ڕووبەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن ببێتەوە؟ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە چۆن کاردەکات؟ بەتایبەتی کە -هزری ڕۆڵی- لە کۆمەڵگەی پیشەسازی سەرمایەداری سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە. واتە ئەم هزرە چۆنێتی لێکۆڵینەوە لە کێشەی مێردمنداڵ، تاوان، تەڵاق، خوگرتن و خواردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و کێشەی کۆچکردن، کە کۆمەڵگەی ئەمریکی دووچاری هاتبووەوە، ڕوون نەکردووەتەوە. هەروەها چۆن دەتوانرێت لە ڕێگەی

لێکۆڵینەوە لە رۆڵی کۆمەڵایەتی وەڵامی ئەم کێشانە بدرێتەوە؟ (دەکرێت ئەمە وەکو نموونەیەك وەربگیرێ). ئەم تێبینیانە دەمانگەیەنێت بەوەی پرسیاری گرنگ بوروژێنین، ئەو پرسیارانەی بەم شێوەیەن: ئەم هزرە لە بنچینە سەرەکییەکانی رۆڵی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێکردووە، بەڵام ئاماژەی بە مەرج و ئەرکەکانی ئەم رۆڵانە نەکردووە، کە ئایا ئەم شتانە لەلایەن هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەوە زانراون؟. ئەو بنەمایانە چین کە ئەوانیتر بۆ پێوانی وێکچوونی تاك بۆ چاوەڕوانییەکانی رۆڵەکە بەکاریدەهێنن؟. هۆیەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی چین کە هەر رۆڵێك لە خۆی دەگرێت؟ و ئەو ماوە زەمەنییە (کورت یا درێژ) بۆ مومارەسەکردنی هەر رۆڵێك چەندە؟. گرنگی ئەوانیتر و پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ هەڵسەنگاندنی مومارەسەی تاك بۆ رۆڵەکە و وێکچوونی لەگەڵ رۆڵەکە چییە؟.

هەموو ئەم پرسیارانە وامان لێدەکەن بڵێین: ئەم هزرە قۆناغییە، واتە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی بەسوودە، نەك هزرێك بێت کە بە ژیانی کۆمەڵایەتیدا قووڵ بووبێتەوە، چونکە ئەم هزرە لە خاڵێکی بچووکەوە کە لە دەوری بەشێکی زۆر بچووکی بونیادی کۆمەڵایەتی گشتی خولاوەتەوە دەستپێکردووە، شوێنەکە لێیەوە دەستپێکردووە رێگەی پێنادات لە لێکۆڵینەوەکانی و گەیشتنی بە یەکە بونیادییە کۆمەڵایەتییە درشتەکان (Macro Social) ی وەك، شۆڕشی کۆمەڵایەتی و یاسایی و کولتووری و چینی کۆمەڵایەتی بەرەو پێش هەنگاو بنێت.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم هزرە روونی نەکردووەتەوە تاك چۆن مەرج و سیفەتەکانی ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە دەیەوێت هەڵیبژێرێت دەزانێت، چۆن-ئەم نموونە رۆڵێیە- لەم رۆڵەدا نەك لەلای رۆڵێکی تر فۆرمەلە دەبێت؟. ئایا لە رێگەی بەراوردکردنی لەگەڵ رۆڵە جێگرەوەکان؟ یا بەهۆی بوونی شارەزایی پێشوەختەوە دەبێت؟ یا شتی تر؟. ئەم پرسیار و لێپرسینەوانە لەم هزرەدا ئاماژەی پێنەکراوە.



لەکۆتاییدا، ئەم هزرە لێکۆڵینەوەی مەیدانی چڕو زۆری کە پەیوەستە بە رۆڵی تاك لەناو ماڵ، سەر شەقام، نوسینگەی کارگێڕی، پارتی سیاسی، کۆمپانیا، کارگە و سوپا هەیە، بەڵام لە رووی تیۆری و لۆژیکی و بۆچوونی بەرفراوان و گشتاندنی قووڵ کەم وکورتی هەیە، بۆیە لێکۆڵینەوەی وەك ئەنجامگەلێکی پراکتیکی مانەوە بەبێ بوونی تیۆرێك کە ببێت بە بڕبڕەی، جەختی لەسەر بکات، و ئاراستە تیۆری و لۆژیکییەکانی یەکبخات و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بۆ داڕشتنی پێکهاتەکانی رۆڵ ئامادەبکات.

**کورتەی رەخنەکانمان لەسەر ئەم هزرە لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو:**

1- ئەم هزرە پێکهاتەکانی رۆڵی بە شێوەیەکی بەیەکەوە بەستراو باسکردووە و، پەیوەندی رۆڵێکی بە رۆڵەکانی ترەوە روونکردووەتەوە.

2- ئاماژەی بە ململانێی نێوان رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان کردووە.

3- ئەم هزرە بە دەرەنجامێکی دیاریکراو بۆ ململانێی نێوان رۆڵەکان و ئەو شتانەی دوای وەستانی ململانێ دروستدەبن نەگەیشتووە، کە لە ئەنجامی زاڵبوونی رۆڵێك بەسەر رۆڵەکانی ترەوە دەردەکەوێت.

4- جێگرەوەکانی رۆڵێکی روونەکردووەتەوە، کە چۆن تاك مومارەسەی ئەو رۆڵە دەکات و لەناو خۆیدا گەشەی پێدەدات و پێیدەگەیەنێت.

5- دانانی گریمانەیەك کەدەڵێت: پەیوەندی رۆڵەکان رێکخراو و گونجاوە، بەبێ روونکردنەوەی زاڵبوونی یەکێ لە رۆڵەکان بەسەر رۆڵەکانی تر و ئەو شتانەی کە لەم زاڵبوونەوە دەکەوێتەوە.

**ئێستا گەیشتین بە چەند دەرەنجامێکی گرنگ، ئەوانیش بەم شێوەیەن:**

1- زاڵبوونی یەکێ لە رۆڵەکان بەسەر ئەوانیترەوە، کە هەمیشە نابێتە هۆی بەریەك کەوتن و ململانێ لە نێوانیان.

2- ململانێی نێوان رۆڵەکان دەبێتە هۆی روودانی کێشەی کۆمەڵایەتی، کە تاك و کۆمەڵگە هەر دووکیان پێکەوە تێیدا دەژین.

3- رۆڵی کۆمەڵایەتی تەنها بەشێکە لە شێواز و رەفتاری تاك، نەك هەموو شتێك بێت.

4- تاك هیچ هێزو توانایەکی بۆ گۆڕینی چاوەڕوانییەکانی ئەو رۆڵەی مومارەسەی دەکات نییە.

### 5- رێگاکانی لێکۆڵینەوە لە هزری رۆڵی کۆمەڵایەتی:

**أ- تێبینی:** واتە دەستنیشانکردنی رەفتارە ئاشکراکانی تاك لەکاتی مومارەسەکردنی رۆڵێکی دیاریکراو یا چەند رۆڵێك کە پەیوەست بن بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە.

**ب- مومارەسەکردنی رۆڵەکان:** واتە توێژەر ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییە کە دەیەوێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، وەك لێکۆڵینەوە لە رۆڵی سەرۆك یا رۆڵی دواکەوتەی گرووپێکی کۆمەڵایەتی یا مومارەسەکردنی رۆڵی هاوسەر هەڵبگرێت و مومارەسەی بکات. ئەمە دوای ئەوەی مەرج و پێداویستییەکانی ئەو رۆڵەی کە دەیەوێت مومارەسەی بکات دەخوێنێتەوە، پاشان هەموو تێبینی و هەستەکانی دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە ئەو رۆڵە پێی هەڵدەستێت تۆمار دەکات.

**ج- راپۆرتی کەسی:** واتە وەرگرتنی زانیاری دەربارەی رۆڵی تاك لە رێگەی ئەو شتانەی کە لێتوێژەر دەربارەی ژیانی رابردوو و ئێستا و پەیوەندییەکانی بە کەسە نزیکەکانییەوە دەینوسێت، وەك ئەندامانی خێزان و هاوڕێی کارکردن و یانە و سەندیکاو شوێنی نیشتەجێبوونی و، رووداوە گرنگەکانی ژیانی کە وێنەیەکی زەق لە یادەوەرییەکانیدا پێکدەهێنێت. هەروەها تۆمارکردنی ئەو کاتانەی تاك تێیدا کامەرانە و پێی وایە بۆ کارلێککردنی کۆمەڵایەتی و ئامراز یا رێگاکانی بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی و، گرنگیدانی بە ئاکاری دەموچاو و شێوەی دەرەوەی لەشی و، هەستکردنی بەسەر بەرزی بەرامبەر شتەکان یا



گوێنەدان و گرنگینەدانی بەشتی تر، هەر شتێ کە بەخەیاڵیا دێت دەربارەی رابردوو و ئێستای گونجاوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت بەرواری رۆژانەی سەرگوزشتە تایبەتییەکانی تاك و یادەوەرییەکانی لێکۆڵینەوەکان و راپۆرتی فەرمی کە دەستنیشانی پرۆسەی ژیانی پیشەیی یا وەزیفی لێتوێژەر دەکات، بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکە بەکاربهێنێت.

**د- تاقیکردنەوەی تەواوکردنی رستە (T. Test):**

بریتییە لە رستەی ناتەواو (بە ئەنقەست)، توێژەر بۆ لێتوێژەر ئامادەیان دەکات. کە پێکدێت لە بابەتی تایبەت بە رەفتارە گشتییەکان و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ رووداوە دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، بۆ پێوانی کولتوورو زەین رۆشنی و لایەنەکانی تری کەسایەتی تاك بەکاردێت.

### 6- چەمکە سەرەکییەکانی ئەم هزرە:

لە راستیدا هەموو چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی سەبارەت بە شێوەو ناوەڕۆکییەوە ، هەمان چەمکەکانی کارلێکی هێماخوازییە. خوێنەری بەڕێز دەتوانێت سەری لە بەشی سێیەم بۆیان بگەڕێتەوە پێویست ناکات لەم بەشەدا دووبارەیان بکەینەوە.

### 7- پێشەنگانی هزری رۆڵی کۆمەڵایەتی:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ساربن | کۆد | مرتن | بێدل |
| لێنتن | تۆماس | مەردۆخ | شیتبانی |
| فرنۆن ڤان | نبۆت | کێوبا | کراواس |
| جیمزلز | ترنەر | | |

**8- رەخنەی هزری رۆڵی کۆمەڵایەتی:**

أ- ئەم هزرە پشتی بە چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شیکردنەوەی زۆرێك لە دیاردە و رەفتار و ئاکارەکانی کۆمەڵگە بەستووە. بەڵام ئەم چاوەڕوانییانە لە هەست و ویژدانەوە ، کە لە تاکێکەوە بۆ یەکی تر و لە کولتوورێکەوە بۆ یەکی تر جیاوازە هەڵدەقولێت. کەوایە چۆن دەتوانرێت ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بگشتێنرێت؟.

ب- هەروەها ئەم هزرە چۆنیەتی پێوانی چەمکی چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی نەخستووەتەڕوو، چونکە ئەم چەمکە زۆر ئەستەمە بپێورێت و دیاریبکرێت.

ج- ناتوانرێت ئەم ئاراستە هزرییە بۆ لێکۆڵینەوە لە یەکە کۆمەڵایەتییە درشتەکان، وەك کۆمەڵگەی گشتی و کولتوور و مەدەنیەت بەکاربهێنرێت.

**جۆناتان ترنەر** کۆمەڵێك رەخنەی رووبەڕووی ئەم هزرە کردووەتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

أ- ئەم ئاراستە هزرییە ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی کە لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا روودەدەن فەرامۆشدەکات و، تەنها گرنگی بە پەیوەندی رەفتارەکانی تاك بە دەروونەوە داوە.

ب- ئەم ئاراستە هزرییە بە روونی لێکۆڵینەوەی لەسەر راستیەتی توانای رەفتاری تاك لە گۆڕینی بەهاو رێسا کۆمەڵایەتییەکان، پێگە کۆمەڵایەتییە رێکخراوەکان، پێکهاتەکانی تری بونیادی کۆمەڵایەتی نەکردووە.

ج- ئەم ئاراستە هزریە لە روونکردنەوە هزرییەکانیدا تەمومژاوییە. کەوایە چۆن و لە ژێر چ جۆرە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی بونیادی کۆمەڵایەتیدا، دەتوانێت کار لە دەروونی مرۆڤ بکات؟.

د- لەڕووی دیاریکردنی تیۆری بۆ چەمکەکانی ئەم ئاراستە هزرییە کەم و کوڕی هەیە. تەنها گرنگی بە چۆنیەتی داڕشتن و دیاریکردنی رەفتاری تاك لەلایەن کۆمەڵگەوە داوە، هەروەها چۆن، کەی، لەکوێ، لەژێر چ بارودۆخێکدا ئەوەشی ئاماژە پێنەکردووە رەفتاری رۆڵی تاك روودەدات؟.



هـ- بە بۆچوونی ئەم ئاراستە هزریە رەفتاری کۆمەڵایەتی بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی تەنها ئەنجامێکە.

و- ئەم ئاراستە هزرییە هەوڵیداوە پەیوەندییەك لە نێوان کۆمەڵگەو دەروونی مرۆیی و رەفتار، بێ ئاماژەکردن بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە ئێمە ئەو جۆرە پەیوەندییەی نێوان ئەم سێ چەمکەمان تێدا بینییەوە دروستبکات.

ز- ئەم ئاراستە هزرییە هیچ جۆرێك لە چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی باسی هیچ یەکێ لەمانەی نەکردووە، کە رەفتاری تاکەکان پێشوەخت دەستنیشان و ئامادە و، کام جۆریان کار لەسەر ئەوە ناکات، بەڵکو ئەمە لەناو چوارچێوەی رۆڵەکە بوونی هەیە.

## زاراوە و چەمکەکانی بەش

| | |
|---|---|
| وەك چۆن حەز دەکەی (كما تحبها) | As you like it |
| رۆڵە بایۆلۆژییەکان (ادوار لبايولوجية) | Biological Roles |
| چاوەڕوانییەکان (توقعات) | Expectations |
| وێکچوون (التماثل) | Identification |
| رۆڵە دامەزراوەییەکان (ادوار مؤسسية) | Institutional Roles |
| رۆڵە نافەرمییەکان (ادوار غير رسمية) | Informal Roles |
| بەیەکەوە بەسترانی رۆڵی یەکگرتوو | Joint conjugual Roles Relation |
| (ارتباط دوري متحد) | ship |
| بەیەکەوە بەسترانی سەربەخۆ | Segregated conjugual Roles |
| | Relation ship |
| راپۆرتی کەسی (تقرير شخصي) | Self Report |
| رۆڵە نیمچە بایۆلۆژییەکان | Semi biological Roles |
| (ادوار شبه بايولوجية) | |
| مومارەسەکردنی رۆڵ (ممارسة الدور) | Roles Taking |
| ململانێی رۆڵەکان (صراع الادوار) | Roles conflict |
| رۆڵە گوزەرەکان (الادوار الانتقالية) | Transitional Roles |

## بەشی پێنجەم: هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی

### 1- ڕەگ و ریشە هزرییەکەی

ڕەگ و ریشەی هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بۆ بیرۆکەی گرێبەندی کۆمەڵایەتی، کە لە نووسینەکانی بیرمەندە سۆڤێتییەکان، بیڤۆرس، لۆکەر بسیۆس و زانایانی یاسای ڕۆمانی، نووسینەکانی تۆماس ئەکوینی قەدیس، مارسیلۆدی جیۆم دۆکان، نیکۆلای کۆزاو و زۆر لە فەیلەسوفانی سەدەی 16 نموونەی هاتمەن، لاتی، تۆکس و بۆکاتان دەگەڕێتەوە.

هەموو بۆچوونەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی چڕدەبێتەوە لەسەر ئەوەی، کە خەڵکی لە سەرەتادا لەسەر سروشت دەژیان، کاتێك ناکۆکی و شەڕ و شڵەژاوی روویدا، خەڵکی هاندا بیر لە پێکهێنانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بکەنەوە، بۆئەوەی لەپێناو بەرگریکردن و پاراستنی خۆیان لە مەترسییە دەرەکییەکانی وەك سروشت یا گرووپەکانی تر، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕێکبخات. هەر تاکێك بۆئەوەی پابەندی هەندێ ئەرك و بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئەوانیتر بێت، ئەوا لە بەشێك لە ئەنانیەتی تاکایەتی خۆی خۆشدەبێت. هەمووئەمانە لەپێناو پێکهێنانی ڕێکخستنێکی مرۆییدایە کە بۆ مانەوەیان و جێهێشتنی ژیانی سەرەتایی و ژیانی دوورە پەرێزی و دابڕاوی و تەنهایی یارمەتیتن بدات. بۆئەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت، پێویستە ئەوانە بکەونە ژێر دەستی یا ملکەچی سەرکردەی بەتوانا و زیرەك و لێهاتووبن، کە توانای ئاراستەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی هەبێت. ئەم ئاراستەکردنە لەپێناو خزمەتکردنی حەز و ئارەزووەکانیان بێت و، یارمەتییان بدات بۆئەوەی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی و چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان چڕتر بکات. دەرەنجامی ئەوە ئەو بارودۆخەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد بووە هۆی دەرکەوتنی بیرۆکەی



گرێبەندی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی زۆر لەخۆبوردە و بێ زۆر لێکردن یا بەکارهێنانی زەبروزەنگ.

### 2- قۆناغەکانی پێشکەوتنی هرزی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی:

هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆییدا پێشکەوت و، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر بایەخپێدان و یەکێتی لێکۆڵینەوەکانی و حەز و ئارەزووە هزریەکانی و ڕوانگەی بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی هەبوو. بەڵام گرنگترین ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕان و پێشکەوتنی ئەم هزرە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەبووە ئەمانەن:

#### أ- لاوازی سستەمی خزمایەتی

هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە سەرەتای دروستبوونییەوە بایەخی بە لێکۆڵینەوە لە سستەمی خزمایەتی وەك یەکێ لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، کە ژیانی تاکەکان ڕێکدەخات داوە. یەکە کۆمەڵایەتییە پێکهێنەرەکانی ڕێکخستنی خزمایەتی بریتین لە خێڵ، هۆز و خێزانی درێژەوەبوو. ئەندامانی یەکەکانی ئەم ڕێکخستنانە پەیوەندی سۆزداری و خۆشەویستی و خزمایەتی و خوێنی بە یەکیانەوە دەبەستێت. سەرەڕای ئەوەیش خێڵ وەکو بنکەی سەرەکی بۆ حکوومەتی نیشتمانی لە کۆمەڵگە نەریتییەکان دادەنرێت. بەڵام سستەمی خزمایەتی یەکێکە لە ڕێگاکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناوەوە و دەرەوەی خێڵ ئامرازێکی بەهێزە.

کۆمەڵگە نەریتییەکان لەسەر ئەم شێوازەی ژیان نەماون، بەڵکو لەگەڵ لاوازبوونی سستەمی خزمایەتی و لەگەڵ دروستبوونی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نوێ گۆڕاون، کە لە ڕووی ئامانج، بەها، بونیاد، پەیوەندی، قەبارە، دابەشبوونی کارەوە نوێیە، بەمەش حکوومەت، سەندیکای کرێکاران، پارتی سیاسی، کۆمەڵگەی لۆکاڵی و ڕێکخراوی خێرخواز سەریانهەڵدا و شوێنی سستەمی

خزمایەتیان گرتەوە. واتە پسپۆڕی پیشەیی و وەزیفی و ئەرکی دیاریکراو هاتنە کایەوە، کە هەریەك لەو ڕێکخستنانەی ئێستا ئاماژەیان پێکرا ئەنجامیان دەدەن و، خزمەتگوزاری تایبەت پێشکەش بە خەڵکی دەکەن، بەشێوەیەك زۆربەی وەزیفەکانی سستەمی خزمایەتی کە لە کۆمەڵگەی نەریتی باو بوون نەمان و لەنێو چوون. خێڵ بەرگری لە کۆمەڵگە دەکرد و دوایی ئەم وەزیفەیە کەوتە دەستی حکوومەت، خێزان تاکی فێر دەکرد، پاشان ئەم کارە کەوتە دەستی قوتابخانە. خێزان ئەندامانی رادەهێنا لەسەر شارەزایی پەیداکردن و پسپۆڕی وەرگرتن لە پیشەیەك، کەچی دواتر ئەم کارە بوو بە کاری پەیمانگا پیشەییەکان. بە دەستەواژەیەکی تر ڕێکخستن و یەکە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کە پسپۆڕیان لە کارێکی کۆمەڵایەتیدا هەبوو و لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگە پێشکەشیان دەکرد، دەرکەوتن. کۆمەڵگەی نەریتی، سستەمی خزمایەتی هەموو ئەو ئەرك و وەزیفە کۆمەڵایەتییانەی کە پێویستی بوو ئەنجامیدەدا، بەڵام پاشان کە جیاوازییەکان پەیدابوون و زیادیانکرد و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە زیاتر و ئاڵۆزتر بوو و دەستە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی سستەمی کۆمەڵایەتی جیاواز جۆراوجۆر بوون، تاکەکان لەسەر ڕووبەرێکی جوگرافیی فراوان بڵاوبوونەوە، بەمەش سستەمی خزمایەتی نەیتوانی هەموو لایەنەکانی ژیانی بگرێتەوە و پێداویستییەکان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات. بۆیە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە پسپۆڕەکان. بۆئەوەی یارمەتی کۆمەڵگە بدات و تاك بتوانێت ژیان بەسەر بەرێت و مانەوەی لەناو بوونی کۆمەڵایەتیدا کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە بووە هۆی لاوازبوونی سستەمی خزمایەتی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان هەریەك بە پێی توان و جۆر و سروشتی پسپۆڕییەکەی دەرکەوتن. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە خزمایەتی تەواو لە ژیاندا نەماوە یا تەواو بنەبڕ بوو، بە شێوەیەك هێشتا کۆمەڵگەی نەریتی بوونی هەیە و سستەمە خزمایەتییەکەی زۆربەی وەزیفەکانی کۆمەڵگە ئەنجامدەدات.



**ب– گەشەسەندنی پسپۆڕییەکان**

ئەم ئاراستەیە لە ئەنجامی نوێبوونەوە و بە پیشەسازی بوونی کۆمەڵگەو دەرکەوتنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئاوێتە و ئاڵۆز لەڕووی بونیاد و وەزیفەوە، هەروەها لە ئەنجامی سەرکردایەتی نەکردنی سستەمی خزمایەتی لە کۆمەڵگەی مۆدێرن سەریهەڵدا. کارگەی تایبەت بە بەرهەمهێنانی بەشەکانی ئامێر یا مەکینە دەرکەوتن، بۆنموونە کارگەی تایبەت بە دروستکردنی پەیکەری (دەرەوەی) ئۆتۆمۆبێل و، کارگەی تری تایبەت بە بەشە کارەباییەکانی ئۆتۆمۆبێل و، هیتری تایبەت بە دروستکردنی کورسییەکانی و، کارگەی تری تایبەت بە پەنجەرە شوشەکانی ئۆتۆمۆبێل، هیتری تایبەت بە ڕەنگەکەی هەیە. بەم جۆرە هەموو کارگەکان، هەریەکە و بەپێی پسپۆڕی کارەکانی و بەرهەمەکانی بەشداری لە دروستکردنی ئۆتۆمۆبێلدا دەکەن. کەواتە ئەمانە لە کارو بەرهەمەکانیان و لەپێناو گەیشتن بە بەرهەمێکی یەکگرتوو هاوشانی یەکتری و پشت بەیەك بەستوون.

هەروەها بۆنموونە زانکۆ، لە کۆلێژ، بەشەکان، هۆبەی تایبەت بە دەرسگوتاری زانستی، تاقیگە، نووسینگەو ناوەندی توێژینەوە پێکهاتووە، هەر یەکێکیان کاری زانستی و تایبەتی و کاری سەربەخۆی خۆی کە هەر بەشێکیان لە بەشەکانی تر سەربەخۆیە ئەنجامدەدات. کەچی لە ڕێگای سستەمی ناوەکی زانکۆوە بۆ بەرهەمهێنانی کادری زانستی تایبەت بە بەشەکان، کە ڕەنگدانەوەی زانست و ئەکادیمیای ئەو زانکۆیەیە، کە ئەم زانستانەی تێیدا دەخوێندرێن بە یەکەوە بەستراون و پشت بە یەکتر دەبەستن. ئەم دوو نموونەیە ئاماژە بە پێداویستیە جۆراوجۆرە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مۆدرێن دەکەن، بە شێوەیەك یەك ڕێکخستن ناتوانێت بە تەنها بەبێ یارمەتی ڕێکخستنەکانی تری پسپۆڕ لە کاروبارە جیاوازەکان پێداویستییەکانی کۆمەڵگە تێر بکات.

**ج– گەشەسەندنی هزری ئەقڵانی**

ئەم ئاراستەیە لە ئەوروپا، دوای زاڵبوونی دەسەڵاتی دامەزراوەیی سەریهەڵدا. واتە دوای ئازادبوونی خەڵك لە دەسەڵاتی ئاینی لە سەدەی

15و16. واتە دوای ئەوەی ڕێنسانسی هزری ئەورووپا دەستی پێکرد، کە خەڵکی بەرەو جیهانی سروشتی ئاراستەکرد و هەندێ لە چەمکە ئاینییەکانی گۆڕین. هەروەها سستەمی خاوەندارێتی بۆ تاکەکان گۆڕا، فەلسەفەی مەسیحی لاواز بوو. ئەم گۆڕانانە لە سەردەمی ڕێنسانس دوای شۆڕشە سیاسییەکان لە هەر دوو سەدەی 18و19 دەرکەوتن، بەمەش شۆڕشەکان تاکیان بۆ سەر سەرچاوە بێ سنوورەکانی هێزی کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ فۆرمەلەبوونی سەرکردایەتی دروستکار و بەهرەمەند گواستەوە، بەڕادەیەك کە دەتوانرێت ئەم شۆڕشانە بە دامەزراوەی سیاسی دابنرێن.

### د– سەرهەڵدانی دیاردەی تاکایەتی

ئەم ئاراستەیە لە ئەنجامی بە پیشەسازیبوون، پێشکەوتنی زانست، تەکنەلۆژیا، کۆنترۆڵی ئامێر لەلایەن مرۆڤ، فراوانبوونی ئەو ڕووبەرە جوگرافییەی تاکەکان لەسەری دەژین، پێشکەوتنی هۆیەکانی پەیوەندی تەلی و بێتەل، بچووکی قەبارەی خێزان، لاوازی کۆنترۆڵی باوك و دایك، کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ، کۆنترۆڵی مادە لەسەر ئەقڵی خەڵکی، بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی، لاوازی پەیوەندییە خزمایەتیی و سۆزدارییەکان سەریهەڵدا. هەموو ئەم هۆکارانە لەپێناو دەرکەوتنی دیاردەی تاکایەتی کاریانکرد. واتە دابڕانی تاك و لەخۆ نامۆبوونی لە مرۆڤبوون و هەست و ویژدانی خۆی و دوورکەوتنەوەی لەوانیتر، کە بووە هۆی دروستبوونی نارەحەتی و نەمانی دڵنیایی و زیادبوونی دوودڵی و شڵەژانی دەروونی و ڕەفتاری، بە شێوەیەك ئەمە بووە پاڵنەرێك بۆ فۆرمەلەبوونی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، کە ئەم تاکانە لە ئامێز بگرێت بۆئەوەی دڵنیایی و ئارامی جێگیری دەروونی و جەستەیی و هەستکردن بە خۆشیان بۆ فەراهەم بکات و بتوانێت تووشبوون بە لەخۆ نامۆبوونی کۆمەڵایەتییان بنەبڕ بکات.



### ه– دەرکەوتنی دژە ئاراستە

**ئەم ئاراستەیە دوو جۆرە و بەم شێوەیە:**

1- **ناوەندی:** کاتێك ڕێکخستنە نوێکان تایبەتبوون بە کاری وورد کە خودانی لێپرسراوێتی هاوبەش و سەربەخۆ و هەمانکات دەستباری هەبوو. پێویستبوون بە (ناوەند) لەناو ڕێکخستنەکان لەپێناو بەڕێوەبردنی پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکان و بەشەکانی سەریهەڵداوە، بەشێوەیەك لە ڕێگەی یەکەیەکی ناوەندی سەرەکی، کە یەکەکانی تری ناو بونیادی ڕێکخستنەکە بەڕێوەدەبات و ئاراستەیان دەکات لە دەستبارییەکانی ڕێکخستنەکان.

2- **کۆمەڵگەی لۆکاڵی:** کاتێك دیاردەی تاکایەتی باڵی بەسەر کۆمەڵگەی پیشەسازی و مۆدرێندا کێشا و لە ئەنجامی کۆنترۆڵی مرووڤ لەلایەن ئامێرەوە، پەیوەندییە مرۆییەکان لەم کۆمەڵگەیانە لاوازبوون، جا بۆئەوەی گوزارشت لە هەستکردن بە دیاریکراوی (المعینة) کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان دەرکەوتن لەپێناو دەستەبەرکردنی ئامانجی ویژدانی و مسۆگەری مانەوە لە ژیاندا بکات، چونکە دیاردەی تاکایەتی مرۆڤی هاوچەرخی بۆ گەڕان بە دوای لۆژیکی نوێ و بڕوای نوێ ئاراستە کرد، تاوەکو مسۆگەری کۆمەڵایەتی دەستکەوێت و ئەوەی کە لە ژیانی ماددی لە دەستی داوە بۆی دەستەبەر بکات، ئەمەش یارمەتی دروستبوونی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نوێیدا، کە بایەخ بە پێشکەشکردنی ئامێز و خۆشەویستی و هاوژیانی و سۆزداری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو تاکەی، کە ژیانی کۆمەڵگەی پشەسازی ماددی تەنیا و دابڕاوی کردووە دەدات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە پێناسەکەی (وایت پاك) بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی فەرمی نوێ بکەین (بریتییە لە سستەمێك لە چالاکی مرۆیی کە بەردەوام و لەیەك کاتدا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە هەرەوەزی و دوورکەوتنەوەو ناهەرەوەزی دایە، ئەمەش لەپێناو یارمەتیدانی تاکەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و سەرمایەگوزاریکردنی سەرچاوەکانی ماڵ و سامانیان، فۆرمەلەبوونی

هزرێکی تایبەت بە ڕێکخستن، بۆئەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسییەکانیان و ئەو کێشانەی لە ئەنجامی پەیوەندی ڕێکخستنکە بە سستەمی ئەو چالاکیانەی کە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا هەن تێربکات[2].

لەم پێناسەیەوە تێبینی دەکەین، پاك بە شێوەیەك وێنای ڕێکخستنی فەرمی مۆدێرێنی کردووە بەوەی، کە پێویستی بە سەرچاوەی ڕێکخستنی سەرەکی وەك تاکەکان و ماددە سروشتییەکان و سەرمایە و هزر بۆ بەکارهێنانیان لە چالاکییەکانی ڕێکخستن هەیە. هەروەها پێداویستییەکی تری ڕێکخستنی مۆدێرن (ڕێکخستنی نوێ) چالاکییەکانە، ئەوەش لەپێناو چالاککردنی کارو بەردەوامبوونی لەناو دەوروبەری کۆمەڵایەتی.

ئەو پێنج خاڵەی کە ئێستا ئاماژەمانپێکردن کاری کردە سەر گۆڕینی قەبارەی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، بونیادی ڕێکخستنەکە، ئامانج و بەهاو چالاکییەکانی لە هەمانکاتدا، لەگەڵ ئەم کاریگەرییانەدا ئاراستە هزرییەکان بۆ تیۆری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی گۆڕان، بە شێوەیەکی بابەتی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نافەرمی (خێزانی درێژەوە بوو، سستەمی خزمایەتی، گرووپی هاوسێتی، کۆمەڵگەی لۆکاڵی) بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە گەورە و ئاڵۆز و فەرمی و بیرۆکراسییەکان، کە ژیان و چالاکی خەڵکی لەناو کۆمەڵگە پیشەسازی و مەدەنییەکان، گۆڕاوە.

### 3- **بایەخە هزرییەکانی بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکان جیاوازە:**

ئەگەر بمانەوێت زیاتر ڕۆچینە ناو لێکۆڵینەوە لەبارەی پێشکەوتنی هزری، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕێکخستنەکان لە کۆمەڵگەی مرۆیی، دەبینین کە بایەخدانەکانی تەنیا جەخت لەسەر وێکچوونە بوونیادخوازییەکانی ناکاتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر سروشتی دروستبوونی وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕێکخستنانە لەناو هەر کۆمەڵگەیەکیش دەکاتەوە.



أ‌- **کۆمەڵگەی فۆلکلۆری:** هەموو تاکەکانی لە رووی شارستانی و هزرییەوە لەگەڵ یەکدا گونجاون و یەك رەفتار دەکەن، وەکو ئەوە وایە کە یەك تاك بن، بە شێوەیەك تاك بەهۆی توندوتیژی دیسپلینە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە لەسەری مومارەسە دەکرێت ناتوانێت گوزارشت لە حەزو ئارەزوو و پێداویستییە تایبەتییەکانی بکات. بۆیە وێکچوونێکی توندو بەهێز لە نێوان تاك و رەگەزە شارستانیەکانی کۆمەڵگەکەی دروستدەبێت، ئەمەش بە رۆڵی خۆی هەستێکی بەهێز (ئێمە) دروستدەکات، دەرەنجامی ئەم هەستە ئەم کۆمەڵگەیە لە کۆمەڵگەکانی تر دادەبڕێت، شتێکی سروشتییە کە باڵادەستی پەیوەندییە خزمایەتییەکان لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ببینین، بە رادەیەك ئەم پەیوەندییانە کۆنترۆڵی هەموو چالاکییەکانی ژیانی رۆژانەی تاك دەکات. وەك دەرەنجامێك بۆ بوونی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە، شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو تاکانە دەبێت بە یەك، واتە ئەو خێزانانەی سەربەیەك رەچەڵەکن لە یەك ناوچەی جوگرافی کە چوارچێوەیەکی زانراوە کۆدەبنەوە، هەروەها هاوبەستەیی نێوان ئەم خێزانانە بەهێز دەبێت و گرووپێکی فولکلۆری لۆکاڵی و کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو بەشێوەیەکی رێژەیی لە کۆمەڵگە لۆکاڵیەکانی تر درووست دەبێ. ڕەنگە پێمان سەیر نەبێت ئەگەر دەسەڵاتی حکوومەت یا دەستەیەکی فەرمی لەم کۆمەڵگەیە کە کاروبارەکانی بەڕێوەبەرێت نەبێت، بەڵکو گرووپێکی بەتەمەن لە پیاوماقوڵ و ریش سپی ناوچەکە یا کاروباری کۆمەڵگەکە بەڕێوە دەبات، ئەمانە سەبارەت بە راوێژکردن لەبارەی کێشەکانی کۆمەڵگەکەیان بەرپرسن، ماوە ماوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کاروبارە تایبەتییەکانی کۆمەڵگە کۆ دەبنەوە.

بەپشتبەستن بەوانەی پێشوو، لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنچینەی تەمەن و رەگەز دانراون. واتە ڕێکخستنی تایبەت بە بەتەمەنەکان، ڕێکخستنی تایبەت بە گەنجان، ڕێکخستنی تری تایبەت بە پیاوان، هیتری تایبەت بە ئافرەتان هەیە. هەروەها بەهەمان شێوە سستەمی دابەشکردنی کار لەم کۆمەڵگەیانە لەسەر بنچینەی تەمەن و رەگەز دەوەستێت. ئەگەر لەبارەی

هۆكاری بوونی ئەم جۆرە سستەمە (دابەشكردنی كار) قووڵتربینەوە دەبینین ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە ئەم كۆمەڵگەیانە كشتوكاڵیین و ئامێری كشتوكاڵی سەرەتایی، هەروەها ئاژەڵ بۆ كێڵان و كشتوكاڵ و ئاودێری بەكاردەهێنن، هەندێجار وەك سەرچاوەیەك بۆ وزەی بەرهەمهێنان پشت بە هێزی بازووی مرۆڤ دەبەستێت، بۆیە دەبینین زۆربەی كارو فەرمانە ئابوورییەكان و بەرهەمهێنان بەسەر پیاودا كورت كراوەتەوە، كە توانایەكی جەستەیی بە هێز و گورج و گۆڵیان هەیە، هەندێك جار ئافرەتانیش بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی كشتوكاڵ و جێبەجێكردنی بەرهەمە ئاژەڵیەكان كاردەكەن، كە پێویستی بە هێزی زۆری ماسولكەیی نییە. بەڵام قەبارەی دانشتوانی ئەم جۆرە كۆمەڵگەیانە زۆربەی جار بچووكە، واتە ژمارەی تاكەكانی كەمن، كەچی قەبارەی خێزان گەورەیە، واتە (خێزان لەم جۆرە كۆمەڵگەیانە) لە دایك و باوك و باپیرو داپیرو كوڕ وكچ و منداڵە ژندارەكانیان و كوڕەزا ژندارەكانیان و كچە بە شووەكانیان كچە زاكانیان (تەڵاق دراو یا بێوەژن و منداڵەكانیان) و هەندێجار پورەكان (خوشكانی باوك خوشكانی دایك) پێكدێت. كەواتە خێزان بریتییە لە یەكەیەكی كۆمەڵایەتی بەش بەش و، ئامرازی پەیوەندیكردنیان زارەكی دەبێت. واتە گواستنەوەی زانیاری لە تاكێكەوە بۆ تاكێكی تر رووبەڕووانەیە و ئامرازی تەلی، یا بێتەل، یا نووسراو لەم كۆمەڵگەیانە بوونی نییە. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا زمانێكی نووسراو و هزری نوێ و پێشكەوتنخوازییان نابێت، لە هەندێ حاڵەتدا یەكسەر بڕیارەكان لەبارەی شتەكانەوە دەردەكرێن.

**ب- كۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی:** لە پێنج چینی كۆمەڵایەتی پێكدێت ئەوانیش ئەمانەن:

1- چینی ئەشراف (یا دەسەڵاتدار)
2- چینی جێگرەكان
3- چینی ناوەند
4- چینی جوتیار
5- چینی كۆیلەكان



1- **چینی ئەشراف:** خاوەنی زەوی و موڵك و ماڵ و مەڕو ماڵاتن، واتە داهاتێكی ئابووری زۆریان هەیە، كە بۆ دەستكەوتنی ئاستێكی باشی خوێندن و ناردنی منداڵەكانیان بۆ خوێندنگای باڵا بۆ تەواوكردنی خوێندن لەپێناو دەستكەوتنی پێگەیەكی باڵای كۆمەڵگە، وەك پایەی پزیشك یا ئەفسەر لە سوپا یا پۆلیس یا پیاوانی یاسا یارمەتییان دەدات. هەموو ئەم پایانە بۆ كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵگە، یا لە رێگەی ملكەچپێكردنی دامەزراوە و خزمەتگوزارییەكانی بۆ بەرژەوەندی چینی ئەشراف كە هێزێكی كۆمەڵایەتی باڵا بە تاكەكانی ئەم چینە دەبەخشێت منداڵەكانی ئامادە دەكەن و یارمەتیان دەدەن، ئەمەش تەنیا ماڵ و سامانی ماددی ناگرێتەوە، بەڵكو شێوەی جۆراو جۆر وەردەگرێت وەكو ئەمانەی لای خوارەوە:

أ- كۆنترۆڵكردنی هەموو جووتیارەكان و بەكارهێنانیان وەك سەرباز، كە بەرگری لە زەوی ئەشراف یا (نەجیب زادەكان) و هێزەكانیان دەكەن. ئەمە لەكاتێكدا كە رێكخستنی ئاسایش و سەربازی تایبەت بە دەوڵەتیش بوونیان هەیە.
ب- حكوومەتی كۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی لە بەگ و كارگێڕو پیاوانی دەسەڵات كە یارمەتی دەرەبەگ دەدەن بۆ كۆنترۆڵكردنی جوتیاران و كۆیلەكان پێكهاتوون، لە هەمانكاتدا ئەشرافەكان بۆ پشتگیریكردن لە سیاسەتی حكوومەت و جێبەجێكردنی رێساكانی كار دەكەن. واتە بۆ زاڵبوون بەسەر چینی جوتیار و كۆیلەكان. هەریەكەیان هاوكاری ئەویتر دەكات.
ج- ئەشرافەكان خاوەنی ئامێرە كشتوكاڵییەكان (بە شێوەیەكی رێژەیی ئامێرە پێشكەوتووەكان) و ئامرازە پێشكەوتووەكانی گواستنەوەن، كە هەریەك لەم خاوەندارێتیانە بۆ كۆنترۆڵكردنی جوتیار و كۆیلەكان یارمەتیدەرن.
د- دامەزراوە ئاینییەكان بۆ خزمەتكردنی دەسەڵاتی ئەشرافەكان بەكاردەهێنرێن، ئەمەش پشتگیری جوتیارانیان لە رێگەی تەلقینكردنیان بە فێركردنە ئایینییەكان بۆ دەستەبەر دەكات. لە ئەنجامی ئەوانەی سەرەوە

بۆمان دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی بەگزادە و ئەشرافەکان لەسەر هێزو خاوەندارێتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان و، بەکارهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان وەستاوە، ئەوەش لەپێناو بەخشینی رەوایەتی بە هێز و دەسەڵاتەکانیان. لە ژێر رۆشنایی ئەم راستییانە دەبینین ئەشرافەکان بۆئەوەی بەرهەمی ئابووری و کشتوکاڵیان زیاد بکات جوتیاران بەکاردەهێنن. ئەمانە -جووتیارەکان- یەکێکن لە سەرچاوەکانی هێزو دەسەڵاتی چینی ئەشرافەکان. پێگەی کۆمەڵایەتی ئەشرافەکان بۆماوەییە، بەڵام سەبارەت بە جوتیار و کۆیلەکان، ئەوا ناتوانن ئەم چارەنووسەیان بگۆڕن.

2- **چینی جێگرەکان (کوێخاکان)**: قەبارەی ئەم چینە لە چینی ئەشراف بچووکترە. تاکەکانی ئەم چینە بەشێك لە هێز و دەسەڵاتی ئەشرافەکانیان هەبوو، چونکە ئەمانە (جێگرەکان) لە بەرامبەر جوتیار و کۆیلە و کرێکاری کارەدەستییەکان نوێنەری ئەشرافەکانن. بەرپرسیارێتی سەرەکییان بەڕێوەبردنی کێڵگەکانیان و کۆنترۆڵکردنی جوتیارەکان و گەیاندنی فەرمانی ئەشرافەکانە بۆ جوتیارو کۆیلەکان.

3- **چینی ناوەند**: لە کرێکاری کارەدەستییەکان پێکهاتووە و، بە نوێنەری داهاتە بچووکەکان دادەنرێن و بەرهەمەکانیان دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەشرافەکان، واتە ئەمانە لە رووی ئابوورییەوە ئازاد نین.

4- **چینی جووتیاران**: ئەمانە لەلایەن ئەشرافەکانەوە چەوسێنراونەتەوە، بە شێوەیەك هەموو بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان و ئەو بەرهەمانەی بەهێزی بازوویانەوە ئامادەی دەکەن کە لای ئەشرافاکان بە قەباڵە (رهن) لە بری باجی زەوییەکانیان دایدەنێن، بەڵام رێگەی باجدان شێوەی پێشکەشکردنی بەشێکی زۆر لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان وەردەگرێت و هەروەها جوتیار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کاردەکات و بەرهەمەکانیش لە بەرژەوەندی ئەشرافەکانە. لەگەڵ ئەوەی دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە ئەم جوتیارانە ناتوانن لەو باجەی کە دەبێت لە بری مانەوەیان لەسەر زەوی و، کشتوکاڵکردن و بەخێوکردنی مەڕ و



ماڵاتەکانیان پێویستە بیدەن خۆیان بدزنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە چاودێری و دەسەڵاتی ئەشرافەکان بە سەریاندا زاڵە.

5- **چینی کۆیلەکان**: خزمەتکاری ئەشرافەکانن، بەیەکێ لە سەرچاوەکانی خاوەندارێتی و هێزی کۆمەڵایەتی ئەشرافەکان دادەنرێن. بەگزادە بۆی هەیە کۆیلەکانی بفرۆشێت یا بیانکرێت و هیچ پەیوەندییەکی ویژدانی یا مرۆیی بە یەکیانەوە نابەستێتەوە، بەڵکو بۆ خزمەتکردن و سەرمایەگوزاری ئابووری بەکاریان دەهێنێت.

لێرەدا ئەوەی شایانی باسە خێزان لەم کۆمەڵگەیە درێژەوە بوو و گەورەیە، چونکە (خێزان) لە هەمانکاتدا بریتییە لە یەکەیەکی بەرهەمهێنانی ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی. ئەم جۆرە خێزانە لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی باوە.

بەڵام هاوبەستەیی تاکەکانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی بەهۆی بوونی جیاوازی چینایەتی گەورە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگە لاوازە. زۆربەی جار تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریتەکانیەوە پابەند دەبن، بە پێچەوانەی ئەندامانی چینی ئەشرافەکان کە پابەندی بەها کۆمەڵایەتییە گشتییەکان نابن، بەڵکو بەهای تایبەت بەخۆیان، کە رەنگدانەوەی ژیان کردن و دەستبڵاویانە بەرجەستە دەکەن. هەروەها چاودێری و رەوشی تەندروستی بەگشتی لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی خراپەو بەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە ناکات، چاودێرییەکانیش بۆ چارەسەرکردن سەرەتایین، بۆیە لەگەڵ ئەوەی رێژەیەکی باشی خواردن هەیە رێژەی مردوان بەرزە. لە کۆتاییدا، ئابووری ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و هەندێ پیشەسازی دەستی وەکو چنین و ئاسنگەری و دارتاشی و پێستەخۆشکردن وەستاوە. هەموو ئەم پیشەسازیانە پشت بە بەهرەمەندی ئەو کرێکارە دەبەستێ کە کارەدەستییەکە دەکات. زۆرینەی بەرهەمەکانیان دەکەوێتە ژێر رکێفی چینی بچووکی دەسەڵاتدار و لەلایەن ئەوانیشەوە بەکاردەبرێن. لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانییەکی کەم لە نێوان ئەم

کۆمەڵگەیەو دەرودراوسێکانیدا هەیە، ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانیە دەسکەوتێکی کەمی هەیە و، بەشی ئەوە ناکات لە ئابووری لۆکاڵی کۆمەڵگەدا پشتی پێببەسترێت.

ج- **کۆمەڵگەی گوزەر (انتقالي)**: واتە گۆڕانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە دامەزراوەی نەریتییەوە بۆ دەسەڵاتی نووسینگەکان بە تایبەتی دامەزراوە پەروەردەیی، سیاسی، یاسایی و ئابوورییەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە رووی هێزی کار و گۆڕان لە بونیادی دانیشتوان و ئاراستەکانیان. بەمانایەکی تر، بەهۆی گرنگیدان بەلایەنی تەندروستی و خواردن رێژەی مردن کەم دەبێتەوە و رێژەی لەدایکبوون زیاد دەکات و، جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی رێکخستنی داهاتی خێزان و رێکخستنی وەچەخستنەوە. وەکو ئەنجامێك بۆ ئەم گۆڕانکارییانە چەندان گرووپ و پارتی سیاسی و سەندیکای پشەیی و رێکخراوی کۆمەڵایەتی کە بایەخ بە رێزگرتن لە تاك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دەردەکەون دەدەن. خۆبەختی و وەفاداری تاکەکان بۆ ئەم رێکخستنە کۆمەڵایەتییانە وەکو وەفاداری تاکەکانی خێڵە بۆ سەرۆك خێڵ.

د- **کۆمەڵگەی مۆدێرن**: پێچەوانەی کۆمەڵگەی فۆلکلۆرییە. خەسڵەتەکانی (مۆدێرن) بە گەورەیی قەبارەی دانیشتوان و زیادبوونێکی زۆری رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی وەك قوتابخانە و زانکۆ زۆربەی وەزیفەکانی خێزانی درێژەوە بوو و خێڵ و هۆز و گرووپە خزمایەتییەکانی زەوتکردووە. هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە رواڵەتییە و لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی تایبەتی دەوەستێت، نەك لەسەر بنچینەی پەیوەندی ویژدانی یا خزمایەتی وەکو چۆن لە کۆمەڵگەی فۆلکلۆرییدا بوونیان هەیە.

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە دابەشبوونێکی تایبەتی کارو ئاڵۆزی و پێشکەوتنێکی مەزنی تەکنەلۆژیا و بەهرەمەندی هونەری بەرزو سستەمی بیرۆکراسی ئاڵۆزی تێدایە.



پێمان باشە ئاماژە بە ناوی هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسی کە ئەم کۆمەڵگەیانە بە کۆمەڵگەی مۆدێرن دانانێن بکەین، بەڵکو ناویان لێناوە کۆمەڵگەی تەنها (ماس) وەکو زانا دانیال بێل، پیتەر پلاو، جۆرج هۆمنز.

دیسان دەگەڕێینەوە بۆ خستنەڕووی خەسڵەتە گشتییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە، بە شێوەیەك کێشەو گیروگرفت و نەخۆشی کۆمەڵایەتی و دەروونی تێدا زیاد دەکات، وەك لادانی مێرد منداڵان، کارکردنیان لە کارگە، کارخانەکان، لێکترازانی خێزان، سەرقاڵبوونی دایك و دووركەوتنەوەی لە ئەرکە پەروەردەییەکانی، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵبوونیەتی بە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان. بۆیە کارکردنی خەڵکی لە کارگە و کارخانە و نووسنیگە فەرمییەکان، ملکەچکردنیان بۆ دەسەڵاتی مادده و ئامێر و سستەمی بیرۆکراسی و، دووركەوتنەوەیان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی راستەوخۆ لەگەڵ هاوڕێ و خزم و کەس و کار، دەبێتە هۆی دابڕان و، لەخۆنامۆبوون لە ژیانی تایبەتییان، ئەمەش رێگا بۆ هەستکردن بە تەنیایی و لەخۆنامۆبوونی کۆمەڵایەتی خۆشدەکات. لە دیاردە زەقەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ئەوەیە، تاك دەتوانێت بە ئاسانی لە چینێکەوە بچێت بۆ چینێکی تر، بوونی ئازادییەکی رێژەیی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستکەوتانەی کە بە دەستیدەهێنێت، یا ئەو توانا و بەهرە زانستییانە، یا مەعریفییانەی کە تاك هەیەتی. بۆ سەرکەوتن بەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتی دەستکەوتی زانستی یا مەعریفی یارمەتی تاك دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاك ناتوانێت کێبەرکێ لەگەڵ خاوەن سەرمایە زۆرەکان و خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێناندا بکات. هەروەها تاك لە هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاوسەرو تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئایینیشدا ئازادە. ئەو دیاردانەی کە کاریگەرییان لەسەر گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مۆدێرن هەیە، دەرکەوتنی دیاردەی پسپۆڕییە، چونکە سەردەمی نوێ خەسڵەتی خێرایی لە دەستکەوت، رێزگرتن لە کات، دەست رەنگینی، هەبوونی پسپۆڕی، وردبینی لە کارو پەیوەندی ئەم کارە بەو کارانەی ترەوە کە تاك ئەنجامیان دەدات هەیە. هەروەها رۆحی کێبەرکێ بەرزە

و، بەریەك كەوتنەكانیش لە نێوان خاوەنی هەمان پسپۆڕی كە دەبێتە هۆی باشتربوون و پێشكەوتنی بەرهەمهێنان توندوتیژە. دەتوانین ئەم دیاردەیە لە مانشێتی رۆژنامە و رێكلام و گۆڤار و تۆماری ژمارەی تەلەفۆن (وەكو چۆن لە وڵاتە سەرمایەدار و پیشەسازییەكان بەدی دەكرێن.

هەڵئاوسانی شارەكان و فراوانبوونی بە پیشەسازی بوون بووە هۆی دووركەوتنەوەی خەڵكی لە ستەمی خزمایەتی و لاواز بوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، بچووك بوونەوەی قەبارەی بازنەی پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكان و لە ئەنجامی ئەم زنجیرە گۆڕانكاریانە، تاك دابڕاو هاوڕێكانی كەم بوونەوەو دڵەڕاوكێی زیادیكرد و مسۆگەری دڵنیایی دەروونی و كۆمەڵایەتی لاواز بوو، دوورەپەرێزی كۆمەڵایەتی تاك بووە هۆی دەركەوتنی رێكخستن و كۆمەڵە وگرووپەكان، كە قەرەبووی ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییانەی كە لە دەستیداون دەكاتەوە، بۆیە رێكخستنی تایبەت بەو تاكانە كە لە رووی كۆمەڵایەتییەوە لەخۆنامۆن و هەست بە تەنهایی و تێكەڵنەبوونی كۆمەڵایەتی دەكەن دەركەوتن.

**ە- كۆمەڵگەی جەمعی (كۆمەڵی)**: دوو ستەمی جیاواز لە یەك كاتدا لە خۆیدا كۆدەكاتەوە. لەو زانایانەی وەسفی ئەم كۆمەڵگەیەیان كردووە (ئەلكسی دی تۆكۆڤیل). ئەم پێیوایە كۆمەڵگەی جەمعی چەندین ستەمی سیاسی تێدایە، ئەمەش -بە بۆچوونی ئەو- دیاردەیەكی تەندروستە و بۆ دیاریكردنی رەهەندەكانی دیموكراسی زۆر پێویستە، چونكە تاك بۆ ئینتماكردن بە یەكێ لەو دوو ستەمەوە سەرپشك و ئازادە. سەرپشكە بۆ ئینتماكردن بۆ زیاتر لە رێكخراوێكی كۆمەڵایەتی لە یەك كاتدا، كە ئەمەش هێزی كۆمەڵایەتی زیاد دەكات و، دەتوانێت لە رێگەی ئەو ئینتما جۆراو جۆرانەی كە هەیەتی بۆ زیاتر لە رێكخراوێكی كۆمەڵایەتی دەنگی بە حكومەتی ناوەندی بگەیەنێت. لەم بارەیەوە پێمان باشە ئاماژە بكەین بە ووتەكانی دوركایم كە دەڵێت: كاتێك كۆمەڵگە لە رووی قەبارەوە گەورەبێت، لە پەیوەندیە فەرمیەكانیدا ئاڵۆز و، چەندین گرووپی جیاواز كە لە رووی



ئامانج و هزرو هۆكارەكانی بوونیان جیاوازبن لەخۆبگرێت، ئەوا تاك لەپێناو تێركردنی پێداویستیە كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەكانی بە زیاتر لە گرووپێك دەبەسترێتەوە، چونكە ئەم گرووپانە هێزی كۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان هەیەو بەشێوەیەكی رێژەیی لە دەوڵەت سەربەخۆن (واتە بەشێوەیەكی رێژەیی بە دەوڵەتەوە نەبەستراونەتەوە). لەكاتی بوونی ئەم ئینتمایانە تاك بەشێك لە ئازادییە گشتییەكانی لە كۆمەڵگەدا لە دەستدەدات، واتە بە ئامانج و هزرەكانی ئەم گرووپە دووەمیانە -بە شێوەیەكی رێژەیی- پابەند دەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش تاك سەربەخۆیی خودی هەیە، چونكە ئەم جۆرە گرووپانە پابەندبوونێكی تەواوی بە سەرداناسەپێنێت كەوای لێبكات ئەندامێتیە فەرمیەكانی تری جێبهێڵێت. ئەو هۆكارانەی كە وادەكەن تاك بەم گرووپانە ببەسترێتەوە ئەوەیە كە (ئەم گرووپانە) لە نێوان دەوڵەت و كۆمەڵگە و پردی پەیوەندین، چالاكییەكانی بۆ گەیاندنی پەیوەندی و زانیاری و پێداویستییەكانی كۆمەڵگە بۆ دەوڵەت لە تاك زیاترە، هەروەها كاریگەریشی لە تاك زیاترە. كەواتە وەزیفەی ئەم گرووپانە پاراستنی تاكە لە قۆرخكردنی راستەوخۆی پیاوانی دەوڵەت، كە لە رێگەی بانگەشەی جەماوەری و بزووتنەوە سیاسییەكان هەوڵی بۆ دەدەن. ئەم گرووپانە وەكو دیسپلینێكی كۆمەڵایەتی و سیاسی كاریگەری لەسەر دەسەڵاتدارانی دەوڵەت كاتێك خیانەتیان لە كۆمەڵگە كرد هەیە. ئەمەش مانای وایە ئەم گرووپە دوومیانە هێزو كاریگەرییەكی بە هێز لەسەر دەوڵەت موومارەسە دەكەن. بۆیە جەماوەر كاتێك داوای مافەكانیان لە دەوڵەت دەكەن پەنا بۆ رێپێوان و مانگرتن نابەن، بەڵكو گرووپە دووەمیەكانی بۆ گەیاندنی داواكارییەكانی بە كاربەدەستانی دەوڵەت بەكاردەهێنێت. هەروەها بە كارهێنانی بیرمەند و نووسەر و سەركردە و پروپاگەندەی دەزگاكانی راگەیاندن بۆ كاریگەری دروستكردن لەسەر دەوڵەت. شتێكی سروشتییە ئەگەر لەم حاڵەتەدا جۆرێك لە كێبەركێ لە نێوان گرووپە دووەمیەكان و دەوڵەت لەپێناو پێشكەشكردنی دەستكەوت بۆ كۆمەڵگە رووبدات، كە لە هەندێ حاڵەتدا بەریەككەوتن و

ململانێ لە (لە نێوان دەوڵەت و گرووپە دووەمییەکان) روودەدات. دەتوانین ئەرکەکانی گرووپە دووەمییەکان بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

1- لە ئەندامەکانی نزیکە، بۆئەوەی هەموویان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی بەشداری بکەن.

2- توانای مومارەسەکردنی نفوزی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە: واتە بێت بۆئەوەی بتوانێت نفوزی خۆی لەسەر دەوڵەت مومارەسە بکات دەبێت لە رووی قەبارەوە بەرفراوان.

ئەمە گرنگترین سیفەتەکانی کۆمەڵگەی جەمعییە، بەڵام لە پراکتیزەکردندا کردەیی نییە، کاتێك هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت دابن، بە شێوەیەك بوارێك بۆ گرووپە دووەمییەکان نامێنێتەوە بۆئەوەی نێوبەندی تاك و حکوومەت بکەن. هەروەها کۆمەڵگەی جەمعی وا دەردەکەوێت کە بەشەکانی لەگەڵ یەکتر گونجاوبن و ئامانجی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت، بەڵام لە راستیدا تا ئەو کاتەی گرووپی جۆراو جۆر و جیاواز لە رووی ئامانج و چالاکی و نفوز هەبن و تا ئەو کاتەی کۆمەڵگە پسپۆڕی وەزیفی گەرەك بێت کە دەبێتە هۆی جیاوازی لە پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و، پاشان ناکامڵبوونی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە ناتوانێت گونجانێك لە نێوان بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی جەمعی دروستبکات. هەروەها (رایت میلز) دەڵێت: سستەمی جەمعی بە شێوەیەکی بەردەوام لە ژێر کۆنترۆڵی نفوزو دەستەبژێری سەرکردایەتی دایە، واتە گرووپی دووەمی نێوبەند لە نێوبەندکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت دادوەرانە نییە، هەردەم لایەنگری تاك نییە، بەڵکو ملکەچی نفوزی هێزی سەرکردەیە.

**و- کۆمەڵگەی کۆمۆنیست:** دەستنیشانکردنی چەمکی کۆمۆنیزم لە نووسەرێکەوە بۆ یەکی تر و لە بیرمەندێکەوە بۆ یەکی تر جیاوازە، بەڵام ئەمانە لە دیاریکردنی ئامانجەکانی کۆمۆنیزم کە بریتییە لە بەشداری هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەموو خزمەتگوزارییەکانی، دابەشکردنی سوودەکان و



نووسینگەکان و قازانجەکان بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەو، بواری رەخساندنی هەلی جۆراو جۆر بۆ تاکەکان لەپێناو باشترکردنی باری بژێوییان جیاوازنین. لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا بەرپرسیارێتی تاکی و گرووپی لە ژیانی کۆمەڵایەتی بنچینەیەکی سەرەکییە، ئەمەش جێگای بەرژەوەندییە تاکخوازییە-تایبەتیەکان دەگرێتەوە، بەڵام دەستەی دەسەڵات خزمەتگوزاری ئابووری گشتی بۆ هەموو تاکانی کۆمەڵگە دابین دەکات، لەپێناو کامەرانی و دڵخۆشی کۆمەڵگە بە گشتی. واتە حکوومەت نفوزو تواناکانی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکارناهێنێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی گشتی بە کاریاندەهێنێت. کەواتە ئامانجی سەرەکی هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی کاردەکات بریتییە لە چاکسازی ئابووری و دروستکردنی رێکخستنی کۆمەڵایەتی، کە خزمەتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بکات. لەپێناو بونیادنای کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیزم دەبێت ئەمانە لەبەر چاوبگیرێت:

1- دەبێت حکومەت کۆنترۆڵی پشەسازییە قورس و سەرەکییەکان بکات، ئەمەش بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی بەشەکانی تری ئابووری نەتەوایەتی.

2- دەبێت حکومەت چالاکییە ئابوورییە گرنگەکان رێکبخات، سەرەتا لە بانکەکانەوە دەست پێبکات، پاشان بە هۆیەکانی گواستنەوە کۆتایی بێت.

3- دانانی باجی سەرەو ژوور (تصاعدية) و دیاریکردنی داهات و میرات.

4- هاندانی کارمەندو بەردەست و کرێکاران لە رێگەی بەرزکردنەوە وپاداشتکردن و زیادکردنی مووچەیان.

5- دانانی پرۆگرام و پلان بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەو، دابینکردنی خۆشگوزەرانی و کامەرانی، پاراستنی تاکەکان لە هەژاری و بێکاری، سەرپەرشتیکردنی بێدەسەڵات و بێکارەکان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ هەموو تاکەکان بە شێوەیەکی بەردەوام.

6- دامەزراندنی کۆمەڵە بەکاربەرەکان.

7- ڕێگا خۆشکردن و هەل ڕەخساندن لەڕووی فێربوون و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بۆ گەشە پێدانی تواناو بەهرەی تاکەکان.

8- لە ناوبردنی هەموو جیاوازییە چینایەتی و ڕەگەزی و خێڵەکییەکان. واتە یەکسانخوازی نێوان تاکەکان و بەشداریکردنیان لە چالاکییە کۆمۆنیستەکان بەبێ جیاوازی.

9- دیاریکردنی داهاتێکی دیاریکراو بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، وەك زامنێك دوای ئەوەی خانەنشین دەکرێن لە کارەکانیان.

10- بەشداریکردنی کرێکاران لە بەڕێوەبردنی ڕێکخستنە کرێکارییە-جووتیارییەکان.

11- پێکهێنانی ڕێکخراوی پیشەیی کە بەرگری لە مەفاکانی کرێکاران لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بکات.

ز- **کۆمەڵگەی ماس:** لە گرووپی بچووك و جۆراو جۆر پێکدێت، کە تاك بە تەنیایی و دابڕاوی لە تاکەکانی تر دەژێت، کارلێکی تاك لەگەڵ ئەوانی تر وەك کارلێککردنە لەگەڵ ئەو بێگانانەی کە سیفەتی نادیاریان تێدا زاڵە، ئەمەش مانای لاوازی یا نەهێشتنی چالاکی پەیوەندییە خزمایەتی و خوێنییەکانە. بۆیە سیفەتی سەرەکی لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بریتییە لە دابڕانی تاك لە رووی کۆمەڵایەتییەوە. زانا (کۆهن هاوزەر) لە کتێبەکەیدا (سیاسەتەکانی کۆمەڵگەی ماس) وەسفی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەی کردووە بەم شێوەیە:

کۆمەڵگە بەسەر چەند گرووپێکی بچووك و جۆراو جۆر و جیاواز دابەشدەبێت، بە شێوەیەك جەخت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکانی تاك کە بە تەتهایی و دابڕاو لەوانی تر دەمێنێتەوە ناکاتەوە، جا بەهۆی ئەمەوە تەنیا گرووپە دووەمییەکان دەمێننەوە. بەڵام گرووپە یەکەمیەکان (وەك گرووپی هاوڕێ و هاوسێ) لە مومارەسەکردنی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونیدا لاوازە، چونکە کاتییەو بەردەوام نییە، بە هەمان شێوە گرووپە دووەمییەکانیش وەها



دەبن، بەڵام ئەو کەسانەی پێگەی وەزیفی بەرزیان هەیە-بە تایبەت ئەوانەی لوتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتی داگیردەکەن) نوێنەرایەتی سەرکردەکانی حکوومەت دەکەن، تەنها پەیوەندییەکی بەردەوامیان لەگەڵ دەستەبژێری ئەو کۆمەڵگەیەدا هەیە، بەڵام نفوزێکی بەهێزیان نییە، ئەوەش بۆ ئەمانەی لای خوارەوە دەگەڕێتەوە:

1- نەبوونی گرووپی دووەمی کارا، کە لەسەر دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە یا درووستکردنی بازنەیەکی گەیەنەر لە نێوان تاك و کۆمەڵگە کاربکات. بۆیە دەبینین ناتوانن کۆنترۆڵی ئەو بزووتنەوەو ئاراستە کۆمەڵایەتییانەی کە بەرگری لە مافی تاکەکان دەکەن بکەن، چونکە پەیوەندی کردنیان بە جەماوەر لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێت (بوێژ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان)، ئەمەش نابێتە هۆی گەشەپێدانی پەیوەندی پێشکەتوو و کارلێککردوو لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر.

2- دەستەبژێر: لە پارێزگاریکردنی لە ڕەوایی بڕیار و نفوز و دەسەڵاتەکانی دووچاری ئاستەنگێکی گەورە دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو (دەستەبژێر) ئینتمای بۆ ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی کە پشتگیری لە ڕەوایی بکات نییە، بە تایبەتی کاتێك ڕووبەڕووی هەندێ ئاستەنگ و گرفتی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.

3- دەستەبژێر ناتوانێت کاریگەری لەسەر کێشەکان دروستبکات یا چارەسەری ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بکات، یا هەر بەربەستێك کە دووچاری سستەمی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. هەروەها خۆبەختی و وەڵامی تاکەکانیان سەبارەت بە بڕیارو فەرمان و فێرکردنەکانیان دەستناکەوێت، ئەمەش پەیوەندی بەردەوامی نێوانیان لەگەڵ جەماوەر کەمدەکاتەوە و دەیانخاتە هاوشانی ڕووداوە ڕاستەوخۆکان، بۆیە بە شێوەیەکی بەردەوام لەبارەی لەدەسدانی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی ترسێکی هەیە.

4- دەستەبژێر لە فشار یا هەڵچوونەکانی جەماوەر پارێزراونین، بەهۆی ئەو کەلێنەی کە لە نێوان ئەو و خەڵکدا هەیە، هەروەها لەبەر نەبوونی گرووپی دووەمی کارا یا نێوبەند.

ر- **کۆمەڵگەی تۆتالیتاریا یا سەرتاپاگیر:** ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە لەسەدەی بیستەم، وەك کۆمەڵگەی ئەڵمانی لە ژێر سایەی هتلەر و کۆمەڵگەی سۆڤیەتی لە ژێر دەسەڵاتی ستالین دەرکەوت. بۆ روونکردنەوەی نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەم و دیکتاتۆریەتی نەریتی بکەین، چونکە هەردوو سستەمەکە (دکتاتۆری و تۆتالیتاریا) دەسەڵات لە ناویانا دەکەوێتە ژێر دەستی کەمینەی کۆمەڵگەوە (دەستەی دەسەڵاتدار)، ئەم جۆرە دەسەڵاتە نموونەی یەکێ لە حاڵەتەکانی ئۆتۆکراتییە (حوکمی دەستەیی رەها) کە لەکاتی دەرکردنی هەر بڕیارێکی تایبەت بە نەتەوە بۆ کۆمەڵگە ناگەڕێنەوە. دکتاتۆریەتی نەریتی لە رێگەی دەستەیەکی حوکمی بچووك کە بریتییە لە حکوومەتی فەرمی حوکمی کۆمەڵگەکەی دەکات، ئەمانە لە پێناو زیاتر و زیاترکردنی سامانە تایبەتیەکانی خۆیان کاردەکەن، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەسەڵات و پێگە وەزیفییە باڵاکانیان بەکاردەهێنن و، گرنگی بە حەزو ئارەزووەکانی کۆمەڵگە نادەن و، رووبەڕووی هەر گۆڕانێك کە ئەگەر لە کۆمەڵگەدا رووبدات دەوەستن. بەڵام دامەرزاوە سەربازی و یاساییەکان کاریگەری و فشارەکانیان لەسەر چالاکییە ئابوورییەکان مومارەسە دەکەن. کەچی کۆمەڵگەی تۆتالیتاریا رێکخستنی کۆمەڵایەتی گەورە و ئاڵۆز و سستەمێکی پێشکەوتووی بیرۆکراسی هەیە. دەستەی دەسەڵاتدار نفوزی خۆی بەسەر هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە و بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی زاڵ و مومارەسە دەکات، بە جۆرێك حکوومەتێکی بچووك لەناو حکوومەتە گەورەکە دروستدەکات، چونکە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی هەموو کاروباری دەوڵەتەو بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی هەموو دەزگاو



دامەزراوەکانی حکوومەت و پارتە سیاسی و رێکخراوە پیشەیی و پیشە دەستیەکان و ئەو رێکخراوانەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەکەن کاردەکات، بگرە لەمەش دوورتر دەڕوات و لە رێگەی پرۆسەی بە کۆمەڵایتبوون و دەزگاکانی راگەیاندن لەپێناو دارشتنی کەسایەتی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت کۆنترۆڵی رەفتارو ئاکاری تاکەکانی دەکات.

هەروەها دەستەی دەسەڵاتدار هەوڵدەدات پاساو بۆ کارەکەی سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بهێنێتەوە، گوایە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی گشتی نوێی یۆتۆپی (چاکسازی کۆمەڵایەتی یا شاری باش) بە هەموو ماناکانیەوە. لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دەستەبژێر کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەو گۆڕینی ئامانج و وەزیفەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکات. ئەم (تۆتالیتاریا) یە سیفەتەکانی (یۆتۆپیا) وەك ئامرازێك بۆ دەستکەوتنی پاڵپشتی ولایەنگیری کۆمەڵگە سەبارەت بە حوکمڕانیکردن بەکاردەهێنێت. دەتوانین سیفەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی تۆتالیتاریا لەم خاڵانەی خوارەوە کۆبکەینەوە:

1- بوونی پارتێکی سیاسی هاوبەستەو هاوشان کە حوکمی کۆمەڵگە بە هەموو بەشەکانییەوە بکات.

2- بوونی دەستەیەکی دەسەڵاتداری بچووك زاڵبوونێکی بێ سنووری لەسەر کۆمەڵگە هەبێت.

3- پارت، ئامانجی مرۆڤایەتی گشتی دروستبکات.

4- داگیرکردنی پێگە وەزیفییە گرنگ و باڵاکان لەلایەن ئەندامانی پارتی فەرمانڕەواوە.

5- وەفاداری و ملکەچی تەواو لەلایەن ئەندامانی پارتی دەسەڵاتدار بۆ دەوڵەت.

6- پارتی حوکمڕان دەسەڵاتێکی زۆر باڵای هەیە.

7- پارتی دەسەڵاتدار هێزو دەسەڵاتی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەکاردەهێنێت. بەڵام ئەم کاریگەرییە لەسەر ئەندامانی پارتی فەرمانڕەوا کەمترە.

8- دەستەیەکی بچووك لە پارتی فەرمانڕەوا پلانی سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە بۆ پارت و دەوڵەت و کۆمەڵگە دادەنێت.

9- سەرۆکی دەوڵەت یەکێکە لە ئەندامانی پارتی فەرمانڕەوا.

10- سەرکردەکانی کۆمەڵگەی تۆتالیتاریا پشت بە لایەنگرو دواکەوتووانی دەستەی دەسەڵاتدار دەبەستن.

11- پارتی فەرمانڕەوا خاوەنی دەسەڵاتێکی باڵاترە و، زیاتر لە دەسەڵاتی ڕێکخستنەکانی تر لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە.

12- لە کاتێکدا پارتی دەسەڵاتدار تەنها خۆی بە سیاسەت دادەنێت، ئەوا لە ڕێگەی دەزگاکانی حکوومەتەوە فەرمانڕەوایی هەموو دەزگاکانی دەوڵەت دەکات.

13- پارتی حوکمڕان ئەندامێك یا زیاتر وەك کاربەدەست بۆ هەر دەزگایەکی حکوومی و کارگە و سەندیکاو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری دادەنێت بۆئەوەی نوێنەرایەتی سیاسی پارتەکە بکات، بەڵام ئەم ئەندامە سیاسەتی ئەو دەزگایە یا ئەو کۆمپانیایەی کە کاری تێدادەکات ئاراستە ناکات، بەڵکو کارەکەی تەنها بە چاودێریکردنی هەموو ئەو شتانەیە کە لەناو ئەم ڕێکخستنانەدا ڕوودەدەن و، ئامادەکردنی ڕاپۆرت دەربارەی ئەو شتانەی کە لەناو ئەو دەزگا یا دامەزراوەیە ئەنجامدەدرێن، هەروەها دەستنیشانکردنی دوژمنان و لایەنگرانی پارتەکە.

لە کۆتاییدا، سوپا دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی پارتی دەسەڵاتدار، بە شێوەیەك هیچ تاکێك گەر پارتیخواز یا بڕوای بە ئامانج و سیاسەتی پارت نەبێت قبووڵ



ناکات، هەروەها قوتابخانەو زانکۆ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ملکەچی سیاسەت و ئامانجەکانی پارتی فەرمانڕەوا دەبن لەپێناو چاندنی وەفاداری بۆ بیروباوەڕی پارتەکە و، بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی پارتیخوازانەی تایبەت کە خزمەتی ئامانجەکانی پارت و دەوڵەت بکات.

**ق- کۆمەڵگەی سستەماتیکی**: لە حاڵی حازر ناتوانین نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەستنیشانبکەین، بەڵکو مومکینە لە پاشە ڕۆژدا بوونی هەبێت. کۆمەڵناسان بۆچوونی گشتیان بۆ ئەم نموونەیە داناوە، کە خزمەتی تاك و کۆمەڵگەی گشتی دەکات پێکەوە، وەك بەشداریکردنی تاك لە هەموو کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان و مومارەسەکردنی مافەکانی لە ڕێگەی:

1- دەنگدان لە هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسییەکان.

2- ڕۆڵی وەزیفی کە تاك لەو ڕێکخستنەی کە تێیدا ئەندامە مومارەسەی دەکات.

3- بڕوای تاك بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

هەروەها ئەم کۆمەڵگەیە سیفەتی نەبوونی پارتی دەسەڵاتداری هەیە کە کۆنترۆڵی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە بکات. لێرەدا وەزیفەی دەستەی دەسەڵاتدار دانانی پلان و پرۆگرامی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییە بۆ کۆمەڵگە و پێشکەشکردنی پێشنیارە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، تاك لە دانانی ئەم پلان و پرۆگرامانەدا بەشداری دەکات. بە مانایەکی تر، تاك لە دامەزراوە سیاسییەکان بەشدارە و ڕۆڵی کاریگەری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و لە ئینتمای بۆ هەر ڕێکخستنێك تاك ئازادە. دەستەی حوکم لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەڵبژێردراون کە خزمەتی تاك و کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی دەکات.

## بەراوردكردنی رێكخستنە فەرمیەكان بە نافەرمیەكان

دوای ئەوەی وەسفی رێكخستنە كۆمەڵایەتییەكانمان كرد لە نموونەی كۆمەڵایەتی جیاوازدا، پێویستە رێكخستنە فەرمیەكان كە جیاوازی لەگەڵ رێكخستنە نافەرمیەكان هەیە روونبكەینەوە، ئەمەش لە رێگەی بەراوردكردن یان بۆ وەستان لەسەر خاڵە وێكچوو و جیاوازەكانی نێوانیان، سەرەڕای ئەوەیش ئەم بەراوردكردنە رەهەندەكانی گۆڕانی رێڕەوی هزری رێكخستنی كۆمەڵایەتیمان بۆ دەردەخات.

أ- لە سیفەتە سەرەكییەكانی رێكخستنە كۆمەڵایەتییە گەورەكان ئەوەیە كە فەرمین. واتە لە گرووپە بچووكەكان كە خاوەنی پەیوەندی خۆشەویستی یا خزمایەتین (نافەرمیەكان) جیاوازن، جیاوازی نێوانیان لە چەمكی ئەندامبوونەوە دەستپێدەكات، بە شێوەیەك ئەندامبوون لە رێكخستنە فەرمیەكان هەڵبژێردراوە. تاك بەپێی حەزو ئارەزووی تایبەتی خۆی ئینتمای دەبێت، هیچ هێزێكی دەرەكی نییە ناچاری بكات تا ئینتمای بۆ رێكخستنێكی فەرمی هەبێت. بەڵام ئەم حاڵەتە لە رێكخستنی نافەرمی نابینین، (بۆنموونە) تاك هیچ چارەیەكی نییە، دەبێت ئینتمای بۆ هۆزێكی دیاریكراو هەبێت، كەچی ئینتمای كرێكار بۆ سەندیكای كرێكاران بەپێی ئارەزووی خۆیەتی، ئەندامبوونی كرێكار لە سەندیكا بۆ دەستەبەركردنی دەستكەوتی زیاترە هەروەها بۆ باشتركردنی رەوشی كۆمەڵایەتی و ئابووری ژیانییەتی.

ب- ئەندامبوونی تاك لەناو رێكخستنی فەرمی پێویستی بەبوونی مەرجی تایبەتی هەیە، كە رێكخستنەكە خۆی دایدەنێت، وەك رەگەز یا تەمەن یا توخم یا پیشە یا ئایین یا كولتوور یا بەرژەوەندی، بەڵام ئەم شتانە لە رێكخستنی نافەرمی نابێت تاكو تاك پێی ببەسترێتەوە.

ج- رێكخستنە فەرمیەكان هەندێ ئەرك و فرمان ئامادەدەكەن كە دەبێت تاك لە دوای ئەندامبوونی، وەك بەشداریكردن لە كۆبوونەوە یا دەنگدان یا بەشداریكردن لە گفتوگۆ یا داگیركردنی پێگەیەكی دیاریكراو ئەنجامیان



بدات. بەڵام ئەم جۆرە ئەرك و فرمانانە لە رێكخستنی نافەرمی نابینین، وەك خێزان و گرووپی هاوڕێیی.

د- بونیادی رێكخستنی فەرمی پلەبەندێكی هەرەمی لە خۆدەگرێت، كە تاك و گرووپەكانی بەسەردا دابەشدەكات، یانیش كەناڵی پەیوەندیكردنی فەرمی بە یەكیان دەبەستێتەوە. كرێكار لەناوچەیەكی دیاریكراو لە لقە سەندیكایەك ئەندامە و، بۆنموونە ئەم سەندیكایە بە سەندیكای ناوەندی شارەوە بەستراوەتەوە، ئەم سەندیكا ناوەندییەش پەیوەندی بە یەكێتی گشتی سەندیكاكانی دەوڵەتەوە هەیە. كەچی ئەم جۆرە نموونە هەرەمیە لای گرووپە بچووكەكان (نافەرمییەكان) نابینین.

ه- پەیوەندییەكان لە نێوان رێكخستنە فەرمیەكان لە رێگەی كەناڵە فەرمیەكانەوە، واتە لە رێگەی پەیامی فەرمی و پەیوەندی تەلی و بێتەل و نووسراوەوەو، لەپێناو بەستنەوەی یەكەی بەشە رێكخستنەكان بە یەكەی ناوەندییەوە دەبێت، بۆیە پەیوەندی و كارلێكی ئەندامانی رێكخستنی فەرمی بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ دەبێت، بەڵام پەیوەندی و كارلێكی تاكەكانی رێكخستنە نافەرمیەكان رووبەڕووانەو بە شێوەیەكی راستەخۆ دەبێت.

و- رێكخستنەكان پسپۆڕییان لەوكارانەدا هەیە كە ئەنجامیدەدەن. كەچی ئەم سیفەتە لەلای خێزان یا گرووپی برادەران نییە.

ز- رێكخستنە فەرمیەكان سیفەتی دابەشكردنی كاری ئاڵۆزو ئاوێتەیان هەیە، بەڵام گرووپە بچووكەكان و رێكخستنە نافەرمیەكان سیفەتی دابەشكردنی كاری سادەیان تێدا هەیە.

ح- كاتێك دابەشكردنی كارو پسپۆڕی لە وەزیفەكاندا هەبێت، ئەوا پێویستە هاوشانی و دەستباری لە نێوان بونیادی رێكخستنەكە و نێوان بەشە تایبەتییەكان لەپێناو دەستەبەركردنی ئامانجەكانی رێكخستنی فەرمی و لەپێناو بەكارهێنانی وردەكاری لە وەزیفەكانی هەبێت. كەچی ئەم سیفەتە لە رێكخستنە نافەرمیەكان نابینین.

ت- ڕێکخستنی فەرمی سیفەتی ئاڵوگۆڕی هەیە، واتە ئەو تاکەی پێگەیەکی دیاریکراوی لەناو ڕێکخستنی فەرمیدا هەبێت دەتوانرێت ئەو ئەندامە لەگەڵ یەکتریدا ئاڵوگۆڕی پێبکرێت. کەچی ناتوانین ئەندامی ڕێکخستنی نافەرمی ئاڵوگۆڕ بکەین، بۆنموونە ناتوانین باوك بە کەسێکی تری لەناو خێزان ئاڵوگۆڕ بکەین.

ی- بەخشینی مووچە یا دەرماڵە بۆ ئەندامانی ڕێکخستنی فەرمی. کەچی موچە بە دایك یا باوك لەناو خێزان یان هاوڕێیانی گەڕەك نادرێت.

ك- بەکارهێنانی شێوازی بیرۆکراسی لەناو ڕێکخستنی فەرمی، کەچی ئەم سیفەتە لەناو گرووپی بچووك یا خێزاندا نییە.

ل- ڕێکخستنە فەرمیەکان پرەنسیپی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە ڕێکخستنە فەرمی و نافەرمیەکانی تری جیایدەکاتەوە، زیاتر ڕەنگدانەوەی وەزیفەی ڕێکخستنەکەیە، وەك (مۆر-ختم) و هێمای گۆڤار و ئالاّ و بانگەشەکردنەکانی، بەڵام ئەمە لە ڕێکخستنە نافەرمیەکان نابینین، تەنها ناوی کۆتایی یا ناوی بنەماڵە نەبێت.

## 4- پێکهاتەکانی هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی:

دوای ئەوەی لە نێوان ڕێکخستنی فەرمی و نافەرمی جیاوازیمانکرد، دەبیینین بۆ لێکۆڵینەوە لە هزری کۆمەڵایەتی باشتروایە پێکهاتەکانی هزری ڕێکخستنی فەرمی بزانرێت، کە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

أ- **کارلێکی کۆمەڵایەتی**: پرۆسەیەکی دیالێکتیکی، یا وەرگرتن و بەخشین، یا دوورخستنەوەو ڕاکێشانی نێوان ئەندامانی ڕێکخستنێك لەخۆ دەگرێت، کەواتە ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزخوازی دوالیزمە و یەك لایەنی نییە.

ب- **پەیوەندی کۆمەڵایەتی**: دوای ئەوەی پرۆسەی کارلێك شوێنی خۆی لە نێوان تاکەکان وەردەگرێت، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیان دروستدەبێت، بەڵام هۆکاری جێگیرو شاردراوە لە چوارچێوەی ئەو



پەیوەندییەدا هەیە، کە ئەوانیتر پێیان وایە لەسەر هۆکاری تر وەستاوە، ئەو شتە شاردراوانەش ئەمانەن:

1- **ڕازیکردنی خودی**: هەندێ جار دەبینین تاکەکان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ڕێگەی تێرکردنی پێداویستیە خودیەکانی هەردوولای بەشدار لە پەیوەندییەکە گەشە پێدەدەن و پێشی دەخەن، بە شێوەیەك تاك لەگەڵ دروستبوونی ئەو پەیوەندییە بەختەوەر دەبێت و حەز بە بەردەوامبوون و پێشخستنی دەکات.

2- **ئامانج و بەرژەوەندی گشتی**: بە چاوپۆشی لەوەی کە ئەگەر بەشداربووان لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بایەخ بە یەکتر دەدەن، ئەوا بەرژەوەندی و بایەخپێدانی هاوبەش هەیە و لە پێناو نزیك بوونەوەیان و بونیادنانی بنچینەیەکی سەرەکی بۆ پەیوەندییەکانیان کاردەکەن، چونکە ئەوان (تاکەکان) ئامانجیان هەرەوەز و پەیوەندی کردنە لەگەڵ یەکتر و دەستەبەرکردن و بەدەستهێنانی ئامانجی هاوبەشە.

3- **پابەندبوون و چاوەڕوانییەکان**: هەر تاکێکی بەشدار لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی پابەندبوون و چاوەڕوانی هەیە، کە بەرامبەرەکەی هەستی پێدەکات و پابەندی دەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیان، کە دەوەستێتە سەر ئەو پابەندبوونەی لە نێوانیاندا هەیە بە چاوپۆشیکردنی لەوەی کە هەریەکەیان (لەم پەیوەندیەدا) ڕێز لە یەکتر دەگرن، یا ڕێز لە یەکتر ناگرن، یا ئامانجی هاوبەش لە نێوان تاکە بەشداربووەکانی پرۆسەی کارلێککردن هەیە یا نییە. بۆ نموونە پەیوەندییەك لە نێوان پزیشك و نەخۆش و لە نێوان دەرەبەگ و جوتیار و لە نێوان مامۆستاو قوتابیدا هەیە.

4- **پاڵپشتی هاوبەش**: بەتایبەتیش لای ئەو کۆمەڵگەیانەی پێکهاتەکەیان ئاڵۆزە (وەك کۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتوو و سەرمایەدار). پاڵپشتی بۆ ڕەگەزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە نێوان ڕەگەزێك و ئەویتر. ئەم پاڵپشتیە بە

شێوەیەکی روون لە پەیوەندییە ئابوورییەکاندا دەبینین، کە زنجیرەیەك پەیوەندی لەخۆ دەگرێت، هیچ ناسینێکی کۆمەڵایەتی یا خزمایەتی پێشوەختی لە نێوان تاکەکانیدا نییە.

5- **زۆرەملێیی (القسرية)**: ئەم جۆرە پەیوەندییانە لەو دامەزراوانەدا هەیە کە زۆرەملێیی و سزای تێدایە، وەك گرتووخانە و بەندیخانە و دەزگای ئاسایش و پۆلیس کە شێوازەکانی سزا لە پەیوەندیکردنیان لەگەڵ نشینەکانیان (نزلا و) بەکاردەهێنن. ئەمەش لە رێگەی بەکارهێنانی تۆقاندن یا سزای جەستەیی یا سزای دەروونییەوە دەبێت.

ئەمانە گرنگترین پاڵنەرە شاردراوەکانن بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان لەناو رێکخستنە کۆمەڵایەتییە فەرمیەکاندا. پێش ئەوەی بچینە ناو شیکارکردنی پەیوەندییە رێکخراوەییەکان، پێویستە ئاماژە بە بوونی دوو جۆر لە پەیوەندی رێکخراوەیی بکەین، یەکەمیان تایبەتە بە پەیوەندی ئەندامانی رێکخستنەکە، وەك ئەو تاکانەی پێگەیان هەیە، هەروەك چۆن زانا ولیەم فۆت وایت روونی کردوەتەوە. ئەویتریشیان پەیوەندییە بونیادخوازییەکانەی (بەشەکان، نووسینگەکان، لقەکان، دامەزراوەکان) نێو بونیادی رێکخستنەکەیە کە زانا رۆبرت دۆبین روونی کردووەتەوە.

وایت سێ چەمکی سەرەکی بۆ شیکارکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی رێکخستنێك بەکارهێناوە، کە دەتوانرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە کۆبکرێتەوە:

1- **کارلێك:** ئاماژە بە پەیوەندی کەسێتی ملکەچ بۆ پێوان دەکات، وەك: چۆن تاکی (أ) کارلێك لەگەڵ تاکی (ب) دەکات؟. بە شێوەیەك کە تاکی (أ) یا تاکی (ب) لە کاتێکی دیاریکراو گرنگی بە پرۆسەی کارلێککردن دەدەن و، تا چەند تاکی (أ) دەتوانێت لە کارلێککردن لەگەڵ تاکی (ب) بەردەوام بێت؟.

2- **ئەو چالاکییانەی** ئاماژە بە هەموو ئەو شتانە دەکەن کە ئەندامانی رێکخستنێك ئەنجامی دەدەن و، دەکەوێتە ژێر تێبینی و پێوانەکردنەوە.



3- **هەستەکان:** واتە هەستی تاکەکان بۆ ئەو شتانەی کە لە دەورووبەریان روودەدات.

ئەم سێ چەمکە هەریەکە بەوی ترەوە بەستراوەتەوە، بۆیە هەر گۆڕانێك لە یەکیاندا رووبدات دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە دوو چەمکەکەی تری ناو رێکخستنەکە. ئەم گۆڕانە لە زۆربەی کاتەکاندا لە دەرەوەی رێکخستنەوە دێتە ناوەوە، واتە دەوروبەری کۆمەڵایەتی کە دەوری رێکخستنی داوە کاریگەری لەسەری هەیە، رەنگە ئەم کاریگەرییە راستەوخۆ یا ناڕاستەخۆ بێت. بۆیە ئەو گۆڕانکارییەی لەسەر جۆری تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو لەلایەن رێکخستنەوە روودەدات، دەبێتە هۆی مومارەسەکردنی کاریگەری راستەوخۆ، وەك بەکارهێنانی ئەقڵی ئەلکترۆنی لە حیسباتی رێکخستن وەك کۆمپیوتەر، یا بەکارهێنانی ئامێر بۆ پاراستنی زانیارییەکانی رێکخستنەکە، یا بەکارهێنانی ئامێری تەلەفزیۆنی لە پەیوەندی ئەندامانی رێکخستن. بەم جۆرە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکانە کاریگەری لەسەر ئابووری و چالاکییەکان، هەروەها پەیوەندی ئەندامانی رێکخستنەکە دەبێت. وایت بۆئەوەی بیرۆکەکەی بسەلمێنێت پشتی بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی هەریەك لە توێژەران چارلس و کزوبرت حیست 1952 و وارتەر ترنر 1958 کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کاریگەری دەوروبەری کارگەی کۆکردنەوەی میکانیکی لەسەر کارلێك و چالاکی کرێکاران لە کاتی کارکردنیان بەستووە کرد، لێرەدا تێبینیدەکرێت رەهەندەکانی کارلێکی کرێکارەکان کورتە نەك درێژخایەن و، لە رێگەی کەناڵی تەسك تەسکەوە روودەدات. کرێکار لەکاتی کارکردنیدا ناتوانێت لەگەڵ هەموو ئەوانیتر کارلێك بکات تەنیا لەگەڵ ئەو کرێکارەیان نەبێت کە راستەوخۆ لە تەنیشتیەتی، واتە ئەو کرێکارەی پێگە پسپۆڕییە تەکنیکیەی لەو نزمتر، یا بەرزترە، یا ئەوانەی هەمان کاری ئەو دەکەن، لە هەندێ بەهۆی چاودێری توند لەلایەن سەرۆکی بەشەکەیانەوە حاڵەتدا ناتوانێت پەیوەندی بەوانی ترەوە بکات. بۆیە کارلێکی کرێکار ملکەچی دەوروبەرێکی توند و رۆتینێکی جارس دەبێت، کە دەبێتە هۆی

دروستبوونی هەڵوێستی نێگەتیڤ بە شێوەیەکی گشتی بەرامبەر کارو پیشەو بەڕێوەبەرایەتییەکە، یا ئەو کۆمپانیایەی کە کرێکار کاری تێدا دەکات. هەروەها سەرۆکی بەش و لقە بەڕێوەبەرایەتییەکان ملکەچی کاریگەری پێشکەوتنە تەکنیکییەکانن، بە شێوەیەك پەیوەندی کرێکارەکان لەگەڵ سەرۆکیان فەرمی و زۆر لاوازە. وایت پشت بە لێکۆڵینەوەکانی توێژەران (زلزەنك، کرستینسن، ریۆتلزپرکر، جۆرج هۆمێنز (1958)) دەبەستێت. ئەمانە گەیشتنە ئەوەی کە کاریگەری ئەندازەی سەرکەوتنی پێشبینییەکانی کرێکاریان بەستەوە بە زانینی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارو، بڕیارەکان لەلایەن سەرۆکەکانیانەوە چۆن دەردەچن، سەرۆکە راستەقینەکان و ئەوانەی بەناو سەرۆکیانن کێن، چۆن موچەیان زیاد دەکات، چۆن پێگەی کارکردنیان دەگۆڕێت، مەرجەکانی قبووڵکردنی کرێکاری نوێ و هۆکارەکانی دەرکردنیان چیە؟. هەموو ئەم زانیارییانەیان بە سەرکەوتنی کاری کرێکارو رەفتاری لەناو کارگە بەستەوە. هەروەها وایت لێکۆڵینەوەکانی (لیۆنارد سایلز 1958)ی بەکارهێناوە، کە سەر کەوتنی پێشبینییەکانی کرێکار بۆ زانینی ئەم زانیارییانە و کاریگەری لەسەر رەفتاری لەناو کارگە بە یەکترەوە بەستوەتەوە. ئەو هانی سایلز یدا بۆ دانانی دابەشکردنێکی تایبەت بە کرێکاران، کە لەم بە یەکەوەبەستنەوە دەستیپێکرد، ئەوانیش ئەمانەن، گەمژە، سەرلێشێواو، کرێکاری بیر فراوان و پارێزگار.


وایت ئەم لێکۆڵینەوانەی بۆ ئاماژەکردن بە جۆر و سروشتی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لەناو رێکخستنە فەرمیەکاندا هەیە و ملکەچە بۆ کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا و جۆری پلەی کارلێکی ئەندامانی و کاریگەری لەسەر رەفتاری پیشەیی کرێکار بەکارهێنا. هەروەها وایت سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، دەڵێت: کارلێکی کرێکاران (لەناو کارگە) بە شێوەیەکی سادەو رواڵەتییەو بۆ ماوەیەکی زەمەنی کورتە، ئەو ئەمەی بۆ نادیاری و زاڵبوونی پەیوەندییە خوێنی و خزمایەتییەکان) نەگەڕاندەوە، بەڵکو ئەو بە دەوروبەری کارگەکە کە کرێکار تێیدا کاردەکات بەستویەتییەوە. بە شێوەیەك دەڵێت: کرێکاران رۆژانەو بەردەوام رووبەڕووی ئەو دەم و



چاو و ئامێرو مەکینەو ساختمان و بڕیارانە دەبنەوە، ئەم رووبەڕووبوونەوەیە هەڵوێستێکی (هاوبەش) لەلای کرێکاران بۆ ئەو کێشەو گرفتانەی لەکاتی کارکردنیان رووبەڕوویان دەبێتەوە و پەیوەستە بە کاروبارو ژیانیانەوە دروستدەکات. ئەمە یارمەتی فۆرمەلەبوونی یەك هەست و یەك هەڵوێست و ئاراستەی وێکچودەدات، بەهۆی ملکەچکردنیان بۆ یەك مەرج و بارودۆخی هاوبەش یا وێکچوو، کە هاوبەستەیی و یەکگرتوویی لە نێوان کرێکارەکان دروست دەکات بۆ پەیوەندیکردن بە گرووپە رێکخراوەییەکان لەپێناو بەرگری کردن لە ماف و داواکارییەکانیان، کە رەنگدانەوەی بارودۆخی پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریانە هانیاندەدات. بۆیە لەم بارودۆخەدا کرێکار پشت بە هەست و سۆزی کرێکارە هاوکارەکانی و داواکاری و حەزو ئارەزووەکانی ئەوان لەناو کارگەکە دەبەستێت. هەروەها زانا وایت دەڵێت: کارلێکی ئەندامانی کارگە لەنێوان ئەوانەی کە هەمان پلەی پیشەیی یا هەمان پێگەی پیشەیی نزیك لە پێگەکەی ئەو داگیردەکەن، روودەدات. کارلێکی سەرۆکی بەش یا لق لەگەڵ دواکەوتووانی (ئەوانەی لە ژێر دەستیا کاردەکەن) پشت بە ئەندازەی دووبارە بوونەوەی کارلێکیان لەگەڵی دەبەستێت. بۆیە ئەگەر هاتوو کارلێکی (سەرۆك بەش) لەگەڵ کرێکارەکان بەردەوام و دووبارە بووەوە، ئەوا دواکەوتووانی زیاتر خۆشحاڵ دەبن و دوودڵیان کەم دەبێتەوەو (کرێکاران) لە سۆز و هەستیان بەرامبەر (سەرۆکەکەیان) لە رووی ئەو شتانەی کە پەیوەستە بە کێشەکانیان لەناو کارگەو کراوەتر دەبن، پێچەوانەکەشی راستە. وایت درێژە بە شیکارکردنەکەی دەدات و دەڵێت: زیادبوونی پەیوەندی سەرۆکەکە لەگەڵ سەرۆکی سەندیکا کرێکارییەکان، پشت بە ئەندازەی کارلێکیان و دووبارە بوونەوەی کارلێککردنیان دەبەستێت. واتە چەندە کارلێکی نێوانیان دووبارە و چڕ بۆوە، ئەوا تێهەڵقورتانی سەرۆك سەندیکاکان لە بڕیارەکانی سەرۆك کارگەکان کەم دەبێتەوە، پێچەوانەکەیشی راستە. خۆبەختی بەڕێوەبەری کارگەکان بۆ تێهەڵقورتانی سەرۆك سەندیکاکان دەوەستێتە سەر جۆری کەسایەتی و پاڵنەرەکانیان، کە هەندێکیان هەوڵدەدەن بۆئەوەی تێهەڵقورتانی سەندیکاکان کەم

بکەنەوە پاساو بۆ کارو بڕیارەکانیان بهێننــەوە، پاشــان ململانێکـانی لەگـەڵیان کـەم بکاتەوە. لە حاڵەتی بوونی بـڕوای ئـاڵوگۆڕ و ڕێـژەی هاوبەشـی لـە نێـوان سـەرۆك و کارمەندان (ناو کارگە)، ئەمە دەبێتــە هـۆی زیـادبوونی هـەرەوەز و چـارەکردنی ئـەو کێشانەی کرێکاران ڕووبەڕووی دەبنەوە.

بەڵام هەست و سۆزی کرێکارەکان دەوەستێتە سـەر ئەنـدازەی کـارلێککردنی نێوانیان و، کارلێکیان لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانیان و هەڵسەنگاندنی ڕەفتارەکانیان و وێکچوونیان یەك لەگەڵ ئەویتر و لەپێناو ڕوونکردنـەوەو شـیکارکردنی پەیوەنـدی تاکەکان لەناو ڕێکخستن گرنگیـدان بـە چـەمکی ئیعتبـاری کۆمەڵایـەتی و ئـەو پێگەیـەی کـە داگیریـان کـردووە. وایـت شـێوەیەکی هێلکـاری کـە پەیوەنـدی ڕاڤەکردنەکەی بە دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە ڕوونکردووەتەوە دانـاوە. تەماشـای شێوەی ژمارە- یەك بکە:




**شێوەی ژمارە** -1-



ئەم شێوەیە پشتبەستنی (کارلێـك، چـالاکییەکان، هەسـتەکان) هەریەکـەیان بەویتر و کاریگەر بوونیان بە هۆکارەکانی دەوربەر دەخاتە ڕوو، دەشێ کاریگـەری لەســەر ســستەمی کۆمەڵایــەتی و هەریــەکێ لــەم ســێ ڕەگــەزە (کارلێــك، چـالاکییەکان، هەسـتەکان) هــەبێت و، ڕەنگــە کاریگەرییەکــە بــە شــێوەیەکی ڕاستەوخۆ (بە هێڵێکی ڕاست) یا بە شێوەی هێمایی (هێڵی پچڕ پچڕ) بێت. تـیرە دەرەکییەکان کاریگەری سستەمی کۆمەڵایەتی لەسەر دەوروبەر ڕووندەکەنەوە.

بەڵام جۆری دووەمی پەیوەندییەکان بریتیە لـە پەیوەنـدی نێـوان ڕێکخـستنە فەرمیە-نوێکان، کە زانا ڕۆبەرت دۆبن ڕوونـی کردووەتـەوە و دابەشـیدەکات بـۆ ئەمانەی لای خوارەوە:

1- پەیوەندی زنجیرەیی.

2- پەیوەندی پۆل پۆل.


3- پەیوەندی بازنەیی.

4- پەیوەندی پۆل پۆل و زنجیرەیی

5- پەیوەندی پۆل پۆل و بازەنەیی

6- پەیوەندی زنجیرەیی-پۆل پۆل و زنجیرەیی.

پەیوەندی زنجیرەیی، پەیوەندی یەکـە ڕێکخراوەکـانی ڕووەو سـەرەوە دەبێـت، بۆئەوەی هەر یەکەیەك بە یەکەی تەنیشتی یا نزیکی کـە کەوتبێتـە تەنیـشتیەوە بەسترابێتەوە، ئەمە جگە لە یەکە تەریکەکان (واتە ئەوانەی کەوتوونەتە کۆتـایی ئەو زنجیرەیەی کە پەیوەندی بە یەك یەکەی لاوەکییـەوە هەیـە)، بـەڵام پەیوەنـدی پۆل پۆل، ئەوا یەك یەکەی سستەمی ڕێکخستن بە هەموو یەکـەکانی سـستەمەوە کۆمەڵگە و شارستانیەت
بەستراوەتەوە، پەیوەندی بازنەیی لەناو ڕێکخـستن کـەمتر ڕوودەدات. زانـا دۆبـن ئاماژەی بە پۆلێنەکەی بەم وێنانەی لای خوارەوە کردووە:






**ج– دەسەڵاتی نووسینگە:**

باشترین کەس لەناو ڕێکخستنە فەرمییەکان چەمکی بیرۆکراسی ڕوونکردبێتەوە، ماکس ڤیبەرە. ڤیبەر دەڵێت: مومارەسەی جدی بۆ دەسەڵاتی ڕەوا لە بەڕێوەبردنە بیرۆکراسییەکاندایە، بە شێوەیەك سەرۆکی ڕێکخستنەکە پێگەیەکی دەسەڵاتداری داگیرکردووە، کە لە ڕێگەی هەڵبژاردن یا ڕێگایەکی دیاریکراو و لەلایەن دەسەڵاتێکی لەو بەرزتر بۆ وەرگرتنی ئەو پێگەیە بڕیاری لەسەر دراوە، یا لە ڕێگەی دەستکەوتە پسپۆڕییەکانەوە کە تاك هەیەتی، بە شێوەیەك هەموو پێگە پێشەییەکان کە پلەی پیشەییان لەو بچووکترە ڕێنوێنی و کۆنترۆڵ و بەڕێوەدەبات. بەڵام ڕێکخستنە بیرۆکراسییەکان بە سروشتی خۆیان ئەم سیفەتانەیان هەیە:

1- کارمەندە کارگێڕەکان خۆیان چەوسێنراونەتەوە، بەڵام لە بەردەم یاسا ئەوان لە کارە فەرمی و نووسینگەییەکانیان بەرپرسیارن.

2- کارمەندە کارگێڕەکان بەپێی پلەبەندی وەزیفی و نووسینگەیی ڕوون و دیاریکراوەوە ڕێکخراون.

3- هەموو نووسینگەیەك دەسەڵاتی دەرکردنی نووسراوی ڕوون و دیاری هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سیستەمەکانی ڕێکخستنی بیرۆکراسییە و، هەموو ئەندامانی ڕێکخستنەکە دەیزانن.

4- پێگە وەزیفییە کارگێڕییەکان لەلایەن تاکی پسپۆڕەوە داگیر دەکرێت، بەپێی تاقیکردنەوەی دیاریکراو و، چاوپێکەوتنی ئازاد بۆ هەموو پێشکەشکاران کە داواکانییان پێشکەشدەکەن(تاك) دەستبەکار دەبێت، تاکەکان بەبێ بوونی ئیعتباری کەسی، بەڵکو بەپێی توانا و بەهرەی پسپۆڕییان وەردەگیرێن.

5- پەیوەندی نێوان کارمەندە دەستبەکاربووەکان و ڕێکخستنی بیرۆکراسی گرێدانی پەیمانێکە. واتە خەسڵەتی پەیوەندی نێوانیان بەپێی پەیمان و بەندی نووسراو و زانراو لەلای هەر لایەکیانەوە دەبێت.

6- هەڵبژاردنی پالێوراوان بۆ وەرگرتنی وەزیفە، لەسەر بنچینەی جۆری تەکنیکی و پیشەیی تایبەت و شارەزایی و بڕوانامەی پسپۆڕیەوە دەبێت.

7- مووچەی دیاریکراو بۆ کارمەندان تەرخاندەکرێت و، ڕێژەیەکی دیاریکراویش لەو مووچەیە بۆ مسۆگەرکردنی خانەنشین بوونیان وەردەگیرێت.

8- کارگێڕی نووسینگەکان (بەتایبەتی لە ڕێکخستنە تایبەتییەکان)، لە ژێر بارودۆخی تایبەتدا دەتوانێت بۆ کارمەندان بەبێ پێدوایستی و مەرجە کارگێڕییەکان و بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەستکەوتی زانستی-تەکنیکی و شارەزایی پێشوویان کار تەرخان بکات، بەڵکو بەپێی حەزو ئارەزووی نووسینگە دەست بەکاردەبن. بەڵام لەهەر کاتێکدا نووسینگە بخوازێت، ئەو ئەندامانە لە کار لادەبرێن یا دوور دەخرێنەوە. پێوانی مووچە لەسەر بنچینەی پلەبەندی زنجیرەیی دەوەستێت، بە لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارێتی پێگەکان و داواکارییەکانی، کە پەیوەستە بە پایە کۆمەڵایەتییەکانی پێگە باڵاکان، واتە دەرماڵەی شوێنی دانیشتن و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ خاوەن پێگە بەرزەکان تەرخان بکرێت، بۆئەوەی بتوانن بە هەمان ئاست کە لەگەڵ پێگە کارگێڕییە باڵاکەیان دەگونجێت بژین.

9- سستەمی بەرزکردنەوەی کارمەند (ترقیة) لەسەر بنچینەی باشترکردنی دەستکەوتەکانی لە کارکردن، یا هەردووکیان پێکەوە دەوەستێت، ئەمەش پەیوەستە بە بڕیارو هەڵسەنگاندنەکانی سەرۆك.

10- کارە کارگێڕییەکان لە خاوەنی ڕێکخستنەکە یا ئامرازەکانی کارگێڕی جیاکراوەتەوە، بۆیە کارمەندانی ڕێکخستن نابنە خاوەنی وەزیفە یا پێگە کارگێڕییەکان، یا ئەوانە نابنە موڵك ومالّی ئەوان، چونکە پێگەکان بە ماڵ ناکرێن و شتێك نین کە موڵکداری بکرێن، بەڵکو بۆ داگیرکردن و گرتنی (شوێنێکی نووسینگە) بەپێی داواکاری و مەرجەکانی نووسینگەوە دەبێت.



ئەم (10) خاڵە کە ماکس ڤیبەر خستوونیەتە روو، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخستنانە گونجاوە، کە بە دوای قازانج، یا سوودی ماددیدا دەگەڕێن و نموونەیەکی پڕبەپێستن بۆ بیرۆکراسی کارگێڕی. بەم مانایە بێت دەسەڵاتی نووسینگە بریتییە لە حوکمی رەها، بەڵام لە رووی پلە نەك جۆر جیاوازە، ئەمەش بە ئامانجی پراکتیزەکردنی پلەیەکی باڵا لە وردەکاری و کۆنترۆڵکردنی ئەندامانی بۆجێبەجێکردنی سستەم و ڕێساکانی ڕێکخستن. -بە پێی گوتەی ڤیبەر- ئەم نموونەیە لە نووسینگە حکومیەکان، سوپا سەربازییەکان، کڵێسە، پارتی سیاسی، بەرژەوندییە ئابوورییەکان و، هەموو ڕێکخستنە تایبەتییەکانی وەك لە یانەکاندا دەبینین. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخستنی تر کە سستەمی بیرۆکراسی نایانگرێتەوە هەن، وەك لیژنە پەرلەمانییەکان، ئەنجوومەنی باڵای سۆفییەکان، ئەو نووسینگانەی پێگەی رۆژهەڵاتییان هەیە و سەرکردە عەلمانییەکان و لیژنە نوێنەرایەتییەکان (واتە ئەو لیژنانەی نوێنەرایەتی دەزگا و نووسینگە جیاوازەکان دەکەن). هەروەها ڤیبەر پێی وایە بنچینەی سەرەکی بۆ سەرداریی سستەمی بیرۆکراسی لە ئەندازەی مەعریفە تەکنیکییەکەیدایە، کە لە چوارچێوەی سەرداری تەکنەلۆژیا و ئامرازە کارگێڕییە پێشکەوتووەکانی بەرهەمهێنانی کاڵاوە خۆیدەبینێتەوە، ئەمە لەحاڵی حازردا خەسڵەتێکی پێویست و زەروورییە. لەمەوە دەبینین جیاوازییەکی جەوهەری نییە لەوەی ئەگەر سستەمی ئابووری لەسەر بنچینەیەکی سەرمایەداری یا کۆمۆنزمی وەستا بێت، مادام هەردوو سستەمەکە لە وردی و کاری تەکنیکی و پسپۆڕی زانستی-بەپێی بۆچوونی ڤیبەر- دەگەڕێن. کۆنترۆڵی حوکمی رەها ئاماژە بە کورتکردنەوەی کۆنترۆڵ بەسەر کەسێکی ناپسپۆڕ، کە شارەزایی لە بارەی کاروبارە تەکنیکییەکانەوە نییە دەکات. ئەوەی گومانی تیانییە ئەوەیە کە سستەمی سەرمایەداری رۆڵێکی گرنگ لە پێشخستنی سستەمی بیرۆکراسیدا دەگێڕێت.

کەواتە سستەمی سەرمایەداری نموونەی بنکەیەکی ئابووری لۆژیکییە بۆ بەڕێوەبردنی بیرۆکراسی لەپێناو زیادکردنی ماڵ و سامانەکەی، کەوا بەڕێوەبردنی

بیرۆکراسی لە بنچینەدا بە مانای مومارەسەکردنی کۆنترۆڵ لەسەر ڕێسا مەعریفییەکان دێت. ئەم سیفەتە، پسپۆڕییەکان بە شێوەیەکی ئەقڵانی لەپێناو فۆرمەلەبوونی نفوزو دەسەڵات لە ناو پێگە کارگێڕییەکانیدا پێیدەبەخشن، بۆیە دەبینین کارمەندانی ناو سستەمی بیرۆکراسی نفوزێکی زۆر مومارەسە دەکەن و بۆ زیادکردنی نفوزیان لەناو نووسینگەکانیان کاردەکەن. بەڵام لێکەوتەکانی زاڵبوونی بیرۆکراسی ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

1- ڕێکخستنی پێگەکان بۆ بەرژەوەندی سەرۆك یا بەڕێوەبەری گشتی.

2- مەیلی حوکمکردنی دەوڵەمەند و پسپۆڕانی مەعریفەی زانستی.

3- سەرداری رۆحی پەیوەندیە فەرمیە نادیارەکان.

4- پێشکەشکردنی جۆرێکی خزمەتگوزاری بۆ هەموو ئەندامانی ڕێکخستن بەبێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازییە تاکییەکان لە هەڵسوکەوتکردندا.

### 5- **کۆنتڕۆڵ:**

هزرڤان ئەمتای ئەتزیۆنی بایەخی چەمکی زاڵبوونی لەلایەن ڕێکخستنە فەرمیەکانی کۆمەڵگە نوێکان زەق کردووەتەوە و دەڵێت: لای هەمووان ئاشکرایە کە ڕێکخستنەکان پێداویستی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئامانجیان پابەند بوونە پێیانەوە، ئەمەش لەلایەن ڕێکخستنەوە دەبێت نەك لەلایەن ئەندامانیەوە. هەروەها ئەندامانی ڕێکخستن پێداویستییان هەیە، ئامانجیان تێرکردنیەتی. بۆیە ڕێکخستن بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی و، هەمان شت سەبارەت بە ئەندامانی کە کاریگەرییە تایبەتییەکانیان بەرامبەر ڕێکخستن مومارەسە دەکەن بۆ تێرکردنی پێداویستەکانیان هەندێ لە فشارەکانی مومارەسە دەکات. ئەگەر قووڵترببینەوە بۆ زانینی ئەم پێداویستیانە، لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان لەسەر ئەویتر فشاری خۆی بەکاردەهێنێت دەبینین ئەم (پێداویستییانە) یەکگرتوو و هاوشان و تەواوکاری یەکترن. بۆنموونە ئەگەر



بودجەی کۆمپانیایەکی هەرەوەزی زیادی کرد، ئەمە دەبێتە هۆی زیاد بوونی داهاتی ئەندامەکانیشی. ئەگەر ئیعتباری کۆمەڵایەتی یەکێ لە قوتابخانەکان زیادیکرد، بە دوایدا ئیعتباری مامۆستاکانیشی زیاد دەکات. لێرەدا دەبینین کە پێداویستەکانی ڕێکخستن و ئەندامەکانی تەواوکاری یەکترن و بەیەکەوە بەستراون، ئەمەش تەنیا بە بوونی کۆنترۆڵی ڕێکخستنەوە ڕوودەدات ئەگەر نا ڕوونادات. (واتە بەڕێوەبردنێکی ڕێك و پوخت بۆ ڕێکخستن و سازدانی ئەم پێداویستییانە) ئەگەر پێکدادان و ناکۆکی ڕووبدەدات، نەك کامڵبوون و دەستباری. واتە ڕێکخستن دەتوانێت پرۆسەی کۆنترۆڵکردن لە ڕێگەی دانانی ڕێسای سەرەکی بۆ سستەمی پاداشت و ڕێسای تری تایبەت بە سستەمی سزادان ئەنجامبدات. کە یەکەمیان تایبەتە بەو ئەندامانەی داخوازی و ڕێنماییەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکەن و، خزمەتگوزاری پێشکەشدەکەن و بەشداری چالاکییەکانی دەکەن و، سستەمی دووەم تایبەتە بەو ئەندامانەی لە پراکتیزەکردنی یاساکان و سستەمەکانی ڕێکخستن لادەدەن و لە چالاکییەکانی بەشداری ناکەن. لە ڕێگەی ئەم دوو سستەمەوە (سیستەمی پاداشت و سزادان). ڕێکخستن دەتوانێت سستەمی کۆنترۆڵ لەسەر ئەندامانی قبووڵنەکات، کە لە هەمانکاتدا توانای تێرکردنی پێداویستییەکانی خۆی و ئەندامەکانی هەیە. لەم بارەیەوە ئەوەی شایانی باسە، ئەتزیۆنی جیاوازی لە نێوان دوو ڕێکخستن کردووە، یەکەمیانی ناوناوە (ڕێکخستنە سروشتییەکان) وەك خێزان و گرووپە خوێنی و نەتەوەییەکان و کۆمەڵگەی لۆکاڵی (کە تاڕادەیەك بە گرووپە نافەرمییەکان دەچێت بەپێی دیاریکرنەکانی چارلس کۆلی). دووەمیان ناویناوە (ڕێکخستنە جیاوازەکان یا بەهرەمەندەکان) وەك ڕێکخستنە بیرۆکراسییەکان و کۆمپانیا و سەندیکاو پارتە سیاسییەکان (کە تاڕادەیەك لە ڕێکخستنە فەرمیەکان دەچێت بەپێی دیاریکردنەکانی کولی) کە پەیکەری ڕێکخستنەکەی داڕێژراوەو بونیادەکەی دەکەوێتە ژێر بارودۆخی تایبەتییەوە و بایەخ بە دەستکەوتە زانستی و تەکنیکەکان دەدات. هەروەها پەیکەرەکانی ئاڵۆزە و دەوەستێتە سەر پێگەی

دیاریکراو و زنجیرەیی و پلەبەندکراوە و جەخت لەسەر کۆنترۆڵی راستەخۆی پێگە دەکاتەوە و، پێداگیری لەسەر وێکچوونی ئەندامانی لەگەڵ کارو ئەو وەزیفانەی کە لەناو رێکخستنەکە ئەنجامیدەدەن دەکات. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رێکخستن بە شێوەیەکی گشتی تەنیا پشت بەو ئەنجامانە نابەستێت، بەڵکو هەروەها پشت بە رێساو یاسای تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی ئەندامان و، ملکەچ کردنیان بۆ ئامانجەکانی لە رێگەی ئارەزوو دروستکردن (ترغيب) لەلای ئەندامان و، تێرکردنی پێداویستییەکانی هەموو ئەوانەی وێکچوون لەگەڵ یاساو سستەم و ئامانجەکانی دروستدەکەن و، تۆقاندنی هەموو ئەوانەی وێکچوون لەگەڵ رێساو سستەم و ئامانجەکانی دروستناکەن دەبەستێت. هەروەها رێکخستن پێداگیری لەسەر بیرۆکەی دەستکەوتی زانستی و تەکنیکی لە توانا و، بەخشینی ئەندامەکانی لەپێناو خزمەتکردنی ئامانج و سستەمەکانی دەکات، چونکە ئەمە (رێکخستن) پاداشتی ئەندامی داهێنەر و دروستکار دەکات (داهێنانێك بەپێی بۆچوونی رێکخستنەکە بێت)، نەك لە گۆشە نیگای پێداویستی ئەندامەکە خۆی. بەم شێوەیە رێکخستن دوو جۆر پێداویستی دەستەبەر و تێر دەکات: کە یەکەمیان رێکخستنە و دووەمیان تاکایەتییە (تایبەتە بە ئەندامەکان). بەڵام هەرچی جۆرەکانی کۆنترۆڵی رێکخستنە، ئەوا ئەتزیۆنی بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەشی کردوون، ئەوانیش:

1- **کۆنترۆڵی جەستەیی**، مانای ئازاردانی جەستەیی یا بێبەشکردن لە سۆز و ویژدان کە رێکخستنە دەردەستکارەکان (الزامي) مومارەسەی دەکەن، وەك گرتووخانە، بەندیخانەو دامەزراوە سزاخوازەکان، نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە ئەقڵی و دەروونییەکان، سەربازگەی بەندەکانی شەڕ، سەربازگەی ئازار و ئەشکەنجەدان.

2- **کۆنترۆڵی سامان**، پاداشت و سزای ماددی و هاندەرە نامەعنەوییەکان لەخۆ دەگرێت، کە کارگەو کۆمپانیاکانی مسۆگەرکردنی ژیان، بانك، ئەو دەزگایانەی خزمەتگوزاری مەدەنی پێشکەش دەکەن، هەروەها رێکخستنە سەربازییەکان لە حاڵەتی ئاشتیدا مومارەسەی دەکەن.



3- **کۆنترۆڵی هێمایی**، مومارەسەی ئازاردانی جەستەیی، یا پاداشت، یا سزا ماددییەکان ناکات، بەڵکو ئیعتباری کۆمەڵایەتی و ناوبانگی کۆمەڵایەتی وەك ئامرازێك بۆ ئارەزووخوازی و، تۆقاندن لەپێناو کۆنترۆڵ، ئاراستەکردن، پابەندبوونی ئەندامان بە یەکگرتن، پابەندبوون بە یاساو سستەمەکانی رێکخستن بەکاردەهێنێت. بۆیە ئەو کەسایەتییانەی لەناو رێکخستندا پێگەی بەرز داگیر دەکەن، کۆنترۆڵی هێمایی لەسەر ئەو ئەندامانەی پێگەی نزمتریان هەیە مومارەسە دەکەن. ئەم حاڵەتانە لە رێکخستنە ئاینی، سیاسی، ئایدۆلۆژی، زانکۆیی، کۆلێژ، پەیمانگا تەکنیکییەکان، رێکخراوە هەڵبژێردراوەکان، قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی نەخۆشی دەروونیدا هەیە.

هەروەها ئەتزیۆنی دەڵێت: بەکارهێنانی کۆنترۆڵی مرۆیی و دەردەستی لەگەڵ بەکارهێنانی کۆنترۆڵی ماڵ و سامان، کە ئەمیش بەکارهێنانی کۆنترۆڵی هێمایی لەگەڵدا دەبێت یەکگرتوون. بە مانایەکی تر، رێساکانی نفوزو کۆنترۆڵی جەستەیی پەنا بۆ دەردەستی و زۆر لێکردنی ئەندامەکانی دەبات تا ملکەچیان بکات. لە کۆتاییدا ئەتزیۆنی ئاماژە دەکات بەوەی، کە پێویست ناکات بۆ هەر رێکخستنێك جۆرێك کۆنترۆڵکردن هەبێت، یا یەکێکیان (لەو دوو کۆنترۆڵەی پێشتر باسکران) مومارەسە بکرێت، بەڵکو سەندیکای پیشەیی و کارە دەستییەکان هەیەو هیچ جۆرێك لەم جۆرە تایبەتانەی کۆنترۆڵ مومارەسە ناکەن، چونکە ئەو لە تێرکردنی پێداویستییە تایبەتەکانییەوە خزماتگوزاری پێشکەش بە ئەندامانی دەکات، بەهۆی تێکەڵاوبوون و یەکگرتنی پێداویستی و ئامانجەکانی ( رێکخستن) لەگەڵ پێداویستی و ئامانجی ئەندامەکانی.

### هـ- توێژبەندی دەسەڵاتخوازی:

ئاماژە بە سستەمی رێکخستنی پێگە وەزیفییەکان دەکات. کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەپێی پێوەرە دیاریکراوەکان توێژبەندکراوە و، زیاتر لەوەی پەیوەندی کارگێڕان بە پسپۆڕانەوە دیاریبکات پەیوەندی ئەم پێگانە دیاریدەکات.

ڤیکتۆر تۆماس پێیوایە، دەسەڵاتی کارزماتیکی لە ڕێکخستنە نوێکاندا بەهێز و چەسپاوە، ئەمەش بەهۆی بوونی توێژبەندی دەسەڵاتداری و ئیعتباری کۆمەڵایەتی پەیوەست بە پێگە تایبەتییەکانی ڕێکخستنەوە. کاتێك ڕۆڵی ئەندام روون یا دیاریکراو نییە، ئەم نادیارییە لە ڕاستیدا یەکێکە لە جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان ڕۆڵی پسپۆڕان و خاوەن پێگەکانی توێژبەندی دەسەڵاتداری، چونکە لە ڕێکخستنە گەورەکاندا چەندە ئەندامی ڕێکخستنەکە لە خاوەن پێگە بەرزەکان دووربێت، ئەوا سزادان و لێپێچینەوەیان توندترو زیاتر دەبێت و، نفوزو دەسەڵاتیان کەمتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. بۆیە توێژبەندی دەسەڵاتداری جیاوازە لە دابەشکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکان و نفوزی دەسەڵاتداری و داهاتی ماددی ئەندامانی. ئەوەتا ئەندامانی ڕێکخستنێك چەندە بەسەر پەیژەی پلەبەندی دەسەڵاتداری سەرکەون، بەرپرسیارێتی و چالاکییەکانیان زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەی پسپۆڕانی ناو ڕێکخستن، کە چالاکییەکانی لەلایەن پسپۆڕییەکانی دیاریکراوە زیاتر لەوەی کە لەلایەن توێژبەندی دەسەڵاتدارەوە بێت. هەروەها توێژبەندی دەسەڵاتداری پەیوەندی فەرمی بە پێگە باڵاکان دەبەخشێت تا لەگەڵ هەموو ئەو پێگانەی کە لە ژێر دەستی یا ئەوانەی نفوز و دەسەڵاتیان کەمترە پەیوەندی بکەن. دەستەبژێر لەناو ڕێکخستنەکاندا زانیاری زۆر و تەواوی دەربارەی سیاسەتی ڕێکخستنەکە و جۆری ئەندامەکانی هەیە، بۆیە توانایەکی فراوانی لە ورووژاندنی هەر بابەتێك کە بیانەوێت گفتوگۆی لەسەر بکەن، یا ئەو بابەتانەی گرنگن بۆ ئامانجەکانی ڕێکخستن هەیە و، ئەمانە دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی لەناو ڕێکخستندا ڕوودەدەن هەیە و توانای تەواویان بۆ مومارەسەکردنی فشار و کاریگەری لەسەر ئەندامانی ڕێکخستن هەیە. دەتوانین ئەم شتە لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ڕێکخستن تێبینی بکەین.

هەرچی خاوەن شارەزاییە تەکنیکی و پسپۆڕییە زانستییەکانن، ئەوا لەگەڵ کارەکانیان گونجاون و لە نێوانیاندا گرووپی بەهرەمەند و داهێنەر بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی مومارەسە و مەعریفە و داهێنان و حەزو ئارەزووەکانی ڕێکخستن



دەردەکەون، ئەمەش لەپێناو کۆنترۆڵکردنی چالاکییە دەرەکییەکانی ڕێکخستن تاوەکو بتوانێت پێگەو پسپۆڕییەکەی بپارێزێت، لە هەمانکاتدا بۆ بەشداریکردنی ڕێکخستنەکە لە بوارە نوێیەکان وەکو هاندەرێك بێت، هەروەها ناوبانگ و ئیعتبارێکی خودی گەورە بە ڕێکخستن ببەخشێت. بەڵام دەستەبژێر لەناو ڕێکخستن جەخت لەسەر ئەو شتانەی کە پێویستە بە دەستبهێنرێن یا جێبەجێ بکرێن دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا پارێزگاری لە پێگەو شوێنگەو پێشکەوتنیان دەکەن. کەچی لە هەمانکاتدا پسپۆڕەکان جەخت لەسەر سیاسەتی تەکنیکی ڕێکخستن دەکەنەوە. مەعریفەی پسپۆڕی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە ڕۆڵی دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی و پێگەی توێژبەندی دەسەڵاتداری دووردەکەوێتەوە، وەکو ئەنجامێك بۆ ئەم لێك دوورکەوتنەوەیە، کێبەرکێ لە نێوان خاوەن دەسەڵات و پسپۆڕانی ناو ڕێکخستنەکە لەبارەی بڕیاردان و دیاریکردنی سیاسەتی ڕێکخستنەکە دروستدەبێت، بەمەش جیاوازی و ململانێ لە نێوانیاندا ڕوودەدات. لە حاڵەتی بوونی شێوازی نادیموکراسی، کە دەستەبژێر لەناو ڕێکخستن مومارەسەی دەکات دەبێتە هۆی دژوەستان و بەرهەڵستی لەلایەن ئەندامانی ڕێکخستن. دەرەنجام لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە توێژبەندی دەسەڵاتداری چوار گرووپی کۆمەڵایەتی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش، دەستەبژێر، خاوەنی پسپۆڕییە تەکنیکی و زانستییەکان، خاوەن پێگە باڵاکان و دواکەوتووانی دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە سەرقاڵی (ڕوونکردنەوەی توێژبەندی دەسەڵاتدارین، بۆیە پێویستە ئاماژە بە چەمکی (حوکمی کەمینە) (حکم الاقلیة) کە بابەتێکی گرنگی توێژبەندە بکەین و، لەبەر ئەوەی توێژبەند لەم چەمکە بە دوور نییەو لە زۆربەی ڕێکخستنە فەرمییە گەورەکاندا هەیە، بۆیە حوکمی کەمینە، واتە دیاریکردنی دەسەڵات و پێگەی کارگێڕی لەناو توێژبەندی دەسەڵاتداری، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی فۆرمەلە بوونی حوکمی کەمینە لەناو ڕێکخستن. هەروەها ئەم چەمکە مانای حومکڕانی دەوڵەمەندەکانیشە. چەمکی نوێی حوکمی کەمینە خاوەن داهاتە بەرزەکانی کارمەندانی ڕێکخستن لەخۆ

دەگرێت، کە پێگە و نفوزیان لەسەر کۆنترۆڵ و ئاراستەکردن و لە پڕ فەرماندەرکردن وەستاوە، نەك لەسەر خاوەنداریێتیان بۆ سەرچاوە زۆرەکانی ڕێکخستن. هەروەها نفوزی حوکمڕانی کەمینە بەهۆی پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ نفوزی کەمینە دەسەڵاتدارەکانی ڕێکخستنەکانی تر سنووردارە. دەتوانین دیاردەی حوکمڕانی کەمینە بەزەقی لەناو ڕێکخستنە ئابوورییەکان زیاتر لە ڕێکخستنە سیاسییەکان بینن بەهۆی بوونی دژە نفوز (لە ژمارە و بەرژەوەندی) لەناو ڕێکخستنە سیاسییەکان دژی حوکمی کەمینە، چونکە ئەندامانی ڕێکخستنی سیاسی، بەرژوەندی جۆراو جۆر و جیاجیایان هەیە سیاسەتمەدار و پسپۆڕەکانی حوکمی کەمینەیی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لە دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و سنووردار پێکهاتوون.

بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا تاکەکان لە چەندین ڕێکخستنی جیاوازو جۆراو جۆر ئەندامن، کە بەڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی بڵاوەنەوەی حوکمڕانی کەمینە لە زیاتر لەیەك گرووپ. حوکمی کەمینە نفوزێکی فراوان بە کەمینە لەسەر زۆرینە دەبەخشێت، بەڵام ئەمە مانای وانیە زۆرینە نفوزیان نییە. هەروەها حوکمڕانی کەمینە ئاماژە بە نەگونجان و ناهاوسەنگی نفوز لەناو ڕێکخستنەکە دەکات، ئەمەش لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێکخستن کە پەیوەستە بە سیاسەت و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی زۆربە ئاشکرا ڕوودەدات. بۆیە کاتێك ڕێکخستن گەورە بێت، ئەوا پەیوەندیکردنی ئەندامانی ناڕاستەوخۆ دەبێت و پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆش لە نێوان کەمینە حوکمڕانەکان دەبێت و پرۆسەی بڕیاردان بە دەستی کەمینە دەبێت. ڕەنگە پسپۆڕانی ناو ڕێکخستن بکەن لە حوکمی کەمینە گلەیی، بە تایبەتی کاتێك خاوەن گرووپە پسپۆڕە زیرەکە بەهرەمەندەکان بۆ بەڕێوەبردن دەردەکەون و بۆئەوەی بە خێرایی بەسەر توێژبەندی دەسەڵاتداری سەربکەون داهێنانێکی نوێ پێشکەشدەکات و کاریگەری لەسەر بڕیاردان و سیاسەتەکانی ڕێکخستن دروستبکەن و نارەزایی پسپۆڕەکانی تر بەرامبەر حوکمڕانی کەمینە زیاد دەکات. بەڵام سەبارەت بە هەبوونی حوکمی



کەمینە، ئەوا بۆ کۆنترۆڵ و مومارەسەکردنی فشار لەپێناو کاریگەری دروستکردن لەسەر بونیادی توێژبەندی دەسەڵاتداری دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، ئەوا ئەندامانی دەستەی حوکمڕانی لەناو ڕێکخستن لۆژیکی ئەقڵانی پێگەیشتوو بۆ پاساو هێنانەوە بۆ بڕیار و فەرمانەکانیان بەکاردەهێنن و، بە دوای دەسەڵاتێکی نووسراوی سستەمی ڕێکخستنی ناوەکی بۆ پشتگیریکردن لە چالاکییە ڕێکخراوەییەکانیان دەگەڕێن، تا بتوانن ڕووبەڕووی پرسیارو لێپرسینەوەکانی ئەندامانی ڕێکخستن ببنەوە.

### و- نفوزی ڕێکخراوەیی:

دەتوانرێت نفوزی ڕێکخراوەیی بۆ سەر سێ بەشی سەرەکی دابەشبکرێت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- **نفوزی ئیلزامی** (**دەردەست**)، ئازاردانی جەستەیی، یا بۆئەوەی ئەندامانی ڕێکخستن وێکچوون لەگەڵ ڕێساکانی دروستبکەن ئامرازی لەناوبردن بەکاردەهێنێت.

2- **نفوزی سوود بەخش:** پاداشتی ماددی لە بەرامبەر ئەندامانی بەکاردەهێنێت، یا بێبەشکردنی ئەندامانی لەو پاداشتانە.

3- **نفوزی وێکچوون:** بۆئەوەی ئەندامانی ڕێکخستن هانبدات پابەندبن، بۆئەوەی وێکچوون لەگەڵ ڕێساکانی (ڕێکخستن) دروستبکەن و بەرژەوەندییەکانیان بخەنەگەڕ ئەوا هێماکان بەکاردەهێنن بۆ زاڵبوون بەسەریاندا.

لە ڕاستیدا بە هۆی جیاوازی نفوزی باو لەناویاندا ڕێکخستنەکان جیاوازن، چونکە زۆربەی ڕێکخستنەکان زیاتر لە جۆرێکی دیاریکراو نفوز بەکاردەهێنن. ڕێکخستنێك چەندین ئامرازی نفوزی لەخۆ دەگرێت و لەسەر چەند پێگەیەکی جیاواز سستەمی ڕێکخستن بەکاردەهێنێت. بۆنموونە نفوزی دەردەست-لەناوبەر- لەسەر ئەو ئەندامانەی کە پێگەی کارگێڕی نزم داگیردەکەن بەکاردەهێنرێت،

بەڵام نفوزی سوود بەخش لەسەر ئەو ئەندامانە کە پێگەی کارگێڕی بەرز داگیردەکەن بەکاردێت. نفوزی دەردەستی راستەوخۆ لەگەڵ پێگە بەرزەکان بەکارناهێنێت، بەڵکو لە نفوزی دەردەستی پێش رووودانی (جارێك یا زیاتر) ئاگادار دەکرێتەوە. چەندە کۆمەڵگە قەبارەی گەورەبێت نفوزی زۆرەملێ و دەردەستی بەکاردەهێنێت، بۆیە حکوومەتی ئەم کۆمەڵگەیانە چەند یاسایەکی دەردەستی و زۆرەملێیی لەپێناو پارێزگاریکردن لە سستەمی کۆمەڵگە دادەنێت. هەروەها ئەگەر قەیرانی ئابووری هەبێت، ئەوا رێکخستنەکان بە شێوەیەکی بەردەوام مومارەسەی نفوزی سوود بەخش ناکەن، ئەمەش مانای وایە بەکارهێنانی نفوز بەو رەوشەی کە کۆمەڵگە تێیدا دەژیت کاریگەر دەبێت.

سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی زیاد لە جۆرێکی نفوز، ئەوا لێکەوتەی جیاوازی لێدەبێتەوە، یەکێ لەو لێکەوتانە بەکارهێنانی نفوزی زۆرەملێییە، کە بریتییە لە ملکەچ پێکردنی ئەندامانی رێکخستن و زیادبوونی گوێڕایەڵییان بۆ یاساکان. بەڵام نفوزی وێکچوون دەبێتە هۆی ملکەچکردنی کەمتر. شوێنگەی نفوزی وێکچوون دەکەوێتە نێوان نفوزی سوودبەخش و زۆرەملێوە.

لە راستیدا پێویستی رێکخستن بۆ بەکارهێنانی نفوز (Pawer) پشت بە کاریگەری رێکخستن و رێگەی بەکۆمەڵایەتیکردنی ئەندامەکانی دەبەستێت. بۆیە لە رێکخستنە دەردەستی و زۆرەملێیەکاندا نفوز لە نێوان سەرکردەکانی رێکخستنی دەردەستی و ئەندامە نافەرمییەکان دابەشدەبێت، ئەوانەی بەرهەڵستی نفوزی دەردەستی دەکەن. بەڵام نفوزی ئەو رێکخستانەی پشت بە سوودخوازی دەبەستن، لە نێوان سەرکردە فەرمی و نافەرمییەکان و کارگێڕی و سەرکردە نووسنگەییەکان دابەشکراوە، بە شێوەیەك جیاوازییەکی ئاشکرا لەبارەی پراکتیزەکردن و مومارەسەکردنی نفوز لەناو رێکخستن لە نێوانیان روودەدات. بەڵام نفوز لە نێو رێکخستنی ویچکچوون، ئەوا لەلایەن سەرکردەکەیەوە پراکتیزە دەکرێت. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە، بۆنموونە



زۆر لە رێکخستنەکان نفوزیان لە دەرەوەی سنووری رێکخستن و کاریگەرییەکانیان لە بەرامبەر رای گشتی بەکاردەهێنن. لە کۆتاییدا دەتوانرێت مومارەسەکردنی نفوز لەلایەن ئەندامانی رێکخستنەوە دابەشبکرێت بۆ ئەمانەی خوارەوە:

1- راستەوخۆ لە ناوەندە کارگێڕییەکانیانەوە دەردەچێت و، بە نفوزی کارگێڕی وەرگیراو ناودەبرێت.

2- ئەندامی وا هەیە نفوزێکی زۆری هەیە، کە دەوەستێتە سەر توانا کەسێتییەکانی لەبەرهەمهێنان. ئەمەیان ناودەبرێت بەنفوزی سەرکردەیی نافەرمی.

3- ئەندامی واهەن هەردوو جۆرەکەی پێشووی نفوزیان هەیە، کە لە پێگە وەزیفی و توانا کەسێتییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت و، ناودەبرێت بەنفوزی سەرکردەیی فەرمی.

ئەمانە گرنگترین پێکهێنەرەکانی هزری رێکخستنی کۆمەڵایەتیبوون. پاشان جۆرەکانی رێکخستنی فەرمی لە کۆمەڵگە نوێکان دەخەینە روو، دوای ئەوەی لە رێکخستنە نافەرمیەکان جیامانکردەوە.

### 6- **جۆرەکانی رێکخستنی فەرمی:**

زانا ئارتەر ستنجکۆمبی بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی لە نێوان چوار جۆری سەرەکی لە رێکخستنی فەرمی باوی کۆمەڵگەی مرۆیی کردووە، ئەوانیش ئەمانەن:

أ- **رێکخستنی کارزماتیکی**: پەیوەندی سەرۆکە (خاوەنی دەسەڵات و، ئاراستە، کۆنترۆڵکردن) بە دواکەوتووانی، ئەوانەی کە بڕوایان وایە ئەم سەرۆکە زیرەك و لێهاتوو و زانای بەڕێوەبەر و زانای راستیە. ئەم حاڵەتە وەکو حاڵی ئەو تیمەی توێژینەوەی زانستییە، کە زانایەکی ناودارو ناسراو لە بواری توێژینەوەو بەدواداچوونی زانستی و نووسەر و ئەندێشە سازو دانپێدانراو سەرۆکایەتی دەکات، لەلایەن دامەزراوە زانستییەکانەوە پشت بەو

هزرڤانە دەبەسترێت بۆ ڕێکخستنی توێژینەوەی زانستی بەرهەمدار، بە شێوەیەك لەپێناو لێکۆڵینەوە لە کێشە یا دیاردەکانی کۆمەڵگە  یارمەتی ماددی زۆری پێشکەشدەکرێت. ئەم دانپێدانانە زانستیە لەلایەن ئەم دامەزراوەیەوە، سەرسامییەکی گەورە سەبارەت بەم کەسە لەلای ئەو توێژەرانەی لە ژێر چاودێری ئەودا کاردەکەن و، هەموو ئەو شتانەی کە دەیڵێت و بڕیاری لەسەر دەدات و، هەموو ئەو تێبینی و شارەزاییە زانستیانەی پێشکەشیاندەکات دروستدەکات، کە توێژەرەکان ناتوانن لەبەر ئەو دانپێدانانەی کە دامەزراوە زانستییەکان پێیان بەخشیوە ڕووبەڕووی یا دژی بوەستن ناتوانن. لە ڕاستیدا ئیعتبارو پێگەی زانستی ئەو زۆر لەو مەعریفەو شارەزاییانەی کە ئەو توێژەرانە هەیانە زیاتر و، لەبەر ئەوەی ئەوان لە دیاریکردنی مووچە و پاداشتی ماددەییان کە لەدەستی ئەودایە پشتی پێدەبەستن، هەروەها بەهۆی بڕواو بیروباوەڕیان بە ڕەوایی ئەو زانست و مەعریفەیەی کە پێیەتی. بۆیە قسەی (ئەو زانایە) دەڕوات و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکرێت و بۆئەوەی مەعریفەی زانستی و سوودی ماددییان لێوەی دەستبکەوێت توێژەرەکان بەبێ بەرهەڵستی گوێڕایەڵی دەبن. لێرەدا پاشکەوتوانی هیچ دەسەڵاتێکیان یا بەرپرسیارێتییەکیان نییە، بەڵکو هەموو شتێ بە دەستی سەرۆکەکەیانە.

ب- **کارگێڕییە دەرەبەگایەتییەکان:** ئەم چەمکە نەریتییە. بەڵام زانا ستنجکۆمبی بۆ گوزارشتکردن لە هەندێ مومارەسەی نەریتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری نوێدا، وەك کۆمەڵگەی ئەمریکی بەکاریهێناوە. بە شێوەیەك (وەك نموونە لەسەر ئەم بابەتە) دەڵاڵی ئۆتۆمبیلی وەرگرتووە کە ئۆتۆمبیلەکانی کۆمپانیایەکی دیاریکراو بۆ فرۆشتن نمایشدەکات، ئنجا ئاسانکاری بۆ بەڕێوەچوونی فرۆشتنەکەدەکات وەك دەستکەوتی ماددی مسۆگەر بۆ کۆمپانیاکە، پێشکەشکردنی کەفالەتی ماددی بۆ مسۆگەرکردن، ئاسانکردنی وەرگرتنی نرخی ئۆتۆمبیلەکە بە شێوەی بەش بەش (قسط) و، پێشکەشکردنی خزمەتی چاککردنی ئۆتۆمبیلەکە بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو. هەروەها پاش کڕینی ئۆتۆمبیل ڕێکلام بۆ



کۆمپانیاکە دەکات و لە هەمانکاتدا کۆمپانیا لە دابینکردنی ئۆتۆمبیل و پارچەکانی و شارەزای میکانیکی یارمەتی دەڵاڵەکە دەدات، بەمەرجێك نابێت ئەو دەڵاڵە ئۆتۆمبیلەکانی بە وەکیلی تری هەمان کۆمپانیا بفرۆشێت، یا پشت بە زیادکردنی داواکاری لەلای دەڵاڵێکی تر، کە هەمان ئۆتۆمبیلەکانی ئەو کۆمپانیا دەفرۆشێت ببەستێت.

ئەم پابەند بوونانە نەریتین، بەڵام لەسەر فۆڕمی پەیمان بەستن کە هەریەك لە نوێنەری کۆمپانیاو دەڵاڵەکە واژووی خۆیانی لەسەر دەنووسن تۆمارکراون. ئەمانە پابەندبوونی سەرمایەگوزارین و دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلەکان بۆئەوەی سوودی لێوەرگرن و، دەڵاڵەکەش قازانجێکی کەمی لە ڕێگەی فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکانی کۆمپانیا بە کڕیارەکانی و دەستکەوێت، بە شێوەیەکی گشتی زەرەر بەپلانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی کۆمپانیاکە نەگەیەنێت، یا لە فرۆشتنا کێبەرکێی لەگەڵدا نەکات، بەڵکو بۆ پابەندبوون و مەرج و فەرمان و قازانجەکانی کۆمپانیاکە ملکەچ دەبێت.

ج- **ڕێکخستنە سوودخوازییەکان:** ئاماژە بە دوالیزمی سوودە هاوبەشەکان و بەشداریکردن لە بڕیارە تایبەتییەکانی ڕێکخراوەکە دەکات، بە شێوەیەکی لۆژیکی و ڕێنماییکار، کە خزمەتی ڕێکخراوەکە بکات نەك خزمەتی بەڕێوەبەرەکەی و، جەخت کردنەوەی لەسەر پسپۆڕییە پیشەییەکانی ئەو تاکانەی پێگەی کارگێڕی داگیر دەکەن و، مووچەی ڕێکوپێك و دیاریکراویان هەیە، هەریەکەو بەپێی پسپۆڕی خۆی. ئەمە نموونەیەکی زیندووە لەسەر بەڕێوەبەرایەتییە بیرۆکراسییەکان، کە لە دەزگا کارگێڕییە حکوومی و کەرتە تایبەتییەکاندا بەهەمان شێوە هەن. شێوەی گشتی و ڕوونی سستەمی بیرۆکراسی لەم ڕێکخستنانەدا ئەوەیە، کە کارێك یا خزمەتێك بۆ ملیۆنەها خەڵك هەموو ڕۆژێك و بەبێ گۆڕان ئەنجام دەدەن و، ئەمەش پێویستی بە سەرۆکێکی بلیمەت یا زیرەك و بیرمەند نییە بۆئەوەی ئەم خزمەتگوزارییانە بەڕێوەبەرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە یەکێکەو خزمەتەکانی ڕۆژانە پێشکەش بە

ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەکات. کەواتە ئەمانە خزمەتگوزاری رۆتینین و شێوازێکی تایبەتییان هەیە. ئەمانە سستەم گەلێکن، کە لە رووی کارکردن وپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی ورد لەگەڵ یەکتر دەستبارن و، بەرهەمێکی رێکخراو و پوخت بەرهەم دەهێنن. پەیکەری بونیادی ئەم رێکخستنە لەسەر بنچینەی پسپۆڕیی پیشەیی و دەستکەوتی زانستی وەستاوە، هەر کارمەندێك لەم جۆرە رێکخستنانە تێبینی و راپۆرتەکانی خۆی بەو بەڕێوەبەرەی راستەوخۆ لەژێر دەستی کاردەکات پێشکەشدەکات، سەبارەت بەو شتانەی بەو کارو وەزیفەیەی کە ئەنجامی دەدات پەیوەستن. هەروەها جێگۆڕکێ و گواستنەوەی ئەم کارمەندە لە ناوەندێکی وەزیفییەوە بۆ یەکی تر بەپێی پێشکەوتنی توانا و وەفادارییەکانی لە کارکردنی لەناو رێکخراوەکە دەبێت، هەروەها ئەو خزمەتانەی کە پێشکەشی دەکات، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی رێکخستنە بیرۆکراسییەکەدا دەبێت.

د- **رێکخستنە پسپۆڕییەکان:** ئەم جۆرە رێکخستنە جەخت لەسەر پسپۆڕیی زانستی و مۆرکی مەعریفی و مەشقی پیشەیی و تەکنیکی دەکاتەوە، بۆئەوەی مۆرك و پسپۆڕییەکەی رەنگدانەوەیان لەسەر رێکخستنەکان هەبێت و، وەزیفەکانی لەنێو رێکخستنە پسپۆڕیەکان، وەك زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگا زانستییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوە بەرفراوان بکات. هەروەها پێداگیری لەسەر مەشقکردن و درێژەپێدان و بەردەوامبوون لەسەر پسپۆڕییە وردەکان نەك گشتییەکان دەکات، لەپێناو پێشخستنی توانای ئەندامانی و شارەزاییە زانستییەکانیان بۆئەوەی بتوانێت ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت و، کێبەرکێ لەگەڵ رێکخستنە پسپۆڕییەکانی تر، لە رووی دەسکەوتی زانستی و تەکنیکی و، سەلماندنی تواناو شیانی بۆ دەستکەوت و بە دواداچوونە مەعریفییەکان بکات. ئەوەی لەسەر ئەم جۆرە رێکخستنانە تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە لە دەوری بەرپرسیارێتیەکانیان ناخولێنەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی رێژەیی لە رووی فشارە بیرۆکراسییە ئاڵۆزەکانەوە سەربەخۆییەکی هەیە و



هەموو بەرپرسیارێتییە کارگێڕییەکانی ناخاتە ژێر دەستی سەرۆکەکەیەوە، بەڵکو لێرەدا لیژنەو ئەنجوومەن هەیە و بڕیارو فەرمانەکانی تایبەت بە ئەندامانی و سیاسەتی رێکخستنەکەی دەردەکەن.

پۆلێنکردنێکی تر کە زانا (ئارفنك کۆفمان) دایناوە جەخت لەسەر دابەشکردنی رێکخستنە چاکسازییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی رەفتاری تاك بە ئامانجی چاککردن، یا چارەسەرکردن، یا ئامادەکردنی ئەندامان بۆ پرۆسەی گونجان لە کۆمەڵگەیەکی رێکوپێکدا دەکاتەوە. ئەم رێکخستنانە بە شێوەیەکی ورد سستەمی بیرۆکراسی مومارەسە ناکەن، بەڵکو وەزیفەی کۆمەڵایەتی بەرهەمدارو پۆزەتیڤ بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و تاکەکان بە تایبەتی ئەنجامدەدەن. ئەگەرچی ژیان لەم جۆرە رێکخستنانە بە نائازاد و کۆتکراو و نەگۆڕ لە قەڵەم دەدرێت و، دەکەوێتە ژێر چاودێری و تێبینی و ئاراستەکردنی ئەو تاکانەی چاودێری بەڕێوەبردنی رێکخستنەکان دەکەن، کەچی تاك لە کۆمەڵگەدا دەتوانێت بخوات و بخواتەوە و یاریبکات و بخەوێت وەکو چۆن ئارەزوویەتی، هەر کاتێك تاك بیەوێت دەتوانێت لە شوێنێکەوە بۆیەکی تر بگوازێتەوە و، تێکەڵاو خەڵکی جۆراو جۆرو و جیاواز وەکو چۆن مەیلی لێیەتی بێت. تاك راستەوخۆ ملکەچی هیچ دەسەڵاتدارێکی فەرمی بۆ ئاراستەکردن یا کۆنترۆڵکردنی نابێت، لە هەمان کاتدا پلانێکی گشتی نییە رەفتار و ژیانی رۆژانەی کارکردنی تاك ئاراستە بکات. ئەمە لایەنە ئازادەکانە کە تاك لە دەرەوەی دیواری رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بەسەردەبات. **بەڵام ئێستا ئەم ئازادییە لەناو رێکخستنە چاکسازییەکان بوونیان نییە:**

أ- هەموو لایەنەکانی ژیانی لەناو یەك ساختمان یا لەیەك شوێنەو و لە ژێر کۆنترۆڵی یەك دەسەڵاتدایە.

ب- تاکەکانی ناو رێکخستنە چاکسازییەکان یەك چالاکی کۆمەڵایەتی و بەیەك شێوە لەلایەن دەستەی کارگێری رێکخستنەوە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

هەموو چالاکییەکانی تاك بە خێرایی و بە شێوەیەکی راستەوخۆ جێبەجێ دەکرێت. بە مانایەکی تر، تاکەکانی ناو رێکخستن ناتوانن بە شێوەیەکی تاك تاك و بەپێی حەزو ئارەزووەکانیان کارەکانیان ئەنجامبدەن (واتە ناتوانن بخۆن و بخۆنەوە و بخەون یا کاربکەن، تەنیا بەپێی سستەمێکی ئامادەکراو و لە کاتی دیاریکراو یا دەسنیشانکراوەوە نەبێت).

ج- هەموو لایەنەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان رۆژانە بەپێی خشتەیەکی زەمەنی رێکخراو پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە، بۆیە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی ئەویتر تەواو دەکات. ئەم خشتانە ئامادەکراو و پۆلێنکراون لەلایەن دەستەی فەرمی باڵا بۆ ئەم رێکخستانە.

د- هەموو چالاکییەکانی رێکخستن بە شێوەیەکی ئەقڵانی بۆ خزمەتکردنی ئامانجە فەرمیەکانی رێکدەخرێت.

ئەمانە گرنگترین خەسڵەتە سەرەکییەکانن، کە رێکخستنە چاکسازییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئازاد یا لە رێکخستنە فەرمیە ناچاکسازییەکان جیادەکاتەوە.

هەروەها کۆفمان پێیوایە تاك لە هەندێ لە رێکخستنەکان (کە بە رێکخستنە چاکسازییەکان ناچێت) ملکەچی هەمان ئەو چوار سیفەتە کە لەسەرەوە باسکران دەبێت، وەك بازاڕە گەورەکانی بازرگانی، دەزگا پەروەردەیی و پیشەسازی و خێزانییەکان، کە پەیوەندییە سۆزدارییەکان بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. بەڵام تاکەکان لەم شوێنانەدا لەسەر شێوەی گرووپی، یا میکانیکی رەفتار ناکەن (وەك چۆن لە رێکخستنە چاکسازییەکاندا هەیە)، هەرچەندە تاڕادەیەکی زۆر لە سیفاتی ژیانی رۆژانەیان دەچێت. کۆفمان جۆرەکانی رێکخستنی چاکسازی بەپێی ئامانجە وەزیفییەکانیان دابەشکرد بۆ ئەم بەشانەی لای خوارەوە:

أ- هەندێ رێکخستن بە مەبەستی بایەخدان و سەرپەرشتیکردنی ئەو تاکانەی کەم ئەندام و بێکارن، وەك کوێر، بەساڵاچوو، منداڵی بێنەوا، دەستکورت و بێ تواناکان پێکهێنراون.



ب- ئەو رێکخستنانەی کە گرنگیدان بەو تاکانەی کە دووچاری نەخۆشی درێژخایەن بوونەتەوەو توانای-ماددییان- بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی چارەسەرکردنیان نییە پێکهێنراون، ئەو نەخۆشیانەش وەك نەخۆشی سیل، لاڕەشە یا لە رووی دەروونی و ئەقڵیەوە بوون بە قورسایی بەسەر کۆمەڵگە لۆکاڵییەکانیانەوە وەك نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە ئەقڵییەکان.

ج- ئەو رێکخستنانەی بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی لۆکاڵی لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان دروستکراون، لەو رێکخستنانەش گرتووخانە، بەندیخانە گشتییەکان و چاکسازییەکانی نەوجەوانان.

د- ئەو رێکخستنانەی کە بە مەبەستی کارکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگە دامەزراون، وەك بنکە سەربازگەکان و سەربازگەکانی کاری گرووپی.

هـ- ناوەندی مەشق، کە تایبەتە بە مەشقکاران (تایبەتە بە کۆمەڵگەی کریستیان وەك دیری خوشك و برایانی کریستیان).

لەگەڵ ئەوانەی سەرەوە، کۆفمان ئەندامانی رێکخستنی چاکسازی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە: یەکەمیان ئەوانەی لە رێکخستنەکەدا نیشتەنن، دووەمیان بەڕێوەبەری رێکخستن. بەشی یەکەم کە بەندکراو و نەخۆش و پەککەوتەکان دەگرێتەوە، پەیوەندییەکی ئازاد بە جیهانی دەرەوەیان دەبەستێتەوە، بەڵام کارگێڕەکان لە رۆژێکا هەشت کاتژمێر لەنێو دیوارەکانی رێکخستن دەمێننەوە و کاتژمێرەکانی تر لەگەڵ ئەوانیتر و لە دەرەوەی دیوارەکان ژیان بەسەر دەبەن. ئەم دوو گرووپە ئەندامە (نیشتەن و کارگێڕەکان) هەریەکەیان لە گۆشەیەکی جیاواز و تەسکەوە تەماشای ئەویتر دەکات، بە شێوەك کارگێڕەکان بەو جۆرە تەماشای دانیشتوانی ناو ئەم رێکخستنانە دەکەن بەوەی کە ناتوانرێت بروایان پێبکرێت و شتی تایبەتی ژیانیان دەشارنەوە و نهێنییەکانیان نادرکێنن و خەم و خەفەت باڵی بەسەر ژیانی تایبەتییاندا کێشاوە. بەڵام نیشتەنی رێکخستنەکان بەو جۆرە تەماشای کارگێڕەکان دەکەن

که توندتیژو دڵ ڕەقن. زۆربەی جار کارگێڕەکان وا هەستدەکەن کە دەسەڵاتی باڵایان هەیەو بەرامبەر بەڕێکخستنەکەیان بەرپرسن، کەچی نیشتەنی ڕێکخستنەکان وا هەستدەکەن کە پێگەیان کەمترە و لەڕووی دەسەڵاتی کارگێرییەوە لاوازو دوورخراوەن. بەڵام پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئەم دوو دەستەیە توندوتیژ و ساردو سڕەو ڕەهەندەکانی زانراوەو کەلێنێکی کۆمەڵایەتی دوور و نەگۆڕاو لە خۆ دەگرێت و سیفەتی فەرمیبوون وەردەگرێت. هەروەها لەگەڵ بوونی ئەم بەربەستە مەعنەوییانەش بەربەستی ماددی هەستپێکراو لە نێوانیاندا هەن، ئەویش دیوارو شیشە ئاسنیەکان و شێوەی قسەکردن و گفتوگۆی نێوانیانە، کە بەسروشتی خۆی شێوەیەکی تایبەتی هەیە (واتە بەهاوارکردن و قسەی ڕەق مامەڵە دەکەن).

زۆربەی جار قسەکردن لە ڕێگەی ئەو بەربەست و شیشانەشەوە قەدەغەیە، ئەمەش لە ترسی دەرچوونی ئەو زانیارییە تایبەتییانەیە کە لەبارەی پلانەکانی دەستەی کارگێڕی سەبارەت بە نیشتەنی ڕێکخستنەکە بەردەستیاندایە. لێرەدا ئەوەی شایانی باسە نیشتەنی ڕێکخستنی چاکسازی بەشداری لە بڕیارەکانی ئەو ڕێکخستنەی کە تێیدا دەژین، لەگەڵ ئەوەی کە بڕیارەکان بەوانەوە پەیوەستە ناکەن، هەروەها کارگێڕەکانیش نهێنی هەڵسوکەوت و چارەسەری خۆپاراستنیان پێڕاناگەیەنن، بۆئەوەی پارێزگاری لەو کەلێنە کۆمەڵایەتییەی کە لێکیان جیادەکاتەوە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی کۆنترۆڵیان بکەن. ئەمە گرنگترین سیفەتەکانی ڕێکخستنی چاکسازییە کە لە ڕێکخستنە بیرۆکراسییەکان جیایدەکاتەوە. کێشەیەك نییە گەر ئاماژە بۆ خوێنەری ئازیز بکەین کە زانا کۆفمان ئەم دەزگا چاکسازییانە بە ڕێکخستن ناوزەد ناکات، بەڵکو بە دامەزراوە ناویاندەبات، لەبەر ئەوەی سستەم و ئامانجەکانی لە ڕێکخستنی بیرۆکراسی جیاوازە و، ئێمەش بە ڕێکخستن ناوزەندمانکرد، لەبەر بوونی وێکچوونێکی زۆری نێوانیان لە رووی وەزیفەو کۆنترۆڵکردن و دەسەڵاتەوە. ئەمەیە کە زانا کۆفمان جەختی لەسەر کردووەتەوە، نیشتەنی ئەم ڕێکخستنانە لەبری مانەوەیان لەناو ڕێکخستنەکە مووچە وەرناگرن و لە ڕێگەی پێگە کارگێڕییەکانیانەوە پەیوەندیان بە یەکترەوە نییە، یا لە بڕیارەکان



بەشداری ناکەن و ڕۆژانە کار بۆ خزمەتکردنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە ناکەن. ئەمە گرنگترین ئەو خەسڵەتانەن کە ڕێکخستنە چاکسازیەکان لە ڕێکخستنە بیرۆکراسییەکان جیادەکاتەوە.

هەروەها لەگەڵ ئەوانەی سەرەوە، ئاراستەی کارکردن و پاڵنەرەکانی ڕێکخستنە بیرۆکراسییەکان لەوەی لە ڕێکخستنە چاکسازییەکاندا هەیە جیاوازە، ئەم جیاوازییەش لە رووی پێداویستی نیشتەنی ڕێکخستنە چاکسازییەکانەوە بۆ گونجانی تایبەت تا لە نێو ڕێکخستنە چاکسازیەکاندا بژین دەردەکەوێت. بەڵام کارمەندانی ڕێکخستنی بیرۆکراسی پێویستیان بە پسپۆڕی زانستی و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی هەیە و، هەندێك کار دەخرێنە ئەستۆی نیشتەنەکانی ڕێکخستن بۆئەوەی ئەنجامی بدەن و کاتی بەتاڵیان بەسەر بەرن. ئەم کارکردنە لە ژێر کۆنترۆڵی ستەمێکی تایبەتدانییە و لەسەرەخۆ ئەنجامدەدرێت. ڕەنگە هەندێ کاری قورسیشیان بخرێتە ئەستۆ وەك سزایەك لە بەرامبەر لادان یا گوێڕایەڵی نەکردنی هەندێکیان بۆ ڕێساکانی ڕێکخستنەکەو، بەشەکەی تریان کاری تریان لە بەرامبەر ئەنجامدەدرێت وەك پاداشت لەبەر ئەوەی پابەندی سستەمی ڕێکخستنەکە بوون. کەچی پەیوەندییەك لە نێوان ئەندامانی ڕێکخستنی بیرۆکراسی هەیە کە کارکردن تێیدا لە بری موچەی مانگانەیە و، ملکەچی پێداویستی و مەرجی دیاریکراو کە لە ڕێگەی گرێدانی پەیماننامەوە دەبێت دەبنەوە. کۆفمان هەنگاوێکی تر بەرەوپێش دەڕوات بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ڕێکخستنە چاکسازییەکان و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و تایبەتی و نافەرمییەکانی تری وەك خێزان. کۆفمان دەڵێت: تاك لەناو خێزاندا دەتوانێت بخوات و بخواتەوەو بخەوێت هەر چۆن حەز دەکات یا ئارەزوویەتی و، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەکەی لەسەر بنچینەی پەیمان گرێدان یا لە بری دەستهەق یا موچە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکان ئازاد و سەربەخۆن و لەسەر بنچینەی پەیوەندی ڕەحم و خوێن وەستاوە، تاك لە دەرەوەی ئەم پەیوەندییە دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ هەرکەسێك کە بیەوێت هەبێت. بەڵام تاك لەناو ڕێکخستنە چاکسازییەکان ناتوانێت ئەم کارە بکات. ڕێکخستنی

چاکسازی-بە بۆچوونی کۆفمان- بریتییە لە بەشێکی کۆمەڵگەی لۆکاڵی و یەکێکە لە رووەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی فەرمی، کە ئەندامەکانی بە پێی داواکارییەکانی کۆمەڵگەی گشتی دەگۆڕێت.

لە کۆتاییدا، ئەوەی کە کۆفمان ئەنجامیدا بریتیبوو لە بەراوردکردنی رێکخستنی چاکسازی لەگەڵ رێکخستنی بیرۆکراسی و رێکخستنە نافەرمیەکان، لەپێناو دەرخستنی خەسڵەت و وەزیفە و رادەی جیاوازی ئەم رێکخستنانە. ئەمە (رێکخستنە چاکسازییەکان) دەکەوێتە نێوان رێکخستنە بیرۆکراسی و رێکخستنە نافەرمیەکان، لە هەمانکاتدا لەپێناو دووبارە ئامادەکردنەوەی تاك و پاراستنی کۆمەڵگە سیفەتەکانی هەریەك لەو دووانە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. زانا (وایت باك) دابەشکردنێکی تری سەبارەت بە جۆرەکانی رێکخستنە فەرمیەکانی کۆمەڵگە نوێکان خستەڕوو و، هانی بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانیدا کە بیرو بۆچوونەکانیان لەبارەی هزری رێکخستنەوە بەرەو ئاراستەی جیاجیا ببەن ئەوانیش:

أ- ئەو ئاراستە تیۆرییانەی گرنگییان بە لێکۆڵینەوە لە چەمکی کۆنترۆڵ لەناو رێکخستنە فەرمیەکانداوە.

ب- ئەو ئاراستە تیۆرییانەی بایەخیان بەوشتانەی، کە پەیوەستن بە چۆنیەتی بڕیاردان لەلایەن ناوەندە پیشەیی و وەزیفییە جیاجیاکان و شوێنەواری لەسەر ئاراستەکردنی رەفتاری ئەندامانی رێکخستنەکە داوە.

ج- ئەو ئاراستە تیۆرییانەی بایەخیان بە لێکۆڵینەوە لەو جیاوازیانەی کە لە نێوان ئەندامانی رێکخستن و سیاسەتی ئامانجەکانی رێکخستن دروستبوونەوە.

د- ئەو ئاراستە تیۆرییانەی تایبەت بە رێکخستنە کرێکارییەکان و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەرهەمن.

هـ- ئاراستەی تیۆری تایبەت بە رێکخستنە بیرۆکراسییەکان، کە بە هزرەکانی (ماکس ڤیبەر) کاریگەرە.

و- ئاراستەی تیۆری تایبەت بە رێکخستنەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە رەفتاری مرۆیی ناو ئەم رێکخستنانە.



**دابەشکردنێکی تری زانا (جۆرج لندربێرگ) تێیدا رێکخستنە فەرمیەکان دابەشدەکات بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:**

أ- ئەو رێکخستنانەی بایەخ بە ئامراز و ماکینەکان دەدەن، وەك کارگە، کارخانە، هۆیەکانی گواستنەوە، نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتن.

ب- ئەو رێکخستنانەی گرنگی بە تەندروستی، حەوانەوە، چاککردنەوە و دووبارە ئامادەکردنی تاك دەدەن، وەك بەندیخانە، گرتووخانە، نەخۆشخانە، کە نموونەی پەیوەندی نیشتەنەکانی ئەم رێکخستنانە بەکارگێڕەکانەوە دەخاتەڕوو.

ج- ئەو رێکخستنانەی گرنگی بە هێماکان (واتە ئەو شتانەی کە تاك بۆ ئاسانکاری لە جموحۆڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێویستییەتی)، وەك بانك و دەزگاکانی دراو و نووسینگەی دەزگاکانی راگەیاندن دەدەن.

د- ئەو رێکخستنانەی گرنگی بە مەعریفەی زانستی لای تاك، وەك قوتابخانە، زانکۆ، کۆلێژ، پەیمانگا تەکنیکییەکان، ئەکادیمییەکان دەدەن.

دوای ئەوەی بیرۆکەیەکی گشتیمان دەربارەی پۆلێنی بیرمەندانی ئەم هزرە سەبارەت بە رێکخستنە فەرمیەکان پێشکەشکرد، باشتر وایە وێنەیەکی روون بۆ چەمکی بیرۆکراسی پێشکەش بکەین، کە رێکخستنە فەرمیەکان بەکاری دەهێنین. لەم بەشەدا باسکراوە بۆئەوەی لە زەینیەتی خوێنەر روونتر بێت ئەم چەمکە باسکراوە، لەبەر ئەوەی روونکردنەوەکانمان بۆ چەمکی بیرۆکراسی لە پێکهاتەکانی هزری رێکخستن، لەسەر ئەوانەی کە زانای ئەڵمانی (ماکس ڤیبەر) نووسیبووی چڕبووبوەوە، بەو پێیەی یەکەم کەسە لە کۆمەڵناسیدا ئەم چەمکەی روون و شیکردوەتەوە. کەچی نووسینی تری بەسوود پەیوەست بە هزری رێکخستن هەیە کە پێویستە لێرەدا بیانخەینەڕوو، چونکە ئەم نووسینانە بە بنچینەی سەرەکی بۆ رێکخستنە فەرمیەکان دادەنرێن و، لەبەر ئەوەی دیاریکردنەکانی (ڤیبەر) بۆ روونکردنەوەی ئەم چەمکە بەس نییە. بۆیە درێژەی ئەم چەمکە و لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی لەسەر رێکخستنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی تایبەتی و لەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی پێشکەشدەکەین.

### 7- دەسەڵاتی نووسینگەیی (بیرۆكراسی):

بنچینەی ئەم چەمكە بریتییە لە (بیرۆ-كراسی) كە وشەیەكی لاتینییە و لە دوو بەش پێكهاتووە، یەكەمیان بە مانای (نووسینگە) و دووەمیان بە مانای (دەسەڵات) دێت. پێكەوە مانای دەسەڵاتی نووسینگەیی یا كۆنترۆڵی كارگێری دەبەخشن، ناشرینترین ماناشی بریتییە لە (دەرەبەگی وەزیفی).

مرۆڤ- لەكۆمەڵگەی نوێ- بە قۆناغی پێشكەوتنی بایۆلۆژی جیاوازدا دەڕوات، كە بەقۆناغی لەدایكبوون دەستپێدەكات و بە قۆناغی مردن كۆتایی دێت. هەر قۆناغێك كە مرۆڤ پێیدا تێپەردەبێت لەبەر زۆری و جۆراو جۆری پێویستییەكانی لەناو كۆمەڵگەی نوێ بەشداری لە رێكخستنە فەرمیەكان دەكات، لە قۆناغی لەدایكبوون مرۆڤ لە دامەزراوەیەكی پزیشكی لەدایكدەبێت، كە نەخۆشخانەیە و دەسەڵاتی نووسینگەیی مومارەسە دەكات، لە قۆناغی دووەم دەچێتە دامەزراوەیەكی پەروەردەیی-قوتابخانە- ئەمیشیان دەسەڵاتی نووسینگەیی مومارەسەدەكات و، لە قۆناغی سێیەمی ژیانیدا دوای ئەوەی قوتابخانە یا كۆلێژ تەواو دەكات، بۆ كاركردن لە كارگە یا كۆمپانیا یا یەكێ لە دەزگاكانی دەوڵەت دەچێت. ئەم رێكخستنانەش دەسەڵاتی نووسنگەیین و، جاری وا هەیە تاك خۆی لەنێو رێكخستنە سیاسییەكاندا، وەك پارتی سیاسی یا خۆی لەنێو سەندیكا پیشەییەكاندا دەبینێتەوە، كە بە رۆڵی خۆیان دەسەڵاتی نووسینگەیی بەكاردەهێنن، لە كۆتاییدا تاك كە دەمرێت دەبێ كاغەزو راپۆرتی مردن لە نەخۆشخانە ئامادە بكات، كە ئەمیشیان بە رۆڵی خۆی دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی نووسینگەییەوە. مەبەستی ئەم قسانە ئەوەیە، كە تاك لە كۆمەڵگەی نوێ، لەبەر ئەوەی تاك لە كۆمەڵگەی نوێ ئینتمای بۆ رێكخستنە كۆمەڵایەتییە فەرمیەكان هەیە و بۆئەوەی پەیوەندی بە كۆمەڵگەكەیەوە بە شێوەیەكی چالاك و بە هێز بسەلمەنێت هەر لە یەكەم رۆژی لەدایكبوونیەوە تا كۆتایی، ژیانی تایبەت و گشتی دەكەوێتە ژێر فشار و كاریگەری و مومارەسەكانی دەسەڵاتی نووسینگەییەوە. هەروەها ئەم رێكخستنانە خاوەنی هێز و دەسەڵات و ساختمانی



فراوان و گەورە و ئاڵۆزن، ئەمەش مانای وایە كە رێكخستنەكانی كۆمەڵگەی نوێ نموونەیەكی فەرمییە و رۆڵ و پێگەی كۆمەڵایەتی دیاریكراو لەخۆ دەگرێت. رێگاكانی بڕیاردان لێرەدا لە سۆز و ویژدانی مرۆیی دوورە، واتە دەبێت بڕیارەكان لۆژیكی و ئەقڵانیبن، دەبێت رەفتاری ئەندامانی ئەم رێكخستنە فەرمییانە ملكەچی رێسای ئامادەكراو بن و، لەلایەن ئەوانەوە ئاراستە بكرێن. هەروەها دەسەڵاتی نووسینگەكان (بیرۆكراسی) دەتوانرێت دەستنیشانبكرێت بەوەی بونیادێكی فەرمییەو سستەمی دابەشكردنی كار لەخۆ دەگرێت و، دەوەستێتە سەر پسپۆڕی تەكنیكی و زانستی یا توێژبەندی كارگێڕی هەیە كە پێگە وەزیفییەكانی بەپێی مەرج و پێداویستە دیاریكراوەكانی بەسەردا دابەشكراوە، پەرە بە پەیوەندی رواڵەتیدەدات و سیفەتی نادیاری هەیە. بۆئەوەی ئەندامانی بە شێوەیەكی ورد وەزیفەكانیان جێبەجێ بكەن ئامێر و ماكینە بەكاردەهێنێت. بەمانایەكی تر، بیرۆكراسی وا پێناسە دەكرێت بەوەی، كە رێگایەكە بۆ دەسكەوتنی كاری جێبەجێ كراو لە رێكخستنە فەرمییە گەورەكان بە شێوازێكی رێكخراو و لۆژیكی. بەڵام ئەو بارودۆخە كۆمەڵایەتییەی بۆ دروستبوون یا دەركەوتنی بیرۆكراسی لە ئەوروپا لە ماوەی نێوان دەسەڵاتداری رێبازی پرۆتستانتی تا ئێستا كاریكرد، ئەوا بەم شێوەیە بوو:

أ- كۆنترۆڵی سستەمی سەرمایەداری: وایكرد كۆمپانیا و كارگەكان گرنگی بە فراوانكردنی بەرهەمهێنان و بەكارهێنانی پاڵنەرە ماددییەكان بدەن لەپێناو ئەوەدا. هەروەها (سیستەمی سەرمایەداری) بووە هۆی ئەوەی دەستی ئامێر بەسەر هێزی مرۆییدا زاڵبێت و بۆ بەرژەوەندییەكانی بەكاریبهێنێت نەك بە پێچەوانەوە.

ب- بنەماكانی پرۆتستانتی: پێشكەوتنی رۆحی پرۆتستانتی هاوڕێگا لەگەڵ سستەمی كۆمپانیا سەرمایەدارییەكان دەڕوات. هەردووكیان جەخت دەكەنەوە لەسەر ئەوەی، كە سستەمی ئەقڵانی بەهایەكی بەرز بە كاركردن و سەركەوتن دەبەخشێت.

ج- فراوانکردنی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لە قەبارە و بەرهەم هێنان بەهۆی فراوانبوونی و زۆر بوونی دانیشتوان لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا.

د- لەناو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بایەخدرا بە لایەنی ئابووری و ڕێکخستنی بۆ بەرژەوەندی بەرهەمهێن نەك بە کاربەر.

زانا (پیتەر پلاو) بیرۆکراسی بۆ ئەو قۆناغە نەریتییەی کە کۆمەڵگە ڕێکخراوەکان لە حاڵی حازردا پێیدا تێپەڕبوون، هەروەها بۆ پیشکەوتنی هۆکارە ئابووری و ماددییەکان و هەڵئاوسانی قەبارەی ڕێکخستنە سەرمایەدارییەکان و هۆکارە ئاینییەکان دەگەڕێنێتەوە.

بەڵام زانا (ئەلڤن گۆڵدنر) (سەرهەڵدانی بیرۆکراسی) بۆ پێداویستییەکانی بەڕێوەبەری کارەکان و خاوەن ماڵ و سامانەکان و، بوونی حەزو ئارەزوو بۆ زۆرکردنی ماڵ و سامانەکانیان گەڕاندووەتەوە.

بەڵام (کارل مارکس) لە ڕێگەی ڕەخنەکانی بۆ فەلسەفەی (هیگڵ) سەبارەت بە دەوڵەت لە بیرۆکراسی کۆڵیوەتەوە. (فەلسەفەی هیگڵ) ڕوونی کردووەتەوە، کە دەسەڵاتی نووسینگە بریتییە لە پردی گەیەنەر لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، کە دەوڵەت نموونەی بەرژەوەندی گشتییە و کۆمەڵگەش خاوەن پیشە ئازادەکانە و، ئەو کۆمپانیایانەی بەرژەوەندی تایبەتی تێدا بەرجەستە دەبێت، لەخۆ دەگرێت. دەسەڵاتی نووسینگە کەناڵێکە، بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان پێدا تێپەر دەبێت.

(مارکس) ڕەخنەی لەم بیرۆکەیە گرت و گوتی: داڕشتنی ئەم بیرۆکەیە ڕاستی بیرۆکراسی و سروشتی دەرناخات، چونکە بیرۆکراسی (هیگڵ) لە ناوەندێکی دیاریکراوەوە مانا وەردەگرێت، کە دەکەوێتە نێوان بەرژەوەندی تایبەتی کۆمپانیاکان و بەرژەوەندی گشتی دەوڵەتەوە. بە بۆچوونی (مارکس) ئەم ناوەندە کەڵکی نییە و چالاك نییە، چونکە دەوڵەت نوێنەرایەتی لە بەرژەوەندی گشتی ناکات، بەڵکو بریتییە لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی چینی دەسەڵاتدار، کە بەشێکە لە کۆمەڵگە نەك گشت کۆمەڵگە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەم هۆیەوە،



بیرۆکراسی نموونەی گرووپێکی تایبەتە نەك چینێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام بوونی (بیرۆکراسی) بە کۆمەڵگەی چینایەتییەوە دەبەسترێتەوە. بە شێوەیەکیووردتر، بیرۆکراسی نوێنەرایەتی خودی دەوڵەت دەکات و بە ئامرازێك کە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە بەکاردێت و دەسەڵات بەسەر چینەکانی تردا مومارەسە دەکات دادەنرێت. هەروەها (مارکس) دەڵێت: سستەمی سەرمایەداری دەسەڵاتی نووسینگەکان لەخۆ دەگرێت. ئەو بیرۆکراسییەی کە لە سروشتی خۆی ئەرك و فرمان هەڵدەگرێت و بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەسەپێنرێت، بەوپێیەش دەبێتە یەکێك لە شێوازەکانی بیرکردنەوەیان، ئەو چینەی کە زیاتر بڕوای بە بیرۆکراسی هەیە و بەکاری دەهێنێت چینی دەسەڵاتدارە، بە شێوەیەك یەکێ لە ڕێکخستنەکانی چینە کە وەك دەمامکێك بەکاریدەهێنێت کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چینەکانی تر گومڕاکارە. هەروەها (مارکس) دەڵێت: ڕەنگە بیرۆکراسی بۆ چینی سەرمایەدار دروستنەکرابێت، چونکە ئەم بۆ خۆی سستەمێکی سەربەخۆیە، بۆیە زۆر جارملململانێ لە نێوان سستەمی بیرۆکراسی و ئەوانەی کە جێبەجێی دەکەن دروستدەبێت. بە کورتی بیرۆکراسی ناوەندێکی زۆر گرنگ لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەرماریەداری داگیر ناکات، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە پرۆسەی بەرهەم هێنانەوە نییە، چونکە ئەمە (بیرۆکراسی) لە ناکاو و قۆناغییە و لەسەر هێزی ئەوانیتر لە کۆمەڵگەدا دەژیت.

لەگەڵ ئەوانەی سەرەوە -بیرۆکراسی- بە ئامانجی پاراستنی ئەم ڕەوشەی ئێستا، سەرەڕای پاراستنی جیاوگەی سەرکردەکانی بە سەر کۆمەڵگەدا سەپێنراوە. لە ژێر ڕۆشنانی ئەم سیفەتانە، بیرۆکراسی یا بیرۆکراسیکردن سیفەتێکە هاوڕێکە و لەناو سستەمی چینایەتی کۆمەڵگەدایە، چونکە سستەمی چینایەتی سەرمایەداری داوای زیاتر و زۆرتری کۆنترۆڵ و نفوز و پارێزگاری و نەگونجان لە دابەشکردنی کارو نایەکسانی نێوان چینە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە دەکات. بەم خاڵ و ڕێسایانەوە (مارکس) جەختی کردووە لەسەر ئەوەی بیرۆکراسی لە کۆمەڵگەیەکی چینایەتی سەرمایەداریدا نەبێت دروستنابێت.

(مارکس) پێداگیریکردەوە لەسەر ئەوەی، کە چەمکی دامالّین یا لەخۆ نامۆبوون یا کاری گواستراوە (المحول) کە بەهۆی گۆرینی ئایدۆلۆژیا وونکردنی خود و شێواندنی واقیع لەخۆ دەگرێت. هەروەها جەختکردنەوەی لە سەربەخۆیی کەسێتی و دروستکردنی رێکخستنی گەورەی پسپۆڕ لە بەرهەمهێنانی یەك جۆر (کالاّ)، ئەمەش سیفەتێکی تری بیرۆکراسییە. (مارکس) چەمکی لەخۆ نامۆبوون بۆ سروشتی کۆمەڵگەی بورژوازی دەگەڕێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هۆیەکانی بەرهەم هێنان تێیدا پشت بە خاوەندارێتی تاکایەتی دەبەستێت، ئەو داهێنان و بەرهەمە تاکایەتیەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی دەگوازێتەوە نەك بۆ بەرژەوەندی خودی داهێنەر بەمەش ئازادی و زەروورەت تێکەڵ بەیەکتر دەکات. لەم دیاریکردنەوە دەبینین چەمکی لەخۆ نامۆبوون و گوازرانەوەی کاری داهێنەرانە بۆ لای خۆی، بە هۆکاری ماددی-چەوسێنەر دەبەسترێتەوە. بۆیە خاوەندارێتی تاکایەتی (الفردیة) بۆ کالاّ دەگۆڕێت نەك گۆڕینی بەرهەمی کارەکە بۆ کالاّ، بەڵکو کارەکە دەگوڕێت بۆ کالاّ. بۆیە ئەگەر تاکێکی بێدەسەڵات بیەوێ کارێکی دیاریکراو کە پاڵنەرەکەی ئەم کارە خەباتکردن لەپێناو ژیان بێت بکات، بۆئەوەی لەسەر رسقی خۆی نەك رسقی ئەوانیتر بژی، ئەوا هێزی بازو، کات، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بە رێکخستنە سەرمایەدارییەکان دەفرۆشێت، ئەمانیش هەموو توانا ماددی و مەعنەوییەکانی، زیاتر بۆ بەرژەوەندی خۆیان نەك بەرژەوەندی خەباتکردنی (تاکەکە) لەپێناو ژیان دەمژن. کرێکار لەناو کارگە یا کۆمپانیا (8) کاتژمێر لە رۆژێکدا کاردەکات و کارلێك لەگەڵ ئامێر دەکات، کە ئەمە بۆ دەستکەوتنی هەندێ پارە لە مرۆڤبوونی خۆی دووری دەخاتەوە. دوای ئەوە درك پێدەکات، کە بەرهەمهێنانی ئەقڵی و هزری بۆ خۆی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ برە پارەیەك دەگۆڕێت. ئەم (کرێکارە) کارەکەی خۆی نابینێت و لەناو کارگە یا کۆمپانیا یا نووسینگەی کارگێری بەردەستی ناکەوێت، بەڵکو بۆ رێکخستنەکە خۆی دەگەڕێتەوە. هەروەها ئەمە مانای وایە کە مرۆڤ وزە هزری و ئەقڵییەکانی بۆ کار گۆڕی. دەرەنجامی سەرقاڵبوونی تاك بە کاری رۆژانە، ئەوا لە



کەس و کار و هاوڕێ و حەزو ئارەزووەکانی دوور دەکەوێتەوە، بە ئەندازەیەك کە دەبێتە بەشێك لە کارەکەو مرۆڤایەتی لەدەستدەدات و لە خودی خۆی نامۆدەبێت. (مارکس) دەڵێت: بیرۆکراسی دەبێتە هێزێکی سەربەخۆ و کاریگەرو چەوسێنەر لەلایەن زۆرینەی خەڵکی دەسەڵاتدار و حوکم بەدەست، ئەوانەی بۆ رێکخستنی ژیانی تایبەتیان لە رێگەی کۆنترۆڵکردنە بێ بەزەیی و زۆرداریەکانیانەوە کاردەکەن. سروشتییە ئەگەر ئەم کۆنترۆڵکردنە دارێژراو بێت و لەلایەن دروستکارانی ستەمی بیرۆکراسیەوە پشتگیری کرابێت و، هێمای شاردراوەو نادیار بە ئامرازەکانی خۆی ببەخشێت، راستیەکانی بیرۆکراسی تەنها لە تاکە نابیرۆکراسییەکان ناشارێتەوە، بەڵکو لە خۆشی دەشارێتەوە، هەروەها درك بە کارە زۆردار و مشەخۆرییەکەی ناکات، چونکە بڕوای وایە کە کارەکانی سەرەکی و جەوهەرین و خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دەکەن. ئەم فێڵ و گومڕاکردنە دەروونییە بۆ توێژبەندی دەسەڵاتی نووسینگەی وەزیفی رەق و زبر، مەزن دانانی پیرۆزی دەسەڵات بەسە.

سەرەڕای ئەوانەش، (مارکس) جەختی لەسەر بێ توانایی بیرۆکراسی لە بۆچوون و مافی پێشنیارکردنی پێشوەختی لە کارکردن و ترس لە وەرگرتنی هەر جۆرە بەرپرسیارییەك کە پێشتر پێیی هەڵنەستابێت یا هەر بەرپرسیارێتییەك کە لە ستەمە ناوەکییەکەی بابەتیانە نەبووبێت کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەوڵدەدات خۆی دروستبکات بەوەی، کە وەزیفەیەکی بە کەڵك و سەرکەووتووی بۆ چاککردنی کۆمەڵگە هەیە، بۆ بەردەوام بوون و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لەسەر هەموو یەکە پێکهێنەرەکانی بونیادی خۆی و بونیادی کۆمەڵگە، لەپێناو بەهێزکردنی پایە و بەرەوپێشبردنی هەنگاوەکانی هەوڵدەدات. پرۆسەی گەورەکردن و تۆقاندنە دەروونییە، (مارکس) بە (ماتریالیزمی پیس) کە لەپێناو وروژاندنی ئەندامانی و بۆ سەرکەوتنی پیشەیی و دەستکەوتی ناوبانگ و ئیعتباری کۆمەڵایەتی بەرز لەناو بونیادی بیرۆکراسی بە کاریدەهێنێت ناویدەبات. بە دەستەواژەیەکی تر، -بیرۆکراسی بریتییە لە ئامرازێك و هۆیەکی

سەرەکی بە دەستی چینی دەسەڵاتدار لەپێناو سەلماندن و مومارەسەکردنی ڕەوایەتی لە بووندا.

**هەرچی (لینین)ە ئەوا لە دوای شۆڕشی (1917) تێبینی کرد، کە (شۆڕش) بیرۆکراسی لەناو نەبرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیادیکرد و فراوانبوو، ئەم بەرفراوانییەی بۆ ئەمانەی لای خوارەوە گەڕاندەوە:**

أ- تێنەگەیشتنی خەڵکی لە سستەمی سۆشیالستی.
ب- شەڕی ناوخۆ، کە ئەو کات لە کۆمەڵگە سۆشیالیستییەکاندا هەبوو.
ج- ناجێگیری ئابووری، کە لەو ماوە زەمەنییە لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتی (ئەوسا باو بوو.
د- دروستنەبوونی پەیوەندی لەسەر ڕێسایەکی سۆشیالیزمی لە نێوان کرێکاران و بەڕێوەبەری کار.
ه- لەناو نەچوونی بۆرژوازی بچووك.
و- هەرەوەزی بۆرژوازی ئەقلانی-دەرەبەگایەتی ئەو کات لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتی.

هەموو ئەم هۆکارانە کە (لینین) ئاماژەی پێکردن بنجێکی بە هێزە بۆ چالاك کردنی دەسەڵاتی نووسینگە (بیرۆکراسی). بەڵام ئەو چارەسەرییەی کە (لینین) بۆ ئەم زەرەرو زیانە کۆمەڵایەتییە دایناوە بەم شێوەیەیە:

أ- پێشکەوتنی ئابووری.
ب- زیاد بوونێکی ڕاستەوانە لە پیشەسازی.

بیرمەندێکی تری سۆشیالیستی ئەویش (ترۆتسکی) یە بڕوای وایە بیرۆکراسی سۆڤیەتی چینێکی کۆمەڵایەتی نوێی پێکنەهێناوە. بۆ قسەکانی بەم شێوەیە پاساو دێنێتەوە: (چەمکی چینی کۆمەڵایەتی، خاوەنداریێتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەخۆ دەگرێت کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەسەڵاتی لەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، کەچی بیرۆکراسی نەتەوەیی



ئێستا هیچ کۆنترۆڵێکی ئابووری لەسەر چینی پرۆلتیاریا و خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان نییە، بەڵکو ئەو هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەهۆی وەکالەتەوە دابەشدەکات. بۆیە بەم پێیە (بیرۆکراسی) چین دروستناکات، بەڵام (ترۆتسکی) بوونی (بیرۆکراسی) ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو دەڵێت: پێشکەوتنی ئابووری لە یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ بیرۆکراسییەکی بەرفراواندا هەنگاوی ناوە، بۆیە پێویستە خۆیان بۆ شۆڕشی دووەم دژی بیرۆکراسی ئامادە بکەن.

ئەمانە بۆچوونی بیرمەندە سۆشیالیستەکان (مارکس، لینین، ترۆتسکی) و بیرمەندە سەرمایەخوازەکان (ڤیبەر و پلاو)ە. پاش ئەوە وەزیفەکانی بیرۆکراسی، کە وەزیفەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەنێو کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت دەستنیشان دەکەین. چەندە کۆمەڵگە لە ڕووی قەبارەوە گەورە بێت و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیو پیشەسازییەکانی زیاد بکات، بەرەو بەکارهێنانی هۆیەکانی بیرۆکراسی بۆ ڕێکخستنی کارو بەرهەمهێنانی کار هەنگاو دەنێت، پێچەوانەکەیشی ڕاستە. بەمانایەکی تر، چەندە کۆمەڵگە لە ڕووی دانیشتوانەوە چڕی شارە گەورەکانی زیادیکرد، بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیان و بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکانی ژیانیان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدەدەن. پێداویستی ڕێکخستنەکان بۆ بەرهەمهێنانی ماکینە و ئامێرە وردەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرك و، بە دەسهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخستن لە پەیوەندیەکانی ئەندامەکانی بە پێی تویژبەندی نووسینگەیی وەزیفیان زیاد دەکات. بۆیە پێویستە لەسەر ئەم ڕێکخستنانە توانای وردی لە کارکردن هەبێت و سوودێکی زۆر لە توانا و پسپۆڕی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ بەرژەوەندییە دراوی و ئابوورییەکان، کە ڕێکخستن مەبەستیەتی وەربگرێت. لە هەمانکاتدا پێگەی وەزیفی تاك لەناو بونیادی ڕێکخستنەکە لە ڕێگەی بەخشینی بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتی دیاریکراو، کە پەیوەندی لەگەڵ هەموو وەزیفەکانی ڕێکخستن بەپێی تویژبەندیەکەی پەیژەیی و دیارکردنی بودجە ئابوورییەکەی و پایە کۆمەڵایەتییەکەی لەناو ڕێکخستن هەبێت، دەستنیشاندەکات.

سەرەڕای ئەوانیش، بیرۆکراسی وەزیفەی نێگەتیڤی هەیە و، ناو دەبرێت بە (تێکچوونی وەزیفی) تاك لەنێو ڕێکخستنی بیرۆکراسی و ئەو کۆمەڵگەیەی کە ڕێکخستنە بیرۆکراسییەکان لەخۆ دەگرێت باجەکەی دەدەن. وێکنەچوونی پێداویستییە ویژدانییە-تاکایەتیەکان لەگەڵ پێداویستەکانی ڕێکخستنی هزری، ململانێ لە نێوان تاك و ڕێکخستن دروستدەکەن، چونکە لەم حاڵەتەدا(تاك) بەهۆی پلەیەکی تێرکردنی پێداویستییەکانی ڕێکخستن و، دواتر تێرکردنی بەشێك، نەك هەموو پێداویستییەکانی خۆی ناتوانێت پارێزگاری لەخودە ویژدانیەکەی خۆی بکات. تێکچوونی وەزیفی ئاماژە بە چەمکی ڕۆتین کە دواخستنێکی بەردەوام و بێهودە بۆ بەڕێوە چوونی نووسراو، خۆبە دوورگرتن لە بەرپرسیارێتی، گوێزرانەوەی نووسراوە و داواکارییە فەرمییەکان لە نووسنگەیەکەوە بۆیەکی تر، لەخۆ دەگرێت دەکات. دەتوانین (ڕۆتین) بەم خاڵانەی لای خوارەوە روون بکەینەوە:

أ- بەرهەڵستکاری لەگەڵ بەهاو ئامانجەکانی تاك، بۆیە ئەو پێویست نییە.
ب- دەستدرێژی کردنە سەر نهێنی و شاردنەوەی شتە تایبەتییە تاکایەتیەکان، چونکە تاك دەبێت هۆکارەکانی قەرزکردنی ئەو پارەیەی کە پێویستیەتی بەو بانکەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات رابگەیەنێت یان دەبێت هۆکارەکانی قەرزکردنی ئەو پارەیەی کە پێویستیەتی بە بانك رابگەنێت یان بە بەڕێوەبەرەکەی رابگەیەنێت کە راستەوخۆ بەرپرسیەتی، کەوا هۆی وەرگرتنی مۆڵەت لە کارەکەی بە بەڕێوەبەرەکەی کە راستەوخۆ بەرپرسیەتی بڵێت.
ج- ڕۆتینی کارگێڕی سیفەتی نادیاری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کارمەندان هەڵدەگرێت، چونکە بیرۆکراسی گرووپێکی دووەمی فەرمی ڕێکخراوە بۆ چالاکی تاکەکان کە گرووپەکان ناتوانن ئەنجامی بدەن.
د- ڕۆتینی کارگێڕی لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاکەکان (دیموکراسی) بەکارناهێنێت، بە شێوەك لایەنگیری لە خاوەن پێگە وەزیفییە بەرزەکان دژی خاوەن پێگە



وەزیفییە نزمەکان ئەگەر وەك بەربەستێك نەبێت بەرامبەر داواکاری و پێداویستییەکانیان دەکات.
هـ- ڕۆتین سەرچاوەیەکی جارسە بۆ ئەو تاکەی لەگەڵیا مامەڵە دەکات، چونکە (کارەکانی) درێژە دەکێشێت و لە جێبەجێ کردنی نووسراوەکەی دوادەکەوێت، هەروەها چارەنووسی داواکارییەکانی نازانێت ئەمەش وورەی دادەبەزێنێت.
و- ڕۆتین وا دەکات چالاکی ئەندامانی ڕێکخستن بۆ شێوەیەکی سست و نێگەتیڤ و گەمژەیی لە کارکردن بگۆڕێت، کە ناتوانێت زیرەکی و توانا داهێنەرەکانی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە بەکاربهێنێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی سستەمی بیرۆکراسی بەکاری دەهێنێت، بەمەش ئەم ئەندامە وەفاداری بۆ ڕێکخستنەکەی و دەبێت لەگەڵی رابێت و فەرمان و بڕیارەکان جێبەجێ دەکات.

سەرەنجام دەگەینە ئەوەی کە بیرۆکراسی چەمکی (نادیار) لە بونیادی پێکهاتە ئالۆزەکەی تەبەنی دەکات و زەحمەتە ئەندامەکانی ڕێکخستن بتوانن بە شێوەیەکی کامڵبوو لەگەڵیدا بگونجێت. دەتوانرێت هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ دەرەنجامی مومارەسەکردنی سستەمی بیرۆکراسی بگەڕێنرێتەوە، وەك بێکاری درێژ خایەن و، بێکاری دەمامکدار، ناهاوسەنگی بەرهەمی کشتوکاڵی لەگەڵ تواناکانی تاك یان توانای وڵات بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، ململانێی بەڕێوەبەری کار لەگەڵ کرێکاران، بەفیڕۆدانی سەرچاوە مرۆیی و، ئابوورییەکان، هەروەها بەکارهێنانی فێڵ و فەرەجەو کێبەرکێی ناڕەوا و نائازاد، ساختەکردن لە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی. دەتوانین تێکچوونی وەزیفییەکانی بیرۆکراسی بەم خاڵانەی لای خوارەوە کورت بکەینەوە:

أ- زۆربوونی بێ ئەندازەی کارمەندانی ڕێکخستن.
ب- دوالیزمی وەزیفی لە یەکە جیاوازەکانی ڕێکخستن.
ج- لەبەر چاوگرتنی سیاسەت بۆ دامەزرانی تاکەکان بۆ دەستبەکار بوونیان لە پێگە ڕێکخستنیەکان بەبێ پەنابردنە بەرهەنگاوە بیرۆکراسیەکان کە ڕێکخستن بڕوای پێیە.

د- نەگونجانی مووچەی کارمەندان لەگەڵ پسپۆڕییەکانیان، کە ڕێکخستن پێداگیری لەسەر دەکات.

ه- ناجێگیری لە ڕەوش و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی.

و- کێبەرکێی ناوەکی لە نێوان کارمەندانی ڕێکخستن.

ز- سست بوونی چالاکییەکانی ڕێکخستن بەهۆی ڕۆتینەوە.

هەموو ئەم دیاردانە بۆتێکچوون یان ڕێگرتن لە پراکتزەکردنی سستەمی بیرۆکراسی کاردەکەن، ئەمانەش لە ڕاستیدا دیاردەی ناوەکی ڕێکخستنن، کە بیرۆکراسی خۆی، نەك سستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك سستەمی سیاسی کۆمەڵایەتی یا ئایینی یان ئەخلاقلی دروستیان دەکات، ئەمەش مانای وایە ئەستەمە گرانە حوکم لەسەر مانەوەی بیرۆکراسی بە نەمری لەناو کۆمەڵگەی مرۆیی بدرێت.

**ئەوەی لێرەدا شایانی باسە، پۆلین کردنەکەی (ولیەم فۆت وایت)ە بۆ کارمەندە بیرۆکراسیەکان لە نێو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەوانیش:**

أ- کارمەندە بچووکەکان لە کۆمپانیا گەورەکان.

ب- قەسی پرۆتستانتی لە کڵێسە.

ح- جێگری بەڕێوەبەرەکانی دەزگاکانی دەوڵەت.

د- ئەفسەری سوپا و ئەفسەری دەریاوان.

ه- ئەندامی دەستەی مەشق پێکردنی دەستپێکەران لە وانەوتنەوە و ئەوەی لە کۆلێژە گەورەکان کاردەکات یان ئەوکەسەی لە پێگەو ناوبانگی زانستیدا بەتەمەن و کۆنە.

و- ئەو پزیشکەی لە بنکەیەکی گەورە کاردەکات و ژمارەیەکی زۆر پزیشك بەشداری لەگەڵدا دەکەن.

ز- ئەندازیاری دیزاین کە لە کۆمپانیایەکی گەورە کاردەکات.

ر- زانایەکی فیزیا یان کیمیا یان وەرزشی، کە لە تاقیگەیەکی حکوومی کاردەکات.

ک- پارێزەرێکی تازە دەست بە کاربوو، کە لە دامەزراوەیەکی یاسایی گەورە کاردەکات.



**بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن:**

پێکەوە تێبینی ئەوانەی پێشەوەمان کرد، بەوەی کە مرۆڤ نەیتوانی حەزو ئارەزوو و مەبەستەکانی و بوونی کۆمەڵایەتی دەستە بەربکات تەنیا لە ڕێگەی کۆمەڵبوونە مرۆییە ڕێکخراوەکانەوە نەبێت، کە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مەبەستانە هەبوون، ئەوەتا ڕێکخستنە خزمایەتییەکان لە بنەڕەتدا بۆ پارێزگاری کردن لە پەیوەندییە خوێنییەکان بوونی هەبووە. بەهۆی جۆراو جۆری حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ و جیاوازی چالاکییەکانی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نوێ دەرکەوتن، کە ئەمەیش لە قەبارە و ئامانج و چالاکییەکانی لە ڕێکخستنە خزمایەتییەکان جیاوازە، وەکو دەوڵەت و کارگەو قوتابخانە و سەندیکاو کۆمپانیا، بەهۆی پێشکەوتنی پسپۆڕی زانستی و تەکنیکی، ڕێکخستنی تر کە گوزارشت لەم لایەنە نوێیە دەکەن سەریانهەڵدا، هەروەها بەهۆی لاواز بوونی دەسەڵاتی کڵێسە، ڕێکخستنی هزری دژی ئەم دەسەڵاتە دەرکەوتن، بۆیە ڕێکخستنە سیاسییە شۆڕشگێڕەکان سەریان هەڵدا و داوای گۆڕانکارییان دەکرد، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کۆنترۆڵی ماددە بۆسەر ئەقڵ و بیرکردنەوە و پەیوەندییەکانی خەڵك و دەرچوونی ژن بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و دوورکەوتنەوەی لە ئەرکەکانی ماڵ و پەروەردە و هاوسەری، ئەوا ڕێکخستنی نوێ دەرکەوتن و یارمەتی تاك دەدات بۆ ڕزگاربوون لە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە و بۆ پاراستنی تاك لە خراپییەکانی پێشکەوتنە تەکنیکییەکان و دەسەڵاتی ماددە. بەکورتی، ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ سەریانهەڵدا. هەروەها تێبینیمان کرد، کە لەسەر هەمان شێوەو ئامانج و بونیاد نەماوە، بەڵکو لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و یارمەتییە مرۆییەکان گۆڕاوە و پێشکەوتووە. واتە دەرکەوتنی ئەم ڕێکخستنانە پەیوەندی بە پێداویستییەکانی مرۆڤەوە هەیە، پێشکەوتنیشی هاوشان بووە لەگەڵ جۆراو جۆری و جیاوازی پێداویستییەکانی مرۆڤ بە درێژایی زەمەن.

کەچی ئەو قۆناغە پێشکەوتنخوازانەی کە لەم بەشەدا خرانەڕوو، تەنیا بریتین لەو گۆڕان و پێشکەوتنانەی لە کۆمەڵگەی ئەوروپی لە سەدە ناوەڕاستەکان تاکو ئێستا روویانداوە، واتە بریتی نییە یان رەنگدانەوەی پێشکەوتنی رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان نییە. هەروەها تێبینیمانکرد، کە رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە فۆلکلۆرییەکان فەرمی نەبوون، بەڵکو لەسەر بنچینەی جۆری رەگەزو تەمەن وەستابوو، هەروەها لە کۆمەڵگە فیودالیزمەکان رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان نافەرمی بوون، بەڵام لەسەر بنچینەی خاوەندارێتی وەستاوە، هیرارکیەتی کۆمەڵایەتی تێیدا لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتی نەریتی نافەرمی وەستاوە. ئاراستەیەکی ئاسۆیی تا ئاراستەیەکی ستوونی هەیە و دەسەڵاتی دەستەیەکی کەمی لەسەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە حوکم دەکەن. سروشتییە، کە رێکخستنە نافەرمییەکان (لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە) کۆنترۆڵی چالاکی رێکخستنە فەرمیەکان بکات (دەوڵەت، کۆمپانیا، کارگە، سەندیکا) کە پەیوەندیی خزمایەتی یان هاورێیەتی یان خوێنی یان هەرێمی یان خێڵەکی تێداباوە، لاوازی پەیوەندییە فەرمییەکان و بەربەستە بیرۆکراسییەکانی تێدا زاڵە. بڕیارەکانی رێکخستن لە ئەقڵخوازی پێگەیشتوو دوورە، ئەوەش بۆئەوەی بوونی نافەرمی خۆی لە شوێنە فەرمییەکان بپارێزێت، بەڵام رێکخستنە فەرمییەکان لە کۆمەڵگە گواستروەکان دەرکەوت و تێیدا، کۆنترۆڵی چالاکییەکانی رێکخستنە نافەرمییەکان بە شێوەیەکی رێژەیی لە رێکخستنە فەرمییەکان دوور کەوتەوە.

لە کۆمەڵگە نوێکان بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا بەڵام رێکخستنەکان لە کۆمەڵگە جەمعییەکان (بە کۆمەڵەکان) ئەوا لە نێوان دەوڵەت و تاك پردێکە، کەچی بە شێوەیەکی ئەبستراکت بێ لایەن نییە، وەك —سەپاندن- کراوە یان مومارەسەکردنی چالاکییەکانی بە ئازادی، ئەمە یان ئەوەتا لەلایەن دەوڵەتەوە ئاراستەکراوە یان دژی دەوڵەتە. کەچی ئامانجی رێکخستنەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالست سازانی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەتە، هەروەها خزمەتکردنی کۆمەڵگە بە هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکانییەوە بە تایبەتی چینی



هەژار و خاوەن مووچە جێگیرەکان. لە کاتێکدا رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی (ماس) ئامانجی پاراستنی تاکی دابڕاوە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنیکی و کۆمەڵایەتییە خێرایانەی کە روودەدەن و، زۆرداری رێکخستنە فەرمییەکان لەسەر چالاکییەکانی رێکخستنە نافەرمییەکان (خێزان، هاوڕێ، خزمەکان)، کەچی رێکخستن لە کۆمەڵگەی تۆتالیتاریا هەموو چالاکیەکانی تاك بۆ بەرژەوەندی ئەو رێکخستنانەی کە لەگەڵ چالاکییەکانی رێکخستنی پیشەیی دەوڵەت هاوئاراستە نین هەڵدەمژێت.

ئەگەر لە گفتۆگۆکردن لەسەر رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لەهەر جۆرێك لە جۆرەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئێستا ئاماژەیان پێکرا قووڵ ببینەوە، ئەوا دەبینین کۆمەڵگەی تۆتالیتاریا گرنگی بە تاك نادات ئەوەندەی گرنگی بە ئامانجی رێکخستنی دەسەڵاتدار لەسەر دەوڵەت دەدات. واتە تاك لەو رێکخستنە کۆمەڵایەتییانەی لەلایەن رێکخستنی دەسەڵاتدارەوە ئاراستە نەکرابن. هەروەها بەهۆی کۆنترۆڵی ئەم رێکخستنە لەسەر زۆربەی تەوەژم و بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و هزری و تەکنیکەکانی ناو کۆمەڵگە ناتوانێت ئەندامبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا تاك لە ئەوانیتر دوورەپەرێز نییە و سەربەخۆیی تەواویشی لەگەڵ خۆیدا نییە، بۆیە یان لە کارلێککردنێکی پۆزەتیڤ لە رێکخستنی دەسەڵاتدار بەشداریدەکات یان کارلێکی نێگەتیڤی بەرامبەر رێکخستن و دەوڵەت هەیە و دژی هەموو چالاکییەکی رێکخستنە و کارلێکی نێگەتیڤی دەبێت نەك پۆزەتیڤ. کەچی ئەندامانی رێکخستنی دەسەڵاتدار، دەبینین بەرپرسیارێتی رێکخستن و بیرۆکراسی زیاتر لە وزەو توانای خۆیان یان زیاتر لە تاکەکانی تر هەڵدەگرن، چونکە ئەم حاڵەتە بریتییە لە ئامانجگەلێکی رێکخراوەیی و سیاسی، هەروەها سەرکەوتنی (ئەندام) بەسەر توێژبەندی رێکخراوەییدا کرد زۆر خێرا دەبێت و پێداویستی و داواکارییەکانی توێژبەندی رێکخراو بەهۆی پێویستی رێکخستن بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەبەر چاوناگرێت، بۆیە دەبینین ئەندامی ئەم رێکخستنە بە خێرایی

سەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی ڕێکخستن لە شوێنێکی دیاریکراوی تر پێویستی پێیەتی (ڕەنگە ئەو شوێنە هیچ پەیوەندییەکی بە پسپۆڕییە وەزیفییەکەیەوە نەبێت) و بەخێرایش بەهۆی بێ توانایی کە لە یەك کات چەندین بەرپرسیارێتی جۆراو جۆر (ڕێکخستن و بیرۆکراسی) لە ئەستۆ دەگرێت یان لەبەر ئەوەی لەبارەی ئەو شوێنە نوێیەی کە پێیدراوە پسپۆڕی نییە دادەبەزێت.

سەرەڕای ئەمانە، ڕەنگە حوکمی ڕێکخستنێك لە حوکمی تاکێك لەسەر هەموو دەزگا فەرمییەکانی کۆمەڵگە باشتربێت، چونکە ڕێکخستن هزرێك و پلان و سیاسەتێکی هەیە و کۆمەڵە تاکێك پێشکەشی دەکەن، دەشێ ڕەچاوی بەرژەوەندی خۆی و بەرژوەندی کۆمەڵگە بکات، کەچی ئەو تاکەی کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکات، ملکەچی بۆچوون و بڕیارو نەخشەو جێبەجێ کردنێکی تاکییە، دەرەنجامی نەبوونی کەناڵێکی ڕێکخستن وداەکات تاکی سەرکردە لە ڕەنگدانەوەکان یان وەڵامدانەوەکان یان پەرچەکرداری بڕیارەکانیشی دەستبکەوێت، بۆئەوەی سەرۆکایەتییەکەی بەرەو پێش بەرێت لە داهاتوودا. کەچی هەبوونی یەك ڕێکخستن، کە بەسەر هەموو چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا زاڵە، هانیدەدات بۆئەوەی بتوانێت زانیاری وەڵامدەرەوەی (نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ)ی لە ڕێگەی دەزگا ڕێکخستنەکانیەوە دەستکەوێت، ئەمەش بۆ ڕێکخستن یان گەشەپێکردنی نەخشەکانی لە دوا ڕۆژدا یارمەتی دەدات. ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە، بەڵام لە ڕووی پراکتیزەییەوە، کاتێك تاکێك ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبات و بەسەر هەموو چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی (وەکو ئەو حاڵەتەی لەلای هتلەر و ستالین ئەڵمانیا و روسیا هەبوو زاڵە) ئەم تاکە-ڕێکخستنی زاڵ- بۆ جێبەجێ کردنی بەرژەوەندی و کۆنترۆڵ و هێز و گەورەکردن و بەرجەستەکردنی سەرکردایەتییەکەی بەکاردەهێنێت و ئامانجەکانی ڕێکخستنەکەی و بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەکەی پشتگوێ دەخات.

سەرەڕای ئەوانەیش، لێکۆڵینەوەکانی هزری ڕێکخستنخوازی ڕادەی ئامادە باشی ئەندامانی کۆمەڵگەکەی بۆ قبووڵکردنی ئامانج و بیری زاڵی ڕێکخراوەیی



ڕوونکردەوە. کە ڕەنگە ئامانج و هزرە زاڵەکانی ڕێکخستن لە بیرکردنەوەی ئاسایی (عامە) پێشکەوتووتربێت یان ئەمە بریتییە لە هزری توێژێکی کۆمەڵایەتی نەك هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە، ئەی وەڵامدانەوە و پەرچەکرداری توێژەکانی تر چییە (نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ)؟ ئایا ململانێ لە نێوانیادا هەیە؟ ئەگەر ململانێ هەیە، ئەوا جۆر و بە هێزی و بەردەوامی ئەم ململانێیە چەندە؟ ئایا هزرە زاڵەکانی ڕێکخستن بریتییە لە بەشێکی سستەمی هزریی بونیادی کۆمەڵگە؟ یان ئەمە لە دەرەوەی کولتوورو بونیادی کۆمەڵگە وەگیراوە؟ هەموو ئەم تێبینانە هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ڕوونی نەکردووەنەتەوە.

هەروەها لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخستنی فەرمی کارلێکە نێگەتیڤەکانی ناو ڕێکخستنی زاڵی کۆمەڵگەیەك یان ململانێی کادرە پێشکەوتووەکانی یان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێساکانی ڕێکخستنەکانیان ڕوون نەکردووەتەوە، بەڵکو وای داناوە کە بە یەکەوە بەستران و یەکگرتنی ئەم بونیادانە (ژێرخان و سەرخان) لەناو بونیادی ڕێکخستن بە شێوەیەکی هەمیشەیی بوونی هەیە، ئەم گریمانەیە لە ڕاستییەوە دوورە.

بەڵام کۆمەڵگەی (الماس)، کە چەندین ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر و جیاواز لە ئامانج و هزر و بەهای تێدایە، بۆیە تاك لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بەهۆی مومارەسەکردنی زیاتر لە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەیەك کاتدا دابڕاو و دوودڵە. هەروەها ڕێکخستنە فەرمییەکانی بەسەر ڕێکخستنە نافەرمییەکانی کۆمەڵگەی (ماس) زاڵە، بۆیە پەیوەندی فەرمی و رووکەش و بەرژەوەندیخواز بەسەر زۆربەی ڕێکخستنە فەرمی و نافەرمییەکان باڵ دەکێشێت، واتە ڕۆڵە فەرمییەکان لە نووسینگە فەرمی کۆمپانیا و کارگە و سەندیکاکان دەبێت و ڕۆڵە نافەرمییەکان زەوت دەکات (ڕۆڵی باوك یان هاوسەر ژن و پیاو، یان کوڕ و کچ یان خوشك و برا) تا ئەو رادەیەی کە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە فەرمییەکان سوود و کەڵکی پۆزەتیڤی لەسەر کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی هەیە، ئەوا لایەنە نێگەتیڤ و خراپەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ تاك و، بە شێوەیەکی

ناڕاستەوخۆش بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. بە مانایەکی تر، تا ئەو رادەیەی رێکخستنە فەرمییەکان حەزو ئارەزوو و مەبەستە ماددی و مەعنەوییەکانی تاك تێر دەکات، تا ئەو رادەیەش مرۆڤایەتی، سۆز، ویژدان و پەیوەندییە بەهاییەکانی تاك زەوتدەکات، بەم شێوەیەش لە تاکەکانی تر دادەبڕێت.

سەرەڕای ئەوانە، لێکۆڵینەوە لە رێکخستنە فەرمییەکان، کۆنترۆڵی دەستە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان لەسەر سەرکردایەتی ئەم رێکخستنانەو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەپێی بەرژەوەندی ئەم دەستە بچووکانە روون نەکردووەتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئەبستراکت (مجرد) وایداناوە کە ئەم رێکخستنە فەرمییانە خزمەتگوزاری پێشکەش بەمەبەست و ئارەزووی تاکەکان و کۆمەڵگە دەکات، بەڵام واقیعی حاڵەتەکە ئەوەیە کە دەستەی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەیە (وەك ئەوەی لە چینێکی ئابووری دیاریکراو، یان لە رەچەڵەکی بنەماڵەیەکی گەورەوە، یان دانشتووی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، یان هەڵگری کولتوورێك بێت کە بەشێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی لەگەڵ سەرکردایەتی رێکخستنە کۆمەڵایەتییە دیارەکان، کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەرییەکی زۆر لەسەر کۆمەڵگە درووستدەکات، پەیوەندی هەیە (وەکو ئەوەی لە رێکخستنەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی ئێستادا هەیە) ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بە شێوەیەکی واقیعی و زیندوو فۆمەلە نەبوون، بەڵکو یا ئەوەتا هزرەکانی داڕشتنێکی تیۆری ئەبستراکتی هەیە و لە واقیعەوە دوورە، یان ئەو هزرانە رەنگدانەوەی لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی گشتی کۆمەڵگەی مرۆیین.

ئێستا ئەگەر لە رێکخستنەکانی کۆمەڵگەی جەمعی ورد بینەوە، دەبینین لە نێوان تاك و دەوڵەت پردێکی گەیەنەرە، خزمەتی تاك و دەوڵەت پێکەوە دەکات، ئەمەش گریمانەیەکی نموونەییە، لەبەر ئەوەی رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان ئامانج و مەبەستی تایبەت بەخۆیان هەیە کە بە پلە یەك کار بۆ دەستەبەرکردنیان دەکات و دواتر بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ئەوانیتر، رەنگە ئەم رێکخستنانە



ئامانجی خزمەتکردن و دەسەتەبەرکردنی ئامانجەکانی ئەوانیتر بێت و دەشێ لەپێناو دەستەبەرکردنی ئامانجە تایبەتییەکانی و خزمەتکردن و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی دەوڵەت و فەرامۆشکردن و پەراوێزکردنی ئامانج و خزمەتکردنی تاکەکان و دەستە کۆمەڵایەتییەکان کە بەم شێوەیە ئەم رێکخستنانە لە دەوڵەت نزیك و لەتاکەکان دوور دەبن، رەنگەیشە رێکخستنی واهەبێت گوزارشت لە ئارەزوو مەبەستی تاکەکان یان رێسا جەماوەرییەکان بکات و ململانێ لەگەڵ ئامانجەکانی دەوڵەت دروست بکات، بەمەش لە شوێنگەکانی دەوڵەت دوور دەکەوێتە، ئەمە مانای وایە کە رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە بەڕاستی پردن. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی رێکخستنی فەرمی ئەم بە پردبوونەی لەڕووی پلەو هێزو پەیوەندی و ئامانجی لەگەڵ تاکەکان و دەوڵەت دیارینەکردووە، یان روونی نەکردووەتەوە، بەڵکو ئیکتفای بەوە کردووە کە بڵێت: پردێکی یاریدەدەرە، بەڵام شوێنگەی سەبارەت بە دەوڵەت، یان تاکەکان، یان دەستە کۆمەڵایەتییەکان چییە؟ ئەوا (بەهەڵە یا بەئەنقەست یا لەبەر بێ توانایی) جێهێشتووە و لێینەکۆڵیوەتەوە. لە راستیدا لێکۆڵینەوەکانی رێکخستنی فەرمی لە نێوان پاڵنەرەکانی تاك بۆ ئەندامبوون لە رێکخستنە سیاسی و پیشەسازییەکان جیاوازی دەکات، بە شێوەیەك پاڵنەرەکانی تاك لە رێکخستنە سیاسییەکان بێ ئەوەی لە بری ئەوە قازانجێکی ماددی دەستبکەوێت، نیشتمانی یان هزری یان نەتەوەییە، کەچی پاڵنەرەکانی تاك بۆ ئەندامبوون لە رێکخستنە پیشەسازییەکان (کۆمپانیا، کارگە و کارخانە) لەپێناو ماددە دەبێت کە لە بەرامبەردا هەندێ شتی مەعنەوی لەدەستدەدات، کە سستەمی بیرۆکراسی دەبەخشێت کە رێکخستنە پیشەسازییە فەرمییەکان مومارەسەی دەکەن، بەڵکو ئەم لێکۆڵینەوانە لەسەر دیاریکردن و روونکردنەوەی کۆنترۆڵ و نفوزی رێکخستن و سستەمی بیرۆکراسی کورتکراوەتەوە، لە بەرامبەریشدا پاڵنەرە مرۆییەکانی لای هەندێ رێکخستنی خێرخواز و پاڵنەرەکانی تاك بۆ ئەندامبوون لە رێکخستنەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی پشتگوێ خستووە.

هەروەها ئەم لێکۆڵینەوانە جەختی کردەوە لەسەر چۆنیەتی تەماشاکردنی ڕێکخستن بۆ ئەندامانی کردوەتەوە و چۆن شوێنگە وەزیفی و بونیادییەکانیان دیاریدەکات زیاتر گرنگی بەوە دەدات تا گرنگدانی بەوەی ئەندامانی ڕێکخستن چۆن تەماشای بونیادو ئامانج و ئارەزووەکانی ڕێکخستن دەکەن، لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین کە ئەمانە لێکۆڵینەوەیەکەن لە یەك ڕووەوە تەماشا دەکەن نەك لە هەموو لایەکەوە، هەروەها ئەم لێکۆڵینەوانە گرنگیان بە ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی ناو ڕێکخستنێك یان لە نێوان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی یەك کۆمەڵگە نەداوە، ئەمەش روونی دەکاتەوە کە لە لێکۆڵینەوەو بە دواداچووندا یەك تێڕوانینی هەیە.

سەرەڕای ئەوەیش، (ئەم هزرە) بۆی رووننەکردوینەتەوە کە تاچەند ڕێکخستنە فەرمییەکان لە سەرەتای دروستبوونیەوە شێوازەکانی بیرۆکراسی بەکاردەهێنن، ئایا هەر لەسەرەتاوە بە هەمان رادەو پلە بەکاریهێناوە، یان وردە وردە بەکاریهێناوە؟ ئەم جۆرە تێبینیانە لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخستنی فەرمی بۆی رووننەکردووینەتەوە، بەڵکو لەو گریمانەوە دەستی پێکردووە، هەموو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە فەرمییەکان بە شێوەیەکیووردو بە توانا و زانایییەکی بەرزەوە مومارەسەی سستەمە بیرۆکراسییەکانی کردووە.

پرسیارەکانمان دەربارەی ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاددەکەین و دەڵێین: کە شێوەو شێوازی کۆنترۆڵ و هێزی لە کۆمەڵگە سۆشیالیستەکان بە تێروتەسەلی بۆ روون نەکردووینەتەوە، بەڵکو ئیکتفای کردووە بە روونکرنەوەی ئەو شتانە تەنها لە کۆمەڵگە سەرمایەداریەکان، ئەمەش وێناکردنێکی (تاك) بۆچوونە، چونکە بوونی ڕێکخستنە فەرمییەکان کاریگەری لەسەر سیاسەتی سستەمی باوی کۆمەڵگە و پلەی پێشکەوتنی لە رووی شارستانی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و پیشەسازییەوە دەبێت، پلەی لەخۆ نامۆبوونی تاك لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی کەمترە تا کۆمەڵگە سەرمایەداریەکان، ملکەچکردنی تاك بۆ یەك سستەم نەك بۆ چەند دانەیەك کە بە سروشتی خۆی کار لە رەفتارو بیرکردنەوەو بەهاکانی تاك دەکات.



بە بەردەوامبوون لەم گفتۆگۆیە، دەبینین گریمانەی لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخستنی فەرمی لەگەڵ گونجانی ڕێکخستنی فەرمی و نافەرمی لە کۆمەڵگەی مرۆیی ناسازێت. کەچی واقیعی حاڵەتەکە، سێ حاڵەت دەسەڵمێنێت ئەوانیش: یان ئەوەتا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نافەرمی باو و زاڵ لەسەر زۆربەی چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە، یان ئەوەتا زاڵبوونی ڕێکخستنەکۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان لەسەر فەرمییەکان کار لەسەر تواندنەوەی (تمیع) ئامانج و مەبەست و شێوازەکانی ڕێکخستنە فەرمییەکاندەکات، یان ڕێکخستنی فەرمی زاڵ و دەسەڵاتدار لەسەر ئەم جۆرە پۆلینکردنە بەنرخانە هەیە، کە لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخستنە فەرمییەکان پێشکەشی نەکردووین، بەڵکو بە لێکۆڵینەوە لە ریکخستنە فەرمییەکان لە رووی بونیادو وەزیفەو هزرەوە ئیکتفای کردووە، دوور لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە یان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی تر (فەرمی و نافەرمی).

بەڵام سەبارەت بەو شتانەی کە تایبەتن بە پێکهاتەکانی ڕێکخستن، ئەوا لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخستن لەسەر روونکردنەوەی پەیوەندییە فەرمی و دەروونییەکان، گریمانەی دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی بوونی لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی داناوە کورت کراوەتەوە، بەڵام حاڵەتەکانی دروستبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی روونکردووەتەوە، هەورەها شیکارکردنی بۆ پاڵنەرە شاراوەکانی پەیوەندییەکان، لە شوێنگەی تاکەکانی ناو بونیادی ڕێکخستنەوە سەرچاوەی گرتبوو، نەك لە ڕێگای تاکەکانەوە کە باشتربوو ئەم جۆرە پەیوەندیانە ناوبنرێت پەیوەندییەکانی شوێنگە کۆمەڵایەتییەکان، نەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە نێوان تاکەکان دروستدەبن، هەروەها بێ ئاگابی ئەم لێکۆڵینەوانە لە ئارەزووەکانی مرۆڤ لە پێکهێنانی پەیوەندی سۆزداری، یان ویژدانی لەگەڵ مرۆڤەکانی تر، بەڵکو لە گۆشەیەکی بەرژەوەندیخوازانەی تەواو خودخوازییەوە لە مەسەلەکانی کۆڵیوەتەوە و، لە لایەنە مرۆیی و ویژدانییەکان دوورکەووتووەتەوە. زانا (رۆبەرت

دۆبن) کاتێك لێکۆڵینەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی پەیوەندی شوێنگەی تاکەکانی ڕێکخستن ئەنجامدا ڕوونبوو، کەچی لێکۆڵینەوەکانی هەریەك لە (زلزنك)، (کرستنەن)، (ڕپویلز برکە) و (جۆرج هۆمنێر) ڕەنگدانەوەی خراپییەکانی شوێنگەی کارکردن بوو لەناو کارگە و کاریگەری لەسەر چالاکی و ڕەفتارەکانی کرێکار، بەڵام لێکۆڵینەوەکەی (ماکس ڤیبەر) بۆ بیرۆکراسی، ئەوا بە شێوەیەکی تێروتەسەل بیرۆکراسی ڕوونکردووەتەوە، بەڵام باسی نەکردووە چۆن (بیرۆکراسی) دروستبوو و گەورە بووە، ئایا هەر لەسەرەتاوە بەم شێوە کامڵ و چەسپاوبووە؟ یان لەم شێوەیە جیاواز بوو؟ کە ئەو بەشێوەیەکی کامڵ و پێگەیشتوو دایریشتووە، هەروەها خراپی و ڕەنگدانەوە نێگەتیڤەکانی لەسەر ئەندامانی، یان ئەوانەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن نەخستووەتەڕوو، هەروەها سستەمی دەسەڵاتی نوسینگەیی لە کۆمەڵگە سەرمایەداری باسکردوە لە سستەمی کۆمەڵگەی تردا ئاماژەی پێنەکردووە.

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، لێکۆڵینەوەکەی زانا (ئەمتای ئەتزیونی) تەواوکاری پێداویستەکانی ڕێکخستنی بۆ پێداویستی ئەندامەکانی زەقکردەوە، بەڵام حاڵەتەکانی بەریەککەوتن، یان جیاوازی یان لێکەوتەکانی، ئەمانە لەسەری ئاماژەی پێنەکردوون. بەڵکو دوو زاراوەی نوێی بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخستن زیاد کردووە، ئەوانیش ڕێکخستنە جیاوازەکان یان داهێنراوەکان (کە مرۆڤ بۆ تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییە جیاواز و جۆراو جۆرەکان) دایهێناون و ڕێکخستنە سروشتییەکان (وەك خێزان)، کەچی پۆلینکردنی بۆ جۆرەکانی دەسەڵاتی ڕێکخستن زۆر ورد و بە شێوەیەکی دروست گوزارشتی لێکردن.

لێکۆڵینەوەکەی زانا (فیکتۆر تۆماس) جەخت لەسەر دەسەڵاتی کارزماتیکی لە چەمکی توێژبەندی دەسەڵاتداری کردەوە، جۆرەکانی تری دەسەڵاتی فەرامۆشکردوە، چەمکی حوکمڕانی کەمینەی ڕوونکردوەتەوە، حوکمڕانی زۆرینەی لەناو ڕێکخستن باسکردوە، هەروەها هەردوو چەمکی (دەسەڵاتی کارزماتیکی و حوکمڕانی کەمینە) لەناو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی لە ڕووی سستەمە سیاسی و



کۆمەڵایەتییەکانەوە جیاوازییان هەیە ڕووننەکردووەتەوە، بەڵکو گریمانەی بۆ داناون وەك دوو چەمکی باوی هەموو جۆرە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان. کەچی جیاکردنەوەیان لە نێوان خاوەن دەسەڵاتە کردەییەکان و پسپۆڕەکان و خاوەن شارەزاییە تەکنیکییەکان و ململانێی نێوانیان دروست و ڕوون بوو.

پۆلینی زانا (ئارتەر ستنجوکۆمی) بۆ جۆرەکانی ڕێکخستنە فەرمییەکان، لە کۆمەڵگەی ئەمریکییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە سروشتی کارو وەزیفەی ڕێکخستن وەك بنچینەیەك بۆ پۆلێنکردن بەکاردەهێنرێت، نەك جۆری دەسەڵات یان ئەو هێزەی کە ڕێکخستنەکان مومارەسەی دەکەن. بەڵام پۆلینەکەی (ئارفنك کۆفمان) تەنها جەختی لەسەر ڕێکخستنە چاکسازییەکان کردووە و ڕێکخستنە بیرۆکراسییەکان، یان سەربازی، یان کرێکارییەکان نەگرتەوە، بەڵکو وێنەیەکی تەواوکراو و ڕوونی بۆ سروشت و بونیاد و وەزیفەی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە چاکسازییەکان و بەراوردکردنی ئەم جۆرە لەگەڵ ڕێکخستنە نافەرمییەکان زۆر بە ووردی خستەڕوو، کە لە پێش (ئەو) کەسیتری وەك (ئارتەر)، (ئەمتای ئەکزیۆنی) و (ولیەم فۆت وایت) وای نەکردووە. ئەم کولتوورە، گرنگ و زیرەکانەیە، چونکە لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ڕێکخستنە فەرمی و نافەرمییەکانی ڕوونکردوەتەوە.

لە کۆتاییدا نووسینەکانی زانا (ئەلفن گۆڵدنەر)، (مارکس)، (لینین) و (ترۆتسکی) کە لەبارەی خراپی و هەڵەکانی دەسەڵاتی نووسنگەیی نووسویانە دەرکەوتن و شتەکانیان زەقکردووەتەوە، چونکە بۆ خستنەڕووی ئەم شتە، تێڕوانینەکانیان لە کۆمەڵگە سەرمایەداری و ناسەرمایەدارییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو کە (ماکس ڤیبەر) ئەم کارەی نەکردووە.

پوختەی ئەم گفتوگۆیە ئەوەیە کە ئەو کارەی لێکۆڵینەوەی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامیانداوە ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئەندامان و جۆری ڕێکخستن دەردەخات، بەڵام جۆری ڕێکخستن و، ئامانج و بیرۆکەکانی بە بونیادی کۆمەڵایەتی گشتی کۆمەڵگە، یان بە جۆری سستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی باوی کۆمەڵگە نەبەستۆتەوە. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوانە هەموو گرنگییەکانی

لەسەر کاملبوونی بونیادی ریکخستنی فەرمی کورتکردبووەوە، کە بە شێوەیەکەی کامڵ ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی لەناو ڕێکخستن، یان لە نێوان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان، یان ئەو ململانێیەی لە نێوان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە ڕوودەدات ڕوونکردووەتەوە، چونکە ئەم حاڵەتانە هۆی بوونی ڕێکخستن لەناو کۆمەڵگە و بەخشینە پۆزەتیڤەکانی بۆ ئەندامان و تاکەکانی کۆمەڵگە ڕوون دەکاتەوە، هەروەها ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە کەکێ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەناودەبات، ئایا بە نەمانی ئامانج و هزرەکانی یان بە نەمانی ئەندامانی نامێنێت؟ پێشکەوتنەکانی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان چین؟ حاڵەتەکانی تێکچوون و شێوازی ڕێکخستن چین؟ جیاوازی لە نێوان ئەو ڕێکخستنانەی ئامانجیان بەرژەوەندی گشتی و تایبەتییە نەکردووە. واتە چ ڕێکخسنێك لە ڕێکخستنەکان خزمەتگوزاری پێشکەشدەکات و پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ڕێکخستنەکەی تێردەکات؟ کامیان بۆ ئەندامەکانەو کامیان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیە؟ بەڵکو ئەگەری کاملّی پێداویستیەکانی ڕێکخستن و ئەندامانی و کۆمەڵگەی پێکەوە داناوە، ئەمەش ئەقڵ بڕی ناکات، چونکە هەموو دەستەیەکی کۆمەڵایەتی پێداویستی و ئامانج و هزر و بەهای خۆی هەیە کە جیاوازە لەوانی تر، لەهەندێ حاڵەت دژی ئەوانیتریشە، بەڵام بە گشتی لێکۆڵینەوەکانی، لە ڕووی وەسفکردنی بۆ سروشتی ڕێکخستنە فەرمی و پێکهاتەکانی (جیاوازەکان یان دروست کراوەکان لەلایەن تاکەکانەوە)، ئامانج و هزرەکانی ڕێکخستن خزمەتێکی سەرەتایی و سەرەکی پێشکەش بە هزری کۆمەڵایەتی کردووە، بەڵام پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تریش هەیە سەبارەت بە کۆمەڵگە سەرمایەدارەکان و لێکۆڵینەوە لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە فەرمیەکان و پلەی جیابوونەوە یان دووری لە چالاکی و وەزیفەی ڕێکخستنەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم، لەبەر ئەوەی ئەمانە (جیهانی سێیەم) لە کۆمەڵگە نەریتی و نوێکان (مۆدێرنەکان) جیاوازن و لەبەر ئەوەی (کۆمەڵگە لە جیهانی سێیەم) ئەمە بریتییە لە حاڵەتێکی دوالیزمی لە نێوان ڕێکخستنە فەرمی و نافەرمییەکان.



### 8- ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی:

ئەم هزرە نوێترین شێوازو ڕێگاکانی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری تاکەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە لەناو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێت بەکاردەهێنێت. ئەم ڕێگایانە بە کاردەهێنێت:

أ- **ڕێگەی چاودێری**: واتە تەماشاکردن و تۆمارکردنی ڕەفتاری ئەندامانی ڕێکخستن بە شێوەیەکی ڕێکخراو نەك هەرەمەکی، بۆ گەیشتن بە ئامانج نەك بۆ گشتاندن، بەردەوام نەك پچڕپچڕ، بۆنموونەیەکی ڕاکێشراو (مسحوب) بەپێی دیسپلینی (ظوابط) میتۆدی نەك وەرگرتنی هەموو ئەندامانی ڕێکخستن.

ب- **چاوپێکەوتن**: واتە ڕووبەڕووکردنەوەی تاکەکانی نموونەی ڕاکێشراو لە ئەندامانی ڕێکخستن بە کۆمەڵێك پرسیاری زارەکی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەوە هەبێت.

ج- **فۆرمی ڕاپرسی**: واتە وەرگێڕانی ئامانج و مەبەستەکانی توێژینەوە لەسەر شێوەی پرسیاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی نووسراو لەسەر فۆرمی تایبەتی، بۆ ئەو مەبەستە (مەبەستی توێژینەوە) ئەو پرسیارانە بەسەر تاکەکانی نموونە ڕاکێشراوەکەی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە دابەشدەکرێت (ئەندامانی ڕێکخستنی فەرمی) و پرسیاری قووڵتر و ڕاستتر و (بوێرتر) لە پرسیارەکانی تایبەت بە چاوپێکەوتن لەخۆ دەگرێت، ئەمەش بەهۆی نهێنی کەسێتییەکەی و ئاماژەنەکردن بە ناوی لێتوێژەر لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکە. ئەم میتۆدە ئەو بابەتانە بە کاردەهێنێت کە بە ئاسانی ناتوانرێت بە ڕێگەی میتۆدی تێبینی و چاوپێکەوتن زانیاری دەربارەیان دەستەبەربێت.

د- **سۆسیۆمەتری (پێوانەی کۆمەڵایەتی)**: ئەمە میتۆدێکە بۆ ئاشکراکردنی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕی شوێنگەکان لەناو ڕێکخستنی فەرمی لەپێناو زانینی پلەی کێشکردن و ڕاکێشان، یان دوورکەوتنەوە (تنافر) یان پشتگوێخستن، یان ململانێ یان وابەستەی ئەندامەکانی

ڕێکخستن لەناو بونیادی ڕێکخستن بەکاردەهێنرێت، لە پێشەنگانی ئەم میتۆدە زانا (یەعقوب فۆرینۆ) یە. ئەم میتۆدە هەڵدەستێت بە دانانی وێنەیەکی بەیانی بۆ ڕوونکردنەوەی شوێنگەی ئەندامانی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە، دواتر هۆی پەیوەندییەکەیان دەپێوێت. (فۆرینۆ) لەم پێوانەکردنەیدا شوێنگەی ئەندامانی ڕێکخستنەکە بۆ سەر سێ جۆر پۆلین دەکات، ئەوانیش بەم شێوەیەیە:

1- **ئەستێرە (النجم)**، ئەویش ئەو ئەندامەیە کە زیاترین گرنگیپێدان و شایستەیی و نرخ و سەرسام بوون لەلایەن ئەندامەکانی ترەوە وەردەگرێت.

2- **دابڕاو:** واتە ئەو ئەندامە گرنگی پێنادرێت و هیچ شایستە و نرخێکی لە لای ئەندامەکانی تر نییە، سەرەڕای ئەوەی پایەیەکی دیاریکراوی لەناو ڕێکخستن هەیە.

3- **فەرامۆشکراو:** واتە ئەو ئەندامەیە کە ئەندامانی تر گرنگی پێنادەن.

سوودی ئەم میتۆدە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ڕێکخستن یا کێشە لەگەڵ دەسەڵات یا کێشەی کەسێتی نێوان ئەندامانی ڕێکخستن دەردەکەوێت، کە زانیاری دەربارەی ئەم شتانە کۆدەکرێتەوە و دەپێورێت، دواتر دووبارە ئەندامەکانی ڕێکخستن بەسەر پێگە ڕێکخستنیە نوێکانیان دابەشدەکرێنەوە.

**هـ- دروستکردنی وێنە ئەزموونخوازییەکان:** واتە ئینتمای کۆمەڵێکی بچووکی ئەندامانی ڕێکخستن (بەئەنقەست) کە بریتین لە ڕێکخستنێك، ئەم کۆمەڵەیە بە گرووپی ئەزموونی و لێکۆڵینەوە لەو کێشەیەی لەلایەن ڕووی داوە ناودەبرێن، بەو بۆنەوە کە دووچاری کێشەیەك بوونەتەوە و بە هەندێ کاریگەری- کۆمەڵایەتی یا ناکۆمەڵایەتی و بەراوردکردنی سیفەتەکانی گرووپی ئەزموونی لەگەڵ کۆمەڵێکی تر کە (لانی کەم) هەمان سیفەتیان هەبێت بە گرووپی کۆنترۆڵکراو ناودەبرێن لەپێناو بەراوردکردن و نرخاندنیان لەگەڵ یەکتر. بەراوردکردن بەدوو شێوە دەبێت، یا پێش دووچاربوونی گرووپی ئەزموونی بە هۆکارە کاریگەرەکان، یانیش پاش دووچاربوون بە هۆکارە کاریگەرەکان.



**و- تاقیگە ڕەفتارخوازییەکان:** تاقیگەیەکی تەکنیکییە و ئاژەڵ بەکاردەهێنێت (مشك، سەگ، کەروێشك یا باڵندە) وەك بنچینەیەك بۆ هەموو زانیاریە ڕەفتارییەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕەفتارەکانی مرۆڤ.

**ز- تاقیکردنەوە دەروونی و کەسێتییەکان:** بریتییە لە پێوانەکردن، جەخت لەسەر زانینی پێکهاتەکانی بونیادی دەروونی و کەسێتی و گەیشتن بە دەرەنجامی ڕاست و دروست دەربارەی دەروون و کەسێتی لێتوێژەر لە ڕێگەی ئەم پێوانانەوە دەکاتەوە، بۆنموونە وەك تاقیکردنەوەکەی ڕۆشاخ.

**ر- شیکارکردنی هۆکارە گۆڕاوەکان:** واتە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی بەسترانەوەی فاکتەرە گۆڕاوە سەربەخۆکان بۆ کێشەیەکی دیاریکراو کە ڕێکخستنە فەرمییەکان بە دەستییەوە دەناڵێنن.

**ق- زنجیرەی ماکۆف:** پێوەرێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە حاڵەتی ئەو ئەندامانەی ڕێکخستن کە لەماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر بە دەستی کێشەیەکی ڕێکخستنی دیاریکراوەوە دەناڵێنن، بۆنموونە کاتێك کرێکاران بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەکار دەوەستن لە بەر زەرەرکردنی کۆمپانیا یا کارگەیەك. بە پشت بەستن بەم پێوەرە توێژەر زانیاری دەربارەی حاڵەتی مەعنەوی و ئابووری و خێزانی کرێکاران لە ماوەی بێکاری کۆدەکاتەوە و ئەندازەی پەیوەندی ئەم حاڵەتە بە درێژی یا کورتی ئەم ماوە بێکارییە (خاوەنی ئەم میتۆدە ناوی (مارکۆنە) بۆیە ئەم میتۆدە بەناوی ئەو ناونراو).

## 9- چەمکە سەرەکییەکانی هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی:

**أ- ڕێکخستن:** بریتییە لە کۆمەڵێك پەیوەندی فەرمی کە لە شوێنگەی کارگێڕی یا وەزیفییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕەفتار و پەیوەندی ئەندامانی دیاریدەکات، ئامانج و بیرکردنەوەی خۆی هەیە کە ڕەنگدانەوەی سروشتی کارکردن و وەزیفەکەیەتی.

ب- **پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:** ڕەنگدانەوەی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە شوێنگە ڕێکخستنە فەرمییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ت- **کارلێکی کۆمەڵایەتی:** پرۆسەیەکی دیالێکتیك یا وەرگرتن و بەخشینە کە لە نێوان ئەندامانی ڕێکخستن لە ڕێگەی شوێنگە ڕێکخستنەکانیان ڕوودەدات کە لە کەناڵە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆکانیانەوە ئەنجامدەدرێت و چوارچێوەیەکی فەرمی ڕووکەشیان هەیە.

ج- **سستەمی کۆمەڵایەتی:** بریتییە لە کۆمەڵێك سستەم کە ئەمیش لە کۆمەڵێك جۆری کۆمەڵایەتی دروست بووە و لە یەك کاتدا پێکهاتەیەکی ڕەفتاری و بەهایی هزرییە.

د- **بونیادی کۆمەڵایەتی:** بریتییە لە کۆمەڵێك وردە سستەم و هەر وردە سستەمێك لە چەند جۆرێك دروست بووە کە لەیەك کاتدا پێکهاتەیەکی ڕەفتاری و بەهایی و هزرییان هەیە.

هـ- **گرووپ:** بریتییە لە چەند تاکێك کە پەیوەندی ڕاستەخۆ یا ناڕاستەخۆ یا ڕووبەڕووانەو ڕێسای کۆمەڵایەتییان هەیە کە پەیوەندییەکانیان ڕێکدەخات.

و- **قەبارە:** واتە قەبارەی ئەو ڕێکخستنەی لە ڕێگەی ژمارەی ئەندامانی ڕێکخستن، بەشە بونیادخوازییەکانی، پەیوەندییە فەرمییەکانی دەرەوە و ناوەوەی ڕێکخستن دەپێورێت.

ز- **ناوەند:** واتە شوێنگەی ڕێکخراو لەناو بونیادی ڕێکخستنی فەرمی.

ن- **دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی (لەخۆنامۆبوونی کۆمەڵایەتی):** واتە دوورکەوتنەوەی تاك لە پەیوەندی و کارلێکەکانی لەگەڵ ئەندامانی تری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی.

ف- **بەکۆمەڵایەتیبوون:** واتە بەکۆمەڵایەتیکردنی ئەندامانی ڕێکخستن بەپێی ئامانج و هزری ڕێکخستنەکە لە قۆناغە پێشکەوتوە دوور و درێژەکان.

ك- **ململانێی کۆمەڵایەتی:** ناکۆکی نێوان دەستە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێکخستن یا کۆمەڵگە، یا ململانێی



نێوان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی یا بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە.

م- **کێبڕکێی کۆمەڵایەتی:** لە نێوان دەستەکانی ڕێکخستن ڕوودەدات بۆ سەرکەوتن بەسەر پایەی توێژبەندی ناو ڕێکخستن (وەك کێبەرکێی کارگێرانی تەکنیککارانی ناو ڕێکخستن) یا کێبەرکێی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هەمووان.

ل- **یەکگرتنی کۆمەڵایەتی:** واتە هاوبەستەیی دەستەکانی کۆمەڵگەی ڕێکخستن بەهۆی وێکچوونیان لە ئامانج یا هزری ڕێکخستن یا بەهۆی ترسە دەرەکییەکانەوە.

خ- **بیرۆکراسی (دەسەڵاتی نوسینگە):** بریتیە لە لێپێچینەوەیەکی فەرمیی یەك لەدوای یەکی ڕێکخراو بە شێوەیەکی ورد لەپێناو پارێزگاریکردن لە پێگەکانی توێژبەندی نووسینگە.

### 10- پێشەنگەکانی ئەم هزرە:

| | | |
|---|---|---|
| زیمێل | لیێنز | وبس |
| فێریرا | فایەرکندت | هومنز |
| بۆکاردۆس | سایمۆن | مۆرینۆ |
| بێلز | وایت وپلاو پاك | کابلۆ |
| ئتزیۆنی | یرسپوس | ئاینستد و سکۆت. |

### 11- ڕەخنەی هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی فەرمی:

أ- ئەم هزرە ئاماژەی بە ململانێ کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکانی ئەندامانی ڕێکخستن، یا ململانێی نێوان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە نەکردووە، تەنها بەوجۆرە وێنای-ڕێکخستنەکانی-کردووە کە لەگەڵ یەکتردا گونجاون لە ڕووی وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانیانەوەو هیچ پێکدادان و ناکۆکیەك لە نێوان بەرژەوەندی و پێداویستی و ئامانجەکانی ئەم ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە- فەرمییانەدا نییە.

ب- روونینەکردووەتەوە چۆن دەتوانێت لێکۆڵینەوە لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆییدا کە روویانداوە یا روودەدەن بکات، بەتایبەتی کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی فەرمی بوونی هەیە (وەك پارتی سیاسی، سەندیکا کرێکارییەکان، یەکێتی قوتابیان) ئەمیش بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە کاری کردووە. ئەم هزرە ئاماژەی بەم شتانە نەکردووە یان لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکردوون ئەگەرچی ئەو لە شۆرشی کۆمەڵایەتی یا گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بایەخێکی زۆری هەیە.

ج- ئەم هزرە روونی نەکردووەتەوە تاچەند ئەم ڕێکخستنانە کاریگەرییان لەسەر کەسێتی مرۆڤ هەیە، ئایا دەتوانێت لە ڕێگەیەوە لێکۆڵینەوە لەسەر کەسێتی تاك بکات؟

د- کەم و کورتی ئەم هزرە لە لێکۆڵینەوەی بۆ کۆمەڵگەی گشتی لەبەر ئەوەیە کە ئەم هزرە تایبەتە بە کایە ورد و بچووکەکانی کۆمەڵگە. واتە میکرۆیەکان.

هـ- ناتوانین ئەم هزرە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگەدا روودەدەن وەك تەڵاق، یا کۆچکردن، یا هەڵئاوسانی دانیشتوان، یا تاوانی مێرد مندالان، یا راهاتن لەسەر ماددە هۆشبەرەکان یانیش نەخۆشییە دەروونییەکان بەکاربهێنین.

و- دەتوانرێت ئەم هزرە تەنها بۆ لێکۆڵینەوە لەو کۆمەڵگەیانە بەکاربهێنرێت کە لە رووی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و شارستانییەوە پێشکەوتوون، ئەمەش لەبەر بوونی چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی گەورە کە بەرهەمێکی زۆر و بەفەریان هەیە و بە بونیادی ئاڵۆز و ئاوێتە دەناسرێن. زەحمەتی بەکارهێنانی ئەم هزرە بۆ لێکۆڵینەوە لەو کۆمەڵگەیانەی لە رووی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و شارستانییەوە دواکەوتوون لەوەدایە، کە ئەم کۆمەڵگەیانە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی فەرمی گەورەو بونیادێکی ئاڵۆزیان نییە.



## چەمکەکانی بەش

| | |
|---|---|
| Apathetic | گەمژەیی (التبلد) |
| Alienation | نامۆیی (تغریب-الغربة) |
| Bureaucracy | دەسەڵاتی نووسینگە (سلطة المکتب) |
| Charismatic Bureaucracy | دەسەڵاتی بیرۆکراسی کارزماتیکی |
| Circle | بازنەیی (دائري) |
| Concerative | پارێزگار |
| Coercive power | هێزی دەردەستی |
| Conter Tread | دژە ئاراستە (اتجاة مضاد) |
| Erratic | ئیراتیك (ضال) |
| Formal Leader | سەرۆکی فەرمی |
| Decline of Kinship | نەمانی سستەمی خزمایەتی |
| Feudel Society | کۆمەڵگەی فیودالی (الاقطاعي) |
| Folk Society | کۆمەڵگەی فۆلکلۆری |
| Formal Organization | ڕێکخستنی فەرمی |
| Hierachy | هیرارکی |
| Identitive Power | هێزی وێکچوو |
| Informal Leader | سەرۆکی نافەرمی |
| Legal-Rational Bureaucracy | بیرۆکراسی یاسایی- لۆژیکی |
| Mass Character | سیفەتی ماس(ماسە) |
| Mass Society | کۆمەڵگەی ماس (ماس) |
| Oligarchy | حوکمڕانی کەمینە |
| Officials Leader | سەرۆکی فەرمی |
| Retionality | ئەقلانی |

| | |
|---|---|
| Repleacabiligy | گۆڕینی به یەکێکی تر |
| Pluralistic Society | کۆمەڵگەی جەمعی |
| Series | زنجیرەیی |
| Socialistic Society | کرمەڵگای سۆشالیستی |
| Stratagic | بەهرەدار |
| Statue Que | پارێزگاریکردن لە ڕەوشی ئێستا |
| Sordid | ماتریالیزمی پیس |
| Systematic Society | کۆمەڵگەی تۆتالیتاریا |
| Totalitarian society | هێزی سوود بەخش |
| Specialization | پسپۆڕی |

## بەشی شەشەم: هزری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی

### 1- ریشە هزرییەکەی

رەگوریشەی ئەم هزرە بۆ ئاراستە هزرییەکانی ئابووریناسی و ئەنترۆپۆلۆژیاو دەروونناسی دەگەرێتەوە. سەرچاوە رەسەنەکەی هزری بەرژەوەندیخوازییە لە ئابووریناسی لەلای هەریەك لە ئادەم سمیت، دیڤد ریکاردۆ، جۆن ستیوارت ملز و جێرمی بنتام (لە بەریتانیا لە سەرەتای سەدەی 19 دەرکەوت). بنچینەی ئەم ئاراستەیە: ((باشترین سستەمەکان ئەوەیە کە مەزنترین سوود و رەفاهیەت و ئازادی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك دەهێنێت)) و ((دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك، ئەم درێژکردنەوەیە لەسەر بنچنەی —حسابکردن بۆ خود- دەبێت، چونکە ئەمە هەمیشە بەرەو ئاراستەیەکی گونجاو بۆخۆی دەروات و لەو ئاراستەیە کە ئازاریدەدات دووردەکەوێتەوە. باش وایە شتێك لەسەر رێبازی بەرژەوەندی لەلای پێشەنگانی نموونەی (ئادەم سیمت) بخەینەروو کە جیاوازی لە نێوان ئەوەی کە ناوی نابوو بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆر کردووە. یەکەمیان گوزارشت لە نرخی کاڵایەکی دیاریکراو بە بۆچوونی کەسێکی دیاریکراو دەکات، ئەمەش بەهایەکی کەسێتییە و دەوەستێتە سەرخەملاندنی تاك بۆ کاڵا، یا تا چەند بۆچوونی ئەم سوودی هەیە. دووەمیان گوزارشت لە بەهای کاڵا لە بازار دەکات، کە ئەمە بەهایەکی بابەتیانەیەو پشت بە ئیعتباری تایبەت بە کاڵا دەبەستێت، بە چاوپۆشی لەو بەها تایبەتییەی لەلایەن تاکێکی دیاریکراوەوە هەیەتی. سمیت پێی وایە زۆربەی جار بەهای بەکارهێنان لە بەهای ئاڵوگۆر جیاوازە، بەشێوەیەك ئەو کاڵایەی لە بەکارهێنان بەهایەکی گەورەی هەیە — زۆر بەکاردەهێنرێت- رەنگە لە ئاڵوگۆرکردندا بەهایەکی کەمی هەبێت، ئەوەتا ئەو کاڵایەی سوودێکی زۆری هەیە، زۆرجار - بەبۆچوونی ئەو- بەهای کەمە و بە پێچەوانەکەش هەر راستە.



بەڵام دیڤد ریکاردۆ — پێشەنگی دووەمی ئەم رێبازە ئابووریە— پێی وایە پەیوەندییەك لە نێوان سوودخوازی و بەها هەیە. سوودخوازی لای ئەو سیفەتێکی گشتییە و دەبێت لە کاڵادا بوونی هەبێت بۆئەوەی بەهایەکی هەبێت. ئەو کاڵایەی سوودی نەبێت بەهای نابێت.

ناسۆ سنیۆر لەسەر ئەمانە شتێ زیاد دەکات و دەڵێت: سامان لە هەموو کاڵایەك و خزمەتگوزارییەکی بەهادار کورت دەکرێتەوە. ئەم بەها بۆ سێ رەگەز دەگەرێنێتەوە ئەوانیش:

أ– **سوودخوازی:** وا دانانرێت کە لەناو شتەکە شاردرابێتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکە لە نێوان کەسەکە و شتەکە. ئالێرەوە بوو کە سوودی کاڵا لە کەسێکەوە بۆ یەکی تر جیاواز بوو.

ب– **کەم دەستکەوتن:** ناوەستێتە سەر ئەو هێندەی کە بەراستی لە کاڵاکەدا هەیە، بەڵکو دەوەستێتە سەرئەوەی تاچەند بەربەستەکان رێگەی زیادبوونی لێدەگرن.

ج– **دەست بدات بۆ گواستنەوە:** بۆئەوەی کاڵا بە بەها بێت، ئەوە بەس نییە کە بە سوود و کەم بێت، بەڵکو دەبێت بۆ گواستنەوەش دەست بدات، واتە قابیلی خاوەنداریێتی بێت، ئەگەر شتەکە قابیلی خاوەنداریێتی نەبوو، ئەوا قابیلی دەستکەوتنیش نابێت، ئەگەر قابیلی دەستکەوتن نەبێت ئەوا قابیلی گواسترانەوەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر نابێت و پاشان بەهاشی نابێت.

بەرژەوەندیخوازەکان بروایان وایە تاك دەتوانێت خۆشگوزەرانی خۆی و ئەو شتانەشی دەبنە هۆی کامەرانبوونی، بخەملێنێت. پاشان بۆ لابردنی ئەو هەموو کۆت و یاسایانەی کە دەبنە بەربەست لە بەردەم ئازادی تاك بانگەشەیان کردوە، تەنها ئەگەر ئەوانە بمێننەوە سوودیان هەیە و پێویست بە هەبوونیان بۆ رەخساندنی یەکسانی تەواو لە نێوان تاکەکان دەکات. هەروەها بەرژەوەندیخوازەکان بانگەشەیان کردوە کە جەوهەری هزرەکانیان لەسەر بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و دوورکەوتنەوە لە خەم و خەفەت وەستاوە. لێرەدا مەبەستی تەنها هەستکردن بە خۆشگوزەرانی نییە، بەڵکو لە بەرچاوی خەڵکی

روون بێت و بەردەوام بە دڵخۆشی ژیان کردن. زۆر پێوستە لێرەدا ئاماژە بە ڕێسای هزری بەرژەوەندیخوازی بکەین کە ئەویش پاڵنەرەکانی مرۆڤە، بەجۆرێك وا دادەنرێت پاڵنەرە باشەکان گونجانی نێوان تاك و کۆمەڵگەی تێدا ڕوودەدات و، بەرژەوەندی خراپیش ئاماژە بە حاڵەتی نەگونجان لە نێوان بەرژەوەندی تاك و بەرژەوەندی کۆمەڵگە دەکات.

پوختەی هزری بەرژەوەندیخوازی کورت دەبێتەوە لەسەر ئەوەی کە تاك بەدوای ڕێگا و شێوازگەلێك بۆ زیادکردنی سوود و قازانجە ماددییەکانی دەگەڕێت بێ ئەوەی بە نرخێکی زۆر لەسەر (تاك) بوەستێت، کە دەبێت تێچوونی لە سوودەکانی کەمتر بێت، ئەمەش لە ڕێگەی کێبەرکێ لە بازارە بازرگانییەکانەوە دەبێت. ئەم هزرە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بنچینەی ئاراستەی بەرژەوەندیخوازی لە ئابووریناسی -وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا- دەستپێدەکات، کە دەقەکەی ئەمەیە: تاکەکان بە شێوەیەکی ئەقڵانی بە دوای زیادکردنی سوودی ماددی یا قازانج کردن لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەوانیتر و لەوبازارە ئازادانەی کە کێبەرکێیەکی ئازادیان تێدایە، دەگەڕێن. لەم جۆرە بازارانە تاکەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری گرنگ و پێویست هەوڵدەدەن، لەوانەش ئەو گۆڕاوانەی لەبارەی یەکەکانی ئاڵوگۆڕەوە هەن و، لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەو، لەسەر بنچینەی ئەم ڕێسایە، ئاڵوگۆڕکردنی تاکەکان بۆ یەکە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی ئەقڵانی دەبێت، کە زۆرترین داهاتی ماددی بۆ ئاڵوگۆڕکارەکان دێنێتە کایەوە. بۆ چوونە ناو ئەم ئیعتبارە ئەقڵخوازانانە، ئاڵوگۆڕکاران هان دەدرێن بۆئەوەی پرۆسەیەکی ژمێریاریانە بۆ مەسەلەی تێچوون ئەنجام بدەن، کە بە ڕۆڵی خۆی جێگرەوەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. ئەم جۆرە جێگرەوانە (لەپرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن) بۆ هەڵبژاردن لە دەستەبەرکردنی بەرزترین پلەی سوودو کەڵکی ماددی ئازادی بە تاك دەبەخشن. واتە دەستەبەرکردنی کەڵکی ماددی زیاتر لەتێچوونی.



بەڵام کۆمەڵناسان هەندێ لە چەمکەکانی ئەم ئاراستە ئابوورییەیان وەرگرتووە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر بەرژەوەندی تاکخوازی و، بەگشتیش لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی وەستاوە. بەڵام هەمان ناوەڕۆکی ئەم چەمکانەیان بەکارنەهێناوە، بەڵکو دووبارە بە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتییانەو دایانڕشتوەتەوە بەم شێوەیە:

أ- کەم جار تاك بە پلەی یەکەم بۆ کەڵك و سوودی ماددی هەوڵدەدات.

ب- هەمیشە تاکەکان بەشێوەیەکی ئەقڵانی ڕەفتارناکەن.

ج- ئاڵوگۆڕی نێوان تاکەکان -جا چ لە بازار یا لە شوێنێکی تر- ئازادانە نییە و، دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەرەکی ڕێکخراوەکان یا دەکەوێتە ژێر فشاری ترەوە.

د- تاکەکان (بەشداربووانی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ) زانیاری تەواویان دەربارەی هەموو جێگرەوە ئامادەکراوەکان یا ئەو جێگرەوانەی بە ڕاستی بوونیان هەیە لانییە.

درککردن یا جیاوازیکردن لە نێوان ئەم ڕاستییانە ڕێنوێنی کۆمەڵناسانیان کرد، کە گریمانەی سوودخوازی جێگرەوە دابنێن، ئەوانیش ئەمانەن:

1- تاکەکان - هەمیشە- بەدوای بەرزترین پلەی سوود ناگەڕێن، ئەوان — هەمیشە- لە کارلێککردن و ئاڵوگۆڕکردنیان لەگەڵ ئەوانیتردا بەدوای سوودو کەڵکێکی کەم دا دەگەڕێن.

2- تاکەکان لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن -هەردەم- لە ڕەفتارکردنیان ئەقڵانی نین، چونکە ئەوان بە چەندێتی تێچوون و ئەو سوودانەی لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕدەستیان دەکەوێت پابەنددەبن یا بایەخدەدەن.

3- کاتێك ئەو زانیاریانەی پەیوەست بە جێگرەوە ئامادەکراوەکان و ئەو جێگرەوانەی بەراستی هەن و لەلای تاك کەم و کورتیان تێدایە، ئەوا هەندێ جێگرەوە دەناسن، کە بنچینەیەکی سەرەکیین بۆ تێچوون و سوودەکان.

4- تاکەکان -لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن-بۆ گەران بەدوای سوودوکەڵکی زیاتر ملکەچی کێبەرکێی نێوانیان دەبن.

5- ئەو پرۆسە ئاڵوگۆڕکردنەی کە لە بازارەکاندا دەبینرێن، لە شوێنی سنووردارو تەسکی کۆمەڵگەدا روودەدەن، نەك لەهەموو بەشێك یا لە نێوان هەموو توێژەکانیدا.

کۆمەڵناسان، بۆئەوەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەرۆکە ماددییەکان ئازادبکەن و دانانی هزرو بۆچۆنی کۆمەڵایەتی بۆ ئاماژە پێکردنیان ئەم تێروانینانەیان داناوە. دوای ئەم سەرەتا بەراییە، ئاراستەی ئاڵوگۆڕخوازی لای زانا ئەنترۆپۆلۆژیەکان دەخەینەروو و، بە زانا جێمس فرێزەر دەستپێدەکەین. لە کتێبەکەیدا بەناوی (ڕێگا میللیەکان لە سەردەمی کۆن، ڕەنگە رێورەسمەکانی هاوسەرگرتن و سستەمی خزمایەتی لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان لەخۆ بگرێت) و لێکۆڵینەوەکەی تری لەبارەی سستەمی هاوسەرگرتن لەکۆمەڵگەی ئەبۆرجنالس لە ئوسترالیا، تێیدا سستەمی هاوسەرگرتنی لە نێوان ئامۆزاکان روونکردووەتەوە، کە بۆچی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ئەو جۆرە هاوسەرگرتنانە بەتایبەتی هاوسەرگرتنی ئامۆزاکان کە پلەی نزیکییان لەیەکتر یەکەمی نەبێت پێباشترە و، هاوسەرگرتنی ئامۆزاکان کە پلە یەك بە حەرام لە قەڵەم دەدەن. زانا فرێزەر راڤەکردنە ئابوورییەکانی کە پشت دەبەستێت بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بۆ روونکردنەوەی ئەم جۆرەی هاوسەرگرتن لەم کۆمەڵگەیە بەکارهێناوە. هەروەها فرێزەر تێبینی کردووە، کە فاکتەری خاوەنداریێتی لەم کۆمەڵگەیەدا بوونی نییە، بۆیە لەکاتی هاوسەرگرتندا داوا لە تاك ناکرێت، کە دەبێت ماڵ و سامانی هەبێت، بەڵکو مەرج ئەوەیە دەبێت خوشك یا کچی هەبێت بۆئەوەی بتوانێت هاوسەر بگرێت، چونکە ئەو ئەگەر ئافرەتێك لەبری هاوسەرەکەی نەبەخشێت بەو خێزانەی کە هاوسەرەکەی لێیان وەرگرتووە ناتوانێت خێزان پێکبهێنێت. ئەم پرۆسەیە کێشەی خاوەنداریێتی تاکخوازی لە سستەمی هاوسەرگرتن چارەسەردەکات، کە تەنها پێوستی بە ئاڵوگۆڕکردنی ئافرەتێك بە ئافرەتێك هەیە -ژن بەژن- و پێوستی بەهاویەکی خاوەنداریێتی نییە (واتە بوونی هاوئاستی ئابووری سەبارەت بە ژنهێنان) لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردندا. بۆیە



نەبوونی خاوەنداریێتی لەم کۆمەڵگەیە و پاڵنەری ئارەزووکردن بۆ دەستکەوتنی هاوسەرێك سستەمی هاوسەرگرتن لەم کۆمەڵگەیە راڤە دەکات و، لەژێر رۆشنایی ئەم **زانیارییانە فرێزەر گەیشتە** ئەم دەرەنجامانە:

1- ئافرەت لەکۆمەڵگەی ئەبۆرجنالس بەهایەکی ئابووری و بازرگانی باڵای هەیە.

2- ئەو پیاوەی چەند خوشك و کچی هەبێت ئەوەندە دەوڵەمەندە.

3- ئەو پیاوەی خوشك و کچی نییە، هەژارە و ڕەنگە هەلی هاوسەرگرتنی بۆ نەرەخسێت.

4- پیاوی بەساڵاچوو (لەژێر سایەی ئەم سستەمە) هەلی زۆری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی ئافرەتدا هەیە، چونکە گەر زیاد لە کچێکی هەبێت دەتوانێت یەکێ لە کچەکانی بدات بۆئەوەی هاوسەرێکی دەستبکەوێت ( لەم حاڵەتەدا ئەو پیاوە دەوڵەمەندە نەك بە مانا ماددییەکەی).

5- گەنج -لەم کۆمەڵگەیەدا- ناتوانێت ئاڵوگۆڕ بە ئافرەت بکات، لەبەر نەبوونی کچ یا هاوسەری تر بۆئەوەی بە هاوسەری نوێ ئاڵوگۆڕیان پێبکات، بۆیە ماوەیەك بە ڕەبەنی دەمێنێتەوە (واتە هاوسەرگرتنی دوا دەکەوێت) جاری وا هەیە سەرۆکی خێڵ وەك یارمەتیدانێك یەکێ لەکچەکانی یا خوشکەکانی وەك هاوسەرێك پێشکەشی دەکات.

6- پرۆسەی ئاڵوگۆڕی ئافرەتان لەم کۆمەڵگەیە دەرەنجامی پێوستی تاکەکان بۆ پێکهێنانی خێزان بووە لە حاڵەتێك کە فاکتەری خاوەنداریێتی لای تاکەکان بوونی نییە، بۆیە تاکەکان ماڵ و سامان لەبری ئافرەتێك پێشکەش ناکەن، بەڵکو لەجێگای ئەوە ئافرەتێك پێشکەش دەکەن، وەك قەرەبوکردنێك بۆ خاوەنداریێتی و تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیان و دروستکردنی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی -خێزان- لە کۆمەڵگەدا.

7- بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیە لە پاشاندا بووە سستەمێکی کۆمەڵایەتی باوی کۆمەڵگە.

8- بەمەش پرۆسەی هاوسەرگرتن بووە پێکهاتەیەکی بوونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەبۆرجنالس.

9- ئاڵوگۆڕکردنی ئافرەت لە نێوان خزمەکان بەمەبەستی هاوسەرگرتن دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لە هێز و نفوزی بنەماڵە یا خێڵ لە چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی و لانەدانە لە سنوورەکانی، ئەم پرۆسەیە بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لە جیاوازی پلەکانی هێز و نفوزی کۆمەڵایەتی نێوان بنەماڵەکانی کۆمەڵگەی ئەبۆرجنالس.

زانایەکی تری ئەم ئاراستەیە بەناوی برۆنیلا مالینۆفسکی. جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە دیاردەی (ئاڵوگۆڕی هێمایی) لە ناو ئەڵقەی کۆلای لە کۆمەڵگەی برۆبریاند دەکاتەوە (راستەوخۆ دەکەوێتە لای رۆژهەڵاتی گینیای نوێ) ئەم ئەڵقەیە بریتییە لە کۆمەڵێك لەرێگەی ئاڵوگۆڕکردنی کالای سادە کە بریتین لە ملوانکە و بازنە تاك ئاڵوگۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەن. ئەندامانی ئەم گرووپە بچووکە بەپێی خاوەندارێتیان بۆ ملوانکە و بازن بەسەر دوو بەشدا دابەشدەبن. گرووپی یەکەم ملوانکە پێشکەشی گرووپی دووەم دەکات، گرووپی دووەم بازن پێشکەش بە گرووپی یەکەم دەکات، ئنجا لە رێگەی ئاڵوگۆڕکردنی ئەم پارچە ماددییە سادانەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوان ئەندامانی گرووپی کۆلای دروست دەبێت، واتە بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی پارچە ماددییەکان ئەنجام دەدرێت. ئەم پرۆسەیە رەگەزەکانی بەرژەوەندی ئابووری یا ماددی تێدا نییە، بەڵکو ئامانج لەم پرۆسەیە تەنها دروستکردنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە، بەکۆتایی هاتنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی ملوانکە و بازن کۆتایی نایەت، بەڵکو بەردەوامەو هەمیشەییە. ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی مالینۆفسکی بۆ ئەم دیاردەیە جیاوازیکردنبوو لە نێوان کالا ئابوورییەکان و کالا هێمایییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەودیو ئاڵوگۆڕکردنی بازن و ملوانکەکان بوونیان هەیە. بەڵام ئەمە مانای وانییە کە کۆمەڵگەی ترۆبرناند گرنگی زۆر یا بایەخێکی زۆر بە کالا ماددییەکان



نادات، بەڵکو ئەم کالایانە بۆ گوزارشتکردن لە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان یا دەروونییەکانی دوور لە قازانجی ماددی بەکاردەهێنێت. پوختەی لێکۆڵینەوەکەی مالینۆفسکی، ئەمانەی لای خوارەوەیە:

1- پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن کە لە ئەڵقەی کۆلا روودەدات، مانای تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانە، بۆ بوونیادنانی تۆڕێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

2- ئەم پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنە لەسەر بنچینەی فاکتەری کۆمەڵایەتی و دەروونی، نەك فاکتەری ئابووری دروستدەبێت.

3- (پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن) بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لە نێوان دووگرووپ روودەدات بۆئەوەی پارێزگاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، یا فراوانکردنی ئەم پەیوەندییانە لەناو کۆمەڵگەی ترۆپریاند.

4- ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی یەکگرتن و کامڵبوونی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا.

ئامانجی مالینۆفسکی لەم لێکۆڵینەوەیە بریتیبوو لە ئازادکردنی تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە کاریگەرییەکانی بەرژەوەندیخوازی ئابووری دیاریکراو و، دەرخستنی لایەنە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی و، خستنەرووی فاکتەری وابەستە و کامڵبوونی کۆمەڵایەتی.

بەڵام زانای ئەنترۆپۆلۆژی سێیەم ئەویش مارسێل موسایە وەڵامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی مالینۆفسکی داوەتەوە، بۆ ئەمەش پرسیارێکی تایبەت بەوی وروژاندوەو پوختەکەی دەڵێ: ئەو پرەنسیپە یەکەمی و رێسا سەرەکییانە کامانەن بۆ وەرگرتنی پاداشت و پاداشتکردنی بەرامبەر؟ واتە ئەو بنچینانە کامانەن کە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی پاداشتەکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی لەسەری وەستاوە؟ ئەو هێزە چییە، کە وادەکات تاك پاداشتەکە بگەڕێنێتەوە؟ هەروەها ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە چییە، کە وا لە تاك دەکات پاداشتێك پێشکەش بە بەرامبەرەکەی بکات کە پێشتر لەلایەن تاکێکی دیاریکراوەوە پاداشتکراوە؟.

به بۆچوونی موسا هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان وەکو هێزێکی دەردەست لە کۆمەڵگە وان و بۆ بەخشینی یا گەراندنەوەی پاداشتێکی هاوشێوە یا پاداشتێکی بەهادارتر لەوەی وەریگرتووە بەرامبەر تاکەکان مومارەسە دەکرێن. بۆیە پابەندبوونی تاکەکان بە هەڵسوکەوتە گشتییەکانی کۆمەڵگە بۆ مومارەسەکردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی پاداشت هانیاندەدات، بەتایبەتی کە هەڵسوکەوتە گشتییەکان نە پەیمانێکن و بەستراببێتن و نە بریارێکی نووسراو، بەڵکو لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە زانراون و مومارەسەی دەکەن، پابەندبوونیان پێیەوە مانای پارێزگاریکردنە لە بونیادی کۆمەڵگە، چونکە (هەڵسوکەوتە گشتییەکان) یەکێکە لە پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەرۆڵی خۆی دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لە بونیادی کۆمەڵایەتی و تێرکردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانیش قبوولکردنی کۆمەڵایەتی و دەستکەوتنی ناوبانگ و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی باڵایە. کەواتە ئەمە پرۆسەیەکی ئابووری نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی تەواو کۆمەڵایەتییە.

زانایەکی تری ئەنترۆپۆلۆژی کە لە دیاردەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی کۆڵیوەتەوە، زانای فەرەنسی لیڤی ستراوسە. ئەم زانایە لە کتێبەکەیدا بەناوی (بنچینەکانی بونیادی سستەمی خزمایەتی) کە تێیدا سستەمی هاوسەرگرتنی نێوان خزم و ئامۆزاکان شیدەکاتەوە و، راڤەکردنەکانی فرێزەری بۆ چەمکی بەرژەوەندیخوازی، کاتێك ئەم سستەمە لە کۆمەڵگەی ئەبوجنالس راڤە دەکات روونکردووەتەوە. ستراوس پێی سەیر بوو چۆن تاك بێ ئەوەی خاوەنی ماڵ و سامان یا خاوەنداریتی شتێك بکات هاوسەرێکی دەستدەکەوێت. هەروەها بینی ئەم پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنە کێشەیەکی ئابووری کە لەم کۆمەڵگەیەدا هەیە چارەسەر دەکات، ستراوس دەڵێت: پیاو بۆئەوەی ژنێکی دەستکەوێت ئاڵوگۆڕ بە خوشك یا کچەکەی دەکات، چونکە ئەم ریگایە (بەبۆچوونی ستراوس) هەرزانترین رێگایە بۆئەوەی تاك هاوسەرێکی دەستبکەوێت، بەتایبەتی لەبەر ئەوەیش کە ئەم پرۆسەیە ناکەوێتە



ژێرکاریگەرییەکانی هۆکارە ماددییەکان و دیکۆمێنت (وثائق) یا فۆرمی نووسراوی بۆ ئامادەکردنی ئەم پرۆسەیە نییە و، فاکتەری بەرژەوندی ئابووری لەم پرۆسەیەدا دەرناکەوێت.

وێرای ئەوانەی سەرەوە، ستراوس شیکارە دەروونییەکانی بۆ راڤەکردنی ئەم پرۆسەیە رەتکردووەتەوە، بەتایبەتی ئەو رێگایەی کە رەفتارخوازەکان بەکاریانهێناوە، چونکە ستراوس جیاوازییەکی روون و ئاشکرا لە نێوان کۆمەڵگەی مرۆیی و ئاژەڵی دەکات، ئەمەش لەرێگەی دانانی یاسای سەرەکی بۆ بەراوردکردنی نێوانیان، وەك ئەو پاشماوە شارستانیەی کە کۆمەڵگەی مرۆیی هەیەتی و نەبوونی لە کۆمەڵگەی ئاژەڵی و، بوونی بەها و عورف و نۆرمی کۆمەڵایەتی کە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی مرۆیی رێکدەخات و، ئەمە لە کۆمەڵگەی ئاژەڵیدا نییە. لەبەر ئەم دووهۆکارە سەرەکییەیە ستراوس لەگەڵ رەفتارخوازەکان کە رەفتاری مرۆیی بە رەفتاری ئاژەڵی دەچوێنن نەسازا. هەروەها رەفتاری مرۆیی جیادەکرێتەوە، بەوەی ئاڵوگۆڕکردنی تێدا هەیە و، ملکەچکردنی ئەم پرۆسەیە (ئاڵوگۆڕکردن) لای مرۆڤ بۆ بەها و عورفی کۆمەڵگە و سامانە شارستانیەکەی دەگەرێتەوە، کە دیسانەوە ئەمە لە کۆمەڵگەی ئاژەڵیدا بوونی نییە، چونکە بەها و عورف و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان سنوورێك دیاریدەکات، لە کوێ و کەی و چۆن دەبێت تاکەکان پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی ئەنجامبدەن. لەگەڵ ئەوەشدا رەفتاری مرۆیی بە رەفتاری ئاژەڵی ناچێت، لەرووی ئەوەی (مرۆڤ) توانای فێربوونی سستەمی دامەزراوەیی هەیە و دەزانێت چۆن لە بەرامبەر پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی مرۆیی رەفتار بکات. کەواتە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن لەوە زیاترە کە دەرەنجامێك بێت بۆ پێداویستییە دەروونییەکان، چونکە ئەم پرۆسەیە دەرەنجامی کاریگەرییەکانی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە پێکهاتەکانی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی لە کۆمەڵگە ماوە سەرچاوە دەگرێت و، تاك لەرێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە فێریان دەبێت.

**بەشێوەیەکی ووردتر، ستراوس ئەو پرۆسە ئاڵوگۆڕکردنەی کە لە نێوان تاکەکان ڕوودەدات بەم شێوەیە دیاریکردووە:**

1- ئەم پرۆسەیە فاکتەری تێچوونی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، کە لەگەڵ تێچوونی ئابووری جیاوازە، چونکە ئەویان (تێچوونی کۆمەڵایەتی) مانای پابەندبوونە بە ئەخلاقە کۆمەڵایەتییەکان و بەها و عورف و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و، گوێنەدان بە ئارەزووە تاکخوازییەکان یا دەروونییەکان.

2- هەموو هێما کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن سستەمی کۆمەڵایەتییەوە ڕێکخراوە.

3- هەموو چالاکییەکانی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی ملکەچی بەهاکانی کۆمەڵگەیە.

کۆمەڵگە چەند جێگرەوەیەك بۆ یەك ڕەفتار دەخاتەڕوو، واتە ئەو ژمارەیەك جێگرەوە پێشکەش بە جۆرەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دەکات، لەم حاڵەتەدا پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕەفتاری ئاڵوگۆڕخوازی بۆ تاك ئاسان دەکات، کە بەها کۆمەڵایەتییەکان پاداشت بۆ هەندێ جۆری ڕەفتار بۆئەوەی تاك لەگەڵیاندا وێکچوون دروستبکات دادەنێن و لەبەرامبەردا سزا بۆ ئەو تاکەی کە وێکچوون لەگەڵیاندا دروست ناکات دادەنرێت، ئەوەتا سستەمی هاوسەرگرتن و سستەمی خزمایەتی –بەبۆچوونی ستراوس- دەکەونە ژێر ئەم کاریگەرییە کۆمەڵایەتییانەوە، نەك کاریگەری فاکتەرە ئابوورییەکان یا دەروونییەکان، یا بەوەی کە تەنها ئاڵوگۆڕکردنە، هەروەك چۆن فرێزەر ووتوویەتی.

هەروەها ستراوس وا تەماشای پرۆسەی ئاڵگۆڕکردن دەکات، بەوەی بەشێکە لە پرۆسەی کاملبوون و وابەستەیی کۆمەڵایەتی و، یەکێکە لە ڕووەکانی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگە. هەروەها پێیوایە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن لە ڕێگەی ئەمانەی لای خوارەوە ڕوودەدات:



1- وروژێنەرەکانی تاك وەك ئەوەی پێکهاتەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی کاریگەرییان هەیە بە سەر پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان ئەوەندە کاریگەر نین.

2- پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەمە لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی وابەستە و کاملبوونی کۆمەڵایەتی.

ئەمانە هەمووی بۆچوون و هزرەکانی لیفی ستراوس بوون لەبارەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕخوازی، کە لەراستیدا وەك پەرچەکردارێك بۆ نووسین و لێکۆڵینەوەکانی فرێزەر و ئەندازەی کاریگەربوونی بە ئاراستەی بەرژەوەندیخوازی دەرکەوت. بەڵام مالینۆفسکی بەرتەسکی راڤە کردنەکانی فرێزەری روونکردووەتەوە (لەبارەی راڤەکردنی سستەمی هاوسەرگرتنی کۆمەڵگەی سەرەتایی) ئەویش لە ڕێگای خستنەڕووی ڕەهەندەکانی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە وابەستەیی و کاملبوونی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەی روونکردووەتەوە. بەڵام مارسێل موسا گرنگی بونیادی کۆمەڵایەتی و کاریگەری پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لەپێناو بەرگریکردن لەبونیادی کۆمەڵایەتی و زامنکردنی مانەوەی روونکردووەتەوە.

لەکاتی هەوڵدانمان بۆ خستنەڕووی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکانی زانا ئەنترۆپۆلۆژیەکان، پرژاینە سەر بۆچوونی ڕەفتارخوازەکان کە ستراوس ڕەتیکردنەوە، لێرەدا بە پێوستی دەزانین ئەو بۆچوونانە ئاماژە پێبکەین لەو لایەنەوە کە پەیوەستە بە ڕەفتاری ئاڵوگۆڕکاری مرۆڤ و پەیوەندیەکانی بە ئاراستەی بەرژەوەندیخوازی و کاریگەری لەسەر هەندێ لە نووسینەکانی کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان.

ڕەفتارخوازەکان بایەخیان بە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری مرۆیی لە ڕێگای تاقیکردنەوەکانیان لەسەر ئاژەڵ بۆ زانینی هەڵسوکەوتیان داوە. ئەم گرنگیدانە لای زانا بافلۆف دەستیپێکرد لەو تاقیکردنەوەیەی کە لەسەر سەگ کردی بۆ زانینی کردەو پەرچەکردار لە ڕەفتاری سەگدا و زانینی ئەو بارودۆخە مەرجییانەی کاریگەری لەسەر ڕەفتاریان هەیە، هەروەها تاقیکردنەوەکانی سکنەر کە لەسەر

مشك و كۆتر كردنی بۆ زانینی پاڵنەرەكانی رەفتاریان. ئەمانە (رەفتارخوازەكان) گرنگیان بە لێكۆڵینەوە لە رەفتاری بینراوی زیندەوەران لە رێگەی تاقیكردنەوە و تێبینییەكانیاندا، هەروەها گرنگیان بە پاڵنەرە غەریزی و ژینگەییەكانداوە و ئەم بایەخ پێدانانەیان بە ئەندازەیەكی زۆر رەنگدانەوەی لەسەر ئاراستە بەرژەوەندیخوازەكەیان هەبوو، بەتایبەتی ئەوان لێكوڵینەوەیان لەسەر رەفتاری مرۆیی كردووە بە پشت بەستن بە لێكۆڵینەوە لە رەفتاری ئاژەڵان و، راڤەكردن و شیكردنەوەیان و پشت بەستنیان بە پرەنسیپی پاداشت و سزای غەریزی بۆ زانینی رادەی جموجۆڵ و هەڵسوكەوتە رەفتارییەكانی ئاژەڵ، ئەمەش تارادەیەكی زۆر لە راڤەكردنەكانی لایەنگرانی ئاراستەی بەرژەوەندیخوازی لە ئابووریناسی سەبارەت بە رەفتارخوازەكان دەچێت. پاداشتكردن مانای تێركردنی پێداویستییەكانی تاكە لەپێناو نواندنی رەفتارێكی دیاریكراو، ئنجا كاتێك ئەو رەفتارە دیاریكراوە ئەنجام نادات، تاك لە تێركردنی پێداویستییە تاكایەتییەكانی بێبەشدەكرێت. ئەم رێسا شیكارییە تەنها وەرگرتنێكی میتۆدی شیكارییە لەلایەن رەفتارخوازەكانەوە، كە بۆ راڤەكردنی رەفتاری مرۆیی لە بەرژەوەندیخوازەكان وەریان گرتووە. سزادان مانای كۆژان و دەردە سەرییە. بەڵام پاداشت و سزا لای مرۆڤ ئەم مانایە نابەخشن، چونكە مرۆڤ لە هەڵبژاردنی ئەو جێگرەوە جۆراوجۆرانەی كە كۆمەڵگە بۆیداناوە ئازادە، بۆیە پێویست ناكات تاك راستەوخۆ لەكاتی ئەنجامنەدانی كارێكی دیاریكراو دووچاری ئازار بێت، چونكە رەنگە بە هەڵبژاردنی یەكێ لە جێگرەوەكانی كۆمەڵگە بتوانێت خۆی لە ئازار بپارێزێت، هەمان شت سەبارەت بە بابەتی پاداشت وەرگرتن، بەجۆرێك ئەو ناتوانێت باشترین جێگرەوە بۆ دەستەبەركردنی باشترین پاداشت كە كۆمەڵگە پێشكەشی دەكات هەڵبژێرێت.

**رەفتارخوازەكان گریمانەی ئەم وێناكردنانەیان بەم جۆرە داناوە:**

1- زیندەوەران رەفتارێكی دیاریكراو لەپێناو دەستكەوتنی پاداشت و خۆ رزگاركردن لە بچووكترین سزا دەكەن.



2- زیندەوەران هەمان رەفتار دەكەنەوە، كە لە ئەنجامیەوە پاداشت كراون لە ماوەیەكی زەمەنی كورتدا.

3- زیندەوەران رەفتارێكی وەكو ئەو رەفتارە دەكەن، كە لە ماوەیەكی زەمەنی كورتدا پاداشتیان پێوەرگرتووە.

4- زیندەوەران كە لە رابردوویەكی نزیكدا پاداشتكراون، ئەمە هانیان دەدات كە رەفتارێكی وەكو ئەوە بكەنەوە.

5- زیندەوەران بۆ دووبارەكردنەوەی هەمان رەفتار كە بەهۆیەوە پاداشتكراون بەردەوام دەبن بۆئەوەی بەردەوام لە داهاتووشدا پاداشت بكرێن.

6- هەرچەندە پاداشتەكانی زیندەوەران بەهۆی نواندنی رەفتارێكی دیاریكراوەوە زیادبكات، ئەوا مومارەسەكردنی ئەو رەفتارە دووبارە دەبێتەوە. كەچی پاداشتەكانی هەمان رەفتار (لە ئاییندە) هەمان بایەخی (سەبارەت بەو رەفتارە لە داهاتوودا) نابێت وەكو ئەو بایەخەی رەفتاری یەكەم هەیبوو، كە بەرۆڵی خۆی لە مومارەسەكردنی هەمان رەفتار یا دووبارەكردنەوەی بەهەمان ئەندازە و جۆر كەم دەكاتەوە.

رەفتارخوازەكان لەرێگەی ئەو تاقیكردنەوانەی لەسەر ئاژەڵان كردیان لەناو تاقیگە رەفتارییەكانیان ئەم گریمانانەیان دارشت.

بەڵام هزری ئاڵوگۆری كۆمەڵایەتی لە نیوەی سەدەی بیستەم لە كۆمەڵناسیدا بەكارهاتووە و بەشێوەیەكی فراوان لەلایەن جۆرج هۆمنز، پیتەر پلاو، گۆڵدنەر، بكلی، كۆد و زانایانی تر چالاك كراوە. بۆچوونەكانی ئەم زانایانەیان بۆ ژیانی كۆمەڵایەتی بریتییە لە تۆڕێك پەیوەندی كۆمەڵایەتی كە لەسەر رێكەوتن و موساوەمەكردن و پێداچوونەوە و ناكۆكی و تورەبوون بە بەكارهێنانی دوو چەمكی سەرەكی بۆ دروستكردنی ئەم جۆرە پەیوەندییە وەستاوە، ئەوانیش تێچوونی كۆمەڵایەتی و پاداشتی كۆمەڵایەتییە. تاك -بە بۆچوونی پێشەنگانی ئەم هزرە- لە رێگەی مامەڵەكردنی لەگەڵ ئەوانیتردا بیر لە چەندێتی تێركردنی پێداویستییە خودخوازیی و كۆمەڵایەتییەكانی دەكاتەوە.

ئەگەر لەم تیۆرەدا نووسینەکانی جۆرج هۆمنز وەربگرین دەبینن لێکۆڵینەوەکانی بە رەفتاری مرۆیی دەستپێدەکات و، بەسەر سێ رەگەزدابەشی کردووە ئەوانیش:

1- **چالاکییەکان:** مانای هەر رەفتارێك و جموجۆڵێکی هزری یا جەستەییە، کە تاك لە رەوشێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا ئەنجامیدەدات.

2- **کارلێك:** واتە بەشێك لەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەی تاك لەگەڵ تاکێکی تر لە رەوشێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ئەنجامیدەدات لەپێناو ورووژاندنی چالاکیەکانی.

3- **سۆز:** پەشۆکاوی تاکە لەناوەوە، وەك خۆشەویستی و رق و تورەیی و دڵخۆشی.

هۆمنز پێیوایە ئەم سێ رەگەزە بە یەکەوە بەستراون و رەفتاری تاك پێکدەهێنن، هەرگۆرانێك لە یەکێکیان رووبدات دەبێتە هۆی گۆرانکاری لە دوو رەگەزەکەی تر.

**پاشان هۆمنز لێکۆڵینەوەی لەسەر رەفتاری گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان کرد، کە ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوەی دەستکەوت:**

1- هەرچەند کارلێکی کۆمەڵایەتی تاکەکان زیادیکرد، پەیوەندییەکانیان زیاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە راستە.

2- ئەگەر سۆزی تاکایەتی تێکەڵ بە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بوو، ئەوا بەهۆی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە گوزارشتی لێدەکرێت.

3- هەرچەند ژمارەی ئەندامانی گرووپ زیادبکات، سۆزداریان لە یەکتر نزیك دەبێت و پێکدەچێت. پێچەوانەکەشی هەر راستە.

4- هەرچەند ئەندامی گرووپ (لەرووی کۆمەڵایەتییەوە) لەناو گرووپەکەیدا ئازادبێت، ئەوا چالاکییەکانی لەگەڵ رێسا و ئامانجەکانی گرووپ بەرەو وێکچوون دەچن. پێچەوانەکەشی راستە.



5- هەرچەند پێگەی کۆمەڵایەتی تاك (لەناو گرووپەکەی) بەرزبێت، ئەوا کارلێکی لەگەڵ ئەندامانی تری گرووپ بەشێوەیەکی راستەوخۆ یا لە رێگەی هۆیەکانی پەیوەندیکردنی ناراستەوخۆ (تەلفزیۆن، تەلیفۆن، رۆژنامە، گۆڤار، رێکلامەکان) زیاد دەکات، پێچەوانەکەشی راستە.

6- هەرچەند پێگەی ئەندامی گرووپ لەرووی پلە وجۆرەوە یەکسان یا نزیك یەکتربن، کارلێکی نێوانیان زیاد دەکات، پێچەوانەکەیشی راستە.

7- هەرچەند پێگەی ئەندامی گرووپ (لەناو گرووپەکەی) بەرز بێت وێکچوون لەگەڵ رێسا کۆمەڵایەتییەکانی گرووپەکەی دروستدەکات، پێچەوانەکەیشی راستە.

جگە لەوەیش هۆمنز دەڵێت: پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لەرێگەی کارلێکی رووبەرووانەی تاکەکانەوە کە رەنگدانەوەی لایەنی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە روودەدات و، دەبێتە هۆی دروستکردنی رێسایەك بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆری نێوانیان، کە لەسەر ئامانج و حەز و ئارەزووی کۆمەڵایەتی وەستاوە (وەك ناوبانگ، ئیعتبار، رێز، نرخ و نفوزی کۆمەڵایەتی)، نەك بەرژەوەندییەکی تەواو ماددی بێت، چونکە ئەمە هەمیشە ئامانجی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی نییە، لەبەر ئەوەی تاك لەناو گرووپەکەیدا بەردەوام لە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن بەشداریدەکات بە ئامانجی قبووڵی کۆمەڵایەتی لەلایەن ئەندامانی گرووپەکە و رێز گرتنیان لێی. ئیعتباری کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی (ئەو تاکە) زیاد دەکات، ئەمەش بە رۆڵی خۆی وێکچوونی کۆمەڵایەتی بۆ رێساکانی گرووپەکەی زیاد دەکات. هۆمنز ئەم قبووڵ و رێزگرتن و وێچکوونە کۆمەڵایەتییەی وا داناوە کە بریتین لە پاداشتی کۆمەڵایەتی بۆ تاك لەناو گرووپەکەیدا.

هەروەها لەگەڵ ئەو شتانەی سەرەوە، بە بۆچوونی هۆمنز گرووپی کۆمەڵایەتی لە سێ جۆری سەرەکی پێگەی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە، باڵا، ناوەند و نزم. ئەو تاکانەی کە پێگە باڵاکان داگیر دەکەن، بەهۆی وێکچوونیان لەگەڵ بەها و ئامانجی گرووپەکەیان پاداشتی کۆمەڵایەتی گەورەیان دەستدەکەوێت، چەندە تاکەکانی ئەم

پایە (باڵایانە) درکیان بەگرنگی ئەو پاداشت کۆمەڵایەتیەی کە دەستیان دەکەوێت کرد، ئەوەندە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەناو گرووپ زیاد دەکات.

بەڵام ئەو تاکانەی کە پێگە ناوەندییەکان داگیردەکەن، ئەوا دەکەونە نێوان دوو پێگە، بەپێی توێژبەندی کۆمەڵایەتی باوی گرووپ دوو لای کۆتایی هاتووە و دوور لە یەکتر و توندرەون، بۆیە بۆچوون و بڕیارەکانیان لەم دوو پێگەیە جیاوازە، تەنانەت ئەگەر بۆچوون و بیروراکانیان راستیش بن، ئەمە بۆ دەسکەوتنی پایەی باڵا هانیان نادات، بەڵام ناوبانگی کۆمەڵایەتی باڵایان دەستدەکەوێت، ئەمەش مانای وایە ئەمانە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی چالاکیان نییە کە دەنگێکی بەرز و بیستراوی لەناو گرووپەکەیان هەبێت. بۆیە هۆمنز پێیوایە ئەمانە هەوڵدەدەن لەپێناو پارێزگاریکردن لە پێگە (ناوەندییەکانیان). بەڵام ئەگەر خاوەن پێگە ناوەندی و نزمەکان لەسەر بۆچوون و بڕیارەکانیان رێککەوتن، ئەمە تەنها ئاماژە کردنە بە وێکچوونیان لەگەڵ ئامانجەکانی گرووپ، کەچی ئەگەر هاتوو خاوەن پێگە نزمەکان هەڵە بوون و تاکەکانی تری گرووپ راست بوون، ئەوا هیچ شتێکیان نییە کە لەدەستی بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر رێزگرتنیان لە ئامانجەکانی گرووپ هەندێ رێزی کەسێتییان دەستدەکەوێت، بەڵام ئەگەر لەسەر هەق بوون، ئەوا هیچ ئیعتبارێکی بەرزیان دەستناکەوێت، کەچی وێکچوونیان لەگەڵ ئامانجەکانی گرووپ دەبێتە هۆی لە دەستدانی سەربەخۆیی کەسێتیان و، سەربڵندیان بە بۆچوونە تایبەتیەکانیان.

هۆمنز لە هزرە ئاڵوگۆڕخوازەکەیدا دوای ئەوەی لەسەر گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان پراکتیزەی کرد، هەوڵیدا لەسەر کۆمەڵگەش پراکتیزەی بکات لەم بارەیەوە دەڵێت: چەندە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تاك لە کۆمەڵگەدا زیاد بکات، پاداشتە کۆمەڵایەتییەکانی زیاد دەکات، بەمەش رێژەی چالاکییە سەرکەوتووەکانی کە ئامادەگی پاداشتکردنیان تێداهەیە زیاد دەکات. لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تاك زیاد دەکات و لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان کەم دەکات. بۆیە هۆمنز پێیوایە پیاوی کۆمەڵگەی



پیشەسازی پێگە و ناوبانگی کۆمەڵایەتی لە رێگەی سامان و یاریدەدەرانی لە نووسینگە (وەك سکرتێر، ژمێریار، کارگێران) زیاد دەکات، هۆمنز بۆ چالاکییەکانی ئەو پیاوە پیشەسازییە کە لەپێناو زیادکردنی پێگە و ناوبانگی کۆمەڵایەتی خۆی لە کۆمەڵگەدا کاردەکات ئەمەی بە پاداشتی کۆمەڵایەتی داناوە.

لێرەدا تێبینی دەکەین کە هۆمنز شێوازی دەرەنجامی بەکارهێناوە (کەواتە ئەو پرۆسەیەی کە تێیدا ئەو گریمانەیە پراکتیزە دەکرێت، توێژەر لە پرۆسەی ئیستقرا پێی گەیشتووە، بۆیە لە رێگەی ئیستقراوە گریمانە دروستدەبێت و لە رێگەی دەرەنجامیشەوە گریمانەکان ئەزموونەدەکرێن).

**دوای ئەمە هەنگاو دەنێین بۆ روونکردنەوەی پرەنسیپ و رێساکانی هزری ئاڵوگۆڕخوازی لای هۆمنز کە بەم شێوەیە دیاریکردووە:**

1- ئەوەی سەبارەت بە تاکێکی دیاریکراوەوە زۆری تێدەچێت، دەشێ لای تاکێکی تر کە بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ دەکات وانەبێت.

2- ئەوەی لای تاکێکی دیاریکراو زۆری تێناچێت، رەنگە سەبارەت بە تاکێکی تر کە بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ دەکات وانەبێت.

3- ئەوەی سوود و کەڵکی بۆ تاکێکی دیاریکراو هەیە، لەوانەیە سەبارەت بە تاکێکی تر کە بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ دەکات وانەبێت.

4- ئەوەی کەڵك و سوودی بۆ تاکێکی دیاریکراو نییە، رەنگە بۆ تاکێکی تر کە بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ دەکات بە شێوەیەکی تر بێت.

5- رەنگە چالاکی ئاڵوگۆڕکراو تێچوون و سوود و کەڵکێکی زۆری لای تاکێکی دیاریکراو هەبێت، بەڵام رەنگە ئەمە سەبارەت بە تاکێکی تر کە بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ دەکات کەمتر بێت.

6- رەنگە چالاکی ئاڵوگۆڕکراو تێچوون و سوود و کەڵکێکی کەمی سەبارەت بە تاکێك هەبێت، بەڵام رەنگە سەبارەت بە تاکێکی تر کە بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ دەکات زیاتر بێت.

7- رەنگە چالاکی ئاڵوگۆڕ پێکراو تێچوونێکی کەم و سوودێکی زۆری سەبارەت بە تاکێکی دیاریکراو هەبێت، بەڵام تێچوونێکی زۆر و سوود و کەڵکێکی کەمتری سەبارەت بە تاکێکی تر کە بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردندا دەکات هەبێت.

8- رەنگە چالاکی ئاڵوگۆڕ پێکراو تێچوونێکی زۆر و سوودێکی کەمی سەبارەت بە تاکێکی دیاریکراو هەبێت، بەڵام دەشێ تێچوونێکی کەم و سوودێکی زۆری سەبارەت بە تاکێکی تر کە بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردندا دەکات هەبێت.

**هۆمنز هەندێ حاڵەتی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دەورووژێنێت کە برتیین لەمانە:**

1- دەبێت تاك لەپێناو دەستکەوتنی پاداشتی جێگرەوە لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە پاداشت پێشکەش بکات.

2- یا ئەگەر رەفتارێکی دوژمنکارانەی ئەنجامدا، ئەوا لەبری ئەمە لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە پاداشتی دەستدەکەوێت.

3- یا ئەگەر تاك پاداشتێکی پێشکەشکرد، ئەوا رەفتاری دوژمنکارانەی لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە رووبەروو دەبێتەوە.

4- یا ئەگەر رەفتارێکی دوژمنکارانەی ئەنجامدا، ئەوا لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە بە هەمان شێوە رەفتارێکی دوژمنکارانەی ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

سەرەرای ئەوانەی سەرەوە، هۆمنز ئەو بارودۆخەی کە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن ملکەچی دەبێت روونکردووەتەوە، ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

1- چەندێتی ئەو یارمەتییەی کە لایەنی یەکەم پێشکەشی لایەنی دووەمی دەکات لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا.

2- چەندێتی ئەو چالاکییە جێگرەوەیەی کە ئەوانیتر بۆ ئەو کەسانەی بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردندا دەکەن دەیرەخسێنن.



3- پلەی قبوولکردنی کۆمەڵایەتی، کە تاك لە ماوەی ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵ ئەوانیتر دەستیدەکەوێت.

4- بەهای قبوولکردنی کۆمەڵایەتی، کە تاك لە ماوەی ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵ ئەوانیتر دەستیدەکەوێت.

5- بەهای چالاکییە جێگرەوە وەرگیراوەکان لە ماوەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ کردندا.

هەروەها هۆمنز دەڵێت: پاڵنەرەکانی رەفتاری مرۆیی بریتیین لە پلە و بەها و چەندێتی ئەو پاداشت و سزایەی لەبری ئەنجامدانی یا ئەنجامنەدانی ئەو رەفتارە دەستی دەکەوێت. هەرچەند بەهای پاداشت لە هەڵسەنگاندنەکانی تاك زیادبکات، ئەوا چالاکییەکانی لەپێناو دەستکەوتنی ئەم پاداشتە زیاد دەکات، پێچەوانەکەیشی راستە. بەڵام ئەگەر تاك هەمان رەفتاری لە ماوەیەکی زەمەنی تردا دووبارە کردەوە، ئەوا بەهای پاداشتەکە لە هەڵسەنگاندنەکانیدا بەرز نابێتەوە، چونکە پێشتر دەستی کەوتوون و، بەڕای ئەو هێزی کێشکردنی کەم دەبێتەوە، بەڵام گەر چەندێتی پاداشتەکە زیادیکرد، ئەوا رەنگە هانی تاك بدات تاکو ئەو رەفتارە ئەنجام بداتەوە. هەروەها بەهای پاداشت دەشێ پارێزگاری لە پلە و چەندێتی خۆی بۆ ماوەیەکی دووردرێژ نەکات کە رەنگە زیاد بکات یا کەم، ئەمەش بە رۆڵی خۆی کاریگەری لەسەر کێشکردنی تاك بۆ مومارەسەکردنی رەفتارێکی دیاریکراو هەیە.

تاك لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی چالاکییەکی دیاریکراو لەپێناو بەدەستهێنانی دان پێدانان، یا سەرسامی، یا قبوولکردن، یا نفوزی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدات. قبوولکردنی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گرنگ لە ئاڵوگۆڕکردنی کارلێك و پەیوەندییەکان دەگێرێت، وەکو چۆن پارە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا دەیگێرێت. بەڵام رووە جیاوازەکانی نێوان دانپێدانانی کۆمەڵایەتی و پارە ئەوەیە، کە تاك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانێت دانپێدانانی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنێت بۆئەوەی سوود و کەڵکی تری دەستبکەوێت لە کاری ترو تاکی تر وەکو چۆن پارە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی دا دەیکات.

هەروەها هۆمنز جیاوازی لە نێوان دوو جۆری وەڵامدانەوەی پاداشت دەکات. لە حاڵەتە ئاساییەکاندا، ئەو تاکەی پاداشتەکەی وەرگرتووە مەیلی بۆ ئەو تاکەی پاداشتەکەی پێشکەش دەکات یا پاداشتەکەی داوە بۆ دەچێت یا بۆچوونەکانیان لەیەکتر نزیك دەبنەوە، بەڵام ئەگەر سزادان رووبدات، واتە یەکێ لە تاکەکان هەستا بە سەپاندنی سزا بەسەر ئەویتردا، ئەمە دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی و ناجێگیری پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن، کە هەڵوێستی دوور کەوتنەوە یا هەڵاتنی کاتی بەهۆی شکستهێنان روودەدات، ئەمەش بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی ئاڵوگۆرکردنی دوژمنایەتی لە نێوان تاکە بەشدارەکانی پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن و، پاشان روودانی پرۆسەیەکی ململانێخوازی وەك نەخۆشی نەك ئاڵوگۆرکردنی پاداشت، لەم حاڵەتەدا هەردوو تاکەکە وەکو یەك زەرەر و قازانج ناکەن، بەڵکو یەکیان قازانج و ئەویتر زەرەر دەکات، ئەمەش پرۆسەیەکی هاورێك نییە. کاتێك تاکێك بەویتر دەڵێت: ئەگەر بەو کارە هەڵنەستی ئەوا سزا دەدرێیت، لەم حاڵەتەدا تاکەکە لە ئەنجامی راکردن یا جێبەجێکردنی پرۆسەی سزاکە پاداشتێکی دەست دەکەوێت. زانینی پاداشت یا سزا لەلایەن تاکەوە دەبێتە هۆی زانینی تێچوونی ئاڵوگۆرکردن. گوژمەی رەفتارکردن پشت بە چەمکی جێگرەوەکان دەبەستێت کە بەراستی لە بەرامبەر تاکی یەکەم بوونی هەیە، بۆیە جێهێشتنی تاك بۆ جێگرەوەی یەکەم بۆ دەستکەوتنی جێگرەوەی دووەم هانیدەدات، ئەمەش ملکەچی فاکتەری تێچوونە کە چەندە تێچوون سەبارەت بە تاك بەرز بوو، ئەوا (تاك) کەمتر مومارەسەی دەکات یا هەر مومارەسەی ناکات.

وێرای ئەوانەی سەرەوە، ئەو کەڵکەی لە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردنەوە دەستدەکەوێت بە بەهای پاداشت و تێچوونی ئەو چالاکییەی کە پێویستە تاك ئەنجامیبدات کاریگەر دەبێت. رەنگە بەهای پاداشتەکە سەبارەت بە تاکی (أ) بەرز بێت، بەڵام چالاکییەکی زیاتری تێدەچێت و، لەم حاڵەتەدا ناتوانێ لەگەڵ تاکی (ب) ئاڵوگۆر ئەنجام بدات، ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو، واتە ئەگەر هاتو بەهای پاداشتەکە لە تێچوونی ئەو چالاکییەی کە پێویستە تاك ئەنجامی بدات زیاتر بوو، ئەوا هانی تاك دەدات بۆ



ئەنجامدانی پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن. پێمان باشە هەندێ حاڵەتی ئاڵوگۆرکردن ئاماژە پێبکەین کە هۆمنز خستونیەتە روو، ئەوانیش ئەمانەن:

ئەگەر تاك قبوولێکی کۆمەڵایەتی لە بری کارێك کە ئەنجامیداوە دەستکەوت، ئەوا ئەم قبوولکردنە هێمای پاداشتێکی مەعنەویە و گرنگییەکی زۆری دەبێت، بەڵام بەهای ئەم قبوولکردنە لە جاری دووەمدا ئەگەر هەمان کاری ئەنجامدا بەرامبەر هەمان ئەو تاکانە و بەهەمان رەوشی کۆمەڵایەتی کەم دەبێتەوە، چونکە پێشتر ئەم پاداشتەی وەرگرتووە. حاڵەتی دووەم: ئەگەر تاکێك خزمەتی پێشکەش بە تاکێکی تر کرد، ئەوا پێشکەشکردنی هەمان خزمەت و بۆ هەمان تاك لە جاری یەکەمدا تێچوونێکی زۆری پێویست نییە بەهەمان گوڕوتین پێشکەشی ناکات، چونکە ئەو سوودەی لە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردنەوە دەستدەکەوێت لەگەڵ چەندان بار بوونەوەی پرۆسەکە وورده وورده کەم دەبێتەوە (لەگەڵ هەمان تاك و هەمان چالاکی و هەمان رەوشی کۆمەڵایەتی)، واتە پێچەوانەییە. بەجۆرێك چەندە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن زیاد بکات، کەڵك و سوودی کەم دەبێتەوە. حاڵەتی سێیەم: ئەگەر دوو تاك کێبەرکێیان کرد، ئەوا بە شێوەیەکی یەکسان پاداشت دەکرێن، بەپێچەوانەی ئەو تاکانەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆردەکەن، کە دەشێ پاداشتەکانیان یەکسان بێت و کێبەرکێخوازانە نەبێت.

لە کۆتاییدا هۆمنز پاڵنەرەکانی ئاڵوگۆرکردنی بەم شێوەیە روونکردووەتەوە، قبوولکردنی کۆمەڵایەتی، بەهای چالاکییەکە، ئەو چالاکییانەی پێشتر پاداشت کراون، پێویستی تاك بۆ یارمەتیدانی لەلایەن ئەوانیترەوە.

بەڵام ولتەر پکلی دەڵێت: پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی سیفەتی بەردەوامی لە کۆمەڵگەدا هەیە، کە بە پێکدادان و ناکۆکی دەستپێدەکات و، بەگونجان و سازان کۆتایی دێت، بەشێوەیەك لەسەرەتادا رۆحی بەرهەڵستکاری دژی پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن دەردەکەوێت، بەڵام لە رێگەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە ئەم بەرهەڵستکارییە نامێنێت و متمانەی ئاڵوگۆرکراو لە نێوان بەشداربووانی پرۆسەکە جێی دەگرێتەوە.

زانا پیتەر پلاو پێیوایە چاوەروانی کۆمەڵایەتی تاکەکان لە رێگەی مومارەسەکردنیان بۆ ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەی لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پابەندبوون بە چاوەروانییە کۆمەڵایەتییەکانی پاداشت پێش چوونە ناو پرۆسەی ئاڵوگۆرخوازیەوە، بەرجەستە دەبێت بە پاداشت و سزادان دەبەسترێتەوە. ئەگەر تاك چاوەروانییەکانی ئەوانیتری کە پەیوەستە بە پاداشتی کۆمەڵایەتییەوە زانی، ئەوا رادەی بەشداربوون لە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن دەستنیشان دەکات. واتە ئەگەر زانی بەهای پاداشتەکە بەرزە، ئەوا بۆ بەشداریکردن هانی دەدات و ئەگەر کەم بوو، ئەوا رەنگە بەشداری نەکات و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێشکەش بە لایەنە بەشدارەکانی پرۆسەکە نەکات.

زانا پلاو چوار رەگەز بۆ پاداشت دەستنیشاندەکات ئەوانیش، سامان، قبوولی کۆمەڵایەتی، ئیعتباری کۆمەڵایەتی، گوێرایەڵی یا خۆبەدەستەوەدانە. بە بۆچوونی پلاو سامان پاداشتێکی گرنگ نییە، بەڵام بەهایەکی کارای لە پاداشتدا هەیە. هەروەها ئیعتباری کۆمەڵایەتی بەهایەکی کارا و گرنگی لە پاداشتدا هەیە، بەڵام گوێرایەڵی یا خۆبەدەستەوەدان بەهایەکی زۆری بۆ ئەو تاکەی نفوزی کۆمەڵایەتی دەستکەوتووە هەیە، کەچی سەبارەت بەو تاکەی نفوزی کۆمەڵایەتی لەدەستداوە هەمان بەهای نابێت. ئەو تاکەی بە بەردەوامی خزمەتگوزاری پێشکەش بە تاکە دیاریکراوەکان دەکات (ئەو تاکانەی خزمەتگوزاریەکانیان پێشکەشدەکرێت)، ئەوا گوێرایەڵی داواکارییەکانی ئەو تاکەی یەکەم کە خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکات دەبن.

ئەمانە گرنگترین ئەو شتانە بوون کە هزری ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی نوێ گرنگی پێداون، کە جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە نوێ و هاوچەرخەکان دەکاتەوە، نەك کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و لەو کۆمەڵگەیانەدا کە پیشەسازین نەك کشتوکاڵی. ئەم هزرە نوێنەرایەتی یەکە میکرۆکان یا قەبارە بچووکەکان دەکات.



## بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

ئەم هزرە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر بچووکەوە دەستیپێکردووە کە دەکەوێتە چوارچێوەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، بەم دەستپێکردنە هزری ئاڵوگۆرخوازی بنچینەی لێکۆڵینەوەکانی بچووك کردەوە و بە دەوری خاڵێکی زۆر بچووکدا خولایەوە، بە رادەیەك وای لێهات نەیتوانی چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی لە دەرەوەی ئەم خاڵەدا فراوانتر بکات. بە مانایەکی تر، ئەم هزرە لە یەکێ لە پێکهاتەکانی پرۆسەی دیالێکتیکی کە لە نێوان دوو تاك یا لەناو گرووپێکی کۆمەڵایەتی بچووك روویداوە کۆڵیوەتەوە. بەشێوەیەك نەیتوانی قووڵتر بروات یا لێکۆڵینەوە ئاڵوگۆرخوزایەکەی لە نێوان جۆرەکانی یا سستەمە کۆمەڵایەتییەکان یا لە نێوان رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامبدات، بەڵکو بە لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی نێوان یەکە کۆمەڵایەتییە زۆر بچووکەکان ئیکتفا دەکات. بەڵام ئێمە ناتوانین ئەم لێکۆڵینەوە قەبارە بچووکانە بە هەند دانەنێین، چونکە ئەم لێکۆڵینەوانە توانیویانە بچنە ناو پرۆسەیەکی بنچینەیی و جەوهەری بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێ لە پێکهاتەکانی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بکەن، ئەویش بۆ زانینی ئەوەی چۆن تاکەکان چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان ئاڵوگۆردەکەن - ئەمە لە راستیدا - بەتوانای دەستنیشانکردن و شیکارکردنی وورد و گرنگ دەناسرێت، چونکە ئەم لێکۆڵینەوەیە توانی بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە پاڵنەرەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان لە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردندا بخاتەروو، بە تایبەتی کە ئەم پرۆسەیە (ئاڵوگۆرخوازی) لە دیاردە باوەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکانە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکیتر و لە ماوەیەکەوە بۆ یەکیتر لە هەمان کۆمەڵگەدا دەگۆرێت. ئەوەتا لە کۆمەڵگەی پیشەسازی و سەرمایەداریدا پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لەسەر رەگەزی ماددی و کۆمەڵایەتی وەستاوە لە کۆمەڵگەی نەریتی و بەهاییدا زیاتر لەسەر ئیعتبار و نفوزی کۆمەڵایەتی وەستاوە تا فاکتەری ماددی، چونکە فاکتەری یەکەم لەم کۆمەڵگەیانە بەسەر فاکتەری دووەمدا زاڵە.

بەڵام ئێمە پرسیار دەکەین: ئایا بەراستی تاك بیر لە پرۆسەی ژماردنی بەهای چالاکی کۆمەڵایەتی، تێچوونی ماددی، مەعنەویەکەی، ڕادەی دووبارە بوونەوەی لە ژیانی رۆژانەی، پلەی گرنگی سەبارەت بەو، ئەنجامدانی هەمان ئەو چالاکیەی کە پێشتر کردبووی دەکاتەوە؟. هەمیشە واقیعەکە ئەوها نییە، چونکە تاك هەندێ چالاکی کە بەهایان زۆرە ئەنجام دەدات، ئەمە نەك لەبەرئەوەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە قبووڵ بکرێت یا بۆئەوەی رێزی کۆمەڵایەتی یا پاداشتی ماددی دەستبکەوێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەو چالاکییە مومارەسە دەکەن.

هەروەها قبووڵ و رێزی کۆمەڵایەتی بە یەك ئەندازە نابێت، ئەوەتا پلەی جیاجیا لە کۆمەڵگەدا هەیەو حەز و ئارەزووی تاکی هەیە، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەم جیاوازییانە لە رێز و قبووڵی کۆمەڵایەتی. ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی کردەیی لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، بەڵام ئەم هزرە ئەو پێوەرانەی بۆ روون نەکردووینەتەوە کە بۆ پێوانی رێز یا قبووڵی کۆمەڵایەتی بەکاریدەهێنێت، تەنها ئاماژەی کردووە بە پێوەری بەراوردکردنی نێوان ئەوەی کە کردوویەتی یا چالاکییەکی دیاریکراوی ئەنجامداوە لە رابردوو ئێستا.

بەڵام ئەگەر کۆمەڵگە پێوەرێکی بۆ بەهای چالاکییەکان و تێچوونی و رادەی دووبارە بوونەوەی دانابێت، ئەوا تاك لە کۆمەڵگەدا پابەندی دەبێت و مومارەسەی دەکات.

ئەم هزرە زیاتر گرنگی بە چالاکییە تاکایەتییەکان دەدات تا چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان. لێکۆڵینەوە لەسەر ئاڵوگۆری چالاکی نێوان دوو تاك یا بەها و تێچوونی چالاکییەکان لای تاك دەکات نەك لای کۆمەڵگە. لەم حاڵەتەدا ئەم هزرە زیاتر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو حاڵەتە تاکییانە دەکات کە ملکەچی کاریگەرییە تاکییە -کۆمەڵایەتییەکانن تا لێکۆڵینەوە لەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییانەی کە کاریگەرییان لەسەر تاك هەیە. بەمانایەکی تر، هزری ئاڵوگۆرخوازی بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە ئیعتبار و رێز و نفوزی کۆمەڵایەتی و



پێکهاتەکانی لەناو کۆمەڵگە و شوێنەوارەکانی لەسەر تاك نادات، بەڵکو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەوە کردووە کە چۆن تاك ئیعتبار و نفوزی کۆمەڵایەتی دەستدەکەوێت، واتە ئەو لە بنچینەیەکی تاکییەوە دەستییپێکردوە بۆئەوەی بە وروژێنەرە کۆمەڵایەتییەکان بگات، نەك بە بونیادی کۆمەڵگە یا کولتووری کۆمەڵگە. بۆیە بەم مانایە ئەم هزرە ناتوانێت لێکۆڵینەوەکانی لەسەر هەموو تاکەکانی یەك کۆمەڵگە یا هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان بگشتێنێت. سەرەرای ئەوانەی سەرەوە، ئەم هزرە لە پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتیدا جیاوازی لە نێوان رەگەز و تەمەنی ئەو تاکانەی لەم پرۆسەیەدا بەشداری دەکەن نەکردووە، چونکە هەڵسەنگاندنی نێر بۆ تێچوونی چالاکییەکی دیاریکراو لە هەڵسانگاندنی مێ بۆ تێچوونی هەمان چالاکی جیاوازە و ئەو هەڵسەنگاندنەی گەنجێك دەیکات کە شارەزاییەکی کۆمەڵایەتی فراوانی نییە لەوەی پیاوێکی بەساڵاچوو هەڵیدەسەنگێنێت کە شارەزاییەکی کۆمەڵایەتی زیاتری هەیە لە گەنجەکە جیاوازە، هەروەها ئەم هزرە ئینتمای چینایەتی و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکان لە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردندا وەرنەگرتووە، کە رەنگە ئەندامانی چینی دەوڵەمەند جەخت لەسەر دەستکەوتنی ماددە زیاتر بکەنەوە لە رێز و ئیعتبار و نفوزی کۆمەڵایەتی تا ئەندامانی چینەکانی تر (ئەوانەی دەوڵەمەند نین). هەروەها ئەم هزرە گرنگی بەئاستی خوێندن و کولتووری ئەو تاکانەی بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردندا دەکەن نەداوە، چونکە ئەوەی رۆشەنبیر یا ئەوەی ئاستێکی بەرزی هەیە و بیری لێدەکاتەوە لەوەی نارۆشەنبیرێك یا ئەوەی ئاستێکی زانستی نزمی هەیە بیری لێدەکاتەوە جیاوازە. هەرەوها ئەم هزرە گۆراوی رۆڵی تاك و پایە کۆمەڵایەتییەکەی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن فەرامۆشکردووە، لەبەر ئەوەی ئەو تاکەی رۆڵێکی کۆمەڵایەتی چالاك دەگێرێت و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز داگیر دەکات بیر لە پاداشتە ماددییەکان ناکاتەوە بەو رادەیەی بیر لە پاداشتە مەعنەویەکە دەکاتەوە (ئیعتبار و نفوزی کۆمەڵایەتی)، ئەویش بۆ توند و تۆڵکردنی زیاتری پێگە کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر لەو تاکانەی کە پێگەی

کۆمەڵایەتی نزم داگیر دەکەن. هەموو ئەم گۆڕاوانە هزری ئاڵوگۆڕخوازی لەخۆی نەگرتوون، بەڵام ئیکتفای کردووە بەپرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن و بەها و تێچوونی چالاکییەکانی نێوان ئاڵوگۆڕکاران، ئەوانەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن دوور لەم گۆڕاوانە کە گرنگییەکی زۆریان هەیە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدەن. ئەم هزرە چەمکی جێگرەوەی ووروژاند کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، پێیوایە تاك دەیانزانێت، کە ئەگەر حەزی لێنەبوو پاداشتی (ا) بەدەستبهێنێت، ئەوا بەرەو پاداشتی (ب) یا (ج) یا (د) هەنگاو دەنێت تا بەدەستیان بهێنێت. بەڵام ئێمە لەم رووەوە پرسیار دەکەین: ئایا ئەو تاکە زانیاری تەواوی بۆ هەموو جێگرەوە کۆمەڵایەتییەکان و بەهەمان ئەندازە و چەندێتی پێیە، بۆئەوەی بتوانێت یەکێ لەم جێگرەوانە هەڵبژێرێت؟ چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا تاك چالاکییەکی ئاڵوگۆڕکارانە ئەنجامدەدات، لەبەرئەوەی جێگرەوەی تر بۆ ئەم چالاکییە شکنابات، بۆیە پاداشتێکی کاتی یا سەرەتایی کە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی بەتەواوی تێر ناکات دەستدەکەوێت.

ئەم هزرە لەگەڵ هزری رۆڵ و رێکخستنی کۆمەڵایەتی جیاوازە، چونکە تاك بە بۆچوونی ئەم دوو هزرە پابەندبوونەکانی خۆی دەزانێت، لەبەرئەوەی زۆربەی کات نووسراون، بەڵام پابەندبوون و ماف و ئەرکەکانی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی نێوان تاکەکان نەنووسراون، تەنانەت سەبارەت بەو تاکانەی لە پرۆسەکەشدا بەشداری دەکەن روون و ئاشکرا نییە، بەڵکو ملکەچی کاریگەرییە کەسێتییە—خودخوازییە گۆڕاوەکانە کە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێت. بۆیە رێسایەکی گشتی کە بەشێوەیەکی تێرو تەسەل ئاماژە بە هەموو حاڵەتەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بکات نییە.

ناتوانرێت ئەم هزرە لەسەر پەیوەندی خزمایەتی و خوێنی و رەحمییەکان پراکتیزە بکرێت، لەبەر ئەوەی دایك و باوك گرنگی بەو بەها یا تێچوونی ئەو چالاکییەی، بەهۆی بوونی پەیوەندی خوێنی و هەستی بەرپرسیارێتی لە رووی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەوە پێشکەشی منداڵەکانیانی دەکەن نادەن. دەشێ



دایك (گورچیلە)ی خۆی بە کورەکەی یا کچەکەی ئەگەر نەشتەرگەری لابردنی گورچیلەی بۆ بکرێت ببەخشێت، بێ ئەوەی (دایك یا باوك) هیچ بەهایەکی ماددییان لەبری ئەو چالاکییەی کە دەیکەن دەستکەوێت، بەڵکو ئەمە بەهۆی بوونی هەستی دایکایەتی یا باوکایەتییە، یا رەنگە یەکێ لە تاکەکان خوێن بە یەکێ لە خزمەکانی کە لەکاتی نەشتەرگەری پێویستیەتی ببەخشێت کە بێ ئەوەی هیچ پاداشتێکی ماددی لە خزمەکانی دەستبکەوێت ئەم کارە ئەنجام دەدات. لێرەدا شوێنێك بۆ بەها یا تێچوونی ئاڵوگۆڕکردن لەم جۆرە پەیوەندیانەدا نابینرێتەوە.

ئەم هزرە پێیوایە پاشگەزبوونەوەی تاك لە مومارەسەکردنی یەکێ لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ترس لە سزا دەگەرێتەوە، ئەمەش مانای پاداشتکردنی دەگەیەنێت، ئەویش سزا وەرنەگرتنی. بەپشت بەستن بەم لۆژیکە، ئەم پاشگەزبوونەوەیەی تاك لە ئەنجامی بیرکردنەوەی تاك بەشێوەیەکی ئەقڵانی بۆ مومارەسەنەکردنی یەکێ لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دروستدەبێت، ئەم حاڵەتەیە کە هزری ئاڵوگۆڕخوازی لەکاتی راڤەکردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن فەرامۆشی کردبوو. کەوا بێت شوێنی ئەقڵ و بیرکردنەوەی تاك لەم پرۆسەیەدا لە کوێیە؟ یا، ئایا ملکەچە بۆ پرۆسەی ژماردنی پەیوەست بە بەها و تێچوونی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان؟ تاك هەندێجار بەتایبەتی کە کاتێك دەزانێت سزایەکی کۆمەڵایەتی یا ماددی لەئەنجامی ئەو رەفتارەی کە کردوویەتی لەکاتێکی دیاریکراودا دەکەوێتە سەری، نەك بەهۆی کاریگەری کۆمەڵگەوە، ئەقڵی بەکاردەهێنێت.

لە راستیدا دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو جۆر چالاکی کۆمەڵایەتی بکەین، یەکەمیان بەشێوەیەکی رێژەیی و بە درێژایی نەوەکان جیگیرە و، دووەمیان لە چوارچێوەی نەوەیەکدا گۆڕاوە. ئەم دوو جۆرە چالاکییە بە گۆڕانی کۆمەڵگەی گشتی و بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی و ئاڵوزبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاریگەر دەبن، ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕانی بەهای چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، کە بە رۆڵی خۆی دەبێتە هۆی گۆڕانی تێچوون و پلەی مومارەسەکردنی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە. ئەمەش مانای وایە

ناتوانین بنچینەیەکی گشتی و سەرتاپاگیر دابنێین، بۆئەوەی ئاڵوگۆری چالاکی تاکەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە دیاریبکەین.

جگە لەم پرسیار و رەخنانەی کە ئێستا خرانەروو، ئەوا ئەم هزرە لایەنێکی نوێ و هاوچەرخی لە شیکارکردنی کۆمەڵایەتی بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی رەخساندوە، توانی پێکهاتەکانی ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی دروست راڤە بکات، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە سەرمایەدار و پیشەسازییەکان کە نرخێکی زۆر بۆ پرۆسەی تێچوون و بەهای کۆمەڵایەتی و رەفتاری تاك دادەنێت.

لەکۆتاییدا ئەم هزرە هەوڵیدا لایەنی ئابووری بۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی دەربخات، بەڵام تەنها هەندێ چەمکی خستۆتەروو کە رێبازی بەرژەوەندیخوازی- ئابووریناسی بۆ بونیادنانی هزرێکی نوێ لە بواری کۆمەڵناسیدا بەکاریهێناوە، هەروەها ئەم هزرە هیچ گرنگییەکی بە داهات یان ئینتمای چینی یان خاوەنداریێتی یا هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کاریگەری لەسەر پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن نەداوە. ئەمە هزرێکی زیاتر تاکخوازە تا هزرێکی کۆمەڵایەتی و زیاتر ئابوورییە لەوەی کۆمەڵایەتی بێت.

## 2- **رێگاکانی لێکۆڵینەوە:**

أ- **تێبینی راستەوخۆ:** واتە چاودێریکردنی رەفتاری ئەندامانی پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێ بوونی نێوەند و تۆمارکردنی بە وردی و بەپێی بەرنامەیەك کە ئامانجی روونی ئەم چاودێرییە لەخۆ دەگرێت.

ب- **تاقیگەی کۆمەڵایەتی:** کەلە ئامێری کۆمپیوتەر و ئامێری کارەبایی پێکهاتووە بۆ دەستنیشانکردنی رەفتاری ئەندامانی ئەو گرووپەی کە لە ژێر تاقیکردنەوە و چاودێری راستەوخۆدان.

ج- **بینین و تێبینیکردنی** رەفتاری باڵندەکان نموونەی کۆتر، کە جۆرج هۆمنز پێی هەستاوە. هۆمنز دەنکە گەنمی خستە بەردەم کۆترێك وەك هاندرێك بۆ



رەفتارە غەریزییەکەی و لەپێناو زانینی ئارەزووی بۆ خورادنەکە (ئەمە وەك پاداشتێك) و، پەیوەندی ئەمە بە مومارەسەکردنی رەفتارێکی ترەوە کە سزادانە، بەهۆی بێبەشکردنی لە خۆراك لەکاتی رەتکردنەوەی هەندێ داواکارییەکانی تاقیکردنەوەکەی. لەم تاقیکردنەوەیەدا هۆمنز گریمانەی تیۆری لە ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی دانا.

## 3- **چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی هزری ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی:**

أ- **رەفتاری مرۆیی:** پێکهاتووە لەو چالاکی و کارلێك و سۆزەی کە تاك ئەنجامی دەدات، ئەمە لە رەفتاری ئاژەڵی جیاوازە، چونکە هەڵگری پاشخانێکی کۆمەڵایەتی و کەلتورێکی سەرتاپاگیر و توانایەکی ئەقڵی باڵایە.

ب- **پاداشتە کۆمەڵایەتییەکان:** واتە نرخی ئەو کارەی تاك پێیهەڵدەستێت و کۆمەڵگە داوای لێدەکات، ئەمە زیاتر هاندەرێکە تا بۆ دەستکەوتنی (پاداشت) ئامانجێك بێت.

ح- **سوودخوازی:** واتە توانای چالاکی مرۆیی بۆ پێشکەشکردنی سوود و کەڵك بۆ ئەوانیتر و هەبوونی توانا بۆ ئاڵوگۆرکردنی بە چالاکییەکی مرۆیی تر.

د- **تێچوونی کۆمەڵایەتی:** واتە چەندێتی ئەو چالاکییەکی کە پێویستە تاك لە بری دەسکەوتنی سوودێکی چاوەروانکراو ئەنجامی بدات.

ه- **بەرژەوەندییەکان:** واتە حەزو ئارەزووە خودخوازییە ماددی یان مەعنەویەکان کە تاك هەوڵ بۆ دەستەبەر کردنیان دەدات.

و- **ئاڵوگۆرکردن:** واتە پێشکەشکردنی چالاکییەکی کۆمەڵایەتی لەلایەن لایەنی یەکەمی بەشدار لە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردنەکە بۆ لایەنی دووەم لەبری ئەوەی یەکەمیان پێشتر چالاکییەکی لەلایەن لایەنی دووەمەوە دەستکەتووە.

ز- **کێبەرکێ:** واتە پێشبرکێ بۆ دەستکەوتنی زۆرترین چالاکی کۆمەڵایەتی کە بتوانرێت بە کەمترین تێچوون و بەرزترین بەها لە پرۆسەی ئاڵوگۆرکرندا بەدەستبهێنرێت.

**ك– سەرمایەگوزاری کۆمەڵایەتی:** واتە گەشەپێدانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرژەوەندی ئەوانەی مومارەسەی دەکەن.

### 4- پێشەنگانی ئەم هزرە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| هۆمنز | مالینۆفسکی | تیبۆ | موس |
| کێلی | پڵاو | بێکلی | سکنەر |
| ناکاسفا | ترنەر | شنایدۆر | هیۆس |
| ستراوس | گۆڵدنەر | ئەتزیۆنی | کینکڵ |

### 5- رەخنەی هزری ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی:

أ- هزری ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لەسەرەتای قۆناغی یەکەمیدا هەڵسەنگاندنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێناوە و، لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم دیاردانەی لە کۆمەڵگە سەرەتاییە بچووکەکاندا هەن کردووە، پاشان بەسەر هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان بەچاو پۆشی لە قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و هزرییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان گشتاندوویەتی.

ب- ئەم هزرە دژیەکی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی لە گۆشەیەکی سوودخوازیی - ئاڵوگۆرخوازییەوە راڤە کردووە، لایەنەکانی تری، وەك بەشداریکردنی ویژدان و بیروباوەر و هزر و بەشداریکردنی نەتەوەیی فەرامۆشکردووە.

ح- ئەم هزرە لێکۆڵینەوەی لەبارەی پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە کشتوکاڵی و نەریتی و سۆشیالستی و ئاینییەکان فەرامۆشکردووە. ئەوەتا فاکتەری کاریگەر لەم کۆمەڵگەیانەدا هەیە و لەو فاکتەرە کاریگەرانەی لەسەر پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگە پیشەسازیانەی هۆمنز لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون هەیە جیاوازە.

د- ئەم هزرە ماوە و توندی ئەو ململانێیەی کە لەناو ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتیدا روودەدات راڤە نەکردووە.



هـ- شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانی لای تاکە بەشدارەکانی پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن و کاریگەری لەسەر پرۆسەکە و هەڵسەنگاندنی تاك بۆی فەرامۆشکردووە.

**زانا لیۆن ۆزشی کۆمەڵێك رەخنەی سەبارەت بەم هزرە خستووەتەروو، کە گرنگترینیان ئەمانەن:**

أ- وێکچوونێك لە نێوان هزری کارلێکخوازی و رێکخستن و ئاڵوگۆرخوازی هەیە، وەك لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا هاتووە:

1- هەموویان پێیانوایە رێسا کۆمەڵایەتییەکان پاش زانینی چاوەروانییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە پەیوەندیە ئاڵوگۆرخوازەکان و دوای جێگیربوون و چەسپاندنی ئەم مەعریفەیە لە نێوان هەردووکیان دەردەکەون.

2- هەموویان جەخت لەسەر هەڵوێستە هەنووکەییەکان دەکەنەوە تا جەختکردنەوە لەسەر رابردوو پاشخانی ئەو هەڵوێستانەی کە ئەندامە بەشدارەکانی پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن کۆدەکاتەوە.

3- هەموویان پێیانوایە پرۆسەی ئاڵوگۆرکردن بۆ هەموو رووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی گونجاوە.

ب- هزری ئاڵوگۆرخوازی بایەخێکی زۆری بەکاریگەری بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گرنگی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی نەداوە، بەڵکو بەشێوەیەکی رواڵەتی و سادە ئاماژەی پێکردووە، وەك ئەوە وایە کە چەمکێکی بەشی بێت، ئەمەش بەس نییە، چونکە بەها کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر سروشتی ئاڵوگۆرکردن هەیە.

ج- هزری ئاڵوگۆرکردن پێیوایە رەفتاری کۆمەڵایەتی تەنها بە ئاراستەی خزمەتکردنی ئامانجە کەسێتی و خودخوازییەکان دەروات، لەهەمانکاتدا ملکەچی ئیعتبارو سۆز و نائەقڵانی و هزرەکانە.

د- ناتوانرێت لە رێگەی تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی تاك لە رەفتاری ئاڵوگۆرکراو تێبگەین، چونکە پەیوەندییە ئاڵوگۆرکراوەکان بریتیین لە رەنگدانەوەی

شێوازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، کە ئینتمای بۆیان هەیە، ئەمەش ڕێگەی بیرکردنەوەی ئەو تاکەی کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریەکانی وەزیفە و بەها و ڕێساکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە بۆمان ڕووندەکاتەوە.

بەڵام زانا پیترەم سۆرۆکین دەڵێت: هزری ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە سوودخوازییەکانی ناو گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەکانە، بەڵام ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە سوودخوازییەکانی ناو سستەمی کۆمەڵایەتی باوی کۆمەڵگە نییە. زانا جۆناتان ترنەر کۆمەڵێك ڕەخنەمان پێشکەش دەکات ئەویش بەم شێوەیەیە:

أ- ئەم هزرە ڕێسای کۆمەڵایەتی تایبەت بە ڕەفتاری مرۆیی کە ناتوانرێت لەسەر هەموو شێوەکانی ڕەفتاری مرۆیی پراکتیزە بکرێت داناوە، چونکە ئەمە (واتە ڕەفتاری مرۆیی) دەکەوێتە ژێر چەندین گۆڕاوی جیاواز کە بەجیاوازی کۆمەڵگە و فاکتەری زەمەنی جیاواز دەبێت.

ب- لێکۆڵینەوەکەی هۆمنز کۆمەڵێك گشتاندنی رووکەش لە دەرەنجام و ئیستقرا لەخۆ دەگرێت.

ج- چەمکەکانی هۆمنز پەیوەستن بە ڕەگەزی ڕەفتاری مرۆیی نادیار، بۆ نمونە بۆ ئاماژەکردن بە برسێتی و تینوێتی و هەندێ شڵەژان و تێکچوونی ناوەکی- دەروونی سۆزی بەکارهێناوە.

د- هزری ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی، بریتییە لە تێکەڵێك لە هزری ئابووری و دەروونی زیاتر لەوەی هزرێکی کۆمەڵایەتیبێت.

هـ- ئەم هزرە بایەخی بەلایەنە ئەقڵانییەکان و کاریگەری لەسەر ڕاڤەکردنی ڕەفتاری مرۆیی و ئەوەی تاچەند ڕەفتاری تاك دەخەملێنێت نەداوە.

و- هۆمنز وای داناوە ئەو تاکانەی پێگە کۆمەڵایەتییە باڵاکان داگیر دەکەن زیاتر لەگەڵ ڕێساکانی گرووپ وێکچوون دروستدەکەن، بەڵام لەواقیعدا ئەو خەڵکانەی کە زیاتر لە ڕێساکانی گرووپ لادەدەن، ئەوان سەرۆکی گرووپ و ئەو تاکانەن کە پێگەی کۆمەڵایەتی باڵایان هەیە.



ز- ئەم هزرە گشتاندنە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ بە بنەما دەروونییەکان دەکات.

ر- ئەم هزرە- ئاماژەی نەکردووە بەوەی، چۆن پرۆسەی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لەناو بونیادە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ڕوودەدات و کاریگەری لەسەر خودی بونیادەکان چییە.

ك- ئەم هزرە قەبارەی گرووپی کۆمەڵایەتی کە ڕەنگە لە دوو کەس یا لە هەزاران کەس پێکهاتبێت دیارینەکردووە.

ل- ئەو ئەندامانەی گرووپ کە زیاتر وێکچوون لەگەڵ ڕێسا و بەها و بۆچوونەکانی گرووپ دروستدەکەن، ئەو ئەندامانەن کە پێگە کۆمەڵایەتییە نێوەندییەکان داگیر دەکەن. زیاترین ئەو ئەندامانەی گرووپ کە وێکچوون لەگەڵ ڕێساکانی گرووپ دروست ناکەن ئەوانەن کە پێگەی باڵاو نزمیان هەیە، نەك وەك هۆمنز باسی کردووە، بەوەی زیاترین ئەو خەڵکانەی وێکچوون لەگەڵ بەهای گرووپی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن ئەوانەن کە پێگەی نزم و باڵایان هەیە.

## زاراوە و چەمکەکانی بەش

| | |
|---|---|
| Armlets | بازنەکان(اساور) |
| Deductive | دەرەنجام (استنتاج) |
| Inductive | ئیستقرا (استقراء) |
| Low rank | پێگەی نزم (رتبة واطئة) |
| Marginal Utility | سوودخوازیی سنووردار یا پەراوێزی (المنفعة الحدية او الهامشية) |
| Necklaces | ملوانکەکان (قلائد) |
| Profit | قازانج (ربح) |
| Social Ranks | پێگە کۆمەڵایەتییەکان (مراتب الاجتماعية) |
| Social reward | تێچوونی کۆمەڵایەتی (الكلفة الاجتماعية) |
| Social cost | پاداشتە کۆمەڵایەتییەکان (مكافأة اجتماعية) |
| Social exchange | ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی (تبادل اجتماعی) |
| Symbolic exchange | ئاڵوگۆری هێمایی (تبادل رمزی) |

## بەشی حەوتەم: هەوڵە هزریە پێشەنگەکان

تیمێکی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە بواری کۆمەڵناسی هەستان بە چەندین هەوڵی زانستی پێشەنگ. ئەم هەوڵانەش خزمەتی کۆمەڵناسی تیۆرییان کرد، بایەخپێدەرانی ئەم زانستە کاتێك ئەمانەی لای خوارەوەیان بینی:

1- هزری کۆمەڵایەتی پرژاوەتە سەر یەك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و، لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی فەرامۆش کردووە، وەك چۆن دەبینین هزری وەزیفی بەسەر کامڵبوون و هاوسەنگیدا و، هزری ململانێخوازیش بەسەر پێکدادان و ململانێکان داپرژاوە.

2- لە هزری کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆرخوازی و هێماییدا، وێکچوون و دووبارە بوونەوەی هزرو چەمك و تێروانین بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە.

3- لە هزری کۆمەڵایەتیدا تێهەڵکێشی هزری لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان و تێروانین و شیکاری کۆمەڵایەتیدا هەیە، وەك چۆن لە هزری دیالێکتیکی هیگڵی مارکسی (دیالێکتیکی) و هزری وەزیفیدا دەبینرێت.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە، ئەم توێژەرانە تێبینیان کردووە کە داهێنەرو گەورە زانا و هزرڤانانی کۆمەڵایەتی، دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان بە یەك بۆچوون و تێروانین راڤە کردووە، ئەویش بە بەکارهێنانی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانیان، نموونەی تالکۆت پارسۆنز، کە تیۆرەکەی (بونیادی کۆمەڵایەتی) بە بنچینەی یەکەم بۆ راڤەکردنی دیاردەکۆمەڵایەتییەکان و واقیعی کۆمەڵایەتی دادەنێت و دانی بە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی تر نەناوە.

هەندێ لە کۆمەڵناسان، تیۆرە کۆمەڵایەتی و هزرەکانیان بۆ روونکردنەوەی پسپۆرییە زانستییە- کۆمەڵایەتییەکانیان بەکارهێناوە، کە بریتییە لە یەکێك لە بوارەکانی کۆمەڵناسی، ئەوانیش نموونەی کنکزلی دیفێز و جۆرج لندبرگ.



تیمێکی تر لە تیۆرەوانانی کۆمەڵناسی وا تەماشای هزرو تیۆرەکەی دەکات بەو پێیەی نموونەیەکی کامڵی تیۆری جیهانی هزری کۆمەڵایەتییە، نموونەی جۆرج هۆمنز و هێربرت بلۆمەر.

پاشان تیمێکی تر لە تیۆرەوانانی کۆمەڵناسی هاتن، کە لە بوونی نەگونجاوی لە هزرو تیۆرە کۆمەڵایەتییە جیاواز و جیاجیاکان، هەروەها جیاوازی لە گفتوگۆو شیکارکردن و نەشیانی ئەو تیۆرانە بۆ لێکۆڵینەوە لە واقیعی کۆمەڵایەتی جارس بوون. بۆیە هەوڵیاندا هەموو تیۆرو هزرە کۆمەڵایەتییەکانی بواری کۆمەڵناسی تیۆری پشتگوێ بخرێن و، هزرو تیۆری نوێ کە بنچینەی نوێ و متیۆدی زانستی روون و ئەنجامی زانستی و واقیعییان هەبێت داڕێژن، ئەمانەش نموونەی چارلس ئەندرسۆن و ئارفنك زیتلن.

### 1- هەوڵی لویس کۆزەر:

ئەو بارودۆخە نازانستییەی کۆمەڵناسی تیۆریی تێیدا ژیاوە و دەژی، هانی هەندێ لەو توێژەرە کۆمەڵایەتییانەیدا کە بروایان بە کارایی ئەم زانستە و توانای پێشەکەشکردنی خزمەتی هزری و تیۆری بۆ هەموو خەڵکی هەیە، بۆئەوەی بانگەشەی یەکخستنی ئەم هزرانە بکەن، بۆئەوەی لە دەمارگیری خودخوازی و هزری و بواری دوور بکەونەوە. هەوڵەکانی لویس کۆزەر کاتێك دەرکەوت کە توندرەویەکی هزری لەلایەن هزری وەزیفی و ململانێخوازییەوە. بینی کۆزەر تێبینیکرد کە ئەم هزرانە تێروانینەکانیان بە بۆچوونێکی توندرەوانە دەردەبرن و، یەك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات، نموونەی تالکۆت پارسۆنز، رۆبەرت مێرتن، ئەبرل، مۆر، کنکزلی دیفێز و کایلن، کە بەتێروانینێکی سەرتاپاگیر لەرێگەی سیستەمە کۆمەڵایەتییە پێکبەستراو و هاوشان و هاوسەنگەکان تەماشای کۆمەڵگەیان دەکرد. ئەگەر ململانێ یا ناکۆکی لە نێوان سیستەمەکان روویدا، ئەوا کاتی و کتوپرە، ئەگەر گۆران لە رەوشی ئەم

سستەمانە یا لە پەیوەندیەکانیان روویدا، ئەوا گۆرانێکی هێواشە و جەوهەری نییە. واتە سیفەتی گشتی و باو بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی (بە بۆچوونی لایەنگرانی تیۆری بوونیادی وەزیفی) بریتییە لە کامڵبوون و سازانی ئەم سستەمانە لەناو بوونیادی کۆمەڵایەتی.

بەڵام تیمی دووەم لە تیۆرستانی کۆمەڵناسی، نموونەی زیمێل، کمبلۆڤچ، مارکس، فۆڵد، پارك، ئەوبن هایمەر و سمۆڵ، تێروانینەکانیان بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی بەجۆرێکە، کە پێیانوایە (کۆمەڵگەی مرۆیی) تۆرێکە لە پەیوەندی مرۆیی، کە لەسەر ناکۆکی و ململانێ وەستاوە و بەردەوام لە نێوان تاك، گرووپ، چین و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا روودەدەن. واتە ئەمان گرنگی بە هاوسەنگی و یەکسانی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نادەن بەو ئەندازەیەی گرنگی بە دیاردەی ململانێی کۆمەڵایەتی دەدەن. لایەنگرانی ئەم هزرە پێیانوایە ململانێ دەبێتەهۆی گۆرانکاری و گۆرانی کۆمەڵایەتی.

ئەم دوو تیۆرە لە بۆچوونەکانیان بۆ کۆمەڵگە توندرەون و، هەریەکەیان لایەنێکی گرنگی لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە فەرامۆشکردووە و، زیادەرۆیی لەو لایەنەی کە لێوەی دەستی پێکردوو کردووە. ئەمە هانی لویس کۆزەریدا کە بە چوارچێوەیەکی تیۆری نوێ دەوری بگرێت و ناوینا (وەزیفەی ململانێ)، کە رەنگدانەوەی بیرو بۆچوونێکی نوێی تاك ئاراستەییە. ئەم هەوڵدانە زانستییە پێشەنگە وێنای کۆمەڵگەی کرد بەوەی لە کۆمەڵێك سستەمی پێکەوە بەستراوو یەکگرتوو پێکهاتووە، لە هەمانکاتدا ئەم سستەمە پێکەوە بەستراوانە ملکەچی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەبن و بۆ ململانێ هانیدەدن بێ ئەوەی (ئەم پێکدادانە) ببێتە هۆی تێکچوونی بوونیادی کۆمەڵایەتی یا نموونەی حاڵەتێکی نەخۆشی بێت، وەکو چۆن ئۆگست کۆنت، ئەمیل دورکایم، هێربرت سپنسەر و جبرائیل تارد ئاماژەیان پێکردووە، یا ململانێ دەبێتە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، وەکو چۆن هەریەك لە ماکس ڤیبەر، چارلس هرتن کولی، جۆرج هێربرد مید، رۆبەرت پارك، ولیەم ئۆگبێرن و تاڵکۆت پارسۆنز گوتویانە. بەڵام -لویس کۆزەر-



وادادەنێت کە ململانێی کۆمەڵایەتی کەڵکێکی پۆزەتیڤی بۆ کۆمەڵگە هەیە، ئەو سودانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

أ- یەکگرتنی کۆمەڵایەتی: لە نێوان تاکەکان یا ئەو گرووپانەی بەشدارن لەپرۆسەی ململانێدا دەکەن.

ب- دانەبڕانی کۆمەڵایەتی گرووپی بەشداربووی ململانێ لە جیهانی دەرەوە.

ج- دروستکردنی گۆرانی کۆمەڵایەتی بۆ بەرژەوەندی گشتی.

هەروەها کۆزەر لایەنە وێکچووەکانی نێوان هزری وەزیفی و هزری ململانێخوازی خستووەتە روو، لەو رووەوە کە هەردووکیان بە تێروانینێکی سەرتاپاگیر و گشتییەوە دەروانننە کۆمەڵگە و یەکەی لێکۆڵینەوەیان گەورە و فراوانە -ئەویش کۆمەڵگەیە- و هەردووکیان نموونەی —هزری مایکرۆیین. ئەم تێبینییەی کە کۆزەر تێبینی کرد، بۆ یەکخستنی هەردوو هزرەکەو بوونیان بەیەك هزر و خستنەرووی وێنەیەکی کامڵبووی کۆمەڵگەی مرۆیی هانیدا، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی هەمیشە نموونەی هاوسەنگی و یەکسانی و گونجان نیە و، بۆ ناکۆکی و ململانێ نموونەیەکی هەمیشەیش نییە، بەڵکو لەهەمانکاتدا سیفەتی کامڵی و هاوسەنگی و ململانێکاری هەیە. ئەمە بوو کە کۆزەر هەوڵیدا لە دەستپێشخەرییە زانستییەکەیدا پێیبگات.

کەواتە، دەتوانین بڵێین: هەوڵەکەی کۆزەر هەرەمەکی نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی توندرەوی بۆچوونەکانی ئەو دوو هزرە (وەزیفی و ململانێخوازی) بۆ کۆمەڵگە بوو. هەروەها خستنەرووی وێنەیەکی کامڵبوو و گەیشتن بە فۆرمەلەکردنی یەك تیۆر یا یەك هزر لە کۆمەڵناسی و، فەرامۆش نەکردنی لایەنە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەکاتی لێکۆڵینەوەو، تێروانینەکانیان بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی لەرێگەی بەکارهێنانی رێسای تیۆری نوێ. هەروەها دەوڵەمەندکردنی تیۆری ململانێ بە لێکۆڵینەوە لە وەزیفەی ململانێی کۆمەڵایەتی، دەوڵەمەندکردنی تیۆرو هزری وەزیفەی کۆمەڵایەتی بە لێکۆڵینەوە لە ململانێی تەواوی نێوان سستەمەکان، چونکە ئەو دوو هزرە سیفەتی ململانێ

و سیفەتی تەبایی لە سروشتی مرۆییان فەرامۆشکردووە. هزری وەزیفی جەخت لەسەر تەبایی نێوان سستەمە کۆمەڵایەتییەکان و جێگیری ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پشتگوێ خستنی سیفەتی ململانێی باوی کۆمەڵگە دەکاتەوە، هەروەها هزری ململانێخوازی جەخت لەسەر دژیەکی و ململانێی باو لە نێوان سستەمە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ گرنگیدان بە سروشتی وەزیفەی ململانێکە دەکاتەوە.

## 2- **هەوڵی پیتەر سنکلمان:**

هەوڵێکی تر کە پیتەر سنکلمان پێی هەستاوە بریتییە لە لابردنی وێکچوونی نێوان هزری ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی و هزری ئاڵوگۆری هێمایی. بەشێوەیەك سنکلمان پێی وایە کە هزری کارلێکی هێمایی پرۆسەی کارلێککردن و کاریگەر بوونی نێوان ئەو تاکانەی کە بەشداری لە پرۆسەی ئاڵوگۆری هێمایی دەکەن لە خۆدەگرێت، زمان وەك بنچینەیەکی گرنگ بۆ پەیوەندیکردن لە نێوانیان بەکاردێنێت. ئەم کارلێکە کاریگەری لەسەر دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەو تاکانەی کارلێك دەکەن هەیە، بەمەش رێسای گشتی بۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن. ئەم پرۆسە کارلێکخوازییە ملکەچی ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانەیە کە کارلێککارەکان رووبەرووی دەبنەوە، هەروەها ملکەچە بۆ ئەو چاوەروانییە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەستە بە رۆڵەکانیانەوە، بۆیە خودی کۆمەڵایەتییان بەم پرۆسەیە کاریگەر دەبێت. بەمانایەکیتر، هزری کارلێکخوازی ئەنجامێکە بۆ پەیوەندی بەردەوامی نێوان تاك و کۆمەڵگە لە رێگەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە ئەقڵی مرۆیی بە دەروونی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە، هەردووکیشیان بە پێکهاتەی کۆمەڵگە دەبەسترێنەوە (لێرەدا تێبینی دەکەین کە هزری کارلێکخوازی پێداگیری دەکات، کە کارلێکی کۆمەڵایەتی بنچینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، هەروەها جەخت لەسەر کاریگەری دەوروبەری کۆمەڵایەتی لەسەر پرۆسەی کارلێککردن) دەکاتەوە. بەڵام



هزری ئاڵوگۆرخوازی لە رەفتاری تاك دەکۆڵێتەوە، کە لەسێ رەگەز پێکهاتووە ئەوانیش ئەمانەن:

أ- **چالاکییەکان:** مانای ئەو رەفتارە دەبەخشێت کە لەسەر ئەو پاداشتانەی تاك وەریاندەگرێت وەستاوە. بەخەملاندنی کەسێتی خۆی وایدادەنێت کە خاوەنی بەهایەکی باڵایە، ئەم بەها بەرزو باڵایە توانایەکی بۆ تێرکردنی پێداویستییە تایبەتییەکانی تاك هەیە.

ب- **کارلێك:** مانای رەفتارێکە تاکەکان بۆ ئاراستەکردنی چالاکییەکانیان لەپێناو دەستکەوتنی پاداشت و خۆ بە دوور گرتن لە هەرجۆرە سزایەك لەلایەن هەرتاکێك لە چوارچێوەی پرۆسەی کارلێککردن مومارەسەی دەکەن. ئەمەش بەم جۆرە دەبێتە بنچینەیەکی گشتی بۆ رەفتاری کارلێکخوازی نێوان تاکەکان.

ج- **سۆز:** واتە چالاکی دیاریکراو دامالینی (خلجات)، کە رەنگدانەوەی رووداوی ناوەکییە لەلای تاك.

کەواتە رەفتاری تاك بریتییە لە دەرەنجامێك بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی بەردەوامی نێوان ئەو تاکانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا هەیە، پاشان ئەمە دەبێتەهۆی پێکهاتنی گرووپ و رێکخستنی کۆمەڵایەتی. ئەم رەفتارە کۆمەڵایەتییە جۆرج هۆمنز خستیەروو، کە یەکێکە لە لایەنگرانی هزری ئاڵوگۆرخوازی، بەجۆرێك ئەم حاڵەتەی بۆ کاریگەری دەورووبەری کۆمەڵایەتی گەراندەوە، بەچوار خاڵ راڤەیکردوە بەم شێوەیە:

1- ئەگەر تاکێك رووبەرووی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ببێتەوە، یا رەفتارێکی دیاریکراوی بەرامبەر ئەم هەڵوێستە وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ کاریگەرییە دەرەکییەکان نواند، کە هاوشانی ئەو هەڵوێستەیە —ئەوا دوور نییە ئەگەر تاك رووبەرووی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی بێتەوە کە هاوشێوەی هەڵوێستەکەی پێشووی بێت هەمان رەفتاری پێشوو بنوێنێت.

2- ئەگەر تاک هەمان هەڵوێستی تووشبووەوە لەکاتێکی نزیک کە لە ڕووبەڕووبوونەوەکەی پێشووی دوور نەبێت، ئەوا ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئەو هەمان ڕەفتاری پێشووی بنوێنێت.

3- ئەگەر تاک ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی ببێتەوە، کە گرنگییەکەی لە هەڵوێستی پێشوو ئەوا (تاک) ئەو ڕەفتارەی یەکەمجاری جێدەهێڵێت و ڕەفتارێکی جیاواز دەنوێنێ زیاتر بێت.

4- ئەگەر حەزێکی تاکی تێر کرد و وا ڕێککەوت ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەمان حەزی تێرکراو لەماوەیەکی کاتی کورتدا دووبارە بۆوە، ئەوا ئەگەرێکی زۆر هەیە بۆ کەمبوونەوەی گرنگی ئەو ڕەفتارەی کە پەیوەستە بە حەزی تێرکراوەوە.

ئەو پرۆسە کارلێکخوازییەی نێوان تاک و هەڵوێستەکانی، ڕەنگدانەوەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر فۆرمەلەکردنی خودی مرۆڤ کاردەکات. لێرەدا تێبینی دەکەین کە هزری ئاڵوگۆڕکردن جەخت لەسەر هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام دەکاتەوە، ئەمەش کاری کردووەتە سەر پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

**ئەم وێکچوونەی نێوان هزری ئاڵوگۆڕخوازی و کارلێکخوازی لە بۆچوونەکانیان بۆ کۆمەڵگە، هانی پیتەر سنکلمانیدا بۆ یەکخستنی ئەم دوو هزرە بەهۆی بوونی ئەو وێکچوونانە، وەک لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:**

1- جەختکردنەوەی لەسەر گرنگی دەوروبەری کۆمەڵگە بۆ دروستکردنی ململانێ لەلای تاک.

2- ئەم هزرە لە چەمکی (خود) و هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، واتە هەردووکیان لە وێناکردنی تاک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر لەڕووی ڕەفتار و کارلێککردنی لەگەڵیان دەکۆڵنەوە.



3- هەردوو هزرەکە بەو تێڕوانینە تەماشای ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، کە ئەمانە دەرەنجامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانن.

4- هەردوو تیۆرەکە لەگۆشەیەکی دیالێکتیکییەوە، کە لەئەنجامی ململانێی بەردەوامی نێوان گرووپەکان پەیدا دەبێت، تەماشای داینامیکیەتی کۆمەڵایەتیی دەکەن.

لە لایەکی ترەوە زانا نۆرمان دنزن هاتە مەیدان بۆئەوەی هزری کارلێکی زەمەنی لەگەڵ هزری ئەنتۆمیتۆدۆلۆژی یەکبخات بەهۆی بوونی وێکچوون لە نێوانیان، ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- هەردوو هزرەکە جەخت لەسەر ڕەفتاری تاک دەکەنەوە.

2- هەردوو هزرەکە لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندی تاک بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە دەکەن کە لەسەر بەکارهێنانی هێمای کۆمەڵایەتی و هۆیەکانی پێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی دروستبووە.

3- هەردوو هزرەکە کۆمەڵێک گریمانەی پەیوەست بە شیکاری دەروونی بۆ ڕەفتاری تاک دەخەنەڕوو، کە ڕێگەی میتۆدی نوێیان بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە بەکارهێناوە.

4- جەختکردنەوەی هەردوو هزرەکە لەسەر لایەنە خودخوازییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاک، وەک تەڵاق، کێشەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون، کێشەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ.

### 3- هەوڵی فاندبێرگ:

تیمێکیتر بۆ لابردنی تێکهەڵکێشی هزریی لە نێوان هزری دیالێکتیکی – هیگڵی- مارکسی و هزری وەزیفی کاریکردووە، ئەویش بیرمەند فاندبێرگە. ئەو پێی وایە تێهەڵکێشی لەبیرو بۆچوونەکانی بیرمەندانیدا هەیە وەک ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

أ- هزری وەزیفی بەو جۆرە تەماشای سستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کە کۆمەڵێك سستەمی تێهەڵکێشراو و پێکەوە بەستراوە و، لە ئەنجامی پسپۆری وەزیفی هەر سستەمێکی کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتووە. هەروەها پێیوایە کە تێروانینی هزری دیالێکتیکی بۆ سستەمە کۆمەڵایەتییەکان بەو جۆرەیە کە هەریەکەیان لەئەنجامی ململانێیەکی بەردەوامەوە بەویترەوە بەستراوەتەوە.

ب- فاندبێرگ داوای لە بیرمەندە کۆمەڵایەتییە-وەزیفی و دیالێکتیکییەکان کرد کە تێروانینێکی سەرتاپاگیریان هەبێت و، لە تێروانینی بەشی یا یەك لایەنی دووركەونەوە. ئەوەتا وەزیفەخوازەکان بەوجۆرە تەماشای سستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، کە نەمرن و هەتاهەتایین و هەمیشە جێگیرن و ناگۆڕێن. بەڵام دیالێکتیکخوازەکان تێروانینیان بۆ سستەمە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە، کە لە ململانێیەکی هەمیشەییدان و زۆرجار ئەم ململانێیە دەبێتە هۆی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و شۆرشی کۆمەڵایەتی.

فاندبێرگ پێیوایە ئەم تیۆرانە بەشێن نەك سەرتاپاگیر، چونکە کامڵبوون و ململانێ لە یەك کاتدا کۆناکاتەوە. ژیانی کۆمەڵایەتی هەمیشە لەجێگیری بەردەوام و ململانێی بەردەوامدا نییە، بەڵکو لە هەندێ سستەمدا جێگیر و لەژێر بارودۆخی دیاریکراو و زەمەنی دیاریکراودایەو لە سستەمی تردا گۆراوەو لەژێر بارودۆخی دیاریکراو و زەمەنێکی دیاریکراویتردایە، بۆیە فاندنبێرگ وایداناوە کە ئەو دوو هزرە (وەزیفی و ململانێخوازی) لە بۆچوونەکانیان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی کەم و کوریان هەیە، چونکە هەردووکیان بە لایەنێك لەلایەنەکانی سروشتی مرۆیی پابەند دەبن و لایەنەکەی تر فەرامۆش دەکەن.

ج- هاوبەشی هەردوو هزرەکە لە بۆچوونەکانیان سەبارەت بە هزری گەشەپێدان و گۆرانی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەك وەزیفەخوازەکان پێیانوایە کە جیاوازییەکان تەنها گەشەسەندنێکی پێشکەوتنخوازانەیە لە پسپۆریی وەزیفی بۆ سستەمی رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییان بە بونیادی کۆمەڵایەتی گشتیەوە. ئەم پێچواندنە (بەڕای وەزیفەخوازەکان) بەگەشەسەندنی بایۆلۆژی مرۆڤ دەچێت.



بەڵام دیالێکتیکخوازەکان پێیان وایە ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر ململانێیەکی بەردەوامی نێوان مرۆڤ لەلایەك و نێوان سستەمە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکی تر وەستاوە، بەشێوەیەك ئەم ململانێیانە شێوەیەکی سپرینگی وەردەگرن و، پاشان بەرەو گۆرانێکی تەواوی کۆمەڵگە دەچن.

د- هەردوو هزرەکە بیرۆکەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی نێوان سستەمە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن، بەشێوەیەك دیالێکتیکخوازەکان پێیانوایە ئەم هاوسەنگییە تەنها لە ململانێ و ئەو دژیەکییەی لە نێوان هێزو دینامیکیەتی سستەمەکاندا هەیە دروست دەبێت، بەڵام وەزیفەخوازەکان پێیانوایە ئەم هاوسەنگییە تەنها بنچینەیەکە بۆ بوونی هەموو سستەمەکانی کۆمەڵگە.

ئەمانە گرنگترین ئەو هەوڵانەبوون کە تیمی تویژەرە کۆمەڵایەتییەکان لەئەنجامی ئەو بارودۆخە زانستییە تێکەڵاوەی کە تیۆرە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان تێیدا دەژیان پێی هەستاون.